AWEZ
ئاوەز

ژمارە: ٢

ڕاستی، نەک ڕا

نۆڤەمبەری ٢٠٢٤



- ئایین و زانست، لەنێوان بەریەککەوتن و گریمانەی پێکەوەهەڵکردندا
- بەرگریکردن لە خۆرئاوا ڕەخنەگرتن لە ئۆرێنتالیزمی ئیدوارد سەعید
- هەقیقەت و دۆکسا لەنێوان ئەکادیمیا و ئاگۆرا-دا
- گریمانەی گەشەسەندنێکی نابەردەوامی زانست

www.awezjournal.com

AWEZ
ئاوێز

ژۆرناڵێکی وەرزانەی هزری،
مەعریفی و تیۆرییە

ڕاستی، نەک ڕا

سەرنووسەر

فاروق ڕەفیق

ژمارە: ٢
نۆڤەمبەر ٢٠٢٤

Kurdistan Chronicle

ژۆرناڵێکی وەرزانەی هزری، مەعریفی، تیۆرییە دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەری دەکات

سکرتێری نووسین
عەبدولخالق یەعقووبی

کۆئۆردیناتۆر
سەردار ستار

دیزاین
هیلال چلیک

سکێچ
شەماڵ سەعدوڵڵا

تیراژ: ١٥٠٠ دانە
نرخ: ٦٠٠٠ دینار
ژمارەی مۆڵەتی یاسایی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان: ٩٩٢
بۆ پەیوەندی:
info@Awezjournal.com
+964 750 928 83 85

سەروتار

ڕێبەری ئاوێز بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان

باس و لێکۆڵینەوە

هەقیقەت و دۆکسا لەنێوان ئەکادیمیا و ئاگۆرا-دا
لەبارەی ڕەخنەی (ئارێنت) لە فەلسەفەی سیاسیی (ئەفلاتون)

پێگەی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لە ستراتیجی سەربازیی ئەمریکادا

ڕۆمان و بیرەوەری

مۆدێرنیتەی سیاسی

گرنگیی کارڵ پۆپەر

تەوەرەی ژمارە

دەروازەیەک بۆ فەلسەفەی زانست
"گریمانە و تیۆری و چەمکە بنەڕەتییەکان"

گریمانەی گەشەسەندنێکی نابەردەوامی زانست

ئایین و زانست، لەنێوان بەریەککەوتن و گریمانەی پێکەوەهەڵکردندا

زانست وەک ساختەکاری

لۆژیکی دۆزینەوە یان سایکۆلۆژیی توێژینەوە؟

تەوەرەی ژمارەی داهاتووی ئاوێز

خەڵاتی ئاوێز بۆ توێژینەوەی هزری

خوێندنەوەی کتێب

بەرگریکردن لە خۆرئاوا
ڕەخنەگرتن لە ئۆرێنتالیزمی ئیدوارد سەعید

خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی "زانست و دین" بە قەڵەمی تۆماس دیکسۆن

تۆفیق وەهبی ڕابەری دەستووری زمانی کوردی

سەروتار

ڕۆڵی زانست لە کۆمەڵگا داخراو و دواکەوتووەکاندا چییە؟

ئایا شتێک بەناوی زانستەوە لەنێو ئەو جڤاتانەدا هەیە؟

با بەدەستخستنە سەر ئەم برینە وجوودییە - مەعریفییە دەست پێ بکەین، ئەویش ئەوەی کە ئێمە، ئێمەی کورد و ئێمەی کەسانی میراتگری ترادسیۆنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تا سەر مۆخ ئالوودە بووین بە جەهلی موقەدەس، جەهلی موقەدەس سەرتاپای ژیانی کولتووری و ڕۆحی و سیاسی و ئاینیی ئێمەی داگیر کردووە، دژە ژەهری ئەم جەهلی موقەدەسەش هیچ نییە جگە لە زانست و فەلسەفە.

جەهلی موقەدەس بە ژیانماندا، بە ڕۆحماندا، بە ئاوەزماندا، بە کولتوورماندا شۆڕ بۆتەوە و سەرتاپای بونیادی زیهنی و مادی ژیانی ئێمەی داگیر کردووە. لێرەوە دوای تێڕامان و بیرکردنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی ئایدیاکان ڕەنگە بەو ڕازیبوونە یا قەناعەتە بگەین کە کلیلی دەربازبوون لەم میحنەتە، لەم تەڵزگەیە زانست و فەلسەفە زیاتر، لەولاتر، هیچ شتێکی دیکە نییە، بوێریی پرسیارکردن و بوێریی شک و گومانکردن و ڕازی نەبوون بە وەڵامە حازر بەدەستەکان و خۆمەستکردن بە پرسیار و پرسیارکردن و گەردەلوولی بردنی شتەکان بەناو پڕۆسەی شک و گومان و شیکردنەوەی ئاوەزی و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، قسەکردنی ئێمەش لەسەر زانست هەر لەم گۆشەنیگایەوەیە.

ڕاستگۆ بین و ددان بنێین بەو ڕاستییەدا کە شوێنی زانست و فیکری زانستی لە ژیانی سیاسی و کولتووری و ڕۆحیی ئێمەدا بزرە، وێڕای بوونی زیاد لە ٣٤ زانکۆ، کە چی زانست و فیکری زانستی نە لە دوور و نە لە نزیک کاریگەریی لەسەر ژیانی ئێمە نییە، بە مانای ئەوەی ژیانی ئێمە دەڕوات بێ ئەوەی کاریگەریی زانستی لەسەر بێت، بێ ئەوەی بیرکردنەوە لە زانست خولیا و مەراقی مرۆڤی ئێمە و جڤاتی ئێمە بێت؛ لە موقابیلدا کۆی غەمەکە، کۆی مەراقەکە لەسەر ڕۆڵی ئاین و نەریت و پەیڕەوکردنی دابونەریت و کولتووری ئیمتیحان نەکراوی کوردی و خۆرهەڵاتییە کە بنەچەی بەڵا و ئازارەکانی ئەمڕۆ و دوێنێ و بگرە ئایندەشمانە.

باشترین نووسەر و توێژەر و ئەدیبی ناسراوی ئێمە ئەوانەن کە هیچ شتێک لە زانست و فیکری ڕەخنەیی و فیکری زانستی و فیکری فەلسەفی نازانن و ناتوانن دێڕێک لەم ڕووەوە بەرهەم بهێنن لە دەرەوەی وڕێنەی شیعری یا پەخشانی شیعرئامێز یا ستوونی بێکەڵکی فەیسبووک کە دواجار وەک وتاری فیکری کۆ دەکرێتەوە و بڵاو دەبێتەوە، کە هیچ نییە جگە لە شەرم و بێئابڕوویی فیکری.
لە جڤاتی ئێمەدا بەناو "نووسەر" و "ستوون نووسەکانمان" بێئابڕوویانە دەنووسن و قسە فڕێ دەدەن؛ بۆ نموونە، نووسەرێکی بەناو ئایکۆن ڕای خۆی دەربارەی ئاین و زانست دەردەبڕێت و دەڵێت، گوایا "چ ئاین و چ زانست بەر بنەمای دۆگماکانن و بەتوندی ڕەتی شک و گومان دەکەنەوە".

ئەم ڕستەیە لە بێمانابییەکی سەیروسەمەرە دەدوێت، ئەمە ناشێت ڕای نووسەرێک، یا بەناو باحسێک بێت، چونکی تێکەڵکردنێکی سەیروسەمەرە لەو ڕایەدا هەیە لەنێوان ئاین و زانستدا، لە یەک کاتدا خاوەنی ئەم دێڕە نە لە زانست گەیشتووە و نە لە ئاین، چونکی شک، گومان، پرسیارکردن، تاقیکردنەوە، ئەزموون، شیکردنەوە، سەرنجدان و تاقیکردنەوەی تیۆرییەکان وەزیفە و کار و سەرقاڵیی زانستە. کەواتە، ئەو ڕایە تێنەگەیشتنە لە زانست، گەر نەڵێین ڕایەکی کۆمیدییە، دەربارەی زانست و ئاین.

ناو بەناو لە میدیاکاندا گوێمان لە خەڵکانێک دەبێت چ بەناو چاودێر یا ڕۆشنبیر یا پیاوی ئاینی، کە دەڵێن "با زانستییانە لە مەسەلەکە بڕوانین". ڕستەکانی دوای ئەو بەیانکردنە باس لە نازانستیی بیروبۆچوونی ئەو کەسانە دەکات، باس لە بێئاگایی لە زانست و لە فەلسەفەی زانست دەکەن. گەر تەنیا باس لە نێوەندی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی و نووسینی کوردی و فەرهەنگی کوردی بکەین، لەم ڕووەوە پاشاگەردانییەکی گەورە ڕۆژانە خۆی بەیان دەکات. ڕۆژانە بیروبۆچوونی نازانستی - دۆگمایی و ناڕەخنەیی خۆی لە بەرگی "زانستیبوون"دا نیشان دەدات؛ کەسێک نییە، نێوەندێکی فیکری - زانستی - فەلسەفی نییە لەوێ تا هەڵبستێت بەتاقیکردنەوەی ئەو ڕاوبۆچوونانە، یا پرسیار لە ڕەوایەتیی زانستیبوونیان بکات یا نێوەندێک نییە فەرهەنگی زانستی بڵاو بکاتەوە، یا ئەلفبێی زانست و میتۆدی زانستی بکاتە بابەتی گفتوگۆ و لەمپەڕێک، لەمپەڕێکی زانستی دروست بکات لە بەردەم پەخشکردنەوەی ئەو هەموو خوڕافیات و بێئاگایی و بیروبۆچوونە نازانستییانە و ئەو هەموو بانگەشە دوور لە ڕاستیی زانستییانەی کە لە میدیا و لە بە ناو زانکۆکان و مینبەرە ئاینییەکانەوە بە ناوی زانستەوە پەخش دەکرێنەوە.

هەر دیدی نازانستییە و بەناوی زانستیبوونەوە دەرخواردمان دەدرێت، بێ ئەوەی کەسێک بپرسێت زانست چییە؟ زانستیبوون مانای چییە؟ زانست چۆن کار دەکات؟ میتۆدی زانستی چییە؟

چۆن زانست لە نازانست جیا بکەینەوە؟ چۆن ڕایەک لە ڕای زانستی یا حەقیقەتی زانستی جیا بکەینەوە؟ یاسای زانستی چییە؟ یاسای سروشتی چییە؟ خودی یاسا لە گۆشەنیگای زانستییەوە چییە؟ شیکردنەوەی زانستی مانای چییە؟ تیۆری زانستی چییە و چۆن تیۆری زانستی دەگۆڕێت، بەجێ دەهێڵدرێت! چۆن تیۆرییەک لە چرکەساتێکی مێژوویی و بەهۆی شۆڕشی زانستییەوە دەبێت بە لەکەڵک کەوتوو (obsolete) یا کارنەکردوو؟ خودی تیۆری زانستی چییە؟ داوپێنگی ناسینەوەی تیۆرییەک چییە وەک تیۆرییەکی زانستی؟ گۆڕان لە تیۆرییەکەوە بۆ تیۆرییەکی دیکەی زانستی چ مانا و مەغزایەک لەخۆ دەگرێت؟ ئەی کەواتە شۆڕشی زانستی یا شۆڕشە زانستییەکان، یا وەرچەرخانە زانستییەکان چین و بۆ ڕوو دەدەن؟ نەک وەڵامی ئەم پرسیارانە بزرن، خودی پرسیارەکان بزرن لەو گفتوگۆ نازانستییانەدا و لەو هەلومەرجە بە ناو کولتووری و ئەکادیمی و فەرهەنگی و میدیاییەدا؟ هەلومەرجێک دروست بووە تێیدا بە مەبەست زانست شێوێنراوە و ڕای سەیروسەمەرە بەناوی زانستەوە دەخرێتە ڕوو. بۆ نموونە، بە پیاوی ئاینی دەگوترێت "زانا"، لە کاتێکدا جیاوازیی پیاوی ئاینی و زانا و جیاوازیی زانست و ئاین ئاسمان و ڕێسمانە. ئەم دوو کایەیە نە لە دوور نە لە نزیک پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، بگرە هەڵەیەکی فیکری و میتۆدی تەنانەت قسە لە "مەعریفەی ئاینی" بکەین، چونکە ئاین "مەعریفە" بەرهەم ناهێنێت، پیاوی ئاینیش هیچ پەیوەندییەکی بەزانست و کایە زانستییەکانەوە نییە و ئەو شتەی دەیڵێن، کە هەمیشە ئاماژەیە بە "ئامۆژگارییە ئاینییەکان"، هیچ پێودانگێکی هەڵسەنگاندنی زانستی نایگرێتەوە؛ ئەم خاڵە دەمانبات بۆ کێشەیەکی گەورە لە فەلسەفەی زانستدا بەناو Demarcation سنوورکێشان، یا کردەی جیاکردنەوەی زانست لە pseudo-science زڕە زانست یا زانستی ساختە یا ساختەزانست. لەنێوەندی نووسینی کوردیدا هەندێک زڕە نووسەر بەناوی زانستەوە شتگەلێک دەڵێن و دەنووسن کە بەڕاستی دەچێتە خانەی زڕە زانستەوە، نەک ئەوەندە بەڵکوو زۆرێک لەو نووسینانە دەشێ پێیان بڵێین زڕە نووسین لەبەرئەوەی هیچ مانایەک نادەن بەدەستەوە. با سەرەتا بزانین زڕە زانست چییە؟

وشەی لاتینی Pseudoscientia لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەمدا لە ئینگلستان بەکار هات لە کاتی گفتوگۆکردندا دەربارەی پەیوەندیی نێوان ئاین و لێکۆڵینەوەی مەیدانی - ئیمپریکی. لە زمانی ئینگلیزیدا بەکارهێنانی زڕە زانست دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٩٦، ئەو کاتەی مێژوونووس جەیمس پتیت ئەندرو ئاماژە بە alchemy خیمیا (خیمیا یا کیمیای کۆن، هونەری کۆنی توانایی گۆڕینی کانزای هەرزان بۆ زێڕ و دۆزینەوەی دەرمانی ژیان) کرد وەک Fantastic pseudo-scieuce زڕە زانستێکی سەرسوڕهێنەر. زڕە زانست بریتییە لە بوخچەیەک لە جەغدکردنەکان لە دەرەوەی

شیکردنەوە و پێودانگی زانستی.

زانست بەچاودێریکردن observation و تاقیکردنەوەی دەقیق دەست پێ دەکات بۆ پەسەندکردن یا ڕەتکردنەوەی گریمانەیەک hypothesis ؛هەروەها بەڵگە دژ بەتیۆریەک یا قانونەکان کۆ دەکرێنەوە تاکوو بنە مادەی لێکۆڵینەوە. لەبەرانبەردا، زڕە زانست بە گریمانەیەک دەست پێ دەکات. تاقیکردنەوەیەک لە ئارادا نییە و بەڵگەی پێچەوانە پشتگوێ دەخرێت یا بەهانەی بۆ دەهێنرێتەوە یا دەشاردرێتەوە. ئایدیا سەرەکییەکە هەرگیز فەرامۆش ناکرێت گەرچی وجود و بەڵگەکانیش بوونیان هەبێت دژ بەو ئایدیایە. زانست بەربنەمای تەرزێک لە ڕێوڕەسمی باش دامەزراوی دووپات و دەپات بووەوەیە لەناو سروشتدا. لە زڕە زانستدا جەغدکردنەکە لە دەرەوەی گومانگەرایی لەسەر نموونەکانە نەک Pattern (تەرزی دووبارە بووەوە)، جەغدکردن لەسەر ڕووداوی نامۆ و anom-alies نائاساییەکان، لە زانستدا ئەنجامی دووبارە بەرهەمهاتووەوە جەغدی لەسەر دەکرێت، لە کاتی شکستدا هیچ بەهانەیەک قبوڵ ناکرێت. بەڵام لە زڕە زانستدا بەرئەنجامەکان ناتوانرێت جارێکی دیکە بەرهەم بهێنرێنەوە یا بسەلمێنردرێن. بەهانەکان دادەهێنرێن بۆ شکستەکان یا هەر تاقیکردنەوەیەکی زانستی.

لە زانستدا چیرۆکی شەخسی و شاهیدی شەخسی وەک بەڵگە قبوڵ ناکرێت، بەڵام لە زڕە زانستدا چیرۆکی شەخسی و شاهیدی شەخسی شوێنی متمانەیە و وەک بەڵگە وەردەگیرێت.

زانست دەربارەی گونجاندن و پەیوەندیی ناوەکییە، یەک بەش ناتوانرێت بگۆڕدرێت بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر کۆ بکات. زڕە زانست خۆی نەگونجاویە بە (inconsistent) و پەیوەندیی ناوەکی لەنێوان بەشەکاندا بوونی نییە، هەر بەشە و هەڕەمەکییانە دەتوانرێت بگۆڕدرێت بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر کۆ بکات. زانست ئەرگۆمێنتکردنە لەپێناو مەعریفەی زانستیی بەرئەنجامی ئەزموونکردنی زانستەوە، هەرچی زڕە زانستە پشتبەستنە بە جەهل و لەڕێگای غیابی بەڵگەی زانستی و ئەزموونی زانستییەوە دەناسرێتەوە. زانست ئەو چەمک و زاراوە و تێرم و وشانەی بەکاری دەهێنێت بەدروستی پێناسەیان دەکات، کەچی زڕە زانست وشە و تێرم و چەمکی ئاڵۆز و تەمومژاوی و پێناسەنەکراو بەکار دەهێنێت.

کارڵ پۆپەر کە نموونە بۆ زڕە زانست دەهێنێتەوە ئاماژە بەمارکسیزم و شیکردنەوەی دەروونی دەکات وەک دوو نموونەی زڕە زانست. نەک مارکسیزم زڕە زانستە، بگرە هیچ ڕایەکی کارڵ مارکس نییە زانستی بێت. بەهەمان شێوە "سۆشیالیزمی زانستی" بەتەواوی زڕە زانستە بەڵام نموونەی نزیک لە نووسینی کوردیدا بۆ زڕە زانست داهێنانی ئەم کایەیە کە زڕە نووسەرێک، بەڵام موخابن

مامۆستای زانکۆ، دای هێناوە بەناوی "گوناهناسی"، گوتمان چی؟ گوناهناسی.

گوایا شتێک هەیە، مادەیەک، ماتەریاڵێک هەیە بەناوی "گوناە"؛ زانستێکیش هەیە لەوێ کە ئەم ماتەریاڵە شی دەکاتەوە کە گوناهە. هەموو ئەوانەی کە سەرقاڵی زڕە زانستن، وەکو خیمیا و مارکسیزم و بۆچوونەکانی فرۆید و تەنجیم و بەختگرتنەوە، هەرگیز تا ئەو شوێنە خەیاڵی زڕە زانستییان نەفڕیوە کە شتێک بەناوی "گوناهناس" دابهێنن، وا لە زمانی کوردیدا، "مامۆستا"یەکی زانکۆ دای هێنا!!.

هەروەها لەناو ئەو فەزا نازانستی و ناڕەخنەییەی نووسینی کوردیدا چاومان دەکەوێت یا گوێمان لەو ڕا نازانستییە دەبێت، بەتایبەت لە میدیا ئایینییەکاندا و لە گرووپە ئایینییەکانەوە کە میدیای زەبەلاحیان هەیە، گوایا زانست شکستی هێناوە لەوەی وەڵامی پرسیارە جەوهەرییەکان بداتەوە؛ ئەوە ئاینە کە هەم وەڵامی پرسیاری ئاینی و هەم زانستی دەداتەوە؛ یا گوایا ئاین سەراپاگیرترە لە زانستی مۆدێرن، یاخود بەعیبارەتێکی دیکە، ئاین لە هەناویدا هەڵگری هەموو وەڵامە زانستییەکانە، کتێب یا دەقە ئایینییەکان هەڵگری بیروبۆچوون و تیۆرییە زانستییەکانن؛ بە وتەیەکی دیکە، دەقی کتێبی پیرۆز کتێبێکی زانستییە و هەموو تیۆرییە زانستەکان لەوێوە سەرچاوە دەگرن. بۆ نموونە، هەموو دەسکەوتە زانستییەکان و تیۆرییە زانستییەکان ڕیشەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ کتێبە پیرۆزەکان. کوا بەڵگە؟ دیارە بەڵگە لە ئارادا نییە، ئەرگۆمێنتی زانستی بزرە، گفتوگۆی زانستی بوونی نییە، ئەزموونکردنی زانستی لە ئارادا نییە. ئەوەی هەیە و دەخرێتە ڕوو تەنیا و تەنیا جەغدکردنەکانی بەناو "بانگخوازەکانە"، ئەوەی هەیە و دەخرێتە ڕوو سووربوونە، مکوڕ بوونە لەسەر "دۆگما ئایینییەکان"، لە دەرەوەی هەر تاقیکردنەوەیەک و هەر شک و گومان و پرسیارێک. ئەم ڕاوبۆچوونانە بە تێپەڕبوونی کات کولتوورێکیان دروست کرد لەناو کورددا کە زیادەڕۆیی نییە بڵێین کولتوورێکی دژە زانستی و دژە ئاوەزگەری و دژە بیرکردنەوەیە. کاریگەریی پیاوانی ئاینی لەسەر لاوان و نەوەی نوێ بێ ئەندازەیە، بەتایبەت کە میدیاکان فێر بوون بۆ هەموو شتێک دەگەڕێنەوە بۆ پیاوانی ئاینی و جگە لە مینبەرەکانی خۆیان مینبەری دیکەیان بۆ فەراهەم دەکەن و ڕاوبۆچوونیان لە هەموو شتێکە، تەنانەت ئەو بابەت و کایانەی کە تەنیا و تەنیا کایەی زانست و زاناکانن، پرسیاریان لێ دەکەن و ڕاوبۆچوونیان بێ ئیمتیحانکردن و بێ بردنی بەفلتەری شک و گومان و پرسیارکردن قبوڵ دەکرێن. ئەمە ئەو هەلومەرجەی دروست کرد کەس گرنگیی بە زانست و تیۆری زانستی نەدات. بۆ کێشە و ئاریشەکانیش نەگەڕێنەوە بۆ زانست، بەڵکوو ڕاوێژ بە پیاوی ئاینی بکەن، کە بەتێپەڕبوونی کات کۆمەڵگای ئێمەی کردووە بەکۆمەڵگای دواکەوتووی بێکولتووری نەخوێندەواری دژە زانست، ژیاو

لەسەر جەهلی موقەدەس؛ بگرە جەهلی موقەدەس شکۆ و پلە و پایەیەکی باڵای پێ بەخشراوە. بانگخوازێک دەڵێت ئەگەر بە فڕۆکەیەکیش بمبەن بۆ ئاسمان و بینیم کە زەوی خڕە، هەر دەڵێم زەوی تەختە، چونکی کتێبە پیرۆزەکان وا دەڵێن. ئەم پیاوە ئاینییە کارمەندی وەزارەتی کاروباری ئاینییە، وەزارەتی کاروباری ئاینی وەزارەتێکی حکوومییە؛ کەواتە، دەسەڵات لە بودجەی گشتی پارە و مووچە دەدات بەو کەسانەی دژی زانستن و خوڕافیات بڵاو دەکەنەوە. ئەمە چ جۆرە حوکمڕانییەکە لە سەدەی بیست و یەکەمدا کە تێیدا دژایەتیکردنی زانست نەک ڕێگەی پێ دراوە، بەڵکوو هەندێک لەسەری دەژین و نان دەخۆن.

ئێمە لەم ژمارەیەی ئاوەزدا تەوەرەیەکمان تەرخان کردووە بۆ شەنوکەوکردنی ئەو پرسیارانەی تایبەتن بە زانست و بەو کێشە و ئاریشانەی پەیوەندییان بە کایە زانستییەکانەوە هەیە. وەک پێشتر ڕامانگەیاندبوو هەر کات دۆسیەیەک دەکەینەوە تەنیا مەبەستمان نییە یەک جار و لەو ژمارەیەدا ئەو تەوەرەیە بەسەر بکەینەوە، بەڵکوو چاومان لەوە بڕیوە دواجار ئەو تەوەرەیە بەکراوەیی بمێنێتەوە و بەبەردەوامی وەک ناونیشانی توێژینەوەی نوێ ڕێنمایی توێژەران بکات و بەسەر بکردرێتەوە، ئێمەش لە بەشی "لێکۆڵینەوە" لە ژمارەکانی دواییتردا بڵاویان بکەینەوە. لێرەوە داوا لە نووسەران و توێژەران دەکەین کە دەربارەی زانست و هەروەها زمان و ناسنامە (دوو تەوەرەی پێشووی ئاوەز) لێکۆڵینەوەی دیکەمان بۆ بنێرن تاکوو بڵاویان بکەینەوە. لەم ژمارەیەشدا ڕێبەرێک دەربارەی باس و لێکۆڵینەوە و میتۆدی پەسەندکراوی ژۆڕناڵی ئاوەز بڵاو دەکەینەوە، بەو هیوایەی سەرنجەکانی ئەم ڕێبەرە لەلایەن ئەو نووسەر و توێژەرانەی دەخوازن باس و لێکۆڵینەوەکانیان لە ژۆڕناڵی ئاوەزدا بڵاو بکردرێتەوە لەبەرچاو بگیرێن.

فاروق ڕەفیق
نۆڤەمبەری ٢٠٢٤

ڕێبەری ئاوەز بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان

ژۆڕنالّی ئاوەز وەک ژۆڕنالّێکی وەرزانەی هزری و مەعریفی و تیۆری پشتگیری و کۆمەکی سازدان و بەئەنجام گەیاندنی ئەو توێژینەوانە دەکات کە توێژەر و شارەزایانی بواری فیکر دەینووسن لەمەڕ ئەو کێشە و ئاریشە و بابەت و مژار و مەسەلە فیکری و تیۆرییانەی خزمەت بەبرەودانی ئاوەزگەری و پێشخستنی فیکر و کولتووری باڵا دەکەن لەناو ڕەوتی جڤاتی کوردیدا.

توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان دەبێت ڕەچاوی ئەم مەرجانە بکەن:

١- زانستیبوونی ئەو باسانە بە واتای ڕەچاوکردنی مەرجە زانستییەکانە لە نووسین و ئامادەکردنی توێژینەوەکەدا، لەوانە بابەتیتی (objectivity) و خستنەڕووی بەڵگە و سەلماندن و ئەرگومێنت و تاقیکردنەوەی ئەرگومێنتەکان و دژە ئەرگۆمێنتەکان و دوورەپەرێزی کردن لە حوکمی پێشینە و ئالوودەنەبوون بەدنیابینییەکی ئایدیۆلۆژییەوە لە کاتی لێکۆڵینەوە لەمەڕ بابەتی قسە لەسەرکراو.

٢- ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە و ئامانجەکانی چاو لە برەودان بەکولتووری ئاوەزگەری و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ببڕێت و دروستکردنی زەمینەیەک بۆ گفتوگۆکردنی زانستی و ئاوەزمەندانەی پشت ئەستوور بەشیکردنەوە و تاقیکردنەوەی ئاوەزی.

٣- پەیڕەویکردن لە میتۆدەکانی سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکان و بەکارهێنانی سەرچاوەکان (کتێب، ژۆڕنالّ، بڵاوکراوەی زانستی) و ئۆتۆرەتییەکان (زانا، بیرمەند، توێژەر، نووسەر و خاوەن ڕاکان) بەشێوەیەکی زانستی و گونجاو، هەروەها بەو شێوەیەی کە لە ئەکادیمیاکاندا پەیڕەو دەکرێت.

لەم ڕووەوە میتۆدەکان زۆرن، نووسەران و توێژەرانێک کە بۆ ئاوەز لێکۆڵینەوە دەنووسن ئازادن لەوەی کام میتۆد بەکار دەهێنن، بەڵام پێویستە ئەم هۆشیارکردنەوەیە بدەین:

A- لە نووسینی کوردیدا دیاردەی Plagiarism دزیەتیی بەرهەمی ئەدەبی و تێکڕای ئەوانی دیکە زۆر زۆر بەربڵاوە، بەتایبەت لەناو ئەو نووسەرانەی باش پەروەردە نەبوون و بەهەر چوارلادا نابەرپرسیارانە حوکمەکان بڵاو دەکەنەوە و، بێ ئەوەی مەشقکردن لەسەر زانست و تیۆری ببینن نابەرپرسیارانە قسە لەسەر مەعریفە و تیۆری و کایە زانستی و فیکرییەکان دەکەن و زۆربەی ئەو شتەی کە دەشیلێن دزینی ڕا و بۆچوون و بەری ڕەنجی بیرکردنەوەی کەسانی دیکەیە، جا چ کەسانی خۆرئاوایی بێت یا ڕۆشنبیرانی فارس و عەرەب. بۆیە فێر بوون بۆ شاردنەوەی دزییەکانیان لەدواوەی نووسینەکانیان ژمارەیەک سەرچاوە ڕیز دەکەن کە نە لە دوور و نە لە نزیک پەیوەندییەکی بەخودی پەیکەرە یا جەستە یا بابەتی سەرەکیی نووسینەکەوە هەبێت. ئەم شێوازە بەتەواوی لای ژۆڕنالّی ئاوەز ڕەت دەکرێتەوە؛ ئاوەز گرنگی بە بیرکردنەوەی ڕەسەن دەدات و، خۆی بۆ ئەوە تەرخان دەکات ئەم دیاردەیە بنبڕ بکات.

B- هەر ئایدیایەک ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە سەرچاوەیەکەوە یان لە کەسێکەوە وەرگیرابێت پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت لەناو جەستەی نووسینەکەدا یا لەژێر نووسینێکدا بەم شێوەیە:
ناوی نووسەر یا توێژەر یا بیرمەند یا زاناکە، سەرچاوەکەی کە ئایدیاکەی لێ وەرگیراوە، شوێنی چاپکردنی سەرچاوەکە، ژۆڕنالّ، کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، بڵاوکراوەی زانستی، کاتی بڵاوکردنەوەکە واتا سالّی بڵاوکردنەوە، هەروەها ژۆڕنالّی وەرزی بوو، ژمارەی وەرزەنامەکە و سالّ و شوێنی بڵاوکراوەکە.

C- هەروەها ئەو ئایدیایانەی وەردەگێڕدرێن و دادەڕێژرێنەوە، بەڵام بیرۆکەیەک، بۆچوونێک کە موڵکی کەسێکی دیکەیە دەبێت ئەویش بەو شێوەیەی ئاماژەمان پێی دا دیاری بکردرێت.

D- گەر سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکان لە فۆڕمی پەڕاوێزدا بوو، لە کۆتاییی لێکۆڵینەوەکەدا پێویستە توێژەر بیبلۆگرافیای سەرچاوەکان دابنێت، ناوی نووسەر، کتێب یا وەرزنامە یا بڵاوکراوەی زانستی و، سالّ و شوێنی سەرچاوەکە.

E- دوورەپەرێزی کردن لە هەڵە لۆژیکییەکان، لەوانە هەڵەی پەنابردن بۆ ئۆتۆرەتی (مارکس دەڵێت X کەواتە X ڕاستە) هەڵەی لۆژیکی گشتگیرکردنی بە پەلەپروزکێ؛ هەڵەی پەنابردن بۆ بەزەیی ڕای X ڕاستە، لەبەرئەوەی خاوەن پێداویستیی تایبەتە یا کێشەی گەورەی هەیە (بۆ زانینی هەندێک لە هەڵەکان، بڕوانە ژمارەی یەکەمی ئاوەز، لێکۆڵینەوەی: بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و هەڵە لۆژیکییەکان. لە پاڵ: بیرکردنەوەی ڕەخنەیی. فاروق ڕەفیق ٢٠٢٣ - دەزگای سەردەم).

F- هەتا لە تواناییدا بێت دوورەپەرێزی کردن لە پێداگریکردن لەسەر "بەڕای من"، چونکە ئاوەز هەوڵێکە بۆ گواستنەوە لە مەملەکەتی ڕاوە بۆ مەملەکەتی مەعریفە لەڕێگای دەستوپەنجە نەرمکردن لە تەک ڕاستییەکان، شیکردنەوە و خستنە ڕووی ئەرگۆمێنتەکانەوە.

٤- ژۆڕنالّی ئاوەز هیچ لێکۆڵینەوەیەک بڵاو ناکاتەوە ئەگەر بانگەشە بۆ دۆکترینێکی ئاینی یا ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی بکات.

٥- بۆ بەرزڕاگرتنی ئەو ستاندارده فیکری و زانستییە کە ئاوەز ڕەچاوی دەکات، خودی کەسی توێژەر دەبێت ئامادەیی تێدا بێت ڕەچاوی ئەو سەرنجانە بکات کە پێی دەگوترێت یا ئاگادار دەکرێتەوە لەلایەن ئاوەزەوە، بە واتای باش پێداچوونە بەتوێژینەوەکەدا.

٦- ژۆڕنالّی ئاوەز دەستی ئاوەڵایە لە گۆڕینی ڕێنووس و ڕێزمانی لێکۆڵینەوە نێردراوەکان، بەپێی نامیلکەی پەسەندکراوی ئەکادیمیای کوردی. هەروەها بابەتی بڵاونەکراوە بۆ خاوەنەکەی ناگەڕێتەوە.

ژۆڕنالّی ئاوەز
نۆڤەمبەری ٢٠٢٤

باس و لێکۆڵینەوە

ڕاستی، نەک ڕا

هەقیقەت و دۆکسا لەنێوان ئەکادیمیا و ئاگۆرا-دا

لەبارەی ڕەخنەی (ئارێنت) لە فەلسەفەی سیاسیی (ئەفلاتون)

د. ئیدریس شێخ شەرەفی

کۆلێژی زانستە سیاسییەکان-زانکۆی سەلاحەددین

هەقیقەتی یونیڤێرساڵ کە بنەڕەتەکەی بۆ خودگەڕایی و عەقڵانییەت و یەکەیەتیی هەناوی فەلسەفەی مۆدێرنە دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لای دیکارت و لایبنیتز و هیگڵ، درێژکراوەی نەریتێکی مەزنی فەلسەفییە کە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆن، ئەمە لە جیهانی فۆڕمە پەتییەکانی ئەفلاتون و لە لۆژیکی فۆڕمال و بیرکرنەوەی سیستەماتیکی ئەرستۆدا ڕەهەندێکی ڕەها و هەمەکی وەردەگرێت. لەبەرانبەر ئەمەدا، تیزێکی تر هەیە کە بنەڕەتەکەی لەسەر تێکشکاوی یان پارچە پارچەبوونی هەقیقەت دامەزراوە و، لە فەلسەفەی ڕێژەگەرایی پۆست—مۆدێرندا بە باشترین شێوە خۆی بەیان دەکات و بانگەشەی ئەوە دەکات هەموو شتێک تەفسیر یان ڕاڤەیەکی گوتارییە Dis-cursive و هیچ جۆرە فاکتێکی ڕاستەوخۆ و تۆکمە لە ئارادانییە. هەر بۆیە لێرەدا "هەقیقەت" و "ڕا یان دۆکسا doxa" دەکەونە بەرانبەری یەکتر، کە یەکەمیان داکۆکی لە پێوەری نەگۆڕ و دووەمیان جەخت لەسەر گەمەی زمانی یان لە باشترین حاڵەتدا چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمان دەکاتەوە.

لێرەوە قسەکردن لەسەر هەقیقەت لە هەمەکیەتیی خۆیدا جگە لەوەی دەبێتە پرسێکی فەلسەفی، هاوکات ڕەهەندێکی قووڵی سیاسی-کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیش وەردەگرێت، چونکە لە دەرەوەی ئەمە دەشێت بەشێکی گرنگ و بەرفراوانی بواری مرۆڤایەتی ببێت بە گەمەیەکی زمانی و چارەنووسی بەشێکی زۆری خەڵک لە ناو بازنەیەکی بێکۆتایی هەڵەی لۆژیکی و نەبوونی ئەرگۆمێنتسازی کۆنکریتدا بسوڕێتەوە. ئەگەرچی لە جیهانی هاوچەرخدا ئەم گرفتە زۆر بە زەقی خۆی دەردەخات، بەڵام لەڕاستیدا پەیوەندیی نێوان هەقیقەت و بۆچوون قووڵاییەکی مێژوویی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ نەریتی فەلسەفەی یۆنانی. لە گریکی دێریندا، جیاوازیی نێوان "هەقیقەت" و "ڕا یان doxa" لەلایەکەوە پەیوەندی بەو دەرەنجامە فەلسەفی و سیاسییانەوە هەبوو کە لێیەوە بەرهەم دەهات و لەلایەکی تریشەوە پەیوەست بوو بەو ناوەندەی دیزاینی بەرهەمە هزرییەکەی دەکرد. هەر بۆیە لە دیدی ئارێنت*[1]، ڕەگی قووڵی هەر دوو چەمکەکە بۆ دوو ناوەندی گرنگی یۆنان دەگەڕێنەوە کە

*[1] هانا ئارێنت Hannah Arendt (١٩٠٦-١٩٧٥)، لە هانۆڤەری ئەڵمانیا لەدایک بووە، فەلسەفەی لەسەر دەستی هەر دوو فەیلەسوف کارل یاسپرز و مارتن هایدگەر خوێندووە. تێزی دکتۆڕاکەی سەبارەت بە چەمکی خۆشەویستی بووە لای قدیس ئۆگستین (Love and Saint Augustine (1929 و لەژێر سەرپەرشتیی یاسپرز و ساڵی ١٩٢٩ بڵاوی کردووەتەوە. لەدوای هاتنە سەرکاری نازییەکان بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە تاراوگە و لە فەرەنسا ژیان بەسەر دەبات و دواتر لە ١٩٤١بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆچ دەکات. پێش ئەوەی ڕەگەزنامەی ئەمریکی وەربگرێت، تا ماوەیەکی زۆر وەک بێوڵات خۆی دەناسێنێت. ئارێنت لەژێر کاریگەریی ئەرستۆ و کانت و مارکس و نیچە و هایدگەر

بریتین لە ئەکادیمیا کە دامەزرێنەوەکەی ئەفلاتونە و، ئاگۆرا یان گۆڕەپانی شار کە پەیوەستە بە نەریتی هۆمیرۆسی**[2] حیکایەتخوان و شاعیری یۆنانییەوە.

1- ئارێنت و ئەرستۆ

ئارێنت وەک تیۆریسیەنێکی سیاسی بە گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی سیاسی و لە پێگەی ڕەخنەگرتن لەو شتەی ناوی دەنێت "نەریتی فەلسەفی ڕۆژئاوا" کە دامەزرێنەرەکەی ئەفلاتونە، هەوڵ دەدات کێشەی نێوان "هەقیقەت" وەک گەڕان بە دوای پرسە ئەبەدی و جەوهەرییەکان لەلایەک و "ڕا و بۆچوون Doxa" کە پەیوەستە بە دەنگی جەماوەرێکی زۆر و دروستکردنی شانازی لە بەرانبەر یەکتر ڕابگرێت و داکۆکی لەو تێگەیشتنە بکات کە ڕەگەکانی بۆ هۆمیرۆس دەگەڕێتەوە، هاوکات بەسوود وەرگرتن لە فەلسەفەی سیاسیی ئەرستۆ ئارکیۆلۆژیای چەمکی سیاسەت Politique لە هەناوی

و یاسپێرز دابووە. گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە ١- بنەچەی تۆتالیتاریزم (Origin of Totalitarianism 1951)، ٢- ڕەوشی مرۆیی (Human Condition 1958)، ٣- لەنێوان ڕابردوو و ئایندەدا (Between Past and Future 1961)، ٤- سەبارەت بە شۆڕش (On Revolution 1963)، ٥- ئایخمان لە قودس: ڕاپۆرتێک سەبارەت بە خراپەکاری (Eichmann in Jerusalem: A Report on the Banality of Evil 1963)، ٦- مرۆڤ لەسەردەمە تاریکەکاندا (Men in Dark Times 1968)، ٧- سەبارەت بە توندوتیژی (On Violence 1970)، ٨- قەیرانەکانی کۆمار (Crises of the Republic 1972)، ٩- ژیانی عەقڵ: بیرکردنەوە (The Life of the Mind: thinking 1977)، ١٠- ژیانی عەقڵ: ویست. (The Life of the Mind 1981) ١١- سیاسەت چییە؟ (what is politics 1992)، ١٢- بەڵێنێک لە سیاسەتدا (The Promise of Politics 1993)، ١٣- بەرپرسیارێتی و حوکمدان (Responsibility and Judgment 2003).

**[2] هۆمیرۆس یان هۆمێر: (مەزەندە دەکرێت کۆتایی سەدەی ٩ پ.ز تا سەرەتای سەدی ٨ پ.ز) شاعیر و هەڵبەستڤانی بەناوبانگی گریکی کە بە زایەڵەی یادەوەری و مێژووی ڕۆژئاوا دادەنرێت. بەپێی سەرچاوە مێژوویەکان لەنێوان سەدەی هەشتەم یان حەوتەمی پێش زایین ژیاوە، دوو لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی بریتین لە ئیلیادە و ئۆدیسە کە بە دوو شاکاری گەورەی ئەدەبی جیهانی دادەنرێن لەگەڵ گلگامێش و شانامەی فردەوسی و بەهاڕاتاجاناتا. ئەفلاتون سەبارەت بە هۆمیرۆس وتویەتی شایستەی ئەوەیە وەک مامۆستای بواری بەڕێوەبردنی ژیان و گۆشکردنی مرۆڤ سەیری بکرێت و پێویستە هەموو ژیانی خۆمان لەسەر ڕێچکەی ئەم شاعیرە هەماهەنگ بکەین. ئیلیادە و ئۆدیسە وەک دوو مەلحەمە بە بەپێزترین سەرچاوەی زانیاری دادەنرێن سەبارەت بە یۆنانی کۆن و ژیانی ڕۆژانە، هەر لە گەڕیدەیی و هاوسەرگیری و بازرگانی و بیناسازییەوە بیگرە تا جەنگ و ئابووری و سیاسەت و ئایین، بەڵگەنامەیەکی نووسراوە ڕابروو دەگێڕێتەوە. (باري بي، ٢٠١٧، ٢٠)

چەمکی شار Polisی ئەسینادا شی بکاتەوە.

فۆرمی شار بەو جۆرەی ئارێنت وێنای دەکات لە ئەسینا بنەمایەکی چەمکییە بۆ تێگەیشتن لە سیاسەت وەک بواری قسە Lixes و کردە praxis لەنێوان کۆمەڵێک بوونەوەر یان ئاژەڵ کە توانایی کردەی سیاسیی هاوبەشیان هەیە. لێرەدایە بە دیاریکراوی ئارێنت بە گەڕانەوە بۆ پێناسە بەناوبانگەکەی ئەرستۆ دەیەوێت، چەمکی سیاسەت تەنیا وەک پیادەکردنی هێز و دەسەڵات نەبینرێت، بەڵکوو هەر وەک ئەرستۆ جەختی لەسەر دەکاتەوە لە کتێبی سیاسەتدا، سەرەڕای قسەکردن لەسەر شار Polis و کۆمەڵە مرۆییەکان، توێژینەوەی لەسەر پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگا و ئەوانی تر دەکاتەوە و مرۆڤی بە ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتی/سیاسی Zoon politikon ناساندووە (ارسطو، ١٣٥٨، ٥). ئەوەی لێرەدا جێگەی تێرامانە، هاوریشەبوونی هەر دوو چەمکی پۆلیس Polis و پۆلەتیکە Politique بۆ ئارێنت کە بەجۆرێک هەر دوو چەمک ئاوێتەی یەکترن و لە کۆنتێکستی شارستانیەتی یۆنانی دا ماناکانیان یەکتر تەواو دەکەن.

خاڵێکی جێگەی تێرامان ئارێنت جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەو تێکەڵییەیە کە هەر لە سەرەتاوە لە وەرگێرانی پۆلیتیکۆن Politikon یان Bios politikos دا هەیە، کە هەم بە مانای سیاسی و هەم بە مانای کۆمەڵایەتی و شارستانییە. ئەرستۆ دەڵێت: «مرۆڤ ئاژەڵێکە بە سروشتی خۆی پۆلیتیکۆنە Zoon politikon». (ارسطو، ١٩٥٧، ٨-٩) لێرەدا ئەگەر مرۆڤ وەک ئاژەڵێک سەیر بکرێت کە لە شار یان Polis دەژیت و پۆلیسیش وەک سەرچاوەی سیاسەت ڕاڤە بکرێت، ئەوا مرۆڤ دەبێت بە بوونەوەرێکی سیاسی، بەڵام ئەگەر شار وەک سەرچاوەی شارستانییەت و مەدەنیبوون لێکبدرێتەوە ئەوا زیاتر ڕەهەندی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت. شار Polis شوێنی چالاکی و ئازادیی ئەسینیە ئازادەکان بووە و لە دیدی ئارێنت دەشێت بیبەستینەوە بە پێناسەی دووەمی ئەرستۆ بۆ سیاسەت کە لەبەرانبەر پێناسەی یەکەمدا کەمتر بایەخی پێدراوە و، هەربۆیە لە ڕوانگەی ئەو لە پێناسەی ئەرستۆ بۆ مرۆڤ وەک ئاژەڵێکی سیاسی ناکەوێتە بەرانبەر کۆمەڵی سروشتی ژیان و مانای خۆی باشتر دەگەیەنێت ئەگەر پێناسەی دوومی ئەرستۆ زیاد کرابوایە. بەو پێیەی مرۆڤ «بوونەوەرێکی زیندووە و توانایی قسەکردنی هەیە»، وەرگێڕانی لاتینی مرۆڤ بۆ "ئاژەڵی عاقڵ" لای ئەرستۆ ناتەواوە، چونکە لۆگۆس Logos نە وتەیە، نە عەقڵە، بەڵکوو "نوس"ە واتە توانایی ڕامان و، دەبێت ناوەڕۆکەکەی بە

قسه گوزارشتی لێ بکرێت». (أرندت، ٢٠١٥، ل ٤٨ و Arendt, 1961, 27.) بەم جۆرە، لە هزری ئارێنت زاڵکردنی پێناسەی یەکەمی ئەرستۆ بەپێی سیاقی یۆنانی کۆن ناتوانێ بیسەلمێنێت مرۆڤ سیاسییە، چونکە کاتێ دەڵێین ئاژەڵی سیاسی political animal یانZoon politikon وەک ئەوەی شتێکی سیاسی لە ئادەمیزاد دا هەبێت کە پەیوەست بێت بە ماهیەتەکەیەوە، واتە مرۆڤ لە زاتی خۆیدا و بەبێ بوون و نەبوونی شار و ئەوانی تر خۆی سیاسییە.

ئارێنت بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە لەبارەی سیاسەت دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی حیکمەت لە فەلسەفەی سیاسیی ئەرستۆدا، چونکە ئەو حیکمەتی بە سەر دوو بەشی پراکتیکی و تیۆرییدا پۆلێن کردووە و پێی وایە «سیاسەت و ماڵداری دەکەوێتە ژێر حیکمەتی پراکتیکی». (ارسطو،١٣٥٨، ٢٠٩-٢٢١) ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ ئارێنت و ئیدی لای ئەو بەپێی فەلسەفەی سیاسیی ئەرستۆ، سیاسەت تەنیا ڕامان و قسەکردن و جەوهەرێکی جێگیری ناو مرۆڤ نییە، بەڵکوو مادام سیاسەت بەشێکە لە حیکمەت و پرسی سەرەکیش لە حیکمەتی پراکتیکی "ئیدایمۆنیا Ede-monia"یە، کە بەمانای بەختەوەری Hhappiness وەرگێڕدراوە، وەک هاومانای چاکەی مرۆیی واتە فەزیلەت و مەزنایەتی لێکدەدرێتەوە. کەواتە، هەوڵی ئارێنت کە "کردە- Action" بنەڕەتێکی گرنگی تیۆریە سیاسییەکەی پێکدێنێت ئەوەیە، سیاسەت بەسەر بواری قسە و چالاکی و پراکتیک و ئامانجداری لە کردار دا دابەش بکات؛ کۆی ئەمەش ناو دەنێت ژیانی گشتی کە ئامانجەکەی بەپێی فەلسەفەی ئەرستۆ بریتییە لە "بەختەوەری" و، بەختەوەری لە کردار دایە و ئەرستۆ «کارابوون وەک نیشانەی ژیانی چاک ڕاڤە دەکات». (جمعە زادە، ١٣٩٠، ٤) گشتیبوون لەم کۆنتێکستەدا کە هەمان سیاسەتە و دەسەڵات کرۆکەکەی پێکدێنێت و بە دەوری بەهایەکی باڵادا دەسوڕێتەوە کە ئەویش فەزیلەتە Virtue و، هەربۆیە لە ڕوانگەی ئەرستۆ «دەبێ دەسەڵات لەسەر بنەمای فەزیلەت دامەزرابێت». (ارسطو، ١٣٨٥، ٢٨٤-٢٨٦) ئەمەش سوڕێکی تەواوکارانە دەبڕێت و کاتێ دەبێت بە ئامانجێکی باڵا کە بەدی بێت، واتە پێویستە فەزیلەت ببێت بە هۆی چاکبوون و باشبوونی مرۆڤ.

کەواتە، فەزیلەت تەنیا مەعریفە نییە، بەڵکوو کردەشە؛ ئەمەش واتە لە پراکسیسدا خۆی بەیان دەکات. بەم جۆرە ئەرستۆ لە کتێبی ئەخلاقی نیکۆماخوس بەختەوەری بە غایەتی ژیانی مرۆڤ دەزانێت و سیاسەت وەک ئامرازی گەیشتن بەم ئامانجە لێک دەداتەوە. "چاکە" لە تیۆریی ئەودا کرۆکی هەموو مەعریفە و هونەر و کردە و هەڵبژاردنێکە؛ تاکە غایەتێکە لە خۆیدا و بۆخۆی گرنگە؛ "چاکەی باڵا"یە و ئەمەش دەبێتە بابەتی گرنگترین و بەرزترین زانست، واتە زانستی سیاسەت کە ئامانجی هەموو زانستەکانی ترە. بەم چەشنە چاکە کە ناوەڕۆکی مەعریفە و کردەیە، و سیاسەتیش لە خۆیدا دەکەوێتە ژێر حیکمەتی پراکتیکی، کاتێک دەبێت بە شتێکی چاکەخوازانە کە ئامانجەکانی باڵا بێت و «ئامانجی کۆمەڵگای سیاسی "ژیانی چاکە" و ئامانجی هاوکاریی سیاسیش تەنیا پێکەوەژیان نییە، بەڵکوو ئەنجامدانی کاری گەورە و بەبەهایە». (ارسطو، ١٣٥٨، ٥)

هەوڵی تیۆریی ئارێنت بۆ ئەوەیە بیسەلمێنێت ئەرستۆ کاتێ سیاسەت دەخاتە ژێر پۆلێنی حیکمەتی پراکتیکی، لەڕاستیدا ناڕاستەوخۆ دان بەوە دادەنێت سیاسەت کردەی ئاژەڵێکە لۆگۆسی هەیە و لە شار Polisدا خۆی بەدی دێنێت و، هەربۆیە، لە هزری ئەرستۆ بوونی شار دەبێت بەشتێکی حەتمی بۆ بوونەوەری مرۆیی و بەشێک لە سروشت؛ «شار دیاردەیەکی سروشتییە و مرۆڤ بە حوکمی سروشت ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتییە، ئەوەی کە بەپێی سروشت نەک ڕێکەوت بێنیشتمانە [بێشارە Polis] یان بوونەوەرێکی نزمترە لە مرۆڤ یان بەرزترە، هەر وەک هۆمیرۆس لە سەرزەنشتیدا دەڵێت: بێخێزان و بێیاسا و بێماڵ*[3]». (ارسطو، هەمان، ٥) سروشتی بوونی شار وادەکات بکەوێتە پێش تاک، چونکە مرۆڤ ناتوانێ بە تەنیا بژیت و بەدیهێنانی مرۆڤایەتی مرۆڤ لە شار و لەگەڵ ئەوانی تردایە. کەسێک کە ناتوانێ لەگەڵ ئەوانی تر بژیت یان بەجۆرێک پشتی بەخۆی بەستووە کە پێویستی بە پێکەوەژیان نییە و ئەندامی شار نییە، یان دڕندەیە یان خواوەند». (ارسطو طالس، ١٩٥٨، ٧٦)

ئارێنت دژی ماهییەتگەڕایی ئەرستۆیە کە جەخت دەکاتەوە مرۆڤ بە سروشت و لە جەوهەری خۆیدا ئاژەڵێکی سیاسییە، واتە شتێکی سیاسی لە خودی مرۆڤدا پەنهانە کە بەشێکە لە سروشتەکەی؛ لای ئەو مرۆڤی تەنیا و دوورەپەرێز ناسیاسییە و سیاسەت لەگەڵ ئەوانی تر مانا وەردەگرێت. واتە کۆمەڵگا شتێک نییە لە پێشدا بوونی هەبێت، بەڵکوو شتێکی دەستکرد و دروستکراوە و، هاووڵاتیان دەبێ چالاکانە بیهێننە ئارا و بیپارێزن (Borren, 2010. 86). هاوکات بواری سیاسی لە کۆمەڵگادا پێشوەختە

*[3] لە ڕۆمای کۆندا عامە plebs ڕۆمانی لەبنەڕەتدا لەو کەسانە پێکدەهات کە ماڵ و خانوویان نەبوو، هەر بۆیە جیاواز بوون لە گەلی ڕۆمانی Populous Romanus.

نەدراوە و ناسروشتی و ناچوونیەک و فرەخوازە؛ ئامانجەکەی گەیشتن نییە بە کۆدەنگی یان هەماهەنگی یان فۆرمێکی تری یەکێتی لەڕێگای یەکخستنی جیاوازییەکان (نجف پور، ١٣٩٨، ٥٧٤)، بەڵکوو تەنیا کاتێک سەرهەڵدەدات تاکەکان وەک هاووڵاتی، فرەیی بیروبۆچوون و ڕوانگەکانی خۆیان لە پانتایی گشتیدا بخەنە ڕوو. ئارێنت کە دژی بوونی جەوهەر و ماهییەتی نەگۆڕە، جا چ شار بێت یان کۆمەڵگا یان خودی مرۆڤ، تەنیا ڕەهەندی چالاکیی نێوان مرۆڤەکان لە شاردا بە گرنگ دەزانێت کە لەڕێگەی قسە و کردەوە گەشە بە توانایییەکانی یەکتر دەدەن، بەڵام ئەمە پێچەوانەی تێزی سەرەکیی ئەرستۆیە، چونکە دەشێت تاکەکان لە فۆڕمی جیا جیادا لە دەوری یەکتر کۆببنەوە و هاوکاری یەکتریش بکەن، بەڵام فۆڕمەکە نە پۆلیس و ناوەرۆکەکەش نە پۆلەتیک بێت.

بەپێچەوانەی بانگەشەی ئارێنت، ئەرستۆ ژیانی چاک و بەختەوەری پەیوەست دەکات بە مافی ڕادەربڕین و بۆچوون لە دیاریکردنی ژینگەی سیاسی و پێی وایە ئەگەر کەسێک ژیانێکی زۆر شکۆمەندانەی هەبێت، بەڵام نەتوانێ خۆی ئاراستەی جووڵە و چالاکیی خۆی هەڵبژێرێت، ئەوا ناتوانین بڵێین ژیانێکی چاک یان بەختەوەرانەی هەیە. ئەرستۆ لە کتێبی سیاسەت-دا دەڵێت: «ئەگەر کەسێک وەک خەڵکانی تر لە ڕژێمێکدا بژیت، هاووڵاتییەکی ئازاد و یەکسان نەبێت، ئەوا لە چاکەیەکی گرنگ بێبەشە کە بە مرۆڤ بەخشراوە. (نوسباوم، ١٣٧٤، ٩٥) لێرەدایە ئارێنت هەر دوو چەمکی ئاگۆرا Agora[4] یان مەیدانی گشتی شار و ئەکادیمیا Academya ناوەندی فەیلەسوفەکان لە ئەسینا بەیەکتر بەراورد دەکات. ئەم بەراوردە لەبنەڕەتدا بۆ جیاکردنەوەی نێوان "ڕا "ی ئاگۆرا و "هەقیقەت" ی ئەکادیمیایە.

2-ئاگۆرا و ئەکادیمیا

ئارێنت بونیادی ئەکادیمیا کە دامەزرێنەرەکەی ئەفڵاتونە بە مەبەست دەخاتە بەرانبەر ئاگۆرا و لای ئەو جیاوازیی نێوان ئازادیی ئەکادیمیا و ئازادیی پۆلیس لە ئەرکە سیاسییەکەیدایە، واتە لە

[4] * ئاگۆرا (η αγορά agora ئی ئاگۆرا) بەمانای بازاڕیش دێت.

یەکەمیان کە گۆڕەپانی شارە هەمووان دەتوانن قسە بکەن و ڕای خۆیان دەربڕن، بەڵام لە دووەمیاندا فەیلەسوفەکان یان دەستەبژێری کۆمەڵگا لەڕێگەی حیکمەت و زانینەوە هەوڵی تێگەیشتن لە دیاردەکان دەدەن. هەربۆیە، دەبینین ئەرکی سیاسیی سەرەکیی کەمینەی جێگەی مەبەستی ئەفڵاتون کە لە ئەکادیمیا ئامادەییان هەیە، لە تیۆریی ئارێنتدا بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە «بەڕێوەبردنی چاکی جەستەی سیاسی کە لە سەردەمی ئاشتیدا ژیان و لەسەردەمی جەنگدا بەرگرییە». (أرنت، ٢٠١٩، ٨٤) ئەو پێناسەیەی ئەفڵاتون بۆ سیاسەت دەیخاتە پێش، لەڕاستیدا تەنیا زەقکردنەوەی ڕەهەندی پراکتیکی سیاسەت و تەنانەت بەڕێوەبردنیشە، واتە سیاسەتی ئەفڵاتونی کە هەمان پۆلیتیایە، ڕەهەندی قووڵتری نەزم و دیسپلینی هەیە کە دیسان هەر لە شارەوە سەرچاوە دەگرێت و پێویستی بە زانستە. ئەوە جگە لەوەی ئەفڵاتون پێی وایە «جیاوازی هەیە لەنێوان دەسەڵاتداری بەزەبروزەنگ و سیاسەتمەدار؛ یەکەمیان پشت بە زۆرەملێ دەبەستێ و ئەوی تریان ئیدارەیەکی ئازادانەیە». (افلاطون، مرد سیاسی، ١٣٨٠، ١٤٩١) بەڵام سەیر دەکەین ڕەخنەی ئارێنت لە ئەفڵاتون ئەوەیە کە هەوڵی داوە دژایەتیی شار Polis و وێناکەی بۆ ئازادی بکات و جیگۆڕکێیان پێ بکات و گفتوگۆی ئاگۆرا لەسەر کاروباری مرۆیی بگوازێتەوە بۆ ناو ئەکادیمیا و چەمکە حەقیقییەکان. فەیلەسوف و دەستەبژێری فکری تەنیا لەناو ئەکادیمیا دەتوانن گفتوگۆی ئازاد بکەن، نەک لەناو شار Polis و فەزای سیاسی، چونکە فەلسەفە وەک کارێکی تاکەکەسی پێویستی بە خۆڕزگارکردن هەبوو لە سیاسەت و پانتایی گشتی بە مانا یۆنانییەکەی. (أرنت، ٢٠١٩، ٨٢)

بەم جۆرە لە دیدی ئارێنت، ئەفڵاتون دژایەتیی فەزای کراوەی سیاسی کەسە ئازادەکانی شار دەکات و بە خەمسارییەوە لە بواری مرۆیی دەڕوانێت و بە دامەزراندنی ئەکادیمیا وەک شوێنی ئازادی کەمینەیەک هەوڵی داوە خۆی لە سیاسەت وەک چالاکی ناو شار و قسەکردن لەسەر ژیانی هاوبەش و بۆچوونی ئەوانی تر کە زۆرینە پێکدێنن ببوێرێت. هەر چەند بەوردی ئەفڵاتون جارێکی تر جیاکاری دەکات لەنێوان دەسەڵاتدار توندوتیژ و سیاسەتمەداردا و پێی وایە «یەکەمیان هونەری ملهوڕییە و ئەوی دیکەیان هونەری سیاسەت واتە بەڕێوەبردنی مێگەلی ئاژەڵە ئازادەکانە». (افلاطون، هەمان ،١٤٩٢) بەم جۆرە پاراستنی ژیان و ڕەوشی نائاساییی جەنگ بەشێک نییە لە

جەوهەری سیاسەت بەمانا یۆنانییەکەی، بەڵکوو لەو سنوورەی کە هاووڵاتی ئازادی تێدا پێناسەکرا بوو، گفتۆگۆ و ڕازیکردنی یەکتر بەمەبەستی گەیشتن بە ڕێککەوتن، بنەمای سیاسەتی پێکدێنا.

لە دیدی ئارێنت ئەکادیمیا بوو بە شوێنی تیۆریدانان بۆ واقیعی زۆرینەی خەڵک، بەڵام ئەم تیۆریە زۆرتر بەرەنجامی هزری فەیلەسوفەکان بوو و بەناوی فەلسەفە و زانستەوە بەسەریاندا دەسەپێنرێت. بیرۆکەی کەمینەیەکی خاوەن هزری هەمەکی لەناو ئەکادیمیا کە گفتوگۆ لەسەر چەمکە سەرەکییەکانی ژیانی هاووڵاتیان دەکەن، دەبێت بە سەرەتای بیباکی بەرانبەر بە ئاگۆرا و بۆچوونەکانی، ئەمەش لەڕووی سیاسییەوە قەتیسمانی لەناو چواردیواریی ئەکادیمیای لەگەڵ خۆیدا هێنا و، بەم جۆرە قسەکردن لە پانتایی گشتی دەچێتە دەر و بەرەو خەڵوەت و دوورەپەرێزی و دونیای نوخبە دەڕوات. لێرەدا ئەوەی لەناو ئەکادیمیا بەرهەم دێت "هەقیقەت"ە؛ ئەوەی ئاگۆرا "ڕا یان دۆکسا"یە.

لە سیستەمی بیرکردنەوەی ئارێنت کە بەشێکی گەورەی لەسەر بنەمای ڕەخنەگرتن لە ئەفلاتون داڕشتووە، لە چوارچێوەی باڵادەستیی ئەکادیمیا وەک ناوەندی بەرهەمهێنانی مەعریفەی ئەبستراکت و بەلاوەنانی ئاگۆرا، کێشەی بەرانبەرێتی نێوان هەقیقەتی ئەکادیمی و بۆچوونی ئاگۆرا وەک دوو تیرمی پێچەوانەوە و دژی یەکتر سەرهەڵدەدەن. هەر لێرەوەیە جۆرێک لە پەیوەندی لەنێوان هەقیقەت و فەلسەفە لەلایەک و بۆچوون و خەڵکی ئاسایی (دیمۆس) دروست دەکات، چونکە ئەفلاتون هەقیقەت لە ئەبستراکتترین فۆڕمی خۆیدا واتە ماتماتیک و هەندەسەدا دەدۆزێتەوە و پێی وایە «هەقیقەتی ماتماتیکی چاوی عەقڵ بەسەر هەموو هەقیقەتەکاندا دەکاتەوە» (آرندت، ٢٠١٥، ٥) بەم جۆرە ئارێنت ئەم جارە کێشەی نێوان هەقیقەت و بۆچوون، بۆ ململانیی نێوان فەلسەفە و سیاسەت و فەیلەسوف و شار و تەنانەت جەستە و گیان دەگەڕێنتەوە، کە لە فەلسەفەی ئەفلاتون بەوردی تیۆریی بۆ داڕێژراوە، بەتایبەتی لە دادگایی و مردنی سوکرات. هەقیقەت و سیاسەت لە دوو شێوازی ژیانی دژبەر، واتە شێوازی ژیانی فەیلەسوف (بەوجۆرەی لای پارمیندس و ئەفلاتون وەسف کراوە) و شێوازی ژیانی هاووڵاتی دەردەکەوێت، واتە لەنێوان هەقیقەتی نەگۆڕی فەیلەسوف و بۆچوونی بگۆڕ و ناجێگیری خەڵک (هەمان سەرچاوە، ٨).

ئەفلاتون پێی وایە جیاوازیی نێوان "بۆچوون" و "زانین"ی ڕاستەقینە وەک جیاوازیی نێوان

"سەیرورە" و "بوون"ە؛ جیهان لەڕووی مۆدێلێکی تاقانە لە جیهانی عەقڵ دروست کراوە و یەک تاکە جیهان بوونی هەیە؛ ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر نەزم و بێنەزمی لەناو سیاسەت و ڕەوشی مرۆییدا. (افلاطون، تیمائوس ، ١٣٨٠، ١٧٢٦-١٧٢٧) پرسی سەرەکی لای ئەو بە درێژایی دیالۆگی تیمائوس قسەکردنە لەسەر "ماهییەت"ی نەگۆڕ، هەربۆیە دەپرسێت: ئایا شتێک بە ڕەهایی و لەخۆیدا و بۆخۆی (في نفسه و لنفسه) هەیە؟ یان تەنیا ئەوەیە کە دەیبینین و هەستی پێدەکەین و ئەوە هەقیقەتەکەیەتی؟

ئارێنت وەڵامی ئەم پرسیارە، لە تێڕاونینێکی سوکرات وەردەگرێت کە لە دیدی ئەم بە بەراورد بە ئەفلاتون ڕوانگەیەکی نەرمتری سەبارەت بە مرۆڤ هەیە و پێی وایە دەبێ ڕادەیەک لە هەقیقەت لە هەموو بۆچوونیکدا هەبێت و دەیەوێت گوێ لەو ڕاستیانەش بگرێ کە لای ئەوانی تریش هەن و دەتوانن بیانخەنەڕوو؛ واتە «سوکرات دەیەویست لەڕێگای ئازادکردنی بۆچوونی هاووڵاتیان، شار ڕاستتر Truthful بکات و شێوازی ئەنجامدانی ئەم کارەش Dialegesthai واتە دیالێکتیک و گفتوگۆ و قسەی وردە لەبارەی پرسێک». (Arendt, 2005, 14) هەر چەندە ئارێنت ئەمە دەکاتە بنەڕەتێک بۆ تیۆریەکەی خۆی سەبارەت بە گرنگیی "ڕا" لای سوکرات، بەڵام بەئاشکرا چەمکەکانی "ئازادی" و "وردی" و "پرسێکی دیاریکراو" لە پێناسەکەی ئەرستۆدا ئامادەیی هەیە کە زەمینەی هەقیقەتە نەک دۆکسا یان ڕا، ئەگەرچی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕەگی چەمکی دیالێکتیک بۆ دیالۆگ و دیالێگێستا Dialegesthia دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دیالێگێستای پرۆسەیەک نییە بۆ لەناوبردنی ڕا یان دۆکسا، بەڵکوو لای سوکرات ئەمە بۆ ئاشکراکردنی هەقیقەتمەندیی خودی دۆکسایە. (Ibid., P. 15) "ڕا" وەک سەرەتایەک بۆ خستنەڕووی بابەتێک بۆ گفتوگۆ تەنیا لە ئەکادیمیا دا دەتوانێ بگات بە هەقیقەتمەندی و بە ئەگەری زۆر لە پانتایی ئاگۆرا دا بەرەو "ڕا و ڕای پێچەوانە" ی بێکۆتایی دەڕوات، هەر وەک ئارێنتیش خۆی ئاماژەی بەوە کردووە لە ناو هزر و کولتووری یۆنانییشدا "ڕا" بریتی بوو لە «گەڵاڵەکردنی ئەوەی لای من دەردەکەوێت لە فۆڕمی قسەدا». (أرنت، ٢٠١٨، ٦٠-٦١) ئەمە پێچەوانەی ئەکادیمیای فەیلەسوفانە، چونکە ئەفلاتون جەخت دەکاتەوە فەیلەسوف وەک ئەڤینداری زانین لە تەواوەتیی خۆیدا شەیدای بینینی هەقیقەتە، ئەو دەزانێت و دەناسێت، بەڵام ئەوانی تر تەنیا پێیان وایە و بۆچوونیان وایە، بۆچوون لە دیدی

ئەو دەکەوێتە "خاڵی نێوان زانین و نەزانین" واتە دەکەوێتە نێوان "بوون و نەبوون". (افلاطون، جمهوری،١٣٨٠، ١٠٠٨-١٠٠٩)

لە هزری ئەفلاتون ئەگەر "زانینی ڕاستەقینە" و "بۆچوونی ڕاست" دوو شتی جیاوزن نەک یەک شت، ئەوا بێ گومان دەبێ هەبوو (موجود) هەبێت کە لە خۆیدا و بۆخۆی بوونی هەیە و ناتوانین بە هۆی هەستەکانمانەوە دەرکیان بکەین، بەڵکوو تەنیا دەتوانین بیانناسین. (افلاطون، تیمائوس،١٣٨٠، ١٧٥٠) کەواتە، "زانین" و "ڕا" دوو شتی جیاوازن: یەکێکیان لەڕێگای پەروەردە و فێرکردن بە دەست دێت و پەیوەستە بە بیرکردنەوە کە ڕەوانبێژی و قەناعەت و گۆڕانی تێدا دروست ناکات و تایبەتە بە عەقڵی پەتی و زانینی ڕاستەقینەی خوداکان و کەمینەیەک. ئەوی تریان لەڕێگای قەناعەت پێکردنەوە لەناو ئێمەدا دروست دەبێت و بەردەوام لە گۆڕاندایە و تایبەتە بە هەموو کەسێک. (افلاطون، تیمائوس، هەمان لاپەڕە). بەم جۆرە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان لە "ڕا"دا باڵادەستە، واتە ئەو شتەیە لە تاکەوە دەردەچێت و لەسەر بابەتەکە دەنیشێت، بەڵام "هەقیقەت" لە پانتایی زاست و فەلسەفە دا دەردەکەوێت و پەیوەستە بە زانینی بێلایەن، ئەو شتەیە لە بابەتەکەوە لەبەر دەم تاکدا "دەردەکەوێ"، کە دواتر سیفەتی هەمەکیبوون و گشتیەت وەردەگرێ و هەموو ڕەهەندەکانی خۆی دەردەخات.

لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا، دژایەتیی ڕا لەبەرامبەر هەقیقەتدا کاتێک دەردەکەوێت کە بزانین سەبارەت بەو ئیشەی لە پێشمانە جیاوازیی دوو شت گرنگە؛ چۆنایەتیی قسە کە سەبارەت بە وێنەکە دەوترێت و چۆنایەتیی ڕوونکردنەوە سەبارەت بە شتێکی نەگۆڕ و بنبڕ و جێگیر، کە تەنیا بە چرای عەقڵ و بیرکردنەوە دەبینرێت و دەبێ قسەی زانستی بێت. (هەمان سەرچاوە، ل ١٧٢٥) بەم جۆرە، "هەقیقەت" جەوهەرێکی نەگۆڕە و "ڕا" دەرکەوتەیە، هەقیقەت لای یەک کەسی خاوەن مەعریفەی ڕاستەقینە هەیە و بۆچوون لای زۆرینەی خەڵک. چەمکە سەرەکییەکانی وەک دادپەروەری و چاکە و خراپە و ڕاگرتنی نەفس "هەقیقەتن لەخۆیاندا" واتە جەوهەرێکی نەگۆڕن و دۆکسا ڕێژەیی و گۆڕاوە. (افلاطون، جمهوری، ١٣٨٠، ل ٨٢٤) هۆکاری نەگونجانی فۆڕمی ئایدیالی بیرۆکەیەک لەگەڵ واقیع پەیوەست نییە بە ناڕاستبوونی، بەڵکوو هەمیشە دەبێ ئایدیایەکی کامڵ ببێت بە پاڵنەری دروستکردنی شتەکان، بۆ نموونە شار یان دەوڵەتێک. (افلاطون،

جمهوری،١٣٨٠، ١٠٠٣)`

ئارێنت ڕێک پێچەوانەی ئەم تێزە پێی وایە «پێشمەرجی سەرەکیی هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی بۆچوونە نەک هەقیقەت.. هەر ڕژێمێک بانگەشەی ئەوە بکات لە بواری مرۆیی گەیشتۆتە هەقیقەتی ڕەها کە پێویستی بە ڕای خەڵک نییە، ..... هەقانییەتی خۆی وێران دەکات». (أرنت، هەمان سەرچاوە، ل ٨. هەروەها آرنت، هانا، ١٣٩٨، ٣٣٦-٣٣٧) "هەقیقەت" بە مانا زانستییەکەی کە لە سیستەمە لیبڕاڵ و ئازادەکانیش هیچ کاتێ ناوەندە ئەکادیمییەکان نایخەنە دەنگدانەوە، ئارێنت لەژێر سایەی "درۆی" سیستەمە تۆتالیتارەکان دەیبینێت و پێوانەی دەکات. بۆ نموونە، ئازادی و مافە بنەڕەتییەکان و نەهێشتنی کۆیلایەتی، بەر لەوەی وەک "ڕا" دەربکەوێ، وەک "هەقیقەت" خۆی نمایان کردووە و دواتر "ڕا"ی بۆ وەرگیراوە.

فەلسەفە لای ئەفلاتون و ئەرستۆ لە پاتۆس[*5] و دەهشەت دێتە بوون، ئەمەش پەیوەستە بە فەلسەفەی یۆنانی کە فەلسەفەی خەون و تێڕامانە و، ئەمەش لە پێگەی چاو لای ئەم دوو فەیلەسوفە هەستی پێ دەکرێت لە پرسیارکردن لە وجود و دەهشەت و حەیرەت بۆ حیکمەت. (مکاوي، ٢٠١٧، ٨٤) هەربۆیە، ئارێنت پێی وایە تێگەیشتنی ئەفلاتون بۆ فەلسەفە وەک سەرسوڕمان و دەهشەت Pa-thos سەبارەت بە شتێک، کە بەتەواوی جیاوازە لە دروستبوونی ڕا Doxazein سەبارەت بەشتێک، پەیامێکی سیاسی لە پشتە و تەنیا مەبەست گەیشتن بە هەقیقەتی ڕووت یان ڕەها نییە. ئەفلاتون پێی وایە سەرسوڕمان و حیرەت ناخرێتە قاڵبی وتە و قسە و، لای ئەرستۆش ڕاستیی رەها ئەوەیە کە ناخرێتە وشەوە؛ ئاگایی مرۆڤ بۆ هەقیقەت بریتییە لە نۆس "بیر" کە ناوەڕۆکێکی بەتاڵە لە لۆگۆس. هەر وەک چۆن ئەفلاتون دۆکسا دەخاتە بەرانبەر هەقیقەت، ئەرستۆش فرۆنیزیس "بیری سیاسی" دەخاتە بەرانبەر نۆس "بیری فەلسەفی". (أرنت، في السياسة وعدا، ٨٢-٨٣. و ارسطو، اخلاق نیکوماخوس، ١٦٧) کەواتە، لە دیدی ئارێنت پوختەی ڕای ئەفلاتون بەتایبەتی لە کتێبەکانی (فایدۆن) و (کریتۆ) ئەوەیە کە خەڵک ناتوانێ چاکەی خۆی بزانێ و بگات بە هەقیقەت و، هەربۆیە شار Polis شوێنێکی گونجاو نییە بۆ فەیلەسوف، بەشێوەیەکی نەرێیی هەقیقەتی وەرگرتووە و فرەبۆچوونی قبووڵ ناکات و پێی وایە «"فرەیی" وجودی نییە و تەنیا "یەک" لەئارادایە» (افلاطون،

[*5] پاتۆس pathos: سەرسوڕمان و گومان لەمەڕ هەموو هەبوویەک.

پارمیندس، ١٣٨٠، ل١٥٤٥- ١٥٤٦). هەربۆیە، ئەو پێی وایە هەقیقەتی ئەفلاتونی لەڕاستیدا لە سەروو وەسفکردنە، چونکە ئەفلاتون دەپرسێت ئایا دەتوانی شتێک کە بە قسە وەسفی دەکەی بە کردەوەش ئەنجامی بدەی؟ یان سروشتی کردە وایە کە هەمیشە لە هەقیقەت دوورترە بە بەراورد بە قسە. (افلاطون، جمهوری، ١٣٨٠، ١٠٠٣)

ئارێنت چەمکی دۆکسا یان ڕا وەک پێشگریمانە لە سوکرات وەردەگرێت و پێی وایە جیهانی هاوبەشی ئێمە لەسەر بنەمای شوێنگە و گۆشەنیگای تێڕوانین و ڕادەی دەرفەتی تاک بۆ بەشداری لە بینینی گۆشە و ڕەهەندەکانی هەر بابەتێک دروست دەبێت، ئەمەش مافی ئەوە بە تاک دەبەخشێت تێگەیشتن و دەرکی جیاوازی خۆی بخاتە ڕوو و لە دروستکردنی "جیهان"دا بەشدار بێت. دواجار لە بەشێک لە تێزەکانیدا ئارێنت هەست بە هەستیاریی بابەتەکەش دەکات کە ئایا چۆن دەکرێت هەموو بۆچوونێک وەک بەشداری لە دروستکردنی جیهان سەیر بکرێت و هەربۆیە پێی وایە «مەرج نییە فانتازیای زیهنی سوبێکتی Subjectivity و حوکمدانی تاک دڵخوازانە بێت و هەموو تاکێک خاوەن پلەیەکی تایبەتین لە بابەتیبوون Objectivity (Arendt,2005, 14). بەم جۆرە، هەوڵی تیۆریی ئارێنت دژی هەقیقەتی ئەفلاتون و کاریگەری لەسەر سیاسەت لە دوو خاڵ دا جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە، بەتایبەتی لە چوارچێوەی هزری لیبڕاڵی دیموکڕاتیدا. یەکەم؛ ڕاستە فرەیی بۆچوونەکان بەتایبەتی لە سیستەمی دیموکڕاتیدا بە پێشگریمانەی سیستەمەکە دادەنرێن، بەڵام ئایا سیستەم چۆن خۆی ڕادەگرێت ئەگەر هەندێ چەمکی چەسپاوی جەوهەری نەبێت، بۆ نموونە، سیستەمێکی لیبڕاڵ دیموکڕات چۆن ئازادی و یاساسەرووەری پێناسە دەکات و دەیکات بە هەقیقەتێکی جێگیر وەک بونیادی دامەزرێنەری خۆی، ئەگەر پێشوەختە وەک هەقیقەت قبووڵی نەکردبن. دووەم، هەندێ جار ئەوەی وەک فرەیی "ڕا" سەیر دەکرێت، لەڕاستیدا کۆپی ڕاکان و وردکردنەوەیانە کە لەڕێگای دیماکۆجیەت و بەئایدیۆلۆژیکردن، دەشێت خۆی بخاتە شوێنی هەقیقەت و لەجیاتی ئەرگۆمێنسازی و دامەزراندنی پێوەری لۆژیک و عەقڵ سەنتەری، "ڕا زۆرەکان" بکاتە پێودانگی دروستی خۆی، لێرەوەیە ژاوەژاو و هاتوهاواری زۆرینە و زمانخۆشی و زمانلووسی جێگەی لۆژیکی عەقڵانی دەگرێتەوە.

3-هەقیقەت و دۆکسا لەنێوان دیالێکتیکا و ڕیتۆریکادا

یەکێکی تر لەو پرسانەی لەفەلسەفەدا کێشەی لەسەرە و، ئارێنتیش لە پرۆژە هزرییەکەی خۆی شوێنێکی تایبەتی بۆ دیاری کردووە، میکانیزمی گەیاندنی هەقیقەت و بۆچوونە لەنێوان دیالێکتیک و ڕیتۆریکدا و هەر دووکیشیانە پەیوەندیان بە مێژووی فەلسەفەی یۆنانەوە هەیە کە پەیوەستە بە پرسی ڕازیکردنی بەرانبەر لەڕێگای ئەرگۆمێنت و زمانەوە.

ئارێنت پێی وایە سوکرات یەکەم کەس بوو چەمکی دیالێکتیکی بەکار هێناوە بە مانای تاوتوێکردنی پرسێك لەگەڵ کەسێك بەشێوەیەکی سیستەماتیك، بەڵام لەدیدی ئەو هیچ کاتێك ئەوەی وەك پێچەوانەی ڕازیکردن و ڕا Doxa بەکار نەهێناوە. (أرنت، ٢٠١٨، ٦٠) دۆکسا لەبنەڕەتدا بەمانای "پێم وایە، وای بۆدەچم" بەمانای تێگەیشتنە لە جیهان وەك ئەوەی بەروومدا دەکرێتەوەیە Dokei moi نەك هەر وەك ئەرستۆ دەڵێت بەمانای ئەگەر eikos واتە نیمچە هەقیقەت Verisimilia ئەوەی لە تاکە هەقیقەت Unum verum و هەڵەی بێکۆتایی Falsa infintia جیا دەکرێتەوە. (أرنت، هەمان سەرچاوە، ٦١)

لەبەرانبەردا، ئەفلاتون «دیالێکتیک بە بەرزترین مەعریفە دەزانێت کە چەمکەکان بەوردی لێکجیا دەکاتەوە و تەنیا بەو کەسانە دەکرێت کە لە ڕێگای ڕاست خەریکی فەلسەفەن» (افلاطون، سوفسطائی، ١٣٨٠، ١٣٤٦-١٣٤٧). ئەمەش بەهێزترین ئەرگۆمێنتی ئارێنتە دژی ئەفلاتون کە بەرهەمهێنانی هەقیقەت لە واقعی ژیان و جیهانی تاکەکان دادەبڕێت. (أرنت، ٢٠١٨، ٥٩) واتە ڕازیکردن Peithein*[6] کە تایبەتە بە خەڵك دەکەوێتە بەرانبەر دیالێکتیك کە تایبەتە بە فەیلەسوفەکان. لە دیدی ئەفلاتونیش کێشەی گەورەی سوکرات هەر ئەوە بوو لەڕێگای دیالێکتیکەوە دەیەویست داکۆکی لەخۆی بکات لەبەرانبەر دادوەرەکان، لەکاتێکدا ئەوان بەهۆی هونەری ڕازیکردن قسەیان لەگەڵ دەکرد. ئەمەش وایکرد سوکرات کە تاوتوێی چەمکە جەوهەرییەکانی دەکرد، وەک "بەختەوەری" و "یاسا" و "دادپەروەری" دابەزێت بۆ ئاستی تەنیا ڕایەک کە دەبێت خەڵک حوکمی لەسەر بدات.

*[6] پیسۆ: خواوەندی ڕازیکردن و ئیقناع لە ئەفسانەی یۆنانیدا.

بەکورتی، سوکرات کە هەڵگری هەقیقەت بوو لەم دادگایە، بۆچوونی ئەویش ڕایەك بوو لە تەنیشت هەموو ڕاکانی تر نەك هەقیقەت. ئەفلاتون ئەمە پەسند ناکات و لای ئەو هەقیقەت ئەگەر لە حاڵەتێکدا بەڕاستی دەستنیشان بکرێت، ئەوا لە حاڵەتەکانی تریشدا هەر ئەو دەبێت و ناگۆڕێت. (افلاطون، مرد سیاسی، ١٣٨٠، ١٤٩٣) ئەم تێگەیشتنە وردەی ئەفلاتون بنەڕەتی ئەو شتەیە ئێستا پێی دەوترێت "زانستی مۆدێرن" کە پشت بە سەلماندن و کەوتنە دەرەوەی هەندێ بگۆڕی وەک ناسنامە و حەز و لایەنگری دەبەستێت، هەربۆیە لەگەڵ دۆزینەوەی ڕاستبوونی، پێویستە بگۆڕەکان دەستکاری بکرێن نەک هەقیقەت. ئەوە ڕاستە کە ئەمە لە ئاستی پەیوەندیی ڕۆژانەی مرۆییدا وەک ئاستی زانستی پەتی نییە، بەڵام تەنیا شتێک کە دەتوانێت هەقیقەت ڕابگرێت، زەمەنی قبووڵکردنی هەقیقەتە. بۆ نموونە، کاتی خایاند تا خەڵک زانیی هەقیقەت ئەوەیە ڕەگەزپەرستی بێبنەمایە، یان کچ و کوڕ لە جەوهەردا دەتوانن وەک یەک بخوێنن و کار بکەن و بژین. لێرەدا گرنگی و جیاوازی دیالێکتیکا و ڕیتۆریکا بەدیار دەکەوێت کە ڕاستە هەر دووکیان لەڕێگەی ئامرازی زمانەوە بە ئەنجام دەگات. هاوکات ئەرستۆ دەڵێت: «هونەری ڕیتۆریک Rêtorikê پێچەوانەی هونەری دیالێکتیکە Dialektikê و هەردووکیان بوونیان هەیە لەپێناو ڕازیکردندا». (ارسطوطالس، ١٩٧٩، ٣) لە فەلسەفەی ئەودا ڕیتۆریکا هێزێکە ئەرکی ڕازیکردنی مومکینە لە یەک بە یەکی بوارەکاندا، و دەشێت ڕیتۆریکا ئاوێتەیەک بێت لە دیالێکتیک و سناعەی ئەخلاقی کە شایستەیە پێی بوترێت پۆلیتێ (واتە سیاسەت) (هەمان، ٩-١٠). کەواتە، دیالێکتیک پەیژەیەک دروست دەکات ڕوو بە سەرەوە کە بۆچوونەکان تێیدا جێگیر دەبن و دەبن بە بنەما بۆ بۆچوونی دوای خۆیان و دواجار دەگات بە شوێنێکی کۆتایی کە زمان و واقیع هاوجووت دەبن و هەقیقەت خۆی لە دانە دانەی بۆچوونەکان دادەبڕێت. بەڵام ڕیتۆریکا بە ئاستی ڕاستەهێڵی دەڕوات پێش، ڕاستە پاراو و خۆش دەردەکەوێ، بەڵام بەرەو بێکۆتایی و ڕاڤیی هەمیشەیی درێژ دەبێتەوە. ئەمەش لە شیکردنەوەی دینی و مەزهەبیدا بەروونی بەرچاو دەکەوێت.

ئارێنت جیاوازیی گەورەی سوکرات و ئەفلاتون لەوەدا دەبینێت کە سوکرات نایەوێت هاووڵاتی فێر بکات، بەڵکوو دەیەوێت بۆچوونەکانیان باش بکات و، ئەمە لە دیدی ئارینت پەیامێکی سیاسی هەیە و پەیوەستە بە شێوازی ژیانی سیاسی و بەشداریکردن تێیدا و لەسەر بنەمای یەکسانی

له دانوستان دامەزراوە و، هەربۆیە گفتوگۆ لە خودی خۆیدا ئامانجە نەك دەرەنجامەکانی گفتوگۆ. ئەوەی لێرەدا ئارێنت فەرامۆشی کردووە ئەوەیە سوکرات چۆن دەزانێت ڕای هاووڵاتیان گرفت و کەموکوڕی تێدایە و پێویستی بە چاککردن هەیە، ئەگەر پێوەرێکی نەبێ کە هەمان نەگۆڕیی هەقیقەتە، ئەوە جگە لەوەی ڕاستە گفتوگۆ سیفەتێکی کۆمەڵایەتی و سروشتیی مرۆڤە، بەڵام گفتوگۆی بێئەنجام نەک هەر سیاسەت نییە، بەڵکوو دابڕانە لە واقیع و دیماگۆجیەت بەهێز دەکات.

تێگەیشتنی سوکرات بۆ هەقیقەت بەم جۆرەیە: ناتوانین لە هەقیقەت تێبگەین تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە لەلای من دەردەکەوێت و هەقیقەتی ڕەها ئەوەیە هەمیشە خودی شتێك بۆ هەموو خەڵك دەربکەوێت و دەبێت زۆرترین ژمارەی گوتار Logoi بە ڕادەی ژمارەی خەڵك بوونی هەبێت و، هەموو ئەم گوتارانە بەیەکەوە جیهانی مرۆیی پێك دێنن. (أرنت، ٢٠١٨، ٦٦-٦٧) بەڵام دەرکەوتنی هەقیقەت بەو فۆڕمەی ئارێنت داکۆکیی لێ دەکات پەیوەندی بە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاستی هۆشیاری و گۆشەنیگا زۆرەکانەوە هەیە کە ئەستەمە لە کۆیی خۆیدا لە یەک هەقیقەتی هاوبەشدا کۆبکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر هەر دوو سیفەتی "بیر" و "کردە"ی مرۆڤیش لە ئاستێکی باڵادا بێت. ئەمەش نیشانەی دروستی (صدق) گوتارییە کە پایەی سەرەکیی پەیوەندیی ڕاستگۆیانەی نێوان خودە لەگەڵ ئەوانی تر، بێ ئەمە پەیوەندی نێوانمرۆیی توشی شێوان و بەدحاڵیبوون دەبێت.

ئاگایی سەبارەت بەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی بیرکەرەوە و بکەرە لە یەك کاتدا، واتە کەسێك بیر و کردەوەکانی بە شێوەیەکی نەگۆڕ هاوجووتە و گریمانەی سەرەکی لەسەر بیر دادەمەزرێت نەك کردە، چونکە گفتوگۆی دوو کەس لە یەك کاتدا (واتە قسەکردنی مرۆڤ لەگەڵ خۆی eme ema-tutô) تەنیا لە بیردا ڕوو دەدات، ئەمەش دۆزینەوەیەکی سوکراتییە بۆ ویژدان و زەمیری ناخودئاگای مرۆڤ کە وای لێدەکات هەم لەگەڵ خۆی ڕاست بێت، هەمیش لەگەڵ ئەوانی تر. سوکرات دەڵێت «ئەگەر هەموو خەڵکی سەر زەوی لەگەڵم بەشەڕ بێن چاکترە لام لەوەی لەگەڵ خۆمدا تەبا نەبم». (افلاطون، گرگیاس، ١٣٨٠، ٢٩٥) هەرچەندە لە دیدی سوکرات مرۆڤ بوونەوەرێکی عەقڵمەند نییە، بەڵکوو بیرکەرەوەیە، بیرکردنەوەش لە هەناوی شێوازی گوتارەکەیدا خۆی نمایان دەکات، هەر بۆیە لە یەکێتیی نێوان گوتار و بیر، لۆگۆس Logos دروست دەبێت. (أرنت، ٢٠١٨، ٧٢)

لە ڕوانگەی ئارێنتیش جیاوازی هەیە لەنێوان مرۆڤی قاڵبووی نێو ژیانی ڕۆژانە (کات) و ژیانی مرۆڤی بیرکەرەوە. یەکەمیان لەناو تەوژمی زەمەندایە و ڕایدەکێشێت، بەڵام کاتێ بیر دەکەمەوە ئایا لەناو زەمەن دام؟ لەکوێم؟ پەیوەندیی مرۆڤ بە زەمەنەوە لەگەڵ بیرلێکردنەوە گۆڕانی بەسەردا دێت. منی بیرکەرەوە شوێنێك یان کەلێنێك دەدۆزێتەوە لە ئێستادا کە دەکەوێتە نێوان ڕابردوو و ئایندە. (فائزي، ٢٠١٧، ٢٧٧-٢٧٨) بەگشتی "قسە" و "کردە" وەک هەر دوو چەمکی سەرەکی کە گفتوگۆ و چالاکی بەرەنجامەکەیەتی، ڕاستە بەشێکی گرنگی بونیادی جیهانی نێوانخودی Inter-subjectivity پێکدێنێت، بەڵام ئەوە لە کاتێکدایە جۆرێک لە هارمۆنی و یەکانگیری لە ناویاندا هەبێت و وێنەیەکی گەورە دروست بکات کە هەمان "ئایدیا" یان پێوەرە جەوهەرییەکانن. کەواتە، "ڕا" پەرت و بڵاو و دژبەرەکان و "پێموایە"ی هاووڵاتیان ناتوانێ بەرز بێتەوە بۆ ئاستی هەقیقەت، هەر چەندە دەشێت بەشەکانی پێک بێنێت، بە مەرجێک ویستی "زانین" هاندەری سەرەکی بێت نەک "باوەڕ" و حوکمی پێشوەختەی تاکەکەسی. تێگەیشتن لە نەخۆشییەکی وەک پەتای Covid 19 پەیوەندیی بە میزاج و باوەڕی هیچ تاقم و گرووپێک نییە، ڕاستی ئەوەیە کە تەنیا هەقیقەتی زانستی توانیی بە باشترین شێوە بیناسێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

بونیادی ترانسێندێنتاڵی هەقیقەت و بەجەماوەرییوونی دۆکسا

بەم جۆرە ئارێنت ئەم تێزەی ئەفلاتونیش بە بەشێکی بونیادی لە پرۆژەی سیاسییەکەی دەزانێت و، هەربۆیە دەیبەستێتەوە بە کێشەی نێوان فۆڕمە باڵاکان و هەقیقەتی ڕەها و دابەزاندنیەتی بۆسەر ڕەوشی مرۆیی؛ ئەفلاتون ناتوانێت "پێم وایە" و بۆچوونی هاووڵاتیان بە هاوتای ئایدیاکان لەقەڵەم بدات، دەبێت فەیلەسووف پێوەری بان ئەزموونی و ترانسێندێنتاڵی Transcendental خۆی بۆ هەقیقەت لە ڕای خەڵك جیا بکاتەوە، چونکە «هەقیقەت یان ئایدیاکان لە شتە بەرهەستەکان جودان و لەخودی خۆیاندا و بۆخۆیان هەن». (افلاطون، پارمیندس، ١٠٤٧) بەپێچەوانەوە، لای ئارێنت هەقیقەتی واقیعی هەمیشە پەیوەستە بە خەڵکەوە «تا ئەو کاتەی لەسەریان دەدوێین ئەوا بوونیان هەیە و تەنانەت ئەگەر ئەم قسەکردنە لە خەڵوەتیشدا ڕوو بدات». (أرندت، ٢٠١٥، ١٢ و، هانا، ١٣٩٨، ٣٤٣-٣٤٤) بەتایبەتی کاتێک باسی ئازایەتی و حیکایەتی بەرئاگردانی ژیانی ڕابردوو و ئێستای خۆیان دەگێڕنەوە، هەربۆیە دۆکسا واتە مەزنی و شانازی و پەیوەستە بە پانتایی

سیاسی و پانتایی گشتی، که تاك تێیدا دەردەکەوێت بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆی دەرببڕێت و دەبێ لەلایەن ئەوانی ترەوە ببینرێت و گوێی لێ بگیرێت و، ئەمەش جیای دەکاتەوە لە پانتایی تایبەت.

ئەگەر کەسێك بخوازێت دەربکەوێت، دەبێ لەناو ئەو جیهانەدا بێت کە بەرهەمی هاوبەشی هەموو مرۆڤەکانە و دەرفەتی پێدەدرێت بتوانێ گوزارشت لە خۆی بکات؛ هەربۆیە، لە ڕوانگەی ئارێنت، سوکرات دەگەڕا و قسەی لەگەڵ خەڵك دەکرد و ڕای دەگۆڕییەوە: «ئەوەی ئەفلاتون بە دیالێکتیك Dialegesthia ناوزەدی کردبوو سوکرات ناوی نابوو لەدایکبوون Maieutic، واتە هاوکاریکردنی ئەوانی تر بۆ لەدایکبوونی ئەوەی بیری لێدەکەنەوە بۆ ئەوەی هەقیقەت لە هەناوی بۆچوونی Doxa خۆیان بدۆزنەوە». (أرنت، ٢٠١٨، ٦٢) بەڵام لە فەلسەفەی سیاسیی ئەفلاتوندا، ئەوانەی هێشتا گرنگییەکی زۆر بە ڕا و بۆچوونی خەڵک دەدەن نیشانەی پێنەگەیشتوویە. (افلاطون، هەمان سەرچاوە، ١٥٤٨) هەربۆیە، ئارێنت بەراوردێك دەکات لەنێوان سۆفۆس Sophos پیاوی دانا یان حەکیم و فرۆنیمۆس Phronimos پیاوی پێگەیشتوو؛ ئەو پێی وایە حەکیم گرنگی بە پرسی دەرەوەی شار دەدات و چاکەی خەڵك Anthropina agatha ئەولەویەتی نییە، بەڵکوو شتە نەمر و نەگۆڕەکان بە گرنگ دەزانێت، لەبەرانبەردا، فرۆنیمۆس گرنگی بە بواری مرۆیی دەدات. (أرنت، ٢٠١٨، ٥٦)

ئارێنت ئەمەش دیسان بۆ خاڵێکی دژایەتیی نێوان شار و فەیلەسوف دەگەڕێنێتەوە؛ لە فەلسەفەی ئەفلاتوان کە وا لە فەلسەفە دەکات ببێت بە چالاکییەکی دەرەوەی شار، کە ڕەنگە هێندە ئەبستراکت و دوور لە واقع بێت کە لە شاردا جێگەی نەبێتەوە یان خەڵک دەرکی نەکەن، بەڵام ئەوە لای ئەفلاتون گرنگ نییە، چونکە پێی وایە «جەماوەری خەڵک هەرگیز مەعریفە و توانایی عەقڵانی نییە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، بەڵکوو تەنیا لای ژمارەیەکی کەم یان یەک کەسە» (افلاطون، مرد سیاسی، ١٥٢٠). ئارێنت پێی وایە ئەمەش لە پرسی دەسەڵات و کاروباری گشتیی شاردا نیشانەی پشتبەستنی ئەفلاتونە بە هێز و توندوتیژی "βία ڤیا" وەک شێوازی بێگانەکان، لە جیاتی ڕازیکردنی πείθειν یۆنانی (أرندت، ٢٠١٤، ١٤٣).

لە دیدی ئارێنت، هەم فەلسەفەی ئەفلاتون، هەمیش تیۆریی ئەرستۆ لە دژایەتیدایە لەگەڵ شار Polis کە خاوەن یاسای سەربەخۆیە، هەر چەندە هی ئەرستۆ دونیاییترە، لای ئەفلاتون مەعریفەی

پاشایەتی یان هونەری سیاسەت یان بەڕێوەبردنی ماڵ یەک شتن؛ ئەو زیاتر پشت بە کاری تیۆریی و بەسیرەت و ڕۆشنبینی و دەسەڵاتی ڕۆحی دەبەستێت نەک کاری جەستەیی و دروستکردن. (افلاطون، مرد سیاسی، ١٣٨٠، ١٤٦٨-١٤٧٩) لە هونەری ڕۆشنبینی بەشی فەرماندان یان حوکمدان جیا دەکرێتەوە و بەشێک لەم هونەرەش ناوی فەرماندانە بە سەربەخۆیی. بەڵام لە دیدی ئەرستۆ، سیاسەت ئامرازێکە بۆ ئامانجێك و خۆی لەخۆیدا ئامانج نییە و لەژێر سایەی فەلسەفە دایە کە خاوەن بنچینە و سەرەتایە، واتە ئارخێ Arche (ارسطو، ١٣٨٥، ٥٧). سیاسەت خاوەن بنچینەیەکی تایبەت بە خۆی نییە و تەنیا بەهۆی دۆخێکی سەرەکیی پێش سیاسی و لەپێناو پێداویستی بایۆلۆژی سەرهەڵدەدات و پەیوەستە بە مانەوەی خەڵك لەدەوری یەکتر و بەردەوامبوونی ژیان. (أرنت، ٢٠١٨، ١٣٨-١٣٩) بەم جۆرە، سیاسەت دەبێتە کارێکی لاوەکی تایبەت بە بواری ئاست نزمی مرۆیی و جەماوەری خەڵك. گرفتی ئارێنت ئەوەیە هەم سیاسەت وەک جەوهەرێکی مرۆیی کە لە ناو بیر و کردەدایە ڕەد دەکاتەوە، هەمیش کردە و وتە دەکاتەوە بە کرۆکی سیاسەت لە پەیوەندی و فرەییدا، بەڵام هاوکات پلەدووبوونی سیاسەت لە فەلسەفەی سیاسیی ئەفلاتون و ئەرستۆ وەک دژایەتی و کەمبایەخکردنی ئەم بوارە هەستیارە و لەسیاسەتخستن لێکدەداتەوە. ئەوە لە کاتێک دایە ئەم دوو فەیلەسووفە بە تایبەتی ئەفلاتون بەسیرەت و تیۆری کە هەمان هەمەکی بینینە بە جەوهەری سیاسەت دەزانێت و ئەرستۆش ئارخێ Arche یان فەرمانڕەوایی بە کرۆکی سیاسەت دادەنێت. تیۆری کە پەیوەندی بە ڕەزامەندیی زۆرترین ژمارەوە نییە و هونەری بەسیرەتی حوکمیش بە پێوەری جەماوەری چوارچێوەکانی دیاری ناکرێت، هەربۆیە لێرەوەیە ئەفلاتون دیدگای بۆ بۆچوون Doxa لەلایەك و هەقیقەتی ئەبەدی لەلایەکی تر دیاری دەکات، بەجۆرێك دەگاتە ئەو بڕوایەی هەقیقەتی ئەبەدی لەڕێگای ڕازیکردن بەدەست نایەت، بەڵکوو دەکەوێتە دەرەوەی گفتوگۆ و قسەی هاووڵاتیان. کەواتە، ئەفلاتون تەنیا کۆمەڵگایەک بە خاوەنی سیستەمی سیاسیی ڕاستەقینە دەزانێت کە ئەو کەسانەی حوکمیان بەسەردا دەکەن خاوەن مەعریفەیەکی ڕاستەقینە بن، نەک مەعریفەی بۆچوون و، ئیدی هیچ جیاوازییەکی نییە کە لەڕووی یاساوە حوکم بکەن یان بەبێ یاسا و بەپێی حەزی خەڵک فەرمانڕەوایی بکەن یان بە پێچەوانەوە، دەوڵەمەند بن یان هەژار، چونکە هیچ کام لەم هۆکارانە مەرجی سەرەکیی ڕاستیی حکوومەت نین. ئەمەش واتە

دژایەتیی ئەکادیمیا وەک دەزگای ئازادی ژمارەیەکی کەم لە نوخبە و هەقیقەتی نەگۆڕ کە لەڕێگای دیالێکتیکەوە بەدەست دێت، لەبەرانبەر جیهانی بۆچوونی درۆ و گوتاری هەڵخەڵەتێنەرانە کە بەرهەمی ڕیتۆریکایە. لە دیدی ئارێنت، بۆ ئەوەی جیهانی هەقیقەت و گوتاری تەبا لەگەڵ واقیع بێتە دی، دەبێ زانستی دیالێکتیک دژی هونەری گوتاربێژی و ڕیتۆریکا بوەستێتەوە و، ئەمەش واتە وازهێنان لە "پۆلیس" بۆ "پۆلیتیا Politeuo" و دواجار خەمساردی و بێباکی لەهەمبەر سیاسەت. (آرنت، هەمان سەرچاوە، ٨٣. هەروەها: أرندت، ٢٠١٥، ٥٥)

لە کۆتاییدا، ئارێنت پێی وایە ئەم تێگەیشتنەی ئەفلاتون بۆ شار و سیستەمی سیاسی زەمینەیەکی لەبار دەڕەخسێنێت بۆ سەرهەڵدانی هزری مەسیحی کە بەتەوای دژی سیاسەت و پانتایی گشتی هاووڵاتیانە و، دەسەڵات دەبێت بە هونەرێک کە پشت بە هێزێکی مەعریفی-ڕۆحی دەبەستێت. ئەفلاتون ئەم پرەنسیپەی پرۆتاگۆراس ڕەد دەکاتەوە کە مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکی مرۆییە، یان هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ بەکاریان دێنێت و ئەو پێی وایە پێوەری هەموو شتێکی مرۆیی Theos یەزدانە. (أرنت، ٢٠١٨، ٧٢-٧١) هەربۆیە، ئارێنت پێی وایە تیۆرییا و ڕامان دوو وشە بوون کە مانایان بە ئەزەلییەت دەبەخشی و لەگەڵ هاتنی مەسیحییەتیش، هەوڵێکدانی مرۆڤ بۆ نەمری لەسەر زەوی بە ناپێویست و زووتێپەڕ لەقەڵەم دەدرا و، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژیانی سیاسی بکەوێتە ژێر ڕکێفی ڕامان و تەئەمول. (أرندت، ٢٠١٥، ٣٨-٤٢) لە دیدی ئۆگستین، «حیکمەتی کردەیی باسی بەڕێوەبردنی ژیان، واتە ڕێکخستنی ڕەفتار دەکات و حیکمەتی تیۆریی پەیوەستە بە هەقیقەتی پەتی و هۆکارە سروشتییەکان». (آگوستین،١٣٩١، ٣٢٨) لە ڕوانگەی ئارێنت، باڵادەستیی دیاری "ڕامان" (التأمل) بەسەر سەرجەم چالاکییەکانی تردا و لە نێویشیاندا "کردە" لە بنەڕەتدا بیرۆکەیەکی مەسیحی نییە، بەڵکوو لە فەلسەفەی سیاسی و ڕێکخستنی یۆتۆپی شاری ئەفلاتوندا دەیدۆزینەوە. دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان ئەفلاتون و مەسیحییەت شیاوی تێڕامانە، چونکە ڕاستە بەشێکی گرنگ و هەستیاری مەسیحییەتی سەدەکانی ناوەڕاست بەتایبەتی لای قدیس ئۆگستین و تۆماس ئەکویناس لەژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەفلاتون و ئەرستۆدایە، بەڵام بە جۆرێک پاساو بۆ هێڵە گشتییەکانی دێنێتەوە کە لە کرۆکدا دژی فەلسەفەی ئەم دووانەیە. ئارێنت جەخت لەوە دەکاتەوە مەسیحییەت کە دەیەویست خۆی لە خەم و ئازاری بواری دونیایی ڕزگار

بکات، ئەم تێگەیشتنەی پەرە پێدا و "ناسیاسی بوون"ی فەلسەفەی سەردەمی کلاسیک بەتایبەتی ئەفلاتونی کردە ڕێبازی خۆی (أرندت، ٢٠١٥، ٥٣). بە ناو مێژووی هزری ئەورووپیدا شۆڕ دەبێتەوە و تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا دەبێت بە فەلسەفەی باڵادەستی مەسیحییەت و دژایەتیی بواری گشتی دەبێت بە ئاراستەی زاڵ. بەڵام ئەم ئاراستەیە هەم دژی دیالێکتیکای ئەفلاتون و هەم دژی لۆژیکی ئەرستۆیە.

ترتولیان Tertullian (١٥٥-٢٢٠)، کە یەکێکە لە تیۆلۆگە بەراییەکانی مەسیحییەت، دەڵێت: «بۆ ئێمەی مەسیحی هیچ شتێک لە بواری گشتی سەیرتر نییە» (هەمان سەرچاوە، ل ٩٥)؛ ئاماژە بەوە دەکات ئەسینا چی داوە لە ئۆرشەلیم، ئەکادیمیا چ پەیوەندییەکی بە کەنیسەوە هەیە، چ ڕایەڵەیەک هەیە لەنێوان بیدعەچی و مەسیحییەکان؟ ئێمە پەروەردەی خۆمان لە "ڕەواقی سلێمان"*[7] وەردەگرین، ئەو سلێمانەی دەیوت دەبێ بە دڵێکی سادە بە دوای خودادا بگەڕێین، بڕووخێت هەر هەوڵێک بۆ دروستکردنی مەسیحییەتێک کە بۆنی ڕەواقییەت یان ئەفلاتونییەت و دیالێکتیکی لێ دێت. (آگستین،١٣٩١، ١٣) ئەمەش بە ئاشکرا ئاراستەی دژە سیاسیی مەسیحییەت پێشان دەدات و، تەنانەت چەمکی خێر و چاکەش لە فەزای گشتی دەردەچێت و دەبێت بە شتێکی نهێنی، هەر وەک دەوترێت بە جۆرێک خێر بکە کە ئەم دەستەت بەو دەستەت نەزانێت. پۆڵس بە مەسیحییەکان دەڵێت: ئاگاداری خۆتان بن کەس نەتانکات بە نێچیری فەلسەفە و غروری بەتاڵ و کارکردن بە نەریتی خەڵک و بنچینە دونیاییەکان، ئەوانەی لەگەڵ مەسیح ناگونجێن. (نامە بۆ کۆلسیانەکان، عهد جدید، ٢:٨، ٢٩٩) کەواتە، ئەگەر "ڕامان"ی ئەفلاتون و "نوس"ی ئەرستۆ لە هزری مەسیحییدا جێگەی بایەخ بووبێت، لەپێناو گەیشتن بە هەقیقەتی پەتی و چەمکە ئەبەدییەکانی ناو ژیانی سیاسی نەبووە، بەڵکوو لەڕاستیدا لەپێناو بەجەماوەریکردنی هزرێک بووە کە لەجیاتی سەلماندنی تیۆری-عەقڵی پشتی بە ڕەزامەندیی باوەڕدارانە بەستووە.

بەم جۆرە، لەسەر هزری مەسیحیدا قدیس ئۆگستین دەبێ بە ئەفلاتونی نوێ و تۆماس ئەکویناسیش دەبێت بە ئەرستۆی نوێ و، ئەمەش لە شاری خودایی Civitas dei و شاری زەوی Civitas terRena

*[7] شوێنی کۆبوونەوەی پێغەمبەرەکان لە پەرستگای سلێمان (کردەی رەسوڵان ١٢:٥)

و لەژێر کاریگەریی دوالیزمی ئەفلاتونی ژیانی ئەشکەوت و کاروباری مرۆیی و ژیانی ژێر ڕووناکی هەقیقەتی تایبەت بە ئایدیا یان ژیانی کار Vita activia و ژیانی تێرامانی Vita contempla و ڕوانگەی ئەرستۆ بۆ ئاژەڵی سیاسی Bios politikos ئاست نزم و ئاژەڵی بیر Bios theôrêtikos دەردەکەوێت (بڕوانە: Taminiaux, 1996 215-232). یان هەر وەک ئۆگستین پێی وابوو شاری زەوی بە خۆی دەنازێت و شاری ئاسمان بە خودا؛ شاری زەوی شکۆمەندی خۆی لە خەڵک دەخوازێت و شاری ئاسمان مەزنترین شکۆمەندی خۆی لە خوایەکدا دەدۆزێتەوە کە گەواهیدەری ویژدانی ئێمەیە. (ئاگوستین، ١٣٩١، ٦١٧) ڕاگرتنی ئەم دوالیزمە لەبەرانبەر یەکتر و زاڵبوونی ئاسمان و ئایدیا و ڕامان و ئاژەڵی بیر بەسەر زەوی و کار و ئاژەڵی سیاسیدا، بەتایبەتی لە قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا نیشانەی پووچەڵبوونی یەکەم و گەوهەرییوونی دووەم نییە، بەڵکوو پەیوەندی بەو دابڕانەوە هەیە کە لەنێوان ئەم دووانەدا دروست دەکرێت و دەبێتە هۆی دروستکردنی کەلێن لە هەناوی واقیعدا. هەر بۆیە بۆ نموونە، لە دیدی هیگڵ مەسیحییەت خۆی لە جیهانی سروشتی و کۆمەڵگا و دەوڵەت دادەبڕێت و بەسەر خۆیدا دادەخرێت؛ مەسیحی ئامانجێکی باڵا دەگرێتە بەر کە بریتییە لە ڕزگارکردنی ڕۆحە نەمرەکەی و خۆی بە دوور دەگرێت لە هەموو جۆرە کارلێکێکی چالاک لەگەڵ ئەوی تر و خەمسارده بەرانبەر بە چالاکیی کۆمەڵایەتی و سیاسی. (کوجیف، ٢٠١٧، ١٥٥) بەم جۆرە، «مرۆڤی سیاسی Homo politicus بوو بە دژبەری مرۆڤی ئیماندار Homo credeus لە بیروباوەڕی مەسیحییەتدا». (هیلد، ٢٠٠٦، ٧٠) کەواتە، ئەو "هەقیقەتەی" ئەفلاتون وەک جەوهەر دەیبینی و لەڕێگەی تیۆرییەوە وەدەست دەهات، ئەمڕۆ لە زانستدا بەجۆرێک پەرەی سەندووە کە هەر وەک ئەو جەختی لێ دەکردەوە بۆ هەموو کات و شوێنێک گونجاوە، لەبەرانبەر، "ڕا یان دۆکسا"دا کە ئێستا بووە بە سیمای دیاری ژیانی مەجازی و سۆشیال میدیا کە لەجیاتی بەرهەمهێنانی عەقڵانییەت بەرەو ورێنە دەڕوات.

کۆتایی

ئارێنت پێناسەی ڕا یان دۆکسا پەیوەست دەکات بە ئاگۆرا Agora یان پانتایی گشتی کە شوێنی کردە و وتەی ئازادی هاووڵاتیان بووە و هاومانای سیاسەتیش Politique بووە لە سیاقی پۆلیس

Polis واتە دەوڵەتە-شاری یۆنانیدا و ئەمە دەخاتە بەرانبەر هەقیقەت لە هەناوی فەلسەفەی سیاسی، بەتایبەتی فەلسەفەی ئەفلاتوون کە بە داهێنانی بیرۆکەی فۆرم و ئایدیا و دروستکردنی خەڵوەتی بیرمەندەکان لە ئەکادیمیا دەناسرێتەوە. لە دیدی ئەو، ئەم گۆڕانکارییە بونیادییە، هزری سیاسی ڕۆژئاوای گۆڕیوە و نەرتێکی فەلسەفی هێناوەتە ئارا کە کاریگەری لەسەر کۆی مێژووی ڕۆژئاوا هەبووە و بووەتە هۆی دژایەتی ژیانی کارا و هێنانەئارای ژیانی ڕامانکارانە، هەر بۆیە بە مانای لەسیاسەت خستنە چونکە:

أ - ئایدیا ئەبەدییەکان دەبن بە سەرچاوەی پێوەری کردەی مرۆیی، بەڵام دەکەونە سەروو تێگەیشتنی مرۆڤی ئاسایی، فەلسەفە تەنیا لەڕێگای دەهشەت و سەرسوڕمان و لەڕێگای بەکارهێنانی میتۆدی دیالێکتیکەوە دەتوانن وێنای بکەن. ب - ئەمە دژی گفتوگۆ و ڕیتۆریکا و پەیوەندیی نێوان مرۆڤە ئاساییەکانە و دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک و قسەکردن لەسەر کێشەکانی لێک جیا بکاتەوە.

٢- ئارێنت باڵادەستیی تیۆری و فەلسەفە بە هۆکاری پاشەکشێی سیاسەت دەزانێ، بەڵام ئەوەی فەرامۆش کراوە ئەوەیە کە بواری سیاسەت وەک هەر بوارێکی دیکەی مرۆیی بۆ بەرەوپێشچوون، سەرەتا دەبێ وەک بۆچوونێکی تاقانە یان تیۆری لە هزری داهێنەراندا چەق ببەستێت و لەڕێگەی ئەرگۆمێنت یان مسداقییەتی واقعی کە هەمان هەقیقەتە خۆی بسەلمێنێت و، لێرەدا زۆریی بۆچوون ناتوانێت ڕاستبوون لەجیهاندا بسەلمێنێت.

جەختکردنی ئارێنت لەسەر ئاخاوتنی خەڵک لەسەر کارە مەزنەکان لەڕێگای ڕیتۆریکا و هونەری ڕازیکردنەوە (واتە نەریتی هۆمیرۆسی)، کە ڕەهەندێکی مرۆیی دەستەجەمعی هەیە، ناتوانێت ئەوە بسەلمێنێت یەکسانە بە هەقیقەت لە ئاستێکی هەمەکیدا، بەڵکوو نیشانەی بەکۆمەڵایەتیبوونی ساخلەمە و دەشێت هاوتای چیرۆکی بەرئاگردان و حیکایەتی زۆربەی کولتوور و شارستانییەتەکانی تر بێت کە مەرج نییە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕاستی، بەو جۆرەی کە فرەیی قسەکەرەکانی گوزارشت لە ئازادی فەزاکەی بکات و بکرێت بە میتۆدێکی جیهانی.

ئارێنت باڵادەستیی تیۆری و فەلسەفە بە هۆکاری پاشەکشێی فرەیی دەزانێ، بەڵام ئەوەی فەرامۆش کراوە ئەوەیە بواری گشتی کە هەمان شار و سیاسەتیشە، وەک هەر بوارێکی دیکەی مرۆیی بۆ بەرەوپێشچوون، سەرەتا دەبێ وەک بۆچوونێکی تاقانە یان تیۆری لە هزری داهێنەراندا چەق

ببەستێت و لەڕێگەی ئەرگۆمێنت یان مسداقییەتی واقعی کە هەمان هەقیقەتە خۆی بسەلمێنێت، لێرەدا زۆریی بۆچوون ناتوانێت ڕاستبوون لەجیهاندا بسەلمێنێت.

لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانی و لای ئەرستۆ، هەقیقەت واتە هاوجووتیی نێوان بیرکردنەوە و واقعییەت یان زەین و شتەکان یان زمان و واقعییەت یان وەک دەڵێت: «هەموو شتێک بەو ڕادەیە هەقیقەتی هەیە کە بوونی هەیە». (ارسطو، ١٣٨٤، ٤٨)[8]* ئەم پێناسەیە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پێناسەی قبووڵکراوی فەلسەفە بوو، هایدگەر ئەم تێگەیشتنە دەوڵەمەند دەکات و پێی وایە هەرگیز شتێکی زەینی و ناوەکی هاوجووت نابێت لەگەڵ ئەو شتەی کە لە دەرەوە ئامادەیی ماددی و بابەتی هەیە؛ هەربۆیە، ئەو هەقیقەت لە دەرکەوتن و دیاربوون و کەشفبووندا دەبینێ. (هیدگر، ١٣٨٦، ٣٨٣-٣٨٤) گادامێریش هەر لەسەر ڕێچکەی هایدگەر ڕای وایە هەقیقەت هیچ نییە جگە لە پێشهاتی مانا، یان ڕوودان، هەقیقەت دەرکەوتنە Aletheia ، کەشفی بەریەککەوتنی نێوان مێژوو و نەریتە و پرسیاری ئێستا و توانەوەی ئاسۆی مێژوو و توڕاسە، گفتوگۆی نێوان ڕابروو و ئێستایە. (غادامیر، ٢٠٠٧، ١٦) هەربۆیە، لای ئەو هەقیقەت بەپێی میتۆد نادۆزرێتەوە، بەڵکوو لەڕێگای دیالێکتیکەوە کەشف دەکرێت. (بوصالحیح، ٢٠٢٠، ٢٢١) چونکە لە میتۆددا ناسکار (الذات العارفة) جۆرێک لە باڵادەستی و کۆنترۆڵ و گەمەکردن دەسەپێنێت، بەڵام لە دیالێکتیکدا واز لەو بابەتە دەهێنێت کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە بۆ ئەوەی ئەو پرسیارە تایبەتییانەی خۆی بکات کە پێویستە وەڵام بدرێنەوە. (عادل، ٢٠٠٧، ٢٧٩-٢٨٠)

ئارێنت زاڵبوونی بیرۆکەی هەقیقەت لە ناو (فەلسەفە) و خەمساردی بەرانبەر بۆچوون یان دۆکسا لە (بواری سیاسی) بە نیشانەی لەسیاسەت خستن لەقەڵەم دەدات و جەخت دەکاتەوە کە هەقیقەتی مرۆیی جیاوازە لە هەقیقەتی زانستی، بەڵام ئەو خاڵە وەبەرچاو ناگیرێت کە خودی زانستیش خۆی بەشێکە لە ڕەوشی مرۆیی، کە سەرەڕای ئەوەی عەقڵی جەماوەر لە ئاست تێگەیشتنیدا کورت

---

[8]* «so that as each thing is in respect of being, so is it in respect, of truth».
Aristotle, The Basic Works of Aristotle, Edited and with an Introduction by Richard-McKeon, Random House with Oxford University Press, New York, 1941, (993b30) P. 713.

دەهێنێت و بە زمان ناتوانێ گوزارشتی لێ بکات، بەڵام پێی ڕازی دەبێت. لێ ئەرگۆمێنتی ئارێنت بەهێزە کە دابڕانی نێوان فەلسەفەی سیاسی و واقعی سیاسی دەبێت بە جۆرێک لە مۆنۆلۆگ. واتە زانستێک کە نەتوانێ لەسەر ڕەوشی سیاسی و ژیانی خەڵک کاریگەر بێت، ئەوا کۆپییەکانی بەرەو جۆرێک لە تێگەیشتنی نازانستی دەڕوات کە هاوجووتی لەنێوان دەستەواژە سیاسییەکان و بواری کۆمەڵایەتی نامێنێت، بەڵام ئەمە بەمانای بە جەماوەریکردنی فەلسەفە و زانستە.

هۆشیاری و پەروەردەکردنی خەڵک پێویستە ببێتە ئەولەویەتی بیرکردنەوە نەک تێخزاندنی بۆچوونی و دۆکسای حەشامات بۆ ناو زانست و فەلسەفە. کەواتە: أ. ئارێنت کار و کردەی مەزنی دەوێت، بەڵام دژی ئایدیا باڵاکانە و پێی وایە دابڕانی نێوان هزری سیاسی و واقیع بە کارەسات کۆتایی دێت. دژایەتیی ئارێنت بۆ ڕامان و تیۆری وەک بوارێکی تاقانەی زانستی لەجێی خۆیدا نییە و گفتوگۆی جەماوەری زۆر جار سەر لە بێ دەرەنجام دەردێنێت. ب. یەکێک لە جیاوازییەکانی کولتووری یۆنانی عەقڵی تیۆری بووە کە وای کردووە، پۆلیس ببێت بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ جیهان. ئارێنت ناتوانێت بەتەواوی ئەوە ڕەد بکاتەوە کە بەها باڵاکان کە هەمان ئایدیای بەرزن، هەموویان بەرهەمی گفتوگۆی پانتایی گشتی نین، بەڵکوو دەشێت بەرهەمی عەقڵی ناو ئەکادیمیا بێت.

ئەگەر ئاگۆرا وەک شوێنی نموونەیی و باڵایی دەرکەوتنی "ڕا" سەیر بکەین، نەک ئەو گەڕەلاوژێیەی کە ئاپۆرا لەناو پانتایی ژیانی ڕۆژانە و گەڕان بەدوای ئەوەی خۆیان بەڕاستی دەزانن، ئەوا دیسان دۆکسای ئاگۆرا نابێت بە بنەمای زانست. دۆکسا یان ڕا پەیوەندی بە "باوەڕ" و چوارچێوە لە قاڵبدڕاوەکانی بیرکردنەوەی تاکەوە هەیە، بەڵام هەقیقەت پەیوەستە بە "زانین" و هەوڵدان بۆ "ناسین"، هەر بۆیە دەشێت دۆکسا یان ڕا تەنیا لە چوارچێوەی تێگەیشتنی تاکدا مانای هەبێت و سەربکێشێت بۆ خوڕافە و دۆگما، بەڵام "زانین" کە بنەمای هەقیقەتە پێویستی بە گومان و دووبارە هەڵسەنگاندن و ئەرگۆمێنت هەیە کە دەبێتە بناغەی "زانستی پەتی".

سەرچاوەکان

بە زمانی عەرەبی:
ارسطوطالس (١٩٥٧) السیاسات، ت: الاب اوغسطینس برباره البولسی، اللجنة الدولیة لترجمة الروائع الانسانیة

(اونسكو) بيروت.

ارسطوطالس (١٩٧٩) الخطابة،حققه وعلق عليه: عبد الرحمن بدوي، الناشر وكالة المطبوعات و دار القلم، كويت و بيروت.

أرنت، حنة (٢٠١٨) في السياسة وعدا، ت: معز مديوني، منشورات الجمل، بيروت-بغداد.

أرنت، حنة (٢٠١٩) ما السياسة، ت: نادرة السنوسي، ابن النديم للنشر والتوزيع و دار الروافد الثقافية-ناشرون.

آرندت، حنا (٢٠١٥) الحقيقه والسياسة، ت: الحسين سبحان، مؤمنون بلا حدود للدراسات والابحاث، الرباط.

أرندت، حنة (٢٠١٤) بين الماضي والمستقبل: ستة بحوث في الفكر السياسي، ت: عبد الرحمن بشناق، جداول للنشر والترجمة والتوزيع، بيروت.

أرندت، حنة (٢٠١٥) الوضع البشري، ت: هادية العرقي، جداول ومؤمنون بلا حدود.

باري بي ، بأول (٢٠١٧) هوميروس، ت: محمد حامد درويش، مراجعة شيماء طه الريدي، مؤسسة هنداوي، سي آي سي، المملكة المتحدة، ٢٠١٧.

عادل، مصطفى (٢٠٠٧) فهم الفهم: مدخل الى هيرمنيوطيقا، رؤية للنشر والتوزيع، القاهرة.

كوجيف، الكساندر (٢٠١٧) مدخل لقراءة هيجل، ت: عبدالعزيز بومسهولي، رؤية للنشر ولتوزيع، القاهرة.

مكاوي، عبد الغفار (٢٠١٧) مدرسة الحكمة، مؤسسة هنداوي سي آي سي، المملكة المتحدة.

هيلد، ديفيد(٢٠٠٦) نماذج الديمقراطية، ت: فاضل جتكر، الجزء الاول، معهد الدراسات الاستراتيجية، بيروت-بغداد.

به زمانی فارسی:

ارسطو (١٣٥٨) سياست، ت: حميد عنايت، شركت سهامی كتابهای جيبی، چ٣، تهران.

ارسطو (١٣٨٤)، متافيزيک (مابعد الطبيعه)، ت: شرف الدين خ1راسانی، انتشارات حكمت، چ ٣، تهران.

ارسطو (١٣٨٥) اخلاق نيكوماخوس، ت: محمد رضا لطفی، طرح نو، چ ٢، ١٣٨٥، تهران.

آرنت، هانا (١٣٩٨) ميان گذشته و آينده: هشت تمرين در انديشه‌ی سياسی، ت: سعيد مقدم، نشر اختران، تهران.

افلاطون (١٣٨٠) (دوره‌ء آثار)، پارمیندس، ت: محمد حسن لطفی، جلد دوم، شركت سهامی انتشارات خوارزمی، چ ٣، تهران.

افلاطون (١٣٨٠) (دوره‌ء آثار)، تیمائوس، ت: محمد حسن لطفی، جلد سوم، شركت سهامی انتشارات خوارزمی، چ ٣، تهران.

افلاطون (١٣٨٠) (دوره‌ء آثار)، جمهوری، ت: محمد حسن لطفی، جلد دوم، شركت سهامی انتشارات خوارزمی، چ ٣، تهران.

افلاطون (١٣٨٠) (دوره‌ء آثار)، سوفسطائی، ت: محمد حسن لطفی، جلد دوم، شركت سهامی انتشارات خوارزمی، چ ٣، تهران.

افلاطون (١٣٨٠) (دوره‌ء آثار)، گرگیاس، ت: محمد حسن لطفی، جلد اول، شركت سهامی انتشارات خوارزمی، چ ٣، تهران.

افلاطون (١٣٨٠) (دوره‌ء آثار)، مرد سیاسی، ت: محمد حسن لطفی، جلد دوم، شركت سهامی انتشارات خوارزمی،

چ ٣، تهران.

آگوستين (١٣٩١)، شهر خدا، ت: حسين توفيقی، انتشارات دانشگاه اديان و مذاهب، تهران.

نوسباوم، مارتا (١٣٧٤) ارسطو، ت: عزت الله فولادوند، طرح نو، تهران.

به زمانی ئینگلیزی:

Aristotle, (1941) The Basic Works of Aristotle, Edited and with an Introduction by Richard McKeon, Random House with Oxford University Press, New York.

Jacques Taminiaux, (1996) Bios Politikos and Bios theorekos in the Phenomenology of Hannah Arndt, International journal of Philosophical Studies, Vol. 4, Issue 2.

Borren, Marieke, Amor Mundi (2010) Hannah Arendt's political phenomenology of world. Faculty of Humanities: University of Amsterdam.

Arendt Hannah (1961) The Human Condition, University of Chicago Press, Chicago.

Arendt, Hannah (2005) The Promise of Politics, edit., Jerome Kohen, Schocken Books, New York.

گۆڤار- به‌ عه‌ره‌بی:

فائزي، توفيق (٢٠١٧) التفكير والتذكر والزمن- مقارنة بين تصورين: فرجينيا وولف وحنا ارندت، مجلة يتفكرون، فصلية فكرية ثقافية، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات والابحاث، العدد العشر، ٢٠١٧، الرباط.

بوصالحيح، حمدان (٢٠٢٠) اشكالية المنهج والحقيقة بين هانز غادامير و بول فيرابند، مجلة آفاق العلوم، جامعة الجلفة، الجزائر، المجلد، ٥، العدد ٤.

به فارسی:

جمعه زاده، سيد جواد امام و تدين راد، علی (١٣٩٠)، بررسی "امر سياسی" در انديشه ارسطو و هانا آرنت و نقد جايگاه اين مفهوم در عصر حاضر، فصلنامه مطالعات سياسی، سال سوم، شماره ١٢، تابستان.

نجف پور، سار و تدين راد، علی (١٣٩٨)، نسبت سياست و فهم در منظومه‌ی فكری هانا آرنت، دو فصلنامه‌ی علمی دانش سياسی، سال پانزدهم، شماره دوم، پییز و تابستان ١٣٩٨.

لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

پێگەی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لە ستراتیجی سەربازیی ئەمریکادا

(بەشی یەکەم)

ئارام ناسیح

ماستەر لە زانستە سیاسییەکان

پێشەکی

سەرهەڵدانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە پەیوەندیی نێوان ویلایەتە یەگگرتووەکانی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان-عێراق. بۆ یەکەم جار بوو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی پانتاییەکی فراوان لە خاکی دوو وڵات داگیر بکات و بانگەشەی دامەزراندنی خیلافەت بکات و ببێت بە هەڕەشەیەکی جددی لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و جیهان.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی و هەڕەشەکانی خیلافەتەکەی داعش، ئەمریکا پەیڕەوی لە ستراتیجی نەبوونی سەرباز لەسەر زەوی (No boots on the ground) کرد، کە تێیدا لەجیاتی بەشداریکردنی هێزە زەمینییەکانی لە هێڵەکانی پێشەوەی جەنگ، جەختی کردە سەر هاوبەشە خۆجێیەکان (Local Partners) لە تێکشکاندن و بەرگرتن لە هەڕەشەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی. لە وەدیهێنانی ئەم ئامانجەشدا، پێشمەرگە بوو بە هاوبەشێکی متمانەپێکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی و، ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە بەگژداچوونەوەی ئەو مەترسییە بێ پێشینانەی لە خیلافەتەکەی داعشەوە سەرچاوەی دەگرت.

بوونی هێزی پێشمەرگە وەك هاوبەشێکی جێگەی متمانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەڵمەتی تێکشکاندنی خیلافەتەکەی داعش، وای کرد هەرێمی کوردستان وەك ئەکتەرێکی نادەوڵەتی ڕۆڵی گرنگ لە هاوکێشە ئاسایشییەکانی عێراق و تەنانەت هەندێك ئاستی هەرێمییش ببینێت. پشتبەستن بە هێزی پێشمەرگە ئەو وێنەیەی لە تێڕوانینی بەرپرسانی واشنتۆن بەهێزتر کرد کە دەکرێت وەك هاوبەشێکی خۆجێی و متمانەپێکراو، هاوکاری و پشتگیری بکرێت، تاکوو پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش بێت لە ناوچەکەدا.

لە لایەکی دیکەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم تەنیا خاڵی هاوبەشی نێوان کورد و ئەمریکا نییە، بەڵکوو چەندان بەهای (Values) هاوبەشی وەك پێکەوە ژیان، لێبوردەیی و فرەیی وایان کردووە کورد هاوبەشی ئەمریکا بێت لە ناوچەکەدا. مامەڵە کردن لەگەڵ کورد بەشێك بووە لە ستراتیجی ئیدارەکانی کۆشکی سپی، بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی داعش کە هەردوو سوپای عێراق و سووریا دوچاری شکستێکی گەورە بوون لەبەردەم پێشڕەوییەکانی ڕێکخراوەکەدا. لێرەوە بوونی پێشمەرگە وەك هێزی شەڕکەر لە مەیدان، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بردە قۆناغێکی پێشکەوتووترەوە.

بەشی یەکەم: ئادگاری نوێی تیرۆر و ستراتیجی سەربازیی ئەمریکا

ڕووداوەکانی یازدەی سێپتەمبەر گۆڕانێکی دراماتیکی بوو لە شێواز و ئامانجەکانی تیرۆریزم. بە ئامانجگرتنی سیمبول و شکۆی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی ویلایەتە یەکگرتووەکان، شۆکێکی گەورە بوو بۆ زلهێزێك کە بڕیاردەری یەکەمی دونیا بوو. ئەگەر تا ئەو کاتە تیرۆریزم هەڕەشەیەك بووبێت لە دەرەوەی سنوورەکان، بەڵام ئیتر مەترسییە لەسەر ئاسایش و بوونی ئەمریکییەکان سەرەڕای هەبوونی سیستەمێکی ئاسایشی بەهێز.

ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمی نوێ، وای لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد سەرلەنوێ ستراتیجی سەربازیی بەجۆرێکی جیاواز لەپێشتر دابڕێژێتەوە کە تەکەسی دەکردە سەر گەمارۆدان و بەرپەرچدانەوە، بەڵکوو هێرشبردن و لەناوبردنی سەرچاوەی هەڕەشەکان بوو بە ئامانجی سەرەکیی ستراتیجی نوێی سەربازیی ئەمریکا.

هێرش کردنە سەر هەردوو وڵاتی ئەفغانستان و عێراق و داگیرکردنیان لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، سنوورەکانی جەنگی تیرۆریزمی فراوانتر کرد. زەلکاوی جەنگە ناکۆتاکان، ئەمریکای دوچاری بەفیرۆچوونێکی ماددی و مرۆیی گەورە کردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پێگە و هەژموونی واشنتۆن لە ئاستی جیهاندا هەبوو.

باسی یەکەم: ڕۆڵی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە سیاسەتی زلهێزەکاندا

بەکارهێنانی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان لەلایەن زلهێزەکانەوە لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنەیە کە دەکرێت دەوڵەت بەبێ ئامادەیی خۆی لە ناوچەی ململانێ یا لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا، هێز یاخود گرووپی دیکە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی یان شەڕ بۆ بەدیهێنانی بکەن، وەك ئەوەی لە شەڕی بە وەکالەتدا (Proxy War) خۆی مانیفێست دەکات. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان ڕۆڵی گەورەیان هەیە بەتایبەت ڕێکخراوە ئایینیە توندڕەوەکانی وەك، ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین، حیزبوڵڵای لوبنانی، حوسییەکانی یەمەن... هتد. بە هۆی پەیوەندیی ئەم ئەکتەرە نادەوڵەتییانە بە دەوڵەتانی دیکەوە وای کردووە وەك ئامرازی

نوێی جێبەجێکردنی ئەجێندای ئەو وڵاتانە دەربکەون کە نوێنەرایەتییان دەکەن.[1]

لەبارەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگاری و مەترسییەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، هەردوو تیۆرسێنی نیوریالیزم، جۆن میرشایمەر(John Mearsheimer) و ستیڤن واڵت (Stephen Walt) پێیان وایە دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەرکەکە بۆ هێزە خۆجێییەکان جێ بهێڵێت، تاکوو مامەڵە لەگەڵ ئەم گرووپە بکەن. هەوڵەکانی خۆی تەنیا لە ڕێگەی دابینکردنی چەك، هاوکاریی هەواڵگری و ڕاهێنانی سەربازیی کورت بکاتەوە (وەك ئەوەی لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە و سووریای دیموکرات ئەنجامی دەدات.) داعش مەترسییەکی جددییە، بەڵام بۆ ئەمریکا کێشەیەکی بچووکە، تەنیا چارەسەر لە بۆ لەناوبردنی ئەو کێشەیە لە مەودای دووردا، دامەزراندنی دامودەزگای ناوچەیی تۆکمەیە، ئەمەش لە توانای ویلایەتە یەکگرتووەکان بەدەرە.[2]

میرشایمەر دەڵێت: "سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هۆکاری سەرەکیی بوونی کێشەی تیرۆرە لە وڵاتدا."[3] چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەڕێگەی دەستتێوەردانە سەربازییەکانی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە هۆی زیاتر بەهێزبوونی توانایی و دیسکۆرسی تیرۆر. بە باوەڕی میرشایمەر و واڵت، دوای جەنگی کەنداو پێویست بوو ئەمریکا لەو ناوچەیە بکشێتەوە و ڕێگە بدات عێراق و ئێران یەکتر هاوسەنگ بکەن. لەڕاستیدا، ئیدارەی سەرۆك کلینتۆن(Bill Clinton 1993-2001) سیاسەتی دەورەدانی دولایەنەی (Dual Containment) پەیڕەو کرد کە فۆکەسی دەکردە سەر مانەوەی هێزە زەمینی و ئاسمانییەکانی ئەمریکا لە سعودیە بۆ چاودێریکردنی عێراق و ئێران لە یەك کاتدا. بەڵام ئیدارەی سەرۆك بۆشی کوڕ ((George W. Bush 2001-2009 ستراتیجیی گۆڕانی هەرێمی (Regional Transformation) جێبەجێ کرد، کە بەرەنجامەکەی زیان و شکستێکی گەورە بوو بۆ ئەمریکا لە هەریەك لە ئەفغانستان و عێراق، چونکە ململانێکان

[1] لواء/ احمد یوسف محمد عبدالنبي: مصدر سبق ذکره، ص21.

[2] John J. Mearsheimer and Stephen M. Walt: The Case for Offshore Balancing. foreign affairs، July/August 2016. P82.

[3] احمد محمد ابو زید: مصدر سبق ذكره، ص28.

لەو ناوچانەدا زۆر ئاڵۆز و شایانی چارەسەر نین، بەتایبەت لەڕێگەی دەستتێوەردانی سەربازییەوە.[4]

هەنووکە ئێران لە ئیدارەدانی پەیوەندییە هەرێمییەکانیدا میلیشیا سەربازییەکان بە شێوەیەکی فراوان بەکار دەهێنێت، بە جۆرێك تەکەسی لەسەر بەهێزکردنی هەژموونی سەربازیی خۆیەتی لەڕێگەی ئەو ئەکتەرە نادەوڵەتییانەوە. میرشایمەر و واڵت پێیان وایە ئێران لەڕووی ژمارەی دانیشتووان و ئابوورییەوە لە دراوسێ عەرەبەکانی گەورەترە، ڕەنگە بتوانێت پێگەی دەوڵەتێکی هەژموونگەرا لە کەنداودا مسۆگەر بکات. ئەگەر بەم ئاڕاستەیە بەردەوام بێت لە کارکردن، ئەوا پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان هاوکاری هێزەکانی ناوچەکە بێت لە ڕاگرتنی هاوسەنگی دژ بە ئێران.[5]

زۆرێك لە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەڕووی سەربازییەوە بەڕادەیەك بەهێز بوون کە نزیك بوونەتەوە لەوەی ببن بە سوپایەك هاوشێوەی سوپای وڵاتان. لە پرۆسەی ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆڵی هەبوو لە بەهێزکردنی هەندێك لەو ئەکتەرە نادەوڵەتییانە بۆ ڕێگرتن لە پێشڕەوییەکانی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی. [6]هاوکاریکردن و پشتگیریکردنی پێشمەرگە لەلایەن ئەمریکاوە بەشێك بوو لەو ستراتیجەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پشتبەستن بە هێزە ناوچەییەکان لە بەدیهێنانی ئامانجەکاندا.

باسی دووەم: یازدەی سێپتەمبەر، ئیشکالییەتی زلهێزی ئەمریکی و وەرچەرخان لە سروشتی جەنگ

سێشەممەی ڕەش، ڕۆژێکی ترسناکە لە مێژووی ئەمریکا کە تێیدا ئیمپراتۆرییەتێکی گەورە و بڕیار بەدەستی دونیا لە مێژووی هاوچەرخی خۆیدا گەورەترین گورز دەخوات، گورزێك بۆ ئەمریکییەکان بوو بە سەرەتای دابەشکردنی مێژوو بۆ پێش 11 سێپتەمبەر و دوای ئەو ڕووداوە. هێرشکردنە سەر نیۆرك و واشنتۆن عەقڵی ستراتیجیی ئەمریکی خستە بەردەم تێفکرینێکی قووڵ لەهەمبەر ئەو ئاڵنگارییە بێ پێشینانەی لەسەر شکۆ و دەسەڵاتی ئەمریکی دروست بوو. وەك چۆمسکی(Avram Noam Chomsky)دەڵێت: "لە سەردەمی جەنگی 1812ەوە ، بۆ ویلایەتە

[4] John J. Mearsheimer and Stephen M. Walt. Ibid، p75.

[5] Ibid، p81.

[6] لواء/ احمد یوسف محمد عبدالنبي: مصدر سبق ذکره، ص23.

یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکەم جار بوو هێرش بکرێتە سەر خاکی نیشتمان، تەنانەت بکەوێتە دۆخێکەوە کە لەژێر هەڕەشە و گوشاردا بێت."[7] لێرەوە11 سێپتەمبەر ئاڕاستەی ڕووداوەکانی دونیای بە شێوەیەکی دراماتیکی گۆڕی و جیهان چووە ناو زەمەنی تیرۆرەوە.

ڕووداوەکانی 11 سێپتەمبەر وای لە دەستەبژێری (Elite) سیاسی و تەنانەت هاوڵاتی ئاسایی ئەمریکیش کرد تێڕوانینیان لەبارەی خۆیان و دونیای دەرەوەش گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەردا بێت. ئەو متمانە گەورەیەی بە بوونی سیستەمێکی ئاسایشیی و هەواڵگری تۆکمەی ئەوتۆ کە شایانی دزەتێکردن(اختراق) نییە و زۆر لەوە بەهێزترە هیچ هەڕەشەیەك بەناویدا تێپەڕێت و ببێت بە ڕووداو، دوچاری لەرزەیەکی گەورە هات. تیۆری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی لەسەر ئەو بنەمایە دانرا بوو هەرگیز ئیختیراق ناکرێت، بەڵام شکستی هێنا.[8] هێرش لە خاکی ئەمریکا بۆ سەر سیمبول و شکۆی دەسەڵات و ئابوورییەکەی، شۆکێکی گەورە بوو بۆ بڕیاربەدەستان و عەقڵی ستراتیجیی ئەمریکی، چونکە داماو بوون لە ئاست وەستاندنی ئەو بومەلەرزە گەورەیەی لە سیستەمی ئاسایشیی ئەمریکادا ڕووی دا.

دەستدرێژییەکانی 11 سێپتەمبەر گۆڕانێکی دراماتیکی بوو لە سروشتی ئەو ئاڵنگاری و هەڕەشە ئاسایشییانەی ئەمریکا لە مێژووی خۆیدا ڕووبەڕووی بووەتەوە. بۆ یەکەم جار بوو لەسەر خاکی ئەمریکا لوولەی تفەنگەکان ڕوویان لە ڕەمزی هەژموون و هێزی ئەمریکا بوو. چۆمسکی پێی وایە: "یازدەی سێپتەمبەر شێوازێکی نوێی جەنگە، چونکە ئێستا تفەنگەکان ڕوویان لە لایەکی دیکەیە. ئەمەش شتێکی تەواو نوێیە لە مێژووی ئەورووپا و ئەوانەیشی کە لێی جیا بوونەتەوە."[9] ئیتر دونیا وەك پانتاییەکی پڕ لەمەترسی بۆ ئەمریکییەکان وێنا دەکرێت، وەك جۆن میرشایمەر دەڵێت: "ئامانجی سەرەکیی دەسەڵاتی ئەمریکا بریتییە لە دابینکردنی ئاسایش بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

[7] نعوم تشومسکي: 9/11 من ایلول، الارهاب و الارهاب المضاد، ترجمة، ریم منصور الاطرش، درا الفکر، الطبعة الاولی، دمشق 2003، ص 2.

[8] الدکتور شمال حسین: القوة و السیاسة الخارجیة الامریکیة ما بعد 11 سیبمر 2001، مطبعة کنج، السلیمانیة 2017، ص169.

[9] نعوم تشومسکي: مصدر سبق ذکره،ص41.

لەجیهانێکی ترسناکدا."[10] ڕووداوەکانی 11 سێپتەمبەر کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بونیادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاراستەی گشتیی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەبوو.

داواکراوی یەکەم: 11 سێپتەمبەر، بەرجەستەکردنی قۆناغێکی نوێی تیرۆر

هێرشەکانی 11 سێپتەمبەر دەسپێکی شێوازێکی نوێ بوو لە تیرۆر کە تا ئەو کات ئەدگارە ڕاستەقینەکانی دەرنەکەوتبوون، بەڵکوو نەوەیەکی نوێی تیرۆر بوو جیاواز لەوەی تا ئەو چرکەساتە ناسرابوو. لە ڕابردوودا، کاری تیرۆریستی کردەیەکی سیمبولی(Symbolic act) بوو، دەلالەت، سەدا و ئامانجی دیاریکراو و قوربانی کەمتری هەبوو، بەڵام تیرۆری نوێ زۆر توندوتیژە، ئامانجی فرەوان و دیارینەکراوی هەیە، ئامرازی سەرەکیشی بریتییە لە کۆمەڵکوژی.[11] لە کاردانەوەی ئەو ڕووداوەدا سەرۆك جۆرج بۆشی کوڕ لە گوتارێکدا ڕایگەیاند: "ئەو تیرۆریستانە تەنیا لەپێناو سەندنەوەی ژیان لە کۆمەڵە کەسێك دەستیان بە کوشتن نەکردووە، بەڵکوو بۆ وێرانکردنی ستایلی ژیانە (Life-style). ئەمە جەنگی شارستانییەتە، جەنگی دونیای پێشکەوتووە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا."[12]

لە لایەکی دیکەوە، 11 سێپتەمبەر بوو بە سەرەتای ئەو گۆڕانکارییانەی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هاتە ئاراوە، بە جۆرێك تیرۆری نوێ بوو بە فۆڕمێکی باوی ململانێی چەکداری لە ئاستی دونیادا، بەڵکوو لە زۆرێك لە حاڵەتەکاندا بوو بە جێگرەوەی جەنگی کلاسیکی.[13] تیرۆر بوو بە مۆدێلێکی نوێی جەنگ، چۆمسکی پێی وایە هەڵبژاردنی قوربانییەکان لە ڕیزی بێتاوانەکاندا

[10] Amentahru Wahlrab: Realism، Security، and Democracy، A 'Sophisticated' Realist Critique of the War on Terrorism، Critique: a worldwide student journal of politics، spring 2003، p3.

[11] 4 خالد التزاني: تحولات الظاهرة الارهابية بعد احداث 11 سيبتمبر 2001، مجلة التطرف و الجماعات المسلحة، السنة2، العدد 3، ايار 2020، ص40.

[12] الدكتور شمال حسين: مصدر سبق ذكره،ص 206.
[13] خالد التزاني: نفس المصدر، ص39.

وای کردووە 11 سێپتەمبەر گرنگیی مێژوویی هەبێت.[14] ئەو گۆڕانکارییەی لە سروشتی جەنگیشدا هاتە ئاراوە، ماری کالڵدۆر (Mary Kaldor) پرۆفیسۆری زانکۆی London School of Economic بە جەنگی نوێ وەسفی دەکات، جەنگێك سنوورەکان تێدەپەڕێنێت و ئەکتەرە سەرەکییەکانیشی بریتین لە: گرووپەکان، ئەمیرەکانی جەنگ و پاشماوەی دەوڵەتە شکستخواردووەکان. ئەم شێوازە لە جەنگ، سەرکەوتنی سەربازی ئامانجەکەی نییە، بەڵکوو ئامانجی سەرەکی بریتییە لە تەعبیئەی سیاسی لەپێناو زیادکردنی ئەندام و هەژموونی بکەرەکانی.[15]

بوونی گرووپی تیرۆریستیی هاوشێوەی قاعیدە کە لە ڕووی ڕێکخستن و چالاکییەوە توانایەکی بەرزی خۆبەڕێوەبەریی هەیە، وای کرد هێرشەکانی سەر نیویۆرك و واشنتۆن وەك کردەیەکی نەوعی و بێ پێشینە دەربکەوێت، چونکە هێرشەکانی 11 سێپتەمبەر شێوازێکی نوێی تیرۆری بەرجەستە کرد، ترسناکتر لە جۆرەکانی دیکەی تیرۆری نێودەوڵەتی، ئەویش بوونی کۆ سیستەمێکی پشت بەخۆبەستوو بوو (منظومة مكتفية ذاتيا) کە بە هیچ دەوڵەتێکەوە پەیوەست نییە، بەڵکوو لەڕێگەی ئەنجامدانی تاوانەوە کە بووەتە هۆی گیان لەدەستدانی هەزاران کەس، دەستی بەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا گرتووە و تێیدا بووە بە ئەکتەرێکی نوێ.[16] ترسناکی ڕووداوەکە و دڵڕەقی بکەرەکانی میدیای ئەمریکیشی بەو ئاڕاستەیەدا برد ئەم شێوازە نوێیەی تیرۆر وەك مەترسی و ئاڵنگارییەکی گەورە بۆ سەر ئەمریکا وێنا بکەن، هەروەك ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز لە یەکێك لە سەروتارەکانیدا دەنووسێت: "بەربەرییەکان لە دەروازەکانن."[17]

داواکراوی دووەم: ڕق و کینە لە ئەمریکا وەك پاڵنەری تیرۆر

دژایەتیکردنی ئەمریکا ئەو دیسکۆرسە سیاسی و ئایینییە زۆرینەی ڕەوت و بزاوتە جیاوازەکانی ناو

[14] مصدر سبق ذكره، ص15.
[15] خالد التزاني: نفس المصدر،ص40.
[16] يفجيني بريماكوف: العالم بعد 11 سيبتمبر و غزو العراق، تعريب، عبدالله حسن، مكتبة العبيكان، الرياض، 2004، ص17.

[17] Ervand Abrahamian: The US media، Huntington and September 11، Third World Quarterly، Vol 24، No 3، carfax publishing 2003، p531.

دونیای ئیسلام لەگەڵ یەکتر کۆ دەکاتەوە. تەنانەت ڕق لە ئەمریکا و بەها شارستانییەکانی بووە بە خاڵی هاوبەشی گرووپە ئیسلامییە تیرۆریستەکان و ئەو نیگاکردنەی لە مێنتاڵەتی زۆرینەی موسڵماناندا بۆ ئەمریکا هەیە. وەك نووسەری دیاری ئەمریکی تۆماس فریدمان(Thomas Friedman) لەبارەی ئەنجامدەرانی هێرشەکانی 11 سێپتەمبەرەوە دەڵێت: "ئەو تیرۆریستانە هیچ داواکارییەکی سیاسیی دیاریکراویان نەبوو، چونکە پاڵنەری ڕاستەقینەیان بریتی بوو لە ڕقی موسڵمانان دژ بە شارستانییەتی ڕۆژئاوا."[18]

بوغز لە ئەمریکا و شارستانییەتی ڕۆژئاوا لە مێنتاڵەتی ئیسلامیدا ڕەگوڕیشەی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی دوورتر لە ڕووداوەکانی 11 سێپتەمبەر. سەید قوتب یەکێك لە ئایکۆنەکانی فیکری ئیخوانیزم زۆر بەڕوونی ئەو بوغزەی لەناو موسڵماناندا بەرانبەر ئەمریکا و شارستانییەتی ڕۆژئاوا هەیە بەرجەستە دەکات، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی لە ئێستادا ئەمریکا بە پلەی ئیمتیاز نوێنەرایەتیی شارستانییەتی ڕۆژئاوا دەکات. سەید دەنووسێت: "موسڵمانان، با کار بۆ ئەوە بکەین ڕق و کینە و ڕۆحی تۆڵەسەندنەوە لە ناخی ملیۆنان کەس و خوای خۆماندا بچێنین. با هەر لەمنداڵییەوە فێریان بکەین پیاوی سپی دوژمنی مرۆڤایەتییە. پێویستە هەلێکمان بۆ ڕەخسا، ئەو بوونەوەرە تارومار بکەین. با دڵنیاش بین لەوەی کە کۆلۆنیالیزمی ئەوروپایی سەروەختێك دەبینێت تووی ڕق و بوغز و تۆڵەسەندنەوە لە ناخی نەوەکانماندا دەچێنین، ترس دایدەگرێت و پەلوپۆی دەشکێت."[19]

ئەو توندوتیژییەی لە ڕووداوەکانی11 سێپتەمبەردا خۆی مانفێست دەکات بەرهەمی ئەو ڕقەیە بەدرێژایی چەندان دەیە عەقڵی ئایینی_سیاسی ناو جیهانی ئیسلامی کاری لەسەر بەهێزکردنی کردبوو. کاتێك سەید قوتب دەچێتە ئەمریکا و لە نزیکەوە بەر بەها شارستانی و مەدەنییەکانی ئەو ئیمپراتۆرییەیەتە دەکەوێت، گریمانەی ئەوە دەکات کە بەرخورد لەگەڵ ئەو بەهایانە (Values) دەبێت بە هۆی شۆکی کولتووری(Culture shock)، بەتایبەت تێکەڵاوبوونی هەردوو ڕەگەز لەگەڵ یەکتر بە سەرچاوەی گوناە و فیتنەیەکی گەورە دەزانێت. لێرەوە گریمانەکەی سەید قوتب دەبێت

[18] Ervand Abrahamian: Ibid, p532.

[19] شوان ئەحمەد: 10 ساڵ پاش 11 سێبتەمبەر، چاپخانەی ئاراس، هەولێر 2012، ل37.

بە پاڵنەری توندوتیژیی ئیسلامییەکان دژ بە ڕۆژئاوا.[20]

بوغز و کینە دژ بە ڕۆژئاوا و هەوڵدان بۆ دژایەتیکردن و پێکدادان لەگەڵیدا، وا لە بیرمەندێکی وەك سامویل هانتیگتۆن (Samuel P. Huntington 1927-2008) دەکات بگاتە ئەو بڕوایەی" بن لادن خۆی پەلەی دروستبوونی ئەو پێکدادانەی بوو، چونکە هیچ سەرسامییەکی نەبوو بە ئاستی پەروەردەی ڕفێنەرانی فڕۆکەکانەوە کە لەپشتیانەوە فەرهەنگی ڕق و کینە پاڵنەر بوو. ئەو بەو توندوتیژییەش شۆك نەبوو کە لەو خوێنڕشتنانەی لە وڵاتانی وەك کۆسۆڤۆ، بۆسنە، چیچان و کشمیر و قەوقازەوە سەرچاوەی دەگرت و پەیوەست بوون بە جەوهەری ئیسلامەوە. دابەشبوونەکانی ناو دونیای ئیسلام ئەرگومێنتەکەی بن لادنی بەهێزتر کرد کاتێك کێبڕکێی ناو جیهانی ئیسلامی لەسەر ئەوە بوو کێ زیاتر دوژمنی ڕۆژئاوایە."[21]

بە دیوێکی دیکەشدا، توندڕەویی ئیسلامی سوودی لەو فەزا ئازادە وەرگرت کە لە ئەمریکا بۆ هەر هاووڵاتییەك فەراهەم کراوە، وەك دکتۆر فواد عەجمی دەڵێت: "ئەو کەسانەی تەقینەوەکانی 11 سێپتەمبەریان ئەنجام دا، ئەوانە بوون لە ئاگرەسوورەی وڵاتی خۆیان ڕایان کردبوو، کەچی ئاگرەکەیان لەگەڵ خۆیاندا برد و ئەو وڵاتانەیان پێ سووتاند کە داڵدەیان دان و مافی پەنابەرییان پێ بەخشین و وەك مرۆڤ حورمەتیان گرتن."[22] ئەوان لەڕێگەی بەهرەمەندبوونیان لە ماف و ئازادییەکان دژ بەو بەهایانە وەستانەوە کە وەك مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ دەکردن.

ئەوەی دیموکراسییەت کەشێکی ڕەخساندووە تاکوو توندڕەویش لە هەناویدا گەشە بکات و گورز لە بەهاکانی بدات، دەبێت بە جێگەی سەرنجی نووسەرێکی وەك ئۆریانا فالاچیی (Oryana Fal-laci 1929-2006) و پێی وایە: "هەر کۆمەڵگەیەك زۆر کراوە و دیموکراسی بێت، تیرۆر زیاتر زەفەری پێ دەبات."[23] هێرشەکانی 11 سێپتەمبەر شەپۆلێکی ڕەخنە و ناڕەزایی لەناو بیرمەندان و دەستەبژێری سیاسی دروست کرد لە هەمبەر ئەو کرانەوەیەی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی کە بووەتە یارمەتیدەرێك

[20] Ervand Abrahamian: Ibid, p532.

[21] Ibid: p532.

[22] شوان ئەحمەد: هەمان سەرچاوە، ل23.

[23] هەمان سەرچاوە، ل19.

تا تیرۆر لێیەوە هێرش بکاتە سەری. وەك نۆرمان پودهارتز (Norman Podhartez) سەرنووسەر و شرۆڤەکاری سیاسیی ئەمریکی دەڵێت: "کولتووری بەربەری جەنگی ڕاگەیاندووە، نەك لەبەر سیاسەتەکانمان، بەڵکوو لەبەرئەوەی ئێمە لەپشت ئازادی و دیموکراسییەوە وەستاوین."[24]. دوای هێرشەکانی سەر شاری لەندەن، تۆنی بلێری سەرۆك وەزیرانی پێشووتری بەریتانیا ئەوەی دووپات کردەوە: "چاکترە ناحەقی دەرهەق بە ماف و ئازادییەکان بکەیت، نەك ڕێگە بدەیت خەڵك لە شەقامەکاندا بکوژرێت."[25]

باسی سێیەم: ستراتیجیی سەربازیی ئیدارەی سەرۆك جۆرج دەبلیو بۆش 2001-2008

لە ستراتیجیی بەرپەرچدان و گەمارۆدانەوە (Deterrence and Containment) بۆ ستراتیجیی جەنگی پێشوەختە (Preemptive War)

دوای تێپەڕینی چەند مانگێکی کەم لە دەست بەکاربوونی سەرۆك جۆرج دەبلیو بۆش لە کۆشکی سپی، هێرشەکانی 11 سێپتەمبەر ڕوویان دا کە وەك ڕووداوێکی مێژوویی، تیروانین و بیرکردنەوەی ئەمریکییەکانی لەبارەی پێشهات و چۆنییەتیی مامەڵەکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەك زلهێزێك لە ئاستی دونیادا گۆڕی. هێرشەکانی ڕێکخراوی قاعیدە بۆسەر نیۆرك و واشنتۆن ئەو قەناعەتەی لای ئەمریکییەکان دروست کرد چیدیکە ڕووبەڕووی جەنگی تەقلیدی نابنەوە، بەڵکوو هەڕەشە و مەترسییەکان فۆرمێکی تازە و بێ پێشینەیان لەخۆ گرتووە. بە واتایەکی دیکە، ڕووداوەکانی 11 سێپتەمبەر پێشبینییەکانی لەبارەی سروشتی جەنگەکانی داهاتووەوە ئاوەژوو کردەوە. لێرەوە ئیدارەی سەرۆك بۆش ستراتیجێکی نوێی بەرگریی گەڵاڵە کرد، تێیدا ستراتیجیی جەنگی پێشوەختە جێگەی ستراتیجیی بەرپەرچدان و گەمارۆدانی گرتەوە. لەبەرئەوە سەرۆك بۆش پێداگر بوو لەسەر ئەوەی چیتر بەرپەرچدانەوە (الردع) کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر ئەو شانە تیرۆریستییە نەبینراوانەی وەك تارمایی کاردەکەن و نیشتمانێکی دیاریکراویان نییە.[26]

[24] Ervand Abrahamian: Ibid, p533.

[25] هەمان سەرچاوە، ل17.

[26] واثق السعدون: الاستراتيجية العسكرية الامريكية في عهد الرئيس جورج والكر(دبليو)بوش 2001-2009، ortadogu etutleri, Yıl 2020, Cilt 12, Sayı 1, 118 - 138, 30.06.2020، ص124.

ستراتیجیی جەنگ یاخود گورزی پێشوەختە (Preemptive Strike) کە دواتر بە دۆکترینی بۆش (Bush Doctrine) ناسرا، جەختی دەکردە سەر وەشاندنی گورزی پێشوەختە دژ بە دوژمن یاخود هەرلایەك ئەگەری ئەوەی تێدا بێت ببێت بە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ ئاسایشی ئەمریکا، لەپێناو گەرەنتیکردنی باڵادەستیی سەربازیی ئەمریکا لە ئاستی جیهاندا. لەم بارەیەوە سەرۆك بۆش پێی وابوو نابێت جارێکی دیکە ئەمریکا ئەوە قەبووڵ بکات گورزێکی هاوشێوەی 11 سێپتەمبەر لە خۆی یان لە هاوپەیمانەکانی بدرێت، تەنانەت نابێت دەرفەتی ڕێکخستنی هێرشی هاوشێوە دژ بە باڵوێزخانەکان و یەکە دەریایی و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا بدرێت. ستراتیجیی واشنتۆن بریتییە لە ڕێگرتن لە بەرجەستەبوونی ئەم مەترسییانە لەڕێگەی وەشاندنی گورزی پێشوەختە دژ بە دوژمنە گریمانەییەکان.[27]

ستراتیجیی گورزی پێشوەختە لەو تێروانینەی کاربەدەستانی ئیدارەکەی سەرۆك بۆشی کوڕ سەرچاوەی گرتبوو کە پێیان وا بوو ئەمریکا نابێت چاوەڕێی ئەوە بکات دوژمنەکەی گورزی لێ بوەشێنێت، پاشان پەرچەکردار بنوێنێت، بەڵکوو دەبێت لەڕێگەی گورزی پێشوەختەوە ڕووبەڕووی هەر هەڕەشەیەکی گریمانکراو بێتەوە. وەك دیك چینی (Dick Cheney) جێگری سەرۆك دەڵێت: "لە ڕۆژانی جەنگی سارددا، ئێمە لەڕێگەی ستراتیجیی بەرپەرچدان و گەمارۆدانەوە دەمانتوانی ئیدارەی هەڕەشەکان بدەین، بەڵام سەختە بەرپەرچی دوژمنێك بدەیتەوە وڵاتێکی نەبێت بۆ بەرگریکردن لێی. ناتوانرێت گەمارۆ بدرێت کاتێك دەستی بە چەکی کۆکوژ دەگات و هاوبەشی پێ دەکات لەگەڵ ئەو تیرۆریستانەی دەیانەوێت گورزی کارەساتبار لە ئەمریکا بوەشێنن."[28]

دوای ڕاگەیاندنی ستراتیجیی نوێی ئاسایشی نەتەوەیی(National Security Strategy) لە ڕێکەوتی 17/ 09/2002 گۆڕانکاری گەورە لە ستراتیجیی بەرگری و ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا هاتە کایەوە. ستراتیجە نوێیەکە بوو بە بنەمای دۆکترینی بۆش کە جەخت دەکاتە سەر گورزی پێشوەختە

[27] نفس المصدر،ص124.

[28] G. Thomas Goodnight: STRATEGIC DOCTRINE, PUBLIC, DEBATE AND THE TERROR WAR, University of Southern California, Annenberg School of Communication 2006-2, p6.

(Pre-emptive Strike) و گەرەنتیکردنی باڵادەستیی سەربازیی ئەمریکا لە ئاستی دونیادا. هەروەها دەسەڵاتی زیاتری بەخشییە سەرۆك وەك فەرماندەی گشتیی هێزە چەكدارەكان بۆ ڕاگەیاندنی جەنگ و بەكارهێنانی هێزی سەربازی لە هەر شوێن و كاتێك بە پاساوی بوونی مەترسی یاخود گریمانەی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكا.[29]

داواكراوی یەكەم: كۆنزەرڤاتیڤە نوێیەكان و ستایشكردنی هێز

كۆنزەرڤاتیڤە نوێیەكان لەڕووی فیكرییەوە زیاتر لەژێر كاریگەریی بیركردنەوەكانی فەیلەسووفی ئەڵمانی-ئەمریكی لیۆشتراوس دان (Leo Strauss 1899- 1973). شتراوس پێی وایە ئەوانەی باوەڕیان بە بنەماكانی دیموكراسییەت و لیبڕالیزمە، بەردەوام لەژێر مەترسیی ئایدۆلۆجیا و دۆكترینە دژە لیبڕالەكانن، لەبەرئەوە پێویستە لەڕێگەی دانانی سیاسەتێكی بەرگریی تۆكمەوە پشتیوانی لە بازاڕی ئازاد و سەروەریی كۆمەڵگەی ئازاد بكرێت و هەوڵی بڵاوكردنەوەی ئازادیی ڕادەبرین و ڕۆژنامەگەری بدرێت. لەهەمان كاتدا، هەڵوێستی توند وەربگیرێت دژ بە هەر هێزێكی جیهانی كە ببێت بە هەڕەشە بۆسەر ئەم توخمە ئازادانە.[30] وەك لە ستراتیجیی نوێی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكیدا هاتووە پێویستە كار بكرێت بۆ بڵاوكردنەوەی سیستەمی بەهایی ئەمریكی (منظومة القيم الامريكية) لەبابەتی ئازادی، دیموكراسی و مافی مرۆڤ. بەكارهێنانی هێز و جەبەڕووتی ئەمریكا لەپێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، چونكە بژارەی سێیەم بوونی نییە، یان بەهای ئەمریكی(American Value) سەر دەكەوێت، یاخود بەهای دوژمنەكانی.[31]

جیاواز لە سەرۆكەكانی پێشتر، پێكهاتەی ئیدارەكەی سەرۆك بۆشی كوڕ، بوونی هاوپەیمانێتییەكی

[29] أ.م.د.صباح عبدالرزاق كبة: المحافظون الجدد و الدعوة لهيمنة القوة العسكرية الامريكية عالميا، مجلة علوم اليساسية، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد العدد 57، السنة 2019، ص .

[30] نفس المصدر، ص5.

[31] The National Security Strategy Of The United States Of America، September 2002. https://georgewbush-whitehouse.archives.gov/nsc/nss/2002. Retrieved 03/02/2022

بێ پێشینە بوو لە نێوان كۆمارییەكان، ڕاستڕەوی مەسیحی-كاسۆلیكی و كۆنزەرڤاتیڤە نوێیەكان. ئەمانە هەموو باوەڕیان بە بەكارهێنانی هێز و باڵایی سەربازی ئەمریكایە بۆ پاراستنی شكۆ و هەژموونی خۆی لە ئاستی جیهاندا. ڕەنگە یەكەم كاری كۆنزەرڤاتیڤە نوێیەكان لە ساڵی 1997 و لە سەردەمی ئیدارەكەی سەرۆك كلینتۆن، دامەزراندنی پڕۆژەی سەدەی نوێی ئەمریكی (Project For The New American Century)بێت كە لەلایەن دامەزراوەی بڕادلی(Bradly Foundation) پاڵپشتیی دارایی (التمويل) دەكرا.

پڕۆژەكە هاوكار بوو لە بەهێزكردنی پەیوەندی و هاوپەیمانیی نێوان باڵی ڕاستڕەوی كۆمارییەكان (Republicans) وەك دیك چینی، جێگری سەرۆك و دۆناڵد ڕامسفێڵد، وەزیری بەرگری، هەروەها باڵی ڕاستڕەوی كاسۆلیكی مەسیحی وەك گاری بویر و ولیام بێنیت. ئەم كاراكتەرانەش هەموو پشتگیرییان لە بەكارهێنانی هێزی سەربازیی ئەمریكا لە ئاستی جیهاندا دەكرد. ئامانجی پڕۆژەكەش بروەدان بوو بە پرەنسیپی بوونی ئەمریكا وەك ڕێبەری جیهان (Global Leader). هەڵۆ كۆنزەرڤاتیڤە نوێیەكان دەیانویست لەڕێگەی پڕۆژەكەوە هەژموونیی ئەمریكا بسەپێنن بە ئامانجی گەرەنتیكردنی زاڵبوونی ئەمریكا بەسەر تەواوی دونیادا.[32]

كۆنزەرڤاتیڤە نوێیەكان زیاتر لە هەر ڕەوتێكی دیكەی ناو ئیدارەكەی سەرۆك بۆشی كوڕ گوزارشتیان لە خواستی هەژموونگەرایی ئەمریكا لە جیهاندا دەكرد، بەوپەڕی باوەڕەوە پشتگیرییان لە بەكارهێنانی هێزی سەربازیی دەكرد لەپێناو پاراستنی ئەو بەهایانەی ئەمریكای لەسەر بونیاد نراوە. ئەوان بانگەشەی دووبارە داڕشتنەوەی سیاسەتی دەرەوەیان دەكرد بە شێوەیەك گونجاو بێت لەگەڵ بوونی ئەمریكا وەك ئیمپراتۆرییەتێك كە هەژموونی بەسەر دونیادا هەیە. لە سەردەمی ئیدارەی سەرۆك كلینتۆن و بۆشی كوڕدا، هەوڵی فرەوانیان دا بە مەبەستی زیاتر جەختكردنە سەر هێزی سەربازی لە سیاسەتی دەرەوەدا. لێرەوە لە ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی ئیدارەكەی سەرۆك بۆشی كوڕ تەئكید كراوەتەوە كە ئەمریكا پێگەیەكی بەهێز و بێهاوتای لە ئاستی جیهاندا هەیە ، بێ هیچ داوای لێبوردنێك ئامانجی سەرەكیی ستراتیجیی مەزن(Grand Strategy) پاراستنی

[32] .م.د.صباح عبدالرزاق كبة: مصدر سبق ذكره، ص4.

ئەمریکا و ڕێگرتن لە هەر ڕکابەرێکی نوێیە.[33]

لەژێر کاریگەری و دەستڕۆیی کۆنزەرڤاتیڤە نوێیەکانی ناو ئیدارەکەی سەرۆك بۆشی کوڕ، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا جەختی لەسەر سێ پرەنسیپی سەرەکی دەکردەوە[34]:

بالادەستیی هێزی سەربازیی ئەمریکا و نەبوونی هیچ ڕکابەرێك.

وەشاندنی گورزی پێشوەختە و خۆپارێزی (ضربات الاستباقية و الوقائية).

ڕەفتارنواندن بە شێوەیەکی تاکڕەوانە ئەگەر هاوکاریی فرەلایەن کۆسپی بۆ دروست بوو.

لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە بوو ئیدارەی سەرۆك بۆشی کوڕ هێرشی کردە سەر ئەفغانستان و عێراق و ئەو دوو ولاتەی داگیر کرد.

داواکراوی دووەم: سەپاندنی مۆدێلی ئەمریکی

ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە سەردەمی ئیدارەی سەرۆك بۆشی کوڕ بەڕوونی ئەوەی بەرجەستە کردبوو کە مرۆڤایەتی لە هەر شوێنێکی دونیا بێت هەوڵی گەیشتن بە مۆدێلی ئەمریکی دەدات. ئەو کۆمەڵگایانەی دەتوانن سەرکەوتوو بن، ئەوانەن مۆدێلی ئەمریکی لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییەوە پەسند و جێبەجێی دەکەن. ئەرکی سەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم کاتەدا بەکارهێنانی هێزە سەربازیی و ئابوورییە مەزنەکەیەتی، هەروەها دۆخی ناوازەی خۆی وەك تاك جەمسەرێك لەپێناو خێرا بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە و لەناوبردنی دوژمنەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هێزە تیرۆریستییە دژبەر و نەیارەکان بە مۆدێلی ئەمریکی.[35] پرەنسیپی سەرەکیی ئەو دیسکۆرسە سیاسییەی ئەمریکا ئاراستەی دونیای دەرەوەی خۆی دەکرد، بریتی بوو لە بلاوکردنەوەی دیموکراسییەت و لیبڕالیزم. لە میانی جەنگی سارددا، ئەمریکییەکان باوەڕیان وا بوو لەڕێگەی بە دیموکراسیکردنی سیستەمەکانی فەرمانڕەوایی لە ولاتانی دونیا دەتوانن ڕووبەڕووی مۆدێلی حوکمڕانیی سۆڤیەتی ببنەوە. لە داگیرکردنی عێراقیشدا ئەو بانگەشەیەیان برەو پێدا کە لەڕێگەی ڕووخاندنی ڕژێمەکەی سەدام حوسێن و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسییەوە دەتوانن کۆتایی بە هەڕەشەی تیرۆر و چەکی کۆکوژیی عێراقی بهێنن.

جەنگ دژ بە تیرۆر لە هەمان کاتدا جەنگە لەپێناو ئەو پرەنسیپانەی ئەمریکای لەسەر بونیاد نراوە، چونکە ئەوەی لە هێرشەکانی 11 سێپتەمبەردا گورزی خوارد، سیمبولی سەرمایەداری و شکۆی دەسەلات و هەژموونیی ئەمریکی بوو. واتە ئەوە مۆدێلی ئەمریکی بوو کەوتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە. لە نامەی ڕووناکبیرانی ئەمریکی لەبارەی ڕەوایەتیی جەنگی تیرۆرەوە کە کەسانی وەك ساموئێل هانتیگتۆن و فرانسیس فۆکۆیاما و بێرنارد لویس واژوویان لەسەر کردووە، هاتووە: "هەموو جەنگێك، جەنگێکی ترسناکە و لە کۆتاییدا گوزارشتە لە شکستی سیاسیی مرۆڤایەتی، بەلام جەنگێك هاوشێوەی ئەم جەنگەی ئێستا دژ بە تیرۆر بەرپا کراوە، جەنگێکی ئەخلاقی و ڕەوایە، چونکە لە کاتێکی وەك ئێستا، واتە دوای 11 سێپتەمبەر، هەڵگیرساندنی جەنگ نەك تەنیا ئەخلاقی و ڕێگەپێدراوە، بەڵکوو ئەخلاقی و لە هەمان کاتدا ناچارییشە وەك وەلامگۆیەك بۆ ئەو کردەوە توندوتیژ و ئازاربەخشانەی پڕن لە کینە و ستەم."[36]

بەدرێژایی مێژوو هیچ ئیمپراتۆرییەتێك هاوشێوەی ئەمریکا هەوڵی بەجیهانیکردن(Globalize) ی بەها و کولتووری خۆی نەداوە، بە شێوەیەك ئەمریکا ببێت بە پارادایمێك مرۆڤایەتی چاوی تێببڕێت. بەهەمان ئەندازەش، ئەم پارادایمە لە ئاستی دونیادا ڕووبەڕووی دژایەتی و ڕکابەریی گەورە بووەتەوە ، وەك ڕامسفێلد دەڵێت: "ڕقیان لێمانە، چونکە ئێمە بەهێزین."[37] لەڕاستیدا، ڕق لە ئەمریکا تەنیا کینە نییە بەرانبەر هێزی ئەمریکا، بەڵکوو لە هەمان کاتدا ڕقە لە ئەمریکا وەك مۆدێلی ژیان. بیرمەندی سووری جۆرج تەرابیشی پێی وایە: "هیچ مۆدێلێکی ژیاری وەك مۆدێلی ئەمریکی، ڕووبەڕووی ڕەخنە و گازندە و گلەیی نەبووەتەوە، بەلام لەبەرانبەریشدا هیچ مۆدێلێکی شارستانی

[33] By Keir A. Lieber، Robert J. Lieber: The Bush National Security Strategy، An Electronic Journal Of US Department Of State، Vol 7، No 4، December 2002.

[34] أ.م.د.صباح عبدالرزاق كبة: نفس المصدر، ص19.

[35] The National Security Strategy Of The United States Of America، September 2002. https://georgewbush-whitehouse.archives.gov/nsc/nss/2002. Retrieved 03/02/2022.

[36] د.عبدالواحد الجاسور: المرجعية الفكرية للخطاب السياسي- الاستراتيجي مابعد الحادي عشر من ايلول /سيبتمبر 2001، در النهضة العربية، لبنان- بيروت 2006، ص119.

[37] الدكتور شمال حسين: مصدر سبق ذكره، ص206.

وەك شارستانێتی ئەمریکی نەبووەتە بابەتی خەونی مرۆڤایەتی."[38]

سەرباری بە ئامانجگرتنی دەستڕۆیی و شکۆی ئەمریکا لەلایەن گرووپە تیرۆریستییەکانەوە لە ئاستی دونیادا، بەڵام بەها، کولتوور و ستایلی ژیانی ئەمریکی شوێنی پەلاماردان و هێرشی تیرۆریزمە. پێکدادانی تیرۆر لەگەڵ ئەمریکادا، تەنیا سەربازی نییە، بەڵکوو شەڕی بەها و کولتووریشە.

داواکراوی سێیەم: بنەما ئایدۆلۆجییەکانی دۆکترینی بۆش

بەر لە گەیشتنی بە کۆشکی سپی، سەرۆك بۆش وەك ئیمانداریێکی مەسیحی پێی وا بوو ئەو لە چوارچێوەی پلانێکی ئیلاهیدا هەڵبژێردراوە، تاکوو ئەرکی گۆڕینی دونیا جێبەجێ بکات. هەمیشە جەختی دەکردەوە عیسای مەسیح بیرمەندی دڵخوازی ئەوە، چونکە دڵی ڕزگار کردووە. لە مێژووی ئەمریکاشدا، هیچ کات وەك سەردەمی سەرۆکایەتیی جۆرج بۆشی کوڕ، ئاین بوونی خۆی لە ژیانی سیاسیدا نەسەپاندبوو.[39] کاراکتەرە سەرەکییەکانی ناو ئیدارەکەیشی کەسانی سەر بە ڕەوتی مەسیحی-کاسۆلیکی و کۆنزەرڤاتیڤە نوێیەکان بوون و باوەڕی قووڵیان بە ڕۆڵی ڕزگارکەرانە و زاڵبوونی هێز و جەبەڕووتی ئەمریکا لە ئاستی جیهاندا هەبوو.

ساڵی 1999 پێش خۆ کاندیدکردنی بۆ بوون بە سەرۆك، لە گفتوگۆیدا لەگەڵ قەشەی بەناوبانگ جیمس ڕۆبنسن (James Robinson) گوتی: "هەست دەکەم خوا دەیەوێت بۆ سەرۆکایەتی خۆم کاندید بکەم، ناتوانم ئەوە ڕاڤە بکەم، بەڵام هەست دەکەم وڵاتەکەم پێویستی بە من هەیە. دەزانم ئەم کارە بۆ من و خێزانەکەم ئاسان نییە، بەڵام خوا دەیەوێت ئەم کارە بکەم."[40] ئەو بەر لە کۆبوونەوەی لەگەڵ پیاوانی ئاینییدا ئەم ویستەی بۆ باربارای دایکی باس کرد. باربارا بە باوەڕەوە

[38] شوان ئەحمەد: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 27.

[39] اريك لوران: عالم بوش السري، الديانة و المعتقدات، الاعمال و الشبكات السرية، ترجمة، سوزان قازان، دار الخيال، بيروت 2003، ص6.

[40] واثق السعدون: مصدر سبق ذكره. ص143.

بە بۆشی کوڕی گوت: "کەسایەتیی تۆ هاوشێوەی کەسایەتیی مووسایە."[41] واتە چۆن مووسای پێغەمبەر پێشەوایەتیی بەنی ئیسرائیلییەکانی کرد و بە ڕووباری نیلدا پەڕاندنییەوە و ڕزگاری کردن لە مەترسی و هەڕەشەی فیرعەون، بۆشی کوڕیش دەتوانێت ڕزگارکەری ئەمریکا بێت لە مەترسییەکان. ئەم دیدگا ئاینییەی سەرۆك بۆش کاریگەری لەسەر کاری ئیدارەکەیشی هەبوو بەراورد بە سەرۆکەکانی پێش خۆی. ئەو لە یەکێك لە گوتارەکانیدا ڕایگەیاند: "ئیتر ئەو زەمەنە بەسەرچوو تێیدا دامودەزگا ئاینییەکان ڕووبەڕووی جیاکاری دەبوونەوە تەنیا لەبەرئەوەی دامودەزگای ئاینی بوون."[42] لەبەرئەوە پیاوانی ئاینی و دامودەزگا دینییەکانیش بەشێك بوون لەو ڕەوتە کۆمەڵایەتییە بەهێزەی پشتیوانی ئیدارەکەی سەرۆك بۆشی کوڕ بوون. لەلایەکی دیکەشەوە، یەکگرتنی نێوان سیاسییەکان و پیاوانی ئاینی وسەرمایەدارەکان بەشێك بوو لەو باکگراوەندە فیکرییەی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی ئەمریکای دادەڕشت، سەرەڕای ئەوەی ئاین لە دیدی باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکاشەوە، ڕۆڵی گرنگی لە وێناکردنی ئەمریکا بۆ خۆیی و دونیای دەرەوە دەبینی، وەك دروشمی "خوا ئەمریکا دەپارێزێت و باوەڕمان بەخوایە."[43] لێرەوە ئاین ڕەگەزێکی سەرەکیی دۆکترینی باوکانی دامەزرێنەریش بوو.

لەگەڵ دەستپێکی جەنگی دژ بە تیرۆریش، سەرۆك بۆش ڕایگەیاند ئەمە جەنگی خاچ پەرستانە (Crusades War) وەك ئاماژەدانێك بۆ جەنگی مێژوویی سوپا ئەوروووپییەکان دژ بە لەشکری موسڵمانەکان. هەرچەند دواتر بەوە پاساو درا کە هەڵەی زمان (زلة لسان) بووە و مەبەست لە جەنگ نییە لەگەڵ دونیای ئیسلام. جەنگ دژ بە ئەفغانستان و عێراق نەیتوانی ئەو ئامانجە ستراتیجیانە بەدەست بهێنێت کە ئیدارەکەی سەرۆك بۆش بانگەشەی بۆ دەکرد، بەڵکوو ئەمریکای خستە زەلکاوی جەنگێکی بێکۆتاییەوە و ڕق و بوغزی موسڵمانان بەرانبەر ئەمریکا زیاتر پەرەی سەند و دیسکۆرسی تیرۆر و هێزە دژە ئەمریکاییەکانیشی بەهێزتر کرد. نەك دیموکراسیش لەو دوو وڵاتە

[41] اريك لوران: مصدر سبق ذكره، ص17.
[42] نفس المصدر، ص6.

[43] مداني ليلة: البعد العسكري في سياسة الخارجية الامركية، المجلة الجزائرية للسياسات العامة، العدد 4، السنة 2014، ص181.

بەدی نەهات، بگرە بە شکستی ستراتیجیی سەربازیی و سیاسی ئەمریکا لە ئاستی جیهاندا شکایەوە.

باسی چوارەم: ستراتیجیی سەربازیی ئیدارەی سەرۆك ئۆباما 2008- 2016 لە جەنگەوە بۆ دیپلۆماسییەت

هاتنەسەرکاری سەرۆك ئۆباما هاوکات بوو لەگەڵ زیاتربوونی ڕادەی توندوتیژییەکان لە عێراق و ئەفغانستان، لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا لە زەلکاوی جەنگی گەورەی بەفیڕۆچوون (الاستنزاف) تێوە گلابوو، بەڵام ئەو ئامانجانەش بەدی نەهاتن کە جەنگیان لەپێناودا هەڵگیرسا. هێرشەکانی بزووتنەوەی تاڵیبان لە ئەفغانستان و ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراق هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دوچاری دۆخێکی دژوار کردبووەوە. باراك ئۆباما لە کەمپینی هەڵبژاردندا بەڵێنی ئەوەی دابوو ئەگەر وەك سەرۆك هەڵبژێردرێت، هێزە سەربازییەکان لە عێراق و ئەفغانستان دەکشێنێتەوە. ئەو پێی وا بوو: "ئێمە دەبێت ئەوە بە بیری خۆمان بهێنینەوە نەوەکانی ڕابردوو تەنیا لەڕێگەی مووشەك و تانکەوە ڕووبەڕووی نازییەت و شیوعییەت نەبوونەوە، بەڵکوو بە هۆی هاوپەیمانییەتیی بەهێز و بیروباوەڕی جێگیرەوە. ئەوان درکیان بەوە کردبوو کە هێز و توانایی بە تەنیا ناتوانێت بمانپارێزێت، ئەمەش ڕێگەمان پێ نادات بە ویستی خۆمان ڕەفتار بنوێنین."[44] بۆ دەربازبوون لە کاریگەری و بەرەنجامی ڕووداوەکانی 11 سێپتەمبەر، کاری هاوبەش و پابەندبوون بە هاوپەیمانییەتی و بونیادنانی بەرژەوەندیی هاوبەش بوون بە ئەرکی لەپێشینە (الاولويات) ی سیاسەتی ئەمریکا وەك نەخشەڕێگەیەك بۆ ڕزگاربوون لە دایلەما (گرفتی گەورە)ی (Dilemma) جەنگ.

سەرۆك ئۆباما هەردەم خۆی وەك کەسێکی ڕیالیست وێنا دەکرد کە تێڕوانینێکی ڕیالیستانەی بۆ ئیدارەدانی سیاسەت و کێشەکان هەیە؛ لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینەش بەرهەڵستی بڕیاری جەنگی لە دژی عێراق بوویەوە. ئیدارەی کۆشکی سپی لەسەر بنەمای تێگەیشتنەکانی سەرۆك ئۆباما کاری لەسەر گەڵاڵەکردنی ستراتیجێکی نوێ کرد بۆ دووبارە داڕشتنەوەی ڕۆڵ و ئەرکی ئەمریکا لە ئاستی

[44] الدکتور فواز جرجس: أوباما و الشرق الاوسط، نهاية العصر الامريكي؟ نقله الى العربية، د.محمد شيا، مركز دراسات وحدة العربية، بيروت 2014، ص130.

نێودەوڵەتیدا. لە دیدی ئەودا، ستراتیجییەتێك بۆ ئیدارەدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گونجاوە کە لەسەر بنەمای ئەو واقیعە بێت کە لەسەر زەوی هەیە، نەك بەو شێوەیەی لە بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکاندایە هەڵبسەنگێنرێت، وەك ئەو دەڵێت: "کاتێك بڕیاری جەنگ لە دژی عێراق درا، ئەو ڕوانگە واقیعییە بوونی نەبوو، لەبەرئەوە لە دژی وەستامەوە."[45]

لە تێرمی دووەمی سەرۆکایەتییەکەیدا، تێڕوانینی ئیدارەی سەرۆك ئۆباما بۆ جەنگی ئەفغانستان بەو شێوەیە بوو چیدیکە هەوڵەکانی ئەمریکا هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێت هەروەك لە عێراق بەراورد بەو تێچووە زۆرەی جەنگ، هیچ ئامانجێکی گرنگ بەدی نەهات. لەبەرئەوە، سوپای ئەمریکای لە ساڵی 2011 لە عێراق کشاندەوە و بە ئاراستەی کشانەوە لە ئەفغانستانیش کاری دەکرد. لەبارەی کشانەوە لە عێراق سەرۆك ئۆباما جەختی کردەوە: "من ئەرکێکی نوێ بە هێزە چەکدارەکان لە عێراق دەدەم ، ئەویش کۆتاییهێنانە بەو جەنگە."[46]

کشانەوە لە عێراق بەشێك بوو لە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ کەمکردنەوەی بوونی سەربازیی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرەڕای ئەوەی هاوکات بوو لەگەڵ ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی کە هاوشێوەی بوومەلەرزەیەك بوو بەر ناوچەکە کەوت. دروستبوونی شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆیی لە چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا کە بوو بە هۆی دەستتێوەردانی وڵاتانی دیکە و بەرپابوونی جەنگی بە وەکالەت، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیڕەوەیی لە سیاسەتی دوورەپەرێزی کرد. لە ڕووخاندنی ڕژێمەکەی موعەمەر قەزافی لە لیبیا تەنیا لەڕێگەی گورزی ئاسمانی و پێدانی زانیاری هەواڵگریی، هاوکاریی هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ کرد. دوای ڕووخانی دەسەڵاتی قەزافی و سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆیی لەو وڵاتە، هەڵوێستی ئەمریکا خۆ بەدوورگرتن و بەوریاییەوە مامەڵەکردن بوو، چونکە هیچ خواستێکی نەبوو بۆ بەشداریکردن لە هەوڵی جێگیرکردنی سەقامگیری لەو ناوچەیەدا.[47]

[45] نفس المصدر، ص130.

[46] Barack Obama: My plan for Iraq. The New York Times. July 14، 2008. https://www.nytimes.com/2008/07/14/opinion/14obama.html Retrieved 11/03/2022.

[47] Richard N. Haass: The Irony of American Strategy: Putting the Middle East in Proper Perspective، Foreign Affairs ، MAY/JUNE 2013، Vol. 92، No. 3 (MAY/JUNE 2013)، p58.

لە هەمان کاتدا، کەمکردنەوەی ئامادەیی سەربازیی بە واتای دەستبەرداربوونی ئەمریکا لە ڕێبەرایەتیکردنی دونیا نەبوو، بەڵکوو سەرۆك ئۆباما ڕژد بوو لەسەر ئەوەی ئەمریکا دەبێت ئەرکی ڕێبەرایەتیکردنی جیهان بگرێتە ئەستۆ، بەڵام لەبارەی ڕۆڵی هێزی سەربازیی لە بەهێزکرنی پێگەی سەرکردایەتیکردنی ئەمریکا، ئەو باوەڕی وا بوو سوپا هەردەم بە کۆڵەکەی سەرەکیی سەرکردایەتیکردنی ئەمریکا بۆ جیهان دەمێنێتەوە، بەڵام کردەی سەربازیی تەنیا ڕەگەز (عنصر) یاخود توخمی سەرەکی نییە لە پێشەوایەتیکردنی ئەمریکا بۆ هەر دۆخێك، وەك ئەو دەڵێت: "تەنیا لەبەرئەوەی باشترین چەکوشمان هەیە، واتای ئەوە نییە هەموو کێشەیەك بزمارە."[48]

داواکراوی یەکەم: بەهێزکردنی ئەمریکا لە ناوخۆدا

یەکێك لە ئامانجە ستراتیجییەکانی ئیدارەی کۆشکی سپی بەهێزکردنی ئەمریکا بوو لە ئاستی ناوخۆدا. دیسکۆرسی زاڵی سیاسەتی دەرەوە جەختکردن بوو لە ڕێزگرتن لە یاسا نێودەوڵەتییەکان، سەروەریی دەوڵەت و میللەتانی دیکە و بەهێزکردنی بەها هاوبەشەکان. سەرۆك ئۆباما دڵنیایی ئەوەی دەدا چیتر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیستەمێکی فەرمانڕەوایی دیاریکراو بەسەر وڵاتانی دیکەدا ناسەپێنێت، چونکە پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئەمریکا بۆ داهاتوویەکی دوورتر پەیوەستە بە پشتگیریی بەردەوام بۆ بەها جیهانییەکان. ئەم شێوازی کارکردنە ئەمریکا لە دوژمن و ڕکابەرەکانی جیا دەکاتەوە و هەمیشە وەك شارستانییەتێکی گەشاوە دەیهێڵێتەوە.[49]

سەرۆك ئۆباما دژ بە دەستتێوەردانەکانی ئەمریکا بوو بە پاساوی پشتگیریکردن لە بەها لیبراڵەکان؛ پێی وا بوو نابێت چیدیکە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەرکی بڵاوکردنەوەی لیبراڵیزم و دیموکراسی بگرێتە ئەستۆ، بەڵکوو ئەو ئەرگومێنتەی خستە ڕوو: "ئەگەر دەستتێوەردان بە پاساوی پشتگیریکردن لە

[48] Georg Lofflman: The Obama Doctrine and Military Intervention، Perciptions، Spring-Summer 2019، XXIV، Number 1، p61.

[49] National Security Strategy 2010
https://obamawhitehouse.archives.gov/sites/default/files/rss_viewer/national_security_strategy.

لیبراڵیزم پێوەر بێت، ئەوا بەپێی ئەو لۆژیکە، پێویستە 300 هەزار سەربازی ئەمریکی لە کۆنگۆ بڵاوە پێبکەین کە تێیدا بە هۆی ململانێی ئەتنیکییەوە ملیۆنان دەکوژرێن و ئاوارە دەبن، بێ ئەوەی ئێمە هیچ ڕۆڵێکمان لە دروستکردنیدا هەبێت."[50]

لە تێروانینی سەرۆك ئۆبامادا، بونیادنانی نەتەوە لە ناوخۆدا ئامانجی سەرەکییە، لەجیاتی بوون بە پۆلیسی جیهان، دەبێت ئەمریکا کار لەسەر برەودان بە بەها شارستانییەکان و بەهێزکرنی خۆ لە ناوخۆدا بکات. وەك ئەو دەڵێت: "ئێمە بەهاکانی خۆمان پێش هەرشتێکی دیکە لەناو وڵاتی خۆمان بڵاو دەکەینەوە و زیندوو ڕایدەگرین."[51]. ئەو پێی وا بوو بە هۆی هەڵەکانی ئیدارەی سەرۆك بۆشی کوڕەوە کە ئەمریکای لە جەنگی بێهودە تێوەگلاندووە و فۆکەسی زیاتری خستبووە سەر کێشەکانی دەرەوەی وڵات، پێگەی ئەمریکا لە ئاستی دونیادا لاواز بووە. بەهێزکردنی ئەمریکا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پەیوەستە بە بەهێزکردنی ئەمریکا لە ناوخۆدا، لەبەرئەوە ئەمریکا لەمەوبەدوا بە ئاراستەی بەهێزکردنی سیستەمی بەهایی ئەمریکی (منظومة القیم الامریکیە) لە ناوخۆدا کار دەکات.

سنووردارکردنی پرۆسەی سەربازی لە ئاستی نێودەوڵەتی و پێویستیی بونیادنانەوەی هێزی ئەمریکا لە ناوخۆدا بەشێك بوو لە ستراتیجیی کۆشکی سپی بۆ ئیدارەدانی سیاسەتی ئەمریکا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. ستیڤن واڵت (Stephen Martin Walt) باوەڕی وایە دوورکەوتنەوە لە بونیادنانی دەوڵەت لە پانتایی وشکانی و ئاسمانی فرەوانتر ئازادیی زیاتر بۆ ڕەفتارنواندن فەراهەم دەکات؛ لەهەمان کاتدا، ئاستی دوژمنایەتی و ڕکابەریی ئەمریکا لە بوارە سەرەکییەکاندا کەمتر دەکاتەوە.[52] سەرۆك ئۆباما پێی وا بوو هۆکاری سەرکەوتن بەسەر شیوعییەتدا بەهێزکردنی کاری دامەزراوەیی لە ناوخۆ و سیاسەتی دروست لە ئاستی دەرەوەدا بوو، لەبەرئەوە جەختی دەکردەوە: "ئەوە ئەرکی منە ئەو دیدگایە پێشکەش بکەم کە ئێمە بەرەو کوێ هەنگاو دەنێین."[53] لێرەوە پێویستە ئەمریکا بگەڕێتەوە ئەو پێگەیەی کە پشتیوانی هاوکاری و بەرژەوەندیی هاوبەشی نێوان دەوڵەتان و گەلانی دیکە بێت.

[50] الدکتور فواز جرجس: مصدر سبق ذکره، ص136.

[51] نفس المصدر، ص139.

[52] Georg Lofflman: Ibid، p66.

[53] الدکتور فواز جرجس: مصدر سبق ذکره ، ص135.

داواکراوی دووەم: سەرکردایەتیکردن لە پەناوە (Leading From Behind)

سەرکردایەتیکردن لە پەناوە مۆدێلێکی نوێی پراکتیزەکردنی هەژموونی و دەسەڵاتی ئەمریکا بوو لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، وەك ڕایان لیزا (Rayan Lizza)نووسەری ڕۆژنامەی نیویۆرکەر دەڵێت: "ناوەڕۆکی ئایدیای سەرکردایەتیکردن لە پەناوە بریتییە لە توانایی هێزە بکەرەکانی دیکە بۆ پێدانی ئەوەی تۆ دەتەوێت."[54] بۆ یەکەم جار دەستەواژەی سەرکردایەتیکردن لە پەناوە (القيادة من الخلف) لەلایەن یەکێك لە کارمەندانی تیمی ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆك ئۆباما بەکارهات، بەتایبەت دوای ئەوەی لە وتارێکی ڕۆژنامەی نیویۆرکەردا ئاماژەی پێ درا، دەنگدانەوەیەکی میدیایی فرەوانی هەبوو.[55]

ئامانجی سەرۆك ئۆباما لە پیادەکردنی سیاسەتی سەرکردایەتیکردن لە پەناوە سنووردارکردنی ڕۆڵی سوپا و پرۆسە سەربازییەکان بوو لە چەسپاندنی دەستڕۆیی (Hegemony) ئەمریکا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. وەک ئەو دەیگوت: "ئەمریکییەکان نایانەوێت وڵاتەکەیان لە سیاسەتی جیهانیدا بکشێتەوە، بەڵکوو دەیانەوێت تەنیا لەڕێگەی سوپا و هێزی سەربازییەوە ئیدارە نەدرێت."[56] ئەو جەختی لەسەر ئەو ئایدیایەش دەکردەوە کە نابێت چیتر ئەمریکا هەر هەڵەیەک لە جیهاندا ڕوو دەدات، ڕاست بکاتەوە، چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکان پۆلیسی جیهان نییە.

سیاسەتی سەرکردایەتیکردن لە پەناوە لە پرۆسەی ڕووخاندنی ڕژێمەکەی قەزافی زیاتر خۆی مانفێست کرد کاتێک ئەمریکا هاوپەیمانەکانی خۆی لە ناتۆ بەتایبەت بەریتانی و فەرەنسییەکانی لە هێڵی پێشەوە جێ هێشت و ڕکێفی دەستپێشخەریی پرۆسە سەربازییەکانی کرد، سەرەڕای ئەوەی هێشتا لە تێڕوانینی کۆشکی سپیدا، ئەمریکا ڕێبەر و هێزی باڵادەستی جیهان بوو. بەپێی ڕاپرسییەک کە دامەزراوەی پیو ((Pew لە ساڵی 2011 ئەنجامی داوە، 38% ئەمریکییەکان پێیان وا بوو ویلایەتە یەکگرتووەکان تاکە زلهێزی جیهانە، 53% لەو باوەڕەدا بوون ئەمریکا شانبەشانی وڵاتانی دیکە یەکێکە لە وڵاتە زلهێزەکان.[57]

جۆزێف نای (Joseph Nye)) یەکێك لە تیۆرسێنەکانی لیبراڵیزم پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد پێویستە

[54] Ibid: p71.

[55] Ibid: p71.

[56] Georg Lofflman: Ibid, p71.

[57] Ibid, p 70.

هێزی نەرمی(Soft Power) ئەمریکی زیاتر چالاك بکرێت، چونکە بەبێ سەر ڕێگاخستنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ وڵاتانی دیکە لەسەر بنەمای هاوکاری و کاری پێکەوەیی ئەستەمە زۆرێك لە کێشەکانی جیهان چارەسەر بن. سەرباری ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان تەنیا لەڕێگەی هێزی سەربازییەوە ناتوانێت سەرکەوتن مسۆگەر بکات، چونکە لە بەرەنجامدا ئامانجەکانی ئەمریکا لەجیاتی فرەوانکردن، سنووردار دەکات.[58] دۆکیۆمێنتی ئاسایشی نەتەوەیی کە لە 27/ ئایاری 2010 ڕاگەیاندرا جەخت دەکاتە سەر ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان پابەندییە نێودەوڵەتییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییە نوێیەکان. کاری لە پێشینەی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی بۆ چەند تەوەرێك دابەش کردبوو.[59]:

- چوارچێوەی گشتیی ئاسایشی نەتەوەیی.
- ئەولەویاتی ئاسایشی نەتەوەیی (ئاستی ئاسایشی ناوخۆ، هەڵوەشاندنەوە و تێکشکاندنی قاعیدە، ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوە چەکی ئەتۆمی و بایۆلۆجی).
- سیاسەتی ئەمریکا پەیوەست بە جیهانی عەرەبی و ئیسلامییەوە

لە قەیرانی سووریادا هاوشێوەی لیبیا، کۆشکی سپی پەیڕەوی لە سیاسەتی سەرکردایەتیکردن لە پەناوە کرد، وێڕای ئەوەی سەرۆك ئۆباما بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن ڕژێمەکەی ئەسەدەوە وەك هێڵی سوور دیاری کرد، بەڵام لە غوتەی ڕۆژهەڵات، ڕژێمی سووریا چەکی کیمیایی دژ بە چەکدارانی ئۆپۆزسیۆن و خەڵکی سڤیل بەکار هێنا، کەچی ویلایەتە یەکگرتووەکان هیچ پەرچەکردارێکی ئەوتۆی پێشان نەدا، ئەم هەڵوێستەش لە ناوەڕۆکدا لاوازیی ئەمریکای لە ئیدارەدانی قەیرانێکی لەو شێوەیەدا بەرجەستە کرد. لەم بارەیەوە سەرۆك ئۆباما دەڵێت: "من دژ بە داواکاریی ئەنجامدانی کردەی سەربازي وەستامەوە، چونکە ناکرێت جەنگی ناوخۆیی لەڕێگەی هێزەوە بۆ کەسێکی دیکە چارە بکرێت، بەتایبەت دوای 10 ساڵ جەنگ لە عێراق و ئەفغانستان... لە

[58] رندة العمري: عقيدة أوباما: بين الواقعية والمثالية، رسالة الماجستر، جامعة النهرين، سنة 2016-2017. منشورة على الموقع : https://fada.birzeit.edu/bitstream/20.500.11889/5961/1/E907.U43%202016. Retrieved 11\03\2022

[59] الدكتور شمال حسين: مصدر سبق ذكره، ص276.

سایەی نەبوونی هەڕەشەی ڕاستەوخۆ یاخود نزیك لەسەر نەتەوەكەمان، ئەم گفتوگۆیە بۆ كۆنگرێس دەبەم. ئایدیای كردەی سەربازی هەرچەند سنوورداریش بێت، بەڵام پشتگیریی گەلی نابێت. من دەزانم ئەمریكییەكان لە هەریەك لە ئێمە، لە واشنتۆن، بەتایبەت لە "من" دەخوازن جەختی زیاتر بخەمە سەر بونیادنانی نەتەوەكەمان لە ناوخۆدا."[60]

سیاسەتی سەركردایەتیكردن لە پەناوە بە یەكێك لە هۆكارەكانی لاوازكردنی ئەمریكا لە ئاستی جیهان دادەنرێت، چونكە زیاتر بە ئاراستەی كشانەوە لە ئیدارەدانی قەیرانەكان و نەبوونی ستراتیجییەتێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەكان بوو. بە بۆچوونی زۆرێك لە پسپۆڕانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان، ئیدارەی سەرۆك ئۆباما هەر لەبنەڕەتدا هیچ ستراتیجییەتێكی بۆ ئیدارەدانی قەیرانەكان نەبوو. كۆمارییەكان ئەم سیاسەتەیان وەك بەڵگەیەك لەسەر دیدی سەرۆك ئۆباما بۆ سنووردارکردنی هێز و هەژموونیی ئەمریكا لەئاستی جیهاندا دەبینی. ڕۆبەرت كاگان (Robert Kagan) نووسەری كتێبی (The Jungle grows back America and Imperiled World2018) پێی وایە: "ئۆباما گورزێكی گەورەی لە پێگە و شكۆی ئەمریكا داوە، تەنیا بە باوەڕ بوونی بە حەتمییەتی شكستی ویلایەتە یەكگرتووەكان لەڕووی ئابووری و سەربازییەوە شكستی بەو دۆكترینە هێنا كە زیاتر لە نیوسەدە بوو ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكای لەسەر بونیاد نرابوو."[61]

زبگیتۆ بیرجنسكی (Zbigniew Brzeziński 1928-2017) ڕاوێژكاری ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆك جیمی كارتەر تێبینیی بوونی دژیەكییەكی (Contradiction) زۆر دەكات لە گوتار و كرداری سەرۆك ئۆبامادا و، پێی وایە هیچ پلانێكی ڕوونی بۆ داهاتوو پێشكەش نەكردووە.[62] هەروەها مایكڵ هیرش، (Michael Hirsh) ڕۆژنامەنووسی ئەمریكی پێی وایە: "دۆكترینی ئۆباما نەبوونی هیچ دۆكترینێكە، ئەمەش ئەو پارادایمەیە كە ڕەنگە بمێنێتەوە."[63]

[60] رندة العمري: مصدر سبق ذكره، ص57.

[61] الدكتور فواز جرجس: مصدر سبق ذكره، ص131.

[62] فوّاز جرجس: أسس ومرتكزات سياسة أوباما الخارجية في ولايته الثانية. مركز الجزيره للدراسات 31 Jan، 2013
https://studies.aljazeera.net/en/node/3495 Retrieved 12/03/2022

[63] Daniel W. Drezner: Does Obama Have a Grand Strategy? Foreign Affairs ، July/Au-

بە شێوەیەكی گشتی، سنووردارکردنی ڕۆڵی ئەمریكا لە كێشەكانی جیهاندا فاكتەری دروستبوونی پشێوی و نارێكیی زیاتر بوو لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، بە دیوێكی دیكەشدا ئینكاركردنی (Deni-al) بوونی ئەمریكایە وەك ئیمپراتۆرییەتێك.

داواكراوی سێیەم: تەڵزگەی جەنگ

كۆتاییهێنان بە جەنگ و كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە خاكی بێگانە خواستی سەرەكیی سەرۆك ئۆباما بوو لە داڕشتی ستراتیجیی ئیدارەكەیدا. ئەو وەك سەرۆكێك ناسرا بوو كە كۆتایی بە جەنگ دەهێنێت و ئەمریكا لە تێوەگلان لە زەلكاوی جەنگە بێكۆتاكان ڕزگار دەكات، چونكە پێی وابوو لەدوای دووەم جەنگی جیهانییەوە هیچ هەڵەیەك وەك ئامادەیی بۆ ڕیسكی سەربازیی بەبێ بیركردنەوە لە بەرەنجامەكانی، بۆ ئەمریكا قورس نەكەوتووە، ڕیسكێك بەبێ زەمینەسازكردن بۆ هێنانەكایەی شەرعییەت و هاوكاریی نێودەوڵەتی، پێگەی ئەمریكا لاواز دەكات.[64] ئەم تێڕوانینەی سەرۆك ئۆباما لەو باوەڕەوە سەرچاوەی دەگرت كە نابێت ئەمریكا تەنیا فۆكەسی لەسەر ئەو هەڕەشە و ئاڵنگارییانە بێت لە دەرەوەی سنوورەكانەوە دێن.

سەرهەڵدانی ڕێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (ISIS) وەك هەڕەشەیەك بۆسەر بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی لە ناوچەكە و جیهان ئەو وێنەیەی تێكشكاند كە ئەمریكا لە سەردەمی سەرۆك ئۆبامادا لاپەڕەی جەنگ لە واقیعی سیاسیی خۆیدا هەڵ دەداتەوە، چیتر سەرقاڵی بەهێزكردنی خۆی دەبێت لە ناوخۆدا. جەنگ دژ بە ڕێكخراوێكی بەهێزی نادەوڵەتی بوو بە پێویستییەكی ناچاری. وەك دیك چینی، جێگری سەرۆك بۆشی كوڕ دەڵێت: "ئۆباما بانگەشەی ئەوەی دەكرد ئیتر شەپۆلی جەنگ سنووردار دەكات، بەڵام لەڕاستیدا سیاسەتەكانی ئەو بوو بە هۆی سنووردارکردنی دەسترۆیی و هێزی ئەمریكا لە عێراق و ناوچەكە."[65] ڕزگاركردنی

gust 2011، Vol. 90، No. 4، p57.

[64] Georg Lofflman: Ibid، p71.

[65] د. شيرزاد النجار: استراتيجية اوباما و " القيادة من الخلف" گولان ميديا 22 سيبتمبر 2014. https://gulan-media.com/ar/story/106905/1621543012-241 Retrieved 13/02/2022

ئەمریکا لە وەسوەسەی جەنگ (هاجس الحرب) ئامانجی ئیدارەکەی سەرۆك ئۆباما بوو، بەڵام بەرەنجامێکی پێچەوانەی هەبوو.

لەپێناو تێوەنەگلانی ئەمریکا لە جەنگدا، ستراتیجیی کۆشکی سپی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بەشداری نەکردنی هێزی زەمینی بوو لە شەڕ لەسەر زەوی (No boots on the ground) بەڵکوو بۆ تێکشکاندنی داعش زیاتر جەختی دەکردە سەر هاوکاریکردنی هاوپەیمان و هاوبەشە ناوچەییەکان. وەك سەرۆك ئۆباما دەڵێت: "من دەمەوێت گەلی ئەمریکا دڵنیا بکەمەوە کە چۆن ئەم هەوڵە جیاواز دەبێت لە جەنگی عێراق و ئەفغانستان، ئەمە نابێت بە هۆی بەشداریکردنی هێزی ئەمریکی لە جەنگ لەسەر خاکی بێگانە... ئەم ستراتیجە لەڕێگەی هاوکاریکردنی هاوبەشەکانمان لە هێڵەکانی پێشەوە بۆ کۆتاییهێنان بەو تیرۆریستانەیە هەڕەشەمان لێ دەکەن، ئەمەش ئەو شتەیە چەند ساڵێکە بەسەرکەوتوویی لە سۆماڵ و یەمەن جێبەجێ دەکرێت."[66] . ناوەڕۆکی ئەم ستراتیجە هەوڵدان بوو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەمریکا لەڕێگەی ئەکتەرە ناوچەییەکانەوە.

لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیدا، دیدگای کۆشکی سپی ئەوە بوو بە تەنیا ئەرکی ویلایەتە یەکگرتووەکان نییە تیرۆر تێکبشکێنیت، بەڵکوو پێویستی بە هاوکاری هەمەلایەن و هاوبەشە خۆجێییەکان هەیە. وەك سەرۆك ئۆباما دەڵێت: "ئێمە ناتوانین ئەوە بکەین کە عێراقییەکان خۆیان دەبێت بیکەن، ناتوانین جێگەی عەرەب بگرینەوە بۆ پارێزگاریکردن لە ناوچەکەیان"[67] ئەو پێی وا بوو هیچ سەرۆکێك ناتوانێت تیرۆر بەتەواوی لەناو ببات، بەڵکوو لەڕێگەی ئامرازی دیپلۆماسی و هاوکاریی فرەلایەنەوە دەکرێت ڕێگە لە ئەنجامدانی هێرشی بەرفرەوانی تیرۆریستی بۆسەر ئەمریکا بگیرێت و دەرفەتی وەشاندنی گورزی گەورە بۆ تیرۆریستان نەڕەخسێنرێت.

لەلایەکی دیکەوە، مەترسییەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، ئەمریکای ناچار کرد بەشێك لە هێزەکانی بگەڕێنێتەوە عێراق بە مەبەستی ڕاهێنان بە هێزە سەربازییەکانی عێراق و هێزی پێشمەرگە

[66] نفس المصدر.

[67] نفس المصدر.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر. لەڕێگەی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی جارێکی دیکە گەڕایەوە ناو جەنگ و ململانێکانی ناوچەکە. ئامانجی ئەمریکا هەڵوەشاندنەوە و لەناوبردنی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بوو، ئەمەش پێویستی بە کەمکردنەوەی ئەو ڕووبەرە هەبوو کە ڕێکخراوەکە کاری تێدا دەکرد، سەرباری ئەوەش کۆتاییهێنان بە داعش پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بوون بە بەشێك لە جەنگە ناوخۆییەکانی بوو. ئەمەش پێچەوانەی بانگەشەی سەرۆك ئۆباما بوو بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ.[68]

ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ لەناوبردنی ئامانجە تیرۆریستییەکان پشتی بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەبەست بەتایبەت لە وڵاتانی وەك پاکستان و ئەفغانستان و یەمەن و سۆماڵ. پرۆسەی لەناوبردنی بن لادن بەبێ ئاگاداری پاکستان و پێشێلکردنی سەروەریی خاکەکەی، ناڕەزایەتییەکی زۆری دروست کرد و ئەو بۆچوونەیشی بەهێزتر کرد کە سەرۆك ئۆباما گوتار و کرداری ئیدارەکەی دووشتی لێك جیاوازن، تەنانەت ئەو وەك سەرۆك ڕاستەوخۆ بەشدار دەبوو لە ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر ئامانجە تاکەکەسییەکانی گورزی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان. بەشداریی ڕاستەوخۆی سەرۆك لە بەڕێوەبردنی پرۆسە سەربازییەکان تەنیا لە سەردەمی سەرۆك لیندن جۆنسن (Lyndon B. Johnson 1965-1969) ڕووی داوە، کاتێك ڕەزامەندیی دەربڕی بە وەشاندنی گورزی ئاسمانی دژ بە چەند ئامانجێك لە ڤێتنامی باکوور.[69] سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر ناکۆك بوو لەگەڵ بەڵێنەکانی سەرۆك ئۆباما بۆ هەوڵدان بۆ دەسپێکێکی نوێ لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا. بەپێی ڕاپرسییەکان، لە ساڵی 2013 ڕادەی دوژمنایەتی بەرانبەر ئەمریکا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بووە.[70]

دۆکیۆمێنی دووەمی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی(National Security Strategy) ئیدارەی سەرۆك ئۆباما کە لە ئایاری 2015 بڵاو کرایەوە جەختی کردووەتە سەر ڕۆڵی ئەمریکا لە ڕووبەڕوبوونەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی جیهان بووەتەوە. هەروەها تیشکی خستووەتە سەر بەرژەوەندیی هاوبەش و کاری پێکەوەیی وەك پرەنسیپی سەرەکیی کارکردنی دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان. بە

[68] نفس المصدر.

[69] Georg Lofflman: Ibid,p 67.

[70] Ibid,p 67.

واتایەکی دیکە، ڕەددانەوەی پشتبەستنی بەردەوام بە هێزی سەربازیی وەك بژارەیەکی سەرەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کە هەندێك وەك دۆکترینی ئۆباما (Obama Doctrine) دەیناسێنن.[71]

لەڕاستیدا، ئیدارەی سەرۆك ئۆباما وا دەرکەوت کە سەرەتای گۆڕانکاری ڕیشەیی بێت لە سیاسەت و ستراتیجیی ئەمریکا بەرانبەر جیهان، دوورکەوتنەوە لە جەنگ و پەنابردن بۆ بژارەی سەربازیی، بەڵام نەك لاپەڕەی جەنگ هەڵنەدرایەوە، بەڵکوو بە هۆی سیاسەتی گۆشەگیری (الانعزالية) کۆشکی سپی لەهەمبەر قەیرانەکان، وای کرد ڕێکخراوێکی نادەوڵەتی وەك دەوڵەتی ئیسلامی ببێت بە هەڕەشەیکی جددی بۆسەر ئاسایشی جیهان، لێرەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەناچاری و بە شێوازی دیکە گەڕایەوە ناو ململانێ و ئیدارەدانی قەیرانەکان.

بەشی دووەم: هێزی پێشمەرگە لە ستراتیجیی سەربازیی ئەمریکا لە جەنگی دژ بە تیرۆردا

ناوەڕاستی ساڵی2014 پێشڕەوییەکانی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی خستە بەردەم ئاڵنگاریی ئاسایشیی گەورەوە. داگیرکردنی پانتاییەکی فرەوان لە خاکی هەردوو وڵاتی عێراق و سوریا، مەترسییەکانی تیرۆریزمی پەڕاندەوە ئەودیوی سنوورەکان. ئاسایشی هەرێمایەتی و سەروەریی دەوڵەتانیش کەوتنە بەردەم هەڕەشەی خیلافەتەکەی داعشەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی داعش جەختی کردە سەر هاوکاری و پشتگیریکردنی هێزە خۆجێیەکان لەڕێگەی پێدانی چەك و زانیاریی هەواڵگری و وەشاندنی گورزی ئاسمانییەوە. هێزی پێشمەرگە لە پێشەنگی ئەو هێزانە بوو لە پرۆسەی تێکشکاندنی خیلافەتەکەی داعش ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو. بە هۆی ئامادەیی مەیدانی و پیشاندانی ڕۆڵی جەنگاوەرانەی خۆی، بوو بەجێگەی متمانەی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی.

تێکشکان و هەڵاتنی سوپای عێراق لەبەردەم شاڵاوی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ئەو وێنەیەی زیاتر زەق کردەوە کە پێشمەرگە دەتوانێت هێزێکی کاریگەر و جێگەی متمانە بێت لە شەڕ دژ بە تیرۆریزم و بەگژداچوونەوەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکاندا.

[71] رندة العمري: مصدر سبق ذكره، ص 47.

باسی یەکەم/پێشمەرگە وەك هاوبەشێکی متمانەپێکراوی ئەمریکا

مانگی حوزەیرانی ساڵی 2014 ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی چەندان شار و ناوچەی لە عێراق داگیر کرد. تێکشکانی سوپای عێراق لەبەردەم شاڵاوەکانی داعشدا، تەنیا مەترسی نەبوو لەسەر قەوارە و ئاسایشی ئەو وڵاتە و ناوچەکە، بەڵکوو بوو بە ئاڵنگارییەکی ئاسایشی گەورە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەورووپا و جیهان بەگشتی. سەرۆك ئۆباما ڕایگەیاند: "داعش مەترسییە لەسەر عێراق و هەڕەشەیە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا."[72] لێرەوە ئەمریکا هەوڵەکانی خۆی بۆ وەستاندنی پێشڕەوییەکانی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی خستە گەڕ. هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی لە زیاتر لە 60 دەوڵەت بە ڕێبەرایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێك هات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی خیلافەتەکەی داعش.

ستراتیجیی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش دوورکەوتنەوە بوو لە تێوەگلان لە بەشداریکردنی هێزە زەمینییەکانی لە مەیدانی جەنگ، یاخود نەبوونی هیچ سەربازێك لە سەر زەوی و لە هێڵەکانی پێشەوە لەبەر چەندان هۆکار[73]:

1- بوونی ئەزموونێکی خراپ بەتایبەت لە جەنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

2- نەبوونی هیچ پاڵپشتییەك بۆ جووڵەپێکردنی سوپای ئەمریکا لە ناوخۆدا.

3- هەبوونی هێز و هاوبەشی دیکە لە مەیداندا.

دروشمی نەبوونی سەرباز لە سەر زەوی (No boots on the ground) بوو بە پرەنسیپی سەرەکیی ستراتیجیی سەربازیی ئەمریکا لە هەوڵەکانی بۆ تێکشکاندنی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی. لە ئاستی ناوخۆدا، دروشمەکە ڕەنگدانەوەی ماندووبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو لە جەنگ،

[72] أوباما: "داعش" خطر على العراق وتهديد للمصالح الأمريكية: بي بي سي، 14 حزيران 2014 https://www.bbc.com/arabic/middleeast/2014/06/140614_iraq_obama_review_options Retrieved 13/05/2022

[73] محمد عبدالعال عيسى: الاستراتيجية الامريكية في حرب على"داعش" و حدود الفاعلية. مركز الروابط للبحوق و الدراسات الاستراتيجية، 5 اغسطس، 2016. https://rawabetcenter.com/archives/30545 .Retrieved 29/04/2022

هەروەها خواستێکی ڕاستەقینەش بوونی نەبوو بۆ بەکارهێنانی توانایيە ماددی و مرۆییەکانی ئەمریکا لە جەنگە بێکۆتا و چارەنووس نادیارەکاندا[74]. سەرەڕای ئەوەی خودی سەرۆك ئۆباما پێی وا بوو دەکرێت لە دوورەوە و بە کاتێکی کەم و تێچوویەکی سنووورداری ماددی و مرۆیی، گۆڕانگاری ئەنجام بدرێت[75].

لە مانگی دیسەمبەری 2014 سەرۆك ئۆباما ستراتیجیەتێکی گشتگیری بۆ تێکشکاندنی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ڕاگەیاند کە خۆی لە 9 بنەمای سەرەکیدا دەبینییەوە[76]:

- پشتیوانیکردنی حووکمڕانییەکی بەهێز لە عێراق.
- بێبەشکردنی داعش لە بوونی پەناگەی ئارام.
- بونیادنانی هێز و توانایی هاوبەشەکان (Partners).
- کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری لەسەر داعش.
- وشککردنی سەرچاوە داراییەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی.
- ڕێگرتن لە چوونەناوەوەی تیرۆریستە بیانییەکان.
- پارێزگاری لە نیشتمان.
- یارمەتیدانی مرۆیی.

ئامانجەکانی ئەم ستراتیجەی ئەمریکا لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش بریتی بوون لە[77]:

1- بونیادنانی هاوپەیمانێتییەکی سەربازیی نێودەوڵەتی-هەرێمی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی.

2- جەختکردنە سەر دەستتێوەردانی سەربازیی سنووردار لەڕێگەی وەشاندنی گورزی ئاسمانی،

[74] Gen. Gordon R. Sullivan، Gen. James M. Dubik: no boots on the ground is mantra not strategy. Association of the United States Army، 18/03/2022. https://www.ausa.org/articles/%E2%80%98no-boots-ground%E2%80%99-mantra-not-strategy . Retrieved 13/ 05/ 2022.

[75] د. سيف الهرمزي: اخفاقات الاستراتيجية الامريكية في محاربة داعش. المستقبل للابحاث و الدراسات المتقدمة، 23 يناير، 2015. https://futureuae.com/ar/Author/Index/95 Retrieved 12/04/2022.

[76] Lawen Hawezy: U.S. Military Cooperation with Kurdistan's Peshmerga. Master Thesis، THE FLETCHER SCHOOL. 12 july 2015، p20.

[77] محمد عبدالعال عيسى: سەرچاوەي پێشوو.

چالاکیی هەواڵگری، پرۆسەی تایبەتی سنووردار، دوورکەوتنەوە لە دەستتێوەردانی زەمینیی فرەوان.

3- پڕچەککردن، ڕاهێنان و پشتیوانیکردنی هاوپەیمانە خۆجێییەکانی وەك هێزی پێشمەرگە، سوپای عێراق، هەندێك لە ئۆپۆزسیۆنە میانڕەوەکانی سووریا.

پشتبەستن بە هاوبەشە خۆجێییەکان(Local Partners) و یارمەتیدانیان لەڕێگەی وەشاندنی گورزی ئاسمانی، پێدانی چەك و زانیاریی هەواڵگری، بوو بە بنەمایەکی سەرەکی کاری هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بە ڕابەرایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان. پێشمەرگە ڕۆڵێکی کاریگەری لە وەستاندنی پێشڕەوییەکانی داعش گێڕا. لێرەوە بوو بە جێگەی متمانەی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپپەکانی. دەنیس ناتالی (Denise Natali) یاریدەدەری پێشووتری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ململانێ و پشتیوانیی سەقامگیری جەخت دەکاتەوە: "هێرش دژ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێبەرایەتیی دەکات بە شێوەیەکی فرەوان پشت بە پێشمەرگە وەك سەرباز لە سەر زەوی دەبەستێت."[78]

لە دەستپێکی وەشاندنی گورزی ئاسمانی دژ بە پێگەکانی داعش لە مانگی ئەیلوولی 2014، هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوکاریی هێزی هاوپەیمانان توانییان نزیکەی 30-25% ئەو ناوچانە ئازاد بکەن کە پێشتر داعش داگیری کردبوو. هەروەها پێشمەرگە ڕێگر بوو لە هەوڵەکانی داعش بۆ سوودوەرگرتنی زیاتر لە سامانی نەوت و گاز، تواناییەکانیانی لەو ڕووەوە سنووردار کرد و هەوڵی وشککردنی سەرچاوەی داهاتەکانیانی دا.[79] ڕووبەڕووبوونەوەی داعش ناوبانگێکی گەورەی بۆ پێشمەرگە مسۆگەر کرد، وەك جەنگاوەری ئازادی و بەرگریکاری بەها ئینسانییەکان ناسرا، چونکە ئومێدێکی گەورە بە هێزی پێشمەرگە هەبوو کە دەتوانێت ڕێگە لە داگیرکاری و پێشڕەوییەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بگرێت و، وەك هێزێکی کاریگەر دەتوانێت ئاسایش بۆ مەسیحی و ئێزیدی و پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی دیکە کە لەترسی داعش هەڵاتبوون دابین بکات و پارێزگارییان لێ بکات.[80]

[78] Denise Natali: Counting on the Kurds، The Peshmerga's Prospects Against ISIS.

April 22، 2015. https://www.foreignaffairs.com/articles/middle-east/2015-04-22/counting-kurds. Retrieved 07/05/2022.

[79] Ibid.

[80] Arms For Kurdish Peshmerga to affect military balance. DW، 13/08/2014.

بوونی هێزی پێشمەرگە لە سەر زەوی و هاوکاریکردنی لەڕێگەی وەشاندنی گورزی ئاسمانییەوە بوو بە هۆی وەستاندنی پێشڕەوییەکانی داعش. وەك لە زانستی سەربازیدا جەختی لێ کراوەتەوە، هێرشی ئاسمانی بەبێ بوونی سەرباز لەسەر زەوی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە و ناتوانێت ئامانجە خواستراوەکان بەدی بهێنێت. پێشمەرگە لە مەیدانی جەنگ توانی ئەو کاریگەرییە دروست بکات و تێکشکاندنی داعش وەك ئامانجێکی سەرەکی بکات بە حەقیقەت. لەبەرئەوە، بەرپرسانی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا هێزی پێشمەرگەیان وەك هاوبەشێکی متمانەپێکراو ناو برد و جەختیان لە هاریکاریکردن لەگەڵیدا بۆ ماوەیەکی درێژ کردەوە.[81]

بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و هاوپەیمانان سەرەتای ساڵی 2015، ژوورێکی ئۆپەراسیۆن (غرفة العمليات) لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دروست کرا کە تاکوو ئێستاش بەردەوامە لە کارکردن. دروستکردنی ئەو ژوورە لە بەهێزکردنی هاریکاریی نێوان هەردوولا ڕۆڵێکی گرنگی بینی و بوو بە هۆی سنووردارکردنی هێرشەکانی داعش و دواتر شکستپێهێنانی. پێشمەرگە هاوکارێکی گرنگی جێبەجێکردنی چەندان ئۆپەراسیۆنی هێرشبردن دژ بە داعش بوو ، لەڕێگەی دەستەبەرکردنی زانیاریی هەواڵگری گرنگ و دیاریکردنی ئامانجەکان بەوردی. ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش ناوبانگێکی باشی لە شەڕ دژ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بەدەست هێنا[82]. لە لایەکی دیکەشەوە، هێزی پێشمەرگە بە شێوەیەکی باش سوودی

https://www.dw.com/en/arms-for-kurdish-peshmerga-to-affect-military-balance/a-17853077
Retrieved 12/04/2022.

[81] Readout of U.S. Under Secretary of Defense for Policy John C. Rood Visit to Iraq. U.S. Department of Defense, Nov 26, 2019. https://www.defense.gov/News/Releases/Release/Article/2026628/readout-of-us-under-secretary-of-defense-for-policy-john-c-rood-visit-to-iraq. Retrieved 04/05/2022.

[82] Khorsheed, Hussein M.: The Role of Subnational Forces in Combating Terrorism During Civil War: The Case of Peshmarga of Kurdistan Region-Iraq Against ISIS (20142017). Master thesis, Naval Postgraduate School, March 2020, p64.

لە هاوکاری و هەماهەنگیی هاوپەیمانان وەرگرت لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا. لێرەوە بەرپرسانی ئەمریکی پێیان وا بوو دەکرێت پێشمەرگە وەك هێزێکی سەرەکی پشتی پێ ببەسترێت لە بەکارهێنانی هاوکارییەکانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی[83].

مەترسییەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی تەنیا لە چوارچێوەیەکی جوگرافیی دیاریکراودا نەبوون، بەڵکوو خودی ڕێکخراوەکە کاری لەسەر نەهێشتنی سنوورە فەرمییەکانی نێوان وڵاتان دەکرد، هەڕەشەکانیشی دەگەیشتنە ئەودیوی سنوورەکان و وەك ئەکتەرێکی نادەوڵەتی Non-state actor)) بوو بە سەرچاوەی ئاڵنگاری ئاسایشیی گەورە، لەبەرئەوە ئەمریکا پێویستی بە هاوبەشێکی بەهێز بوو، تاکوو ڕێگر بێت لەبەردەم هەڕەشەکانی داعش. لێرەوە کاربەدەستانی ئەمریکا جەختیان کردەوە کە کوردەکان هاوبەشێکی گوێڕایەڵ و کردەیین لە جەنگ دژ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی.[84]

ئاماژەیەک: ئەم بابەتە دوو بەشە و،سەرجەمی سەرچاوەکان لە کۆتایی بەشی دووهەم، کە لە ژمارەی داهاتوودا بڵاو دەبێتەوە، دێن.

[83] United States strategy to defeat the Islamic state in Iraq, one hundred thirteens congress, second season, 17 sept 2017. https://www.govinfo.gov/content/pkg/CHRG-113shrg95102/html/CHRG-113shrg95102.htm . Retrieved 12/05/2022.

[84] Denise Natali: Ibid.

ڕۆمان و بیرەوەری

د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

زانکۆی سلێمانی_
کۆلێجی زانستە
مرۆڤایەتییەکان

سەرەتایەک

سەرجەم ژانرە ئەدەبییەکان، بەتایبەتی شیعرو چیرۆک و ڕۆمان و شانۆنامە، لە پەیوەندییەکی بەردەوامدان لەگەڵ یەکدیدا. ئەگەرچی لەسەرەتادا هێڵێکی پان و ئەستوور لەنێوانیادا هەبوو، بەجۆرێک، ئەگەر بچوونایە نێو سنووری یەکدییەوە، بە خەوش دادەنرا، بەڵام دواتر و لەگەڵ پێشکەوتنی ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی و فرەبوونی میتۆدەکاندا، سنووری نێوان ژانرە ئەدەبییەکان بچووکتر بووەوە. ئیدی ژانرەکان تێکەڵ دەبوون و ژانری دیکەیان بەرهەم دەهێنا، بۆ نموونە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی شیعر و پەخشان لەدواییدا ژانرێکی سەربەخۆ لەدایک دەبێت پێی دەگوترێت "پەخشانەشیعر"، یان چیرۆک و ڕۆمان ئاوێزانی یەکدی دەبن و "نۆڤلێت" بەرهەم دەهێنن، شانۆنامە و چیرۆک دەچنە نێو یەکدی و "شانۆی گێڕانەوەیی" یان "تێکستی درامی" دروست دەکەن. بەهەمان شێوە، ڕۆمان و بیرەوەری تێکەڵاوی یەکدی دەبن و "ڕۆمانبیرەوەری" یان "ڕۆمانی بیرەوەریئامێز" و "بیرەوەریی ڕۆمانئامێز" بەرهەم دەهێنن...هتد، بۆچی؟ چونکە چەندین ڕەگەز و تەکنیکی هونەری هەن، لەنێوان ژانرەکاندا هاوبەشن، بۆ نموونە: گێڕانەوە، ڕووداو، ڕیتم، چیرۆکبێژ، دیالۆگ و کەسێتی، ئەمەش وا دەکات بۆی هەبێت پتر لە ژانرێک ئاوێزانی یەکدی بن و تێکستی فرەژانر بخوڵقێنن، کە هەندێک لە ڕەخنەگران ئەم چەشنە ئاوێزانبوونەی ژانرەکان بە"تێکستی کراوە" ناو دەبەن.

گێڕانەوەی هونەری

زانستێکی تایبەت بە گێڕانەوە هەیە پێی دەوگوترێت گێڕانەوەناسی Narratology کە لە سروشت و شێوە و وەزیفەی گێڕانەوە دەکۆڵێتەوە و، هەوڵ دەدات سیمای هاوبەش و هەروەها خاڵی جیاواز لەنێوان هەموو فۆرم و شێوازەکانی گێڕانەوەدا بدۆزێتەوە. ئێمە لێرەدا لە دوو شێوازی گێڕانەوە دەدوێین: ڕۆمان و بایۆگرافی، یان ڕۆمان و بیرەوەری.

گێڕانەوە تەنیا لەسەر ئەو تێکستە ئەدەبییانە ناوەستێت کە بەشێوەیەکی تەقلیدی گێڕانەوەیان تێدا هەیە، وەک چیرۆک و ڕۆمان، بەڵکوو دەچێتە نێو چەندین کاری هونەری و فۆرمی دیکە، لەوانە شیعر و شانۆنامە و نووسینەوەی بیرەوەری.

گێڕانەوەناسی (ناراتۆلۆجی)، لە سروشت و شێوە و وەزیفەی گێڕانەوە دەکۆڵێتەوە، هەروەها هەوڵ دەدات سیمای هاوبەش و هاوکات خاڵی جیاواز لەنێوان هەموو چەشن و فۆرمەکانی گێڕانەوەدا بدۆزێتەوە. یەکەم جار ڕەخنەگری فەرەنسیی بە ڕەچەڵەک بولگاری تزڤیتیان تۆدۆرۆڤ ئەم زاراوەیەی بەکار هێناوە.

ڕۆمان

ڕۆمان بریتییە لە گێڕانەوەیەکی چیرۆکئامێزی دووردرێژ، لە میانی چیرۆکبێژێکەوە یان پتر لە چیرۆکبێژێک، وێنەی ژیانی کەسێتییەکان لە چەندین ڕووداو و لە چەندین شوێن و کاتی بەریندا، دەردەخات. زۆر جار خەیاڵ ڕۆڵی لە دارشتنی ڕووداوەکاندا هەیە. لە ڕۆماندا چەند ڕەگەزێکی گرنگ کۆدەبێتەوە، لەوانە: ڕووداو، کەسێتیی سەرەکی، شوێن، کات، چیرۆکبێژ (یان گێڕەرەوە)، گێڕانەوە، بۆگێڕەوە، خەیاڵ، وەسف، دیالۆگ، مۆنۆلۆگ، گۆشەنیگا.

ڕۆمان و بیرەوەری لە هەندێ ڕەگەزی تەکنیکەکانی گێڕانەوەدا هاوبەشن و لە هەندێکی دیکەدا جیاوازن. ئەو ڕەگەزانەی لە سەرەوە ناوم بردن، هەموویان لە ڕۆماندا هەن، بەڵام هەموویان لە بیرەوەریدا نین. بۆ نموونە، خەیاڵ و دیالۆگ و وەسف و بۆگێڕەوە، زۆر جار لە بیرەوەریدا بوونیان نییە.

بیرەوەری

بەڵام بیرەوەری (بایۆگرافی) بریتییە لە یاداشت و بەسەرهات و سەرگوزەشتە، یان سەربوردەی ژیان، کە بەمانای گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی کەسێتییەک دێت. لەڕاستیدا، ئەم شێوازە لە نووسین فۆرمێک بووە لە نووسینی ڕۆمان، هەروەک فۆرمێکیش بووە لە نووسینەوەی مێژوو. لێرەدا جۆرێکی دیکە لە بیرەوەری هەیە کە پێی دەگوترێت (ئۆتۆبایۆگرافی)، ئەمەیان بریتییە لە نووسینەوەی ئەزموونی ژیانی کەسێتییەک لەلایەن نووسەر خۆیەوە، واتە نووسەرەکە خۆی بیرەوەرییەکانی ژیانی خۆی دەنووسێتەوە. ئەم چەشنە لە بیرەوەری گرنگتر و ڕاستەوخۆترە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا، واتە لە دۆخی نووسینی بایۆگرافی و ئۆتۆبایۆگرافیدا، تێکستەکە هەم پەیوەندیی بە مێژووەوە هەیە، هەم

پەیوەندیی بە ڕۆمانەوە هەیە. ڕاستە نووسەری بایۆگرافی ئەرکی مێژوونووس جێبەجێ ناکات لە سنوورێکی دیاریکراودا نەبێت، کە پەیوەستە بە واقیع و دۆکیومێنتەوە، بەڵام نووسەری بایۆگرافی لە بنەڕەتدا گرنگی بە واقیعێکی مێژوویی/بابەتی دەدات، بۆیە لەنێوان ڕۆمان و مێژوو، ڕۆماننووس و مێژوونووسدا دەوەستێت، لەلایەک تەکنیکەکانی ڕۆمان بۆ نووسینەوەی بایۆگرافییەکەی بەکاردەهێنێت، لەلایەکی دیکە دۆکیومێنتی مێژوویی.

پێویستە نووسەری بیرەوەری، بوێری و ڕاستگۆیی زۆری تێدا بێت، بوێری و ڕاستگۆییش لە نووسینەوەی بیرەوەریدا، کێشەیە، چونکە لە ڕۆژهەڵاتدا کەم نووسەر هەیە بتوانێت بەبێ ترس و سانسۆر بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە، مەبەستم ترسی سایکۆلۆجی و سانسۆری کۆمەڵایەتییە. دیسان پێویستە نووسەری بیرەوەری هەموو لایەنەکانی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە نەک تەنیا لایەنی ئەرێیی، چونکە ئەگەر تەنیا لایەنی پۆزەتیڤی خۆی بگێڕێتەوە، ئەوا لێرەدا نووسەر لە هەموو بوارەکاندا وەکو پاڵەوانێکی بێهەڵە و سوپەرمان دەردەکەوێت، پێویستە لایەنی نەرێیی و ئەزموونی شکستەکانیشی بگێڕێتەوە، بەو پێیەی هەموو مرۆڤێک لەپاش شکست و نووچدانەکانییەوە دەگاتە پایەکانی داهێنان و سەرکەوتن.

لێرەدا چەندین پێشمەرج هەن پێویستە لە نووسەری بایۆگرافیدا هەبن، دەشێت گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوە بن:

١_ یادەوەرییەکی بەهێز، واتە یەکەمجار یادەوەری (زاکیرە) دێتە پێشەوە و دەبێت بە یارمەتیدەری نووسینەوەی ئۆتۆبایۆگرافی. بەڵام ئەمە بەس نییە، چونکە یادەوەری بە ئەندازەیەکی زۆر پشتی پێ نابەسترێت، بەهۆی ئەوەی یادەوەری بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار کاڵ دەبێتەوە و ڕووداوەکان بیر دەچنەوە.

٢_ گفتوگۆ و کۆکردنەوەی زانیاری لەگەڵ دایک و باوک و خوشک و برا، خاڵ و مام و ئامۆزاکان، هاوڕێی دێرین، ئەوانەی لەقۆناغێکی گرنگی ژیانی نووسەردا لە ڕووداوەکاندا هاوبەش بوون.

٣_ دەفتەری تیانووسی ڕۆژانە و یاداشتی ڕۆژانە، واتە ئەو دەفتەرانەی ڕۆژانە تێبینی و بیرەوەریی سادە و گرنگ و ڕووداوەکانی تێدا تۆمار کردووە، دەشێت ئەو دەفتەرانە بگەنە هەزاران لاپەڕە، لەوانەیە تەنیا سوود لە چەند سەد لاپەڕەیەک وەربگرێت.

٤_ ئەلبومی وێنەی کۆن، بەتایبەتی ئەو فۆتۆیانەی لە پشتییەوە زانیارییان تێدا تۆمار کراوە.

٥_ خوێندنەوەی هەندێ لەو سەرچاوە مێژووییانەی نووسەر لەنێو ڕووداوەکانیدا ژیاوە.

٦_ خوێندنەوەی چەندین بیرەوەریی دیکە، بەتایبەتی ئەوانەی نووسەر یان سیاسەتمەدار بوون و پەیوەندیی هاوڕێیەتیی لەگەڵیاندا هەبووە.

٧_ شارەزایی و ئەزموون لە نووسین و لە تەکنیکە هونەرییەکانی گێڕانەوە.

بیرەوەری لە ئەدەبی کوردیدا

بیرەوەری لە ئەدەبی کوردیدا مێژوویەکی تازەی هەیە. سەرەتاکانی نووسینەوەی بیرەوەری دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، سەردەمی سەرهەڵدانی بیری ناسیونالیزم و ڕێکخراو و پارت و بزووتنەوە کوردییەکان. دەشێت لەم ئاستەدا دوو نموونەمان لەبەردەستدا بێت کە تا ئەندازەیەک هونەری گێڕانەوەیان ڕەچاو کردووە؛ ئەوانیش بریتین لە: (یاداشتەکان)ی ڕەفیق حیلمی و (چیم دی)ی ئەحمەد خواجە. دەبێت بڵێم دوای ئەو دوو بیرەوەرییە، خامۆشییەکی تەواو لە نووسینەوەی بیرەوەریدا دەبینرێت؛ وابزانم بەدرێژایی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم تا دوای ڕاپەڕین هیچ بیرەوەرییەک چاپ نەکراوە. دوای ڕاپەڕین ژمارەیەکی زۆر لە یاداشت و بیرەوەری چاپ و بڵاو دەکرێنەوە کە بەپێی ئامارێکی د.موحسین ئەحمەد عومەر، ژمارەی بیرەوەری و یاداشت و سەرگوزەشتە، تا ساڵی ٢٠١٤، دەگاتە پتر لە ٨٠ تێکستی بیرەوەری. بێ گومان ئێستا، کە ئێمە لە ساڵی ٢٠٢٤ داین، زۆر لەوەش زیاترە. (بڕوانە: ئۆتۆبیۆگرافی و بیۆگرافی وەک ژانرێکی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا_ لە کتێبی: وێنا و ئایدیا_ د.موحسین ئەحمەد عومەر).

نموونەی ڕۆمان_بیرەوەری

ئەم جۆرە تێکستە تا ئەندازەیەکی زۆر ڕۆماننووسان دەینووسنەوە، بۆ نموونە بڕوانە تێکستە نایابەکەی گابریێل گارسیا مارکیز بە ناونیشانی"ژیام بۆئەوەی بگێڕمەوە". ئەم تێکستە بیرەوەرییە بەڵام دەڵێی ڕۆمان دەخوێنیتەوە، یان ئەوانەی شاعیران و ئەدیبان دایدەڕێژن، بۆ نموونە، "الایام_ ڕۆژگارەکان"ی نووسەری میسری تەها حسێن جۆرێکە لە بیۆگرافیا و ئۆتۆبیۆگرافی، هەروەها جۆرێکیشە لە ڕۆمان. لەڕاستیدا، گێڕانەوە لەم کارەدا دابەش بووە لەنێوان ڕۆمان و بیرەوەریدا،

چیرۆکبێژەکە تەها حسێنە، کارەکتەرە سەرەکییەکە کەسێکە ناوی تەهایە، ئەویش هەر تەها حسێنە، بەڵام بە ڕاناوی کەسی دووەم (ئەو) نووسیویەتی، بە بوێری و ڕاستگۆییەوە ڕووداوەکانی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە. ئەم تێکستەی تەها حسێن لەڕووی گێڕانەوەی هونەرییەوە پتر لە ڕۆمان نزیک دەبێتەوە وەک لە بیرەوەری، کەچی ناوەڕۆکەکەی سەرتاپا بریتییە لە بیرەوەریی خۆی.

ڕۆمانی "نانی ڕووت" (الخبز الحافی)ی نووسەری مەغریبی محمەد شوکری، هەروەها بەشی دووەمی بە ناونیشانی (زەمەنی هەڵەکان)، بریتییە لە فۆرمێکی ئاشکرا لە بیرەوەری، بەڵام هاوکات دەچێتە نێو ژانری ڕۆمانیشەوە، چونکە وەکوو ڕۆمان نوسیویەتی و هەموو تەکنیکەکانی ڕۆمانی بەکارهێناوە، واتە بە ئەندازەیەکی زۆر ڕەچاوی لایەنی هونەریی کردووە، ئەم ڕۆمان_بیرەوەرییەی محەممەد شوکری پڕە لە بوێری و ڕاستگۆیی، بەدەگمەن لە ئەدەبیاتی عەرەبی و خۆرهەڵاتیدا بیرەوەریی لەو چەشنە هەیە کە نووسەر ڕاستەوخۆ و بەبێ ترس و سانسۆر، باسی لایەنە ناشیرین و نێگەتیڤەکانی ژیانی خۆیشی دەکات.

ڕۆمانی "کاتژمێر بیست و پێنج"ی ڕۆماننووسی ڕۆمانی کۆنستانتین جۆرجیۆ، کە خۆی لەنێو ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا ژیاوە و ئاگاداری ململانێکانی نێوان ڕژێمە تۆتالیتارەکانی وەک فاشیزم و نازیزم و ستالینیزم بووە، بۆیە دەشێت ئەم ڕۆمانە بە ڕۆمانی ئۆتۆبایۆگرافی لەقەڵەم بدرێت.

لە ئەزموونێکی دیکەدا، شاعیر و ڕۆماننوسی عێراقی فازل عەزاوی، لە تێکستی "الرائي في العتمة" (ڕێبینێک لە تاریکیدا)، دیسان ڕۆمانێکی نووسیوە بەڵام باسی ژیانی خۆی دەکات، بەشێکی تەرخان کردووە بۆ بیرەوەرییەکانی خۆی لەنێو "گرووپی کەرکوک" و چۆن لە بەغداوە دەچێتە دیمەشق و پاشان بۆ ئەڵمانیا...هتد، ناوی نەناوە بیرەوری و ناویشی نەناوە ڕۆمان، بەڵکو لەبریی ژانرێکی ئەدەبی، ناوی ناوە گەواهی (شهادە).

سێینەکەی زوهدی داوودی، "دۆڵی کوفران" کە بریتییە لە: "درێژترین ساڵ، زەمەنی هەڵاتن، گۆڕانکارییەکان"، بەتەواوی بریتییە لە مێژووی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی، لەڕاستیدا هەموو سێینەیەک، کە لە زاراوە ڕەخنەییەکەیدا پێی دەگوترێت "تریلۆگی"، بریتییە لە گێڕانەوەی مێژووی ژیانی بنەماڵەیەک لە سێ قۆناغی جیادا و لە سێ نەوەی جیاوازدا، (لەگەڵ سیروان ڕەحیم کتێبێکی

هاوبەشمان لەسەر زوهدی داوودی هەیە بە ناونیشانی "سروەیەکی گەرم" و من بەشێکم تەرخان کردووە بۆ ئەم لایەنە).

هەروەها بڕوانە سێینەکەی نەجیب مەحفوز: "قصر الشوق، ما بین القصرین، السکریة"، ئینجا "اولاد حارتنا" و "اصداء السیرە الذاتیة"، کە سەرجەمیان گێڕانەوەی بیرەوەری ئامێزن بەشێوازی چیرۆک و ڕۆمان نووسیونی، کەسایەتیی "کەمال" لە سێینەکەی نەجیب مەحفوزدا، وەک خۆی دانی پێدا دەنێ، ڕەنگدانەوەی کەسێتیی نەجیب مەحفوز خۆیەتی، کەشوهەوای سیاسی و کۆمەڵایەتیی میسر لە سییەکان و چلەکاندا لە بایۆگرافیی نەجیب مەحفوزدا، بەئاشکرا لە سێینەکەیدا دەردەکەوێت.

ڕۆمانی "شار"ی حسێن عارف، بەشێکی زۆری بریتییە لە بایۆگرافیی خۆی لەناو حزبی شیوعیدا؛ ڕۆمانی "خانەقای میرزا"ی میران ئەبراهام، هەم ڕۆمانێکی مێژووییە و هەم ڕۆمانێکی بایۆگرافییە سەبارەت بە گێڕانەوەی برووتنەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی شاری سلێمانی لە چەند دەیەیەکدا.

ڕۆمانی "کێ ساڵە شێتی کوشت"ی عەلی کەریم، هەم ڕۆمانە و هەم بایۆگرافیی شارێک. ڕاستە ئەم ڕۆمانە پتر لە خەیاڵی نووسەرەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام تا ئەندازەیەکی زۆر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شاری سلێمانی، لە ساڵانی سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەمدا، دەگێڕێتەوە.

بۆگێڕەوە

بۆگێڕەوە ڕەگەزێکی دیکەیە لە ڕەگەزەکانی گێڕانەوە، بە عەرەبی (المروي لە)، یان (المسرود لە)، لە چیرۆك و ڕۆماندا ئەو کەسە نادیار و بێدەنگەیە کە چیرۆکەکەی بۆ دەگێڕدرێتەوە، کە دەکاتە گوێگر، یان خوێنەر، یان خوێنەری ناوەکی. ڕەخنەگری فەرەنسی جیراڵد پرێنس لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا ئەم زاراوەیەی داهێناوە و وەك ڕەگەزێکی گرنگ لە ڕەگەزەکانی چیرۆك و ڕۆمان ناساندوویەتی؛ لە سەرەتای هەشتاکانیشەوە بوو بە یەکێك لە زاراوەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی گێڕانەوەیی. لەڕاستیدا، بۆگێڕەوە بریتییە لە خودی خوێنەر، ئەمە بەڕوونی هەم لە ڕۆمان و هەم لە بیرەوەریدا هەیە، بەڵام جاری واهەیە لە ڕۆماندا بۆگێڕەوە لەنێو تێکستەکەدا وەکوو کارەکتەرێک بوونی هەیە، کەچی ئەمە لە بیرەوەریدا نییە، چونکە نووسەری بیرەوەری ڕاستەوخۆ بۆ خوێنەر

دەدوێت.

هەندێ جار بۆگێڕەوە نادیارە، واتە قسە ناکات و تەنها گوێ دەگرێت، هەندێ جاری دیش بەشدارە لە پێکهاتەی گێڕانەوەکەدا، لە شێوە دیارەکەیدا جیراڵد پرێنس نموونەی "هەزار و یەك شەو" دەهێنێتەوە، شەهرەیار دەکات بە بۆگێڕەوە و شەهرەزادیش بە چیرۆکبێژ. بەڵام لە نووسینەوەی بیرەوەریدا بۆگێڕەوە لەنێو تێکستەکەدا بوونی نییە.

چیرۆکبێژ

لە ڕۆمان و بیرەوەریدا چیرۆکبێژ (یان گێڕەرەوە_ الراوی) هەیە، چیرۆکبێژ ئەو کەسەیە کە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، ئەم ڕەگەزەی گێڕانەوە هەم لە ڕۆمان و هەم لە بیرەوەریدا هاوبەشە، چیرۆکبێژ لە بیرەوەریدا واقعییە، بەڵام لە ڕۆماندا خەیاڵییە، لە ڕۆماندا دەشێت زیاد لە چیرۆکبێژێک هەبێت. چیرۆکبێژ لە پرۆسەی گێڕانەوەدا کەسێکە ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە، یان بە شێوەیەکی زارەکی یان لە میانی نووسراودا، یاخود لەمیانی کتێبێکەوە بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە. دەشێت چیرۆکبێژ خۆی کەسێتییەکی سەرەکی بێت لە ڕۆماندا و بەسەرهاتەکانی خۆی بگێڕێتەوە، هەندێ جاری دیش لە دەرەوەی ڕووداوەکاندایە، یان ڕووداوەکەی بینیوە و بە بێلایەنی دەیگێڕێتەوە. دەبێت چیرۆکبێژ بەتەواوی جیاواز بێت لە نووسەر، کەچی لە بیرەوەریدا تەنیا یەک چیرۆکبێژ هەیە، ئەویش نووسەر خۆیەتی.

گرنگترین خاڵی هاوبەشی نێوان ڕۆمان و بیرەوەری بریتییە لە "گێڕانەوە"، پاشان تەکنیکە هونەرییەکانی دیکەی گێڕانەوە، وەک: ڕووداو، کارەکتەری سەرەکی، دیالۆگ.

خاڵە جیاوازەکانی نێوان ڕۆمان و بیرەوەری

من لێرەدا پێنج خاڵی جیاوازی نێوان ڕۆمان و بیرەوەریم دەستنیشان کردووە، مەرج نییە تەنیا ئەم پێنج خاڵە هەبن، مەرجیش نییە ئەمانە هەمیشە جیاوازی بن، دەشێت بیرەوەری سوود لە تەکنیکی دیکەی ڕۆمان وەربگرێت، لەوانە ئەو تەکنیکانەی من لێرەدا خستوومنەتە پاڵ ڕۆمانەوە کە لە بیرەوەریدا نین یان زۆر کەمن، بۆ نموونە وەسف، یان کەسێتیی سەرەکی. بۆی هەیە بیرەوەری ئەم

تەکنیکانەیشی تێدا بێت، یان کەسێتیی دیکە لەتەک خۆیدا بکات بە کەسێتیی سەرەکی، لەم حاڵەتەشدا جیاوازییەکانی نێوان بیرەوەری و ڕۆمان کەم دەبنەوە.

1- لە ڕۆماندا خەیاڵ زیاترە لە واقیع، کەچی لە بیرەوەریدا خەیاڵ نییە یان زۆر کەمە. لە ڕۆماندا ڕووداوی خەیاڵی و دروستکراو بوونی هەیە، کەچی لە بیرەوەریدا ڕووداوەکان سەرجەمیان ڕووداوی ڕاستەقینەن، لە کات و شوێنی دیاریکراودا روویان داوە.

2- لە ڕۆماندا کەسێتی و کارەکتەر زۆرن، جگە لە کەسێتیی سەرەکی، کە دەشێت پتر لە کەسێتییەکی سەرەکی هەبێت، چەندین کەسێتیی دیکە هەن کە هەندێکیان لاوەکین و هەندێکی دیکەیان کەم دەردەکەون، بەڵام کاریگەرییان لە گۆڕینی ڕەوتی ڕووداوەکاندا هەیە. لە بیرەوەریدا یەک کارەکتەری سەرەکی هەیە، ئەویش نووسەر خۆیەتی. بێ گومان کارەکتەری دیکە زۆرن، بەڵام سەرەکی نین؛ ئەگەر ڕۆڵی گرنگیشیان هەبێت، ئەوا لە دەوری کارەکتەرە سەرەکییەکەدا دەخولێنەوە و لە بەرژەوەندیی ئەودا دەردەکەون.

3- لە ڕۆماندا دەشێت سەرەتا و کۆتایی ڕووداوەکان پاش و پێشیان پێ بکرێت، بەپێی تەکنیکە هونەرییەکان و بە ڕەچاوکردنی زمان و لایەنی هونەری، دەشێت زەمەنی ڕووداوەکان ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێت، بەڵام لە بیرەوەریدا گێڕانەوەی ڕووداوەکان یەک زنجیرەی بەدوای یەکداهاتوون.

4-

5- لە ڕۆماندا شوێن خەیاڵی و دروستکراوە؛ لە بیرەوەریدا شوێن ڕاستەقینەیە.

لە ڕۆماندا وەسف زۆرە؛ لە بیرەوەریدا وەسف زۆر کەمە و پتر گێڕانەوە هەیە.

دەرئەنجام

ـ ڕۆمان و بیرەوەری دوو ژانری ئەدەبیی سەربەخۆن و سەر بە خێزانی گێڕانەوەن، خاڵی هاوبەشیان لەنێواندا زۆرە، بەتایبەتی لەڕووی تەکنیکەکانی گێڕانەوەوە، هەر وەکوو خاڵی جیاوازیشیان لەنێواندا هەیە.

ـ یەکەمین خاڵی جیابوونەوەیان بریتییە لەوەی ڕۆمان کارێکی هونەرییە و پشت بە خەیاڵ دەبەستێت، کەچی بیرەوەری، کە ئەویش کارێکی هونەرییە، پتر پشت بە واقیع و ڕووداوی ڕاستەقینە دەبەستێت.

ـ ڕۆمان بە ڕاناوی جیاجیا ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام بیرەوەری تەنیا بە ڕاناوی "من" بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە.

سەرچاوەکان:

1- د.موحسین ئەحمەد عومەر، وێنا و ئایدیا_ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٢٣.
2- حسن ناظم، النص و الحياة، دار المدى، دمشق، 2008.
3- سعد محمد رحيم، السرد ينكل بالتاريخ- رتابة السيرة وانتهاك الواقع، دار نينوى، دمشق، 2017.
4- سعد محمد رحيم، سحر السرد- دراسات في الفنون السردية، دار نينوى، دمشق، 2014.
5- عبدالرحمن عمار، بنية التشابه بين المؤلف وشخصياته الروائية، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، 2007.
6- د.محمد صابر عبيد، المغامرة الجمالية للنص السيرذاتي، عالم الكتب الحديث، الاردن، 2011.
7- د.نوزاد أحمد أسود، ثلاثية وادي كفران للروائي الكردي زهدي الداوودي- دراسة سوسيوتاريخية، دار تموز، دمشق، 2014.
8- د.يمنى العيد، الرواية العربية- المتخيل وبنيته الفنية، دار الفارابي، بيروت، 2011.
9- السارد رائيا، مؤتمر السرد الثاني دورة عبدالمجيد لطفي، منشورات الاتحاد العام للأدباء والكتاب في العراق، بغداد، 2017.

مۆدێرنیتەی سیاسی

مۆریس بارییە
و. فەرهاد ئەکبەری

وەسەر پێکەوتنی مۆدێرنیتەی سیاسی
فەسڵی یەکەم

مزگێنیدەرانی مۆدێرنیتەی سیاسی

پاش سەرهەڵدانی تاکگەرایی لە سەردەمی ڕینێسانسدا، مۆدێرنیتەی سیاسییش بەدرێژایی سەدەی هەڤدەهەم، دیار و نادیار کەوتە خۆ دەرخستن و بۆ یەکەم جار نیشانە سەرەتاییەکانی لە بەریتانیادا وەدەر کەوتن. لەم وڵاتەدا، بەفەرمی ناسرانی مافی تاکەکەسی، کە لە سۆنگەی ڕاگەیاندنی مەزنی ساڵی 1215ەوە بواری بۆ خۆش کرابوو، بە داخوازنامە حقووقییەکەی ساڵی 1628 پشتڕاست کرایەوە و پەرەی سەند. داخوازنامەکە زێدەباری ئەو ماف و ئازادییانەی کە لە ڕاگەیاندنە مەزنەکەداهاتبوون، پێشی لەسەر ئەو ماف و ئازادییانە داگرت کە پەرلەمان لەمەڕ ژیان، ئازادی و سەروەت و سامانی هەموو تاکێك دانی پێدا نابوون: "بە بێ بەفەرمی ناسینی مافێکی وا کە هەموو کەسێك بۆی هەبێ لە دادپرسییەکدا داکۆکی لە خۆی بکا، نابێ کێلگە و مەزرای کەس – جا لە هەر پلەوپایەیەکدا بێ – زەوت بکرێ و هەروەها نابێ کەس دەستبەسەر و بەند بکرێت، لە مافی بەمیراتدانی سامانەکەی، بێبەش بکرێ یان بکوژرێت".دواجار، ئەندامانی پەرلەمان دەیانویست بە بێ ڕەزامەندیی پەرلەمان، کەس ناچار نەکرێت بە بەخشینی قەرز و دانی باج و پیتاك و هەروەها "ڕێگە نەدرێت لەبەر باج و پیتاکگەلی خۆڕایی پەلکێش بکرێت بۆ بەردەم دادگە، بەتۆبزی کارێکی پێ بکرێت، یا بگیرێت و ئازار و ئەشکەنجە بدرێت" و "هەروەها نابێ هیچ مرۆڤێکی ئازاد" بە شێوەیەکی نایاسایی" بگیررێ یان بەند بکرێ". ئەندامانی پەرلەمان سەرجەم ئەم داوایانەیان" وەك ماف و ئازادییەکانی خۆیان، بەپێی دەستوور و ڕێوشوێنی ئەم سنووری پاشایەتییە" هێنایە گۆڕێ.

پاش نزیکەی شێست ساڵان، ڕاگەیەندراوی مافەکانی بێڵ ئۆف رایتس ساڵی 1689 دیسانەکە پشتگیریی لەو مافانەی سەرەوە کرد و هەندێ خاڵی تازەشی، بەتایبەت لەمەڕ مافی فەرمانبەران بۆ گەیاندنی داخوازنامەکانیان بە شا، ئازادیی هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان و هەروەها ئازادیی قسەکردن و دەربڕینی بیروڕا لە پەرلەمانی لێ زیاد کرد. ئەم مافە جۆراوجۆرانە کە لە بەریتانیای سەدەی هەڤدەهەمدا وەك مافەکانی تاك دانیان پێدا نرا، سەلمێنەری سەرەتای سەرهەڵدانی

هەبوونی پێناسەکراوی تاك بوو لەهەمبەر دەسەڵاتی سیاسیدا. ئەم دیاردەیە بواری بۆ لێکجیابوونەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی خۆش کرد و بەم ڕەنگە، ڕێگەی بەرەو مۆدێرنیتەی سیاسی کردەوە. ئەم وەرچەرخانە، هەرچەند خاو و لەڕووی مێژوویی و جوگرافیشەوە بەرتەسك بوو، بەڵام لە هزری سیاسیدا، بەتایبەت لە هزری سپینۆزا، لاك و مۆنتسکیۆ ڕەنگی دایەوە و بەردەوام بوو و، ئەمانە هەرکام لە بوارێکەوە هەروەك مزگێنیدەرانی مۆدێرنیتەی سیاسی سەریان هەڵدا.

١. سپینۆزا و ئازادیی بیرکردنەوە

سپینۆزا لەڕێی هێنانەگۆڕێی پرسی ئازادیی هزرین و پەیڤینی تاکەوە، لەڕاستیدا سنووری بەنێوان کۆمەڵگەی سیاسی و تاکدا کێشا و بەم جۆرە، ئۆتۆنۆمیی تاکی لەهەمبەر کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسیدا ڕاگەیاند و لەم ڕێگەیەوە پلانە کەوناراکەی سوکراتی، کە دەیەویست بەئازادی کار لەسەر فەلسەفە بکا و بیروڕای فەلسەفیی خۆی دەرببڕێت، دەست پێ کردەوە. ئارمانجی سەرەکیی ناوبراو لە نامیلکەی"یەزادن ناسیی سیاسی"دا لەڕاستیدا داوای ئازادی بۆ تێکڕای مرۆڤەکان و داکۆکیکردن لەو ئازادییەیە. ئەم ئازادییەش مافێکە لەهەمبەر کۆمەڵگەی سیاسی و دەسەڵاتداراندا و نەك هەر هەڕەشە لە ئاشتی و ئارامیی دەوڵەت ناکا، بەڵکوو بەپێچەوانەوە بۆ پاراستنی ئازادییەکەش زەرووریيە. بۆیە، دەسەڵاتی سیاسی دەبێ"ڕێگە بە هەموو کەسێك بدا تاکوو چۆنی پێ خۆشە بیر بکاتەوە و بیروڕای خۆشی دەرببڕێت".

سپینۆزا بە تەما بوو ئەوە بسەلمێنێت کە "لە کۆمارسالارییەکی ئازادا هەموو کەسێك ئازادیی تەواوی بیرکردنەوە و ڕادەربڕینی هەیە". ئەویش وەك هۆبز پێی وابوو کە کۆمەڵگە بەگوێرەی ڕێککەوتنێك دادەمەزرێت کە تاکەکان لەڕێگایەوە، چاو لە مافگەلی سروشتیی خۆیان دەپۆشن و ڕادەستی کۆمەڵگەیان دەکەن و تەنانەت دەڵێت:" هەر تاکێك سەرپاکی دەسەڵات و شیانەکەی خۆی ڕادستی (کۆمەڵگە) دەکا". بەڵام تاکەکان ناچار نین سەرلەبەری مافگەلی سروشتیی خۆیان ڕادەست بکەن، بەڵکوو بۆیان هەیە دەست بە هەندێکیانەوە بگرن: "هیچ نابێت دەست لە سەرجەم مافە سروشتییەکانی خۆی بەر بدا. بۆیە لە سەرجەم کۆمەڵگە ڕێکخراوەکاندا، خەڵك بەگوێرەی سەنگ و بایەخێکی سروشتی، دەست بە هەندێ ویست و توانایی کەسانی خۆیانەوە دەگرن کە ئەگەر لێیان وەر بگیرێن، ئەمە بۆی هەیە دەوڵەت تووشی مەترسیی گەورە بکا".تاکەکان ئەگەر پێیان باش بێت، تەنانەت بۆیان هەیە واز لە پەیمانەکەی خۆیان بێنن، بەتایبەت دەبێت لەبیرمان نەچێت تاکەکان ناکرێت واز لە مافی هزرینی ئازادی خۆیان بێنن، چونکە ئەمە مافێکی ڕادەستنەکراوە: "هەموو مرۆڤێك لەڕووی هزر و بیروباوەڕەوە خودان سەربەخۆیی تەواوە و هەیچ کات تەنانەت ئەگەر لەڕووی نیازپاکیشەوە بێت، بۆی نییە ئەم مافەی خۆی ڕادەستی کەس بکا". دەسەڵاتی سیاسی نە دەبێت ببێتە فەرمانڕەوای هزری مرۆڤەکان و نە باوەڕ یان بیروباوەڕێکی ئایینیان بەسەردا بسەپێنێت، چونکە تاکەکان بەگوێرەی مافگەلی سروشتیی خۆیان، بەردەوام ئازادیی هزرین لای خۆیان دەپارێزن. ئازادیی هزرین لە سۆنگەی تایبەتمەندییە سروشتییەکەیەوە دەبێت لە کۆمەڵگەدا بپارێزرێت، چونکە لەکیسچوونی ڕاست بە مانای دەستدرێژیکردنە سەر سروشتی مرۆڤە. سپینۆزا، بەپێچەوانەی هۆبزەوە،"داکۆکی لە مافگەلی سروشتی دەکا" و هەروەها باوەڕی وایە کە" دۆخی سروشتی" لە کۆمەڵگە" بەردەوام دەبێت". لەئەنجامدا، لە نامیلکەی سیاسی (1677) دا دان بە بوون و بەردەوامیی مافی سروشتی لە کۆمەڵگەدا دەنێت.

سپینۆزا بۆ داکۆکی لە بۆچوونەکەی خۆی، بە شێوەیەکی کلاسیك، هزر و پراکتیك و عەقڵ و ویست لێك جویێ دەکاتەوە. هەروەك دەزانین توانایی هزرین لە تاك هەڵناوێررێت و بۆیە ڕادەست نەکراوە، کەچی مافی هەڵسووڕان بە کۆمەڵگەوە بەستراوەتەوە و هەربۆیە ڕادەستی ئەو (کۆمەڵگە) کراوە: " هەر کەسێك بە ویست و دڵخوازی خۆی لەو مافی هەڵسووڕانەی چاوی پۆشیوە، بەڵام هیچ شتێکی لە مافی هزرینی خۆی ڕادەست نەکردووە". پەیمانی کۆمەڵایەتی لەسەر بناخەی ڕێککەوتنی مرۆڤەکان بۆ ڕادەستکردنی مافی یەکەم (مافی هەڵسووڕان) دامەزراوە نەك مافی دووەم. کەوابوو، نابێت یاساگەلی ئەوتۆ دەربکرێن کە لە سۆنگەیانەوە هزرێك یان باوەڕێك بەربەند بکرێت یان بسەپێنرێت. ئینجا، کارێکی وا هەم بێکەلکە و هەم مەترسیدار، چونکە ئەم چەشنە یاسایانە، بەردەوام دەبنە سەرچاوەی ئاژاوە. بۆیە بەپێی یاسا، تەنیا دەبێت ڕەفتاری مرۆڤەکان بخرێتە ژێر چاوەدێرییەوە نەك باوەڕ و قسەکانیان. لەڕاستیدا هزر دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات و کۆنترۆڵی یاساوە: "سیستەمی یاسادانان بڕاوبڕ نابێ لەمەڕ بیروباوەڕی خەڵك بڕیار دەربکات و ڕێوشوێن دابنێت، مادام کە ئەم بیروباوەڕانە سەرهەڵدانیان لێ نەکەوێتەوە و

داوودەزگەکان و دەوڵەت تێك نادەن".

لای سپینۆزا ئازادیی هزرین نەك هەر ئازادیی بیرکردنەوەی فەلسەفی، بەڵکوو ئازادیی باوەڕ و عەقیدەشی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام ئەم ئازادییە، هەر پەیوەندیی بە ئازادیی هزر و ئیمانی تاکەوە هەیە، چونکە چالاکیگەلی دەرەکی، بۆ نموونە، ڕێوڕەسم و سێرمۆنیاگەلی ئایینی – پەیوەندییان بە دەسەڵاتی سیاسییەوە هەیە. هەروەها ئەم ئازادییەش، ئازادیی ڕادەربڕینەی لەڕێگەی پەروەردە و نووسینەوە، پێویستە. بەڵام ئازادیی ڕادەربڕین بە کۆمەڵێك مەرجەوە گرێ دراوە: بەتایبەت نە دەبێ بانگەشە بۆ باوەڕگەلی ئاژاوەگێڕانە بکرێت، نە دەشبێ ڕەخنە لە بڕیارگەلی دەسەڵات و دەسەڵاتداران بگیررێت.

بەم حاڵەش، دەبێ ئەوەمان لە بیر بێت کە سپینۆزا بە ڕاگەیاندنی ئازادیی هزر و ڕادەربڕین، سنوورێکی زۆر پتەوی بۆ دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی دانا. زێدەباری ئەمەش، ناوبراو مافێکی ڕادەستنەکراو و فەزایەکی پارێزراو و دەست بۆنەبراوی بۆ تاك دەویست.

بێ گومان ئەمە ئازادییەکی ڕووتی دەروونییە و پێوەندیی بە ڕەفتاری دەرەکییەوە نییە و لەبابەتی ئایینەوە، تەنیا لەمەڕ باوەڕ و عەقیدەکانەوە سوودی لێ دەبینرێت و نە لەمەڕ ڕێوڕەسم و سێرمۆنیاگەلی ئایینی و، هەروەها لەبارەی خاوەدارێتیی ماڵ و سامانەوە ناکارایە. زێدەباری ئەمانەش، هەر ئەم ئازادییە بۆ خۆی، ناڕاستەوخۆ بوو بە ڕچەشکێنی پرسی جیاییی سنووری تاکەکەسی و کۆمەڵگەی سیاسی. لەڕاستیدا، تاك ئیدی تەنیا بە ئەندامێکی دەوڵەت دانەدەنرا تاکوو سەرپاکی مافەکانی خۆی ڕادەستی جڤاك کردبێت و بەتەواوی گوێڕایەڵی دەسەڵاتی سیاسی بێت. تاك، بەتوندی، پارێزگاریی لە فەزایەکی تایبەت دەکرد کە گەرچی ئەم فەزایە تەنیا هزر و دەربڕینی دەگرتەوە، بەڵام لە ناویدا تەواو ئازاد بوو. سپینۆزا هێشتا لە جیاییی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی نەگەیشتبوو، بەڵام جیاییی نێوان کۆمەڵگەی سیاسی و فەزای تایبەتی هزری کەسانیی ڕاگەیاند و بەم شێوەیە، پرەنسیپی بنەڕەتیی مۆدێرنیتەی سیاسیی هێنایە گۆڕێ. زۆری پێ نەچوو، لۆك بە جۆرێکی تر، ئەم بابەتەی درێژە پێ دا.

٢. لۆك و ڕاگەیاندنی فەزای تایبەت

جۆن لۆك- یش لە نامیلکەی "لەبارەی حکوومەتی مەدەنی" (1690)دا، بنکی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی لەسەر پەیمانی کۆمەڵایەتی، واتە لەسەر ڕێککەوتن دامەزراند. تاکەکان بەئازادی کۆمەڵگە پێك دێنن و دەسەڵاتی خۆیانی ڕادەست دەکەن: "لێرەدا تەنیا کۆمەڵگەیەکی سیاسی هەیە کە هەر ئەندامێك تێیدا لە دەسەڵاتە سروشتییەکەی بێبەری کراوە و ڕادەستی کۆمەڵگەی کردووە". بەڵام لەبەر چەند هۆیەك، میتۆدی لۆك لە میتۆدەکەی هۆبز جیاوازە؛ یەکەم، لە ڕوانگەی لۆکەوە دۆخی سروشتی، نەك دۆخی شەڕ، بەڵکوو دۆخی ئاشتییە، کە تاکەکان تێیدا ئازاد و یەکسانن. لای ئەمان، قسە لە دەربازبوون لە دۆخی سروشتی ناکرێت، بەڵکوو باسی لابردنی کەموکورتییەکانیەتی تاکو ڕێ لە کلابوونی بەرەو دۆخی شەڕ بگیردرێت. دیارە هەرکە دەسدرێژی بکرێتە سەر یاسای سروشتی هەموو کەسێك بۆی هەیە بەرگری لە خۆی بکات. بەڵام چاولێکردنی مرۆڤەکان وەك داوەر و سەرپشکی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان، مەترسیدارە و ئەگەری ئەوە هەیە دۆخی شەڕی لێ بکەوێتەوە، هەر ڕاست بۆ نەهێشتنی ئەم چەشنە کەموکورتیانەیە کە مرۆڤەکان کۆمەڵگە و حکوومەتی مەدەنی پێك دێنن و، ئەم حکوومەتەش هەروەك دەزانین، ئەرکی چاوەدێریی قانوونی سروشتی و پاراستنی ئاشتیی لە ئەستۆیە. بۆیە، "حکوومەتی مەدەنی لەڕاستیدا ڕێگەچارەیەکی تایبەت بۆ نەهێشتنی کەموکورتییەکانی دۆخی سروشتییە". کەوابوو، ژیان لەناو کۆمەڵگەدا کۆتایی بە دۆخی سروشتی ناهێنێت، بەڵکوو هەم ڕای دەگرێ، هەمیش بۆ پاراستنی تێدەکۆشێ: "ئەو ئەرکانەی کە لە یاساگەلی سروشتی دەکەونەوە، لە کۆمەڵگەدا نابڕێنەوە بەڵکوو لە زۆر ڕووەوە تەنانەت بەهێزتریش دەبن".

لە ڕوانگەی لۆکەوە، گەرچی تاکەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی مەدەنی، دەسەڵاتە سروشتییەکەیان ڕادەستی کۆمەڵگە دەکەن، بەڵام بەپێچەوانەی خواستی هۆبزەوە، چاو لە هەموو مافەکانی خۆیان نانووقێنن و دەسەڵاتێکی ڕەها دانامەزرێنن. لە ئەنجامدا، نەك هەر خۆیان ناهێننەوە ئاستی ئەندامێکی ساکاری کۆمەڵگە و فەرمانبەرانی دەسەڵات، بەڵکوو پارێزگاری لە تاکیەتیی تایبەتی خۆیان دەکەن. حکوومەت ئەرکی" داکۆکی لە خاوەندارەتیی ئەوان" — واتە سەرپاکی ئەوەی هەیانە، لەوانە: ژیان، ئازادی و سامانەکەیانی لە ئەستۆیە. زێدەباری ئەمەش،

تاكەكان چاودێریی دەسەڵات دەکەن و ئەگەر پێویستیش بوو، دەتوانن گەندەڵییەکانی دەستنیشان و زێدەڕۆییەکەشی کۆنترۆڵ بکەن. بەدەر لەمەش، هەرکە فەرمانڕەوایان سەرەڕۆیانە، نادادگەرانە و ملهوڕانە بجووڵێنەوە، تاکەکان بۆیان هەیە بۆ گۆڕینیان، دژیان ڕاپەڕن. کەوابوو. تاکەکان نە بەتەواوی لە کۆمەڵگەدا تواونەتەوە و نە تەواو فەرمانبەری حکوومەتن، بەڵکوو لە بەرامبەرکۆمەڵگە و حکوومەتدا سنوورێك دەپارێزن. لەڕاستیدا، ئەوان فەزایەکی تایبەت، ڕادەستنەکراو و دەست بۆنەبراو بۆ خۆیان دەهێڵنەوە و دەتوانن لەهەمبەر کەڵکئاوەژووی شیمانەکراوی دەسەڵاتدا بیپارێزن.

بەم ڕەنگە بوو کە پایەی جیایی نێوان فەزای تایبەت و کۆمەڵگەی سیاسی دانرا. هەرچەند کۆمەڵگەی سیاسی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیگەلی تایبەتی تاك بە زەرووری دەزانرێت، بەڵام هەر ئامرازێکە و بەس و لەڕاستیدا، حکوومەتی مەدەنی لە خزمەتی ئەو ئامانجانەدایە کە دەبێت خزمەتیان پێ بکات. دیارە ئەم چەشنە تێگەیشتنە گەرای مۆدێرنیتەی سیاسیی لە هەناوی خۆیدا گووراند و لە دوو بەستێنی سەرەکیدا واتە خاوەندارێتی و ئاییندا کاری پێ کرا و لە هەر دوو بەستێنەکەشدا بەرۆونی دان بە مافەکانی تاکدا نرا.

پێویستە بزانین کە لۆک بۆچوونێکی تازە و نوێیاوی لەمەڕ خاوەندارێتی هێنایە گۆڕێ. لەڕاستیدا، لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، وشەی خاوەندارێتی بریتییە لەوەی مولکی مرۆڤە واتە ژیان، ئازادی و سەرووەت و سامانەکەی. کە وابوو، مرۆڤ، خاوەنی خۆی و ڕەفتاری خۆیەتی. لۆك بنەمای خاوەندارێتیی ماڵ و سامان بۆ خودی تاك و بەشێوەیەکی وردتریش بۆ کار و پیشەکەی – کە هی خۆیەتی – دەگەڕێنێتەوە، کەچی لە ڕوانگەی هۆبزەوە، بنەمای خاوەندارێتی بۆ دەسەڵاتی زاڵ دەگەڕێتەوە و هەر بۆ خۆیشی خاوەندارێتی دابەش دەکات. لەڕاستیدا، "هەر کەسێك خاوەن مافێکی تایبەت بە خۆیەتی، کارێك کە لە جەستەی دەیکێشێتەوە و هەروەها بەرهەمی دەستەکانی بە سامانی ئەو دەژمێردرێن. کەوابوو ئەوەی کە لە سۆنگەی تێکۆشان و بەهرەی خۆیەوە وەدەستی هێناوە، هەر هی خۆیەتی".

دەسەڵاتی زاڵ سەرچاوەی خاوەندارێتیی تاك نییە، بەڵکوو سەرچاوەکەی کار و تێکۆشانی تاکەکە بۆ خۆیەتی. بۆیە، خاوەندارێتی مافی سروشتیی تاکە ئافرێنەرەکەیەتی و، کەوابوو ناگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت یان حکوومەت. خاوەندارێتیی شمەکەکان بریتییە لە دەربازکردنیان لە فەزای گشتییەوە

بۆ فەزای تایبەت لەڕێی کارەوە: " کار، کە هی منە، لەڕێی دەرکردنی ئەم شمەکانە لە دۆخی هاوبەش–ەوە(کە تاکوو ئێستا تێیدا بوون) بۆ جێگیرکردن و کردنی بە هی من". کە وابوو، کاری تاك پایەی خاوەندارێتییە، نەك کۆمەڵگە یان فەرمانڕەوا: "مرۆڤ وەك سەرەوەر و خاوەنی خۆی و هەروەها سەرپاکی ڕەفتار و کاری خۆی، هەتاهەتایە سەرچاوەی سەرەکیی خاوەندارێتییە". بەم جۆرە لۆك، بە داپچڕاندنی خاوەندارێتی لە دەسەڵاتی زاڵ و گرێدانی بە کاری تاکەوە، جیایی فەزای سیاسی و فەزای تایبەتی وەدی هێنا وئۆتۆنۆمیی تاکی ڕاگەیاند.

ناوبراو هەروەها بە جیاکردنەوەی مسۆگەری ئایین لە سیاسەت، کڵێسە لە دەوڵەت، گەیشتە ئەنجامێکی هاوشێوە، کەچی هۆبز دەیەویست ئەم دووانە بکاتە یەك. لۆك لە بابەتێکدا بە ناوی "نامەیەك لەمەڕ تۆلێرانس" (1689)، بەڕوونی کاروباری بەڕێوەبردنی وڵات لە کاروباری ئایینی جوێ دەکاتەوە. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە کڵێسە و دەوڵەت لە سۆنگەی سروشت و ئامانجەکانیانەوە لێك جودان. دەوڵەت داوودەزگەیەکی بە سروشت مایەکی و دنیاییە کە تەنیا ئامانجگەلی مایەکی و دنیایی لەڕێی ئامرازگەلی مایەکی و دنیاییەوە جێبەجێ دەکات؛ دەسەڵاتی سیاسی تەنیا بایەخ بە پرسگەلی کۆمەڵایەتی و مەدەنی دەدات و نابێت خۆی بە کاروباری ڕۆحی و مەعنەوییەوە خەریك بکات. ئایین پێوەندیەکی ئەوتۆی بە دەوڵەت و حکوومەتی مەدەنییەوە نییە. لەڕاستیدا، دەسەڵاتی سیاسی بۆی نییە دەست لە کاروباری مەعنەوی وەر بدا و بۆیە ناتوانێت لەم بوارەدا کارێکی وا بکات. لەئەنجامدا، بەپێچەوانەی ئەوەی هۆبز دەیویست، ناکرێت دەوڵەتی مەسیحی بێتە کایەوە.

لەلایەکی ترەوە، کڵێسەش دامەزراوەیەکی ئازاد و خۆزایە، چونکە هەموو کەسێك بەئازادی ئایین و کڵێسەکەی هەڵدەبژێرێت. ڕاستە، ئازادیی باوەڕ و ئایین لە بازنەی دەسەڵاتی دەوڵەت بەدەرە و تەنیا پەیوەندیی بە تاکەوەیە. لەمانەوە وا دەردەکەوێت کە ئایین بەتەواوی سەربەخۆیە لە دەوڵەت و، کڵێسە نفووزی دەسەڵاتی سیاسیی بەسەرەوە نەماوە. کە وابوو، دەسەڵاتی سیاسی بۆی نییە ئایین یان باوەڕێك بسەپێنێت یان بەربەندی بکا و، زێدەباری ئەمەش، بۆی نییە دەست لە بنەما ئایینی و ڕێوڕەسمە کانیان وەر بدا. بەم جۆرە سنوور و قەڵەمڕەوی دەوڵەت بەڕوونی دیاری کراوە و، هەربۆیە، کڵێسە دەتوانێت سەربەخۆ لە دەوڵەت هەبێت.

لەئەنجامدا، لە پاڵ دەوڵەتدا، بوونی فەزایەکی جیاواز و جیاکراوە، واتە فەزای باوەڕ و ویژدانی تاکەکەسی و کاروباری مەعنەوی بەرەسمی ناسرا. لۆك بە ڕاگەیاندنی ئازادیی کەسانی لە کاروباری ئایینی و سەربەخۆیی کڵێسە لە دەوڵەت، لەڕاستیدا، تاك و ئایینی لە کۆمەڵگەی سیاسی و دەسەڵات جیا کردەوە. ناوبراو – ڕاست وەك پرسی خاوەنداریێتی – بە جوێکردنەوەی سیاسەت لە دین، بەڕاستی، هەوڵی جیاکردنەوەی فەزای سیاسیی لە فەزای گشتی دا و بەم جۆرە، پرەنسیپی مۆدێرنیتەی سیاسیی لەڕێی دیاریکردنی مەودای نێوان دەوڵەت و تاکەکان، بەم دوو شێوەیە خستە ڕوو: لەلایەکەوە، تاکەکان مافگەلی سروشتیی خۆیان دەپارێزن و چالاکیی دەوڵەت کۆنترۆڵ دەکەن و لەلایەکی ترەوە، فەزای تایبەتیش تەنیا لە سنووری هزردا کورت نەدەکرایەوە کە سپینۆزا بیری لێ دەکردەوە، بەڵکوو پەلی بۆ هەر دوو بواری خاوەنداریێتی و ئایینیش دەهاوێشت. دیارە ئەم بۆچوونەش لەچاو بۆچوونەکەی هۆبزدا تازەیە. کە وابوو، دەکرێت لۆك بە سەرچاوەی مافی مرۆڤ دابنرێت. چونکە ئازادیی باوەڕ، ویژدان، ئایین، مافی خاوەنداریێتی و مافی بەرەنگاربوونەوەی زۆردەستیی ڕاگەیاند. نیوسەدە پاش ناوبراو، مۆنتسکیۆ-ش لەڕێی میتۆدگەلی ترەوە، بواری بۆ مۆدێرنیتەی سیاسی خۆش کرد.

ژان ژاك ڕۆسۆ

لەسۆنگەی پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە کە دۆخی سروشتی دەگۆڕێت بۆ دۆخی مەدەنی، تاك واز لە ئازادییە سروشتییەکەی خۆی دێنێت و دەبێتە خاوەنی ئازادیی کۆ. لە دەوڵەتە دڵخوازەکەی ڕۆسۆدا، ئازادیی تاکەکەسی بەدی ناکرێت و ئازادیی کۆمەڵایەتی هەیە و بەس، کە لەڕاستیدا ئازادیی پێکهاتەی سیاسییە و لەڕێگەی ویستی گشتییەوە دەردەبڕدرێت. ئەم چەشنە ئازادییەش لە ئازادیی کۆیی دەوڵەتشاری کۆن دەچێ و گەڕانەوەی ڕۆسۆ بۆ نموونەی پێش مۆدێرن پشتڕاست دەکاتەوە.
هەروەها ئەوەندەی پەیوەندیی بە سەروەت و سامانی تاکەوە هەیە، دەبێت بڵێین، لەڕاستیدا هەر لەڕێی پەیمانی کۆمەڵایەتییەوەیە کە تاك لە خاوەنداریێتیی واقیعی (سروشتی)یەوە دەپەڕێتەوە بۆ خاوەنداریێتیی یاسایی. بەڵام ئەم خاوەنداریێتییە بە مافێکی ڕاستەقینەی تاکەکەس دانانرێت و تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتدا وەك خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم سامانە، مانای هەیە. لەڕاستیدا، هەر

تاکێك "بوون، بەهرە و ئیمکاناتەکەی -لەوانە سامانەکەی- ڕادەستی کۆمەڵگە دەکا". ئەم سامانە لە کۆنترۆڵی خاوەنداریێتیی گشتیدایە کە " بەهێزتر و بێگەڕانەوەتر"ە لە خاوەنداریێتیی تایبەت، چونکە "بەگوێرەی پەیمانی کۆمەڵایەتی، دەوڵەت کۆنترۆڵی سامانی ئەندامەکانی بەدەستەوە دەبێت. لەڕاستیدا، کۆمەڵگە لەڕێی کۆنترۆڵی سامانی ئەندامەکانییەوە، گەرەنتیی "خاوەنداریێتییە ڕەوا"کەیان دەکات. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە لە سامانەکەیان بێبەشیان دەکات. کە وابوو، خاوەن سامانەکان لەڕاستیدا بە "ئەمانەتدارانی سەروەت و سامانی گشتی" دەژمێررێن و دەوڵەت داکۆکیی تەواو لە مافەکانیان دەکات. بەم جۆرە تاك لەڕێی ئەسپاردنی دەسەڵاتی سەروەت و سامانەکەیەوە بە دەوڵەت، دەبێتە خاوەن ئەو سامانە. بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەم خاوەنداریێتییەی تەنیا لەلایەن دەوڵەتەوە پێی بەخشراوە و، بۆیە تا ئەو کاتە بەردەوام دەبێت کە دەوڵەتی لە پشت بێت. کە وابوو، لەسەر بنەمای مافی قسە لە سەر خاوەنداریێتیی تایبەت لەسەر بنەمای مافی تاك ناکرێت، بەڵکوو قسە لە سەر خاوەنداریێتییەك دەکرێت کە دەستکرد و گەرەنتیکراوی دەوڵەتە و، هەر بەوپێیەش لە کۆنترۆڵی دەوڵەتدایە. لەئەنجامدا. لە ڕوانگەی ڕۆسۆوە ڕاست وەك هۆبز، خاوەنداریێتییەك لە دەرەوەی دەوڵەت نییە و ئەم ڕوانگەش لە مۆدێلی دەوڵەتی بەر لە مۆدێرندا دەگونجێ.ت
مۆدێلی دەوڵەتی بەرلە مۆدێرن سەرڕۆدەر (ئیلهامبەخش) هەڵوێستەکەی ڕۆسۆ دەرهەق بە ئایینیشە. دیارە ئەم هەڵویستە سیتاڤك (سایە روشن)ی زۆری تێ دەکەوێت. ناوبراو "ئایین"، واتە مەسیحیەتی پشتبەستوو بە ئینجیل، بۆیە ڕەد دەکاتەوە کە ئایینێکی مەعنەویی ڕووتە و مرۆڤ لە کۆمەڵگە دەتارێنێت. ئەم ئایینە نەك هەر "هیچ پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ پێکهاتە سیاسی"دا نییە، بەڵکوو "لەگەڵ گیانی کۆمەڵگەش"دا ناتەبایە. بەڵێ ڕۆسۆ لەگەڵ ئایدیای ئایینیی کەسانی (شەخسی) کە پەیوەندیی بە ویژدانی کەسانی و ژیانی تایبەتەوە هەبێت نامۆیە. ناوبراو لەمەڕ ئازادیی ئایینیش هەر ڕایەکی هاوشێوەی ئەوەی سەرەوەی هەیە، چونکە لای وی ئایین تەنیا بابەتێکی سادەی تایبەت نییە، بەڵکوو بە کۆمەڵگاوە گرێ دراوە.
ڕۆسۆ "ئایینی هاووڵاتی" ،واتە ئایینی دەوڵەتشاری کۆن، لەبەر کەموکوورییە زۆرەکەی، خستە پشتگوێ. هۆیەکی ئەوە بوو کە ئەم ئایینە تەنیا سنووری دەوڵەتشارێکی دەگرتەوە و بەکردەکی لەگەڵ دەوڵەتشاردا دەبووە خوداوەند یەك ناسنامە (identity). چونکە لە دەوڵەتشاردا، بە یەك



چاو سەیری ئایینی یەزادنی و خزمەتی دەوڵەت و هۆگریی قانوونیان دەکرد، کە واتە، ئایینەکەش بیچمێکی" ستەمکارانە و ڕەوێنەر"ی وەردەگرت؛ شوێنکەوتووەکانی دەکردە "خوێنڕێژ و توندڕۆ" و ئەوانی" لە دۆخی سروشتیی شەڕ لەگەڵ ئەوانی تر"دا ڕادەگرت. لەم سۆنگەیەوە، ئایینێکی وا بۆ خۆی بێزراو و مەترسیشە بۆ سەر دەوڵەت.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەم پرسانە ڕۆسۆ مژاری " ئایینی مەدەنی" دێنێتە گۆڕێ کە وێڕای پەیوەندیی بە "ئایینی هاووڵاتی"یەوە، لە کێماسییەکانیشی بەدوورە. لەڕاستیدا، " ئەوە بەلای دەوڵەتەوە گرنگە کە هەر هاووڵاتییەك هەڵگری ئایینێکی وا بێ کە بیکاتە هۆگری ئەرکەکانی"، بەڵام ئەم ئایینە هەر لەسۆنگەی ئەو لایەنە ئەخلاقی و ئەرکانەوە، بەلای دەوڵەتەوە گرنگە، کە پەیوەندی بە کەسانی ترەوە پەیدا دەکەن. کە وابوو، لێرەدا قسە لە سەر ئایینێکی" مەدەنیی ڕووت"ە کە دەوڵەت دەستنیشانی دەکات. پرەنسیپەکانی ساکار و کەمن و پتر لایەنی "وشیاریی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی" دەگرنەوە و بۆ ئەوەی مرۆڤ بکەنە "هاووڵاتییەکی چاك" و "بەڕێوەبەرێکی وەفادار" پێویستن. بۆیە دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە کەسێك کە پابەندی ئەم پرەنسیپانە نەبێت و لەم ڕێیەوە خۆی وەك "پێنەگەیشتووی کۆمەڵایەتی" و کەمتەرخەم لەهەمبەر قانووندا بنوێنێت، دووری بخاتەوە. تەنانەت دەوڵەت بۆی هەیە کەسێك کە ئەم پرەنسیپانەی قبووڵ کردوون کەچی پێشێلیشیان دەکا، سزای مەرگی بەسەردا بسەپێنێت. چونکە ئەم کەسە "لەهەمبەر قانووندا درۆی کردووە". ڕاستە گەرچی "ئایینی مەدەنی" پەیمانی کۆمەڵایەتی و قانوون بە پیرۆز دەزانێت، بەڵام باوەڕنەبوون بە تۆلێرانس کە پێناسەی ئایینی هاووڵاتییە لەبەر دەرەنجامگەلی کۆمەڵایەتیی نەرێیی (نیگەتیڤ) و حەتمییەکانی قبووڵ ناکات. ئەو ئایینە مەدەنییەی کە ڕۆسۆ بانگەشەی بۆ دەکرد، سەرباری دووربوونی لە کێماسییەکانی ئایینگەلی کۆن، واتە ڕەواندن و توندڕۆیی، دیسانەکەش هەر لە ئایینی دەوڵەتشاری کۆن دەچێت. کە وابوو، لەم لایەنەشەوە گەڕانەوە بۆ دەوڵەتشاری کۆن بەڕوونی بەدی دەکەین.

سەرچاوە:

مدرنیتەی سیاسی. موریس باربیە. مترجم: عبدالوهاب احمدی. ناشر: آگە. سال انتشار: 1402

گرنگیی کارڵ پۆپەر

ماریۆ ڤارگاس یوسا

و. عەبدولخالق یەعقووبی

ماریۆ ڤارگاس یوسا یەکێکە لە نووسەرە هەڵکەوتەکانی نەک هەر ئەمریکای لاتین و جیهانی ئیسپانی-زمان بەڵکوو هەموو جیهان. ژیانی ئەدەبیی ئەو لە ئەورووپاوە دەستی پێکرد، بەڵام شوێنی زۆربەی ڕۆمانەکانی وڵاتەکەی خۆیەتی، واتە پیرۆ. هەرچەندە دەنگی ناڕەزایی یۆسا بەرامبەر بە ئاژاوە کۆمەڵایەتییەکان، گەندەڵیی سیاسی، و توندوتیژی کەموزۆر لە هەموو نووسینەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام باوەڕی هەمیشە ئەوە بووە کە هونەرمەند خۆی لە بانگەوازکردن و لایەنگیریی زەق بەدوور بگرێت و نابێت ئایدیاڵە هونەرییەکان ئالوودەی پڕوپاگەندەی ئایدۆلۆژی بکات.

یوسا ساڵی ١٩٣٦ لە وڵاتی پیرۆ لەدایک بوو. هەر لە هەمان وڵاتدا خوێندنی یاسا و ئەدەبیاتی تەواو کرد و ساڵی ١٩٥٩ بە نووسینی تێزێک لەسەر گابرێل گارسیا مارکێز، بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستگەی مەدرید وەرگرت. دوای ئەوە ماوەیەک لە فەرەنسا وەک ڕۆژنامەنووس کاری کرد و لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە هاوکات لەگەڵ نووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ناوبەناو لە زانکۆ جۆراوجۆرەکانی ئەورووپا و ئەمریکا خەریکی خوێندن بوو. هەندێک لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی بریتیین لە: گفتوگۆ لە کاتەدرال، شەڕی ئاخرزەمەن، و مەرگ لە ئاند و سوربێز.

ئەم بابەتەی بەردەستتان کە لێرە دەیخوێننەوە دەقی وتارێکی ماریۆ ڤارگاس یوسایە لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٩١ لە زانکۆی نیویۆرک، کە جۆرێک تێڕامانی هزری و فەلسەفییە لەمەڕ جیهانی ئەمڕۆ و دۆخی مرۆڤ لەم جیهانەدا لەڕێگەی باسکردن لەسەر فیلسوفێکی ناسراوی دونیای مۆدێڕن، واتە کارڵ پۆپەر.

***

بە باوەڕی کارڵ پۆپەر، هەمیشە ئەگەری هەڵەکردن هەیە تەنانەت لەو مەعریفانەشدا کە پێدەچێت جێگیرترین مەعریفە بن. ئەم هۆشیارییە لەمەڕ خلیسکان بەو مانایە نییە هەقیقەت قابیلی بەدەستهێنان نییە، بەڵکوو بەو مانایەیە مرۆڤ بۆئەوەی دەستی بە ئەو هەقیقەتە ڕابگات، پێویستە هەمیشە بۆ پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانی و تەحەمولکردنی بۆچوونی ئەو کەسانەی کە گومانیان لە ڕاستییە چەسپاوەکانی هەیە ئامادە بێت.

ئەو پێشکەوتنەی مرۆڤ لە زۆر بواردا بەدەستی هێناوە، لەوانە زانست و تەکنەلۆجیا و کۆمەڵگە و سیاسەت، بوونی حەقیقەت دەسەلمێنێت. مرۆڤ هەڵەی کردووە و لە هەڵەکانی فێرە شت بووە

و، بەم شێوەیەش وردە وردە و پتر سروشت و خۆی ناسیوە. ئەم ڕەوتە کۆتایی نایەت و جووڵەی پاشەکشەیی و بزووتنی زیگزاگ ئاسا ڕەت ناکاتەوە. تەنانەت گریمانە و تیۆرییە ساختەکان هەندێک زانیاری لەخۆ دەگرن و ئێمە لە ڕاستییەکان نزیک دەکەنەوە. ئایا ئێمە لە بواری پزیشکی و فەلەکناسی و فیزیادا لەم ڕێیەوە پێش نەکەوتووین؟ شتێکی هاوشێوە سەبارەت بە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیش لەئارادایە. کولتووری دیموکراتیک لە کۆمەڵگە کراوەکاندا لەڕێگەی هەڵە و ڕاستکردنەوەی هەڵەوە هەلومەرجی ماددی و کولتووریی باشتری بۆ مرۆڤ دەستەبەر کردووە و دەرفەتی زیاتری بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی پێ بەخشیوە. (ئەمەش هەمان "شێوازی هەنگاو بە هەنگاو"ە، واتە بژاردەی ڕیفۆڕمی وردە وردە و چاکسازی لەجیاتی شۆڕش [و توندتیژی] کە پۆپەر بە باشتری دەزانێت).

پۆپەر ڕەخنە - واتە بەکارهێنانی ئازادی - بە بناغەی پێشکەوتن لەقەڵەم دەدات. بەبێ ڕەخنە، بەبێ ئەگەری "پووچەڵکردنەوەی" هەرچەشنە دڵنیاییەک، کەس ناتوانێت لە بواری زانست یان بۆ باشترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی ئامانجی خۆی بپێکێت. کاتێک هەندێک ڕاستی و هەقیقەت قابیلی تاقیکردنەوە و ڕەخنەگرتن نەبن، کاتێک ئێمە لە پرسیارکردن و بەراوردکردنی ڕەوایەتیی هەرجۆرە تیۆرییەکدا سەربەست نەبین، میکانیزمی مەعریفە لە ئیشکردن دەوەستێت و زەمینە بۆ شێواندنی خۆش دەکرێت. ئەوکات لەبری هەقیقەتە عەقڵییەکان، ئەوەی دێتە بەر دەممان ئەفسانە و پشکنینی بیر و باوەڕ و سووتاندنی کتێب و لەسێدارەدانی لادەرەکان و سیحر و جادووە. وەک لە ڕابردوودا کە مرۆڤ تاکێکی ئازاد و ئاوەزمەند نەبووە، بەڵکوو کۆیلە و بوونەوەرێکی جەماوەری بووە و تەنیا وەک یەکێک لە ئەندامانی خێڵ هەژمار کراوە، بابەتی ناعەقڵانی و دۆگما و قەدەغەکراوەکان دەسەڵات دەگرنە دەست و دەبنە مەرجەع [و سەرچاوەی بڕیار]. ئەم ڕەوتە ڕەنگە، وەک لەنێو بناژۆخوازەکاندا دەبینرێت، بیچمێک وەخۆ بگرێت کەس نەتوانێت هیچ شتێک بەپێچەوانەی "ڕاستییە" پیرۆزەکانەوە بڵێت و گومانی ڕەوای لەسەریان هەبێت، یان ڕەنگە وەک کۆمەڵگە تۆتالیتارییەکان (لانیکەم تا پێش پێرێسترۆیکا [زاراوەیەکی ڕووسییە کە ئاماژەیە بۆ زنجیرەیەک چاکسازیی ئابووری کە لە ساڵی ١٩٨٥دا هاتە ئاراوە کاتێک میخائیل گۆرباچۆڤ سەرۆکی ئەوکاتەی سۆڤیەت بوو. -وەرگێڕ-]) ڕوخساری جیهانێک وەخۆ بگرێت کە لێکۆڵینەوە لە ڕاستییە فەرمی و حکوومییەکان بە ناوی "پەروەردەی زانستی"ی مارکسیزم-لینینیزمەوە تێیاندا قەدەغەیە. لە هەر حاڵەتێکدا، دەرئەنجامی هەردوو سیستمەکە، وەک نازیزم و فاشیزم، دەستبەرداربوونی خۆبەخشانە یان زۆرەملێیە لە مافی ڕەخنەگرتن، کە بەبێ ئەو، عەقڵانییەت تێدا دەچێت و کولتوور هەژار دەکەوێت و زانست دەگۆڕێت و دەبێتە نهێنیکاری و سیحر و ئەفسوونگەری و، لەژێر پەردەی مرۆڤی شارستانییەوە، دڕندەی سیحرلێکراوی سەردەمە تاریکەکان جارێکی دیکە بۆ جیهان دەگەڕێتەوە. بۆ پێشکەوتن هیچ ڕێگایەک نییە جگە لەوەی مرۆڤ پێویستە دەیان جار بکەوێت و هەستێتەوە و، دیسان سەرلەنوێ کەوتن و هەستانەوە. هەڵە هەمیشە لەئارادایە، چونکە بژاردەی دروست ئاوێتەی دۆخێکە هەڵەهەڵگرە. لە دارستانی بەرفراوانی ئەو هەڵە و فریو و بێتوانایی و ناتەواوی و وەهمانەی تێیدا سەرگەردانین، تاکەئامرازێک کە هەقیقەت بۆی هەبێت بە یارمەتیی ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە، ڕەخنەی عەقڵانی و بەردەوامە لە هەر مەعریفەیەک یان هەرشتێک کە مەعریفەی لێ بکەوێتەوە. ڕەخنەی لەم چەشنە گوزارشت لە ئازادی دەکات و، بەبێ ڕەخنە، مرۆڤ خۆی بە ستەم و دڕندەیی و هزرڕەشی ناچار دەکات.

ڕەنگە هیچ بیرمەندێکی دیکە وەک پۆپەر ئازادیی بە پێویستییەکی گرنگ بۆ مرۆڤ نەزانیبێت. ئازادی نەک هەر دەستەبەری شێوازی ژیانی شارستانی و پاڵنەری خولقاندنی کولتوورییە، بەڵکوو شتێکی یەکلاکەرەوەتر و بنەڕەتیترە، واتە بنچینەی مەعریفە. ئازادی ڕێگە بە مرۆڤەکان دەدات لە هەڵەکانی خۆیانەوە فێرە شت بن، میکانیزمێکە ئەگەر نەبوایە، ئێمە هێشتاش وەک باوباپیرانمانی تۆتەمپەرست و مرۆڤخۆرمان، هەر لەنێو زۆنگاوی نەزانی و نائاوەزمەندیدا پەلەقاژەمان بوو.

ئیپیستمۆلۆژیای (مەعریفەناسیی) پۆپەر باشترین ڕوونکردنەوەی فەلسەفیی بەهای ئەخلاقیی لێبووردەییە، کە کولتووری دیموکراسی لەسۆنگەیەوە لەسەرووی هەموو شتێکەوە تایبەتمەند دەکات. ئەگەر بەهای ئەزەلی و ئەبەدی لەئارادا نەبن، ئەگەر تاکەڕێگای پێشکەوتن لە ئەنجامی زانین و هەڵەکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان بێت، کەواتە دەبێت هەموومان لەوە تێبگەین ئەوەی لە ڕوانگەی ئێمەوە هەقیقەتە لەوانەیە هەقیقەت نەبێت و، ئەوەی ئێمە پێمان وایە هەڵەی دوژمنەکانمانە، لەوانەیە هەقیقەت بن. هەر داننان بە ئەگەری هەڵەبوونی خۆمان و ڕاستبوونی ئەوانی تر، ئەم باوەڕەی لێ دەکەوێتەوە کە پێشکەوتن لەڕێگەی باسوخواس و گفتوگۆ و دانوستان

و پێکەوەژیان لەچاو سەپاندنی بۆچوونی فەرمی و پابەندکردنی هەمووان بە شوێنکەوتن و سزادان یان ناشرینکردنی خەڵک لە حاڵەتی سەرپێچیکردندا زیاتر مسۆگەر دەبێت.

کۆمەڵگەی داخراو و جیهانی ٣

لە سەرەتای مێژووی مرۆڤدا، تاک لەئارادا نەبووە؛ تەنیا خێڵ بووە و کۆمەڵگەیەکی داخراو. جیهانی جەماوەریی گوشراو لە خۆیدا دەمارگرژانە هەوڵی دەدا دەرگا بەڕووی ئاژەڵ و ڕەشەبا و ڕۆحە نگریس و هۆکارە بێئەژمارەکانی ترس و تۆقاندنی مرۆڤی سەرەتایی بەداخراوی بهێڵێتەوە. تاکێک کە خۆی دەسەڵاتی خۆی بەڕێوە ببات و لە دونیایەکی لەم شێوەیە دوور بێت، خوڵقێندراوی نوێیاوی مرۆڤایەتییە. کەسێکی لەمجۆرە لەگەڵ بیچمگرتنی ڕۆحی ڕەخنەگرانە، واتە لەگەڵ پەرەسەندن و پشکووتنی ئاوەزمەندی و مافی بەکارهێنانی ئاوەز، جیا لە مەرجەعی ئایینی و سیاسی، دروست دەبێت.

لە خاڵێکی مێژوودا، بەڕێکەوت یان لە ئەنجامی پرۆسەیەکی ئاڵۆزدا، هەندێک کەس ڕەتیان کردەوە مەعریفە وەک شتێکی ئەفسوناوی و کۆمەڵێک باوەڕی پیرۆز لە چوارچێوەی تابووەکاندا ببینن و، لێرەوە ڕۆحی ڕەخنەیی لەدایک بوو. گواستنەوە بۆ ئەم جیهانە نوێیە گەشەسەندنی سەیروسەمەرەی زانست و تەکنیک و هونەر و بەگشتی داهێنەربوونی مرۆڤی لێ کەوتەوە. باش بێت یان خراپ، (چونکە هیچ ڕێگەیەک نییە بۆئەوەی بیسەلمێنێت ئەم بزووتنەوەیە بەختەوەریی بۆ مرۆڤ مسۆگەر کردووە یان نا) ڕۆحی خێڵەکی لە ژیانی عەقڵی و هزری داتەکێندرا و، ئەم ڕەوتە تا ئەو ئاستە خێراتر بوو کە هەندێک کۆمەڵگەی فڕێدایە ناو خولگەی پەرەسەندنێکی ڕێکوپێک لە هەموو بوارەکاندا. سەرەتای سەردەمی عەقڵانییەت و ڕەخنەگری بەو مانایە بوو، لەو خاڵە بەدواوە، ئەوەی کاریگەریی یەکلاکەرەوەی لەسەر کۆمەڵگە دەبێت، جیهانی ٣ دەبێت نەک جیهانی ١ یان ٢.

لەنێو هەموو ئەو ناونان و پۆلێنکردنە بێشومارانەی کە زاناکان بەکاریان هێناوە، هیچیان وەک ئەوەی کارڵ پۆپەر ڕوون و ڕێنیشاندەر نین: جیهانی ١ لە شتە مادییەکان یان شتەکان (ئۆبژەکان) پێکدێت؛ جیهانی ٢ جیهانی کەسی و ناوەوەی زەینە (سووژە) و، جیهانی ٣ بریتییە لە بەرهەمەکانی

ڕۆحی مرۆڤ. جیاوازیی جیهانی ٢ و جیهانی ٣ ئەوەیە کە جیهانی ٢ لە زەینییەتی تایبەتی تاکدا، واتە بیرۆکە و وێنە و هەست و سۆزی تایبەتی هەر مرۆڤێک، دروستکراوە، لە کاتێکدا، بەرهەمی جیهانی ٣، هەرچەندە لە دەلاقەی زەینییەتی تاکەکەسییەوە دێنە نێو گۆڕەپانی بوونەوە، بەڵام عام و گشتیین؛ وەک تیۆرییە زانستییەکان، دامەزراوە تایبەتەکان، بنەما ئەخلاقییەکان، کارەکتەرە خەیاڵی و چیرۆکییەکان، بەرهەمە هونەرییەکان و بەگشتی سەرلەبەری میراتی کولتووری.

زێدەڕەوی نییە ئەگەر وای دابنێین کە لە سەرەتاییترین قۆناغەکانی شارستانییەتدا، جیهانی ١ فەرمانڕەوای ژیان بووە. ژیان لە دەوری هێز و توندوتیژیی سروشت - هەورەتریشقە و وشکەساڵی و پەنجەی شێر – ڕێکدەخرا، بە جۆرێک کە مرۆڤەکان لەبەرامبەریدا لاواز و بێدەسەڵات بوون. لە هەر کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیدا، سنووری نێوان جیهانی ٢ و جیهانی ٣ بەرتەسک و ناجێگیرە و زۆرجار بەئاسانی دەڕەوێتەوە. سەرۆک عەشیرەت یان مەرجەعی ئاینی (کە هەردووکیان کەموزۆر لە یەک کەسدا کۆ دەبنەوە) زەینییەتی خۆی دەخاتە پێگەی هەژموون و هاووڵاتییان ناچار دەکات دەستبەرداری زەینییەتی خۆیان بن. جیهانی ٣ کەم تا زۆر بە چەقبەستوویی دەمێنێتەوە. ڕەوتی نەگۆڕ و وشکی ڕێسا و باوەڕەکان، بەردەوامی و دووبارەبوونەوەی دۆخی هەبوو ڕادەگرێت و دەپارێزێت. دیارترین تایبەتمەندیی کۆمەڵگەیەکی لەو جۆرە ترسی گەورەیە لە گۆڕانکاری. هەست دەکرێت هەر چەشنە تازەگەری و داهێنانێک مەترسیدارە و نیشانەی هێرشی هێزە بیانییەکانە.

ڕۆحی ڕەخنەگر هەر لەوکاتەوەی لەدایک بوو، درزی خستە نێو دیوارەکانی کۆمەڵگەی داخراو و، مرۆڤی بردە نێو گۆڕەپانی ئەزموونێکی نەناسراوەوە، واتە بەرپرسیارێتیی تاکەکەسی. ئازادی کە هەم کچ، هەمیش دایکی ئاوەزمەندی و ڕۆحی ڕەخنەگرانەیە، بارێکی قورس دەخاتە سەر شانی مرۆڤەکان. مرۆڤ ئەرکی ئەمە وەئەستۆ دەگرێت کە خۆی دیاری بکات و خۆی بڕیار بدات چی سوودمەندە و چی زیانبەخشە و، ئەوەیکە ئایا کۆمەڵگە ڕاست دەکرێتەوە یان پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە و، چۆن دەشێت ڕووبەڕووی ئالنگارە بێکۆتاییەکانی ژیان ببێتەوە. پۆپەر دەڵێت هەر لەم سۆنگەیەوە بوو هاوتەریب لەگەڵ کۆمەڵگەی کراوە، کەسانێک بە ئاراستەی پێچەوانە هەوڵیان دا ڕێگەی بەسەردا دابخەن و، خودی ئازادی بەتاڵ و ڕەت بکەنەوە و هەناسەیەکی نوێ بەبەر کۆمەڵگەی خێڵەکیدا بکەن.

لەو ساتەوەختە پڕ لە نهێنییەوە کە جیهان لە کۆتوبەندی خوداوەند و جنۆکەگەلی سەردەمی بتپەرستی ڕزگاری بوو و بوو بە ئالنگاریی بەردەوام بۆ عەقڵی بوونەوەرە دەسەڵاتدارەکان، ڕێڕەوی مرۆڤ گۆڕا. جیهانی ٣ لێوانلێو لە بەرهەمگەلی ئەو هێزە ڕۆحییە داهێنەرەی کە لە بەندی باوەڕپشکنی و سانسۆر ڕزگاری بووبوو، ڕەونەقی پەیدا کرد و کاریگەرییەکانی لەسەر جیهانی ١ و ٢ ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بوو. هەڵبەت ئاوەزمەندی و ڕاستییە زانستییەکانیش لەم ڕێیەدا تووشی شکست و لادان لە ڕێڕەوی دروست هاتن، بەڵام وردە وردە بەسەر زۆرداری و توندوتیژی و دۆگمای ئاینی و خورافات و هێزە ناعەقڵانییەکاندا زاڵ بوون، کە بووبوونە ئامرازی حوکمڕانی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا. بەم شێوەیە بوو، بەردی بناغەی کولتووری دیموکراسی - واتە کۆمەڵگەیەکی کراوە کە تێیدا خەڵک خۆیان خۆ بەڕێوە دەبن و لەبەردەم یاسادا بەرابەرن - دانرا.

بەڵام ترس لە گۆڕان و ترس لە پیشهاتە نادیارەکان و تۆقین لە بەرپرسیارێتیی بێسنوور ڕێگەی دابوو کۆمەڵگەی داخراو تا ئەمڕۆش لە ژێر هەموو جۆرە دەمامکێکدا بەردەوام بێت و تەنانەت سواری سەری دیموکراسییەکانیش بێت. خەباتەکە هیشتا نەک هەر سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکوو لەوانەیە هەرگیز سەرکەوتوو نەبێت. "بانگەوازی خێڵ" هەروا بەردەوام قەوم و نەتەوەکان و (تەنانەت لە کۆمەڵگە کراوەکاندا) ئەو تاک و گرووپانەی کە هەرگیز لە هەوڵی ماندوونەناسانە بۆ کۆتاییهێنان بەو کۆمەڵگەیانە و لەناوبردنی کولتوری ئازادی سڵ ناکەن، هان دەدات.

بەپێچەوانەی ئەوەی مرۆڤ پێی وایە، سەرسەختترین نەیارانی ڕووناکبیریی کۆمەڵگەی کراوە لەنێو ئەو کەسانەدا دەبینرێن کە زۆرترین سوودیان لە ڕۆحی ڕەخنەیی وەرگرتووە. بە باوەڕی پۆپەر، لە کتێبی "کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی"، سەردەستەی فەیلەسوفە تۆتالیتێرەکان کە تا ئۆگستۆس کۆنت و هیگڵ بەردەوامە و لەگەڵ مارکس دەگاتە لووتکە، گەورەترین فەیلەسوفی سەردەمی کەونارا (و ڕەنگە هەموو سەدە و سەردەمەکان) ئەفلاتون بووە. ئەم ئارگیومێنتە لەلایەن هەندێک کەسەوە ڕەت کراوەتەوە، بەڵام بەدەر لە وردبینییەکان، هزری پۆپەر ڕاست دەپێکێت، ئەمەش بەو مانایەیە کە فێڵبازترین و کاریگەرترین دوژمنی کولتووری ئازادی "مێژووگەرایی" یان "ڕێبازی ڕەسەنایەتیی مێژوو"یە.

مێژووگەرایی و چیرۆکنووسین

ئەگەر باوەڕتان وایە مێژووی مرۆڤ پێش ئەوەی ڕووبدات بڕیاری لەسەر دراوە؛ ئەگەر پێتان وایە ژیان میکانیزمێکی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە کە مرۆڤەکان تێیدا هیچ یان کەموزۆر هیچ کاریگەر و دەستڕۆیشتوو نین؛ ئەگەر پێتان وایە پێشکەوتنی مرۆڤ عەقڵانی و یەکگرتووە و، هەر بۆیە، پێشبینیهەڵگرە؛ بەکورتی ئەگەر پێتان وایە مێژوو مانایەکی نهێنی و شاراوەی هەیە کە سەرەڕای هەمەچەشنی و جۆراوجۆریی بێسنووری ڕەوتی مێژوو، ڕێکخستنێکی هاوئاهەنگ و لۆژیکیی پێ دەبەخشێت - وەک "پازڵێک" کە هەموو پارچەکانی لە شوێنی دروستی خۆیاندا دادەنرێن – کەواتە، بە ڕای پۆپەر، ئێوەش یەکێکن لە مێژووگەراکان. ئێوە لە مێژوو بتتان دروست کردووە و دەیپەرستن و، ئاگادار بن یان نا، لەبنەوە لە ئازادی دەترسن و سام دەتانگرێت لەوەی دان بەوەدا بنێن کە ژیان سەرلەنوێ ئاوەدان دەکرێتەوە و لەوەی کە بەرپرسیارێتیی قبووڵکردنی ئەو مانایە وەئەستۆ بگرن.

مێژوو هیچ ڕێکخستن و لۆژیک و مانا و لەسەرووی هەمووشیانەوە، هیچ ئاراستەیەکی عەقڵانیی نییە کە کۆمەڵناس و ئابووریناس و ئایدیۆلۆگەکان بتوانن پێشوەختە بە شێوەیەکی زانستی پەی پێ ببەن. مێژوونووسان ڕێکوپێکی و نەزم بە مێژوو دەبەخشن و، لەڕێگەی ڕاڤە و بە یارمەتیی ڕوانگەگەلی هەمیشە کاتی کە تەنیا بەشێک لە تەواوی دیمەنەکە دەگرێتەوە و دواجار وەک ئافرێندراوە هونەرییەکان لە زەینەوە هەڵێنجراون، هەوڵ دەدەن یەکانگیریی پێ ببەخشن و شیاوی تێگەیشتنی بکەن.

فراژووبوونی مرۆڤ ڕێگە نادات هیچ ڕێڕەو یان ئاراستەیەکی تایبەتی لێ هەڵێنجین. بیرکردنەوە لەوەی شتێکی لەو شێوەیە مومکینە، نەک هەر لە ڕوانگەی مێژووییەوە بەڵکوو لە ڕوانگەیەکی لۆژیکیشەوە گریمانەیەکی بێبنەما و بەتاڵە، چونکە، بە گوتەی پۆپەر، پێشبینیکردنی پەرەسەندنی داهاتووی مەعریفە کارێکی نەکردەیە. لەم ڕووەوە، بەو پێیەی ڕەوتی مێژوو بە شێوەیەکی سەرەکی لەسۆنگەی دۆزینەوە و داهێنانی تەکنیکی و زانستییەوە دیاری دەکرێت، کە بۆمان نییە پێشوەختە ئاگاداری بین، ناتوانین ڕێڕەوەکەی پێشبینی بکەین.

یەکێک لە هۆکارە بەهێزەکان لەبابەت پێشبینی هەڵنەگربوونی ڕەوتی مێژوو، ڕووداوەکانی ئێستایە.

ده ساڵ لەمەوبەر کێ دەیتوانی پێشبینیی پریستۆریکا (چاکسازیی ئابووری لە وڵاتی سۆڤییەتی جاران) و داڕمانی بەڕواڵەت خۆرانەگری کۆمۆنیزم بکات؟ یان پێشبینیی ئەوە بکرێت کە پێشکەوتنی سەرسوڕهێنەری میدیای بینراو و بیستراو کە ڕۆژ بە ڕۆژ کۆنترۆڵکردنیان قورستر دەبێت، گورزێکی گورچبڕی ئەوتۆ لە سانسۆر و چاودێریکردنی بیروڕا بدات؟

بەوحاڵەشەوە، نەبوونی ڕێسا مێژووییەکان بەو مانایە نییە کە هیچ مۆدێلێک بۆ گەشەکردنی مرۆڤ نییە. داهاتوو پێشبینیکراو نییە، بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە هەر چەشنە پێشبینییەکی کۆمەڵایەتی مەحاڵە. زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن لە بوارە تایبەتەکاندا ئەمە نیشان بدەن کە لە هەندێک بارودۆخی دیاریکراودا، ڕوودانی هەندێک ڕووداو حەتمییە. بۆ نموونە، زیادەڕەویکردن لە چاپکردنی دراو دەبێتە هۆی هەڵاوسان. هەروەتر، لە بوارگەلێکی وەک زانست و یاسای نێودەوڵەتی و ئازادیدا، بێ گومان مرۆڤ دەتوانێت کۆمەڵێک پێشکەوتنی کەموزۆر بە ئاراستەی هێڵی ڕاست لە ڕابوردووەوە تا ئەمڕۆ ببینێت. بەڵام تەنانەت لەم بوارانەشدا ژیرانە نییە کەسێک پێی وابێت پێشکەوتن لە داهاتوودا حەتمی دەبێت. هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە مرۆڤ بۆ دواوەوە بگەڕێتەوە و نوشوستی بهێنێت و هەموو پێشکەوتنەکان بدۆڕێنێت.

بەو حاڵەشەوە، گریمان ئەرکی مێژوونووس نەک دۆزینەوەی یاسا و ڕێساکانی پەیوەندیدار بە چالاکییەکانی مرۆڤ، بەڵکوو تەنها گێڕانەوەی ڕووداوە تایبەتەکان بێت، خۆ کەس ناتوانێت بەبێ هیچ دیدگایەک، یان ڕوانگەیەک، یان ڕاڤەیەک، لە نووسین یان تەنانەت تێگەیشتن لە مێژوودا سەرکەوتوو بێت. بەڵام پۆپەر دەڵێت هەڵەی مێژووگەراکان لەوەدایە کە ڕاڤە مێژووییەکان لەگەڵ تیۆری یان یاسا تێکەڵ دەکەن. ڕاڤە سنووردارە و هەڵگری گشت نییە و، بەم پێیەش بەسوودە بۆئەوەی ڕێکوپێکی بۆ ئەو ڕووداوانە بهێنرێت کە ئەگەر ئەو ڕاڤەیە بەم چەشنە نەبێت، دەبووە بارستەیەکی پشێوی پێکهاتوو لە ڕووداوەکان. ڕاڤە و لێکدانەوەی مێژوو وەک ململانێی نێوان چینەکان یان نەژادەکان یان بیر و باوەڕی ئاینی و دینی، یان ململانێی نێوان کۆمەڵگە داخراو و کراوەکان، دەتوانێت ڕوونکەرەوە بێت، بە مەرجێک قایل بە بەهای گشتی یان تایبەت، بۆ هیچ کام لەو ڕاڤانە نەبین. لە مێژوودا، بوار بۆ ڕاڤەگەلی دژبەیەک و تەواوکەر و بەهەڵکەوت پێکەوگونجاو هەیە، بەڵام نەک بۆ "یاسا" بە مانای ڕاڤەیەکی تاک و حەتمی.

مێژووگەراکان وا دەکەن ڕاڤەیان جێی متمانە نەمێنێت، چونکە ڕاڤەکانیان بە یاسایەک دەزانن کە مرۆڤ دەشێت بە شێوەیەکی نەزۆکانە [و پاسیڤ] ملکەچیان بێت، وەک چۆن شتەکان پەیڕەوی لە یاسای کێشکردنی زەوی یان ڕاسان و ڕۆچوونی ئاوی دەریا لە جووڵەی مانگ دەکەن. هیچ یاسایەک بەم مانایە لە مێژوودا نییە، چونکە باش یان خراپ (و بە بۆچوونی پۆپەر و زۆرێک لە ئێمە هەر ئەوە باشتر کە) مێژوو ئازادە و لەسۆنگەی ئازادیی مرۆڤەوە لەدایک بووە و، هەر بۆیەش، ڕوودانی تەنانەت نائاساییترین ڕووداوەکانیش تێیدا دوور لە چاوەڕوانی نییە. بەگوێرەی پۆپەر لە کۆتا بڕگەی کتێبێکی بە ناوی "هەژاریی مێژووگەرایی"دا، "وەک بڵێی هەموو مێژووگەراکان هەوڵیان داوە بۆ قەرەبووکردنەوەی لەدەستدانی جیهانێکی نەگۆڕ، پاڵ وە ئەم باوەڕەوە بدەن کە گۆڕان قابیلی پێشبینیکردنە، چونکی یاسایەکی نەگۆڕ بەسەریدا زاڵە."

چەمکی پۆپەر بۆ مێژووی نووسراو، ڕێک هەمان ئەو بیرۆکەیەیە کە من هەمیشە لەسەر ڕۆمان هەمبووە، واتە ڕۆمان جۆرێکە لە ڕێکخستن و تەکووزی (نەزم) بەخشین بە کەتوار (واقیع)ی مرۆیی بۆ پاراستنی مرۆڤەکان لە دڵەڕاوکێ و ترسی تێگەیشتنی ناخوئاگایان بۆ جیهان و ژیان وەک گۆڕەپانێکی گەورەی ناڕێکوپێکی و پەرێشانی.

هەر ڕۆمانێک بۆئەوەی هێزی قەناعەت پێهێنانی هەبێت، دەبێت وەک پێکهاتەیەکی قایلکەر و ڕێکوپێک و جیهانێکی ڕێکخراو و شیاوی تێگەیشتن کە بەشەکانی لە سیستەمێکی هاوئاهەنگدا بەیەکەوە گرێدراون وشیاریی خوێنەر بگرێتە خۆی و لەسەر بنەمای ئەو وشیارییە بەرفراوان بێت. ئەوەی پێی دەوترێت مرخی تۆلستۆی و هێنری جەیمز و پرۆست و فۆکنەر، هەر بەتەنیا سەرچاوەگرتوو لە هێزی کارەکتەرە خەیاڵییەکان و باری دەروونیی تاریک و ڕەش و نووسینی وردبینانەی پڕ لە ڕاسان و ڕۆچوون و دەربڕینی پێچەڵپێچ و خەیاڵی بەهێزەوە نییە، بەڵکوو لە سەرووی هەموویانەوە دەرئەنجامی ئەندازیاریی یەکانگیر و ژێرخانی تۆکمە و باش دروستکراوەی جیهانی چیرۆکی [و خەیاڵیی] خۆیانە. ئەم نەزمە پتەو و شیاوی تێگەیشتنەی کە ژیان تێیدا بەشێوەیەکی لۆژیکی و ناچارەکی بەرەوپێش دەچێت و هەموو دەرکەوتەکانی ڕۆحی مرۆڤی تێدا دەست دەکەوێت، ئێمە ئەفسوون و شەیدا دەکات، چونکە دڵنیاکەرەوەیە. ئێمە ناخوئاگا ئەم تێگەیشتنە بۆ هەموو جیهانی کەتوار دەگوازینەوە، جا ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت ئیتر سەرسوڕهێنەر و ئاژاوەگێڕانە



و سیاچاڵێک لە بێمانابیەکان نییە و، بێسیستەمی و نارێکوپێکی تێیدا دەگۆڕێت بۆ یەکانگیری و ئاوەزمەندی و ڕێکوپێکی و، دڵنیایی و متمانەیەکمان بۆ دەگەڕێنێتەوە کە هیچ شتێک لەوە قورستر نییە وازی لێ بهێنین - دڵنیابوون لەوەی کێین، لە کوێین و لە هەمووی گرنگتر، بەرەو کوێ دەڕۆین. بەڕێکەوت نییە کە ساتەکانی لووتکەی ڕۆمان پێش ئاژاوە مێژووییە گەورەکان هاتوون و، بەپیتترین کاتەکانی نووسینی چیرۆکیش ئەو کاتانە بوون کە بیر و باوەڕی بەکۆمەڵ - چ باوەڕی ئاینی یان سیاسی و چ کۆدەنگییە ئایدۆلۆژیک یان کۆمەڵایەتییەکان- داڕماون یان ڕووخێنراون. لە سەردەمی وادا، کە مرۆڤی ئاسایی پێگەی پتەوی ڕابردووی خۆی لەدەست داوە و بە سەرلێشێواوی ماوەتەوە، پەنا بۆ چیرۆک دەبات - واتە بۆ یەکانگیری و نەزمی جیهانی خەیاڵی. دیسانیش بەڕێکەوت نییە کە پتەوترین و وردترین و بەشکۆترین و ڕێکخراوترین و لۆژیکترین نەزم - نەزمی جیهانی مارکی دی ساد، کافکا، پرۆست، جۆیس، دۆستۆیڤسکی و تۆڵستۆی - لەو کۆمەڵگەیانەدا سەرهەڵدەدەن کە تووشی توندترین لێکترازانی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی و ئەخلاقی هاتوون. ئەو باڵەخانەیەی کە ئەم نووسەرانە لە دونیای خەیاڵدا چێیان کردووە سنووری تەسکی بارودۆخی مرۆڤ تێدەپەڕێنێت و (وەک بەرهەمەکانی ئەو کەسە هەڵکەوتانەی بواری مەعریفە و لێکۆڵینەوە و تیژبینی و پەخشانی دڵخواز و خەیاڵداڕێژی: نۆ مێژووی هێرۆدۆت، مێژووی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا-ی میشلە یان تێداچوون و داڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی گیبۆن) بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ شایەتحاڵی بۆ ئەم مانایە دەدات کە بیرکردنەوە لەوەی چارەنووسی مرۆڤەکان بە پەڕجووی ئازادییەوە دیاری دەکرێت، ترس دەخاتە دڵیانەوە. خۆشبەختانە ترس لە ئازادی نەک هەر بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ستەمکارانی تۆقێنەر و فەلسەفەگەلی تۆتالیتاری و ئاینگەلی دۆگماتیک، بەڵکوو خولقانی کۆمەڵێک ڕۆمانی گرانباییشی لێ کەوتووەتەوە.

ڕیفۆرمخوازی

پۆپەر لەبری مێژووگەرایی، میتۆدی چاکسازیی هەنگاو بە هەنگاو یان چاکسازیی وردە وردە پێشنیار دەکات. لە کتێبی "هەژاریی مێژووگەرایی"دا نووسیویەتی: "هەر کە تێگەیشتین توانایی دروستکردنی بەهەشتمان لە سەر زەوی نییە و تەنها دەتوانین شتەکان کەمێک باشتر بکەین، لەوەش

تێدەگەین کە کاروبارەکان تەنها دەتوانن وردە وردە باشتر بن". وردە وردە: واتە، بە بەردەوامی ڕێکخستنی بەشەکان، نەک نۆژەنکردنەوەی سەرلەبەری کۆمەڵگە. ئەم شێوازە ئەو سوودەی هەیە کە دوای گرتنەبەری هەر هەنگاوێک، مرۆڤ دەتوانێت دەستکەوتەکان هەڵسەنگێنێت و هەڵەکان ڕاست بکاتەوە و ئامۆژگاری لە هەڵەکان وەربگرێت. میتۆدی شۆڕشگێڕی - واتە ئەو میتۆدە کە مێژوو یان گشت دەکاتە بابەتی سەرەکی - ئەو ئەگەرە هەڵدەوەشێنێتەوە، بە چاوی سووک سەیری بابەتە بچووکەکان دەکات و بەهۆی سەرقاڵبوونی لەڕادەبەدەر و بەردەوام بە گشتەوە، ناتوانێت لە بابەتە ڕاستەقینە و کۆنکرێتەکان نزیک بێتەوە. میتۆدی شۆڕشگێڕانە لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای مۆدێلێکی ئەبستراکت و گشتی و پشتنەبەستوو بە ئەزموون دامەزراوە، لە بەرکەوتنی لەگەڵ کەتوار یان واقیع دادەبڕێت؛ هەوڵ دەدات کەتواری کۆمەڵایەتی بە هەموو شێوەیەک لەگەڵ ئەو مۆدێلە ئەبستراکتەدا بگونجێنێت، بەڵام ئەم هەوڵە قوربانیکردنی هەموو شتێکی لێ دەکەوێتەوە، لە ئاوەزمەندییەوە تا دەگاتە ئازادی و هەندێک جار تەنانەت عەقڵی باویش.

مێژووگەرایی لە ئەنجامی چەمکی پلاندانان دێتە ئاراوە و، گریمانە دەکات کە ڕەوتی مێژوو نەک هەر پێشبینی دەکرێت، بەڵکوو وەک کارە ئەندازیارییەکان شیاوی ئاراستەکردنی بەرەو داهاتووە. یوتۆپیا لەو شێوەیەدا مەترسیدارە، چونکە لە هەناویدا تۆتالیتاریزم بۆسەی ناوەتەوە. مەعریفە لەناو زەینی تاکەکانی کۆمەڵگەدا پەرشوبڵاوە و، هیچ ڕێگەیەک لەئارادا نییە بۆئەوەی سەرلەبەری ئەو مەعریفانە لە یەک شوێندا چڕ بکرێنەوە، یان ئەوەی خواست و ویست و پێویستی و هۆگریی بەرژەوەندیخوازانە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە قابیلی تێگەیشتن بێت، چونکی ئەوە پێکەوەژیان و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتری ڕەوتی فراژۆبوونی کۆمەڵگە لە مێژوودا دیاری دەکات. کاتێک پلاندانان دەگاتە ئاستی زیدەڕۆیانەی خۆی، دەبێتە هۆی چڕبوونەوەی دەسەڵات و، دەسەڵاتی چڕکراوەش بەرە بەرە جێگەی گەشەی هەموو ئەو هێز و نەخشەڕێیانە دەگرێتەوە کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەشدارن و لەڕێگەی پاوانکردنی هێزەوە بەسەر هەڵسوکەوتی دامەزراوە و تاکەکاندا زاڵ دەبێت. پلاندانان بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بیر لە شتی نەکردە و نەبوو دەکاتەوە و، لە هەر شوێنێک بسەپێندرێت، دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئازادی و دامەزراندنی ڕژێمگەلی تۆتالیتاری.

لە زۆرێک لە وڵاتانی ئازاددا، ڕێکخراوەگەلی "پلان" هەن و کۆتاییان بە ئازادییە مەدەنییەکانیش نەهێناوە؛ ئەم ڕێکخراوانە هەن تەنیا لەبەر ئەوەی "پلان" بە شێوەیەکی ڕێژەیی یان ڕەمزی دادەڕێژن و سنووری ڕێنماییە گشتییەکان و زانیاری پێدان دەربارەی چالاکییە ئابوورییەکان نابەزێنن و هەوڵ نادەن [ڕێنمایی خۆیان بۆ] سیاسەت یان ئامانج بسەپێنن. بەپێچەوانەی ئەندازیاری یوتۆپیا یان ئەندازیاری تۆتالیستی (گشتگەرا یان شموولگەرا)، ئەو ئەندازیارەی لایەنگری میتۆدی هەنگاو بە هەنگاوە تێدەگات کە هیچ ڕێگەیەک بۆ ناسینی گشت کۆمەڵگە یان پێشبینیکردن و کۆنترۆڵکردنی هەموو جووڵەکانی کۆمەڵگە لەگۆڕێدا نییە، مەگەر هەموو شتێک بخەینە ژێر ڕکێفی ڕژێمێکی دیکتاتۆری کە تێیدا هەر چەشنە ڕەفتار و ئاکارێک پێویستە لە بێژنگی سانسۆر و هێزی زۆرەملێ بدرێت و لەو مۆدێلەدا جێگیر بکرێت کە سەرچاوەکانی دەسەڵات پێشوەختە دایانڕشتووە. مرۆڤی ڕیفۆرمخواز پاژ لە گشت و ئێستا لە ڕابردوو بە گرنگتر دەزانێت و، لەجیاتی ئەو تراویلکە تەمومژاوی و ناڕوونە، واتە داهاتووی مرۆڤایەتی، هەر لێرە و هەر ئەمڕۆ گرنگی بە کێشە و پێداویستییەکانی ژنان و پیاوان دەدات. ئەندازیاری گشتگەرا نە دەخوازێت هەموو شتێک بگۆڕێت، نە بەپێی پلانێکی دوورمەودا و هەمەلایەنەی گشتگیر بجووڵێتەوە و، نە دەیەوێت بەختەوەری بۆ هەموو مرۆڤەکان بهێنێت، چونکە دەزانێت بەختەوەری پەیوەندیی بە تاکەکانەوە هەیە نەک بە حکوومەتەوە و، ناکرێت سەبارەت بە یاسا و نۆرمەگەلی یەکانگیر، زیان بەو فرەییە نایەکسانە کە پێی دەڵێن کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بگەیەنرێت و بخرێتە مەترسییەوە.

بۆچی ڕیفۆرمخوازان باوەڕیان بە چاکسازی و دەستکاریکردنی بارودۆخی ئێستا هەیە، نەک وەک شۆڕشگێڕان بە ڕووخاندن و داڕشتنی گەڵاڵەیەکی نوێ؟ چونکە، بەگوتەی پۆپەر لە یەکێک لە گرنگترین وتارەکانیدا لە کتێبی گریمانەکان و بەتاڵکردنەکان، گەشەی مەعریفەی زانستی و ئەرکی دامەزراوەکان بەندە بە نەریت و دابودەستووری کۆمەڵگەوە، کە گرنگترینیان چوارچێوەی ئەخلاقی و هەستی قووڵی دادپەروەری و هەستیاریی کۆمەڵایەتییە کە کۆمەڵگە بەدرێژایی مێژووی خۆی بەدەستی هێناوە و بەفیڕۆدانیان کردەنی نییە. باری دەروونی و پێکهاتەی قووڵی مەعنەویی کۆمەڵگە پشتئەستوور بە ئەم وردبینییانەیە و ناتوانرێت، وەک شۆڕشگێڕان حەزیان لێیە لە یەک ڕۆژدا لەناوببرێن و شتێکی تر جێگەیان بگرێتەوە. سەرکەوتن یان شکستی دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکان دواجار بەپێی گونجان یان نەگونجانیان لەگەڵ چوارچێوەی ئەخلاقیی کۆمەڵگەدا

دەستەبەر دەکرێت. گونجاندنی هەمیشەیی دامەزراوەکان لەگەڵ ئەو زەمینە نەریتی و ئەخلاقییەدا، کە زۆر هێواشتر لە دامەزراوەکان پەرە دەستێنێت و دەگۆڕێت، تەنیا لەڕێگەی ئەندازیاریی هەنگاو بە هەنگاوەوە دەکرێت.

ڕیفۆڕمخوازی لەگەڵ ئازادیدا دەگونجێت و، لەوەش گرنگتر پشتی پێ دەبەستێت، چونکە یەکەم ئامرازی ڕیفۆڕمخوازی لە پراکتیکدا، ڕەخنە و شیکردنەوەی بەردەوامە. ڕەخنەگری ڕێگە بە ڕیفۆڕمخوازان دەدات هەمیشە هاوسەنگیی نێوان تاک و دەسەڵاتی دەوڵەت ڕابگرن و نەهێڵن دەسەڵاتی دەوڵەت بگاتە ئاستێک تاک تێکبشکێنێت. بێ گومان هەندێک دەستوەردانی حکوومەت تەنانەت لە ئازادترین کۆمەڵگەکانیشدا پێویستە، بۆئەوەی ئازادیی تاک بە کۆمەڵێک شەرت و سنوور مەرجدار بکرێت، دەنا کۆمەڵگە ناچارەکی بۆنێو سیاچاڵی ئاژاوە و یاسای جەنگەڵ شۆڕ دەبێتەوە. بەڵام، لەلایەکی ترەوە، هەر سیاسەتێک دەبێت سنووری خۆی هەبێت، چونکە تۆوی هەژموون و پاوانخوازی و هەڕەشە لە ئازادیی تاک هەمووکات لە هەناویدا شاردراوەتەوە.

پاوانخوازیی زمان

بەشێکی گەورەی بیری ڕۆژئاوایی هاوچەرخ هێندە گیرۆدەی وەسواسی سنوور و دەسەڵاتە سروشتییەکانی زمان بووە کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا وا دیار بوو هەموو زانستە مرۆییەکان - لە فەلسەفەوە بۆ مێژوو و لە ئەنترۆپۆلۆژییەوە بۆ سیاسەت - وردە وردە دەبنە لقەکانی زمانەوانی. وشەکان لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ دەبن و، بە بڕینی پەیوەندییان لەگەڵ مەدلوولەکان، هیچ شتێک لە کولتووری ڕۆژئاوایی بەجێ ناهێڵن جگە لەو ماددە سەرەتاییە شل و بێشکڵانەی کە لە تیۆرییەکانی زمانناسە مێژووییەکان و نیشانەناسەکان و ڕێزماننامسەکان پێکهاتووە. سەرقاڵبوونی ڕووت بە زمان و دەربڕین و پێکهاتە فەرمییەکانی گشت زانست و مەعریفەکان، بابەتگەلی بەنرخی ڕامالّی و لەنێو ئاژاوەی چاوبەستنی قسەکەرانەدا ونی کرد.

پۆپەر هەرگیز هاوبەشی ئەم بۆچوونانە نەبوو و، هەندێک جاریش لەبەر ئەم هۆکارە لە ماوەی درێژخایەنی گەشەکردن و فراژۆبوونی فیکریی خۆیدا، هەرگیز نەچووەتە ڕیزی فەیلەسوفگەلی باوی ڕۆژگاری خۆیەوە. توێژینەوە لە زمان خۆی وەک شتێکی دابڕاو و جیا لە کەتوار (واقیع)، خۆخافڵاندنە؛ لەبەر ئەوەی بنەما و ڕەگوڕیشەکە، واتە گەڕان بەدوای هەقیقەت، تێیدا پشتگوێ خراوە، چونکە پۆپەر هەمیشە باوەڕی ئەوە بووە کە [هەقیقەت] لە دەرەوەی هەرێمی وشەکاندایە و، ئەو وشانەی کە بە شێوەی ئۆتوماتیک هێزی بەرهەمهێنان هەیە، ئەرکیان تەنیا بریتییە لە گەیاندن و ڕاگەیاندنی هەقیقەت. پۆپەر لە وتارێکدا بەناونیشانی "دوو ڕوخساری عەقڵی باو" کە لە کتێبێکدا بەناوی "مەعریفەی بابەتی"دا بڵاو بووەتەوە، دەنووسێت: "بە ڕای من، یەکێک لە ئەرکە ئەخلاقییەکانی هەموو ڕۆشنبیران ئەمەیە کە ئامانجیان سادەیی و ڕوونکردنەوە بێت: نەبوونی شەفافییەت تاوان و، خۆنواندن و چاکەفرۆشی تاوانکارییە." سادەیی، بە بۆچوونی ئەو، واتە بەکارهێنانی زمان بە جۆرێک کە وشەکان ئەوەندە گرنگ نەبن، ڕوون بن و، بیرکردنەوەکان بەناو خۆیاندا تێپەڕێنن، بەبێ ئەوەی ڕواڵەتێکی تایبەتیان پێ ببەخشن.

بەڵام پۆپەر بوو بە قوربانیی بە کەمزانینی دەربڕین. هەڵبەت ئەو باوەڕەی ئەو کە زمان ناتوانێت لە زاتی خۆیدا ئامانج بێت بەتەواوی ڕێی تێدەچوو. (فۆڕم و ناوەڕۆک یەک شت نین، تەنانەت لەو شوێنەی کە ئەمە دەکرێت، واتە لە ئەدەبدا، ، چونکە وەک گابریێل فراتەر، نووسەر و وەرگێڕی ئیسپانی ، لە یەکێک لە هاوارە پڕ لە توورەییەکانیدا دەڵێت، "نابێت TERZARIMA (یەکێک لە کێشە عەرووزییەکانی شیعری ئیتاڵی. "کۆمیدیای خودایی"ی دانتێ لەسەر بنەمای ئەم کێشە نووسراوە)ی دانتێ لەگەڵ ئازارەکانی دۆزەخدا تێکەڵ بکرێت." هەروەها ڕاستە پۆپەر لەسۆنگەی ئەو باوەڕەیەوە، بەنیسبەت مەیلی وەلانانی بابەتە سەرەکییە بایخدارەکان و سەرقاڵبوون بە بابەتە لاوەکییەکان، کە زۆربەی ڕۆشنبیرانی بەناوبانگی هاوسەردەمی خۆی ملکەچی بوون، خۆی بەدوور ڕاگرت. بەڵام بێ گومان، بە کەم سەیرکردنی وشەکان و، ئەم گریمانە کرچوکاڵ و بەپەلەیە کە وشەکان بەبێ ئەوەی گرنگییان پێ بدرێت بەکار بهێنرێن، کاریگەرییان لەسەر بەرهەمەکانی پۆپەر هەبووە.

وشە هەمووکات گرنگە و، ئەگەر بە کەم بزانرێت، تۆڵە دەکاتەوە و لە پەیڤێکدا کە دەخوازێت لە گومان و دڕدۆنگی بەدوور بێت و تاکە یەک واتای هەبێت، تەکنیکی "دوو واتایی" دێنێتە ئاراوە . کارەکانی پۆپەر هەندێک جار ڕوون و ورد نین. زاراوە و هاوکێشەکانی گەلێک جار لەگەڵ مەبەستەکەدا ناگونجێن و تووشی لێکدانەوەی هەڵە دەبن. ناونانی بیری ئایدۆلۆژی و تێڕوانینی

تۆتالیتاری بۆ مێژوو بە "مێژووگەرایی"، زەمینە بۆ پرسیار و گومان خۆش دەکات، چونکە ئەوە پیشان دەدات کە مەبەست لێی ڕەتکردنەوەی خودی مێژووە و، ئەمەش مەودایەکی فراوان لە فەلسەفەی پۆپەرەوە دوورە. بەڵام لەوەش خراپتر، زاراوەی "ئەندازیاریی هەنگاو بە هەنگاو" و "ئەندازیاریی یوتۆپیایی و تۆتالیتاری" شتگەلێک دەگەیەنن کە دەکرێت ناویان لێ بنرێت "ڕیفۆرمخوازی" و "ڕادیکالیزم". فریدریش ڤۆن هایک ڕەخنەی لە بەکارهێنانی وشەی "ئەندازیار" بۆ وەسفکردنی ڕیفۆرمخوازی کۆمەڵایەتی گرتووە، چونکە دەڵێت لە سەردەمی ستالیندا بە نووسەران دەگوترا ئەندازیاری ڕۆح و دەروون و، ئەم دەستەواژەیە وەبیرهێنەرەوەی ستالینیزمە. بەدڵنیاییەوە دژایەتییەک لەوەدا هەیە کە فەیلەسوفێک کە ڕەخنەی وا قایلکەری بەرامبەر بە پلاندانانی ناوەندی گرتووە، خۆی ڕیفۆڕمخوازی کۆمەڵایەتی بە ئەندازیار ناو ببات.

بنەما ئەوەیە نابێت هیچ فەلسەفە یان زانستێک لە شیکردنەوەی ئەو زمانەدا کورت بکرێتەوە کە بەکاری دەهێنێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ناڕوونبێژی و پاشاگەردانیی ڕۆشنبیری. بەڵام، لەلایەکی دیکەوە، ئەوەیکە هەموو بیرمەندێک گرنگی بە ئامرازەکانی دەربڕینی خۆی بدات گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە، بۆئەوەی بەتەواوی بەسەر ئەو وشانەی بەکاری دەهێنێت سوار بێت و پەیڤی خۆی جڵەو بکات و نەبێتە کۆیلەی بێدەسەڵاتی زمان. کارەکانی پۆپەر یەکێکە لە هزرورووژێنترین و ڕیفۆڕمخوازانەترین بەرهەمەکانی سەردەمی ئێمە، بەڵام بەداخەوە بەدەست ئەم لاوازییەوە دەناڵێنێت. ئەو بایخێکی ئەوتۆ بە وشە نادات و بە کەم لێی دەڕوانێت؛ بەڵام لەلایەکی ترەوە، وشەکان هەندێک جار بیرکردنەوە ڕەسەن و قووڵەکان دەشێوێنن و بەلاڕێیاندا دەبەن، لەبەر ئەوەی ئەو نەیتوانیوە بەوردی و وەک پێویست دەری ببڕێت. ڕۆلان بارت کە بۆچوونی ئەو لەمەڕ پەیڤ لە جەمسەری پێچەوانەی بیرۆکەی پۆپەردایە، دەنووسێت: "لە قەڵەمڕەوی مەعریفەدا، بۆئەوەی شتەکان ببنە ئەوەی کە هەن و بوون، پێویستمان بە جۆرێک لە هەوێنی چێژ، واتە خوێی وشەکان، دەبێت. ئەوەی مەعریفە قووڵ و بەپیت دەکات، تام و چێژی وشەکانە. لە زمانی پۆپەردا کە تەنیا بەکەڵکی کار دێت، تاموخوێی وشە لەگۆڕێدا نییە.

بەراوردکردنی پۆپەر و بارت بەسوودە، چونکە لە بواری زماندا هەر یەکەیان نوێنەرایەتیی یەکێک لەو دوو جەمسەرە دەکەن کە شایەنی سەرکۆنەکردنن، واتە بە کەم زانین و بە زۆر زانینی زمان، کە باجێکی قورسیان بۆ دراوە. پۆپەر پێی وابوو زمان گرنگ نییە؛ بارت، بەپێچەوانەی ئەو، پێی وابوو کە دواجار تەنیا زمان گرنگە، چونکە تەوەرەی دەسەڵات، یان باشتر بڵێین تەوەرەی هەر دەسەڵاتێک، زمانە. بارت وتارنووسێکی لەڕادەبەدەر بەسەلیقە بوو کە سەیری خۆی دەکرد و چێژی لێ وەردەگرت؛ خۆی دەردەخست و دیسانەوە لە دووتوێی پەیڤبێژییەک کە لەڕێگەی گەمەی سەفسەتەبێژیی درەوشاوەوە وەسفی دەکرد، لە چاوان ون دەبوویەوە. بارت بانگەشەی ئەوەی دەکرد - و بە بۆچوونی خۆی "ئەوەی دەسەلماند" - کە مرۆڤەکان خۆیان قسە ناکەن، بەڵکوو ئەوە زمانە کە لەڕێگەی ئەوانەوە قسە دەکات و، لە ئەنجامدا لە قاڵبیان دەدات و دەیانکاتە ملکەچی جۆرە دیکتاتۆرییەکی نەبینراو. بەگوتەی ئەو: "زمان نە کۆنەپەرستە، نە پێشکەوتنخوازە، بەڵکوو بەسانایی و بەڕوونی فاشیستییە ، چونکە فاشیزم بۆ قسەکردن ڕێگریمان لێ ناکات، بەڵکوو ناچارمان دەکات قسە بکەین". تەنیا دانەری بەرهەمی ئەدەبی کە لە کۆت و بەندی زمانی باو و سەقامگیر ئازاد بووبێت و زمانێکی نوێ دروست بکات، بۆ ماوەیەکی کاتی لە چنگ دیکتاتۆرییەت ڕزگاری دەبێت. بە بڕوای بارت، ئەگەری بوونی ئازادی تەنیا لە دەرەوەی کایەی زماندایە. (کەواتە، ئایا ئازادترین مرۆڤ ئەو کەسەیە کە نوقمی وەهم بێت و لەنێو خۆیدا سڕ بێت؟) کاتێک هزری بارت دەهێنینە دەرەوە و لە دەقی نووسراوە سەرنجڕاکێشەکانی جیای دەکەینەوە، ئەوشتەی لەکتوپڕ دەبینین بەرتەسکی و ڕووکەشی و گەمەچییەتی و گاڵتەئاسابوون و زۆرجار بەتاڵبوون لە مانای هزرێکی ئەوتۆیە. بەڵام کاتێک لەنێو دەقی نووسراودا ڕووبەڕووی هزر و ڕوانینی ئەو دەبینەوە و دەبینین چۆن هزری خۆی بە پەخشانی جوان و تۆکمە و پڕوردەکاریی سەرنجڕاکێش ڕازاندووەتەوە، هەست دەکەین ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕاستیی قووڵ و باڵا دەبینەوە. بەڵام بە هیچ کلۆجێک وا نییە؛ ئەوەی ئێمە ڕووبەڕووی دەبینەوە، تراویلکەی جوانی پەیڤبێژییە.

ئەوە ڕاست نییە بڵێی زمان بنەمای هەر چەشنە دەسەڵاتێکە. ئەمە جگە لە سەفسەتە هیچی تر نییە. دەسەڵاتی ڕاستەقینە کوشندەیە؛ وشە بەلایەنی زۆر یان بێزارکەرە، یان درێغیهێنە، یان هەژێنەرە. پەخشانی جوان و شێوازی درەوشاوەی بارت هزری ڕووکەش و کاتیی ئەو بەبڕشت و بەشکۆ دەنوێنێت؛ بەڵام لە بابەت پۆپەر، ئەو زمان و دەربڕینەی کە هەرگیز بارتەقای ناوەڕۆک و واتای پەیامەکە باش و گونجاو نەبووە، هێزی جیهانی قووڵ و بەربڵاوی هزری ئەوی کەم

کردووەتەوە. ڕاستە، بەپێچەوانەی بۆچوونی بارت، بیرۆکەکان تەنیا لە وشە دروست نابن، بەڵام ئەگەر وشە بۆ بەرجەستەکردن و گەیاندنی هزر لەئارادا نەبێت، هزر هەرگیز نابێتە ئەو شتەی کە بۆی هەیە ببێت.

لیبراڵیزمی ئەمڕۆ

کارڵ پۆپەر ساڵی ١٩٠٢ لە نەمسا لەدایک بوو و لە تەمەنی هەرزەکاریدا بوو بە شوێنکەوتووی هزری مارکسیستی. پاشان هیوای بە مارکسیزم نەما و ساڵانێکی زۆر لە پارتی سۆسیال دیموکرات بوو. بەڵام کاتێک سۆسیال دیموکراتەکان ڕێگەیان دا بیری کۆمەڵایەتی و بیرۆکەی پشتیوانی لە کۆنترۆڵی حکوومەت بەسەریاندا زاڵ بێت ، پۆپەر لەوانیش دابڕا. بەڵام ئەگەر سۆسیال دیموکراسی بەبێ وەهمە سۆسیالیستییەکان و "مێژووگەرایی" مارکسیستی لەبەر چاو بگیرێت، بیرکردنەوەی ئەو لەگەڵیدا ناتەبا نییە.

پارێزکاران (موحافیزەکاران) بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پۆپەر لە ڕیزی ئەواندایە، چونکە میتۆدی هەنگاو بە هەنگاوی ئەو لەگەڵ خواستی ئەوان بۆ ئاشتکردنەوەی نەریت و مۆدێرنیتە و پەرەسەندنی هاوئاهەنگ و دوور لە ئاژاوەی کۆمەڵایەتی دەگونجێت. فیکری پۆپەر ئەوەندە پڕ و دەوڵەمەندە دەتوانێت ئاخێزگە و سەرچاوەی ئەو کانیاوانە بێت کە هەرێمی بەرفراوانی کولتوور و دیموکراسی ئاودێری دەکەن.

بەڵام بێ گومان پۆپەر لیبراڵە؛ فەیلەسوفێکە سەر بە قوتابخانەی پڕبەهای ئادام سمیت و جۆن ستوارت میل و بنیامین کۆنستانت و ئەلێکسی دی تۆکفیل، کە بناغەی سیاسەتی مۆدێرن، سەرەتا لە ئەورووپا و دواتر لە سەرانسەری جیهان، لەسەر دەستی ئەوان چێ کراوە. زێدەڕەوی نییە ئەگەر بڵێین ئەوەی پتر لە هەموو شتێک پرووپاراویی بە کولتووری ئازادی لە جیهانی ئەمڕۆدا بەخشیوە و بەرۆژی کردووە، هزری پۆپەر و هزری کەسانی وەک لودڤیگ ڤۆن میس، فریدریش هایک و ڕامۆن ئارۆن بووە. بەڵام ئەو کەسەی کە ئاوەڵناوی "لیبراڵ"ی بەکارهێنا، گوناهێکی ئەنجام دا کە پۆپەر هەمیشە دەیویست بە هەر نرخێک بێت خۆی لێ بپارێزێت و، ئەویش تەمومژ و ناڕوونی لە قسەکردندا بوو. لە زاراوەی سیاسیی هاوچەرخدا، "لیبراڵ" ماناگەلی جیاواز و هەندێک جار

دژ بەیەکی هەیە. بۆ نموونە، لە جیهانی ئەنگلۆساکسۆندا، لیبراڵ واتە کەسێکی پێشکەوتنخواز کە لایەنگری سۆسیال دیموکراسی و تەنانەت سۆسیالیزمیش بێت، بەڵام لە فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئیسپانیا و ئەمریکای لاتین، لەنێوان لیبراڵ و پارێزکاردا کەموزۆر هیچ جیاوازییەک لەئارادا نییە. لەم وڵاتانەدا، زۆربەی ئەو حزب و سیاسەتمەدارانەی پێیان دەوترێت لیبراڵ پشتگیری لە دۆخی ئێستا دەکەن: واتە ڕژێمە فرەلایەنەکان کە لەسەر بنەمای دەستوەردانی حکوومەت لە بازاڕ و لایەنگری لە قۆرخکاری و ناسیۆنالیزمی ڕەخنەگرانە دامەزراون و ڕێک ئەوەی کە لە لیبراڵیزمی کلاسیکدا بە شتێکی باو و پەسندکراو دەهاتە هەژمار، ڕەت دەکەنەوە.

دوو قوتابخانەی گرنگ و کاریگەر لەسەر سەردەمی خۆیان کە لیبراڵیزمی کلاسیکیان بووژاندەوە- "ڕێگەی کۆیلایەتی"ی هایک و "کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی"ی پۆپەر- کەم تا زۆر لە یەک کاتدا لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٤٠ بڵاو بوونەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەی خوێنەران لێیان بێئاگا مانەوە و، دامودەزگاگەلی فیکری و سیاسی لە ساڵانی ڕێک دوای جەنگی جیهانیی دووەمدا ئاوڕیان لێ نەدانەوە، ڕێبازی لیبراڵیزم لەگەڵ ئەم دوو قوتابخانەیە ژیایەوە و، لە سایەی ئەم ڕێبازەدا وڵاتانی ڕۆژئاوا و وڵاتێکی وەک ژاپۆن و وڵاتانی لێواری زەریای هێمن کە ئەو مۆدێلەیان پەیڕەو کرد، خۆشگوزەرانی و گەشەسەندنی ماددییان بەدەست هێنا، کە پێشتر هیچ شارستانییەتێک هیچکات بەدەستی نەهێنابوو. لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و داڕمانی ئیمپراتۆرییەتی سۆڤیەت، پێدەچێت سەردەمێکی پێکهاتوو لە ئاشتی و خۆشگوزەرانی دەستی پێکردبێت، کە لە داهاتوودا وردە وردە هەوڵەکانی هەموو گەلان نەک لەسەر چەکدارکردن، بەڵکوو لەسەر پاراستنی ژینگە و پێگەیاندنی دیموکراسی و بەبرەوکردنی کولتوور و پەرەپێدانی زانست و تەکنەلۆژیا لەپێناوی ئامانجە ئاشتیخوازانەدا چڕ دەبێتەوە.

ئایا ئەگەری وەدیهێنانی ئاسۆیەکی وا جوان لەگۆڕێدایە؟ مێژوو، لەگەڵ ڕووداوە سەرسوڕهێنەرەکانی چەند ساڵی ڕابردوو - لەوانەش شەڕی کەنداو و لێکەوتە پێشبینینەکراوەکانی - هۆشداریی پێ داوین کە وریا بین و نەکەوینە داوی گەشبینیی کەسانی وەک فرانسیس فۆکویاما، کە پێی وایە لەگەڵ دواسەرکەوتنی لیبراڵیزم لە جیهاندا، گەیشتووینەتە، بە تەعبیری هیگڵ، کۆتایی مێژوو.

هێشتا سەرکەوتنێکی هەمەلایەنەی جیهانی مسۆگەر نەبووە. لەو بەشەی جیهان کە بە جیهانی

سێیەم ناسراوە، جگە لە چەند وڵاتی بە ژمارە کەمی ئاوارتە نەبێت، هێشتاش دڕندەیی حوکم دەکات و، هەموو شتێک ئاماژە بەوە دەکات جاریٚ بۆ ماوەیەک بەردەوام دەبێت. هەرچەندە ڕووخانی ڕژێمە کۆمۆنیستەکان لە ئەوروپای ناوەڕاست ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەر بوو و بە قازانجی ئازادی شکایەوە، بەڵام هێشتا مەودای لەگەڵ سەرکەوتنی ڕێبازی لیبراڵیزم لەو وڵاتانەدا زۆرە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە زۆرێک لەو وڵاتانەدا – بە یەکێتیی سۆڤییەت خۆیەوە - ئەمڕۆ دەبینین بەشێک لە ئەهریمەنە ناخڕەشەکانی ڕابردوو، وەک ڕادیکاڵترین و دەمارگرژترین ناسیۆنالیزمەکان و دژە جوولەکەگەرایی و بناژۆخوازیی ئاینی، سەرلەنوێ لە کەلاوەکانی کۆمۆنیزمەوە سەرهەڵدەدەنەوە. جگە لەوەش، ڕەنگە پتەوترین بنەمای لیبراڵیزم ئەوە بێت تێیدا هەرچەشنە سەرکەوتنێکی کۆتایی ڕەت دەکرێتەوە. تەنیا ئەگەری ئەوە لەگۆڕێدایە سەرکەوتنەکان سنووردار و کاتی بن، کە ئەویش بەردەوام ڕووبەڕووی مەترسیی شکست و پاشەکشە و بەربەست دەبێتەوە. ئەگەر مێژوو پێشوەختە دیاری نەکرابێت، ئیمکانی ئەوە هەیە هەر شتێک تێیدا ڕوو بدات. مێژوو دەتوانێت بەرەو پێشەوە بڕوات یان بۆ دواوە بگەڕێتەوە. خەبات بۆ ئازادی خەباتێکی بەردەوامە لە زۆر بەرەدا. هەر شتێک هاندەری دەسەڵات بۆ سڕینەوەی ناوەندگەرایی [و لامەرکەزی] بێت باشە، لەوانە فراوانکردنی خاوەندارێتیی تایبەت و دروستکردنی بازاڕی کێبڕکێ لەبری قۆرخکاری و گواستنەوەی وەبەرهێنان و بەرپرسیارێتی لە حکوومەتەوە بۆ کەرتی تایبەت.

بەڵام هیچ کام لەمانە ئامانجی ئازادی ناپێکن ئەگەر کۆمەڵگە هاندەری هێنانەئارا و پەروەردەکردنی ڕۆحی ڕەخنەگرانە نەبێت. بەبێ ڕەخنە و ڕۆحی ڕەخنەیی، هاووڵاتییان ناتوانن ماف و دەسەڵاتەکانی خۆیان بەکار بهێنن. جێگای سەرسوڕمانە کە پێشکەوتنی سیاسەتە ئابوورییەکانی لیبراڵیزم یارمەتیدەری هاووڵاتییان نەبووە بۆئەوەی زیاتر ئاگاداری ئەو ڕۆڵە بن کە دەبێ بیگێڕن. بەپێچەوانەوە، دەرئەنجامی نەمانی ویژدانی هاووڵاتی و تەشەنەسەندنی دیاردەی بایخنەدانی گەنجان بە ژیانی گشتی و پشتکردنی تەواو لە کۆمەڵگەی مەدەنی، بە قازانجی ئەو چینە سیاسییە بچووکەی کە بەرپرسی پرسگەلی گەورەی کۆمەڵایەتییە تەواو بووە. بەرهەمی ئەو هەموو پێشکەوتە ماددییانە و چەسپاندنی دیموکراسی لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوادا، ئەگەر نەڵێین ڕق و سووکایەتیکردن بەرامبەر بە جیهانی سیاسەت، لانیکەم جۆرێک لە هاوڕابوونی گشتی لەگەڵ جەماوەردا بووە.

پەیوەندیی جەماوەری لەبری وروژاندنی وزەی خەیاڵکردن و داهێنان و ڕوانینی ڕەخنەگرانە، بووەتە هۆی لاوازبوونیان و، سەرڕێژبوونی بەرچاوی بەرهەمە شێوە-کولتوورییەکانی لێ کەوتووەتەوە و، ئەم بەرهەمە درۆینانە ژیانی کولتوورییان گەیاندووەتە ئاستی چەقبەستوویی و گەندەڵی و وێرانی.

ئایا ئەم ڕاستییە چاوەڕواننەکراوە باشترین سەلمێنەری ئەو تیۆرییەی پۆپەر نییە کە دەڵێت، ڕەنگە ئازادی تەنانەت لە دڵی ئەو قەڵایەشدا کە پێدەچێت پتەوترین قەڵا بێت لە مەترسیدا بێت؟ لە داهاتوویەکی نزیکدا، نەیاری ئازادی لە وڵاتانی دیموکراتیکدا، ئایدۆلۆژیاگەلی تۆتالیتاریی بەرەو لەناوچوون و هەڵوەشانەوە نابێت، بەڵکوو کۆمەڵێک دوژمنی فریودەر و تەڵەکەبازن کە تێکشکاندنیان زۆر زۆر ئەستەمە: لەنێوانیاندا خەمباری و وەڕەزی، خەمۆکی و بێزاری، کەموکوڕییە مەعنەوی و کولتوورییەکان، هەوەسبازی و سەرسەرییوون، پۆپۆلیزم و، ڕەوتی یەکشێوە و شەکەتیهێنی ژیانی ڕۆژانە کە سوودمەندانی ئازادی تێیدا گیریان خواردووە.

سەرچاوە:

https://www.nas.org/academic-questions/5/1/the_importance_of_karl_popper

تەوەرەی ژمارە
زانست

راستی، نەک ڕا



دەروازەیەک بۆ فەلسەفەی زانست

"گریمانە و تیۆری و چەمکە بنەڕەتییەکان"

فاروق ڕەفیق
سکۆڵەری بواری فەلسەفە

> **فەلسەفەی زانست بەبێ مێژووی زانست بەتاڵە،**
> **مێژووی زانست بەبێ فەلسەفەی زانست کوێرە**
> **لاکاتۆش**

ئەم نووسینە لە دوو بەش پێک دێت، بەشی یەکەم دەستپێکێکە بۆ ناساندنی کایەی فەلسەفەی زانست، هەرچی پەیوەندیی بە بەشی دووهەمەوە هەبێت ئاماژەیەکی خێرایە بە پەیوەندیی نێوان زانست و ئاین، باشتر بڵێین نەگونجاندنی ئاینە لە تەک دنیابینی و ڕەوتی زانستدا.

بۆ گرنگە قسە لەسەر فەلسەفەی زانست بکەین؟

زۆر بەسادەیی بڵێین گرنگە لە زانست بکۆڵینەوە لەبەر خودی زانست، واتا گرنگیی زانست لەناو خودی کایەکەدایە، دیارە لەپاڵ وەزیفە و ئەرکێک کە ئەم پرۆژەیە ڕایدەپەڕێنێت. لە گۆشەنیگای مەعریفەوە یاخود لەڕووی تیۆری مەعریفەوە، لەڕووی (ئیبستمۆلۆژییەوە)، زانست بریتییە لە میتۆدی ڕووپێو، کێوماڵ یا پشکنین دەربارەی شتەکان و بونیادەکان لە جیهاندا وەک چالاکییەکی مرۆیی - چالاکییەکی ئاوەزمەندی و کۆمەڵایەتی؛ زانست دامەزراوەیەکی گرنگە یاخود پراکتیکێکی بناغەیی بنچینەداری جیهانی مۆدێرنە.

لەم دیدەوە مەعریفەی زانستی وا وەردەگیرێت وەک دەستکەوتێکی ئاوەزمەندانەی جیهانی هاوچەرخ، بەتایبەتی دوای شۆڕشە زانستییەکان لە سەدەی حەڤدەهەمەوە تاکوو ڕۆژگاری ئەمڕۆ. میرییەکان، کۆمپانیاکان، ناوەندەکانی مەعریفە، نیوەندەکانی لێکۆڵینەوە، دامەزراوە تایبەتەکان سامانێکی بێشومار بۆ پشتگیریکردن و ئەنجامدانی باس و لێکۆڵینەوە و گەڕانی زانستی تەرخان دەکەن و بەخەرج دەدەن. وێڕای ئامادەبوونی فرە ڕەهەندانەی زانست لە گشت کایەکاندا، هێشتا وەڵامی پرسیارە گرنگەکانمان دەربارەی زانست و ڕۆڵی زانست چنگ نەکەوتووە، لەوانە زانست چییە؟ پرسیارەکان کە زانست دەرگیریانە لەچەشنی کام پرسیارانەن، بۆ؟ یا چۆن؟ بۆ شتەکان هەن بەو شێوەیەی هەن، یاخود چۆن شتەکان هەن، چۆنێتیی بوونیان شوێنی پرسیارە. هەروەها لەپاڵ پرسیاری مانا و مەغزا و گرنگی کۆی پرۆژەکە، زانست وەک پرۆژە چییە؟

فەلسەفەی زانست، وەک هەوڵێکی ئاوەزی بۆ تێگەیشتن لە واقیع (ڕیاڵەتی)، لە کۆی شتەکان و مەسەلەکان کە بوونیان هەیە لە چالاکییەکانی زاناکان و سروشت و کاراکتەری تیۆرییە زانستییەکان دەکۆڵێتەوە.

فەلسەفەی زانست بریتییە لە تێڕامان لە چۆنیەتی و چییەتیی خودی زانست، بریتییە لە شیکردنەوە و تەفسیرکردنی زمانی زانست لە یەک کاتدا، بیرکرنەوەی فەلسەفەیە لە زانست و، لە دیدی هەندێک فەیلەسوفی کایەی "فەلسەفەی زانستەوە" فەلسەفە لە ئێستادا هیچ نییە جگە لە فەلسەفەی زانست؛ هیچ ئەرکێکی دیکەی نییە جگە لە ڕاڤەکردنی زمانی زانست و چەمک و گریمانە و تیۆرییەکانی دیکە، بەو مانایەی لە دەرەوەی ئەم ئەرکە هیچ ئەرکێکی دیکەی بۆ فەلسەفە نەماوە. شتێک وەک "مێژووی زانست" لە ترادسیۆنی مۆدێرندا لە سەدەی هەژدەهەمدا دەست پێدەکات. ئەم سەردەمەش سەردەمی "ڕۆشنگەری" بوو ئەو کاتەی بیرمەندە ڕادیکاڵەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە لە دەسەڵاتی ئاوەزدایە، ئاوەز ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی تۆزی چەندین سەدەی خورافیات بتەکێنێت و بناغەیەکی عەقڵی فەراهەم بکات بۆ کۆمەڵگا. ئەم فەیلەسوفانە وا لە زانستی نوێ (مۆدێرن)یان دەڕوانی، زانستێک کە سەدەی پێشووتر سەری هەڵدابوو، وەک یەکەم مانیفێستی گەشەکردنی فیکری و عەقڵانی و لە دامەزرێنەرانی ئەو دنیابینییە زانستییانەی وەک قارەمان دەڕوانی، لەوانە گالیلۆ و نیوتن.

لە گۆشەنیگای ڕۆشنگەرییەوە، مرۆڤایەتی میراتگری ئەو گریمانەیەیە کە شۆڕشی زانستی لە سەدەی حەڤدەهەمدا خاڵی وەرچەرخان بووە لە گەشەکردنی زانستیدا، بەزمانی باشلار دابڕانێکی مەعریفیی تەواو حەدی بووە.

لە ساڵی ١٨٣٧دا زانا و فەیلەسوفی بەریتانی William Whewell کتێبێکی چاپ کرد بەناوی History of the inductive sciences مێژووی زانستە ئیستیقرائیەکان Induction استقراء (ئەنجامگیری لە بەشەوە بۆ کۆ)، ئەجێنداکەی Whewell بریتییە لە بەیانکردنی پڕۆگرامەکەی ڕۆشنگەری، لەو دیدەوەی کە زانست هێزێکی دامەزرێنەری پێشکەوتوو و پێشکەوتووخوازە، دنیابینییەکە دەربارەی بیناکردنی تێگەیشتن لە سروشت بە مرۆڤیشەوە، تێگەیشتن لە کۆی ڕیاڵەتی و واقیع. Whewell لەژێر کاریگەری "کانت"دا، لەو باوەڕەدا بوو مەعریفە Knowledge بەسادەیی و پاسیڤانە لە سەرنجدان و تێڕامان لە سروشتەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکوو لەلایەن عەقڵەوە

دەسەپێنرێت لەڕێگای تیۆرییەکانەوە، ئەو تیۆریانەی ئێمە بەکاریان دەهێنین بۆ وەسفکردنی جیهان و ڕاڤەکردنی بوونەوەرەکان. مامەڵە یا شێوازی مامەڵەکردنی زانستی پابەندە بەئیمتیحانکردنێکی ورد و دەقیقی ((Scientific hypothesis یان گریمانەی زانستی (کە فەرزیەڕایەکی زانستییە کە هێشتا زانستیبوونەکەی نەسەلمێنراوە لەڕێگای چاودێریکردن، سەرنجدان و ئەزموونکردن (Experimentation). هەوڵەکەی ئەو دواجار چووە خانەی پاڵنەری گەورە بۆ دروستکردنی کایەی مۆدێرنی مێژووی زانست.

دوای Whewell، نەوەیەکی نوێ لە مێژوونووسان سەرهەڵدەدەن کە جەخت لەسەر پەیامە ڕادیکاڵەکەی بیرمەندە ڕادیکاڵەکانی ڕۆشنگەری دەکەنەوە، لەوەدا کە زانست بریتییە لە نەک ڕەخنەکردنی دنیابینیی نازانستی، بەڵکوو بەجێهێشتنی ئەو دنیابینییە و گشت خورافیاتەکانی پێش شۆڕشە زانستییەکەیە کە لە کۆپەرنیکۆس و گالیلۆوە دەست پێ دەکات، لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە جەختکردنە سەر ناچاربوونی جەنگ و شەڕ لەنێوان زانست و ئاین، جەنگێک کە تێیدا دواجار زانست بێ گومان دەیباتەوە(!)؟ لەم ڕووەوە، بۆ نموونە کتێبەکەی J. w. Draper، مێژووی کێشمەکێشی نێوان زانست و ئاین (History of the Conflict between Science and Religion 1834) هەوڵێکی پێشەنگە لە زیندووکردنەوەی پرۆگرامەکەی ڕۆشنگەری. میتافۆری کێشمەکێش یا ململانێ (Conflict) بەردەوام هەژموونی هەبووە بەسەر گفتوگۆکانیان لەسەر پەیوەندیی زانست و ئاین، یا زانست و نازانست.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا "مێژووی زانست" وەک کایەیەک دانی پێدا دەهێنرێت، وەک کایەیەکی تایبەتی ئەکادیمی. توێژەری بەلجیکی جۆرج سارتۆن لە ١٩١٢دا ژۆڕناڵێک دادەمەرزێنێت بەناوی Isis کە تاکوو ئەمڕۆ ماوەتەوە وەک ئۆرگانی کۆمەڵەی مێژووی زانست.

بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی ڕووناکی خستە سەر دوو بۆچوونی دژ بەیەک لەمەڕ مێژووی زانست، بۆچوونێکی گەشبینانە کە هەمیشە زانستی وەک هێزێکی پۆزەتیڤ دەبینێ، هێزێک بۆ چاکەی مرۆڤایەتی، گەشەکردنی جیهانبینیی زانستی داماڵڕاو لە خورافیات و دۆگما ترسناکەکان - زەمینە خۆشکردن بۆ تێگەیشتن لە سروشت و لە واقع تێگەیشتنێکی شمولی - عەقڵانی... لەگەڵ بۆچوونێکی ڕەشبینی کە ڕەخنە لە زانست دەگرێت لەوەتەی کە زۆرتر بۆتە ئامرازی پیشەسازییەکان و سەرمایەدارانی خاوەن بزنس و پیشە، ئەمە لەپاڵ مەترسی بەکارهێنانی زانست لەلایەن ڕژێمە تۆتالیتاریەکانەوە، لەوانە ڕژێمی نازی - ئەڵمانی و دواجار کۆمۆنیستی سۆڤیەت. لێرەدا خاڵی وەرچەرخان ئەو ڕاستییە بووە، لە ڕووە مێژووییەکەیەوە یا جەختکردنە سەر مێژووی زانست، کە زانست پێویستە پشت بکاتە کاپیتالیزم و ببێت بەو هێزەی کە لە خزمەت چاکەی مرۆڤدا بێت، واتا گەڕانەوە بۆ ئایدیای زانست وەک هێزێکی عەقڵیی گرنگ لەناو شارستانێتیی خۆرئاوادا (!) کە ڕێگا خۆش دەکات بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن نەک لەڕێگای خزمەتکاریکردنی پیشەسازییەکان یا ڕژێمەکان، بەڵکوو لەڕێگای سەربەخۆبوون و لەڕێگای داهێنانە نوێیەکانەوە، کە تێگەیشتنێکی دروستتر و چاکتر و زانستیترمان دەدەنێ دەربارەی سروشت لەسەر ئاستی تیۆری. ئەوەی زیاتر لەبەرچاو دەگیرا (لەم مامەڵەیەی دواییتردا) بریتی بوو لە داهێنانی تیۆری لەسەر ئاستی چەمکی (Conceptual level) و پرۆسەکانی لە ڕێگەیانەوە تیۆرییەکان تاقی دەکرێنەوە دژ بە بەڵگەکان.

ئەم مامەڵەکردنە (Historiography) (مێژووییە) پەیڕەوکردن لە پرۆگرامی ڕۆشنگەری تا ئەو ڕادەیەی کە ئەوەی دەیبینی بریتی بوو لە سەرهەڵدانی میتۆدی زانستی Scientific Method و هەنگاوە سەرەکییەکانی دروستکردنی دنیابینیی مۆدێرن، وەک زیادکردنە نوێکان بۆ سەر پێشکەوتن و گەشەکردنی مرۆیی. لێرەوە لەو هیستۆریۆگرافییەدا جەختکردن زۆرتر لەسەر شۆڕشی زانستی بوو لە سەدەی حەڤدەهەمدا و گەشەکردنەکانی کایەی فیزیا و Astronomy. ئەوەی لەو مێژووەدا دەبا لەبەرچاو بگیرێت ئەو جیاکارییە ئاشکرایە بوو لەنێوان "مێژووی ناوخۆیی (ناوەوەیی) زانست" کە لێکۆڵینەوە یا پاڵنەرە عەقڵییەکانی دەرگیر لە تەک گەشەکردنی تیۆرییە زانستییەکان، هەروەها "مێژووی دەرەکی" کە تێڕوانینە لە کاریگەری و لێکەوتەکانی کەشفکردنە نوێیەکانی زانست. مێژوونووسەکانی دوای جەنگ زیاتر گرنگییان دەدا بە "مێژووی ناوەکی" لەبەرئەوەی مێژوویەکی زانستییان دەخواست کە لێکۆڵینەوەیەک بێت لەنێو مێژووی ئایدیاکاندا، باشترین نموونە کتێبەکەی Charles C. Gillispie Edge of objectivity (١٩٦٠) لێرەدا، لەم مامەڵەکردنەدا مێژوو بەکار دەهێنرێت وەک سەرچاوەیەک بۆ نموونەکان بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی بەکارهێنانی دروستی میتۆدی زانستی.

مێژووی زانست و شیکردنەوەی میتۆدی زانست پێکەوە دەڕۆیشتن، توێژینەوەیان لەسەر دەکرا،

ژمارەیەک لە زانکۆکانی ئینگلستان و ئەمریکای باکوور ئەو بەشانەیان دادەمەزراند (لە کات و لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی)دا تایبەت بەمێژووی زانست و فەلسەفەی زانست، ئەمە ئەو کاتە کە کایەی فەلسەفەی زانست بەتەواوی چالاک دەبێت و سەرهەڵدەدات.

لێرەدا ئایدیای پێشووتر لەمەڕ زانست، دەبینین زانست وەک پرۆسەی کۆکردنەوەی ڕاستییەکان (Facts) شوێنی پێ دەگیرێتەوە لەلایەن میتۆدی گریمانەیی "استدلالی" ”Hypothetico – deductive Method“ کە تێیدا زاناکان گریمانەکان پێشنیاز دەکەن، بەرەنجامە تاقیکراوەکان لە بێژینگ دەدەن، ئەوسا ڕێگە دەدەن کە ئەزموونکردنەکان بەمانای تاقیکردنەوەکان (Experiments) ئەوە دیاری بکەن کە کامە گریمانە پێویستە ڕەت بکرێتەوە. ئەم جەختکردنە لەسەر تاقیکردنەوەی گریمانەکان و گەر پێویستی کرد ڕەتکردنەوەی گریمانەی زانستی، لەلایەن کارڵ پۆپەرەوە زیاتر جەختی لەسەر کراوەتەوە لە کتێبی Logic of Scientific Discovery (١٩٥٩). خاڵی دەستپێکردن لای پۆپەر بریتی بوو لە پێویستیبوونی خاڵی جیاکردنەوە و دیاریکردنی زانست لە نازانست، یا جیاکردنەوەی زانست لە هەموو چالاکییە عەقڵییەکانی دیکە، لەوانە ئیلاهیات و فەلسەفە. تایبەتمەندیی دیاری زانست لای پۆپەر بریتییە لە پشتبەستنی زانست بە ”Falsifiability“: گریمانەیەکی زانستی هەمیشە وا دادەڕێژرێت کە ڕێژەی ڕەتکردنەوەی بەهۆی تاقیکردنەوەوە ئاستێکی باڵا دەبێت، واتە ئەگەری ڕەتکردنەوەی واڵا بێت. لە دیدی پۆپەرەوە، ئیمانداران، خاوەن باوەڕانی ئاینەکان، لیکۆڵەرەوە کۆمەڵایەتییەکان و بگرە فەیلەسوفەکان هەر هەموو خۆ لەم داخوازییە Requirement دەپارێزن، لەڕێگای گوزارە تەمومژاوییەکانیانەوە کە گوایە هەموو شت ڕاڤە کراوە و هیچ کاتیش ناتوانرێت ڕەت بکرێتەوە. کەواتە، زانست مەعریفەیەکی ناوازە فەراهەم دەکات دەربارەی جیهان، چونکی تیۆرییەکانی بەتاقیکردنەوە سەختەکاندا براون و گیانی ساغیان دەرکردووە.(دواتر لەسەر پۆپەر و تۆماس کوهن قسە دەکەین). لەپاڵ کایەی مێژووی زانست، کایەی سۆسۆلۆژیای زانست سەرهەڵدەدات، بۆ نموونە، ڕۆبێرت مێرتۆن Robert K. Merton لە کتێبی The Sociology of Science: Theoretical and Empirical Investigations (١٩٧٣) لە دیدی سۆسۆلۆژییەوە جەختی کردووەتە سەر ئەو هەلومەرجانەی کارێک دەکەن زانست شیاو بێت. مێرتۆن لەو باوەڕەدا بوو مەعریفەی زانستی بریتییە لە چەسپاندنی ڕاستەوخۆی میتۆدی زانستی بەڵام هەلومەرجە تایبەتییەکان یاخود "نۆڕمەکان (Norms) (پێوانەکان) پێویست بوون دابمەزرێنن تاکوو جڤاتی زانستی گەشە بکات و میتۆدی زانستی بەگونجاوی بەکار بهێنێت. بەبێ ئەم نۆڕمانە یاخود ڕێ و ڕێسایانەی هەڵسوکەوتکردن Rules of behavior، زانست بەڕێگای جیاواز دەشێوێنرێت لەلایەن پیسبوونی - گەردگرتنی ئایدیۆلۆژییەوە. مێرتۆن چوار نۆڕم دیاری دەکات.

١- گەردوونایەتی Univarsalism: بانگەشەی زانستی بابەتیانە هەڵدەسەنگێنرێت، بێ ئاماژە بەو زانایانەی کە خاوەنی ئەو بانگەشەیەن.

٢- کۆمیونیزم "جڤاتگەرایی Communism" مەعریفەی زانستی دەگەڕێتەوە بۆ جڤاتی زانستی لەجیاتی ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ زانایەکی دیاریکراو.

٣- دوورەپەرێزی لە بەرژەوەندی Disinterestedness، زاناکان هیچ پەیوەندییەکی عاتفی (Emotional) لەگەڵ بەرهەمەکانیان دروست ناکەن.

٤- گومانگەرایی ڕێکخراو: زاناکان سیستماتیکیانە بانگەشە زانستییەکان دەخەنە ژێر شک و گومان و تاقیکردنەوەوە.

ڕێکەوتنێکی گشتی هەیە لەنێو جڤاتی زانستیدا کە فەلسەفەی زانستی مۆدێرن وەک لقێکی فەلسەفەی زانست (Scientific Philosophy) وەک کایەیەکی ئەکادیمی ڕەسەن، کایەیەکی باس و لێکۆڵینەوە و وانەوتنەوە و وەک دامودەستگایەک لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا سەرهەڵدەدا. بەم پێیە، ئێمە دەتوانین پرۆسەکانی جیاکاری و بەپیشەبوونی فەلسەفەی زانست دابمەزرێنین و سەرڕێگا بخەین لە فەلسەفەی یۆنانییەوە (پێش سوکراتیەکان، ئەفلاتون، ئەرستۆ) لەڕێگای فەیلەسوفە عەقڵگەرا و Empiricist تەجرییبییەکانی "شۆڕشی زانستی" تاکوو ڕۆشنگەری و تاکو مۆدێلی Neo – Kantian فەلسەفەی چاوبڕیو لە زانست یا فەلسەفەی ڕێڕەو ڕاست – Science oriented philosophy. ئەم گەشەکردنانە سەر لە هەڵسەنگاندن و نرخاندنەوەکانی تیۆری زانست لە سەدەی نۆزدەدا دەردەهێنن، لە پەیوەندییەکی تەنگاتەنگەدا لەگەڵ سەرهەڵدانی Empirical Sciences لەنێوان فیزیا و سایکۆلۆژیا و فیزیۆلوجیادا، وەک ئەوەی ڕوون دەکرێتەوە لەلایەن فەیلەسوفە زاناکانی وەکوو Ernst Mach و Ludwig Boltzmann هاوتەریبە، ئەم دەستپێکردنە دینامیکێکە و ئەم بەجێهێشتنە دینامیکییەی ترادسیۆنی فەلسەفی وەک کایەیەکی گەردوونی معیاری Norma-

tive، هاوڕێیە لە تەک جەختکردنێکی تایبەت لەسەر میتۆدەکانی زانستە سروشتییەکان بەگشتی؛ لێرەدا ئەوەی هەیە بریتییە لە جارێکی دیکە چەمکاندنەوە و وێناکردنەوە.

Re-conceptualizationی ئەزموونگەرایی Empiricism و عەقڵگەرایی، کە خۆی پێشینەیە بۆ هاتنەئاراوەی Logical Empiricism ئەزموونگەرایی لۆژیکی لەنێوان دوو جەنگی جیهانیدا لە سەدەی بیستەمدا. سیاقی ئەم داهێنانە بریتی بوو لە ئەو شتەی پێی دەڵێن "دووەم شۆڕشی زانستی" لە زانستدا، لە تەک تیۆری ڕێژەگەرایی ئەنشتاین Relativity Theory و Quantum Physics لە دەوریShrodinger, Boher و ڕۆڵی Modem symbolic logic لەلایەن Frege و Russel و Witt- genstein whitehead و Godel.

ئێمە لەوێدا گرژییەک دەبینین لەنێوان فەلسەفەیەکی زانستی نۆرمەتڤ (معیاری) میتۆدۆلۆژی لەلایەک و مێژوویەکی وەسفی زانست لەلایەکی دیکەوە کە ئاماژەیە بەو جیاکارییەی دەخرێتە ڕوو دەربارەی ڕەوت، سیاق یان Contextی ڕەوایەتی بەخشین و ڕەوتی کەشفکردن Discovery وەک بابەتی سەرەکیی ئەم سەرهەڵدانەی فەلسەفەی زانستی Scientific philosophy. لێرەوە مێژووی فەلسەفەی زانست سنووردار دەبێت، لێکۆڵینەوەی گواستنەوە و بە دامودەستگاکردنی فەلسەفەی زانست لە ئەوروپاوە بەرەو ئەمریکا لەنێوان ساڵانی ١٩٣٠ بۆ ١٩٦٠. ئەمە ئەنجام دەدرێت بە ئاماژەکردن بە ئەم بەرهەمە The Intellectual Migration. Europe and America, ١٩٣٠-١٩٦٠ Fleming and Bailyn, ١٩٦٩، هەروەها ئەو کتێبانەی کە لەسەر ڕیشەکان و کاریگەرییەکانی Logical Empiricism in American و مێژووی Venna Circle تاکوو ١٩٣٨. ئەو ئاماژەیە بەسەرهەڵدانی Logical Empiricism لە ناوەڕاستی ئەوروپا پێش کۆچی ناچاری و کۆتاییی ئەم مێژووە ڕۆشنبیری و دامودەستگایە بریتییە لە جێگیرکردنی ئەڵقەی ڤینە لە ئەمریکا لە قۆناغی جەنگی ساردا. دواجار لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پەیپەرەکەی Quine ، دوو دۆگما Two Dogams (١٩٥١)، وەدیارخستنی ئەجێندای شاراوەی مێژووی فەلسەفەی زانست، کە خۆی لە وەدیارخستنی ڕووەوە پراگماتیکی و میتۆدییەکەدا بەیان دەکات.

سەرهەڵدانی کایەیەک، ئەڵقەیەک، کێڵگەیەک بەناوی "فەلسەفەی زانست" دەتوانرێت وەک تێکەڵکێشکردنێک لە تەک پرۆسەی "سەرهەڵدانی فەلسەفەی زانستی Scientific philosophy لە

سەرەتای سەدەی بیستەم ببینرێت، بەتایبەت دوای جەنگی جیهانیی یەکەم لە ئەوروپا.

لە تێکستێکی پرۆگرام ئاسا Programmatic textی ئەڵقەی ڤیەننادا Vienna Circle ئاماژە هەیە بەکایەیەکی سەربەخۆی فەلسەفی کە ڕێگا خۆشکەرە بە زانستێکی دژ بەمیتافیزیکا، ئەم ئایدیایە سیستماتیکییانە لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا ڕۆشنایی دەخرێتە سەر نووسینەکانی Rudolf Carnapدا بەتایبەتی Logical Structure of the World (١٩٢٨)، وەک سیستەمێکی دروستکراو بەربنەمای ئەزموون لە تەک نوێکردنەوەی لۆژیکی.

چەند ساڵ دواییی تر کارناپ هەڵوێستی خۆی زیاتر ڕوون دەکاتەوە لە کتێبی (١٩٣٤) Logical Syntax ئەو دەنووسێت:

"چەمکەکان، گوزارەکان، سەلماندنەکان، تیۆرییەکان کە دەردەکەون لە مەملەکەتە جیاوازەکانی زانستدا شی دەکرێنەوە، کەمتر لە گۆشەنیگای گەشەکردنی مێژووی زانستەوە و، یاخود هەلومەرجە سۆسیولۆجی و سایکۆلۆجییەکانی وەزیفەکەیەوە، بەڵکوو زیاتر لە گۆشەنیگای لۆژیکییەوە. ئەم کایەیەی کارکردن کە زاراوەیەک نییە تا ئێستا قبوڵکردنی بەدەست هێنابێت، دەشێت ناو بنرێت تیۆری زانست یاخود وردتر لۆژیکی زانست. زانست شایانی لێتێگەیشتنە وەک ئاماژەکردن بە کۆی گوزارە قبوڵکراوەکان. ئەمە بەتەنیا ئەو بەیانکردن و گوزارانە لەخۆ ناگرێت کە لەلایەن توێژەرەوەکانی خراونەتە ڕوو بەڵکوو ئەو گوزارانەی ژیانی ڕۆژانەش لەخۆ دەگرێت. سنوورێکی ئاشکرا نییە کێشرابێت لەنێوان ئەم دوو ڕووبەرەدا" (کارناب، ١٩٣٤).

لێرەدا دوورکەوتنەوە لە فەلسەفەی تەقلیدی زۆر ئاشکرایە، ئەم کایە نوێیە چەقی قورسایی گرنگیدانی لەسەر ئەو گوزارانە نییە دەربارەی جیهانی دەرەوە وەک کایە ئیمپریکییەکان هێندەی خودی زانست وەک بونیادێکی ڕێکخراوەی گوزارەکان، وەک "بابەتی زمان" بەڵکوو بەگوێرەی "مانا"ی گوزارەکان و "مانا"ی چەمکەکان لە گۆشەنیگای لۆژیکیییەوە مەودای ئەم چەمکانە سنووردار کراوە؛ بۆیە شیکردنەوەی گوزارەکانی لۆژیک، ماتماتیک، یاخود گوزارە ئیمپریکییەکانی زانست. ئەمەش واتا "گوزارەکانی لۆژیکی زانست ئەو گوزارانەی سینتاکسی کەسی لۆژیکی زمانن. بەم شێوەیە ئەم گوزارانە خۆیان لەو سنوورانەدا دەبیننەوە کە دەیڤید هیوم دیاری کردوون، لەبەرئەوەی سینتاکسی لۆژیکی هیچ نییە جگە لە ماتماتیکی زمان".

لێرەدا بۆ یەکەم جار ئەو شتەی پێی دەڵێن "تەجاوزکردنی میتافیزیک بە هۆ و لەڕێگای شیکردنەوەی زمانەوە" دەخرێتە ڕوو. وەک بە نێونەتەوەییکردنی ئەڵقەی ڤیەننا کە ساڵی ١٩٢٩ سەرڕێگا خراوە، دوو کتێب لە ئینگلتەرا دێنە دەرەوە لەلایەن کارنابەوە The Unity of Science (١٩٣٤) و Philosophy and Logical syntax ئەم هەوڵانە بۆ شەعبیکردنی "لۆژیکی زانست لە جیهانی ئەنگلۆرساکسۆندا بووە و درێژەی پێ دراوە بەهۆی وەرگێڕانی کتێبی Logical Syntax (١٩٣٢).

لەم کتێبەدا کارناب لەژێر کاریگەریی لۆژیکزانەکان و فەیلەسوفەکانی بواری زانستدایە، چ ئەمریکی و چ پۆلەندی (Tarski, Morris, Quine) بۆ گەشەپێدانی زیاتری لۆژیکی زانست.

لە ساڵی ١٩٤٤، کارناپ، فەلسەفەی زانست وا دەخاتە ڕوو وەک "ئەو کایە فەلسەفییە کە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی سیستماتیکی سروشتی زانست، بەتایبەتی میتۆدەکانی زانست، چەمکەکانی و گریمانەکانی و شوێنی و جێگای لە کایە عەقڵیەکاندا. پێناسەیەکی وردی ئەم زاراوەیە شیاو نییە، لێرەدا دابەشکردنی بابەتەکەی بەسەر سێ کێڵگەدا کۆمەککەرە بۆ ڕووناکی خستنە سەر کێشەکانی. هەرچەندە هەر سێ بوارەکە، کێڵگەکە ناشێت بەتوندی لێک جیا بکرێنەوە، بەگوێرەی کارناب، ئەو سێ کێڵگەیە Fields، دەشێت بەم شێوەیە دیاری بکردرێن:

١- لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی میتۆد یا میتۆدەکانی زانستەکان و سروشتی ڕەمزە زانستییەکان و بونیادی لۆژیکی سیمبولە زانستییەکان و زاراوەکان.

٢- شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی چەمکە بنەڕەتییەکان، گریمانەکان و هاوکێشەکان و گوزارەکان و بەیانکردنە عەمەلییەکانی زانستەکان و، بەیانکردنە عەمەلییەکان، بەیانکردنە عەقڵییەکان و زەمینە پراگماتییەکان کە لەسەریانەوە تیۆرییەکان دادەمەزرێن.

٣- لێکۆڵینەوە هەمەچەشنەییەکانی کە هەوڵی دیاریکردنی زانستە تایبەتییەکان دەدەن، بۆ دیاریکردنی سنوورەکانیان و دیاریکردنی کایەکانیان، بۆ تاقیکردنەوەی بەرکەوت و بەرئەنجامەکانیان تا ئەو شوێنەی ئەم لێکۆڵینەوانە کۆمەک دەکەن لە داڕشتنی تیۆرییەکدا دەربارەی گەردوون وەک کۆیەک یاخود هەندێک ڕەهەندی ئەم کۆیە.

کارناب دواجار قسە لە لێکۆڵینەوەی زانستی دەکات لەژێر ناونیشانی "زانستی زانست" وەک "شیکردنەوە و وەسفکردنی زانست لە کۆمەڵێک گۆشەنیگاوە، لەوانە لۆژیک، میتۆلۆژی، سۆسیۆلۆجی و مێژووی زانست.

لە ساڵی ١٩٦٨ فەیلەسوفی نەمساوی - ئەمریکی، فەیلەسوفی بواری زانست Herbert Fei- gl (١٩٠٢ - ١٩٨٨) وتارێکی ژیاننامەئاسا بڵاو دەکاتەوە. "The wiener Kreis in America" کە تێیدا باس لە لایەنی مێژوویی و تیۆری کۆچکردنی Vienna Circle دەکات بۆ ئەمریکا و کاریگەرییەکانی لەسەر دامەزراندنی کایەی فەلسەفەی زانست.

دیارە پێشتر ئەو کاریگەرییە لەلایەن J. Ayer.وە بەدیار کەوتووە ئەوێک کە لە ١٩٣٢- ١٩٣٣ بەشداریی ئەڵقەی ڤیەننای کردووە، مێژووی ئەم کاریگەرییەی لە کتێبەکەیدا تۆمار کردووە. (Lan- guage, Truth and Logic ، ١٩٣٦) هەروەها لەو پەیپەرەیدا The Vienna Circle کە دواجار لە کتێبی The Revolution in philosophy (١٩٥٦)، هەروەها لە کتێبی Logical Positivism (١٩٥٩) بۆچوونی ستاندارد دەربارەی Logical Positivism لە ئینگلتەرا لەلایەن ڕۆڵی Ayer ەوە دیاری دەکرێت وەک ڕاڤەکارێکی گرنگ، لەلایەکی دیکەوە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر ڤنگنشتاین، ڕۆڵی ڤنگنشتاین لەسەر Analytic philosophy پێش و پاش جەنگی دووەم.

ئەم مامەڵەکردنە مێژووییە بریتییە لە کاریگەربوونی فەلسەفەی زانست دوای جەنگ بە Logical Positivismی ئەڵقەی ڤیەننا (هەروەها ڕۆڵی کارڵ پۆپەر دیارە، لە کاتێکدا Analytic philosophy لەژێر کاریگەریی قۆناغی دووەمی فەلسەفەی ڤنگنشتایندا بوو Philosophical Investigations (١٩٥٣).

کەواتە، پرۆسەی پەیوەندیکردن و کارتێکردنی نێوان ترادسیۆنی نەمساوی و ئینگلیزی لە فەلسەفەی شیکاریی زانستیدا لەپڕێکدا لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا سەرهەڵنادا، بەڵکوو پێشینەیەکی هەیە، ئەویش کاریگەری Bertrand Russel لەگەڵ Einstein و ڤنگنشتاین کە لە مانیفستۆی ئەڵقەی ڤیەننا ١٩٢٩ ئاوها ناویان هاتووە: "نوێنەرانی دنیابینی زانستی". لە ١٩٥٣، ڕەسڵ لە کۆنفرانسێکدا لە پاریس: وا قسە لە فەلسەفەی زانستی دەکات وەک "تەرکیبەیەک لە لۆژیک و ئەزموونگەرایی (تەجریبییەت Empiricism) لە ١٩٣٥ Otto Neurath دیدارێک بۆ Logical Positivism ڕێک دەخات بە بە بەشداریی A. S. Ayer, G. E. Moore, Max Black, Carl G. Hempel.

دواجار Ayer لە پاریس پەیپەرێک پێشکەش دەکات بە ناونیشانی: The Analytic Movement in Contemporary Philosophy (١٩٣٦) کە تێیدا ئاماژە بە جووڵانەوەی دژ -میتافیزیکی لە ڤیەننا و ئینگلتەرا دەکات لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا. هەروەها تێیدا ئاوات بە نزیکبوونەوە و بگرە ئاوێتەبوونی زانست و فەلسەفە دەخوازێت. کۆنگرەی پاریس (١٩٣٥) خاڵێکی دیاریکەر بوو بە بەشداریکردنی واڵتەر بینجامین Walter Benjamin وەک وەفدی قوتابخانەی فرانکفۆرت، بەشداریکردنی نوێنەری پراگماتیزمی ئەمریکی (چاڕلس مۆر) فەیلەسوفەکانی ترادسیۆنی شیکاری (لەوانە Susan Stebbing، لۆژیکزانەکان).

ڕەسڵساڵێک دواتر دەنووسێت "کۆنگرەی فەلسەفەی زانستی لە پاریس لە سێپتەمبەری ١٩٣٥دا بۆنەیەکی زۆر گرنگ بوو، بۆ عاشقانی عەقڵانییەت شوێنی ئومێد بوو. ئەمە سیفەتێکی نێونەتەوەیی بەخشییە بزووتنەوە و کایەکە. ڕەسڵ دەنووسێت: "زانستی مۆدێرن لەو زەواجەی ماتماتیک و تەجریبییەتەوە سەرهەڵدەدات. سێ سەدە دواییتر هەمان یەکێتی منداڵێکی دیکە دروست دەکات، فەلسەفەی زانستی،.... تەنیا ئەمەیە دەتوانێت کەشوهەوایەکی عەقڵی دروست بکات کە شیاو بێت بۆ گەڕان و دۆزینەوەی دەوا و چارەسەر بۆ نەخۆشییەکانی جیهانی مۆدێرن.

****** ******

با جارێکی دیکە بپرسین بۆ گرنگە بە فەلسەفەی زانست ئاشنا بین؟ بۆچی گرنگە لێی تێ بگەین و بیری لێ بکەینەوە؟ فەلسەفەی زانست، وەک فەلسەفە بەگشتی دیسپلینێکە هەوڵ دەدات بۆ خستنەڕوو و پیشاندانی گریمانە بەراییەکان کە بونیادی پراکتیکەکان و دامودەزگاکانی ژیان پێک دەهێنن. بونیادەکانی ژیان، فیکر دەکاتە بابەتی تاقیکردنەوەی ڕەخنەیی. بەکورتی، فەلسەفەی زانست کارێک دەکات ئێمە بیر بکەینەوە لەوەی چی دەکەین (لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانەوە) و چۆن دەیکەین، ئەمە جگە لە بیرکردنەوە لە کۆی کەتوار (ڕیاڵەتی).

فەلسەفەی زانست لە ئامانج و ڕاز و نیاز و مەرامەکانی چالاکییەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، ئەوسا پرسیار لە میتۆدەکان و ڕێوشوێنەکان دەکات کە لە ڕێگەیەوە ئەو ئامانجانە و مەبەستانە دەهێنرێنە دی. لەم ڕێگەیەوە فەلسەفەی زانست هەوڵ دەدات بەهانە بۆ ئامانجەکانی بهێنێتەوە و ڕێوشوێنەکان باشتر و گونجاوتر بکات. بەربنەمای ئەرگۆمێنت، ئەو ڕەخنە خود-ئاگاییەی پراکتیکەکانی خۆ

بریتییە لە خەسڵەتێکی جیاکەرەوەی هەڵسوکەوتێکی مرۆییانەی ئاوەزمەندانە، ئەمەی دوایی ڕەنگە باشترین پێناسە بێت بۆ کاری ئاوەزمەندانە.

بێ هیچ ئاڵۆزییەک دەتوانین بڵێین فەلسەفە کارێک دەکات مرۆڤەکان بیر لەوە بکەنەوە کە دەیکەن. فەلسەفەی زانست زانست وەردەگرێت و دەیکاتە بابەتی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی. ئێستا بەشێک لە پراکتیکردنەکەی زانست وەک گرنگترین چالاکیی مرۆیی خۆی لەو بیرکردنەوەیەدا مەڵاس داوە کە دەستوپەنجە نەرمکردنە لە تەک پرسیارگەلی لەچەشنی چۆن و بە چ شێوەیەک و بۆ ئەو پراکتیکردنانە ئەنجام دراون؛ هەروەها پرسیاری چۆنێتیی باشترکردنی ئەنجامدانی ئەو پراکتیکردنانە. بەم شێوەیە، فەلسەفە بریتییە لەو دیسپلینەی کە لە مێژووی بونیادی پشکنین و گەڕان دەکۆڵێتەوە، پرسیارگەلی هەستیار و ڕەخنەییانە دەخاتە ڕوو، ئەو پرسیارانەی کە مرۆ یا کەسێکی خاوەن ئاگایی و خاوەن فزوڵییەت دەیانکات یا دەبێت بیانکات. لەمە زیاتر دەڕوات ئەو کاتەی هەوڵ دەدات لەڕووی سیستماتیکی و بەدیقەت و بەزەبرەوە تاقی بکاتەوە و ئەو پرسیارانە بخاتە قاڵبی یاساوە و کۆدیان بۆ دابنێت.

لە گۆشەنیگایەکی دابینکاری (دیسپلینەری) لەناو خودی فەلسەفەدا، فەلسەفەی زانست لەبنەڕەتدا بریتییە لە خستنەڕووی پرسیارگەلی دیاریکراو و دیار و بەرجەستە. لەڕووی ئیبستمۆلۆژییەوە ئەم کایەیە پرسیار دەکات لەوەی کە سروشت و خەسڵەت و کارەکتەرە سەرەکییەکانی مەعریفەی زانستی چینی و کامانەن، چۆن ئەم مەعریفەیە بەدەست دێت، چۆن ڕێک دەخرێت و دەخرێتە ڕوو، چۆن دەکرێتە بابەتی پشکنین و شیکردنەوە و چۆن ڕەوایەتیی پێ دەدرێت یاخود بەهانەی عەقڵی بۆ دەهێنرێتەوە. لەڕووی گۆشەنیگای میتافیزیکیشەوە، فەلسەفەی زانست جۆرەکان و سروشتی شتەکانی ناو جیهان تاقی دەکاتەوە و دەنرخێنێت تا ئەو شوێنەی زانست مامەڵەیان لە تەکدا دەکات. فەلسەفەی زانست ڕەخنەییانە ئەو گریمانانەی زاناکان شی دەکاتەوە کە دەیخەنە ڕوو دەربارەی شتە بنەڕەتییە فیزیکییەکان و بایۆلۆژییەکان و وجودی و کۆمەڵایەتییەکان کە ئێمە بەریان دەکەوین و بیریان لێ دەکەینەوە ئەو کاتەی مەبەستمانە لە جیهان تێبگەین، یا تێگەیشتنێکی ئاوەزمەندانە دەربارەی جیهان فەراهەم بکەین. هەرچی پەیوەندیشی بەئاکارەوە هەبێت، فەلسەفەی زانست ئاراستەی پرسیارەکان دەکات بە ئاکاری سیستەمی بەهاییەکان (Values) کە زاناکان دەپرسن

چۆن ئەو بەهایانە کاریگەری لەسەر پراکتیککردنەکان و بەرئەنجامەکانی زانست دادەنێن، بابەتی ئەخلاقیش سەرهەڵدەدات ئەو کاتەی ڕەچاوی کاریگەرییەکانی زانست دەکرێت لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیمای مرۆڤەکان، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ. بەهەمان شێوە ئەو تەڵزگە ئاکارییانەش سەرهەڵدەدەن ئەو کاتەی ئەوە لەبەرچاو دەگیرێت کە چۆن زانست کاریگەریی لەسەر پرۆسەی بڕیاردانەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان دادەنێت. هەروەها لەڕووی سیاسیشەوە، بەتایبەتیتر لەڕووی فەلسەفەی سیاسییەوە، بابەت و ئاریشە سیاسییەکان لە پەیوەندی بە سیاسەتی زانستەوە (واتا ئەو ڕێوڕەسم و ڕێسایانەی کە چاوەڕوان دەکرێت زانست ڕەچاویان بکات) خۆی دەرخەری سروشتی جوانیناسییانەی تیۆرییە زانستییەکان کە سەرهەڵدەدەن لەناو فەلسەفەی زانستدا.
زانست، وەک ئەوەی دەگوترێتەوە و پراکتیک دەکرێت لەناو ڕێکخستنێکی پەروەردەییدا، ئەمە دەبێت سەرقاڵی ئەو پرسیارانە بێت کە دەربارەی سروشت و گونجاویی مەعریفەیە لە گۆشەنیگای پیداگۆجییەوە؛ پرسیارکردن لە کەسانی ناو کایە زانستییەکان تاکوو لە چالاکییە زانستییەکانیان تێڕابمێنن ئەو کاتەی دەرگیری زانستن، یا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی زانستین، ئەمەش شێوازێکە بۆ بەدەسەڵاتبوونیان بۆ تێگەیشتن لەپاڵنەرەکانیان تا ئەو شوێنەی شیاو و گونجاوە.

کردنی کارێک تاکوو ئەوەی کە پرسیار بکەن لە هەر ئاستێکدا بێت، ئەو پرسیارانەی کە فەیلەسوفانی زانست دەیکەن، خۆی دەرگیربوونێکی چالاکانەیە لە تەک پرۆسەی پشکنین و گەڕان؛ لەهەمان کاتدا، ڕووبەڕووی ئەو ئالنگاریانەیان دەکاتەوە کە چۆن ڕێژە و ئاستی تێگەیشتنیان بۆ ئەو شتەی دەیکەن زیاتر بێت.

تێڕامان لە ئامانجەکان و ڕێوشوێنەکانی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان کۆمەکمان دەکات کێشەکان باشتر چارەسەر بکەین. هەروەها کارێک دەکات باشتر خۆ بگونجێنین و لە کەشوهەوایەکی نوێدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەی نوێ، بونیادی ئامانجە کۆنەکان دابڕێژینەوە. لێرەوە پرسیاری فەلسەفی دەبێت بخرێتە ڕوو لە بەستێن و لە پەیوەندی بە ناوەڕۆکی تایبەتییەوە بە نیگەرانییە هەستیار و ڕەخنەییەکان تاکوو ئەو بەرئەنجامانە بەدەست بێنن کە شوێنی چاوتێبڕینن یا شوێنی ئاوەزمەندیین.

چەمکەکان لەنێو فەلسەفەی زانستدا:

لێرەدا ئاماژە بە زنجیرەیەک چەمک دەکەین کە پەیوەندیی تەنگاتەنگیان بەیەکەوە هەیە؛ هەروەها لە پەیوەندییەکەدا بەوە پێناسە کراون کە ئەم چەمکانە بناغەکانی فەلسەفەی زانست پێک دەهێنن. دوای بە سیستماتیککردن و پۆلێنکردنی بابەتە سروشتییەکان و پرۆسیسییەکان، زانست بەردەوام دەبێت لەڕێگا و بەهۆی زنجیرەیەک ئەبستراکت بۆ فۆرمیلەکردن و داڕشتنەوەی پرەنسیپەکان و قانوونەکان کە حوکمی کاراکتەری بابەتە سروشتییەکان دیاری دەکەن. لەم ڕووەوە زاناکان پرۆسەی داڕشتنی گریمانە و وادانان (وا هەژمارکردن) و ڕوونکردنەوەکان و ڕاڤەکردنەکان و دواجار تاقیکردنەوەیان ڕادەپەڕێنن. کەوایە، زانست پرسیار دەکات دەربارەی کاراکتەر و وەزیفە و مێژووی بابەتە سروشتییەکان. بە وتەیەکی تر، زانست بریتییە لە هەوڵی مرۆڤایەتی بۆ زانین و دۆزینەوەی ڕاستی دەربارەی سروشت و سروشتی شتەکان. لەم کاروانەدا، لەم هەوڵ و کۆششەدا ئایدیاگەلێکی هەڵە و وەهمگەلێکی زۆر سەرهەڵدەدەن، لەپاڵ ئایدیا دروستەکاندا. هەوڵی هۆشیارانەی زانست بریتییە لە بژارکردنی ئایدیا هەڵەکان لەپێناو گەیشتن بە ڕاستی، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە: ڕاستی چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە خۆی بابەتی چەند کتێبێکە، بەڵام دەرهەقی ئێستا و ئەم دەروازەیە بۆ زانست دەڵێین ڕاستی لەم بەستێنەدا بریتییە لە گونجان (Correspondence)ی نێوان ئایدیاکان و واقعێکی (ڕیاڵەتی) بابەتی، ئەو کاتەی ئایدیایەک دەتوانێت ڕاڤەی دیاردەیەکی بابەتی بکات و دەتوانێ پێشبینیی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکان بکات ئا لەوێدا دەڵێین کە ئەو ئایدیایە ڕەنگدانەوەی ڕاستییە.

گونجاندنێک لەنێوان ئایدیاکان و واقیعدا هەرگیز کتوپڕ یا بە یەک هەوڵ یا هەنگاو ئەنجام نادرێت، وەک ئەوەی زانایەک لەپڕێکدا پەرجووانە (معجیزانە) بەڕەهایی دەستی پێی بگات، بەڵکوو گونجان لەنێوان ئایدیاکان و ڕیاڵ تێیدا لەسەرەخۆ دادەمەزرێت، لە هەنگاوە بچووکەکانەوە بەهاوبەشی و بەشداریی ژمارەیەک لە زاناکان. کەواتە، گونجاندن هەندەکییە (بەشییە) و ناتەواوە. ڕەنگە ئایدیاکە لە هەندێک ڕووەوە، یا لە هەندێک ڕەهەندییەوە لە تەک سروشتی ئەو بابەتەی کە شوێنی لێکۆڵینەوەیە نەگونجێت، هەندێک پاڵنەر لە ڕیاڵەتی بابەتیدا (Objective reality) دەشێت ڕاڤە بکردرێت لەلایەن ئایدیاکەوە. ڕەنگە پاڵنەری دیکەش هەبن کە لە فۆرمێلەکردنی ئایدیاکەدا

بەهەند وەرنەگیراون. دەتوانین ئەو بەیانکردنانە دەربڕین کە بەڕەهایی ڕاستن؛ بۆ نموونە، کۆی گۆشەکانی سێگۆشەیەک لەسەر کاغەز بریتییە لە ١٨٠ پلە، بەڵام زانست مامەڵە لە تەک ئەو جەغدکردنانە ناکات کە زانراون، کە دۆزراونەتەوە، بەڵکوو سەرکەشی دەکاتە ناو ئەو شتانەی هێشتا نەزانراون، زانست لێرەوە پڕۆژەیەکی ڕۆحانییە لەبەرئەوەی دەستوپەنجە لە تەک نەزانراو و موعەما و مەتەڵەکان و نەزانراوەکاندا نەرم دەکات؛ لەبەرئەوە لە زانستدا زۆربەی بەیانکردنەکان ڕەنگە ڕاست بن، لە هەندێک بوار ڕاست بن بۆ هەندێک مەبەست، بەڵام ڕەنگە ڕەنگدانەوەی ڕاستیی ڕەها نەبێت.

ئەو بەیانکردنانە بەبەردەوامی دەبێت هەڵبسەنگێندرێن، هەموار بکردرێنەوە و، ڕاست بکرێنەوە. ئەو کاتەی ئەزموون یا تاقیکردنەوەیەکی نوێ سەرهەڵدەدا یا مەعریفەیەکی نوێ خۆنیشان دەدات، پێویستە لە دیدێکی نوێوە لەو ئایدیایانە بڕوانن کە پێشتر داڕێژراون و بگرە ڕەنگە پێویست بکات بەیانکردنەکان بەجۆرێکی دیکە بەیان بکەینەوە. بۆ نموونە، تیۆری نیوتن تاقی کراوەتەوە لەسەر جووڵەی هەزاران جەستەی زەمینی (Terrestrial) و بابەتی ئەزموونەکان و هەسارەکان. لە هەموو ئەزموونکردنەکاندا دروست دەرچوو. بەڵام ئەو کاتەی جووڵەی هەسارەی Mercury عەتارد پێوانە کرا، ئەوە دەرکەوت وەرچەرخانی پیریهیلین Perihelion): نزیکترین خاڵی لە خۆرەوە لە چەقی هەسارەیەکەوە (لای ناگونجێت لەتەک پێشبینییەکانی قانوونەکانی نیوتن. کەواتە، تێگەیشتنێکی تەواو نوێی دیاردەی هێزی ڕاکێشان - تیۆری گشتیی ڕێژەگەرایی، تیۆری ئەنشتاین بۆ هێزی ڕاکێشان - پێویست بوو بۆ ڕاڤەکردنی. کەواتە، قانوونی نوێ پێویستە بۆ حیسابکردنی هەلومەرجی نوێ. وانەیەک کە لەم نموونەوە فێری دەبین ئەوەیە کە تاقیکردنەوەی تیۆرییەک هەرگیز کامڵ نابێت تاکوو ڕابگەیەنرێت کە ئیدی لەودیو شک و گومانەوەیە.

ئێمە، واتا زاناکان، دەبێت بە بەردەوامی فەرەزیە یا گریمانەکان تاقی بکەینەوە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، لە هەلومەرجی جیاوازدا؛ لێرەوە ڕەنگە لە هەندێک تاقیکردنەوە دەربچێت و لە هەندێکی دیکە شکست بهێنێت. ئەم تاقیکردنەوە بەردەوامانە و پشکنینانەی بیروباوەڕەکانمان خاڵی ناسینەوەی زانستن. زاناکان دەبێت گەشە بدەن بە خودی گومانکردن لە گشت چەمک و ئایدیا دامەزراوەکان، لەبەرئەوەی ئێمە گومان دەکەین و نیشانەی پرسیار لەسەر تیۆریەکان دادەنێین و بەبەردەوامی تاقییان دەکەینەوە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، گەر درزێکمان لە مەعریفەماندا بەدی کرد، زانستێکی نوێ لەدایک دەبێت، هەر بۆیەشە خاسییەتی سەرەکیی زانست بریتییە لە گومانگەراییەکی ڕێکخراو. بەڵام ئایا تیۆرییەک گەر لە هەندێک تاقیکردنەوەدا دەرنەچوو ڕای دەگەیەنین کە "هەڵە"یە؟ بۆ نموونە، دەتوانین بڵێین تیۆری کێشکردنی نیوتن هەڵەیە؟ بێ گومان نە، لەبەرئەوەی لە زۆربەی هەلومەرجەکاندا کار دەکات؛ کاری کردووە لەبەرئەوەی مۆدێلێکی چاکی هێزی کێشکردن/ڕاکێشانی داوە بەدەستەوە کە چەسپێنراوە بەسەر ئەو هەلومەرجانەوە، تەنیا ئەوەندە هەیە کە گشت هەلومەرجەکان لەخۆ ناگرێت. لەبەرئەوە، هەرچەندە قانوونە سروشتییەکان لەلایەن زانستەوە دەدۆزرێنەوە، کە ڕەنگدانەوەی پرۆسیسی بابەتی و دیاردەکانن، وێڕای ئەمەش زانست بانگەشەی ئەوە ناکات کە ئەو قانوونانە بەڕەهایی ڕاستن، گەر ڕاستیی ڕەها بێت و بەدەست بێت لە هەر بابەتێکدا، ئەوسا بوارێک نامێنێت بۆ پشکنین و گەڕانەوەی نوێ. ئێمە ئەو ڕاستییە دەزانین کە مرۆڤ بەسروشت خۆتێهەڵقورتێنە. ئەو پرسیارگەلێکی زۆری دەربارەی شتەکان و ڕووداوەکانی دەوروبەری هەیە. بەڵام شێوازی عەوداڵبوونی وەڵامەکانی پرسیارەکەن لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێت. بۆ نموونە، لە سەردەمی دێریندا وەڵامەکانی پرسیارەکان لەڕێگای بەدەستهێنانی ڕاستیی دەرخستنی کەسییەوە، یا تاکەکەسییەوە بەئەنجام دەگەیەنرا. کەسێک لەو باوەڕەدا دەبوو کە بە وەڵامێک گەیشتووە، بۆ ئەو ئەوە وەڵامی پرسیارێک بووە. لای کەسێکی دیکە وەڵامێکی دیکە بەدەستەوە دەدات. کەوایە، بۆ پرسیارێک دەشێت وەڵامگەلێکی زۆر بخرانایاتە ڕوو. خاڵی ناسینەوەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە کەسێکە بیر لەوە ناکاتەوە وەڵامەکان لە بێژینگ بدات، بیریان لێ بکاتەوە و بیانپشکنێت، یاخود بپرسێت ئاخۆ ڕاستن یا هەڵە؟ بە واتایەکی دیکە، هێشتا چەمکی Verification سەلماندن و ڕاستکردنەوەی ئایدیاکان سەریان هەڵنەداوە. ئەم بیرکردنەوەیە لەسەر ئاستی خود - زات - کەسی، خودی کەسەکە پڕۆسەی گەشەکردن بەچەمکەکان و تیۆرییەکان و ئایدیاکان ڕادەپەڕێنێت لەڕێگای ڕاستیی دەرخستنی کەسییەوە، ئەوەش بریتییە لە بیرکردنەوەیەکی خودێتی. ئەم تەرزە لە بیرکردنەوە لە ڕێنسانسەوە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە و دروشمەکە لەنێو زاناکاندا دەبێتە "با تاقی بکەینەوە". کەواتە، بیرکردنەوە بە پرۆسێسی تاقیکردنەوە و بەڵگەهێنانەوە و سەلماندندا تێدەپەڕێنرێت تاکوو ڕەوایەتیی پێ ببەخشرێت.

گالیلۆ لەم ڕووەوە شتێک دەڵێت گەر دایبڕێژینەوە ئاوها دەردەکەوێت: بیرکردنەوە و ڕا و ئایدیای من ڕەنگە هەڵە بن. بەڵام من دەبێت تاقییان بکەمەوە لەبەرانبەر واقعێکی بابەتیدا تا ڕاستی یا ناڕاستیبوونیان وەدیار بکەوێت. کەواتە، ئایدیاکان دەبێت تاقی بکردرێنەوە و دڵنیاترین ڕێگاش بۆ کردنی ئەم کارە ئەنجامدانێتی لەڕێگای چاودێریکردنی بابەتەکان و تاقیکردنەوە (تاقیکردنەوەی تیۆری و گریمانەکان)؛ کەواتە، بابەتەکە دەبێت پێمان بڵێت کە ئایدیاکەی ڕاستە یا هەڵە، دوای تاقیکردنەوە. ئەم تەرزە لە بیرکردنەوە ناوزەد دەکەین بەبیرکردنەوەی بابەتی (Objective).

لێرەوە زانست گەشەی کرد و گەشە دەکات بەگشتی لەڕێگا و بەهۆی پەیڕەویکردن لە تەرزی بیرکردنەوەی بابەتی. لەڕاستیدا، ناساندنی تەرزی بیرکردنەوەی بابەتێتی دەناسرێتەوە وەک سەرەتای سەرهەڵدانی "سەردەمی زانستی". لە زانستدا، زاناکان بیر لە گریمانەیەک دەکەنەوە و دواجار لە تیۆرییەکدا دایدەڕێژن، ئەوسا تاقی دەکەنەوە تاکوو دروست یا هەڵەبوونی دەربکەوێت. بەڵام کارڵ پۆپەر لەم ڕووەوە پرسیارێکی دیکەی کرد: ئایا ئێمە دەتوانین لەڕاستیدا دروستی یا ڕاستیی تیۆرییەک تاقی بکەینەوە؟ ئێمە بینیمان تیۆرییەکەی نیوتن تاقی کرایەوە و دەرکەوت کە ڕاستە لە زۆربەی تاقیکردنەوەکاندا، بەڵام دواجار ئەوە نیشان درا کە گونجاو نییە لە پەیوەندی بە هێزی ڕاکێشانی چڕەوە. قانوونەکانی میکانیکی کلاسیک تاقی کرانەوە و دەرکەوت ڕاستن، بەڵام دواجار دەرکەوت گونجاو نییە بۆ مامەڵەکردن لە تەک Subatomic Particles تەنۆلکەی زۆر گچکە. ئەم کێشەیە پێمان دەڵێت ئێمە ناتوانین تیۆری تاقی بکەینەوە و ڕای بگەیەنین کە ڕاستە. گەر ئێمە نەتوانین دڵنیا بین لەوەی تیۆرییەک بەڕەهایی ڕاستە، گەر پێویست بکات کە بەبەردەوامی ئێمە تیۆرییەکان تاقی بکەینەوە، کەواتە دەبێت بپرسین زانست لەسەر چ بنەمایەک دەوەستێت؟ بە ڕای کارڵ پۆپەر، زانست دەبێت لەسەر ئەو توانایییە بوەستێت، توانایی ڕەتکردنەوەی ئایدیای هەڵە، پۆپەر لەڕێگای ئەم چەمکەوە تەعبیر لەم ئایدیایە دەکات: Falsifiability یاخود Refutability بڕوانە:

The logical Scientific Discovery (١٩٣٤)، واتا هەبوونی توانایی بەهەڵەخستنەوە، یا ڕەتکردنەوە، واتا تیۆرییەک تیۆرییە کە بتوانرێت ڕەت بکرێتەوە. تیۆرییەک یا گریمانەیەک شایانی ڕەتکردنەوە، بەهەڵەخستنەوەیە، گەر لەڕووی لۆژیکەوە بتوانرێت ناکۆکی و دژ بەبەشی لەڕێگای تاقیکردنەوەی ئیمپریکی (عەمەلی)یەوە وەدیار بخرێت. گەر ژمارەیەک ئایدیا پێشنیار بکردرێت بۆ ڕاڤەکردنی هەلومەرجێک، گەر ئەم ئایدیایانە تاقی بکرێنەوە و ئایدیا هەڵەکان دیاری بکرێن و ڕابگەیەنرێت کە ئایدیای هەڵەن: واتا بەهەڵە خراونەتەوە، ئەو کاتە ئێمە لەم کایەیەی زانستدا پشکنینەکە کورت دەکەینەوە بۆ ئایدیایەکی ڕاست و دروست. بەم شێوەیە هەر ئایدیایەک، گریمانەیەک، تیۆرییەک دەبێت خاسییەتێکی هەبێت ئەویش لەڕووی پرەنسیپەوە بشێت دیاری بکردرێت وەک ئەوەی کە هەڵەیە، گەر لەڕاستیدا وابێت. کەواتە، تیۆرییەک ڕاستە تا ئەو کاتەی لە هەناویدا ئەگەری ڕەتکردنەوەی هەڵگرتبێت؛ زانست کاری بەو تیۆرییانەوە نییە کە بە درۆ ناخرێتەوە یا هەڵە ناکەوێتەوە. دەبێت ئەگەری ئەوە هەبێت کە بەرئەنجامی چاودێریکردن یا تاقیکردنەوە ناکۆک بێت بە پێشبینی و چاوەڕوانکراوەکانی تیۆرییەک.

لێرەوە ئەوەی گرنگە ئەو داواکارییە کە دەبێت هەر تیۆرییەک لەڕووی پرەنسیپەوە شایانی بەدرۆخستنەوە بێت و Falsifiable (بەهەڵەخستنەوە)؛ واتا هەر تیۆرییەک کە زانایەک دەیخاتە ڕوو دەبێت ئەوە ڕۆشن بکاتەوە کە چۆن چاودێریکردن و تاقیکردنەوە دەتوانێت بە درۆی بخاتەوە و ڕەتی بکاتەوە. با نموونەیەک بخەینە ڕوو؛ گریمان زانایەک گریمانەیەک دەخاتە ڕوو کە تێیدا هاتووە نەخۆشیی مەلاریا لەلایەن جنسێکی تایبەتی بەکتریاوە دروست دەبێت کە دەگوازرێتەوە لەلایەن مێشوولەوە، لێرەدا داوپێنگی "ڕەتکردنەوە یا هەڵەخستنەوە" چۆن کار دەکات؟ ئەو گوزارەیەی سەرەوە لە دوو توخم پێک دێت:

١- ئەوەی کە نەخۆشییەکە، پەتاکە، بەهۆی بەکتریایەکی تایبەتەوە دەبێت.

٢- ئەوەی کە نەخۆشییەکە لەلایەن مێشوولەوە دەگوازرێتەوە.

لێرەدا گەر خوێنی نەخۆشەکە فەحس کرا و ئەو بەکتریایە نەبینرایەوە کەوا دەزانرا هۆی نەخۆشییەکەیە، لەم حاڵەتەدا گوزارەی (١) هەڵەیە.

گەر نەخۆشەکە لە شوێنێکدا ژیا بوو کە بەهیچ شێوەیەک مێشوولەی لێ نەبوو وێڕای ئەمەش نەخۆشییەکەی تووشی بووە، کەواتە گوزارەی (٢) بەدڵنیاییەوە هەڵەیە.

بەم شێوەیە ئەمانە داوپێنگی "بەدرۆخستنەوە، بەهەڵەخستنەوەی ئەو گوزارەیەن". بەڵام گەر کەسێک بڵێت (١) نەخۆش کەوتووە بەهۆی گوناهێکەوە کە کردوویەتی، ئەم بەیانکردنە شایانی

بەهەڵەخستنەوە، بەدرۆخستنەوە نییە (Not falsifiable)، چونکە ئەو ڕستەیە بێمانایە و شایانی پێناسەکردن یاخود شیکردنەوە، واتە بەدرۆخستنەوە نییە. کەواتە، ئێمە دەبێت بەگوێرەی کارڵ پۆپەر، ئەم داوپێنگە بەشێوەیەک دابڕێژین کە بتوانین بیچەسپێنین بەسەر هەر گریمانەیەک یا تیۆرییەکدا، بەشێوەیەک کە هەر زانایەکی دیکە بتوانێت ئەو گریمانەیە تاقی بکاتەوە. بەربنەمای ئەو داوپێنگە، ئەنشتاینیش هەر ئەمەیە کە دەڵێت: "هیچ ڕێژە و ڕادەیەک لە تاقیکردنەوە ناتوانێت بیسەلمێنێت من ڕاستم، یەک تاقیکردنەوە دەتوانێت بیسەلمێنێت کە من هەڵەم".

گەر بەهەڵەخستنەوە Falsifiability داواکارییەکی سەرەکیی گوزارەی تیۆری بێت، داواکاریی سەرەکیی بەرئەنجامی تاقیکردنەوە بریتییە لە توانستی بەرهەمهێنانەوە، ئەم داواکارییەش لە بابەتێکەوە سەرچاوە دەگرێ، لەو دیدەوەی کە هەر دیاردەیەکی بابەتی نابێت پشت بەچاودێریکردنی کەسی (تاکەکەسی) ببەستێت یا تەفسیری کەسی یا حوکمدانی کەسی. بۆ نموونە، ئەگەر دیاردەیەکی دیاریکراو لەلایەن زانایەکەوە گوزارەی لێ بکردرێت، سەدان زانای دیکە هەمان تاقیکردنەوە چەند پات دەکەنەوە، هەمان هەلومەرج دروست دەکەنەوە کە ئەو دیاردەیەی دروست کردووە یا هێناوەتە بوون، ئەوە دەپشکنرێت گەر بەڕاستی دیاردەکە لە هەموو هەلومەرجەکاندا و لە تاقیکردنەوەکاندا ڕوو بدات یا بێتە بوون. بەڵام گەر چاودێریکردنەکە بەرهەمنەهاتووە، ئەوسا لەلایەن جڤاتی زانستییەوە شایانی قبوڵکردن نییە. کەواتە، زانایەک بۆی نییە بڵێت لە تاقیگەکەی مندا ئەو دیاردەیە ڕووی داوە، کەواتە، ڕاستە دەبێت لە هەموو هەلومەرجەکانی دیکە و لە تاقیگەکانی دیکەشدا ئەو دیاردەیە ڕەچاو بکردرێت و بخوڵقێنرێت تاکوو قبوڵ بکردرێت، زانست نابێت بگوترێت تەنیا لەم هەلومەرجەدا ڕوو دەدات، یا لەم تاقیگەیەدا. زۆربەی تێڕامانە فەلسەفییەکان دەربارەی ئامانج و نیازی زانست مامەڵەکردنە لە تەک پرۆسێسی بەدەستهێنانی مەعریفە و چۆن مەعریفە تێگەیشتن دەهێنێت دەربارەی شتەکان و دیاردەکان. زانست چاو لە تێگەیشتنی جیهان دەبڕێت، لەڕووی فیزیکی و بایۆلۆژیکی و... هتد.

بیرکردنەوە لە زانست وەک فۆرمێکی مەعریفە ئەو پرسیارە دەخاتە ڕوو دەربارەی هەوڵەکانی دیکە کە بانگەشەی مەعریفە دەکەن. ڕەهەندێکی ئەم کێشەیە پەیوەندیدارە بە Demarcation سنوورکێشانی زانست، یا جیاکردنەوەی زانست لە زڕە زانست Pseudo – Science، یاخود هەندێک جار دەگوترێت لێکۆڵینەوە و پشکنینی ئاوەزی (عەقڵی) وەک دژێک بەرانبەرێک بەخورافە و دەردەشەی نائاوەزی (ناعەقڵی). کەواتە، یەکێک لە ئامانجەکانی زانست و پەروەردەی زانستی بریتییە لە تێگەیشتن لە جیاوازیی نێوان زانست و زڕە زانست، زانستی دروست و خورافیات بەناوی زانستەوە جیاوازە نێوان میتۆدەکانی پشکنین و لێکۆڵینەوە و ڕەوایەتیدان بە چیرۆک و حیکایەت دەربارەی گەردوون کە نە دەسەلمێندرێن، نە ڕەت دەکرێنەوە؛ تەنیا بەمەبەستی گەشەپێدانی جەهلەوە دەربارەی جیهان دەخرێتە ڕوو.

بەشێک لە تێگەیشتن لە مەعریفەی زانستی بریتییە لە تێگەیشتن لەوەی کە زانست ناتوانێت بیکات یاخود ئەو شتەی زانست وەک ئامانج چاوی لێ نەبڕیوە؛ بۆ نموونە، پرسیاری بوونی خودا، یاخود پرسیاری بۆ؟ کە پرسیارێکی زانستی نییە، لەجیاتی ئەوە چاوبڕین لە پرسیاری چۆن "How?". گرنگترین سنوورێک کە دەبێت جەغدی لەسەرەوە بکردرێت بریتییە لە سروشتی ئەزموونی مەعریفەی زانستی. سەلماندنە ڕەهاکان بوونیان نییە. زانا ئەو کەسەیە کە خاوەنی ئاوەزێکی کراوەیە، نا-دۆگماییە، ئامادەیی گۆڕینی سەرلەبەری ڕاوبۆچوونەکانی هەیە ئەو کاتەی هەلومەرجەکان بیانوویان دا بەدەستەوە. شێوازێک بۆ تێگەیشتن لەو حاڵەتەی کە ئاماژەمان پێ دا بریتییە لە تاقیکردنەوەیەکی ورد و دەقیقی نموونەکانی گۆڕینی زانستی. زانست مێژووی هەیە کە ئەو مێژووە ئەوە نیشان دەدات ئەو بیروباوەڕانەی ڕۆژگارێک وا دەبینران کە "ڕاستن" و ئاوەزپەسەندن دواجار کە بە گیروگرفت کران و پرسیاریان لەسەر دانرا دەرکەوت هەڵەن و ئیدی پشتگوێ خران. ئەو شتانەی کە وا دەبینران، یا بینراون کە ڕاستین دواجار ئەوە بینرا کە ڕاستی بینراو نین بەڵکوو کۆمەڵێک وەهمن یا فریوخواردنن یا لە باشترین حاڵەتدا هەستە شەقڵێکی ناڕۆشنی شتێکی دەرەکییە. خودی پرسیارەکان کە زاناکان دەیانکەن دەگۆڕێن و ئەو شت و دیاردانەی کە پرسیارەکانیش دەربارەیانەوە لە گۆڕاندان.

ڕەهەندێکی دیکەی سنوورداری زانست پەیوەندیی بە وردی و بێهەڵەییەوە هەیە. لە کاتێکدا ئەم ئامانجانە لەڕووی ئیپستیمیەوە (مەعریفییەوە) ئایدیاڵی، خەسڵەتی سەرەکیی مەعریفەی زانستی بریتییە لە نزیکەیی (بەشێوەی تەخمینی حیسابکراو - هاوتا - تەقریبی). داتاکان بەدەگمەن دوورن لە تەمومژەوە، ڕاڤەکردنەکان و خۆتێهەڵقوتانەکان ڕوو دەدەن. هەروەها ئەگەری هەڵە لە ئارادایە،

لەپاڵ سنوورەکانی دەقیقبوون، کە ئەمانە دەبێت بە لە بەرچاوگرتنی میتۆدی لێکۆڵینەوەکاندا بەهەند وەربگیرێن.

ڕەنگە ئاسانترین ڕێگا بۆ بیرکردنەوە لە دیاردەی دۆزینەوەی زانستی بریتی بێت لە بیرکردنەوە لە زاناکە وەک ئەوەی کە دەرگیر بوو لە تەک پرۆسیسی بنکۆڵکردن کە لەڕێگایەوە "پرسیار لەسەر سروشت دادەنێت"، یاخود سروشت دەباتە ژێر پرسیارەوە. دۆزینەوە هەندێک جار ڕوو دەدات ئەو کاتەی ئەو وەڵامانەی کە سروشت دەیانداتەوە وەڵامگەلێکی چاوەڕواننەکراون. هەندێک دۆزینەوەی دیکە هەن سروشتێکی تیۆرییان هەیە. لێرەدا دۆزینەوە ڕوو دەدات ئەو کاتەی ڕووبەری جیاوازیی پشکنین یەک دەگرن یاخود ئەو کاتەی چەمکی نوێ بەڕاڤەکردنەکان دەناسرێن.

هەرچی پەیوەندیی بەڕاڤەکردنەوە یاخود تەفسیرکردنەوە هەبێت، ئەو پرسیارانەی دەربارەی ئەم زاراوەیەن دەتوانرێت بەسەر دوو پرسیاردا دابەش بکردرێن. ئەو شتانە چین کە ڕاڤە دەکرێن؟ ڕاڤەکردنەکان چین؟ بەشێوەیەکی گشتی، زانست هەوڵێکە بۆ تەفسیرکردنی گۆڕین، نەک نەگۆڕی. گۆڕین لە جووڵەدا، گۆڕین لە سیستەمی بایۆلۆژیدا یاخود گۆڕینی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە پێویستمان بەڕاڤەکردن هەیە. تیۆرییە زانستییەکان لە هەوڵی ئەوەدا نین کە هەموو شتێک ڕاڤە بکەن بە یەک گوژم. ڕاڤەکردنەکان کە لە زانستدا پێشنیار دەکرێن بۆ بەرچاوڕۆشنییە دەربارەی تایپە جیاوازەکانی ڕووداو و دیاردەکان. تەرز و تایپی ئەو ڕووداوانە کە زانست ڕاڤەیان دەکات وەک ڕووبەر و کایەی زانستەکە هەژمار دەکرێت. هەندێک ڕاڤەکردن خۆی مامەڵەکردنە لە تەک پرسیاری ئەوەی بۆچی هەندێک بابەت یا ڕووداو دێنە بوون یاخود لە بووندان. هەندێک ڕاڤەی دیکە هەوڵدانە بۆ مامەڵەکردن لە تەک چۆن و بۆ هەندێک سیستەم کار دەکەن، وەزیفە دەبینن. "داتا" زاراوەیەکە بەشێوەیەکی گشتی بەکار دێت بۆ ئاماژەکردن بەو ڕاستییانەی کە ڕێکەوتنێک هەیە لەسەریان کە بێ گیروگرفتن، واتا سەلمێنراون. هەرچەندە لە هەندێک هەلومەرجدا زاناکان پرسیار لەسەر متمانەکردن بەداتاکان دادەنێن، لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوان پرسیار لە چۆنێتیی بەدەستهێنانی داتاکان و ڕاڤەکردنیان دادەنێن و داتاکان چ ماناگەلێک دەگەیەنن. بەڵام ڕاڤەکردن چییە؟ ڕاڤەی زانستی بریتییە لەو پرۆسانەی کە تێیاندا زنجیرەیەک بەیانکردن (زارەکی یا نووسین) دەخرێنە ڕوو کە دەبنە مایەی تێگەیشتنی زیاتر سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو بەیانکردنانە. پەیوەندییەکانی ڕاڤەکردنێک بریتییە لە بەستنەوەی نائاشناییەکان بە ئاشناکانەوە (مەبەست لە دیاردە و ڕووداو و گۆڕینەکان و پرۆسێسەکان، یاخود نیشاندانی ئەوەی چۆن شتێکی نەزانراو یاخود ئاشکرانەبوو دەتوانرێت کورت بکرێتەوە بۆ شتێک پێشتر زانراو یا ئاشکرا بووە و شوێنی لێتێگەیشتن بووە. ڕاڤەکردنەکان کارێک دەکەن کە ڕووداوەکان چاوەڕوانکراو بن نەک ناکاو. هەندێک جار ڕاڤەکردنەکان دایەگرامی نوێ فەراهەم دەکەن بۆ تێگەیشتن وەک ئەوەی کە تۆماس کوهن پێشنیازی کرد لەڕێگای وەرچەرخاندنی پارادیمەوە، بەڵام ئەم دایەگرامە و نموونانە بۆ ئەوەی شایانی تێگەیشتن بن دەبێت هاوپەیوەست بن بە دایەگرام و نموونە و پارادایمەکانی پێشترەوە. لەڕووی فەلسەفییەوە ئەو پەیوەندییەی نێوان ڕاڤەکردنەکان و داتاکان ئەو کاتە شوێنی ڕووناکی لەسەر دانانە کە دیاردەیەک دەخرێتە ناو چوارچێوەی قانوونێکی گەردوونییەوە، واتا قانوونێکی هەمەکییەوە. ئەم قانوونەش مۆدێلێکە بۆ بەسەرکردنەوەی ڕاڤەکردنەکە. ڕاڤەکردن ڕوو دەدات لەبەرئەوەی ڕاستیی چاودێریکراو وەک نموونەی تایپێک کە زانراوە دەبینرێت، واتا ڕاستیی بینراو (Fact) بریتییە لە نموونەی قانوون (مەبەست قانوونی سروشتی یا قانوونی زانستییە). ڕاڤەکردنی ئاماریی تایپێکی گرنگی ڕاڤەکردنن. گوزارشتێکن لە ئەگەری ئەوەی کە هاوپەیوەستە لەنێوان ئەم ڕووداو و یا دیاردە یا هۆ، لە تەک ڕووداوێکی دیکە بەرئەنجامێک یا دیاردەیەکی دیکە؛ ئەمە کارێکی کردووە کە هەندێک لە فەیلەسوفەکان وا سەرنج بدەنە ڕاڤەکردنەکان وەک پاکێجێکی پاڵنەرە ئامارییە پەیوەندیدارەکان. لەم دیدەوە، ڕاڤە ڕوو دەدات ئەو کاتەی ڕاستییەک دەبەسترێتەوە بەخاسیەت یا ڕووداو یا ڕاستییەکی دیکەوە کە زانراون، ڕوو دەدەن بەشێوەیەکی ڕێکوپێک (واتا بەبەردەوامی) لە تەک ئەو شتەدا کە ڕاڤە کراوە یا دەکرێت.

لێرەدا "ڕاڤە" لەڕێگای پەیوەندییە ئامارییەکانەوە شی دەکرێتەوە، ئەو "ڕاڤە"یە بەکامڵبوو ناژمێردرێت لەبەرئەوەی هۆکان نادات بەدەستەوە. گرنگە سەرنجی ئەوە بدەین هەندێک بەستنەوە مانادارن، لێرەدا ڕێسایەک دەبێت هەبێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە کام بەستنەوە جەغدی بکرێتە سەر و کام بەستنەوە پشتگوێ بخرێت (دواجار باس لە هۆیایەتی "هۆیی" - پەیوەندیی نێوان هۆ و ئەنجام دەکەین).

زاراوەکانی لە چەشنی تیۆری، قانوون، گریمانە یا فەرەزیە، پارادایم و ترادسیۆنی بەحس و گەڕان، بەکار دەهێنرێت بۆ وەسفکردنی ئامرازەکانی کە لێوەی ڕاڤەکردنی زانستی سەر ڕێگا دەخرێن. هەروەها دەشێت وا بیریان لێ بکردرێتەوە وەک زاراوە و چەمکانەی کە وەسفی چۆنێتیی کاری زانایان سەر ڕێگا دەخرێت ئەو کاتەی بەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان تۆمار دەکەن یا نیشان دەدەن؛ کۆد دەبەخشن بە بەرئەنجامەکانی پشکنینی زانستی و بەخشینی بونیادی نووسین (نووسینی ڕاپۆرتی زانستی) تاوەکو ئاوەزپەسەند بێت. بابەتی سەرەکیی ئەو زاراوانە کە ڕاڤە دەکەن، لەناو تیۆریدا وەزیفە دەبینن، وا لە کاتی داڕشتنی تیۆرییەکی زانستیدا کە بەهۆی ئەو زاراوانەوە تیۆرییەکە مانا پەیدا دەکات. هەر بۆ نموونە "ڕیالیزم" ئەو تیۆریەیە کە دەڵێت هەندێک لە زاراوەکانی تیۆرییەک ئاماژەن بە بابەتەکان و ڕووداوەکانی جیهانی ڕاستەقینە و ئەوەی کە وا دانان (وا فەرزکردن)ی میکانیزمەکان کە لە تیۆرییەکەدا وەسف کراون مەبەست لێیان بوونیان بووە لەوێ، واتا هەن. تیۆرییەکی دیکەی ئەڵتەرناتیڤ بریتییە لە ئینسترۆمێنتالیزم Instrumentalism ئامێرگەری (لە فەلسەفەی زانستی و ئیپستۆلۆژیادا "ئامێرگەری" بریتییە لە ڕوانینێکی میتۆدۆلۆژی کە دەڵێت ئایدیاکان ئامراز یا ئامێری بەکەڵکن، بەهای ئایدیایەک بەربنەمای کاریگەری بوونیەتی لە پرۆسەی ڕاڤەکردن و پێشبینیکردنی دیاردەکاندا).

تیۆری زانستی ئامرازێکە کە مرۆڤەکان لەڕێگەوەی پێشبینیی لەبەرچاوگرتنەکان دەکەن لە کایەیەکی سروشتدا لەڕێگای داڕشتنی قانوونەکانەوە کە ڕێساکان دیاری دەکەن، لە کاتێکدا تیۆرییەکان خۆیان لە خۆیاندا ڕەهەندی شاراوەی سروشت کە ئەو قانوونانە تەفسیر بکات وەدەرناخەن. کەوایە، ئامێرگەری وا سەیری تیۆرییەکان دەکات وەک ئامرازگەلێک بۆ بەستنەوەی داتاکان و وەک ئامرازگەلێک کار دەکەن بۆ نیشاندان و وەسفکردنی ئەم بەستنەوانە. لەم دیدەوە تیۆرییەکان ئەو بونیادانەن بۆ "ڕزگارکردنی دیاردەکان"، واتا نیشاندانی چۆنێتیی پێشبینیکردنی دیاردەی بەستراوەکان بەیەکەوە، یا ئەو دیاردانەی کە پەیوەستن بەیەکەوە یا پەیوەندیی هەیە لەنێوانیاندا، زانینی ئەمەی چۆن ڕوو دەدەن، چەندیش ڕوو دەدەن بۆ کۆمەڵێک مەبەستی جیاواز لە زانستدا، زاراوە گرنگەکان لە تیۆریدا نوێنەرایەتی دەکرێن وەک گۆڕاوەکان (Variables). لەم حاڵەتەدا پرسیارەکە ئەمە دەبێت چۆن ڕاڤەی گۆڕاوەکان بکەین لەو شوێنەی گۆڕاوەکان بەشێکن لە زمانی ماتماتیک کە تێیدا

قانوونەکان و تیۆرییەکان دەخرێنە ڕوو. هەندێک لە گۆڕاوەکان ئاماژەن بە بوونەوەری ڕاستەقینە یاخود پرۆسیسەکان (Processes)، هەندێکی دیکەیان کورتکراوەی ئامرازەکانن، لە کاتێکدا هەندێکی دیکەیان بەئایدیاڵکردنن. ئەو کاتەی پرسیار دەکەین بۆ تیۆرییەکان بە تێپەڕبوونی کات هەندێک جار گۆڕانیان بەسەردا دێت. لێرەدا مەسەلەی گەشەکردنی زانستی سەرهەڵدەدات، لەپاڵ خاسییەتی کەڵەکەبوونی زانست. هەندێک فەیلەسوف لەوانە تۆماس کوهن، یەکەی گەورەتریان لە تیۆری ناساندووە یا خستۆتە ڕوو بە ئامانجی تێگەیشتن، پێشکەوتن و گۆڕینی زانست، مەعریفەی زانستی، لەوانە پارادایم (تۆماس کوهن) لەپاڵ ترادسیۆنە لێکۆڵینەوەییەکان (لاکاتۆش)، هەندێک جاری دیکە جیهانبینی زانستی کە پارادایمەکان شوێنی یەکدی دەگرنەوە، گۆڕینی زانستی ڕوو دەدات، بەڵام ئایا لەو هەلومەرجەدا دەتوانین لە پێشکەوتنێک قسان بکەین؟ ئایدیای پێشکەوتنی زانستی وەک هێڵێک، هێڵێکی ڕاست؛ ڕاستییە تیۆری بەتیۆری کەڵەکەبوون لە تێکستە زانستییەکاندا دەربارەی سروشتی زانست گریمانە دەکرێت.

هەرچی پەیوەندیی بەگریمانە (Hypothesis)ی زانستییەوە هەبێت، بریتییە لە خستنەڕوو (کۆنجەکتەر: مەزەنەکردن یا گریمانە، وادانان) تاکوو تاقی بکرێتەوە یاخود تاکوو لەڕێگەیەوە حیساب بۆ چەند داتایەک بکردرێت. هەروەها فەرەزیە (گریمانە) هەندێک جار بەکار دێت وەک ئاماژەیەک بۆ گریمانەکردنی تیۆری بۆ تۆخکردنەوەی نەخشەی ئەزموونی. بەڵام هەندێک جار گریمانە و مۆدێل بەکار دەهێنرێن بۆ گەیاندنی هەمان مانا، بەهەمان شێوە زۆرجار "تیۆری" و "قانوون" بەکار دەهێنرێت بۆ گەیاندنی هەمان مانا. بەڵام مۆدێل چییە؟ مۆدێل (Model) دەشێت وا وێنا بکردرێت وەک بەشێک لە تیۆری، یا تیۆری بەڵام وەک بەشێک. بونیادی ناوخۆییی مۆدێل نوێنەرایەتیی هەندێک خەسڵەت و پەیوەندییەکانی دیاردەیەک یا میکانیزمێک دەکات و وەک مۆدێل نیشانیان دەدات. مۆدێل بەشێوەیەکی کاتی (بۆ کاتێکی دیاریکراو) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

چەمکەکانی لە چەشنی بەڵگە، تاقیکردنەوە، دووپاتکردن، چەسپاندن، بەدرۆخستنەوە (ڕەتکردنەوە) و پارادایم، پێشبینیکردن بریتین لە سەرقاڵبوون بەپرۆسەی ڕەوایەتی بەخشین و بەهێنانەوەی بەهانەی زانستی لەناو خودی زانستدا، ئەمانە ئەو ڕێگایانەن زاناکان لەڕێگەیانەوە

هەوڵ دەدەن وەسفی گونجاوی و دەقیقی و کاریگەری قانوونە زانستییەکان بکەن، لەپاڵ ترادسیۆنی بەحسکردن لەناو زانستدا. کلیلی چەمکی لێرەدا بریتییە لەو ئایدیایەی کە زانست بیانوو و بەهانەی زانستی خۆی لە جیهاندا لەلایەن ڕێوشوێن و تاقیکردنەوەی ئیمپریکی (عەمەلییەوە) وەردەگرێت. مادامێک تیۆری زانستی گریمانەی ئەوە دەکرێت کە لە چۆنێتی (How) و بۆچییەتتی (Why) ئەو شتانەی لە جیهاندا دەگوزەرێت دەکۆڵێتەوە، گونجاویی ڕاڤەکردنی تیۆرییەک دەبێت تاقی بکردرێتەوە لەلایەن ئەو شتەی لەڕاستیدا و لە واقیعدا ڕوو دەدات. سەرنجدان و چاودێریکردن هەڵدەستێت بە سەلماندنی (Verifiability) (ڕێژەیەک لە سەلماندنی ئەوەی کە ڕاستە) ئەو چەمکە وەسفییانەی تیۆرییەک تاقیکردنەوەی گریمانەی زانستی و تیۆرییەکان خەسڵەتی سەرەکیی جیاکردنەوەی زانستە لە زڕە زانست. زڕە زانست بیانووەکەی دوور لە بنەمای مەیدانی و عەمەلی و تاقیکردنەووە وەردەگرێت، واتا تاقیکردنەوە لە ئارادا نییە، بەڵگە نییە، سەلماندن نییە، بەدرۆخستنەوە نییە، شیکردنەوە لە ئارادا نییە. لە زانستدا ئەزموونەکان، تاقیکردنەوەکانی ئەزموون و تاقیکردنەوەی ئیمپریکەڵی (کرداری - مەیدانی) دەبن.

ئەزموونەکان، وا داڕێژراون تا ئەوە نیشان بدەن چۆن تیۆرییەک یا گریمانەیەک یا تاک تاکی ڕووداوەکانی جیهان پێکەوە گرێ دەدات. بەم شێوەیە وا داڕێژراون کە بتوانرێت پێشبینییەکانیش کە لە تیۆرییەکانەوە هەڵدەهێنجرێت، تاقی بکرێتەوە. پێشبینیکردن بریتییە لە بۆ دەرکەوتنێک کە وەرگیراوە، ئەنجامگیری بۆ کراوە لە تیۆرییەکەوە یا لە گریمانەیەکی زانستییەوە کە وەسفی ڕووداوێک دەکات کە تا ئێستا سەرنجی لێ نەدراوە. دەرکەوتنی ئەزموونی ئەو ڕووداوانەی کە زانایەک لەو باوەڕەدایە ڕوو دەدەن.

هەرچی پەیوەندیی بە هۆیایەتی، هۆیی (پەیوەندیی نێوان هۆ و ئەنجام کە لە فەلسەفەی زانستدا ناوزەد دەکرێت بە (Causality)ەوە هەبێت، بەگوێرەی میراتەکە یەکێکە لە دۆکترینە (وانە) کانی زانست. بەشێکی زۆری زانست بەربنەمای ئەو پێشەکییەیە کە هیچ شتێک ڕوو نادات بێ هۆ. زاناکان چاو دەگێڕن بۆ بینینەوەی هۆ لە پشت هەر ڕووداوێکەوە؛ بۆ نموونە، کاتێک کەسێک نەخۆش دەکەوێت، دکتۆرەکان (زاناکانی بواری پزیشکی) بەدوای هۆی نەخۆشییەکەدا دەگەڕێن. ئەو جۆرە لە لێکۆڵینەوە بەپرسیارێک دەست پێدەکات دەربارەی هۆی شتە جیاوازەکان

کە دەوریان داوین. وێڕای ئەوەی کە هۆیایەتی (هۆیی) بابەتێکی هەستیارە لە زانستدا، ئەم بابەتە شوێنی مشتومڕێکی چڕوپڕ بووە لە نێو جڤاتی زاناکان و فەیلەسوفەکاندا، چی بەهۆ دەزانرێت بۆ ڕووداوێک. پێناسەی "هۆ" و شێوازی زانینی ئەوەی ئایا A و B پێکەوە پەیوەندییەکی هۆیایەتی (هۆیی)یان هەیە، بینینی ئەم پەیوەندییە بە بەردەوامی گۆڕانی بەسەردا هاتووە بە تێپەڕبوونی کات. ئایدیای ئەوەی کە هۆیەک لە پشتی هەر ڕووداوێکەوە هەیە ئەمە ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان بووە. لەڕاستیدا، هەموو کردەی مرۆڤەکان بەربنەمای تێگەیشتن بووە لە پەیوەندیی هۆیی (Causal). ئەم ئایدیایە بۆ یەکەمین جار کە مامەڵەیەکی فەلسەفی کرابێت و بەشێوەیەکی تیۆری داڕێژرابێت و چەمکەکانی پەیوەندیدار ڕوون کرابێتنەوە، لای ئەڕستۆ بوو لە فەلسەفەی یۆنانیی کۆندا. ئەڕستۆ ئاماژە بەچوار تایپی هۆ بۆ هەر ڕووداوێک دەکات: هۆی مادی (ماتەڕیاڵی)، هۆی شێوەیی (فۆڕماڵی)، هۆی کارامەیی (کافی) و دواهۆ Final Couse. با نموونە کلاسیکییەکە بهێنمەوە؛ پەیکەرێکی مەڕمەڕ لەبەرچاو بگرین و بپرسین: هۆی پشتی پەیکەرەکە چییە؟ یەکەم: پەیکەرەکە دروستکراوە، یا پێک دێت لە تایپێکی سپیی بەرد، مەڕمەڕ؛ کەواتە، پەیکەرەکە مەحاڵ دەبوو گەر مەڕمەڕەکە لەوێ بوونی نەبووایە، کەواتە ماتەڕیاڵ، مەڕمەڕەکە بریتییە لە هۆ، هۆی ماتەڕیاڵی. دووهەم، پەیکەرەکە فۆڕمێک، شکڵێکی هەیە، پەیکەرسازەکە لە خەیاڵ و عەقڵیدا ئەو فۆڕمەی لا بووە ئەو کاتەی لەسەر بەردەکە کاری کردووە. ئەو فۆڕمەی ناو خەیاڵی پەیکەرسازەکە هۆی فۆڕمییە (Formal Couse). سێهەم، خودی پەیکەرسازەکە دەبێت وەک هۆ سەیر بکردرێت، لەبەرئەوەی ئەو کردەی نواندووە تاکوو پەیکەرێک بەرهەم بهێنێت. ئەوەش ناوزەد دەکرێت بە Ficient cause هۆی کارامەیی - چوستی - چالاکی. بەڵام مەبەست و ئامانجێک کە پەیکەرەکە لەپێناویدا دروست کراوە، دوا مەبەست و ڕاز و نیاز کە پەیکەرە بۆ ئەو مەبەستە هەیە، بەمە دەڵێن Final Couse یان دواهۆ.

لە سەردەمی ڕێنسانسدا، زاناکانی وەک کۆپەرنیکۆس، جۆردانۆ برۆنۆ و گالیلۆ دەستیان کردە لێکۆڵینەوەی سروشت بەشێوەیەکی جیاواز لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە و لێرەشدا پەیوەندییە هۆییەکانیشیان لەبەرچاو گرت. سروشتییە کە چەمکی هۆیی (هۆیایەتی) کەوتە ژێر بنکۆڵکردنێکی سەخت. بۆ نموونە، لای گالیلۆ ئایدیای دواهۆ ڕەت کرایەوە. لە سەدەی هەژدەهەمدا فەیلەسوفی

سکۆتلەندی دەیڤد هیوم (١٧١١ - ١٧٧٦) دیسکۆرسێکی تەواوی دەربارەی هۆیایەتی لە کتێبەکەیدا "زانستنامەی سروشتی مرۆڤ" A Treatise of Human Nature پێشکەش کردووە. بەگوێرەی هیوم، دەشێت بڵێین دوو ڕووداو A و B لە ڕووی هۆییەوە (Causally) پەیوەندییان هەیە ئەگەر سێ داوپێنگیان بەسەردا بچەسپێت:

١- پێشکەوتە (پێشینە لە کاتدا)

A دەبێت لە کاتدا لە پێش Bدا ڕوو بدات.

٢- نزیکی، لێکەوتن، هاوسێیەتی (Contiguity)

A و B نابێت لەڕووی کات و شوێنەوە لێک جیا بن.

٣- پەیوەندیی نەگۆڕی Constant Conjunction

A و B هەمیشە پێکەوە ڕوو دەدەن.

هیوم کارێکی گرنگی کرد، چەمکی هۆیی لە مانا ئاینییەکان ڕزگار کرد لەڕێگای ئەوەی کە کارێکی کرد شایانی تاقیکردنەوە بێت؛ لەم ڕووەوە خزمەتێکی گەورەی بەشارستانییەتی مرۆڤایەتی کرد، وێڕای ئەوەش وێناکردنی ئەو بۆ کێشەکە بێ خەوش و کەموکوڕی نەبوو. بۆ نموونە، کانت (فەیلەسوفی ئەڵمانی) یەکێک لەو خەوشانەی دیتنەکەی هیومی دیاری کرد. گەر تۆپێک (قورقوشم) لەسەر کوشنێک بگیرسێتەوە، قوپانێک دروست دەکات؛ دیارە ئاشکرایە قوپانەکە بەهۆی گوشاری تۆپەکەوە دروست دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا گیرسانەوەی تۆپەکە و دەرکەوتنی قوپانەکە پێکەوە ڕوو دەدەن، نەک یەک بەدوای یەکدا؛ لەبەرئەوە دەبێت بڵێین: ئەنجام ناتوانێت پێش هۆ بکەوێت، نەک هۆ پێش بەرئەنجام بکەوێت. ناچاری هاوسێیەتی، نزیکی، لێکەوتن ئاشکرایە، هۆی ڕووداوێک دەبێت لە نزیکی ڕوودانی ڕووداوەکەوە ببینرێتەوە.

هیوم ئەرگومێنتێکی دیکەی خستۆتە ڕوو ئەویش ئەوەی کە هۆیێتی دروستکراوێکی زەینییە (زهنییە): هیوم سەرنجی داوە زنجیرەی ڕووداوەکان بەدوای یەکدا دێن، سەرنجی ئەوەشی داوە کە هەندێک ڕووداو ڕوو دەدەن نزیک بەیەکدی، بەشێوەیەک کە هاوسێیەتی هەیە لەنێوانیاندا، ئەم ئەزموونە وا لە زەین دەکات (یا ئاوەز) کە هەڵبستێت بە دروستکردنی "گواستنەوەیەکی ئاسایی یا ڕاهاتوو، خوو پێوەگرتوو)، ئەوەش لە هۆوە (سەبەبەوە) بۆ بەرئەنجام بەدوای ئەنجامگیرییەکی

لۆژیکی. کانت پێچەوانەی ئەم بۆچوونە پێداگری دەکاتە سەر ئەوەی کە ئێمە سەرنج دەدەینە هەندێک ڕێ و ڕێسا لەناو سروشتدا؛ لێرەوە هەڵدەستین بە بەستنەوەی ڕووداوەکان و هۆکان لەبەرئەوەی ئەو پەیوەندییانە بوونیان هەیە لەناو سروشتدا. پرەنسیپی هۆیایەتی (هۆیێتی) پێویستە تاکوو ئاوەز مانا بەڕاستییە بینراوەکان ببەخشێت.

******* *******

بەشی دووەم

نەسازیی نێوان زانست و ئاین

"چەند سەرنجێکی بەرایی"

سەرەتا بەگیروگرفتکردنی ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان زانست و ئایندا نییە، بەڵام ئەو پەیوەندییە بانگەشەی بۆ دەکرێت، دەست پێ دەکەین. لە ڕووی زمانەوانییەوە، گرنگە لە سازان، نەسازی و نەسازان بگەین. سازان ئەم مانایانە لەخۆ دەگرێت:

A- هەبوونی توانایی پێکەوە هەڵکردن و بوون لە هارمۆنیدا.

B- بوونی توانایی پێکەوە بوون لە تەک شتێکی دیکەدا.

C- نەگونجاندن، لە تەک نموونە بانگەشەکانی ئاین ناگونجێن -ناسازێن لە تەک ڕاستییە بینراوەکاندا.

D- نەسازیی یا نەسازان پێچەوانەی ئەو هەلومەرجانەی سەرەوەن.

کەواتە، مەبەستمانە بڵێین کە ئاین و زانست ناسازێن، نەسازییەک لەنێوانیاندا هەیە هەرچی پەیوەندیی بەمامەڵەکردن لە تەک ڕیاڵەتی Reality (واقیع)ەوە کۆی ئەوەی کە هەیە لەوێ و دەرکەوتەکانی و کەشفکردنی ئەو ڕاستییە دەربارەی ئەم گەردوونە یا گەردوونانەوە هەبێت.

هەر لە سەرەتاوە بەشێک لەو تێزەی دەمەوێت کاری لەسەر بکەم و تاقی بکەمەوە و چاوی لێ بپرم ئەمەیە کە زانست و ئاین وا دیارە بەشێوازی جیاواز لە کێبڕکێدا بن بۆ وەسفکردنی ڕیاڵتی - کۆی ئەوەی کە هەیە، هەردووک لا "بانگەشەی وجودییانەیان هەیە" دەربارەی ئەو شتە چییە کە حەقیقییە (Real)، کە بەڕاستی لەوێ هەیە.

گەر ئەو ڕستانەی سەرەوە هەنگاوی بەرایی تێزێک بن، هەنگاوی دوایی تر بریتی دەبێت لە

پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە زانست بانگەشەی هەیە دەربارەی واقیع (ڕیاڵەتی: کۆی بوونی ئەوەی لەوێ هەیە)، بەربنەمای بەڵگە و بەربنەمای میتۆدی زانستی، بەڵام لە هەمان دنیابینییەوە ئەوە ئاشکرایە کە ئاین بانگەشەیەکی نییە دەربارەی واقیع تاکوو بیسەلمێنێت، میتۆدێکی سەلماندنیشی نییە، میتۆدێکی بنکۆڵکردنیشی نییە، ئامرازەکانی شیکردنەوەشی نییە، شیکردنەوەی گوزارە و گوتراو و ئەرگۆمێنتەکان، بگرە ئەرگۆمێنتی نییە، میکانیزمە لۆژیکییەکانیشی نییە بۆ سەلماندن و هەڵسەنگاندنی ئەرگۆمێنتەکان. وێڕای ئەمەش ئاین ژمارەیەک "بانگەشە" و گوتراو و دەربڕین و گوزارەی هەیە دەربارەی ئەوەی کە هەیە، کە دەبێت و تەنیا دەبێت "باوەڕی" پێ بهێنین، چونکی لە ئایندا سەلماندن و تاقیکردنەوە نییە، لەبەرئەوە لەجیاتی بانگەشە کۆمەڵێک حیکایەت و پەند و چیرۆک و ئەفسانە و سەربورد و گێڕانەوە و ئاماژە و هێما و میتافۆر و سیمبولی هەیە کە گوایە ڕەهەندی مەعنەوی و سیمبولییان هەیە بەربنەمای ڕاستییە بینراوەکان (Facts) نا، بەربنەمای ڕووداوە ڕاستەقینەکان و سەلمێنراو و بەدیکومێنتکراوەکان نا، بەڵکوو بەربنەمای ئیمانە (Faith) باوەڕهێنان، باوەڕ بێ خستنەگەڕی "ئاوەز"، باوەڕهێنان بەربنەمای "قەول یا دەق" یا "گوتراو"، نەک ڕاستیی بینراو، باوەڕ بەربنەمای "سروش - وەحی" نەک ئاوەز، باوەڕ بەربنەمای حیکایەت نەک ئەرگۆمێنت و شیکردنەوەی لۆژیکی و ئاوەزمەندانە. لێرەدا ئیشکالییەتی ئەوە ڕوو دەدات کە ئایا ئاین شتێکی هەیە بۆ گوتن دەربارەی ڕیاڵەتی (کۆی بوون) یاخود شتگەلێکی هەیە دەربارەی هەلومەرجی مرۆیی (Human Condition)، هەلومەرجە وجوودی و ڕۆحی و دەروونییەکانی مرۆڤ بەتەنیا و پایەی مانەوە و مەبەستی بوونیشی هەر ئەمەیە؟ کەواتە، لێرەدا پرسیارێکی دیکە دێتە پێش کە خۆی لە خۆیدا سەر بە جوگرافیای تێزێکی دیکەیە.

هەنگاوی دواییی تر چاککردن و ڕاستکردنەوەی تێزە بەراییەکەیە، بەچاککراوی تێزێکی دیکەمان لا گەڵاڵە دەبێت ئەویش ئەوەی کە شتێک نییە لە واقیعدا بۆ ئاین بیدۆزێتەوە، تا شیی بکاتەوە، تا بیسەلمێنێت (Verifiability)، بگرە میتۆدی دۆزینەوەش لە ئارادا نییە؛ بگرە ئاین دەربارەی ڕیاڵەتی (Reality) واقیعێک ئیدی لەوێ نییە، واتا ڕەنگە لە غیابی زانستدا ئاین بەربنەمای حیکایەت و چیرۆک و ئەفسانەکان بانگەشەیەکی لەو جۆرەی کردبێت کە سەرقاڵی ئەو بوونەیە کە هەیە "ما هو موجود"، یاخود ڕیاڵەتی، بەڵام لە تەک سەرهەڵدانی فەلسەفە و زانستدا ئیدی بانگەشەکانی

ئاین بێبنەما دەمێننەوە و بێ بەڵگەی ئیمپیریکین، کردارین، مەیدانین، عەمەلین، هەرچی هەیە بەربنەمای ئیمانە Faith، باوەڕ لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئاوەز، لە دەرەوەی پرۆسەکانی سەلماندن و بەڵگەهێنانەوە. کەواتە، لە بەشی دووهەمی تێزەکەدا، یاخود تێزە هەموارکراوەکەدا پێداگری هەیە لەسەر ئەوەی کە کەرەستەکانی زانست بەربنەمای ئاوەز و لێکۆڵینەوەی مەیدانی و کردارەکی Empirical studies شوێنی متمانەن، لەبەرئەوەی شایانی تاقیکردنەوەن، شایانی "Verifiable" سەلماندنن و، دەسەلمێندرێن، هەروەها بەدرۆ دەخرێنەوە Falsifiable (واتا ڕەت دەکرێتەوە)، (بەدرۆخستنەوە میتۆدێکی هەڵسەنگاندنی تیۆری و گریمانەی زانستییە بەو مانایەی کە تیۆرییەک یا گریمانەیەکی زانستی بەدرۆ دەخرێتەوە، ڕەت دەکرێتەوە، گەر تەنیا بتوانرێت لەڕووی لۆژیکییەوە لە تاقیکردنەوەیەکەدا ناکۆکی دەربخرێت، دژەکەی دیاری بکردرێت، یا نیشان بدرێت کە هەڵەیە بەپشتبەستن بەڕاستیی بینراوی نوێ و بەڵگەی نوێ). ئەوە لە کاتێکدا هەرچی پەیوەندیی بە ئاین، بانگەشەکانی و گوزارەکانی و دیسکۆرسەکەیەوە هەبێت، واتا گوتاری (دیسکۆرس) ئاینی چ ئیمان و چ دۆگماکانی و چ سروش (وەحی) لە دەرەوەی تاقیکردنەوەکانن، نە سەلماندن (وەک میتۆدێک)، نە بەدرۆخستنەوە وەک ئامرازێکی میتۆدی زانستی بەسەر ئەو دیسکۆرس و بانگەشە ئاینییانەدا ناچەسپێن؛ هەروەها ئەو توخمانەی دیسکۆرس و وەحی (سروش) لەڕووی مەعریفییەوە مادامێک مەعریفەیەک پێک ناهێنن، شوێنی متمانەی ئاوەز یا مەعریفی نین لەبەرئەوەی لەبنەڕەتەوە شایانی تاقیکردنەوە نین، هەر بۆیە لە ئەو بەرئەنجامە نالۆژیکی و نادروست و ئەو بەرئەنجامانەی کە شایانی تاقیکردنەوە نین، شایانی سەلماندن نین، سەر دەردەهێنن. ئاین پشت بە ئیمان دەبەستێت، ئیمانیش باوەڕهێنانە بێ بەڵگە و سەلماندن لە دەرەوەی بەڵگەی ئیمپریکی؛ کەواتە، ئاین هەرگیز ناتوانێ ڕاستییەک دەربارەی بوون یا کۆی بوون بدۆزێتەوە، ئەوەی هەیە وەهمە، خەیاڵی شیعرییە، سڕکردنی هۆشیاری و ئاوەزە. لەم بەستێنەدا بەشێک لەم تێزە هەموارکراوەیە داوای ئەوە دەکات یا دەیەوێت ئەوە نیشان بدات کە ئەم تێزە مامەڵەکردنە لە تەک کێشمەکێشمی وەهمی نێوان ئاین و زانست (وەهم نەک لەبەرئەوەی شەڕێک یا ململانێیەک لەم جۆرە لە ئارادا نییە، بەڵکوو وەهم لەبەرئەوەی لایەنێکی ئەو ململانێیە ئامرازەکانی شەڕکردنی فیکری و عەقڵیی پێ نییە، واتا غیابی توانایی نیشاندانی بەڵگەی عەقڵی. جەنگێکی وەهمی

هەیە هەرچی پەیوەندیی بە بەڵگە ئیمپریکییەکانەوە هەبێت، هەرچی پەیوەندیی بە ژیانی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە هەبێت هەیە لەنێوان ئاین و زانست؛ ئاین وەک نوێنەری هەم ترادسیۆن، هەم ڕابووردوویەکی زۆر دووری مرۆڤایەتی، هەم مێژوو، هەم حەشامات، لە تەک زانست کە نوێنەری ئاوەز و ڕێساکانی عەقڵە، بۆیەی ئاوەز لە دۆزینەوەی نهێنییەکانی بوونە. لێرەدا ئاین بریتییە لە گوتارێکی ئاخنراو بە خەیاڵ (Superstition) کە سنووری پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەتوار/ واقیع یان کۆی بووەکان دەڕەوێتەوە. کەواتە، ئەم مملانێیە، ئەم کێشمەکێشمەی نێوان زانست و دین لەڕاستیدا ململانێی نێوان گوتاری ئاوەزگەری و دیسکۆرسی دژە/نائاوەزگەرییە. ئاین لەم هاوکێشەیەدا فۆرماسیۆنێکە لە خەیاڵی بارگاوی بە باوەڕی چێکراوی ئایدۆلۆژیا، باوەڕگەلێکی لە چەشنی Astrology تەنجیم و تیمارکردنی ڕۆحانی Spiritual Healing لەپاڵ پزیشکیی نیسبەتدراو بە کەسایەتییە بە ناو ڕۆحانییەکان. لەم بەستێنەدا، ئەم چەشنە فۆرمانە بە جۆرێك لە جۆرەکان دابڕانە لە ئاوەزی مرۆیی و تێگەیشتنی گشتی... کەواتە، ئاین دیسکۆرسێکە بۆ دەربڕینی ئەو شتانەی کە خەیاڵکرد-ن، فۆرمێکە بە ئاراستەی ڕێکخستنی ئەو هێز و وزانەی کە جێگۆڕکێ بە خەیاڵ و کەتوار/ واقیع دەکەن، فۆرمی وەکوو تەنجیم، پاراسایکۆلۆژیا، چارەسەرکردنی ڕۆحی، مارکسیزم و شیکردنەوەی دەروونی.ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو ڕاستییە سەلمێنراوە بەیان بکەین کە دەڵێت هەموو خورافیات (بەشێکی سەرەکیی بریتییە لە ئاین و فیکری ئاینی و پراکتیکردنی سرووتە ئاینییەکان) دەتوانێت و دەیەوێت شتێک لە جۆری حەقیقەت (ئەوەی لە حەقیقەت دەچێت) بڵێ نیشان بدات بریتییە لە فۆرمێکی شێواوی ڕیاڵەتی (واقیع)؛ کەواتە، ئەوەی نیشانی دەدات بریتی نییە لەوەی کە لە واقیعدا بوونی هەیە؛ کەواتە ئاین نە لە دوور، نە لە نزیک، نەک کۆ، هیچ بەشێکی کۆی ڕیاڵەتی-بوون لەوێ نیشان نادات. هەموو خورافیاتەکان بەکەڵک دێن بۆ ئەوەی وەک زانستی موزەیەف (زرە زانست) خۆ بنوێنن.

زانست و ئاین، بەگوێرەی بانگەشە و ئیدعاکانیان ڕکابەری یەکترین لە پرۆسەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان دەربارەی سروشت. ئاین بەهەڵە بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەموو ڕاستییەکان، لە سەرەتای بوونەوە تاکوو کۆتایی بوون، دەزانێت؛ کەواتە موعەمایەک، مەتەڵێکی بوون، نهێنیی کەینونە، گەردوونی لە ئارادا نییە کە ئاین هەر لە سەرەتاوە تاکوو کۆتایی - سەرەتا و کۆتایی

بوون و عەدەم کە ئەیزانێت، بەڵام بۆ پێمان ناڵێت؟ ئەمە موعەمای ئاینییە! زانستیش بەگوێرەی میتۆدە سوکراتییەکە کار دەکات مەعریفەی جەهل Knowledge of ignorance واتا کارکردن لەسەر شتە نەزانراوەکان بەربنەمای ڕەتکردنەوە Refutation، لێرەدا زانست ئەو کێڵگەیەیە (لێرەدا مەبەستیشی لە فەلسەفەیە)، کە پرۆسەی بەدرۆخستنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو بە ناو ڕاستییانەی کە ئاین بانگەشەیان بۆ دەکات ڕادەپەڕێنێت؛ تەنیا بۆ نموونە، پرۆسەی خەڵق، مێژووی گەردوون، ئادەم و حەوا، داستانەکانی نوح و بەناو پێغەمبەرەکان و ئەفسانەی چوونە دەرەوە، ڕەوتی کۆچی جووەکان لە میسر، موعجیزەکان، لەوانە موعجیزەکانی مووسا و مەسیح، لە ئیسلامیشدا میعراج، هەموو ئەمانە لەلایەن کێڵگە جیاوازەکانی زانستەوە ڕەت کراونەتەوە بەوەی کە بابەتی زانستی نین، تەنانەت شایانی لێکۆڵینەوەی زانستی نین، چونکی بابەتی زانستی نین!! ئاین لە تواناییدا نییە تەنانەت یەک ڕاستی چییە، لە پەیوەند بە عەقڵ و ئەرگۆمێنت و بەڵگە ئاماژە پێ بدات و بخاتە ڕوو و بسەلمێنێت. کەواتە، لێرەدا ئەوەی بەدیار دەکەوێت ئەوەیە کە زانست و ئاین نەسازاون لەو کاتەوەی زانست وەک کایەیەک، کێڵگەیەکی مەعریفی لە سەدەی شازدەهەمەوە بەم فۆرمەی ئێستای سەرهەڵدەدات، زانست ئەو کاتەی ڕووبەڕووی ئاین بووەوە کە ئاین خۆی بانگەشەی دەسەڵاتی دەکرد بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا و کایە مەعریفییەکان. ئێستا ئاین کایە مەعریفییەکانی لەدەست داوە، بەڵام کۆنترۆڵی کۆمەڵگاکانی لەدەست نەداوە، ئەمەش تەڵزگە گەورەکە و سەرچاوەی قەیرانە گەورەکانە.

کریستۆفەر هیچنس لە کتێبەکەیدا “God is not Great” خودا مەزن نییە (٢٠٠٩) ناونیشانی دووەمی کتێبەکەی ئەم ئایدیایەی داناوە کە تێزی کتێبەکەشە: "چۆن ئاین هەموو شتەکان ژەهراوی دەکات". ئەم ناونیشانە، سەرەکی و لاوەکی، ئەوە بەئێمەی موسڵمان دەڵێت، ئێمەیەک کە ناوێرین لە ئاین بکۆڵینەوە، ڕێگەپێدراو نییە پرسیار بکەین، بنکۆڵی ئایدیا ئاینییەکان بکەین. تەنانەت کتێب و سەرچاوە مەعریفییەکانیش کە خۆرئاوا بەرهەمی هێناون بەسەر ناکەینەوە و ناخوێنینەوە و ڕقمان لە بیرکردنەوەیە لە ئاین، تەنیا پێویستمان بە مەعریفە نییە تا ڕەخنەی ئاین بکەین، بەڵکوو پێویستمان بە بوێری و دلێری هەیە لە چەشنی دلێرییەکەی کریستۆفەر یا ئیبن وەڕاق یا سپنسەر. لەم جڤاتەدا ئێمە لەجیاتی توێژەر و لێکۆڵەری بوێری کایەی ئاین چەند نووسەرێک یا ڕۆژنامەنووسمان

هەیە کە دەشێ ناوزەدیان بکەین بە ئەپۆلۆجستک Apologetic عوزرخوازییهێنەرەوە. هۆکان زۆرن، ئاماژەکردن بەدوو هۆ بێ چوونە ناو وردەکارییەوە لێرەدا مەبەستەکەمان ڕۆشن دەکاتەوە؛ غیابی کولتووری باڵا و غیابی ئازادی و غیابی بیرکەرەوە.

لەجیاتی بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەیی سەر ڕێگا بخەین، دێن و کون و قوژبنی سندووقەکان بەدوای ئاینی نەنکماندا دەگەڕێین. دیدی عوزرخوازییهێنەرەوە لەناو ڕۆشنبیرەکاندا ئەو دیدەیە کە سەرقاڵی بەهانەهێنانەوەیە بۆ ئاین، بۆ بوونی ئاین. لەم دیدەوە، لەبنەڕەتدا کێشەیەک لەنێوان زانست و ئایندا نییە، لەبەرئەوە هەردوو لا سەرقاڵی دوو کایەی جیاوازن. ئەم تێڕوانینە خۆلادانە لە پرسیارە سەرەکییەکە؛ ئەویش ئەوەی ئاین دەیەوێت چی بڵێت دەربارەی واقیع؟ چۆن لەو بانگەشانەی ئاین بڕوانین کە هەیەتی دەربارەی شتەکان، یا کۆی بوون کە سەرجەمیان یا هەڵەن یا هیچ، ڕاستییەک نالێن دەربارەی ڕیاڵەتی؟ دیدی عوزرخوازییهێنەرەوە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو بە ناو زانیارییانە، سیمبۆلیکین "ڕەمزین" یا میتافۆڕن، یا کێشەیەکن تایبەتن بە زمان و ناتوانین بە حەرفی (Literary) وەریان بگرین. بۆ نموونە، "خوداوەند لە شەش ڕۆژدا زەوی و ئاسمانەکانی دروست کردووە" گوایا ئەو "شەش ڕۆژە" پێوانەی زەمەنێکی دیکەیە، بەڵام لە یادمان بێت هەموو تێکستە "پیرۆزە"کان بە زمانەکانی مرۆڤەکان، زمانە ئاساییەکان نووسراون، ناشێت "شەش"، "ڕۆژ" لە زمانی سروشتی یا ئاساییدا ئەو مانایانە بگەیەنن کە لە هەلومەرجە ئاساییەکەدا دەیگەیەنن، بەڵام لە تێکستێکی "پیرۆز"دا مانای دیکە بگەیەنن؛ ئەم دیدە هیچ شتێک نالێت دەربارەی نە ئاین و نە پەیوەندیی ئاین و زانست، نە زانست. هەوڵێکی ئایدیۆلۆژییە بەپلەی ئیمتیاز بۆ ڕێگەگرتن لە بیرکردنەوە و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و، ئێستا جارێکی دیکە بپرسینەوە زانست چییە؟ بۆ هەندێک ڕا دەردەکەوێت کە زانست بەسادەیی بریتی بێت لەو چالاکییانەی کە زانا پرۆفیشناڵەکان ڕایدەپەڕێنن، لێرە زانست بریتییە لەو مەعریفەیەی Knowledge کە لەلایەن زاناکانی بوار و کایە جیاوازەکانی زانستەوە بەرهەم دێت، ئەو Fact ڕاستییە بینراوانەی کە لە کێڵگە مەعریفییە جیاوازەکاندا کەشف دەکرێن.

بەڵام مەعریفەی زانستی بریتییە لە Transitory واتا کاتی و شایانی لەناوچوون، بەشێکی زانیارییەکانمان، ئەو شتانەی دەیانزانین دەربارەی دەوروبەر دەبنە Obsolete بێکەڵک، کۆن، بگرە بەدرۆ دەخرێنەوە، واتا وەک هەڵەکان سەیر دەکرێن لەڕێگای دۆزینەوە نوێکانەوە؛ ئەویش لاوازیی زانست نییە بەڵکوو هێزی زانستە، لەبەرئەوەی باشترین تێگەیشتن لە دیاردەکان (فینۆمینا) دەگۆڕێت لە تەک گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەماندا لە تەک گۆڕانکاریی ئامرازەکانمان بۆ مامەڵەکردن لە تەک سروشتدا، هەروەها ئەوەی کە ئێمە لە سروشتدا دەیدۆزینەوە. هەر مەعریفەیەک ”Knowl-edge“ کە نەتوانێت یا شایانی موراجەعەکردن و تاقیکردنەوە نەبێت (لەبەر ڕۆشنایی داتا نوێکان و بیرکردنەوە مرۆییە نوێکان و نیگەرانییە وجوودییەکان، ئەو مەعریفەیە نەک بێکەڵک دەبێت (ئوبسلێت)، بەڵکوو شایانی ئەو ناوە نییە.

ئەو شتەی زانراوە ڕەنگە لە کاتێکی دیکەدا بگۆڕدرێت، لەبەرئەوە زانست بریتی نییە لە جەستە Body، جەستەی مەعریفەیەکی چەسپاو و نەگۆڕ؛ کەواتە، ئەوەی دەمێنێتەوە بە ناوی زانستەوە بریتییە لە میتۆدێک بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن ڕیاڵەتی یا گەردوون Universe لەڕاستیدا کار دەکات (Matter) مادە/ماتەریاڵ، جەستەکان و هەڵسوکەوتی جەستەکان دیار دەکات و.... هتد. زانست بریتییە لە زنجیرەیەک کەرەستە و ئامراز Tools، کە بە تێپەڕبوونی کات بەدەست هاتوون، دۆزراونەتەوە، داهێنراون بۆ بەدەستهێنانی وەڵامەکان دەربارەی سروشت، دەربارەی ڕیاڵەتی. زانست بریتییە لە زنجیرەیەک لە میتۆدەکان کە ئێمە سوودیان لێ وەردەگرین ئەو کاتەی دەمانەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە "تۆ چۆن ئەوە دەزانیت How do you know that? دوای ئەوەی کە چەند بانگەشەیەکمان کرد، بۆ نموونە، گوتمان زەوی خڕە، گوتمان ژمارەیەک جینات کە بەرپرسن لەوەی ئێمە چۆن هەین، ڕەنگی چاومان، ڕوخسارمان بەواتا ئاماژە دەکەین بەنەخشەی جنیوم (جینات).

زانست وەک Toolkit کۆمەڵێک کەرەستە، بریتییە لە بوخچەیەک لە میتۆدەکان کە دەبنە مایەی بەرهەمهێنانی جەستەی مەعریفەیەکی شایانی تاقیکردنەوە، کە کراوەیە بۆ ڕەتکردنەوە و ئەرێییکردن یاخود Confirmation (دووپاتکردن، چەسپاندن). لە پەیوەندی بە Confirmation، وەک دووپاتکردنەوە و چەسپاندن، دەبێت بگوترێت کێشەیەک هەیە ئەویش (لایەنگیرییە، کەڵکەڵەی سەرنج خستنە سەر یا تەنیا جەغدکردنە سەر ئەو داتایانەی کە هەڵدەستن بەدووپاتکردنەوە یا چەسپاندنی بیروڕا پێشوەختەکان، یا خۆزگەکانمان، پشتگوێ خستنی ئەو

داتایانەی پێچەوانەی بیروڕا و خۆزگەکانی ئێمەن. لێرەدا زانا دەبێت ئەم ئامۆژگارییە هەرگیز لە یاد نەکات کە "بەرژەوەندییەک کە من هەمە لە باوەڕهێنان بە شتێک، ئەمە خۆی بەڵگە نییە بۆ ئەوەی کە ئەو شتە بوونی هەیە" (ئاین بەتەواوی ئەمە کارەکەیەتی و هیچ شتێک ناسەلمێنێت، بگرە ئامرازەکانی سەلماندنی نییە، چونکی کار بەعەقڵ ناکات).

گومان و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی زانست لەوێیە تاکوو ڕێ بگرن لەوەی ئێمە باوەڕ بەشتگەلێک بهێنین کەوا دەزانین ڕاستن یا دەخوازین ڕاست بن. وەک دواجار باسی دەکەین ئاین بەسەختی دەناڵێنێت بەدەست لایەنگیریی دووپاتکردنەوەوە Confirmation bias کە کارێک دەکات خەڵکی وا سەیری ئاینەکەیان بکەن وەک ڕاستی و ئەوانی دیکە بە هەڵە بزانن؛ ئاین کۆمەکی خەڵکی دەکات یا کارێک دەکات خەڵکی بەبەردەوامی خۆیان بخەڵەتێنن و لە وەهمدا بژین. کاتێک دەڵێین زانست ڕێگایەکە (بگرە تاکە ڕێگایە) بۆ کەشفکردنی ڕاستی دەربارەی گەردوون، لێرەدا Truth چییە؟ لە قاموسی ئۆکسفۆرددا هاتووە: ڕاستی Truth بریتییە لە گونجاندن لە تەک Fact (ڕاستیی بینراو)، ڕێکەوتن، هاوتا هاتنەوە لەتەک Realityدا، دروستی، Correctness Verity (ڤێرتی، ڕاستی، ڕاستەقینە)ی گوزارەیەک، بەیانکردنێک، بیرکردنەوەیەک (دواجار Fact بە شتێک کە ڕاستی بەسادەیی لە زانستدا بریتییە لە What is is actually the case، ئەوەی کە لە ڕیاڵەتیدا بوونی هەیە و دەتوانرێت Vverified بسەلمێنرێت کە ڕاستە Confirm the truth of something. دووپاتکردنەوە و چەسپاندن و سەلماندن Verification و Validation پرۆسەگەلێکی سەربەخۆن بۆ زانینی ئەوەی کە بەرهەمێک، گوزارەیەک، گریمانەیەک، تیۆرییەک هاوتا دێتەوە لە تەک Re-quirement داواکارییەکان و داوپێنگەکاندا.

کەواتە، ڕاستی ئەو ڕستەیە کە لە واقیعدا هەیە و دەتوانرێ Verified بسەلمێندرێت لەلایەن چاودێریکەرێکی عاقڵ و سەربەخۆوە. بۆ نموونە، زەوی بەدەوری خۆی و خۆردا دەسووڕێتەوە، ئەمە دەتوانرێ Verified بکردرێت (بسەلمێنرێت) بەڵام ئەوەی کە کەسێک وەحیی لەلایەن خوداوە بۆ هاتووە، ئەمە نە ڕاستییە و نە دەسەلمێندرێت، لەبەرئەوەی گوزارەکانی ناو خیتابی ئاینی شایانی سەلماندن نین.

Verifiability و Falsifiability دوو زانستین لە فەلسەفەی زانستدا. بانگەشە زانستییەکان دەتوانرێت پشتڕاست بکرێنەوە، بسەلمێندرێن لە هەموو شوێنێک و لەلایەن هەر کەسێکەوە کە ئامرازە دروستەکانی لە بەردەستدا بێت، لە کاتێکدا وەحی Yevelation هیچ دەربارەی Reality ناڵێت، لەبەرئەوەی ناوەڕۆکێکی Empirical (مەیدانی) و (واقیعی) نییە، ناتوانرێت پشتڕاست بکرێتەوە. ڕاستیی زانست هەرگیز ڕەها نییە، ڕاستیی ڕەها و نەگۆڕ لە ماتماتیک و لۆژیکدایە نەک لە زانستە مەیدانییەکاندا.

واڵتەر کۆفمان قسەیەکی گرنگی هەیە دەڵێت "ئەوەی مەعریفە جیا دەکاتەوە، یا خاسییەتی مەعریفە بریتی نییە لە دڵنیایی بەڵکوو بریتییە لە بەڵگە Evidence ئەو حاڵەتانەن کە ڕاستیی قبوڵکراوی زانستی لە دواجاردا سەلمێنراوە کە هەڵە بوون. بۆ نموونە، زەوی وەک چەقی گەردوون، کە دواجار دەسەلمێنرێت لە چەقی گەردوون نییە، یەک خاڵە لە گەردووندا، سەر بەیەکێک لەو ملیارەها کۆمەڵەی خۆرەیە کە هەن.

گۆڕینی هەندێک ڕاستیی زانستی، هەندێک جار ئەو بەهانەیەی داوە بەدەست ئەپۆلۆجیتییەکان و پیاوانی ئاینییەوە کە بڵێن ئەوە نیشانەی (Inconstancy) جێ بەخۆنەگرتوویی زانستە، بەڵام ئەوە وێناکردنێکی هەڵەی هەر هەوڵێکە بۆ زانینی ڕاستی. ئامرازە زانستییەکان و شێوازی بیرکردنەوە دەگۆڕێن، ئەی چۆن تێگەیشتنمان بۆ سروشت نەگۆڕێت. لەڕاستیدا، جێ بەخۆنەگرتوویی و نەبوونی هارمۆنی و گونجاوی لەنێو کاری ئاینیدا خەسڵەتێکی سەرەکییە. هیچ بانگەشەیەکی ئاینی نییە بسەلمێندرێت جگە لەوەی کە بگوترێت ئەمە ئیمانە Faith واتا باوەڕ دەهێنێت یا وازی لێ دێنێت. دەبێت وەبیری خۆمانی بهێنینەوە کە هەندێک لە ڕاستییە زانستییەکان ڕەهان، واتا ڕێی تێناچێت بگۆڕێن. بۆ نموونە، ئاو پێک دێت لە مۆلیکیولی ئاو دوو ئەتۆمی هایدرۆجین هەیە لە تەک ئەتۆمێکی ئۆکسجین؛ ئیدی ئەمە ڕاستیی ڕەهایە Toolkit (کۆمەڵێک کەرەستە) توخمەکانی لەناو کەرەستەی زانست لە چی پێک دێن؟ تاکو حەفتاکانی سەدەی بیست، ئەو قەناعەتە زانستییە باو بوو کە لەڕاستیدا شتێک هەیە بەناو لە Scientific Method میتۆدی زانستی کە پێک دێت لە هایپۆس Hypothesis گریمانە، Test تاقیکردنەوە، Confirmation دووپاتکردن و چەسپاندن.

تۆ گریمانەیەک دەکەیت، ''Hypothesis''ێک دادەڕێژیت، دواجار تاقیی دەکەینەوە لەڕێگای

ئەزموونەکانی ناو تاقیگەوە گەر تەوەقوعەکانت کاریان کرد، تۆ پشتگیریی گریمانەکەت کردووە، دوای چەندین تاقیکردنەوەی دیکە بۆ پشتگیریکردنی Claim بانگەشەکانت، ئەوسا ئەو گریمانە دەشێت بە “True” لە قەڵەم بدرێت.

بەڵام زۆرێک لە زاناکان ڕایان وایە کە یەک میتۆدی زانستی نییە، بەڵکوو چەندین میتۆد هەیە. زۆر جار تۆ پێویستە فاکتەکان کۆ بکەینەوە پێش ئەوەی فۆڕمیلەکردنی گریمانەکە ڕاپەڕێنیت، هەروەها هەندێک جار “Test” تاقیکردنەوەی گریمانەکان (هایپۆسیس، مەرج نییە کە “Experiment” ئەزموونەکان لەخۆ بگرێت، بەڵکوو سەرنجدان و چاودێریکردن Observationی ئەو شتانەی کە دووبارە دەبنەوە و یا لە ڕابووردوودا ڕوویان داوە. بۆ نموونە، زۆر زەحمەتە ئەزموونکردن Experiment دەربارەی Cosmology بەڵام ئێمە دڵنیاین لە بوونی Big Bang لەبەرئەوەی زاناکان چاودێریی ئەو شتانەیان کردووە، کە تەوەقوع کرا لەلایەن “Big Bang”، بۆ نموونە (بەرفراوانبوون و کشانی گەردوون لە Background Radiation ئەو تیشکدانەوەیە "الاشعاع" کە لە باکگراونددا هەیە، بەمانای دەرچوون لە چەقێکی ناوکۆییەوە، واتا ئەو تیشکدانەیەی کە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوەیە (Big Bang) (بڕوانە لۆرانس کراوس - هەندێک لە موحازەرەکانی، هەروەها کتێبی Lawrence Krauss, A Universe From Nothing ٢٠١٢ گەردوونێک لە هیچەوە).

هەروەها دروستکردنەوە و داڕشتنەوەی مێژوویی ڕێگایەکی دروستە بۆ ئەنجامدانی زانست، تا ئەو شوێنەی بتوانین چاودێریکردن بەکار بهێنین بۆ تاقیکردنەوەی ئایدیاکانمان لە ئاستێکدا تیۆرییە زانستییەکان دەتوانن کردەی پێشبینییەکان Prediction ڕاپەڕێنن؛ هەروەها دەتوانرێت لەڕێگای ئەوەی پێی دەڵێن "پێشبینیکردن دەربارەی ڕابووردوو" تاقی بکرێنەوە؛ بۆ نموونە، ئاماژەکردن بەو فاکتانەی کە پێشتر زانراون بەڵام تاقی نەکراونەتەوە، لەپڕێکدا ئەو پرۆسەیە مانا پەیدا دەکات کاتێک تیۆرییەکی نوێ سەرهەڵدەدات.

تیۆری گشتیی ڕێژەیی Genera’ theory of relativity ئەنشتاین توانی خولگەی (Anomalies orbit - مدار - مسار) مێرکوری Mercury (هەسارەیەکی نزیک لە خۆرە) دەستنیشان بکات، کە نەکرا تەفسیر بکردرێت لەلایەن میکانیکی نیوتین کلاسیکەوە و Anomalies (نائاساییێتی) لادانەکان، نامۆییەکان، شتە سەیرەکان. هەروەها، لە بیرمان بێت کە تۆماس کوهن لە کتێبی

بونیادی شۆڕشە زانستییەکاندا The Structure of Scientific Revolution (٢٠١٢) باس لەم کێشەیە دەکات، ئەویش ئەوەی کە وەرچەرخان لە پارادایمێکدا ڕوو دەدات و پارادایمێکی نوێ دێتە ئاراوە. پارادایمییەکەی پێشووە کە بوخچەیەک بوو لە تیۆری و دەستگای چەمکی Conceptual apparatus و میتۆد و... تاقیکردنەوەکان و پێشبینییەکان، ڕەنگە لە کارێکی دیکە هەندێک جەغد دەکەمەوە سەر هەندێک توخم، بەشێک لە تیۆرییەک، ڕەنگە دواجار لە شوێنێکی دیکە سوودیان هەبێت بۆ چارەسەری کێشەیەکی دیکەی زانستی و بەکەڵک بن.

زۆرجار دەگوترێت خەسڵەتێکی سەرەکیی زانست ئەوەیە کە زانست بریتییە لە Quantitative (کوانتەتیڤ) چەندێتی، بەبڕ (بڕی، بەبڕی): دەرگیربوونە لە تەک ژمارەکان، حیسابات و پێوانەکردنەکان. بەڵام هەمیشە ئەمە ڕاست نییە.

هەندێک فەیلەسوف سەرنجی ئەوەیان داوە میتۆدی زانستی کورت دەبێتەوە بۆ چەمکی "هەموو شتێک دەڕوات"، ئەو کاتەی سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لە سروشت، بەڵام "هەموو شتێک دەڕوات" سنووردار کراوە بە عەقڵ، لۆژیک، چاودێریی مەیدانی Empirical observation. لەگەڵ ئەوەشدا چەند خەسڵەتێک هەن کە زانست لە زانستی موزەیەف و لە ئاین و ئەوەی پێی دەڵێن "ڕێگاکانی دیکەی زانین" جیا دەکەنەوە. با باسیان بکەینەوە.

Falsifiability (بوونی توانایی بەدرۆخستنەوە) (لە فەلسەفەی زانستدا Falsifiability یاخود Refutability ڕەتکردنەوەیی - شایانی ڕەتکردنەوەی) بریتییە لەو تواناییە بۆ گوزارەیەک یا تیۆرییەک یا گریمانەیەک کە ڕەت بکردرێتەوە، پێچەوانە بکردرێتەوە بەهۆی و لەلایەن ڕووداو و بەڵگەوە. بۆ نموونە، "هەموو قازەکان سپین" شایانی ڕەتکردنەوەیە، لەبەرئەوەی "ئەمە قازێکی ڕەشە" کە ڕەتی دەکاتەوە پێچەوانەکەی دەسەلمێت، Falsifiability وەک پێوەرێک (کرایتریایەک) بۆ یەکەمین جار فەیلەسوفی کایەی فەلسەفەی زانست کارڵ پۆپەر (١٩٣٤) لە کتێبی لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی The Logic of Scientific Discovery (٢٠٠٢) ئەو پێشنیازی ئەم کرایتریایەی کرد وەک چارەسەرێک بۆ هەردوو کێشەی Induction و کێشەی Demarcation. ئەو وا سەیری ئەم کرایتریایەی دەکرد وەک بەردی بناغەی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە Falsifiability بەهۆی ئەزموونەکانەوە یاخود چاودێریکردنەوەکانەوە:

زاناکان پشت بە کرایتریای Falsifiability دەبەستن وەک شێوازێکی جەوهەری دۆزینەوەی ڕاستی. ئەمە مانای چییە؟ مانای ئەوەیە بۆ ئەوەی تیۆرییەک یا فاکتێک Fact تا ببینرێن و سەیر بکردرێن و حیساب بکردرێن وەک ئەوەی ڕاستن/دروستن، دەبێت ئەو ڕێگا و شێوازانە هەبێت کە نیشان بدرێن کە هەڵەن؛ هەروەها ئەو شێواز و ڕێگایانە دەبێت تاقی کرابنەوە و شکستیان خواردبێت. بۆ نموونە، تیۆری پەرەسەندن لەڕووی پرەنسیپەوە شایانی بەدرۆخستنەوەیە Falsifi-able، ژمارەیەک ڕێگا و شێواز هەن کە بیسەلمێنن هەڵەیە، بەڵام هیچ کامیان نەیانتوانیوە ئەم کارە بکەن. دەبێت ئەم سەرنجە گرنگەمان لەم بەستێنەدا لە بیر بێت: ئەو کاتەی کۆمەڵێک هەوڵ بۆ ڕەتکردنەوەی تیۆرییەک شکست دەهێنێت، ئەو تیۆرییە دەمێنێتەوە وەک باشترین تەفسیر بۆ Patterns (نموونەکان، مۆدێلەکان، دووبارەبووەکان). کە لە سروشتدا دەبینین وەک نموونەکانی پەرەسەندن، ئەوسا ئێمە سەیری دەکەین وەک ڕاستی. تیۆرییەک کە نەتوانرێت نیشان بدرێت کە هەڵەیە (ئەمە زۆر گرنگە و جیاکردنەوەی زانستە لە ئاین) ناتوانرێت قبوڵ بکردرێت وەک ڕاستیی زانستی.

گومان و ڕەخنە یا مامەڵەکردنی ڕەخنەییانە، هەر زانایەک کە شایانی ئەو ناوە بێت، کاتێک دەستی بە بەرئەنجامێکی گرنگ ڕادەگات جا چ لە تاقیگەدا بێت، لە مەجرای بەحسکردن و ئەزموونکردنی زانستی بێت، کۆمەڵێک پرسیار دەبێت بکات:

ئایا تەفسیری ئەڵتەرناتیڤەکان هەن بۆ ئەو شتەی دۆزیومەتەوە و پێی گەیشتووم؟ ئایا کەموکورتی هەیە لە دزاینی ئەزموونکردنەکەمدا؟ شتێک لەو مەجرایەدا بەهەڵەدا نەڕۆیشتووە؟ ئەوەش بۆ ئەوەیە تا دڵنیا بینەوە کە بە بەرئەنجامێکی دروست گەیشتووین. کەواتە، گومانکردن یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی زاناکان، گومانکردن و ڕەخنەییانە خوێندنەوەی گوزارە و بەیاننامەکان و گریمانەکانمان لە کێڵگەیەکی دیاریکراوی کاری زانستدا، لەپاڵ ڕەخنەییانە ڕوانین لە گشت هەنگاو و پرۆسەکان و هەڵسەنگاندنەکانی زەمینەیەکی زانستی دروست دەکات کە حوکمە پێشوەختەکان (پێشتر دراون) بێ تاقیکردنەوە دزە نەکەنە ناو گریمانە و تیۆرییەکان و هەڵسەنگاندنی بەرئەنجامە بەدەستگەیشتووەکان . Doubt everything) گومان لە هەموو شت بکە(. دروشمی زانستییە فەلسەفییەکە Critically examines everything ڕەخنەییانە ئەزموونی شتەکان بکە. ئەم دوو هەنگاوە زەمینەیەکی مەعریفی پتەو بۆ زانست و بانگەشەکانی دروست دەکات کە ئاین بەتەواوی لێیان بێبەش و بێبەرییە.

Replication دووپاتکردنەوە: هەرچەندە چاودێریکردنە ناوازەکان لە هەندێک کایەی زانستدا باون، بەتایبەتی کۆئۆرگانیزمی بایۆلۆژی وەک پەرەسەندن، لە زۆربەی کێڵگەکاندا لەوانە کیمیا و بایۆلۆژی و فیزیا، بەرئەنجامەکان بەبەردەوامی و هەمیشە دووبارە دەبنەوە و دووبارە دەکرێنەوە لەلایەن کەسانی دیکە و چاودێریی زانستیی دیکەوە. لەم کێڵگە و کایەیانەدا بەرئەنجامەکان دەبنە "ڕاستی" تەنیا ئەو کاتەی زۆر جاران دووبارە دەکرێنەوە و دووبارە دەبنەوە بەتەواوی تاکوو شایستەیی بەدەست بهێنن.

بەرئەنجامێکی نوێ یاخود جێ بەخۆگرتوو هەر یەکسەر (لە کایە زانستییەکاندا و لە هەر کایەیەکدا) دەبێتە مایەی ورووژاندنی هەستی نەقدی زانا. گومانگەرەکان (کە گومانگەرایی خەسڵەتی هەر زانایەکە شایانی ئەو ناوە بێت) تاکوو تاقی بکەنەوە و دووبارەی بکەنەوە، سەرەتا بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ڕاست نییە، واتا سەلماندنی ناڕاستیبوونی. زانایانی دیکە ڕەنگە گریمانەی ئەوە بکەن کە بەرئەنجامەکان ڕاست و دروستن، بەڵام هەوڵ دەدەن کە لەسەریان کار بکەن بەنیازی کەشفکردنی شتی نوێ، بەڵام لە یادمان بێت بەشێک لەو دەرگیربوونە بریتییە لە پشتڕاستکردنەوەی Verifying بەرئەنجامە بەراییەکان.

زانست خەسڵەتی دیکەشی هەیە کە ڕێگری دەکا لەوەی زاناکان خۆیان بخەڵەتێنن، وەک چۆن پیاوانی ئاینی هەم خۆیان و هەم ئیمانداران دەخەڵەتێنن، لەو ڕێگا و شێواز و میتۆد و ڕێسایانەیە، شیکاری ئامارییی Statistic analyses کە پێمان دەڵێت تا کوێ و تا چەندە بەرئەنجامەکانمان بەرئەنجامی چانس و ڕێکەوت بوون لەجیاتی بەرئەنجامی تیۆرییەکەمان، تاقیکردنەوەی کوێرانە، کە تێیدا لێکۆڵەر ڕێگریی لێ کراوە لەوەی بزانێت کە ئەو ماتەریاڵە چییە کە ئەو تاقیکردنەوەی لەسەر دەکات. (لێکۆڵینەوە - دووبارە - کوێرەکان) ئەوانەی کە تێیاندا کە نە لێکۆڵەر و نە نەخۆش نازانن کە شوناسی مامەڵەکردنەکەی دراوە، وەک ستانداردێک بۆ تاقیکردنەوەی دەرمانەکان.

ژیان لە تەک نادڵنیاییدا

باوترین بەیانکردن و گوزارە کە دەیبیستین لە زانستی هاوچەرخدا ئەمەیە: "من نازانم". پەیپەرە زانستییەکان، تەنانەت ئەوانەشیان کە ڕاپۆرتگەلێکن دەربارەی دۆزینەوە دەقیقەکان، ئاوها خۆ بەیان دەکەن "ئەم پەیپەرە پێشنیار دەکات کە......" یاخود "گەر ئەم دۆزینەوەیە دروست بێت. کەواتە....." یاخود ئەم بەرئەنجامە دەبێت پشتڕاست بکرێتەوە لەڕێگا و بەهۆی ئەزموون و تاقیکردنەوەی دیکەوە".

بەبێ شەرم دەبێت ددان بەو ڕاستییەدا بندرێت بێ هەبوونی ڕووبەری نەزانراوی Unknown شتێک نەدەبوو بەناوی زانستەوە، شتێک نەدەبوو کە فزولییەتی مەعریفی مرۆڤی کونجکاو/فزولی بجووڵێنێت. بەڵام ئەو هەڵوێستەی گریمانەی ئەوە دەکات کە ژمارەیەک وەڵام هەن ڕەنگە ئێمە نەیانزانین. یەکێک لەوانە بریتییە لەوەی چۆن ژیان دەستی پێ کردووە؛ ئێمە دەزانین کە چوار تا پێنج بلیۆن ساڵ پێش ئێستا دەستی پێ کردووە ئەو کاتەی کە زەوی شکڵی گرتووە. ئێمە بەکرداری Virtually دڵنیا بین کە گشت زیندەوەرەکان لە یەک فۆرمی ژیانەوە سەرچاوەیان گرتووە. لەبەرئەوەی بە گریمانە، هەموو ئەجناسەکان هاوبەشن لە هەمان کۆدی DNAدا، بەڵام لەبەرئەوەی یەکەم ئۆرگانیزمی خۆدووبارەکەرەوە بچووک بووە، ئێمە ڕێگەیەکمان لە بەردەستدا نییە بۆ دۆزینەوە و کەشفکردنی. ئەم ڕایەی زانای گەورە Richard Feynman ڕیچارد فاینمان بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش تەعبیر لەم تەڵزگەیە و ئەم کێشەیە دەکات: "من دەتوانم لە تەک گوماندا بژیم، لە تەک نادڵنیاییدا، هەروەها ئەوەی کە نەزانم؛ من وا بیر دەکەمەوە کە زۆر گرنگە کە بژیت و نەزانیت لەجیاتیی ئەوەی کە وەڵامەکانت هەبێت کە ڕەنگە هەڵە بن. من وەڵامە ئیحتمالییەکانم هەیە لەپاڵ ئەگەری بیروڕاکاندا، لەپاڵ دڵنیایی جۆراوجۆر و جیاوازتر دەربارەی شتە جیاوازەکان. بەڵام من بەڕەهایی دڵنیا نیم لە هیچ شتێک، هەروەها ئەو شتانە هەن کە من هیچیان دەربارە نازانم.... (بۆ نموونە بۆچی ئێمە لێرەین......" فاینمان زۆر دەڕوا لە بانگەشەکەیدا کە ئەو بە ڕەهایی لە هیچ شتێک دڵنیا نییە، بەڵام گوزارەکەی، بەیانکردنەکانی دەربڕینێکی زانستی - فیکری - فەلسەفییە دەربارەی گومان و لە دواجاردا پرۆسەی وەزیفە و کارکردنی زانست و فەلسەفەی نەقدی. بەیانکردنەکانی زانای گەورە فاینمان چڕکردنەوە و خوڵاسەکردنەوەی گومانە لە زانستدا یا

که نیشتمانشینی ناو زانسته و ناچارییه.

له بۆنەی دیکەدا زیاتر لەسەر زانست و لەسەر ئاین قسان دەکەین، کە نووسینی کوردی هەتا دڵت بخوازێت لەم ڕووەوە هەژارە، نە باسی ئەوتۆی لەسەر زانست تێدایە و نە باسی فیکری و ڕەخنەیی شایانی ئاوڕلێدانەوە لەمەڕ ئاین و ئاینزاکانەوە.

ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤



گریمانەی گەشەسەندنێکی نابەردەوامی زانست

سامان ڕەشید
نووسەر و توێژەر



بیهێنینە پێش چاومان، مرۆڤ هەر لە زۆر زووەوە هەتا ئەمڕۆ هزری بەتەنها لەوەدا بەکارهێنابایە وەک هەندێک بونەوەری دیکە (ورچ و سمۆرە و مشک و هەندێ لە باڵندەکان)، چۆن لە پایزدا پێداویستی خۆیان لەخۆراک کۆ دەکەنەوە و دەیانشارنەوە، ئەویش ئەم پەرۆشی و خولیا وکەڵکەڵەیەی ئێستای بۆ خۆراک وخواردن نەبوایە. ئەوەش بهێنینە پێش چاومان مرۆڤ خولیای زانستی نەبوایە و پەرۆشی گەڕان نەبوایە بەدوای زانیندا؛ نەیهێشتایە کتێبێک جێگەی هزری بگرێتەوە، ژیرییەک زادەی ویژدانی بێت، یا زانستێک سەرچاوەی بڕیارەکانی بێت.

ماموستا مەسعود محەمەد لە کتێبێکیدا ئەمە ئەنووسێت: "من پەرۆشم لەوەوە نایەت کەلپەلەکان و شتە بژاردەکان بایی لێوەشانەوە بەهەند هەڵبگیرێن لەلایەن مجێز و ئومێد و تەمای مرۆڤەوە، چونکە ئەو شتانە خۆیان لە خۆیاندا ڕاگەیەنی دەسەڵاتی بنیادەمن بەسەر ماددەدا و نیشانەی کاریگەربوونیەتی لەم جیهانەدا، لە سەرەتاوەش کە دروستی کردن بە نیازی کەلێنگرتنی پێداویست و تەسەلکردنی ئارەزووەکانی بووە، چەندێکیش کارامەیی بەرەو پێش بچێت ئەوانیش بەرەو چاکتریەوە دەڕۆن، جۆرەکانیشان بە پێی دابەشبوونی ئارەزووی خەڵک بەسەر جۆرەها وێنە و تام و ڕەنگدا، فرەچە شن دەبن."(١)

جۆر و ڕەگەزی مرۆڤی مۆدێرن (هۆمۆساپیەنس) نزیکەی دوو ملیۆن ساڵی خایاند تاوەکوو شێوازی خواردنی و گەورەبونی قەبارەی مێشکی گۆڕانی بەسەردا هات و بەمەش کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوت و پەرۆشی بۆ خواردن و هۆشیاری بۆ زانین کرد. مرۆڤی نوێ (هۆمۆساپیەنس) هەر لەوکاتەوە تا جیهانی ئەمڕۆی مۆدێرن و تا دەگاتە هۆشی دەستکرد (Artificial intelligence) بەردەوام چ لە کات و چ لە شوێنی جوداجودادا و بە شێوازی جۆربەجۆر لەم پرۆسەی خولیا و کەڵکەڵە و پەرۆشییەی هۆشی خۆیدا نەسرەوت و وەستانی بەخۆیەوە نەدیوە.

لەناو کۆی ئەو پرۆسەیە و دروست لە سەدەی پازدەهەم بەدواوە، هەرچەندە پێشتریش هۆشیاریی مرۆڤەکان هەمیشە گەشەی دەکرد و دەگۆڕا، بەڵام دروست لەوکاتەوە بەشێوازی بەرچاو شۆڕشێکی تەواو ڕادیکاڵ بەسەر هزر و پەرۆشیاندا هات بۆ زانست و خۆشەویستییان بۆ زانین وبەتایبەتیش بەخواست لەسەر ئەوەی بەشێوەی میتۆدی چ لە زێد و چ لەنەریتەکانی پێشوویان دەربچن؛ ئیدی لەو کاتەوە هەوڵیان دا داهاتوویان بە شێوەیەکی ڕیشەیی لە سەرچاوەکانیان دابڕێنن و بەگوژم و

تینی بەگوڕەوە لە ئەوەی ئامادەیە و لەوەی دەچێت و لەوەی دراوە، بە باوەکانیشەوە ڕزگاریان بکەن. دیارە سێ گۆڕانکاریی گەورە، "سێ شۆڕش" لەسێ بواری جیاجیا و لە سێ شوێنی جوداجودا لەماوەی نزیکەی سێسەد ساڵدا ڕۆڵی گرنگ وکاریگەر و بەرچاویان هەبوو لەو گۆڕانکارییە گەورەیەدا. بەهۆیانەوە، ڕێک بەهۆی هۆشیاریی نوێ و زانستەوە کە لەبنەڕەتدا بنچینە و فاکتەری ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە بوون، بۆیە مرۆڤایەتییان وەک ئەوەی بڵێی بە دوو دەست هەڵگرت و خستیانە جێیەکی دیکە: یەکەم/ دۆزینەوەی کیشوەرەکانی ئەمەریکا (مرۆڤ لەپڕ لەبەردەم دنیایەکی دیکە، جیهانێکی دیکە و خەڵکێکی دیکەدا قوت دەبێتەوە). دووەم/ وەرچەرخاندن یان شۆڕشی کۆپەرنیکۆس (لەناکاو سەلمێندرا کە زەوی نەک هەر خڕە، بەڵکوو دەشخولێتەوە). سێیەم/ دۆزینەوەی پرۆسەی چاپکردن (بەهۆی ئەم سیستمی چاپکردنەوە ئیدی توانرا کتێب بەلێشاو بە چاپ بگەیەندرێت، چی زاخاوی هزری مرۆژایەتی هەیە بەچاپ بگەیەندرێت و چی مرۆڤەکانیش هەریەکە و لێکدانەوەی خۆیانیان هەبێت.). کۆی ئەم سێ ڕووداوە خێرا و بێوچان پەلیان هاویشتە ناو خولیا و کەڵکەڵە و پەرۆشییەکانی هۆشیاری مرۆڤەکانەوە، بۆیە ئیدی وردەوەردە مشتومڕ هاتە ناو زمانی فەلسەفە، زانست، ئەدەب و سیاسەتیشەوە. ئیدی بەبێ ئەو کۆڵەکانە ئاسان نەبوو مرۆڤ بتوانێت لە زانست تێبگات. واتە، ئیدی زانین خۆی لەخۆیدا بووە مەرجی پێشوەختە بۆ زانست و لێکۆڵینەوەی زانستی، نەک بەپێچەوانەوە. دواجاریش دەشێت زانست بتوانێت لەخزمەتی ڕاستکردنەوەی زانینەکەدا بێت. بەو پێیە، بابەتی زانینەکە خودی مرۆڤەکان خۆیانن، ئاخر هۆشیاریی مرۆڤەکانن. کەواتە، زۆر زۆری خایاند تا زانین چووە بەرزەجێبوون (ترانسێندێنس) ی هۆشیاریی تاکی "مرۆڤەکان بەکۆمەڵ"ەوە.(٢)

لەو کاتەوە، هەندێ وشە زۆر بەلێشاو هاتنە ناو ئەم پرۆسەی خۆ قورتارکردن و دابڕان و چوونە ناو بەرزەجێبونەوە بەبەراورد لەگەڵ ڕابردوودا، بۆ نموونە وشەی "پێشکەوتن"، "دیرۆک"، "شۆڕش"، پاشانیش "ڕۆشنگەری"، "زانست"، دواتریش "تەکنەلۆژیا" و هەنووکەش "دیجیتاڵ" و "هۆشی دەستکرد"، ئیدی ناکرێت قسەیان لەسەر بکریت بەبێ زانین و زانست. لە درێژەی ئەمجۆرە مشتومڕ و پرۆسانەدا، مرۆڤەکان وهۆشیارییەکانیان زیاتر و زیاتر بوونە پێکهاتە و بونیادی ڕێنمایی زانستەکانیان، ئەوەش بە جۆرێک ئیدی مرۆڤ درکی بەوە کرد و توانایی ئەو مشتومڕەی لا گەڵاڵە بوو کە مرۆڤ شایانی هەڵەکردنە و بۆی هەیە نابەڵەد بێت. هەر بۆیەش، مرۆڤ کەوتە ئەوەی بەلێشاو پرسیارگەلێک قوت بکاتەوە گەر بۆ تەنها دیاردەیەک، ڕووداوێک یان شتێکیش بێت. دواجاریش کەوتە وێزەی ئەوەی چ هەڵەکانی یەکدی و چ هی خودی خۆیان ڕاست بکەنەوە و، یان دوو یان سیان و زیاتر لە تیۆرییەکان، تێزەکان، تەنانەت ئاینەکان لەیەکدی مارە ببڕن و یان تۆزێ لەم، تۆزێ لەوی دی بهێنن و فاتورەیەکی دیکەی لێ دروست بکەن. خۆی لە خۆیدا ئەمەش جۆرێک لە پەرۆشی بۆ بەرپرسیاربوون و هەست بە لێپرسیاربوونی لا دروست کرد، کە لەوەوپێش لای گەڵاڵە نەبووبوو یان لەخەمی ئەوەدا نەبوو لێیان حاڵی ببێت و، نەزانین و نابەڵەدی تێنەپەڕێنێت. بەهەمان شێوەش، تێگەیشتن لە لێکۆڵینەوەی مەیدانی و زانستی پراکتیکی هێندەی دیکە خرانە ژێر پرسیارگەلی ئاڵۆزەوە، تاڕادەی ئەوەی جیهان، ئێستاشی لەگەڵدابێت، لەلایەن زۆرێکەوە کورت دەکرێتەوە تەنها و تەنها لە دیدی لۆژیکیانەوە.

بۆیە تا دێت لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی مەیدانی و ڕاڤەی ئەزموونیی بەردەوام زیاتر و زیاتر وەک ئامرازی کۆنترۆڵکردنی زانیاری دەناسێندرێن، بۆئەوەی چیدی لێکۆڵەر، توێژەر و ڕاڤەکار هێندەی تر بەو شێوازە ئاڕاستە بکرێن کە لێکۆڵینەوەکەیان نامەیدانی و نائەزمونییە، ئیدی لەلایەن خودی خۆیانەوە گۆمانی لێ بکەن و هەر بەخۆشیان بیخەنە ژێر پرسیاری زانستییانەوە و چاودێریی وردەوە و بەدواداچوونی لێنەبڕاوەوە. لێرەوە دەشێت بگوترێت کە زانین چڕبوونەوەی ئەو چاودێرییە ورد و بەدواداچوونە لێکنەبڕاوانەن. زانین جەگە لەوەی بریتییە لە چڕبووەنەوەی چاودێری و بەدواداچوون و لێوردبوونەوەکان، بریتیشە لە ساناکردنی مەعریفیی تێگەیشتن، لەکاتێکدا ئاماژە دەکرێت بۆ ماف وەک ساناکردنی یاسایی و نۆرماڵی تێگەیشتن. ئاخر سەرقافڵەی جیاوازی لە زانستدا بریتییە لە ڕاست/ناڕاست. ڕاستی ئامڕازێکە بۆ بەدەستهێنان و وەدەرخستنی زانیاری. ڕاستی خۆبەرجەستەکردن و خۆبونیادنانی سیستەمیشە. بەمەش ڕاستی دەستنیشانکردنی بەها ناوخۆییەکانی سیستمە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە نیشانە و نیشانەیان لێ دەگیرێتەوە. زانین ئەو پێکهاتە (Structure)یەشە بەشداری ئەکات لە ڕێخۆشکردن و کاراکردنی جۆرە پرۆسەیەک لە سیستەمەکانی کۆمەڵگەدا، کە پێی دەوترێت خۆدسازی (ئاوتۆپۆیەسیس). بەگشتی، ئەو پێکهاتانەش ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان سیستەمەکاندا.

له هەمان کاتدا، دنیای مۆدێرن چ بە مەعریفە بەرفراوانە مێژووییەکەی و چ بە زانستە بەراوردکارییە کەڵەکەبووەکەی، ناچارە چۆن دان بە ڕێژەیی هەموو جیهانبینی و تێڕوانینە جیاوازەکاندا بنێت، ئاواش ناچارە لە خەمی هەموو زانستە مەعریفییەکانی دیکەدا بێت. ئا لێرەوە و لەم بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەی ئەمڕۆدا کە تەواوی جیهان و کۆی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکانی گرتۆتەوە، بناژۆخوازی و فەناتیزمی چەندین زانست و دنیابینی کەشوهەوایەکی تەواو گونجاویان بۆ جۆرە ناعەقڵانییەک، دژە مەعریفی، کە جۆرێک لە دڕندایەتی و شەڕانگێزی لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا، هەر یەکە و بەپێی نۆرمەکانی ئەوانە، ڕێکخستووە. کە بەداخەوە هەندێ لە بیرمەند و ڕۆشنبیران ئەمە کورت دەکەنەوە هەندێک جار لە چەمکی پۆپۆلیزمی سەردەمدا، هەندێک جاریش لە پۆپۆلیزمی دەستەبژێر (نوخبە)دا، هەندێک جاریش لەوەدا کە پێی دەوترێت دەسەڵاتی هیچوپوچەکان، یا هیچگەرایی، کاریگەریی سۆشیال میدیا، سەنگەرگواستنەوە، .... هتد. کورتکردنەوەی ئەم دیاردەیە لەو چەمکانەدا هێندەی تر چەواشەکاری بۆ زانست و ڕەوتی زانستی دروست کردووە. کۆمەڵگەی ئێمەش وەک پاشکۆی ئەو دیاردە چەواشەکارییە، پشکی هەرەزۆری بەر دەکەوێت، چونکە هێشتا خۆی نەخزاندۆتە کایە مەعریفییە ڕاستەقینەکان و ڕەهەندی زانستیی زانیارییەکان، پاشانیش دوچاری لێکەوتە و ئەم دەرەنجامی کەشوهەوا نائەقڵانی و نامەعریفییەکانیان بۆتەوە. جگە لەوەیش، ڕۆشنگەریمان بۆخۆی ئیشکالاتی زەبەلاح و دەلاقەی گەورەی تێدایە، کە لەڕاستیدا گشت کۆمەڵگەیەک (بەوەی ئێمەشەوە) لەمڕۆدا پێویستییان بە ڕۆشنگەری دیجیتاڵە.

کێشەیەکی دیکەی ئەم دەمارگیری و تەسلیمبوونە بە هەوەس و سەرمەستبوونە بە خورافات لە پرۆسەیەکدا دێتە دی کە بریتییە لە نامۆبوونی خود (زات) لە دنیایەکی بابەتیدا کە لە دەرەوەی ئەو خودەدایە و لەڕێی خۆبەتاڵکردنەوەی هزردا دێتە دەستەبەرکردن. مرۆڤ لەڕێگەی ئەم خودنامۆییەوە واقیعی کۆمەڵایەتی وەک واقیعێک تێدەگات کە ڕەنگدانەوەی مامەڵەی ڕۆژانەی خودی خۆی دروستی کردوون. خودنامۆیی لێرەدا هیچی تر نییە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دینامیکی زیاتر لەنێوان مرۆڤ و ژینگەکەیدا. مارکسیش لەسەر هەمان تێڕوانینی هیگلە لەو ناوەڕۆکەدا، کە مرۆڤ لەڕێگەی کارەکانییەوە درک بە خۆی دەکات و زاتی خۆی دەستەبەر دەکات.

هەرچەندە مارکس جەختی زیاتر لە نامۆبوون دەکاتەوە و ئاماژە بۆ چوار جۆر لە نامۆبوون دەکات:

یەکەم/ نامۆبوون لە بەرهەم (واتە: بەرهەمی کار)، ئەو بەرهەمەی کە خاوەن سەرمایە دەستی بەسەردا دەگرێت و خۆی بەخاوەنی دەزانێت.

دووەم/ نامۆبوون لەو چالاکییەی لە کاردایە، واتە ئەو چالاکییەی کە کرێکار چیدی ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات.

سێیەم/ نامۆبوون لەلایەنی مرۆیی مرۆڤ وەک جۆرە بوونەوەرێک، بەو مانایەی کە مرۆڤ خۆی ڕێگرە لە خۆوەدیهێنان و دەستەبەری خود، ئەویش بەهۆی کارەکەیەوە.

چوارەم/ نامۆبوونی مرۆڤ لە مرۆڤ لەڕێی کێبڕکێی پەیوەندییە ئابوورییەکانەوە.(٣)

ئەدۆرنۆ و هۆرکهایمەر پێیان وایە کە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وابەستەی نامۆبوونێکە کە لە ناوەوە و لە دەرەوەی سروشتەوە سەرچاوەی گرتووە. (٤) (٥)

بەپێی لێکدانەوەی هایدێگەر، نامۆبوون بریتییە لە خود لەبیرکردن لە شارستانییەتێکدا کە لەلایەن تەکنەلۆژیا و دامەزراوە و ئینستیتۆنەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە. (٦)

هەروەها ڕووناکبیرە نوێیەکانیش وەک هۆنێت و یێگی و ئێرنبێرگ و نێکل لەسەر بنەمایەکی توندتر ڕاڤەی نامۆبوون دەکەن و پێیان وایە کە ئەم ڕەوشی نامۆبوونە پەیوەندییەکی شکستخواردووی باوەڕهێنانە بەیەکدی، کە دواجار کۆسپ دەخاتە بەردەم دەستەبەرکردنی خود و خودوەدیهێنان لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەندێکی دیکە لە ڕووناکبیرانی سەردەم ڕەوشی نامۆبون وەک لێکەوتەی ئازادییە کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە مرۆییەکان لێکدەدەنەوە، وەلێ کە دواجار ڕێگری دەکات لە ژیانی تاکەکان لەڕێگەی فشارەوە بۆسەریان، کە دەشێت ببێتە هۆکاری ماندوویەتیی دەرونی، خەمۆکی و تاڕادەی خۆکوشتنیش. (٧)

بەگشتی، ڕەوشی نامۆبوون ئاماژەیە بۆ ژینگەیەکی دیاریکراو کە مرۆڤ تێیدا هەست بەوە دەکات دەبێت (و ناچارە) مامەڵە لەگەڵ کەسانێکدا، دەوروبەرێکدا یاخود دامەزراوەگەلێکدا بکات کە ئەو هەستی پێدەکات، کەچی بۆ خودی خۆی نامۆن. پێش هەرشتێک، پێویستە ئەوە پشتڕاست بکرێتەوە کە "نامۆبوون" هەمیشە نامۆبوونە لە شتێک: لە خودا، لە مرۆڤێکی دیکە، لە ژینگەیەکەی کۆمەڵایەتی، لە فۆڕمێکی ڕێکخراوەیی یان لە دامەزراوە نۆڕمێکی جڤاتی، یاخود لە بابەتێک یان لەمامەڵەیەکی خودی مرۆڤ خۆیەوە. ئاخر ڕەوشی نامۆبوون ئاماژەیە بۆ شێوازێک لە

پەیوەندیی شێواو و نەخوازراو لەنێوان خودەکان (چ بە تاک، چ بە دەستەجەمعی)ی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا.

لێرەدا جێی خۆیەتی باس لە تێڕوانینی تۆماس کوون بکەین سەبارەت بە دیرۆکی زانست و پەرەسەندنی زانست وەک پرۆسە، کە بەچ قۆناغێکدا تێدەپەڕێت و چۆن دەستەبەر دەبێت: ئەو پێی وایە زانستەکان جار هەیە لە قۆناغی ئاساییدا پەرە دەستێنن و گەشە دەکەن و جاریش هەیە لە قۆناغی شۆڕشگێڕانە و نائاساییدا دەگۆڕێن. قۆناغە شۆڕشگێڕییەکان بریتی نین لەو وچانانەی کە لەپێشکەوتندا پەلەیان تێدا دەکرێت، بەڵکوو لەڕووی چۆنایەتییەوە جیاوازن لە زانستی ئاسایی. کوون بەم گۆڕانەش دەڵێت گۆڕان لە پارادایمدا. ئەو وەک تیۆرییەکی زانستی ئاماژە بە گۆڕان لە پارادایمدا دەکات، بەوەی کە جۆرە زانستێک، مەعریفەیەک دەداتە زاناکە لەسەر هەبوونی دراوەکان(مەوجووداتەکان)، لەبارەی شێوازی هەڵسوکەوتی ئەم بوونانە. چ ڕەوشی نامۆبوون لە دنیای ئەمڕۆدا لە کۆمەڵگە جوداجوداکاندا (بە کۆمەڵگەی ئێمەشەوە) و گۆڕان لە پارادایمەکاندا وەک تیۆریی زانستی، هێندەی ئەوە گرنگ نییە وەک لەپێشەکیی ئەم ژورناڵەدا ئاماژەی پێ دراوە، کە چۆن بتوانرێت زانست وەک "پێوەر" ڕزگار بکرێت، کارەکتەری بۆ بگەڕێنرێتەوە و دەرفەتی بۆ بڕەخسێنرێت کە گەشەی ئاسایی خۆی بکات، تا بتوانێت پەیامە ڕوونە زانستییەکەی خۆی، کە بارتەقا و پاساوی ڕەوتە زانستییەکەیەتی بەجێ بگەیەنێت.

ڕەخنەی زانستیانە و ڕەخنەی زڕەزانستیانە:

"تەواوی زانستەکان ناتەواون، بەخودی ئەو زانستانەشەوە کە زۆر ورد و شایانی سەرسامیی تایبەتن." فەیلەسوفی ئەڵمانی هوسەرل جارێک لە نووسینێکی بەناوبانگیدا ئەمەی بەتوندی دەربڕی. زانستەکان لەلایەک ناتەواون، چونکە جۆرە ئاسۆیەک دەخەنە بەردەم کێشەکراوەکان کە بێکۆتایین و دواجاریش ناهێڵن بزاوتە زانستی و مەعریفییەکە هەرگیز پشوو بدا. لەلایەکی دیکە، دنیایەک کەموکووڕییان هەیە لەڕووی ناوەڕۆکیانەوە؛ لێرە و لەوێ پاشماوەی ناڕوونی و ناتەواوییەکانیان لە ڕیزبەندییە تیۆری و بەڵگەییەکاندا بەدی دەکرێت.

لەزانستدا، بستێک جێگا نییە بۆ "ڕا"، "تێڕوانین" و "هەڵوێستە"ی تایبەت بەخۆ! جا گەر ئەم دەستەواژەیە ڕاست نەبوایە، ئەوا زانست نەدەبووە ئەوەی ئەمێستاکە لێی دروست بووە، بەڵکوو دەبووە زانستێکی ناشی و دروستکراو. بیهێنینە بەرچاومان؛ هاوکێشەیەکی ماتماتیکی ئاڵۆز بدەنە دەست کەسێکی ناشی کە هەرگیز دەستوپەنجەی نەرم نەکردووە لەگەڵ تەنانەت بنەما سەرەتاییەکانی ماتماتیکیشدا؛ بزانین چی لێ دەردەچێت و چۆن شیکاریی دەکات؟ ئاخر هەر بۆچوونێک هیچی تر نییە لە بیروباوەڕ و قەناعەتی تاکەکەسیی تاکێک، ڕوانگەی قوتابخانەیەک، ئەتریبوتێک، تێگەیشتنێک، گۆشەنیگای چاویلکەیەک زیاتر.

ئەوەی گرنگە لەم ناوەڕۆکەدا بۆ کۆمەڵگەی ئێمە و جێی ئاماژە و هەڵوێستەیەکی جیدیە لەئێستادا، بۆ هەر شیکاریی گوتارێکی ڕەخنەیی و تیۆرییەکی ڕەخنەیی پرۆژە (کۆنسێپت)گەلێکی زانستی هەن، کە لەبنەڕەتدا بەڕوونی و بێ چەندوچوون بریتین لە هەوڵدانەکان لە چوارچێوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا. لە بارێک لە بارەکاندا، بەمانە دەگوترێت ئەجێندا۔ و یان پرۆگرامەمێتۆدییەکان، ئەوانەی کە پێویست بوو هەوڵی جیدی و بەئەمەك پیشان بدەن. لێرەدا پرسیارگەلێک قوت دەبنەوە کە ناکرێت هەڵوێستە و خوێندنەوەی زانستییانەی بۆ نەکرێت و تەنها وەک شەڕەجنێو یان شەڕانگێزی ئەم یان ئەو پێناسە بکرێن: کام نووسینە جدییانە بەڕوونی بانگەشەی ڕەخنەگرانە دەکەن و بنەمای زانستیی ئەم ڕەخنانە کامانەن و لە کامە میتۆدەوە سەرچاوەیان گرتووە؟ ئایا میتۆد هەیە، یان میتۆدگەلێک هەن، بەبێ ئەوەی بانگەشە بۆ هیچ شتێک بکەن، سەبارەت بەوەی توانایی بەرچاوی زۆر تایبەتیان هەبێت، تا لەڕێیانەوە ڕەخنەکان کۆنکرێت و زانستییانە دەرببڕدرێن؟ ئەم ڕەخنانە لەسەر کامە چەمکگەلی زانستییانە دامەزراون و بنەمایان گرتووە؟ لە کامە ڕوانگەوە ڕەخنەگران ڕەخنە دەگرن؟

بۆئەوەی مرۆڤ نەکەوێتە هەمان ئەو هەڵەیەوە، کە ئەویش بریتییە لە پرسیارکردن لە شوناسی "ڕەخنە لە زانستی ساختە" و یان "ڕەخنە لە ساختەکردنی زانستسازی"، پێویستە سەرنج بەم سێ بوارە سەرەکییەی خوارەوە بدەین:

یەکەم: ئۆنتۆلۆژیا (زانستی بوون)، ئەو زانستەی کە لە بنەما سەرەکییەکانی واقیع و گشت ئەو شتانەی لە واقیعدا بوونیان هەیە دەکۆڵێتەوە. پرسیاری گرنگ سەبارەت بە مەسەلە سەرەکییەکەی (زانستسازی) لە بواری ئۆنتۆلۆژیادا بریتییە لەوەی: "ئایا ئەوەی جیهان و، واقیع و دیاردە و شتە

ڕیالیستییەکان پێکدەهێنن ئەوانەن کە هەن، کە لە "بوون"دان؟" ئایا بە چ شێوازێ ئەمانە بوونیان هەیە و هەن؟ بۆ نموونە، ئایا بارێکی دەروونی هەیە؟ گەر هەبێت، نیشانە بنەڕەتییەکانی کامانەن؟

دووەم: ئیپیستمۆلۆژیا (پێویستە بە وتارێکی دوورودرێژ هەڵوێستە لەسەر ئەم خاڵە بکرێت).

سییەم: ڕەخنەی توندی بناژۆخوازیی (فەناتیکی) پشتبەستوو بە زڕەزانست یان زانستی ساختە. چۆن، بە چی و لە چ کاتێکدا زانست و زڕەزانست (زانستی ئاشوبگەرا، زانستی ناڕاست یان پسیدۆ) لێک جیا دەکرێنەوە؟ بەر لە هەرشتێک با بزانین: چۆن زانست دەناسیتەوە؟ یاخود بە چیدا زانست دەناسرێتەوە؟ زانست دەتوانرێت بەو ڕاستییەدا بناسرێتەوە، کاتێک کە دەتوانرێت گریمانەیەکی کرداری یان ئەزموونی لەڕێی تاقیکردنەووەوە شکستی پێ بهێنرێت. ئەمەش بەم واتایە دێت، بۆ نموونە، تاقیکردنەوەیەک یان تێڕوانینێکی زانستیمان هەیە و، ئەم تاقیکردنەوەیە بەدەر لەهەر نەریت و فەرهەنگ و هەر شتێکی دیکەی لەو بابەتانە توانراوە لەلایەن چەند کەسێکەوە، لێ نەک بەتەنها لەلایەن یەک کەسەوە و، توانراوە بۆ ماوەیەکی بێسنوور و دوورودرێژ، ئاخر بەدەر لە کات و شوێنیش، پیادە کرابێت و پشتڕاست بکرێتەوە.

بێ گومان دەشێت کە لەملا و لەولاوە هەندێک ناڕێکوپێکیشی تێدا بەدی بکرێت، وەلێ دواجار دەرئەنجام لەبنەڕەتدا هەر هەمان دەرئەنجام دەردەچێت. دیارە لەزانستدا، بنەمایەک هەیە پێی دەوترێت بنەمای بەدرۆخستنەوە (ئینگلیزی:فالسیفیکەیشن (falsification)/ لاتینی: فالسیفیکاتیۆ/ عەرەبی: مبدا التزویر)، ساختە و فێڵکردن، زڕاندن یان قەڵبکردن. واتە، پێویستە کە بتوانرێت گریمانەیەک تاقی بکرێتەوە، ئینجا دەرەنجام دەربکەوێت کە ئەو گریمانەیەی پێشبینی کراوە لەو ئاستەدا بێت کە تاقی بکرێتەوە و بتوانێت گریمانەکە پشتڕاست بکاتەوە. ئەمەی دواییش بە مانای ئەوە نایەت ئیدی ئەوە ڕاستە، بەڵکوو ڕاستە تاقی کراوەتەوە، ئاخر ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەوە هێشتا ناڕاست نییە، بۆیە ئیدی کێشەکە لەمە زیاتر نییە.

لەبارەی زانستی ساختەش، پێویستە ئەوە بگوترێت کە ئەم زانستە هەمیشە تەنها قسە لەسەر "لایەنێکی ڕووداو"ەکان دەکات، بەمانای ئەوەی تەنها لایەنێکی ڕووداوێک لەلایەن تەنها کەسێکەوە قسەی لەسەر دەکرێت و باسی لێوە دەکرێت، بەهیچ شێوەیەک جێگەیەک لە زانستی ڕاستەقینەدا بەدی ناکات کە توانایی ئەوەی هەبێت تێیدا تاقی بکرێتەوە، واتە نە لەڕووی ئامارەوە و نە لەڕووی توێژینەوەی مەیدانییەوە و، نە لەڕێی چەندین هەوڵدانی زانستییەوە و نە لە چەندین جێگا و و کاتی جوداجودا و نە لە چەندین ناوەڕۆکی جۆربەجۆردا پشتڕاست کراوەتەوە. بۆیە ئەوەتا بەم ڕۆژگارە چەندین ڕەوت و تێڕوانین و تێزەی جۆربەجۆر دەبینرێت کە هیچی تر نین جگە لەوەی پشتیان بە ئەفسانە بەستووە و لەسەر بنەمای پڕوپوچ دامەزراون. ئاخر ئەمانە هیچیتر نین لە دەستەواژەی ناڕاست زیاتر کە بنەماکەیان لەسەر زانستی ساختە دامەزراوە و بۆیە هیچیتر نین لەوەی کە پێی دەوترێت ڕەوشی ناجۆر. بۆیە، لێرەوە ئاماژە بە تەنها یەک فۆڕم دەکرێت لە زانست، ئیدی ئەو زانستە لە بەرازیل بێت، یا لە ڕووسیا، یا لە کوردستان یان لە تەنزانیا. واتە، تەنها و تەنها فۆڕمێکی گەردوونیی ڕاستەقینە هەیە سەبارەت بە "زانست"، ئیدی لە بواری فیزیا، کیمیا، یان هەر بوارێکی دیکەی زانستدا بێت. لە دەرەوەی ئەو فۆڕمە هەرچییەک ڕوو دەدات یان هەر تێزە و تێڕوانینێک دەخرێتە ڕوو بە مۆدێلی ئەم یان ئەو، هەقایەتی ئەم یان ئەو هەژمار دەکرێت.

کاڵفامی دیجیتاڵی:

"گریمانەیەکی ئەزموونی دەبێت بتوانێت بەهۆی ئەزموونەوە شکست بهێنێت".

لەبواری دیکەیشدا، کەهەرچەندە بواری زانستی ڕووت نین بەڵام دور یان نزیک پەیوەندییان هەیە بە بنەما زانستییەکانەوە، هەندێ کێشە سەرهەڵدەدەن کە بەئاستەم دەتوانرێت ڕاستی و ناڕاستیی سەرچاوەکانیان پشتڕاست بکرێتەوە. بۆنموونە، دەتوانرێت هەواڵێکی سۆشیال میدیایی سەبارەت بە پرسێکی نیشتمانی گەورە یان چارەنووسساز، گەمەی تێدا بکرێت و لەلایەن کەسێکەوە یان چەند گرووپێکەوە بەشێوازی پۆپۆلیستییانە، خراپ سوودی لێ وەربگرێت. پشتڕاستکردنەوە، یاخود بەدرۆخستنەوەی زانستییانەی هەواڵێکی لەو جۆرە، نەک بەتەنها لە جڤاکی ئێمەدا، بەڵکوو لەسەرتاسەری دنیادا کێشەی گەورەی بۆ دەستنیشانکردنی ڕاستیی ڕووداوەکان دروست کردوە. نەتوانینی دەستنیشانکردنی ڕاستیی ڕووداوەکان جگە لەوەی کۆسپ بۆ گەشەسەندنی مۆڕاڵی مرۆیی دروست دەکات، دەتوانێت کۆمەڵگەش داتەپێنێت. بۆیە زۆرگرنگە و پێویستە ڕاستیی ڕووداوەکان بەجۆرێک دەربخرێن، وەک ئەوەی کە ئامادەن و هەن. ئاخر دەرخستنی ڕووی ڕاستی

ڕووداوەکان و تێگەیشتن لێیان بەو شێوازەی هەن، وادەکەن "یەکێتیی کاری" لە کۆمەڵگەدا کارا بکرێت، شیرازە تێک نەچێت، وێڕای جیاوازییەکان، وێڕای ناتەباییە هزرییەکان، وێڕای جودایی تێڕوانینەکان، پارێزگاری لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە بکرێت، کە دواجار گشت لایەک لێیان سوودمەند دەبن.

پرۆسەی دیجیتاڵکردن (دیجیتاڵیزەبوون) وێڕای هەموو سوودەکانی، بوارە جیاجیا و ئازادییەکانی کە لەگەڵ خۆی هێناویێتی، بەداخەوە مەترسییەکی دیکەش هاوڕێیەتی کە ئەویش کاڵفامی دیجیتاڵییە. کانت پێش زیاتر لە دووسەد ساڵ باسی لە کاڵفامییەک کردووە؛ ئیدی کەی مرۆڤ لەو کاڵفامییەی خۆی دێتە دەرەوە کە خۆدی خۆی پێی گەیوە. لەسەرەتادا ئاماژە درا بەو سێ گۆڕانکارییە زەبەلاحەی کە بە هەر دوو دەست مرۆڤایەتیی لە جێگەیەکەوە هەڵگرت و خستیە جێگەیەکی دیکە.

دەشێت ئێستاکەش بەهۆی سێ گۆڕانکاریی زەبەلاحی دیکەوە (یەکەم/ترس لەبەکارهێنانی چەکی مۆدێرن (ئەتۆمی و درۆن)، دووەم/پەتای کۆرۆنا، سێیەم/ترس لە بەکارهێنانی هۆشی دەستکرد لەزانستدا بۆ مەبەستی نامرۆیی) بە هەردوو دەست مرۆڤایەتی هەڵبگرن و بیخەنە جێیەکی دیکە. دەشێت مرۆڤایەتی دووبارە پێویستی بە دەرچەیەکی دیکە بێت بۆ دەرچوون لەو کاڵفامییە مۆدێرنەی کە بە دەستی خۆی دوبارە خودی خۆی پێگەیاندووە. پێدەچێت وەکوو کانت دەڵێت، ئیدی مرۆڤ دەقی گرتبێت بە ئەو کاڵفامییەی خۆیەوە و نەتوانێت دەستبەرداری بێت، خەریکە کاڵفامی دەبێتە شتێکی سروشتی بەلای زۆرێک لە هەمووانەوە. ئەوەتا تا دێت مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری هۆشی دەستکرد و سۆشیال میدیا و بەروبوومەکانیان بێت و تا دێت زیاتر و زیاتر مرۆڤەکان خوویان پێوە دەگرن و بەکاریان دێنن. جگە لەوەش تا دێت ئەمانە زیاتر و زیاتر ئاراستەی تێڕوانینی مرۆڤەکان و ئەوەی پێی دەوترێت "هێزی بڕیارلێدانەکان"یان دەگۆڕن. تا دێت ئەلگۆریتمەکان جێ بە پەیڕەو و ڕێسا و نۆڕم و ڕێنماییە کۆمەڵایەتیەکان لێژ دەکەن و جێگەیان دەگرنەوە. لەم کاتەدا، کەسێک یەک زەڕە قسەی زیاتری لەسەر بکات و بە چاوی ڕەخنەگرانەوە لێی بدوێت، تۆمەتگەلێکی نابەجێی شوێن دەخەن. لە نوێترین گوتەیدا، هابەرماس ئاماژە دەکات بە "گۆڕانکاییەکی پێکهاتەیی نوێ لە کایەی گشتی و سیاسەتی ئەندێشەیی ڕاوێژکاریدا". قسەی ئەو زیاتر لە سەر جۆرێک لە پەیوەندییە

که لە کۆمەڵگەدا دروست بووە و بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، وەلێ پارچە پارچە و نیوەناچڵ و هەر بە ناو گشتییە، ئەگینا تێڕوانینەکەی سەبارەت بە کایەی گشتیی سیاسی وەک ئەوەی کە هەیە، شێوێندراوە.

بۆیە مرۆڤ بەئاشکرا هەست بەو کایە شێوێندراوە دەکات لە تەواوی دنیادا. ئەم ڕەوشە دیجیتاڵئاسایانە، تێیاندا چ خەیاڵ، چ هاوشێوەکانی واقیع، چ واقیع خۆی، چ وڕێنە، چ ڕووداوی ڕاست و چ هەقایەتەکان، ئەمانە هەموویان تێکئاڵاون و شێوێندراون بەسەر یەکدیدا. سەیر لەوەدایە تەواوی ئەمانە دوبارە لەڕێی هەواڵی درۆ و فەیکەوە هێندەی تر دەشێوێندرێن و وەستایانەتر دەدرێن بەسەریەکتردا. کانت ئازادی لەوەدا دەبینێتەوە کە مرۆڤ بتوانێت دەرگایەک لەسەرخۆی ئاوەڵا بکا و بتوانێت لەڕێیەوە لەو کاڵفامییەی کە پێی گەیشتووە بێتە دەرەوە. دیارە ئاماژە دەکات بە بەکارهێنانی هزر و گوتە بەناوبانگەکەی، تا ئێستاش لە زۆربەی قوتابخانەکانی ئەوروپادا وانەی لەسەر دەگوترێتەوە: "بوێر بە و عەقڵی خۆت بەکار بهێنە!"

بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لە دنیادا لە دەوروبەری دیجیتاڵیبووندا دەگوزەرێت زۆر جودایە لەگەڵ ئەوەی ئەو سەردەمەی کانت، چ لەڕووی چۆنایەتی و چ لەڕووی ماناداری و چ لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە. جاران کەسەکان ئەوەیان لەباردا نەبوو، یان لەو ئاستەدا نەبوون، سوود لە هزر و تێگەیشتنی خۆیان وەربگرن، بەبێ ئەوەی سەر نەکەن بە کۆشی کەسێکی دیکەدا یان ڕوو نەکەنە ناوەندێکی دیکە. هەندێکجار تەمەڵی و تەوەزەلیش ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاویان بینیوە لەو بێجورئەتی و بێمروەتییەدا؛ ئێستاشی لەگەڵدا بێت بۆ هەندێک کەس و لە هەندێک جڤاکیشدا هەرهەمان شێوازە. جاران، کاتی کانت؛ خراپ بەکارهێنانی ئەو ناوەندانە هۆکاری سەرەکیی کاڵفامییەکان بوون، نەبوونی جورئەت و ئازایەتی ڕوبەڕووبونەوە، نەک نەبوونی خودی تێگەیشتن خۆی، وەلێ ئێستا خودی مرۆڤ خۆی و تێگەیشتنەکانی هۆکاری سەرەکین. بە مانایەکی دیکە، کوێرانە دواکەوتنی ڕێنمایی ئەمڕۆ یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو کاڵفامییە دیجیتاڵییە. زۆرێک لە خەڵک هەندێکجار تەنانەت بەئازایەتی و ئەوپەڕی زیرەکیشی دادەنێت کە ئاگاداری پەرەسەندنەکانی بواری دیجیتاڵییە، وەلێ بەبێ ئەوەی پیشەی ئەویش بێت، چاودێریی ئەو گەشەسەندنانە بکات. باشترین نموونە بەکارهێنانی ئینتەرنێتە لەجێی بیرکردنەوەی خودی مرۆڤ خۆی، تەنانەت بۆ زۆرێک بۆتە شوێنی

مامەڵە کۆمەڵایەتییەکانیش، کە ئیدی سنوورە مۆراڵی و ئاکارییەکانیشی تێپەڕاندووە. جگە لەوە یاریی کۆمپیتەر دنیای ئەمڕۆی تەنیوە و تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی لە زانکۆ بەناوبانگەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو ڕشتەی تایبەت بە دروستکردن و پەرەپێدانی یاریی کۆمپیوتەر کراوەتەوە و کێبڕکێی بەدەستهێنانی کورسیی خوێندن و خوێندنی باڵای بەرچاوی لەدووە. لایەنێکی دیکەی ئەم بەدیجیتاڵبوونە لە بواری هۆشی دەستکردایە، تاکەکانی مرۆڤ بۆ ئەم بوارە هیچیتر نین لە بابەتی داتایی زیاتر؛ دیارە لەم کەیسەدا بەرژەوەندیی دارایی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت. لە هەموو کێشەکان زەقتر و کاریگەرتر، کێشەی توندوتیژییە کە مرۆڤ لە دەرئەنجامی ڕەوشی بەدیجیتاڵبووندا دوچاری دەبێت. بۆ نموونە، ئامارێک لەلایەن تیمێک لە توێژەر و لێکۆڵەر لە ئەمەریکای لاتینەوە پیادە کراوە کە لە سەرتاسەری دنیادا تا دێت توندوتیژی لە بواری ئینتەرنێتدا بە "ئاسایی" وەردەگیرێت. چونکە مرۆڤ لەو باوەڕەدایە، کە توندوتیژی سەرەتا لە دنیای ئینتەرنێتدایە بەتەنها، ناڕاستەقینەیە و ناتوانێت پەل بهاوێتە جیهانی ڕاستەقینەوە، وەلێ بەڵگە هەیە پێچەوانەی ئەمە، کە توندوتیژی دەتوانێت بەئاسانی پەل بهاوێتە دەرەوە و بەچاکیش کاری توندوتیژیی قەبارەگەورەی لێ بکەوێتەوە.

سەرچاوەکان:

(١) محەمەد، مەسعوود. لەپەرۆشەکانی ژیان؛ ساڵی ١٩٩٥ ؛ لاپەڕە ١٦
(2) N. Luhmann; Dies Wissenschaft der Gesellschaft; Erste Auflage 1992; S.11
(3) Karl Marx; Ökonomisch-philosophischen Manuskripte 1844
(4) Adorno, Theodor W. (1942): Thesen über Bedürfnis. In: Bd. 8(S. 392-396)
(5) Horkheimer, Max (1948): In: B. Görlich (Hrsg.). zur Kulturismus Kritik (S. 139-148)
(6) Martin Heidegger 1929/1930: Die Grundbegriffe der Metaphysik. (Band 29/30)
(7) Subjekt – Handeln – Institution Vergesellschaftung und Subjekt in der Reflexiven Modern

ئایین و زانست، لەنێوان بەریەککەوتن و گریمانەی پێکەوەهەڵکردندا

د. لهۆن قادر عەبدولڕەحمان
دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی

پوختە:

ئەم توێژینەوەیە، بەراوردکردنی ڕەوشی کارکردن و چەمکە سەرەکییەکانی نێوان دوو جۆر تێگەیشتنە لە بوون و ژیان، توێژینەوەیەکی بەراوردکارییانەیە تا لە سروشتی پەیوەندیی نێوان زانست و ئایین تێبگەین، دەستپێک و مێژوویان، ڕاڤەیان بۆ بوون و میتۆدی کارکردنیان و ئەرکیان و ئامانجیان.

وشە کلیلییەکان: ئایین، فەلسەفە، زانست، زانستی ئەزموونگەری، میتافیزیکا.

پێشەکی:

پەیوەندیی نێوان ئایین و زانست، بابەتێکی فرە ڕەهەندی مێژوویی و کولتووریی قوڵە و مقۆمقۆی زۆری لە سەردەمە جیاوازەکاندا بەخۆوە بینییوە و درێژ دەبێتەوە بۆ چەندین سەدە لە گەشەی فیکری و کۆمەڵایەتی؛ لای هەندێک کارلێک هەیە لەنێوان زانست و ئاییندا و لای هەندێکی دیکەش وەک دوو هێزی دژبەیەک دەخرێنە ڕوو، هەردووکیان گێڕانەوەی خۆیان هەیە بۆ سروشتی بوون و ژیان.

ئەم توێژینەوەیە پەیوەندیی نێوان ئایین و زانست لە چەند ڕەهەندێکەوە بنکۆڵ دەکات : لە دەستپێکدا لەبەر ئەوەی فەلسەفە دایکی زانستەکانە، باسی پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و ئایین دەکەین لە ڕۆژئاوا، چونکە فەلسەفە یۆنانی و ڕۆژئاواییە و دواتر لە ململانێی نێوان زانست و ئایین دەدوێین هەر لە ڕۆژئاوا، پاشان ئەم بابەتە جارێکی تر دەهێنینەوە، بەڵام ئەمجارە بۆ جیهانی ئیسلامی و هەر لێرەش باسی چۆنییەتی و هۆکاری بیدعەیەک دەکەین کە پێی دەوترێت ئیعجازی زانستی لە قورئاندا. وەک لایەنی تیۆری باس لەو چەمکە گرنگانە دەکەین کە تۆڵ و پێوەری کاری زانستین و لە ئاییندا بوونیان نییە و لە کۆتاییدا هەندێ زانستی سەربەخۆ ئاماژە پێ دەدەین کە چۆن لەگەڵ گێڕانەوەی ئایینیدا تەواو دژ دێنەوە، لەگەڵ خستنەڕووی ئەنجامی توێژینەوەکەمان.

سەربوردێکی چەمکە کلیلییەکانی نێو توێژینەوەکە:

گشت چەشنەکانی بیرکردنەوە، لە ئایینی ،فەلسەفی، زانستی و ئەوانی دیکەش، پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگیان پێکەوە هەیە، لە کار لەیەککردن تا بەریەککەوتن، لە هاوسەردەمبوون تا تێپەڕاندن

و بەجیهێشتن، بەڵام سەردەستبوونی یەکێکیان، مانای قڕان و تۆوبڕانی ئەوەی دیکە نییە و زۆرجار لە پەراوێزدا دەمێنێت و لەوانەشە هەلومەرجی ئەقڵی و مەعریفیی مرۆڤەکان جارێکی دی بیهێنێتەوە. ڕەنگە تا هەنووکەش، زیندووترین پۆلێن بۆ سەردەم و مێژووی چەشنەکانی بیرکردنەوە، پۆلێنەکەی کۆمەڵناس و فەیلەسوفی فەرەنسی ئۆگست کۆنت (١٧٩٨-١٨٥٧ز) بێت کە وەک تابلۆیەک ڕێچکەی بەرەو کەماڵچوونی زەینی مرۆڤی کێشاوە. ئۆگست کۆنت سێ قۆناغی بنەڕەتیی دیاری کردووە: قۆناغی بیرکردنەوەی ئەفسانەیی یان ئایینی و لاهووتی، دواتر، قۆناغی میتافیزیکا و سێیەمیش قۆناغی زانستی پەتی-ئەزموونگەری یاخود پۆزەتیڤیستە.

کۆنت پێی وایە، ئەگەر بچینە نێو دڵی مێژووی زۆر دووری کۆمەڵگە سەرەتاکانەوە، مرۆڤ هۆکاری هەموو ڕووداوەکانی بۆ خوا دەگێڕایەوە، وێڕای ڕووداوە سروشتییەکان، تەنانەت کەسێکیش دەبووە پادشا، پێیان وابوو خوا کردوویەتی. بە واتایەکی دیکە، ژیان بە مەیلی خواکان دەچوو بەڕێوە، هەر ئەم هۆکارەیە وایکردووە لە ئەقڵی ئایینیدا زانست چەکەرە نەکات ، چونکە زەینێکی ئەفسانەییان هەیە و ڕووداوەکان دەبەستنەوە بە نادیارەوە . لە قۆناغێکی دیکەدا، ئەقڵانییەت و فەلسەفە هات، پێمان بڵێ، ژیان هەڵگری یاسا و هاوکێشەگەلی خۆیەتی و ئەو یاسایانە ژیان ئاراستە دەکەن نەک هەوەسی خواکان، ئەو یاسا و هاوکێشانەش قابیلییەتی چەندبارە ئەزموونکردنەوەیان هەیە. بەمجۆرە قۆناغی یەکەم کۆتایی هات و قۆناغی میتافیزیکا هاتە پێش، کە بە ڕای کۆنت، ئیتر خەڵکی ڕووداوەکانیان نەدەدایە پاڵ خواکان، بەڵکوو دەیاندایە پاڵ هۆکارێکی دیکەی غەیبی-نادیار، وەک چەمک گەلێکی لە چەشنی (جوهر)، (ماهیت)، (طبع) و تایبەتمەندی و چییەتییەکی نابەرجەستە، بۆ نموونە گەر بە زەینییەتی میتافیزیکییەوە شیکاریی بکەین بۆ دوو ماددەی کیمیایی کە پێکەوەن، دەڵێین: سروشتیان پێکەوە گونجاوە بۆیە پێکەوەن، پێکەوەن چونکە سروشتیان پێکەوە گونجاوە!، شێوە زانستیان لێ دەکردینە زانست. قۆناغی میتافیزیکا، بەڕای کۆنت، قۆناغی بیرکردنەوەی (انتزاع)ی و ئەبستراکتە کە مل نادات بۆ ئەزموونکردن و تەنیا وەک تەماشاچییەک دەمانهێڵێتەوە، تا ببینین چی ڕوو دەدات و چی ڕوونادات، بەڵام هیچ دەست کراوەمان ناکات بۆ ڕەفتار نواندن لەبەرامبەر سروشتدا؛ بە واتایەکی دیکە، فێرمان ناکات چۆن سروشتێکی دیکە بخوڵقێنیین.

لێرەوە قۆناغی زانستی ئەزموونگەری دەستی پێکرد؛ لەم قۆناغەدا، مرۆڤایەتی بە دوای یاساکانی سروشتدا دەگەڕێت، نەک دەستی خودا و هێزی پشتەوەی سروشت و چەمکی ڕووتەوەبووی ئەبستراکت. ئەزموونکردن، هێزی هەژموون و ڕەفتارنواندنمان لە سروشتدا دەداتێ و ئیتر مرۆڤ لەم قۆناغەدا ملکەچ و تەنیا تەماشاچی سروشت نەمایەوە .

لەم توێژینەوەیەدا، ئەگەرچی باسی ئایین و زانستە، بەڵام ئێمە ناکرێت سەرەتا باس لە ئایین و فەلسەفە نەکەین، چونکە جگە لەوەی ئایین بەریەککەوتنی سەرەتای لەگەڵ فەلسەفە بوو، فەلسەفە دایکی زانستەکانیشە. لە ڕەوشی فەلسەفیدا، چەمکێک دەهێنێت و پێناسەی دەکەیت، پاشان ئارگومێنتی ڕا جیاوازەکان دەهێنێت و دواتر ڕای خۆت بە ئارگومێنتی دیکە و نوێوە دەخەیتە ڕوو، بەڵام کتێبی ئاسمانی پێت دەڵێ: هەق هەر ئەمەیە کە من دەیڵێم و فێر ببن و گوێبیست بن و ملکەچی بن.

ئایینیش مێژووی هەیە، گەشەکردن و سەرەولێژبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت، پێ بە پێی بوارەکانی تری بیرکردنەوە و بە کاریگەری ئەوان، فۆرمێکی ماقووڵ لە خۆ دەگرێت یاخود مرۆڤ نغرۆ دەکات لە ئەفسانە و ڕەفتار و بیرکردنەوەی ناماقووڵ. کۆمەڵگە دێرینەکان، تەنیا سەرچاوەیان ئایین بووە، بۆیە زانستیشییان هەر لەوێوە وەرگرتووە، جوگرافیا، مێژوو، بووناسی، گەردووناسی و سەرجەم بوارەکان لە ئایینەوە وەرگیراوە.

باسکردن لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو، هیچ نییە جگە پێشخستنی زانست و ئەقڵانییەت، ئەمڕۆ ئەگەر دیدێکی دروست بۆ هەر ڕەهەند و بوارێکی ژیان هەبێت، لە پشت چاویلکەی زانستەوەیە. لە جیهانی نوێدا زانست ڕەوشی خۆی گرتووەتە بەر، ئەوە ئایینە دەمێک فتوا دژی زانست دەدات و دەمێکیش دەیەوێت خۆی لەگەڵا بهێنێتەوە.

ئێمە لێرەدا، بە کورتی چەند جیاوازییەکی سەرەکی و بنەڕەتی لەنێوان ڕەوشی کارکردنی زانست و ئایین دەخەینە ڕوو، پاشان کورتەیەکی مێژووی بەریەککەوتنیان و دواجار هەندێ کایەی زانستی وەردەگرین تا ببینین لە کوێدا لەگەڵ گێڕانەوەی ئایینیدا بەریەککەوتنیان هەیە.

جیاوازیی ئایین و زانست لەڕووی میتۆدەوە:

ئەگەر ئاماژە بە چەند خاڵێکی بنەڕەتی لە جیاوازییان بدەین، ئەوا دەتوانیین بڵێین :

١- سەرچاوەی مەعریفە:

سەرچاوەی ئایین، وەحی-سروشە، واتە کتێبە پیرۆزە ئاسمانییەکان و دەسەڵاتی ڕۆحی کە پێغەمبەران و زانایانی ئایینین. مەعریفەی ئایینی چەسپاو و نەگۆڕە، چونکە لە سەرچاوەیەکی پیرۆز و ڕەهاوە دێت. سەرچاوەی زانست، ئەزموون و تێبینی و ئەقڵ و پشت بە ڕەوشی زانستی دەبەستێت؛ دەخوازێت تیۆرەکان بەردەوام لە تاقیکردنەوە و پێداچوونەوەدابن و زانست بەردەوام لە گۆڕاندایە لە بەردەم داهێنانی نوێدا.

٢- سروشتی ڕەهایانەی ئایین و ڕێژەییانەی زانست لە بانگەشەیاندا بۆ زانینی هەقیقەت:

ئایین هەقیقەتێکمان بۆ باس دەکات کە بە ڕەها و چەسپاوی دەزانێت و بەپێی کات ناگۆڕێت و گەشە ناکات، ئەم هەقیقەتانەش پەیوەستە بە مەسەلە گەورەکانی لە نموونەی: بوونی خوا، بوون و ئامانج لە دروستبوونی ژیان. زانست لە بەرامبەردا، بەڕێژەیی هەقیقەتەکان دەخاتەڕوو، بەپێی بەڵگەی نوێ قابیلی چاککردن و گەشە و گۆڕانە. تیۆرە زانستییەکان بەپێی پێشکەوتنی زانیاری گەشە دەکەن، هەروەک چۆن بەردەوام لە گەشە و گۆڕاندا بوون لە فیزیادا.

٣- ئامانجی کۆتایی و چەمکە ڕۆحییەکان:

ئایین جەخت لە پرسیارە وجودییە گەورەکان دەکاتەوە، بە نموونە: مانای ژیان چییە؟ ئامانج لە دروستبوونی مرۆڤ چییە؟ چارەنووسی مرۆڤ دوای مردن چییە؟. هەموو ئەم چەشنە پرسیارانە لە جوغزی کاری زانستدا نین، چونکە ئەزموون ناکرێن. زانست فۆکەسی لەسەر دیاردە سروشتییەکان و ڕاڤەی بابەتییانەیە بۆ واقیعی ماددی، گرنگیدانی نییە بە بابەتە ڕۆحی و ئامانجە میتافیزیکییەکان، هەوڵی بۆ ئەوەیە لە چۆنییەتیی کارکردنی بوون تێبگات.

٤- بابەتی دروستبوون و سەرچاوەی بوون:

ئایین، بە تایبەتی ئایینە ئاسمانییەکان، گێڕانەوەی تایبەتیان هەیە لەسەر دروستبوونی بوون و مرۆڤ، بە نموونە لە ئایینە ئیبراهیمییەکاندا خوا هەموو بوونی لە شەش ڕۆژدا دروست کردووە. زانست خاوەنی گریمانە و تیۆری تەقینەوەی گەورە (Big Bang)یە، باس لەوە دەکات، سەرچاوەی بوون

لە تەقینەوەیەکی گەورەیە کە پێش ١٣،٨ملیارد ساڵ پێشتر ڕووی داوە و زانست پێی وایە گەشەی بوون و سەرجەم بوونەوەرەکان لەسەرەخۆ و بە قۆناغ بووە و لەڕێی کارلێکی سروشتیی بووە، لە نموونەی گەشەی زیندەناسی،وەک لە تیۆری داروین-دا هاتووە.

٥- لەنێوان ڕاڤەی ئامانجدار و هۆکاریی-دا:

ئایین ڕاڤەی ئامانجداربوون(Teleological)ی هەیە بۆ سەرجەم دروستکراوەکان، پێی وایە هەمووشتێک، ئامانجێک هەیە لە دروستکردنی لەلایەن خواوە، بۆ نموونە مرۆڤ دروست کراوە بۆ پەرەستشی خوا و هەموو دروستکراوەکانی دیکەش بۆ خزمەتی مرۆڤ دروست بوون. زانست، پشت بە ڕاڤەی هۆکاریی(Causal) دەبەستێت، کە دیاردە سروشتییەکان دەبەستێتەوە بە کۆمەڵێک یاسا و هۆکاری سروشتییەوە و باسی ئامانجی بوون و ژیان ناکات. زانست وەڵامی "چۆن" دەداتەوە، نەک "بۆچی"؛ بە واتەیەکی دی، زانست دەیەوێت لە ڕێکاری کاری شتەکان بگات، نەک ئامانجیان.

٦- زمانی دەقی ئایینی و زمانی زانست:

زمانی دەقی ئایینی، هەروەک دەقی ئەدەبی، سەرڕێژە لە خوازە و بەکارهێنانی تەمومژاوی، بە جۆرێک هەر دەقێکی ئایینی دەیان و سەدان ڕاڤەی هەیە و هەڵگری لۆژیک و ڕەوشی ئارگومێنتسازی نییە. بەکورتی، دەقی ئایینی ڕاڤە و زانستی ڕەوانبێژی دەوێ تا لە مەبەست و ماناکەی تێبگەین، ئەوەش بەپێی ڕاڤەکەی کە مرۆڤێک دەیکات بە کۆمەڵێ پێوەر دەگۆڕێت. لە دەقی زانستیدا، پێویستە زمانی دەقەکە ڕوون بێت و هیچ ڕاڤەی دیکە هەڵنەگرێت و، خوازە و ڕەوانبێژیی تێدا بەکار نایەت، لەبەرامبەر ئەوەدا، پەیڕەوی لە لۆژیک و ئارگومێنتسازی دەکات.

بەگشتی، خاڵ زۆرە ئاماژەی پێ بدەین، بەڵام ئەم چەند خاڵەمان خستە ڕوو تا بە تێگەیشتنێکی تیۆریی پێشوەختەوە باس لە بەریەککەوتنی ئایین و زانست بکەین لە مێژووی ڕۆژئاوا تا ڕۆژهەڵات و لە هەردوو ئاستی فەلسەفە و زانستدا، ئەگەرنا دواتر لە چوارچێوەی چەند زانستی پراکتیکیدا نموونەی بەریەککەوتنیان باس دەکەین.

پەیوەندیی ئایین و فەلسەفە لە ڕۆژئاوادا:

ململانێی نێوان ئایین و فەلسەفە لە ڕۆژئاوا، بابەتێکی فرە ڕەهەند و ئاڵۆزە، بەدرێژایی سەردەمە جیاوازەکان، بەشێکی گەورە لە گەشەی فیکری ڕۆژئاوا پێکدەهێنێت. ڕیشەی ئەم بەریەککەوتنە بۆ سەردەمی یۆنانی کلاسیک دەگەڕێتەوە، بە سەدەکانی ناوەڕاستدا تێپەڕێت و تا ڕۆشنگەری و سەردەمی هاوچەرخ. ئەم ململانێیە جەخت و فۆکەسی لەسەر باوەڕی ئایینی و ئەقڵی فەلسەفییە، لەسەر ئەوەیە کە خوایی و مرۆییە، لەنێوان ئەو هەقیقەتەی کە بەهۆی وەحی-سروشی ئایینییەوە دێت لەگەڵ بیرکردنەوەیەکی ئازادی ئەقڵانی کە فەلسەفە بەرهەمی دەهێنێت.

دەستپێکی بەریەککەوتن لەنێوان ئایین و فەلسەفەدا، لە سەرهەڵدانی فەلسەفەوە دەرکەوت، کاتێک فەیلەسوفەکان کەوتنە گومان لەو بیروباوەڕە ئایینییە باوەی کە هەبوو بۆ خوا و ڕاڤەکردنیان بۆ بوون. فەیلەسوفە سروشتییەکانی سەرەتا، لە نموونەی (تالیس) هەوڵیان دا بێ گەڕانەوە بۆ ئایین و لە ڕەگەزە مادییەکانەوە ڕاڤەی بوون بکەن. ئەم ڕەوشە لە سەردەمی سۆکرات و ئەفلاتوون و ئەرەستۆ پتر گەشەی کرد، کاتێک باسیان لەوەکرد کە هەقیقەتگەلێک هەن لە بووندا، دەکرێت بە ئاوەز و فیکری فەلسەفی پێی بگەین.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی مەسیحییەتدا لە ئەوروپا، پاش دژایەتییەکی سەرسەختانە و خوێناویانەی کەنیسە لەگەڵ زانست، دواتر هەوڵەکان بە ئاراستەی پیکەوەگونجان یان پێکەوە هەڵکردنی نێوان فەلسەفە و ئایین ڕۆیشتن، بەتایبەتی لە سەدەکانی ناوەڕاست و لەسەر دەستی قدیس ئۆگەستین کە هەوڵی دا ئیمان و ئەقڵ پێکەوە ئاشت بکاتەوە، بەوەی فەلسەفەی ئەفلاتوونی لە شیکاریی بیروباوەڕی مەسیحیدا بەکار هێنا و پێی وابوو باوەڕ پێش تێگەیشتن دەکەوێت، بەڵام ناکۆک و دژ نییە لەگەڵی و هەروەها پێی وابوو فەلسەفە، هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن لە خوا و دروستکراوەکانی. دواتر قدیس تۆماس ئەکواینس، کاریگەربوو بە ئەرەستۆ و هەوڵی دا گەشە بە فەلسەفەی مەسیحی بدات و ئەقڵ و ئیمان پێکەوە کۆ بکاتەوە. ئەکواینس لە کتێبەکەیدا، "پوختەی لاهووت"، هەوڵی دا لە ڕێی بەڵگەی ئەقڵییەوە، لە نموونەی بینراو و دروستکراوەکانی نێو بوون، بوونی خوا بسەلمێنێت و جەختی لەوە کردەوە کە فەلسەفە و ئایین یەکتری تەواو دەکەن.

بە دەرکەوتنی سەردەمی ڕێنیسانس، وردە وردە هەندێک دەنگی نوێ سەریان هەڵدا کە گومانیان دەخستە سەر دەسەڵاتی ئایین بەسەر ئەقڵەوە. فەیلەسوفانێک لە نموونەی دیکارت، سپینۆزا و دواتریش کانت، هەوڵی ئازادکردنی ئەقڵ لەبەرامبەر بەربەستە ئایینییەکان و کردنەوەی مەودا لەبەردەم بیری ڕەخنەگرانەیان دا. دیکارت کە بە ڕەوشی گومانگەرایانەی ناسراوە، جەختی لەوە دەکردەوە کە دەبێ ئەقڵ بنەمای یەکەم بێ بۆ مەعریفە. سپینۆزا لە ڕەخنەیدا بۆ دەسەڵاتی ئایینی لەوە زیاتر ڕۆیشت؛ ئەو پێی وابوو خوا و سروشت یەک شتن و بیرۆکەی خوای خودیی ڕەد کردەوە کە لە هەموو شتێکی ژیانی مرۆڤەکاندا خۆی هەڵدەقورتێنێت.

لەگەڵ چوونە ناو سەردەمی ڕۆشنگەری لە سەدەی هەژدەدا، ململانێی نێوان ئایین و فەلسەفە پتر دەرکەوت، چەند فەیلەسوفێکی وەک ڤۆڵتێر، ڕۆسۆ و دەیڤید هیوم، ڕووبەڕووی ئایینی باو بوونەوە و بە بەربەستیان زانی لەبەردەم ئەقڵ و پێشکەوتنی مرۆڤدا؛ بە نموونە، هیوم گومانی خستە بەردەم بەڵگەکانی بوونی خوا و ڕەخنەی ئاراستەی موعجیزە و ئایینی دامودەزگایی کرد.

لە فەلسەفەی هاوچەرخدا، ململانێی نێوان ئایین و فەلسەفە بەردەوام بوو، بەڵام ئەمجارەیان پتر پێداگری لەسەر پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵگە و ئایین بوو؛ هەندێکیان، بە نموونە نیچە، باسی لە مردنی خوا ئەکرد لە سەردەمی مۆدێرنەدا و پێی وابوو، پێویستە مرۆڤ بە دوای مانای نوێدا بگەڕێت بۆ ژیان، بێ پشت بەستن بە باوەڕی ئایینی؛ لەبەرامبەریشدا، ڕەوتی بیرکردنەوەی دی هەبوو کە بە پێویستی دەزانی خوێندنەوەی نوێ بکرێت بۆ پەیوەندیی نیوان ئایین و فەلسەفە و جەختی لە گرنگیی ئەزموونی ئایینی دەکردەوە، بێ گومان بەبێ کەمکردنەوە لە ڕۆڵی ئەقڵی فەلسەفی.

بەگشتی، ململانێی نێوان ئایین و فەلسەفە، هەمیشە دوژمنکارانە نەبووە، بەڵکوو هەندێکجار، ململانێیەکی داهێنەرانە بووە کە بووتە دەرفەت بۆ گەشەی فیکر و ئەقڵ. وێڕای ئەوەی ئایین و فەلسەفە لە دوو زەمینەی جیاوازدا کار دەکەن، بەڵام لە زۆر کات و بەپێی سەردەمەکان سەریەککەوتوون و کاریگەرییان بەسەر یەکترییەوە هەبووە. ئەم کارلەیەککردنە ڕۆڵی هەبووە لە مەیینی زۆر چەمکی بنەڕەتی لە فیکری ڕۆژئاوادا، بە نموونە، چەمکی ئازادی، ئاوەز ، باوەڕ، هەقیقەت و تا ئێستاش بابەتێکی زیندووە لە گفتوگۆی نێوان فەلسەفە و ئاییناسیی هاوچەرخدا.

ئایین و زانست لە ڕۆژئاوا:

دەستپێکی زانست لە پرسیارەکانی فەلسەفەوەیە، کە دواتر وەک زانستێکی سەربەخۆ دەکەوێتە سەر پێ، بۆیە مێژووی ئەو ململانێیەی سەرەوە کە باسمان کرد، سەرەتایەکیشە بۆ بابەتی بەریەککەوتنی نێوان زانست و ئایین، بەڵام بێ گومان پەیوەست بە زانستیشەوە، ئەو پەیوەندییە تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لێرەدا هێندەی مەودا هەبێت بەکورتی ئاماژەیەکی پێ دەدەین.

لە سەدە دێرینەکاندا، بەتایبەتی لای یۆنان و ڕۆمانەکان، بەڕوونی لێکدابڕان لەنێوان ئایین و زانستدا نەبوو، فەیلەسوفەکانی وەک ئەفلاتوون و ئەرەستۆ ڕەوشی ئەقڵانییان بۆ توێژینەوە لە سروشت گرتبووە بەر، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوانەیان بەستبووەوە بە چەمکگەلێکی ئایینی و میتافیزیکییەوە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کەنیسەی کاسۆلیکی ڕۆڵێکی بنەڕەتیی هەبوو لە کۆمەڵگەی ئەوروپادا، دامودەزگا فێرکارییەکانی وەک زانکۆ لەژێر سەرپەرشتیی کەنیسەدا بوون، لەم دەمەدا چۆنییەتیی فەلسەفەی خوێندنگەکان هەوڵی بۆ ئەوە بوو فەلسەفەی ئەرەستۆیی و مەسیحییەت یەک بخات.

بە چوونە ناو سەردەمی ڕێنیسانس لە سەدەی پانزەوە، بەریەککەوتن لەنێوان ئایین و زانستدا دەر کەوت، فەیلەسوف و زاناکان کەوتنە وەستانەوە بەڕووی تێگەیشتنی باوی ئایینی بۆ جیهان. دۆزینەوەکانیان، لە نموونەی سیستمی بوون و ناوەندبوونی خۆر بۆ هەسارەکانی دیکە لەلایەن کۆپەرنیکۆس-ەوە لە سەدەی شانزەدا، کاردانەوەیەکی توند و نێگەتیڤی لەلایەن کەنیسەی کاسۆلیکییەوە لێ کەوتەوە، چونکە ئەم دۆزینەوە زانستییانە پێچەوانەی گێڕانەوەکانی کتێبی پیرۆز بوو. زەقترین نموونەی بەریەککەوتنەکانی نێوان کەنیسە و زانست، دەتوانیین باس لە "گالیلۆ" بکەین لە ساڵی ١٦٣٢ز؛ گالیلۆ پشتیوانی بۆ دۆزینەوە زانستییەکەی کۆپەرنیکۆس کە چەقبوونی خۆر بوو لە بووندا، دەربڕی، کەنیسە ئەمەی بە دەرچوون زانی لە ڕێنماییەکانی و گالیلۆیان پەلکێش کردە دادگای پشکنینی بیروباوەڕ (محاكم التفتيش) و لە ڕا زانستییەکەی پاشگەزیان کردەوە.

لەسەدەی هەژدەوە، واتە لە ڕۆشنگەرییەوە، گەپی نێوان زانست و ئایین زیاتر بوو، فەلسەفەی زانست جەختی لە ئەقڵانییەت و ئەزموونگەریی دەکردەوە، وەک دوو سەرچاوەی بنەڕەتیی مەعریفە. زاناکانی وەک ئیسحاق نیوتن، پشک و ڕۆڵیان هەبوو لە پێشخستنی زانستی سروشتییدا، بەتایبەتی لە فیزیا و ماتماتیکدا. تیۆرەکانی نیوتن لەبارەی جووڵە و هێزی ڕاکێشانەوە، هاوکار بوو

لە گۆڕینی تێڕوانینی مرۆڤ بۆ بوون، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی ئامێرێکی میکانیکییە، دەکرێت لەڕێی یاسا سروشتییەکانییەوە ڕاڤەی بۆ بکەین. ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی پێویستی و پەنابردنە بەر ڕاڤەی ئایینی بۆ دیاردە سروشتییەکان.

لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا، ڕەهەندەکانی بەریەککەوتنی نێوان ئایین و زانست پتر ڕوون بوویەوە، یەکێک لە گەورەترین ئاریشەکان، تیۆری پەرەسەندنی چالز داروین بوو لە ساڵی ١٨٥٩ز لە کتێبی (بنەچەی جۆرەکان) دا، کە ئەم تیۆرییە، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەتاڵکردنەوەی گێڕانەوەی ئایینی بوو لەڕووی سەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە، کە بووە هۆی بەریەککەوتنی کۆمەڵی زانستی لەگەڵ کۆمەڵێ پیاوی ئایینی، بە تایبەتی لە ئەمریکا.

ئایین لە ڕووبەڕووبوونەوەی فەلسەفە و زانستدا، لە جیهانی ئیسلامیدا:

زیادەڕەویمان نەکردووە ئەگەر بڵێین تا ئەم ساتەش لەو ناوچانەی گەلانی موسڵمان دەژین، ژینگەیەک نەڕەخساوە فەلسەفەی تێدا بکەوێتە سەرپێ؛ هەر لەبنەڕەتەوە شتێک نییە بە ناوی فەلسەفەی ئیسلامی و ئەوە ڕۆژئاواییەکانن ئەو ناوەیان ناوە لەو هەوڵانەی لەم ناوچەیە دراوە بۆ فەلسەفاندن. ڕاستە بە کاریگەری وەرگێڕان و پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوەی خۆی، بەتایبەتی نووسینەکانی یۆنانی کلاسیک، کارتێکردن هەبووە، بەڵام پچڕ پچڕ و بێ بەردەوامی و کاریگەریی ئەوتۆی نەبووە و زۆر خێرا سەرکوت کراوە، لە مێژووی ئیسلامیدا دەبینیین، "فەیەلەسوفە موسڵمانەکان" بۆ ئەوەی نەکوژرێن خۆیان خەریک کردووە بە زانستێکی دیکەی وەک فیقە، ئوسوڵ فیقە، زانستی فەرموودەوە و ڕووەکەی تری خۆیان پێ شاردووەتەوە. بەگشتی، زانایانی ئایینی ئیسلام پێیان وابووە، ئەوانەی خوویان داوەتە فەلسەفە سەرچاوەی ئیسلامیان لێڵ کردووە و لەڕاستیدا بە ڕێگریان زانیوون لە بەردەم هیدایەتی خواییدا نەک ڕێنماییکار.

لە زانستیشدا، بەکورتی داری زانست تا هەنووکەش لێرە نەڕواوە، لە ڕاستیدا ئەم دارە لە دەرەوە قەڵەمیان هێناوە و ئێمە بەدیهێنەری هیچ زانستێک نەبووین و ئێستاش وەک میوانێکی ئێسکگران لێی دەڕوانین و زانست، وەک کارەکتەری (عەرەفە-کە ڕەمزە بۆ مەعریفە) لە ڕۆمانی (اولاد حارتنا) ی نەجیب مەحفوزدا، زۆڵە!، ئەو زانستەشی کە لە زانکۆکانی دەرەوە دەخوێنرا جێگەی گومان

بوو، تیۆریی و گومانە زانستییەکانیش، ڕاڤەی پیلانگێڕی بۆ دەکرا و بەکورتی نابینین هیچ بوارێکی ژیانمان بە مەنهەجی زانستی بچێت بەڕێوە و ئەوەی هەیە تەکنیکی زانست و تەکنۆلۆجیایە، نەک خودی زانست. ترسناکتر ئەوەیە کە واقیعی ئێستای ئەم ناوچەیە، بەرەو سەدە تاریکەکان دەڕوات و نیشانەکان پێمان دەڵێن سەردەمی سەرکوتکردنی ئەقڵ و ئینکاری دەستکەوتە زانستییەکانی چەندین سەدەی مرۆڤایەتی دەکرێت، لەوانەش چوونە سەر مانگ!

بۆ کۆکردنەوەی ئەم بابەتە، دەتوانین لە چەند قۆناغێکدا، باس لە بەریەککەوتن و پەیوەندیی نێوان ئایین بکەین لەگەڵ فەلسەفە و زانستدا:

قۆناغی یەکەم کە دەتوانین بەپێی کاریگەربوونی سەرەتایی ناوی بەرین، لە سەدەکانی حەوت و هەشتی زایینی دەست پێ دەکات؛ موسڵمانان لە سەرەتاکانی ڕووبەڕووبوونەوەی فیکری فەلسەفی یۆنانی-ڕۆمانیدا بوون، بڵاوبوونەوەی خێرای ئیسلام لە وڵاتانی فارس و یۆنانی دێرین، خستبوونییە بەردەم ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆی کولتوورێکی فەلسەفیی قووڵ، لەڕێگەی وەرگێڕانەوە، دەقە فەلسەفییە یۆنانییەکان، لەنموونەی کارەکانی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ، هاتە جیهانی ئیسلامییەوە. لەم قۆناغەدا، فەلسەفە پتر وەک هەڕەشەیەکی گریمانەکراو بۆ سەر عەقیدەی ئیسلامی دەردەکەوت، بەهۆی جەختکردنەوەی لە ڕەوشی فەلسەفی و ئەقڵانی، بەریەککەوتنی هەبوو لەگەڵ ڕاڤەی ڕووکەشبینانەی دەقی ئایینیدا. وێڕای ئەوەش کۆمەڵێک بیریاری موسڵمان لە نموونەی فارابی و ئیبین سینا هەبوون کە هەوڵیان بۆ ئەوە بوو فەلسەفە و باوەڕی ئایینی پێکەوە بهێننەوە و ئەم فەیلەسووفانە هەوڵیان دا دەریبخەن کە فەلسەفە لە توانایدا هەیە تێگەیشتنێکی قووڵمان بۆ ئایین بداتێ و ئەقڵ پێوەرێکی خوایییە بۆ تێگەیشتن لە بوون.

قۆناغی دووەم، کە دەتوانین بە قۆناغی گەیشتنە لوتکەی بەریەککەوتنەکان ناوزەدی بکەین، لە سەدەکانی دە و یازدەی زایینیدا بوو. لەم سەردەمەدا، ئیبین سینا (٩٨٠-١٠٣٧ز) گەورەترین فەیلەسوفی ئیسلامی و ناسرابوو بە مامۆستای دووەم، واتە دوای ئەرستۆ، میتافیزیکای ئەرەستۆ و عەقیدەی ئیسلامی پێکەوە هێنابوویەوە و کارەکانی لە بواری دەروونناسیی، پزشکیی و فەلسەفەدا جەدەلێکی بەرفراوانی لەنێوان ئایین و فەلسەفەدا دروست کردبوو.

لەبەرامبەردا، نەیاری توندی هەبوو، ناودارترینیان ئەبوو حامیدی غەزالی (١٠٥٨-١١١١ز)،

بوو، بە کتێبە بەناوبانگەکەی (تهافت الفلاسفة)، ڕەخنەیەکی توندی ئاراستەی فەیلەسوفە موسڵمانەکان، بەتایبەتی ئیبن سینا و فارابی کرد. غەزالی پێی وابوو، ڕۆچوون و پشتبەستن بە بیرکردنەوەی فەلسەفی دەبێتە هۆی تێکدانی بنەڕەتیی باوەڕ و سەر لە بێباوەڕییەوە دەردەکات و بەرپەرچی هەوڵەکانی پێکەوەهێنانەوەی ئایین و فەلسەفەی دایەوە، بە پاساوی ئەوەی ئەقڵ سنووردارە و ناتوانێ پەی بە بابەتە نادیار-غەیبیانییەکان بەرێت و سروش-وەحی تاکە سەرچاوەی هەقیقەتی ڕەهایە.

لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا، کە کۆتایی فەلسەفەش بوو لە جیهانی ئیسلامیدا، ئیبن ڕوشد-ئەڤێرۆس (١١٢٦-١١٩٨ز) ، کتێبی (فصل المقال و تقرير ما بين الشريعة و الحكمة من اتصال) نووسی، هەوڵێکی دیکە بوو بۆ پێکەوە هێنانەوەی ئایین و فەلسەفە و بە کتێبی (تهافت التهافت) ڕەتی غەزالی دایەوە، بەڵام ئیبن ڕوشد دوورخرایەوە و تەکفیرکرا و کتێبەکانی سووتێنرا و غەزالی و کەسانی دیکەی وەک ئیبن تەیمییە سەرکەوتن و تا ئەمڕۆش، بەڵکوو ئەمڕۆ زیاتر، بوونە پێشەنگی بیرکردنەوەی جیهانی ئیسلامی.

قۆناغی سێیەم، دەتوانین بە قۆناغی هەژموونیی ئەشعەری ناوی بنێین. لەم قۆناغەدا، قوتابخانە و مەزهەبی ئەشعەری بووە مۆدێلی باوی بیرکردنەوەی جیهانی ئیسلامی و ئەبولحەسەنی ئەشعەری بووە پێشەنگی دژایەتیی فەلسەفە و پێی وابوو کە پێویستە تەسلیمی دەقە شەرعییەکان ببین و خۆمان لابدەین لە لێکدانەوەی ئەقڵیی دەقەکان، کە لادان دروست دەکات. بە کاریگەریی غەزالی، زانایانی موسڵمان خۆیان پەیوەست کرد بە مەزهەبی ئەشعەرییەوە کە پێیان وابوو هاوسەنگی لەنێوان نەقڵ و ئەقڵدا دروست دەکات. ئەمە بووە هۆی پاشەکشێی فەلسەفە وەک بوارێکی سەربەخۆ و، پتر جەخت خرایە سەر زانستە ئایینییەکانی وەک فیقە و تەفسیر، ئەگەرچی هەندێک هەر وەک هۆکارێکی تێگەیشتن لە ئایین دەیانڕوانییە فەلسەفە.

لەڕوویەکی دیکەوە، کە دەتوانین بە قۆناغی چوارەم ناوزەدی بکەین، وێڕای مقۆمقۆی نێوان فەلسەفە و ئایین، جیهانی ئیسلامی لە ماوەی نێوان سەدەی هەشت بۆ چواردەی زایینی، کە بە سەردەمی زێڕین ناودەبرێت، گەشەیەکی بەرچاوی لە زانستدا بە خۆیەوە بینی؛ زانا موسڵمانەکانی لە نموونەی ئیبن هەیسەم (٩٦٥-١٠٤٠ز) لە بواری زانستی بینیندا، خەوارزمی(٧٨٠-٨٥٠ز) لە

ماتماتیکدا، ڕازی(٨٦٥-٩٢٥ز) لە پزیشکیدا، توانیبوویان پێڕەوی زانستی و فەلسەفەی سروشتی لە بەستێنێکی ئاییندا پێکەوە بهێننەوە و لەو سەردەمەدا بەڕوونی هەست بە پێچەوانە هاتنەوەی ئایین و زانست نەدەکرا و وا لە زانست دەڕوانرا کە هۆکارێکە بۆ ناسینی خواوەند.

دواقۆناغ کە تا ئێستەش بەردەوامە، لە سەدەی پانزەی زایینییەوە دەست پێ دەکات؛ جیهانی ئیسلامی لەڕووی فەلسەفە و زانستەوە بەتەواوی لە سەرەولێژ بوونەوەدایە و لە سایەی هاتنی ئیستیعمارردا، زانستە هاوچەرخەکانیش هاوردە کران و ئەمەش بەریەککەوتنێکی نوێی لەنێوان فیکری ئاینیی باو و فەلسەفە و زانستی هاوچەرخ دروست کرد و زانایانی ئایینی ئیسلامیش هەندێکیان بە ئاراستەی پێکەوە گونجاندنی زانست و ئایین هەنگاویان ناوە و هەندێکی دیکەشیان دژایەتیی هەرجۆرە کاریگەربوونێک بە ڕۆژئاوا، بە فاکتەری پاراستنی ناسنامەی ئیسلامی (Islamic identity) دەزانن.

دیاردەیەکی هاوچەرخ لە جیهانی ئیسلامیدا هەیە، بە ئیعجازی زانستی قورئان و فەرموودە ناو دەبرێت، کە یەکێکە لە هەنگاوەکانی پێکەوە هێنانەوەی زانست و ئایین، بەڵام لێکەوتەی زۆر جیاوازی لێ کەوتووەتەوە و پێویستی بەوەیە بە شێوەیەکی سەربەخۆ باسی لێ بکەین.

بانگەشەی ئیعجازی زانستی لە قورئاندا :

سەیید قوتب، لە قۆناغی یەکەمیدا، وەک ئەدیبێکی باڵادەست، چەندین ڕۆمانی هەیە، لەوانە (طفل من القرية)، بەشێوەیەکی سیمبۆلیک باس لە منداڵێک دەکات کە سەرەتا لە حوجرەی مزگەوت، فەقێیەتی دەخوێنێت، ژینگەکەیمان بۆ وێنا دەکات: حوجرەیەکی دوور لە پاکوخاوێنی، مامۆستایەکی توڕەی حەیزەران وەشێن، کەرەسەی نووسین لە ئوچ و مورەکەب کە بەردەوام منداڵەکان شەق دەخۆن لەسەر ئەوەی خۆیانی تێ ئەسوون، دواتر قوتابخانەی نوێ لەگەڵ هاتنی ئیستیعماردا دەکرێتەوە، قوتابخانە و بینای شایستە، مامۆستای گەنجی ڕووخۆشی خاوەن زانستی کەڵکخۆر بۆ ژیان، کەرەسەی نوێ و پاکوتەمیز و بۆنخۆشی نووسین . لەسەرەتای کردنەوەی ئەم قوتابخانانەوە، مەلای حوجرەکان کرانە بەڕێوەبەری قوتابخانە نوێیەکان؛ بۆیە هاندەربوون بۆ خوێندنی نوێ، دواتر کە لادران بە هۆی ناکاراییانەوە، فتوای کوفربوونی زانستی نوێیان دا!، سەیید ئەمە بە حاڵ و

هەڵوێستی جیهانی ئیسلامی دەزانێت لەبەرامبەر زانستدا.

پێشتر باسمان لەوەکرد کە ئەگەرچی شەپۆلی گشتی و باوی بیرکردنەوەی ئایینی لە جیهانی ئیسلامیدا لەگەڵ فەلسەفە ناکۆک و بەڵکوو دژبەر بووە، بەڵام لە زۆر وێستگە کۆمەڵێک بیریار هەبوون هەوڵیان بۆ ئەوە بووە بیرکردنەوەی ئایینی لەگەڵ ئەقڵی فەلسەفی بهێننەوە، لەوانەش ئیبن ڕوشد کە دیارترین و دواسوارچاکی ئەو مەیدانەیە؛ لە کتێبەکەیدا بە ناوی (فصل المقال و تقرير ما بين الشريعة و الحكمة من اتصال)، باس لەوە دەکات قورئان سێ جۆر شێوازی دواندنی بەرامبەرەکانی خۆیی هەیە و خەڵکی یەکێک لەم سێ چەشنەن و هەر یەکەیان بە ڕەوشێک قەناعەت دەکات: یەکەمیان بۆ ئاستی گشتی کە بە نەسیحەت و نموونەهێنانەوە و وتاردان ئاراستە دەکرێن؛ دووەمیان جەدەلی-ن؛ واتە ئەو خاڵ و بابەتەی بەرامبەرت کە بەڵگەی دەستییەتی وەریدەگری و هەر بەوە وەڵامی دەدەیتەوە یان جەدەلی لەگەڵ دەکەیت؛ سێیەمیان بەڵگەویست و ئارگومێنتخوازن و بەڵگەی دروستی پشتڕاستکراوەیان دەوێت کە پێشەکییەکی سەلمێنراوی هەیە و ئارگومێنتسازی تێدایە. ئەمانە بە ڕاڤەی ئایەتی (ادع الى سبيل ربك بالحكمة و الموعظة الحسنة و جادلهم بالتي هي احسن ....) دەزانی؛ بەگشتی لەم ئاست و قۆناغەدا هەوڵەکان بۆ هێنانەوەی ئایەتەکانی قورئان بوو لەگەڵ فەلسەفە، یان بەکارهێنانی فەلسەفە و زانست بوو بۆ خزمەتی باوەڕ.

ئەوەی لە قۆناغی هاوچەرخدا بەدی دەکەین شتێکی دیکەیە، باسی ئیعجازی زانستییە لە قورئاندا، بانگەشەی ئەوەیە کە لە قورئاندا هەموو دۆزراوە و داهێنانێکی زانستی هەیە و خستنەڕووی قورئانە وەک کتێبێکی زانستی!

ئاخر چاوەڕوانی لە قورئان دەبێت لەسنووری ئەرکی قورئان خوێدابێت، بەنموونە سوودوەرگرتن لێی بۆ زیاتر ناسینی خوا لەڕێی پەیبردن بە دروستکراوەکانییەوە بۆ ئەقڵی کەسێکی باوەڕدار، بەڵام پێکەوەهێنانەوەی ئایین و زانست، بە مانای چوونە ناو دەقی ئایینی بە مەبەستی دەرهێنان و ئاشکراکردنی بابەتی زانستی و تیۆری نوێ، ئەمە مەحکومە بە شکست و ئەگەر ڕێگەی سەلماندنی ئایین ئەمە بێت، ئەوە سەر لە شکستەوە دەردەکات.

بە پێویستم زانی لێردا ئاماژە بە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەم بانگەشەیە بدەم کە نوێیە و هیی سەردەمی شکست و هەستکردن بە کەمیی موسڵمانانە لەبەرامبەر پێشکەوتنی زانستیی ڕۆژئاوادا،

ئەگەرنا لە سەدەکانی پێشتردا کە باسی بۆ نموونە موعجیزەبوونی زمانی عەرەبیش کراوە لەڕووی توانایی دەربڕینەوە، لەبەر ئەوەی قورئانی پێ نووسراوە، کەسێکی وەک ئیبن حەزمی ئەندەلووسی زۆر بەتوندی ڕەتی کردووەتەوە و سەلماندوویەتی کە نە کاری قورئان موعجیزە نواندنە و نە زمانی عەرەبیش موعجیزەی تێدایە.

ساڵی ١٩٢٢ز، شێخ ئەلتەنتاوی (الطنطاوی) لە میسر، بەهۆی زۆریی تەمەنییەوە، وازی لە وانەبێژی هێنا و خۆی یەکلا کردەوە بۆ نووسینی تەفسیری قورئان بە ناوی (الجواهر فی تفسیر القرآن الکریم) لە شانزە بەرگدا. تەنتاوی پێی وابوو، قورئان نهێنیی زانستەکانە!، مرۆڤ ناتوانێت لە قورئان تێبگات تا لە زانستە هاوچەرخەکان تێنەگات و، لێرەوە پەیامی زانستیی قورئان و ئیعجازی زانستی بەستەوە پێکەوە، وای دەبینی: کرۆکی ئایین هاوڕێی ئەقڵە و لە سروشتدا ئیعجازی زانستیی ئەوتۆ هەن کە خزمەت بە باوەڕ دەکەن و داوای پەیوەستکردنەوەی دەکرد لەنێوان زانستی سروشتیی و ئایینیدا تا وڵاتانی ئیسلامی گەشە بکەن.

تەنتاوی یەکێکە لەوانەی کە حەسەن بەنای دامەزرێنەری ئیخوان موسلمین پێی کاریگەربووە و، تەنانەت کاتی دامەزراندن داوای لێ دەکات ببێتە ڕێبەری گشتیی ئیخوان، بەڵام تەوازوع دەنوێنێت و نایکات، ئەگەرچی دەبێتە نوێنەری قاهیرەی ئیخوان. زۆرێک لەم تەفسیرە لە گۆڤاری ئەلمەنار(المنار) دا بڵاو دەبوویەوە کە لەلایەن ڕەشید ڕەزا-وە دەردەچوو و بە کەسایەتییەکی چاکسازی ئایینی ئەو سەردەمە ناسرابوو و تەڵەبەی موحەممەد عەبدە-ی هاوڕێی جەمالەددینی ئەفغانی بوو. لێرەوە دەتوانین ئاماژە بە ڕاستییەکی دیکە بدەین، هاوسەردەمی ئەم بابەتی ئیعجازی زانستی قورئانەیە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی.

تێبینییەکی دیکەش سەبارەت بە هەمبەری خۆمان گرنگە بوترێت، بە کاریگەریی ئەو ڕەوتەی لە میسر سەری هەڵدا لە تەفسیری تەنتاوی و گۆڤاری مەنار، لە کوردستانیش زانایەکی وەک شێخ موحەممەدی خاڵ بارگاوی بووبوو بەو تەفسیرەی دەیویست زانست بەکار بهێنێت، بە نموونە، لە تەفسیری سورەی (فیل) دا کە باس لە تەیری ئەبابیل دەکات و بەردیان فڕێ داوەتە خوارەوە بۆ لەشکرەکەی ئەبرەهەی حەبەشی، دەڵێت ئەو بەردانە یان کلۆ خۆڵانە میکرۆب یا ڤایرۆسی پێوەبووە و ئاماژەی دیکەش، کە لێرەدا دەرفەتی درێژەپێدان نییە.

یەکێکی دیکە لەو گۆڤارانەی کە لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی گرنگی بە زانست و پیشەسازی دەدا، گۆڤاری ئەلمەقتەف (المقتطف) بوو، لەو گۆڤارە شامی-میسرییەی کە ژمارەی یەکەمی لە بەیروت دەرکرا و دواتر گوازرایەوە بۆ قاهیرە و لەساڵی ١٨٧٦تا١٩٥٢ز بەردەوام بوو، کاریگەری هەبوو لەسەر گەشەی ئەم دیدە ئیعجازی زانستییە بۆ قورئان؛ بۆ نموونە، بە کاریگەریی خوێندنەوەی ئەو گۆڤارە، لە ئێران خوێندنەوەیەکی نوێ کرا بۆ بابەتی "حرکت جوهری-ملا صدرا" کە پێی وایە جووڵەیەک هەیە لە ناواخنی بووندا کە بەرەو خاڵی کۆتایی-قیامەتمان دەبات و ئەمەش دەکاتە ڕاڤەی ئایەتی (و تری الجبال تحسبها جامدة وهی تمر مر السحاب ...)، خوێندنەوە نوێکە ئەم تێڕوانینەی مولا سەدرا دەبەستێتەوە بە تیۆرەکانی نیوتن و ئەنیشتاینەوە، گوایە قورئان و مولا سەدرا پێشتر باسی ئەم هەقیقەتە زانستییەیان کردووە!.

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کە بازاڕی گەرم بوو لە جیهانی ئیسلامیدا، ئیعجازی ژمارە بوو لە قورئاندا. ڕەشاد خەلیفە کە لە ئەمریکا دەژیا وبە ڕەگەز میسری بوو و پسپۆڕی لە کیمیای ئەندامیدا هەبوو، بانگەشەی موعجیزەبوونی ژمارە ١٩-نۆزدەی دەکرد لە قورئاندا و بەگشتی ڕاڤەیەکی ماتماتیکییانەی دەکرد بۆ قورئان و پێی وابوو قورئان پڕە لە نهێنیی زانستی، کە هەر ئەمەش بووە هۆی تیرۆرکردنی لە ساڵی ١٩٩٠ز.

مەهدی بازرگان کە لە ئێران، پاش شۆڕشی گەلانی (ئیسلامی) ئێران بووە یەکەم سەرۆک وەزیران، ڕای زۆری هەیە لەو بارەوە و پێی وایە، دەرکەوتنی زانست بووەتە هۆی ئەوەی کە خوا ئیتر پێغەمبەری دیکە نەنێرێت، چونکە ئەقڵ و زانست وای کردووە مرۆڤ قۆناغی بتپەرستی و نائەقڵانی تێپەڕێنێت؛ لەبارەی ڕۆژی قیامەتیشەوە، دەیەوێت ڕای زانستی بدات و پێی وایە هیچ شتێک لەم بوونەوەرە نافەوتێت و ئاسەواری دەمێنێت و ئەوەش بەڵگەیە بۆ بوونی ڕۆژی قیامەت. ڕەوشێکی دیکەی بازرگان، نیشاندانی ناوەڕۆکی زانستیی نێو ئایەتەکانی قورئان و فەرموودە بوو و جەختیشی لەوە دەکردەوە، ئەگەر ئەمە موعجیزەی خوایی نەبێت، عەرەبێکی دەشتەکیی نەخوێنەوار ئەم زانیاری و زانستانەی لە کوێ بوو؛ هەروەها کارێکی تری بریتی بوو لە دەرخستنی موعجیزەی ژمارە لە قورئاندا، سەیر لەوەدایە عەلی شەریعەتی ئەم دۆزینەوانەی بازرگان بە هاوشێوەی کارەکانی نیوتن دەزانێت!.

دواتر ئەم بابەتی موعجیزەیە سەری لە درۆ هەڵبەستنەوە دەرکرد، وەک دەوترا یوری گاگارین ڕوسی کاتێک ساڵی ١٩٦١ز چووە بۆشایی ئاسمان، لەوێ یان لەسەر مانگ گوێی لە دەنگی بانگ بووە یاخود موعجیزەی لەتکردنی مانگیان بەچاوی خۆیان بینیووە!، بێ گومان بە پەیدابوونی سوشیال میدیا ئەم کارە پتر بووە بازاڕیی. لەم بارەوە، دوا ئاماژە، باسی هەوڵ و کارەکانی کوردستانی باشوور بکەم لەدوای ڕاپەڕین و دەسپێکی کاری ئیسلامی سیاسی، ڕێکخراوی "ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی قورئان و سوننەت" لەلایەن چەند مامۆستایەک لەوانە: شەماڵ موفتی، نەشئەت غەفور پێکهێنرا و گۆڤارێکیان هەبوو بە ناوی گۆڤاری"هەیڤ" کە بەگشتی گرنگی و بایەخیان بەو بوارە دەدا، بەتایبەتی مامۆستا شەماڵ وتارە ئایینییەکانی قۆناغی یەکەمی پتر دەڕژانە ئەو ئامانجەوە.

نموونەی هەندێ کایەی زانستی و دژهاتنەوەیان لەگەڵ گێڕانەوەی ئایینیدا:

١- مێژوو لەنێوان زانست و گێڕانەوەی ئاییندا:

لە بەشی شەشەمی کتێبەکەیدا دیکسۆن وایت، ئاماژە بە دوو ئاستی بیرکردنەوە دەکات، ئاستێکی خورافی و ئەفسانەییانە و ئاستێکی زانستی. لەڕاستیدا، ئەگەرچی دیکسۆن باس لە جیهانی مەسیحی دەکات، بەڵام پەیڕەوانی ئایینی ئیبراهیمی، لەوانەش ئیسلام، تا هەنووکە لەسەر هەمان ئاستی بیرکردنەوەن. دیدە خورافییەکە، وەک دیکسۆن ئاماژەی پێ دەدات، لە کتێبی تەوراتدا تاریکترە، چونکە ناوی باوکی ئیبراهیم و نوح دیاری دەکات و تەنانەت پیاوانی ئایینی مقۆمقۆیان بوو لەسەر دیاریکردنی مێژووی پەیدابوونی مرۆڤ، هەندێک بۆ چوار و هەندێکی دیکە بۆ شەش هەزار ساڵیان دەگێڕایەوە!، لەوەش سەیرتر، سەرۆکی زانکۆی کامبریج لە سەدەی هەڤدەدا، کاتژمێر نۆی بەیانی،ڕۆژی بیست و سێی ئۆکتۆبەری چوار هەزار و چوارساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیحی دیاریکردبوو وەک ساتی دروستبوونی ئادەم، واتە مێژووی ژیان لەسەر ئەم بوونەوەرە لەم کاتەماندا شەش هەزار ساڵ و شتێکە!

لە هەمان سەرچاوەدا، ئاماژە بە یەکێک لە پیاوە زانا لاهووتییەکانی سەدەی حەوتی زایینی کراوە کە دەیەوێت چیرۆکەکانی ناو تەورات بکاتە مێژووی مرۆڤایەتی و لەڕاستیدا ژیانی پێغەمبەرانی نەوەی ئیسرائیل دەبێتە خاڵی گێڕانەوەی مێژوو، باسی یوسف دەکات کە سەد و پەنجا ساڵ ژیاوە و لەسەردەمی ئەودا دانەوێڵە دۆزراوەتەوە و سەد و چل ساڵ پێشڕەوی نەوەی ئیسرائیلی کردووە و لەسەردەمی پێغەمبەرێکی دیکەدا زانستی پزشکی سەری هەڵداوە و لای یەکێکی تر خوێندن دەرکەوتووە و بەگشتی خوێندنەوە و پەیوەستکردنەوەی ژیان و مێژووی مرۆڤایەتی بە کەسانێکەوە کە لە چوارچێوەی زانستی مێژوودا هیچ بەڵگەیەک نییە لەسەر بوونیان. پەیڕەوانی ئەم ئاستەی بیرکردنەوە لە مێژوو، لە پاساوهێنانەوەیاندا دەڵێن: نەبوونی بەڵگە، مانای نەبوونی شتێک نییە؛ لەڕاستیدا، ئەمە هەوڵێکی بێبنەمایە بۆ ملدان بە خورافە. ئەگەرچی مێژوونووسانی موسڵمانیش، نووسینەکانیان سەرڕێژە لە خورافە، بەڵام جیهانی ئیسلامی ئێستا و لەسەردەمی هاوچەرخدا خەریکە شۆکی ئەم بەریەککەوتنە دەیگرێت، ئەگەرنا لە ڕابردوودا، لە دەرەوەی ئەم جەدەلانە بووە.

ئەگەر گێڕانەوەیەکی نێو کتێبە ئاینییەکان، لە پێوەرە زانستییەکان تێپەڕێت و بتوانێت ببێتە فاکتێکی سەلماو، ئەوا هیچ کێشە نییە، بەڵام ئەوەی زانراوە مێژووی گێردراوەی نێو ئایینەکان، هیچی لەگەڵ مێژووی زانستیدا نایەتەوە. لەنێو پیاوانی لاهوتی مەسیحیدا کەسی واش لە چەشنی ئیسحاق فۆسیۆس، هەڵکەوتووە کە لە ناوەڕاستی سەدەی هەڤدەدا و تەنیا لە بواری مێژوودا، هەوڵی دا مێژوویەکی جیاواز لەوەی کتێبی پیرۆز بخاتە ڕوو، بەڵام کەوتە بەر هێرش و پەلاماری پیاوانی کەنیسە و کافریان کرد و کتێبەکەیان لە پەرلەمان سووتاند و شەست و سێ وتاریان لەسەر نووسی بە ناوی وەڵامدانەوەی گومانەکانی کە دروستی کردووە؛ ناچاربوو مەزهەبی خۆی لە پرۆتستانتەوە بگۆڕێ بۆ کاسۆلیک، تەنیا لەبەر ئەوەی وتبووی کە پێش شەش هەزارساڵیش خەڵکی لەسەر زەوی ژیاون!. دە ساڵ دوای ئەوە کتێبێکی دیکە هاتە دەرەوە بە ناوی "مێژووی مرۆڤ لە سەرچاوە وثنی-بتپەرستەکاندا" کە بەتایبەتی باسی شارستانییەتی میسری کۆن دەکات، واتە بیرکردنەوەی ئەقڵی و زانستی بە بەڵگەی دیکەوە ڕێی خۆی کردەوە بۆ گوزارشتکردن لە خۆی کە تەواو پێچەوانە بوو لەگەڵ گێڕانەوەکانی کتێبی پیرۆز، ئاخر لەلایەک زانستی مێژوو و ئارکۆلۆجیا، بە بەڵگەوە پێمان دەڵێت پتر لە چوار هەزار ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح میسرییەکان شارستانییەت و مێژوویان هەبووە، کەچی گێڕانەوەی ئایینە ئیبراهیمییەکان باس لەوە دەکات لەو سەردەمانەدا لافاوی نوح هەموو سەرزەوی گرتووەتەوە و ژیان لە پاشماوەکانی کەشتییەکەی نوحەوە، کە چەند کەسێکی کەم بوون دەستی پێکردووەتەوە و هەر ئەم مشتە مرۆڤە لە وەچەکانیان سۆمەری و میسری

و بابلی و هیندی و چینی و ئەمریکی دروست بووە!، ئاخر چۆن دیدی ئایینی و زانستی بۆ مێژوو پێکەوە دێنەوە لە کاتێکدا هیچکام لەو پێغەمبەرانەی کە گێڕانەوەی ئایینی باسیان دەکات، لە مێژووی زانستیدا بوونیان نییە، یان مێژووی مرۆڤ لە ئاییندا لە دە هەزار ساڵ تێناپەڕێت، لەکاتێکدا زانستی میسرییەکان لە دروستکردنی هەرەمەکان و مۆمیا و کشتوکاڵ و زۆرشتی دیکەی نێو شارستانییەتەکەیان، پێویستی بە کۆکردنەوەی ئەزموونی زانستی سەدان هەزار ساڵ هەیە تا مرۆڤ گەیشتبێتە ئەو ئاستە، تەنیا زنجیرەی پاشاکانی میسری دێرین بیست و چوار هەزار ساڵ فەرمانڕەوایەتییان کردووە؟!. بەکورتی، ئەگەر تەنیا مێژوویی زانستی میسرییە دێرینەکان وەربگرین، بەسە وەک بەڵگەیەک بۆ ڕەتکردنەوەی مێژوو لەسەر بنەمای گێڕانەوە ئاینییە ئیبراهیمییەکان، ئیتر لێ گەڕێ لە شارستانییەتی نێوان دیجلە و فورات و ئاشووری و سۆمەری و ..هتد.

٢- سەرهەڵدان و گەشەی ژیان، لەنێوان گێڕانەوەی ئایینی و تیۆری زانستیدا:

چۆنییەتیی دروستبوونی ئەم بوونەوەرە بیناوە و ژیان لە سەر ئەم هەسارەیە، یەکێکی دیکەیە لەو بابەتانەی کە مایەی بەریەککەوتنە لەنێوان گێڕانەوەی ئایینی و تیۆری زانستیدا.

لە گێڕانەوەی ئایینیدا، خوا بە دەستی خۆی ئادەم-ی لە (قوڕ-صلصال) دروست کردووە، کە ئەو قوڕەش بە قۆناغەکانی "فخار-قوڕێکی برژاو" و "حم مسنون-قوڕێکی ڕەش بووەوە" دا تێپەڕیووە، دوای دروستکردنی لەسەر شێوەی خۆی، فووی لە ڕۆحی خۆی تێ خستووە و بەمجۆرە گیان و جووڵە کەوتووەتە ئادەمەوە و پاشان "حەوا"ش لە پەراسووی دروست بووە و بە سکێک دوو کوڕ و بە سکێکی تر دووکچیان بووە و لەوانیش وەچەی مرۆڤ کەوتووەتەوە و ژیان دەستی پێ کردووە. بێ گومان ئەم گێڕانەوەیە لەوە زیاترە و درێژەی هەیە، لەوانە: کاتێک ئادەم هێشتا پەیکەرێک بوو لە قوڕ، شەیتان لە کونی دواوەی ئەچووە ژوورێ و لە کونی لووتییەوە ئەهاتە دەرەوە و گاڵتەی پێ دەکرد، پاش ڕۆح بە بەراکردنیشی کێشە و ململانێی نیوان ئادەم و شەیتان دەست پی دەکات و شەیتان ئادەم فریو دەدات و دەبێتە مایەی دەرکردنی لە بەهەشت و دواتر ململانێکەیان لە سەر زەوی و لەلایەن نەوەکانییانەوە بەردەوامە تا ڕۆژی قیامەت .

ئەم گێڕانەوانە، جگە لەوەی لە تیۆری زانستیدا جێی نابێتەوە، لەلایەن کەسانێکیشەوە کە لە

مێژوودا سەرقاڵی بیری ئایینی بوون، تەئویل-ی بۆ دەکرێت، چونکە دەزانن لەگەڵ لێکدانەوەی ئەقڵیدا نایەتەوە.

ئەم گێڕانەوانە، تەنیا پەیوەست نییە بە مرۆڤەوە، سەبارەت بە ئاژەڵەکانیش شتی سەیر و سەمەرە دەبیستین لە نێو کتێبی پیرۆزی ئایینە ئیبراهیمییەکاندا: وشتر وەک موعجیزەی خوا، گوێدرێژ و پەپووسلێمانە و مێروو قسە دەکەن، هەندێکی دەچێتە ئاسمان و هەندێکی ڕێز لێگیراو و هەندێکی دیکەشی پیس و نەفرەت لێکراون و زۆر شتی دیکەش. سەیر لەوەدایە ئەقڵێکی گەورەی وەک قدیس ئۆگەستین لە کتێبی "شاری خوا"دا ، کە دەگاتە باسی ئەم ئاژەڵانە، باس لەوە دەکات کە هەندێک لە گیاندارەکان وەک مرۆڤ و چەند ئاژەڵێکی دیکە لە خۆڵی سەر زەوی دروست بوون، بەڵام لە نموونەی بۆق و گورگ و هیی دیکە لە خۆڵێک دروست بوون کە هیی سەر زەوی نییە!. لەلایەکی دیکەوە، لەنێو پیاوانی ئایینیی هەرسێ ئایینە ئیبراهیمییەکەوە، جەدەلی ئەوە سەری هەڵداوە کە ئایا خوا کە لە "کن فیکن"ێدا هەموو شت دروست دەکات، بە دەنگ فەرمانی کردووە یان بە دەست کردوویەتی، یاخود ئایا "قوڕ" ، کە کەرەسەی دروستکردنی سەرجەم بوونەوەرەکانە، هەر هەبووە و ئەزەلییە، یا ئەویش دروستکراوە و دواتر مرۆڤی لێ دروستکراوە، واتە لێبوونەتەوە لەوەی بوون بەو جۆرە دروست بووە و تەنیا کێشەیان لەسەر ئەو خاڵە ناجەوهەرییانەیە!

لێرەدا پێویستە تێبینییەکی گرنگ بخەینە ڕوو لە جیاوازیی نێوان کولتووری بیرکردنەوەی پیاوانی ئایینی مەسیحی لەگەڵ ئەوەی لە جیهانی ئیسلامیدا گوزەراوە. لە جیهانی مەسیحیدا، وێڕای دژهاتنەوەی لەگەڵ زانستدا، بەڵام پیاوانی ئایینی زوو زوو ڕای نوێ و جیاواز و دژبەیەکیان لەسەر سەرهەڵدان و گەشەی ژیان دەخستە ڕوو؛ بە واتایەکی دیکە، ئەم بابەتە بووبووە پرس و مایەی قەلەقیی مەعریفییان، وەک وتمان ئەگەرچی ڕاکانیان پتر دەڕژایە نێو بەرگری لە دیدی کتێبی پیرۆز و دژایەتیی تیۆری زانستی سەرهەڵدان و گەشەی سروشتی، کە بە "زانستی ساختە" ناوزەدیان کردبوو و ڕەتیان دەکردەوە، چونکە بە لادانیان دەزانی لە ئایین و دەیانگوت ئەم تیۆرییە سەرەتای دروستبوونی ئێمە لە باوکە ئادەمەوە دەگۆڕێت بۆ مەیموون!، بەڵام لە جیهانی ئیسلامیدا ئەم بابەتە بەتەواوەتی تەسلیمی گێڕانەوە ئایینییەکە بووبوو، ئەگەرچی جارجار لە ڕابردوودا گروپگەلێکی وەک "ئیخوان سەفا"، ڕایەکیشان بووبێت، لە نوزەیەکی ناکارا زیاتر هیچی تر نەبووە، لە سەردەمی

هاوچەرخیشدا، تیۆریی سەرهەڵدان و گەشەی سروشتیی لە جیهانی ئیسلامیدا، تەنیا وەک تیۆری پلانگێڕی دژ بە ئایین سەیرکرا، وەک ئەوەی لای خۆمان کە موحەمەد ساڵح شارەزووری کتێبێکی نووسی بە ناوی "داروین لە تەرازووی ژیریدا"، کە هیچ دیدێکی زانستیی تێدا نییە و هەر تێگەیشتنی نییە بۆ داروین، سەرئەنجام لەبری سازکردنی دیبەتێکی زانستییانە، کە بێ گومان توانایی ئەوەی نەبووە، بابەتەکە دەخاتە خانەی پیلانگێڕییەوە دژ بە ئایین و باوەڕ بەخوا!، لە کاتێکدا داروین لە دوور و نزیک باسی خوا و خەڵق ناکات.

دژایەتیی جیهانی مەسیحی بۆ نووسین و تیۆرییەکانی داروین، ئەمریکا و ئەورووپای گرتبووە و، هەرکەس لای خۆیەوە پەلەی بوو زوو نەیاری خۆی ڕابگەیەنێت و بیریشمان نەچێت لەنێو زاناکانی دەرەوەی ئایینیش کە هەڵگری بیرکردنەوەی قووڵی زانستی نەبوون، هەندێکیان پشتیوانیی کەنیسەیان دەکرد و دژی داروین و هاوڕاکانی بوون، تا سەدەی بیست لە نێو ڕەوتێکی نوێی کەنیسە و پیاوانی ئایینییەوە، ئەو ڕایە هاتە دەرەوە کە دەکرێت باوەردارێکی مەسیحی بیت و باوەڕیشت بە تیۆرەکەی داروین هەبێت!

٣- بەریەککەوتنی نێوان زانستی جوگرافیا و ئایین :

یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە تێگەیشتنی ئایینی بەلاڕێیدا بردووین و زانست بەرچاومانی ڕۆشن کردەوە، دیدی ئایینییە بۆ قەوارەی زەوی، تێڕوانینی ئەقڵی ئاینییە بۆ ڕووی زەوی، دیدی بۆ دانیشتووانی سەر زەوی، شێوەی زەوی، وێنەی زەوی. سەبارەت بە قەبارەی زەوی، تێگەیشتنی ئایینی پێی وایە، زەوی لە خۆر و سەرجەم هەسارەکانی دیکە گەورەترە، شێوەی زەویش تەخت و ڕاخراوە و شاخەکان وەک پایە ڕایانگرتووە. لە ئایینەکاندا ئاسمان تەبەق تەبەقە و دەرگای هەیە و هەندێ جار دەرگاکانی دەکرێتەوە و ئاو و لافاوی زۆری لێ دێتە دەرێ بۆ سەر زەوی، وەک ئەوەی لە چیرۆکی نوحدا ڕووی دا، یان ئاسمانەکان حەوتن و لە هەریەکێکیان دیمەن و دەستەیەکی لە فریشتەکان، پێغەمبەران، بەهەشت و جەهەننەمی تیدایە و خواش لە کۆتا ئاسماندایە.

سەبارەت بە وێنەی زەوی لە تێگەیشتنی ئایینیدا، لە ئیسلامدا "مەککە" و لای جووەکان "ئۆرشەلیم" ناوەندی بوون-ە، هەروەک چۆن لە ئایین و ئەفسانەکانی دیکەدا، شاری تر بوونەتە ناوەندی جیهان؛ ئەوە بێ لەوەی ئاسمان وەک قوبە و گۆمەزییەک بەسەر زەوییەوەیە. لەڕاستیدا، زانست پێمان دەڵێت شوێنێک نییە ناوەندی زەوی یان بوون بێت. لەبارەی دانیشتووانی سەر زەوییەوە، باس لە کۆمەڵە خەڵکانێک دەکرێت تا ئێستاش هیچ وێناکردنێکی دروست نییە بۆیان، لە نموونەی یەئجووج و مەئجووج کە کۆمەڵێک سیفاتی سەیروسەمەرەیان دەدرێتە پاڵ و ڕاڤەی ئایینیی سەیریان بۆ دەکرێت و لە قورئاندا باسیان هاتووە، لەفەرموودەشدا باس لە بوونەوەرێک دەکرێت بە ناوی (الجساسة) کە هەموو گیانی توک و مووە و پێش و دوای لە یەکتری جیا ناکرێتەوە و ترسناکە.

٤-کۆستمۆلۆجیا لە بەرامبەر گێڕانەوەی ئایینیدا:

لەم بەشەدا باس لە گێڕانەوەی ئایینی دەکەین بۆ چۆنییەتی و چییەتیی کۆمەڵەی خۆر و مانگ و ئەستێرەکان، بەتایبەتی لە تەوراتدا کە دواتر بەهەمان شێوە لە ئینجیل و ئیسلامیشدا هاتووەتەوە. پێشتر باسمان لە قەبارە و ڕووی زەوی و دانیشتووانی و شێوەی و وێنەی زەوی کرد، لێرەدا باس لە ئەفسانەی ئایینی دەکەین لەسەر شێوەی خولگە-فەلەک دەکەین، نەک زەوی.

یەکێک لەو جیاوازییانەی ئایین و زانست جیاوازییانە لەسەر ئەوەی خۆر و مانگ، کامیان مەرکەز و چەقە بۆ ئەوی دیکە. لە ئاییندا، زەوی چەقی هەموو بوونەوەرە و چەسپاوە و خۆر و سەرجەم ئەستێرەکانی دیکە لە دەوری زەوی دەگەڕێن، چونکە لە گێڕانەوەی ئایینە ئیبراهیمییەکاندا، ئادەم و حەوا کە بێفەرمانیی خوایان کرد و لە بەهەشت داگیرانە خوارەوە، پێویستە هاتبنە ناوەندی بوون و ژیانی سەر زەوی و لە دیدی ئایینیدا هەرچی لە بووندا دروست کراوە لە ڕووەک و گیاندار و ئەستێرەکان، بۆ ئەم مرۆڤە خوڵقێنراوە و لە خزمەتی ئەودان؛ بەکورتی، گێڕانەوەیەکی سادە و سەرپێیانەن کە پاڵەوانی نێو ئەم بوونە و ئامانجی هەموو ئەم بوونە مرۆڤە، مرۆڤیش ئامانج لێی تاقیکردنەوەیە کە یا بەرز دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی پێش فریودانی، یاخود بنی جەهەنەم دوا جێگەیەتی، واتە بە نەمری دەمێنێتەوە، ئیتر لە بەهەشت یان جەهەنەم.

کاتێک زانستی کۆستمۆلۆجیا-گەردووناسیی پەیپێبردووەکانی خۆیمان بۆ دەخاتە ڕوو، تێدەگەین کە زەوی نەک ناوەڕاستی بوون نییە، بەڵکوو بوونی وەک دەنکە لمێک وایە لە بیابانێکی لماویدا

و تەنانەت خۆریش ناوەندی بوون نییە و لە بووندا چەندین خۆر و گەلەئەستێرە هەن کە لەمەی ئێمە گەورەترن، ئاسمانیش گومەزی و سەقف نییە و شینیش نییە، بەڵکو ئەو شین بوونە بە چاو وادیارە و شیکاریی زانستی هەیە بۆی.

لەدوای هاتنە دەرەوەی هەوڵە زانستییەکانی کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ، ئەقڵی ئایینی مەسیحی تووشی شۆک بوو، ئەو بڕاندبوویەوە کە زەوی ناوەندی بوونە، نەک تەنیا لەبەر نازڵبوونی ئادەم لێرە، بەڵکوو کوڕی خوا-مەسیحیش لە سەر زەوی لە دایک بووە و لێرەش لە خاچ دراوە، بۆیە زەوی پیرۆزە و مرۆڤ ئامانجە و ئەقڵی ئایینی پێی وایە دەبێ هەمووان لە دەوری زەوی بگەڕێن. بێ گومان زانست دەریخست زەوی ناوەندی بوونەوەر نییە و چەندین کۆمەڵەی خۆر و بوونەوەری تریش هەیە و هەمووان بە یاسایەک لە دەوری خۆیان و یەکتری دەخولێنەوە، ئیتر ئەو باوەڕەش کە ئامانج لە بوونی هەمووشت، مرۆڤە، کەوتە بەر گومان و هەرەسی هێنا. مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە پەیڕەوانی ئایینی ئاسمانی، کۆپەرنیکۆسیان بە نەفرەت کرد، برۆنۆیان سووتاند و گالیلۆش دادگایی کراو وتە بەناوبانگەکەی گوت: "بە کوشتن و سووتاندنی من زەوی لە سووڕانی ناکەوێت بە دەوری خۆردا". دەتوانیین بڵێین ئایین بە کوشتن و سووتاندن سەرکەوت بەسەر زانستدا، ڕاسل وتەنی: پیاوانی ئایینی، نەیارەکانیان دەکوژن تا بیسەلمێنن کە ئایینەکەیان ڕاستە!. شایەنی باسکردنە لە جیهانی ئیسلامی و لەم دوایانەشدا (عبدالعزیز بن باز) موفتی سعودی، فتوای کافربوونی دا بۆ هەر کەسێک کە باوەڕی وابێت زەوی دەجووڵێت و پێی وابوو خۆر لە جووڵەدایە و زەوی چەسپاوە و ناجووڵێت، ئەمەشی لە تێگەیشتن لە ئایەتەکانی قورئانەوە هێنابوو.

دوای پاشەکشێی ئایین لە بەرامبەر فاکتە زانستییەکاندا، تێگەیشتنی ئایینی مەسیحی کەوتە تێهەڵکێشکردنی زانست لەگەڵ دەقە ئایینییەکاندا و بەکارهێنان و یاریکردن بە زانست و تەئویلکردنی دەقە ئایینییەکان بە جۆرێک لەگەڵ زانستی سەلماودا بێنەوە.

٥- ئەستێرە و نەیزەک و ئاسمان لە ڕاڤەی ئایینی و زانستیدا:

لێرەدا باس لەو ئاماژە و نیشانانە دەکەین کە لە ئاسماندان و ئەقڵی ئایینی چۆن لێیان دەڕوانێت. سەبارەت بە ئەستێرە لە قورئاندا هاتووە کە "و علامات و باالنجم هم یهتدون"، واتە وا تێگەیشتوون

کە ئەم ئەستێرانە بۆیە خەلق بووە تا ڕێنمایی کاروانچییەکان بکات لە هاتووچۆکانیاندا و بۆ ئەو ئامانج و خزمەتەی مرۆڤ هەن، یاخود سەبارەت بە نەیزەکەکان، یاخود کلکدارەکان، گەلەئەستێرە و خۆر، کە لە ڕابردوودا خۆر وەک ئەستێرەیەک سەیر نەکراوە و ئێستا دەزانین کە ئەویش ئەستێرەیە. خەیاڵکردنی ئایینی بۆ ئەوەی ڕوو دەدات لە ئاسماندا، یان ڕاستتر بڵێین لە بۆشایی گەردووندا، وێناکردنێکی منالآنەیە؛ بە نموونە، کاتێک ئەستێرەیەک بەجۆرێک دەردەکەوێت ئەوە نیشانەی لەدایکبوونی کەسێکی مەزنە، یان گەر کشا بەڵگەی مردنی کەسێکە، یاخود لە ئیسلامدا و لە قورئاندا کشانی نەیزەک، بەڵگەی ئەوەیە کە کۆمەڵێک عفریت-جنۆکەی بێباوەڕ نزیک بوونەتەوە لە دوائاسمان و هەوڵ دەدەن سیخوڕی بکەن و گوێبیستی ئەوە بن کە لەنێوان خوا و فریشتەکانیدا چی دەگوزەرێت و نهێنییەکان بزانن، بەڵام ئەم نەیزەکانە وەک تۆپەڵە ئاگرێ بە دوایان دەکەون و دەیانسووتێنن، وەک لە قورئاندا هاتووە: "الا من خطف الخطفة فاتبعه شهاب ثاقب" (الصافات ١٠). هەروەها لە شوێنی دیکەدا وەک زینە و هۆکاری ڕازاندنەوە وێنای دەکات، بەڵام دواتر لە گەشەی زانستدا و بە دەرکەوتنی نیوتن و ئەنیشتاین و کەسانی دیکەش، دەرکەوت هەموو ئەم دیاردانە لە چوارچێوەی یاساگەلێکی نێو سروشتدا ڕوو دەدەن و هۆکار و هاوکێشەی زانستی هەیە لە ڕوودانیاندا و هیچ ئامانجگەراییەک لە پشت ئەو دیاردانەوە نییە، وەک ئەوەی گێڕانەوەی ئایینی باسی دەکات. بێ گومان کاردانەوەی کەنیسە و پیاوانی ئایینی و خەڵکی باوەڕدار لەبەرامبەر تێگەیشتنی زانستیدا چەند جۆرێک بوو، لەوانە، دژایەتیی توند و خوێناوی هەڵگرانی دیدی زانستی و کە سانی توندڕەو پێیان وابوو هەمیشە ئایین هەقە یان هەق لای ئایینە، کەسانی دیکەش هەبوون دەکەوتنە گومان لە گێڕانەوە و تێگەیشتنە ئایینییەکە، کەسانێکی دیکەش هەبوون دەکەوتنە گونجاندنی دەق و گێڕانەوە ئایینییەکە لەگەڵ دیدە زانستییەکەدا و دەیانویست ئاشتییەک بێننە ئاراوە لەنێوان گێڕانەوەی ئایینی و فاکتی زانستیدا. دەتوانین بڵێین، هەقیقەتی زانستی هەر بەرچاو ڕۆشنی نەکردین، بەڵکوو پەردەشی هەڵماڵی لەسەر زۆر گێڕانەوەی خورافی و تێگەیشتنی ساویلکانە کە ڕەفتاریشمانی ئاراستە کردبوو.

٦- زەوی لەنێوان جیۆلۆجیا و گێڕانەوەی زانستیدا:

سەبارەت بە سەرەتا و تەمەنی زەوی، زانستی جیۆلۆجیا پشت بە بەڵگەی زانستی دەبەستێت لەوانە: شیکاریی لەسەر بەرد و ماددەی تیشکدەری سەر زەوی، کە بەپێی دەرکەوتە زانستییەکان، تەمەنی زەوی نزیکەی چوار ملیارد ساڵ و نیووە، بەڵام لە گێڕانەوە و ڕاڤەی ئایینە ئیبراهیمییەکاندا، زەوی لە ماوەیەکی کەم، واتە شەش ڕۆژدا دروست بووە و تەمەنی زەوی لە شەش بۆ دە هەزار ساڵ تێناپەڕێت، کە ئەوەش بەپێی تەمەنی ڕووداوەکانی نێو کتێبە پیرۆزەکان مەزندە کراوە.

سەبارەت بە چۆنییەتیی دروستبوونی زەوی، بەپێی زانست: لە چوارچێوەی تیۆریی دروستبوونی کۆمەڵەی خۆر لێی دەڕوانێت، کە بەو پێیە دروستبوونی زەوی و کۆمەڵەی هەسارەکان، لە ئەنجامی تۆز و هەوری غازیی لە پێش چوارملیاردساڵ و نیو و بە چەندین قۆناغی کیمیایی و فیزیکی، لەوانەش پێکدادان و کەڵەکەبوون، دروست بوون. ڕاڤەی تێگەیشتنی ئایینی بۆ چۆنییەتیی دروستبوونی، ئەوەیە کە خوا ڕاستەخۆ دروستی کردووە نەک لە ئەنجامی کارلێکی سروشتی. زانستی جیۆلۆجی پێی وایە، زەوی لە تەمەنی چەند ملیار ساڵەی خۆیدا، چەندین قۆناغی گەشەی بەخۆیەوە بینیوە، لەوانە: چاخی سەهۆڵبەندان، گڕکانە گەورەکان، جووڵەی پلێتەکانی زەوی، لە هەمان کاتدا ژیان لە سەر زەوی بە شێوەیەکی لەسەرەخۆ و پلە بە پلە سەری هەڵداوە، لە بوونەوەر سەرەتاییەکانەوە بۆ هاتنەکایەی ژیانێکی ئاڵۆز و لە ماوەی چەندین ملیارد ساڵدا، بەڵام تێگەیشتنی ئایینی پێی وایە ژیان هەر بەکامڵی و تەواوی دەستی پێ کردووە و خوا مرۆڤ و گیاندارەکانی لە ساتێکدا لەسەر ئەو شێوە کامڵەی دروست کردووە.

زانستی جیۆلۆجیا، پشت بە ڕووداوە جیۆلۆجییەکان دەبەستێت، وەک بوومەلەرزە و زریان و لافاو و گڕکانەکان کە دەرئەنجامێکی سروشتیی کارلێک و هاوکێشەی فیزیایی و گۆڕانی ژینگە و کەشوهەوا و جووڵە و نیشتنی چینەکانی نێو زەوین، بەڵام ئایین ئەم ڕووداوە سروشتییانە وەک تۆڵە و تورەیی خوایی لێک دەداتەوە، وەک ئەوەی بەسەر گەلی نوح-دا هات، کە گێڕانەوەی ئایینی وەک تۆڵەی خوایی باسی دەکات.

٧- بەریەککەوتنی گێڕانەوەی ئایینی لەگەڵ زانستی ئارکۆلۆجیادا:

گەر سەرەتا جیاوازیی نێوان زانستی مێژوو (کە پێشتر باسمان لێ کرد) و زانستی ئارکۆلۆجیا-ئاسەوارناسیی بکەین، یەکەمیان پتر باس لە دوای مێژوو دەکات، واتە لە پاش پەیدابوونی نووسین، کە یەکێک لە سەرچاوەکانی توێژینەوەی زانستی مێژوو، ئاسەوارە . سەبارەت بە ئارکۆلۆجیا، بنکۆڵی ئەوە دەکات کە لە مرۆڤ بەجێ ماوە، هەر شتێک لێی بەجێ مابێ لە نموونەی پەرەستگاکانی، تەلار و شوێنی ژیانی، گۆڕ و شوێنی ناشتنی، پارە و کەرەسەکانی، تا وێنا و دیدێکی بۆ دروست ببێت لەسەر چۆنییەتیی ژیانی مرۆڤ. ئەگەر زانستی مێژوو لە قۆناغ و سەردەمەکانی مێژوو بدوێت، ئەوا ئارکۆلۆجیا لە مێژوو و پێش مێژووش دەدوێت.

لێکۆڵینەوە لە سەردەمانی پێش مێژوو، چەند بابەت و ئایدیایەکمان بۆ ئاشکرا دەکات کە مرۆڤ بە پیرۆزی زانیوە، مرۆڤ هەندێک کێوی-شاخی پیرۆزکردووە یان بە پیرۆز زانیوە، وەک کێوی سەهیۆن لە نزیک قودس، کێوی عەرەفات، کێوی فوجی لە یابان، لای هیندۆسەکان، یاخود ئایدیای ئەوەی هەندێک لەو پیرۆزانە لە ئاسمانەوە نازڵ دەبن، خودی پیرۆزکردنە، بۆ نموونە، وەک بەردە ڕەشەکە یان سپییە-ڕەش بووەکەی ناو کەعبە، کە ئەم بیرکردنەوەیە لای کۆمەڵێکی وەک موعتەزیلە ڕەد کراوە بوو. جاحیز (جاحظ) دەڵێت: ئەو بەردە ئەگەر لەبەر تاوان ڕەش بووەتەوە، ئەی حەسەنات و چاکەی پێغەمبەر و یارانی بەشی ئەوە نەبوو ئەو ڕەشییە لابەرێت، ئەی نالێن "ان الحسنات یذهبن السیئات"، واتە چاکە، خراپە دەسڕێتەوە؟!. لەڕاستیدا، هەموو ئەم پیرۆزکراوانە لە زانستدا ڕەد دەکرێتەوە و ئەوانە یاخود نەیزەکن و کەوتوونەتە سەر زەوی، یان کەرەسەیەکی دێرینە و مرۆڤ بە هۆکارێک پیرۆزاندوویەتی.

هەر لە چوارچێوەی ئارکۆلۆجیادا، زانستی هەڵکۆڵین، یان زیندەوەرزانیی کۆن، بۆمان دەردەخات کە مێژووی ژیانی مرۆڤ زۆر دێرین و بەرفراوانە لەسەر پانتایی ئەم زەوییە، کە گێڕانەوەی ئایینی ڕەتی دەکاتەوە و پێی وایە مێژووی ژیان لە چیرۆکی پێغەمبەرانی نێو کتێبە ئیبراهیمییەکانەوە دەست پێدەکات و ژیانیش تەنیا لەم ناوچانە بووە کە ئەوانی تیا ژیاون. زانست بەردەوام ژیان و سەردەمی نوێمان بۆ دەدۆزێتەوە، بەڵام ئایین بڕیویەتەوە کە هەر ئەوەیە. دۆزینەوەی ئێسک و پروسکی مرۆڤ و پێش مرۆڤ، ئەقڵی ئایینی و گێڕانەوەی ئایینیی خستووەتە تەڵزگەوە.

٨- بەریەککەوتنی گێڕانەوەی ئایینی و زانستی ئەنسرۆپۆلۆجیا:

ئەنسرۆپۆلۆجیا- زانستی مرۆڤناسی، لێکۆڵینەوەیە لە ژیانی مرۆڤ و گەشەکردنی، مێژووی پەیپێبردنەکانی، بیرکردنەوەی، هەموو ئەوەی بەرهەمی هێناوە، توێژینەوە لە دیاردەی مرۆڤ و دەورووبەری و پەیوەندییەکانی دەکات.

ئەوەی لەم زانستەدا جەختی لێ دەکرێتەوە گرنگیدانە بە مێژووی ئەفسانە لای مرۆڤ. سەبارەت بە هاتنی مرۆڤ و لە کوێوە هاتووە، گێڕانەوەی ئایینی ئەفسانەی خۆی هەیە کە بە شێوازی جیا و پچڕپچڕ و هەندێک جار دژ بەیەکیش دەیخاتە ڕوو، هەر ئایینێک چیرۆکی جیا یان نزیک لە یەکیان هەیە و هەندێک ئایینیش لە نموونەی بوزی و کۆنفۆشیوسی، هەر نەچوون بەلای ئەو بابەتەدا و گرنگییان پێ نەداوە و ئەڵێن ئێستا گرنگ ئەوەیە ئێمە هەین. لە ئایینە ئیبراهیمییەکاندا، بەتایبەتی یەهود و ئیسلام، زۆر بەدوورودرێژی باسی ئەم بابەتە و وردەکاری کراوە، لە بەری داری قەدەغەکراو، ئیبلیس، مار، زۆر شتی دیکەش. سەیر لەوەدایە لە ئینجیلدا نەچووە بەلای ئەم بابەتەدا، تەنیا لە تەوراتدا باس کراوە کە قۆناغی یەکەم یان دێرینی کتێبی پیرۆزە. کەچی ئایدیای گوناهی یەکەم و هاتنی مەسیح بۆ پاکبوونەوە و هەڵگرتنی ئازاری ئەو تاوانە، ئایدیای بنەڕەتیی مەسیحییەتە.

بەڕاست، ئەفسانە و گێڕانەوەی دروستبوونی ژیان لەسەر زەوی چییە؟. ئەفسانەی زۆر هەیە بۆ ئەم بابەتە، چ لای میسری کۆن، بابلی و ئاشووری و بەگشتی لە شارستانییەتی نێوان دوو ڕووباردا، فینیقی، لای یۆنانی و ڕۆمانی، هیندی و چینی (چینی کۆنفۆشیوس نا) و زۆر شوێنی تر. بەگشتی، کاتێک شیکاری بۆ ئەم ئەفسانە و گێڕانەوانە دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن لەبنەڕەتدا لە ڕەحم و منداڵدانی ئەفسانەی یۆنانییەوە هاتوونەتە دەرێ. سەیر لەوەدایە پەیڕەوانی هەر ئایینێک زۆر بە ئاسایی وەک ڕاستییەکی ڕەها ئەفسانەی نێو ئایینەکانی خۆیان دەخەنە ڕوو، بەڵام گاڵتەیان بە ئەفسانەی نێو ئایینێکی دیکە دێت، وەک دەوترێت: "پیرۆزیی تۆ ئەفسانەی منە و ئەوەشی لای تۆ ئەفسانەیە بۆ من پیرۆزییە". ئایین هەمیشە وەڵامی سادە و ساویلکانەی پرسیارە جەوهەری و گەردوونییەکان دەداتەوە، بۆیە لای حەشاماتی خەڵکی کە ناتوانێت یان نایەوێت بیر بکاتەوە، پەسەندە و وەردەگیرێت.

بەپێی ئەو توێژینەوەی کە دیکسۆن وایت لە سەدەی نۆزدەدا بۆکۆی گێڕانەوەکانی ڕابردوو

کردوویەتی، لە کتێبەکەیدا سەرچاوەکەی گێڕاوەتەوە بۆ هەقایەتی"تەماتە" کە لە ئەفسانەی یۆنانیدا هەیە. لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتووە، کچێک هەبوو بە ناوی تەماتە، ئەم تەماتە مرۆڤ بوو، بەڵام وەک خواوەندەکان دەژیان، هیچ نەخۆشی، دڵەڕاوکێ، ترس، کەموکورتییان نەبوو، هەموو پێداویستییەکیشیان هەبوو و لە نیعمەتێکی زۆردا دەژیان، ژنەکان منداڵیان دەبوو بەبێ هیچ ئازارێک و بێ هیچ ئازار و کێشەیەک کە خانمان هەیانە و پیر نەئەبوون و مەرگیش لایان، وەک وەنەوزێک و وچانێک وابوو کە ژیانیان دەست پێ دەکردەوە. خوای یۆنانییەکان، زیۆس بە خاتوو تەماتە دەڵێت: "ئەوە هەموو خۆشییەکانم بۆ دابین کردوویت لەگەڵ هاوسەرەکەت، بخۆن و بخۆنەوە و ڕابوێرن و هەرچیتان ئەوێ بۆتان ئامادەیە، تەنیا نزیکی ئەو سندووقە مەکەونەوە و نەکەی بیکەیتەوە". بەڵام ئەم تەماتە، فزولییەت و کرمی سەری پاڵی پێوە نا تا بێفەرمانی بکات و سندووقەکە بکاتەوە؛ کاتێک سندووقەکەی کردەوە، ئازار و خەفەت، سەرما و گریان، هەرچی ناخۆشی و ئازار و نەبوونییە تێیدا بوو؛ لەو کاتە بە دواوە، هەموو مرۆڤەکان ناخۆشیی و مەرگ و ئازار و خەفەت و زەحمەتەکانی ژیان یەخەی گرتن و لە پلەی ڕێز و نیمچە خواییەوە دابەزین و کەوتنە بەر خەشم و تووڕەیی خواکان.

زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجی، کە ئەم داستانە و هاوشێوەکانیان لای میسری و سۆمەری و ئاشووری و یۆنان و ڕۆمان بینی، تێگەیشتن هەمان ئەم ئەفسانانە بە مۆدێلی دیکە و بە گۆڕانکاری کەمەوە لە گێڕانەوە ئاینییەکاندا هێنراوەتەوە و پیرۆز کراوە.

٩- بەریەککەوتنی زانستی ئەسنۆلۆجی-ڕەچەڵەکناسیی لەگەڵ گێڕانەوەی ئایینیدا:

زانست، پەیڕەوێکی دیاریکراوی خۆی هەیە لە بیرکردنەوەدا و ئایینیش شێوازی بیرکردنەوەی خۆی هەیە، هەروەک چۆن ئەدەب شێوازی سەربەخۆی هەیە لە بیرکردنەوە و گوزارشتکردن، تەنانەت جیهانی جادوو و جنۆکە و مەخلوقە نەبینراوەکانیش شێوازی خۆی هەیە بۆ بیرکردنەوە، شێوازگەلێک هەن ئەقڵانی و زانستین و ڕەهەندی مرۆییان هەیە، بیرکردنەوەگەلێکیش هەن وا نین، ئیتر لێرەوەیە کە ململانێ لەنێوان ئەقڵ و نائەقڵ، خواستێک بۆ بەرەو مرۆڤبوون و خواستێک کە لە دەرەوەی مرۆڤبوون شتانێکمان بەسەرا دەسەپێنێت کە ئامادەیی نییە و چاو و ئەقڵمان پەی پێ نابات، ئیتر

لێرەوەیە کە شێوازە جیاوازەکانی بیرکردنەوە بەر یەک دەکەون.

ئێمە دەزانین کە زانستە مرۆییەکان پێکداچوون و هاوبەشییەکیان هەیە، لەوانەش زانستی ئەسنۆلۆجی یەکێکە لە بەشەکانی ئەنسرۆپۆلۆجی، لێکۆڵینەوە لە دیاردەی مرۆیی دەکات لەڕووی پێکهاتنەوە کە پەیوەستە بە جیاوازی ڕەچەڵەکیانەوە.

لە جوگرافیای دانیشتووانی سەر زەویدا، سێ ڕەچەڵەکی سەرەکی و چەند ڕەچەڵەکێکی تەواوکاری هەیە. سێ ڕەچەڵەکە سەرەکییەکە بریتیین لە: ڕەچەڵەکی زەرد کە بە ڕەچەڵەکی مەغۆل-ی ناو دەبرێت، لە نموونەی: تورکەکان، چینییەکان، کۆری و یابانییەکان، دووەم ڕەچەڵەکی قەوقازییەکان، کە بریتیین لە ئەوروپاییەکان، عەرەب و گەلانی ئێران و هیندییەکان، ڕەچەڵەکی سێیەمیش ڕەش پێستەکانن کە خەڵکی ناوەڕاست و باشووری ئەفریقا دەگرێتەوە. دوو ڕەچەڵەکی دیکەش هەن لە ئوستراليا و ئەمریکا، کە هەندێک توێژەر بە سەربەخۆ و هەندێکیش بە بەشێک لە ڕەچەڵەکی زەردیان دەزانن؛ بەگشتی، هەر یەک لەم ڕەچەڵەکانە، بەشی دیکەی لێ دەبێتەوە لە جوغزی زانستی ڕەچەڵەکناسییدا.

ئەم دابەشکردنەی زانستی ڕەچەڵەکناسیی، جیاوازی و بەریەککەوتنی هەیە لەگەڵ ئایین وکتێبە پیرۆزەکاندا. لە تەوراتدا، کە ئایینە ئیبراهیمییەکان بەگشتی لەسەر ئەو باوەڕەن ڕەچەڵەکی مرۆڤەکان دابەش کراوە بۆ نەوەکانی نوح : سام، حام و یافس. ئەوە جگە لەوەی لە کتێبە پیرۆزەکاندا هاتووە، ڕووڕەشبوونی خەڵکانێک، بەهۆی سزای خواییەوە بووە و تەنانەت هەندێک کراون بە مەیموون، لێگەڕێ لەوەی ئەو تێڕوانینە کە ڕەشبوونی پێست وەک سزای خوایی سەیر دەکات، بیرکردنەوەیەکی تەواو ڕەگەزپەرستانەیە بە ناوی خواوە، گوایە ڕەشبوونی پێستییان لە ئەنجامی دوعایەکە کە نوح لە وەچەی حام-ی کردووە!، ئەمەش تەڵزگەیەکی ئەخلاقی گەورەیە بۆ گێڕانەوەی ئایینی، کە بەربەستی ڕەگەزییانە دەخاتە نێوان پەیوەندیی مرۆڤەکان و لەو دیدەوە حوکم دەدات، یاخود دەوترێت تورک و چینییەکان پاش ماوەی یەئجوج و مەئجوجن.

لە زانستدا ڕەگەزی پاک و پیس، چاک و خراپ نییە و مرۆڤەکان هەموو مرۆڤن و هەرکەسێکیش تاقیکردنەوەی (D N A) بکات، دەبینێت کە ئاوێتەبوونێکی ڕەگەزەکانی تێدایە و هیچکات زانست پێی ناڵێت فلانە ڕەگەز پاک و باڵایە. لێرەوە ، واتە لەزانستدا ئەو دۆکترینە سەرەولێژ دەبێتەوە کە باس

لە پیرۆزیی خەڵک و ڕەچەڵەکێک دەکات، وەک ئەوەی ئەمانە گەلی خوان، ئوممەتی وەسەت-ناوەندن، یان لە بەرەبابی سام و حام و شتانی لەوجۆرەن و، پێویستیشە بڵێین هیچ بەڵگەیەکی زانستی نە بایۆلۆجی، نە مێژوویی، نە ئەنسرۆپۆلۆجی نە ئەسنۆلۆجی بوونی نییە لەسەر ئەم تێڕوانینە. ئەمەی خستمانە ڕوو، تەنیا شتێک نییە کە زانستی ئەسنۆلۆجی کەشفی کردووە و لەگەڵ ئاییندا بەریەکەوتنی هەیە، بەڵکوو ئەم زانستە لە بنکۆڵکردنیدا بۆ خێڵ و کۆمەڵگەی چاخە دێرینەکان، گەشەکردنێکی بەرچاوی مرۆڤمان بۆ دەخاتە ڕوو لەڕووی بیرکردنەوەی ئایینی و ئەقڵی ئایینییەوە؛ بە نموونە، کۆمەڵێک زانا، لەوانە شتراوسی ئەنسرۆپۆلۆجیست، لێکۆڵینەوەیان کردووە کە مرۆڤە دێرینەکانی نیاندەرتاڵ و هۆمۆسێپییانەکان کە لەسەرەتادا لە ناوچەکانی وڵاتانی بەڵتیق و ئەڵمانایا پاشماوەیان دۆزرایەوە، ژیانیان لە هەرکوێ بن لە ئەمازۆنی ئەمریکای باشوورەوە تا ئەفریقا و ئەندەنووسیا و ئەوانی دیکەش؛ بەگشتی، ڕیتمی ژیانیان لەیەک دەچێ و جۆرێک ئایینداری بینراوە لێیانەوە کە ڕەهەندێکی مێژوویی قووڵ و دێرینی هەیە و کۆمەڵێک کۆمەڵگەش بینروان کە ئایینیان هەر نەبووە، هەموو ئەمانە، دژی گێڕانەوە ئایینییە ئیبراهیمییەکە دەوەستنەوە و لەگەڵ ئەو چیرۆکەدا نایەنەوە کە پێغەمبەران دەکاتە تەوەرەی ژیانی گرۆی مرۆڤەکانی سەر زەوی. کۆمەڵێک شارستانی گەورە هەبوون لەسەر بنەمای فرەخوایی ژیاون، چەندین هەبوون لەسەر دیدی ڕۆحی و باوەڕ بە سروشت و ئایینی جیاواز ژیاون و لەگەڵ خۆیاندا ئایینەکانیشیان گەشەی کردووە، هەبوون باوەڕیان بە جادوو هەبووە و هەشبوون هەر باوەڕیان بە هیچ نەبووە، لە هەموو ئەمانەدا هیچ هەواڵێک لە ئادەم و حەوا و حام و سام و هیچکام لەمانە نییە. کاتێک لەنێو بەستێنی زانستدا بیر لەم گێڕانەوە ئایینییانە دەکەینەوە، وەک ئەوە وایە باس لە هەسارەیەکی دیکە بکات!، ئاخر ئایینی یەکتاپەرستی لە چاو تەمەنی مرۆڤایەتیدا، نوێیە، ئەی ئەو هەموو تەمەنەی کە زانستی ئەنسرۆپۆلۆجی و ئەسنۆلۆجی بۆمان ئاشکرا دەکات کە کۆمەڵگەکان بێخوا یان فرەخوا بوون، لەم بەستێنەدا گێڕانەوە ئایینە یەکتاپەرستەکان لە کوێ بوون و خودی چیرۆکەکان بۆ دەرکەوتنیان لەسەر واقیع نییە؟!، فاکتە مێژووییەکان پێمان دەڵێن، یەک خوایی و یەکتاپەرستی لە (ئەخن ئاتوون) میسری دێرینەوە دەستی پێ کردووە و دواتر لە ئایینە ئیبراهیمییەکاندا گەشەی کردووە.

بابەتێکی دیکەی نێو گێڕانەوەی ئایینی کە زانستی ڕەچەڵەکناسیی ڕەتی دەکاتەوە، باوەڕی ئایینە بە

کۆمەڵێک بوونەوەری شاراوە، جگە لە خوا، کۆمەڵە بوونەوەرێک کە لەگەڵ مرۆڤ دەژین و خاوەنی ڕەفتار و ویستن و کاریگەرییان هەیە، لە نموونەی جنۆکە، کە هەندێکیان بەپێی باوەڕی ئایینی تا سێکسکردن و وەچە خستنەوەش لەگەڵ مرۆڤدا دەڕۆن! ئینجا ئەم جنۆکانە ئیمانداریان هەیە و هەشیانە وەک ئیبلیس دەبێتە شەیتان، هەندێک لە جنۆکەکان کە پلەی هێز و توانایی خراپەی زیاتر بوو، پێی دەوترێت "عفریت"، لەوەش زیاتر، گێڕانەوەی ئایینی زۆر دیاردەی نێو سروشت دەبەستێتەوە بەم بوونەوەرانەوە.

هەر لە چوارچێوەی زانستەکانی نێو ئەم بەشەمان، جەختکردنەوە لەوە هەیە کە مرۆڤەکان لە قۆناغێکدا باوەڕیان بە جادوو هەبووە و تا سەرهەڵدانی ئایینە یەکتاپەرستەکان جادوو پێ بە پێی ئایین هاتووە. باسمان کردووە کە ئاگۆست کۆنت، قۆناغبەندی هەیە بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ، بەڵام جێمس فرێزەر سێ قۆناغی جادوو، ئایین و زانستی ئاماژە پێداوە. جادوو، بنەڕەت و دەستپێکی ئایین بووە و پێویستە بە دیدی ئێستەوە، بەتایبەتی پاش بە نەفرەتکردنی جادوو لای یەکتاپەرستییەوە، نەڕوانینە ئەو جادووەی لە دێریندا هەبووە، کە جادووگەر لە ئێستادا کافرە و خراپەکارە، جادووگەری لە دێریندا جۆرە وەزیفە-پیشەیەک بووە کە چارەسەری جەستەیی و دەروونی پێشکەش کردووە، کە بێ گومان سروتی خۆیی هەبووە و وای نواندووە کە توانایی پەیوەندیکردنی هەیە بە هێزێکی باڵاوە. لەم چەند دێڕەی کۆتاییدا، ئامانج ئەوە بوو کە بڵێم، زانستی ئەنسرۆپۆلۆجی و ئەسنۆلۆجی بەوردی ئەوەیان سەلماندووە کە قۆناغێکی بەرفراوانی ژیانی کۆمەڵگەکانی مرۆڤ باوەڕیان بە جادوو هەبووە و ناچنە ناو ڕیزبەندی تێگەیشتنی گێڕانەوەی ئایینی بۆ مێژوو.

١٠- دیاردەگەلێکی سروشتی لەنێوان دیدی ئایینی و زانستدا:

بیرکردنەوەی لاهوتییانە و زانستییانە سەرڕێژە لە دژیەکبوون و تا کاتیش تێپەڕێت، جیاوازیی نێوان دەقی ئایینی و تیۆری زانستی فراوانتر و قووڵتر دەبێتەوە. یەکێک لەو بابەتانە، بەڵکو بوارە فراوانە، تێڕوانین و تێگەیشتنە بۆ دیاردە سروشتییەکانی وەک باران، ڕەشەبا، زانینی پلەی گەرما و سەرما لە زانستی کەشناسییەوە و زۆر شتی دیکەش کە ئاماژەیەکی پێ دەدەین. لەڕاستیدا، ئەقڵ و زانستی مرۆڤ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە پێشکەوتن و گەشەدایە تا لە هاوکێشە ئاڵۆزەکانی ناو سروشت تێبگات و ڕامیانبهێنێت.

ئەندرۆ دیکسۆن لە بەشی دوانزەیەمی کتێبەکەیدا، بابەتی ململانێی نێوان ئایین و زانست لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، باس لەوە دەکات کە پیاوانی ئایینی لە سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی هاوچەرخ و حەڤدە و هەژدە و تەنانەت نۆزدەشدا چۆن بووبوونە مایەی دژیەکی ڕاکانیان لەگەڵ دەرهاویشتەی زانستی ئەو سەردەمانەدا. بەگشتی، ئایینە ئیبراهیمییەکان دیدێکیان هەیە کە گوایە هەر یەک لە با و باران، هەور ، هەورەبروسکە، مەلائیکە- فریشتەیەکی خوایی لەگەڵە، کە ئەمەش هەر درێژکراوەی ئایینە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینە لە نموونەی میسر و ئێراق و سوریای گەورە- لانکەی فینیقییەکان، و تەنانەت دواتر یۆنان و ڕۆمانەکان؛ بەگشتی، لای هەموو ئەمانە خوا یان هیزێکی خوایی هەبووە لە پشت ئەم کارە مەزنانەوە لە باران و هەورەبروسکە و دیاردە سروشتییەکانی؛ بە واتایەکی دیکە، بەر لەوەی ئایینە ئیبراهیمییەکان باوەڕیان بە بوونی فریشتەیەک هەبێت لە پشت ئەم کارانەوە، ئایینەکانی پێشتر بۆ هەرکامیان خوایەکیان دانابوو وەک ئەوەی لە ئەفسانەی میسریدا باس لە خوای ئاسمان دەکات کە نێرە و خوای زەوی مێیە و زۆر نموونەی دیکەش کە ئەمڕۆ بۆ ئێمە ئەفسانەیە و لەڕاستیشدا هەقیقەتی ئایینێک لە ئەمڕۆدا، دەبێتە ئەفسانە بۆ نەوەکانی داهاتوو، یاخود ئەوەی لە ئایینێک پیرۆز و هەقیقەتی ڕەهایە لای پەیڕەوانی ئایینێکی دیکە ئەفسانەیە و بێ گومان پێچەوانەکەشی ڕاستە.

ئەوەی لێرەدا ئامانجی ئەم بەشەیە، تێڕوانینی ئایینە ئیبراهیمییەکان و لەوانەش کلتووری ئیسلامی بۆ ئەم دیاردانەی ناو سروشت، بەریەککەوتنی هەیە لەگەڵ زانست و بیرکردنەوەی زانستییانە و شیکاریی و ئەنجامگیرییەکانی ناوەندە کەشناسییەکان کە پێمان دەڵێن گەردەلوول و زریان و لافاو و چی و چی هۆکارەکانی بریتین لە هۆکارگەلێک کە دوورە لەوەی ئایین پێمان دەڵێت و وەک هۆکاری پشت دیاردە و ڕووداوە سروشتییەکان پێمان دەناسێنێت لە تووڕەیی خوا و هەڵچوونی گەرمای جەهەننەم و بەوەی کە هاوین و زستان هەناسە دەردان و هەڵمژینی گەرمای یان سەرمای جەهەننەمە، واتە جەهەننەم پەیوەست دەکاتەوە بە جیهان و ئێرەمانەوە و هەرکات جەهەننەم هەناسە هەڵدەمژێت و دەیداتەوە، ئیتر ئەوە هۆکاری گەرما یان سەرمای سەر زەوییە!

لە فەرموودەدا هاتووە کە بوخاری و موسلم لە ئەبوهورەیرەوە دەیگێڕنەوە: "قال رسول الله صلی الله علیه وسلم: اشتکت النار الی ربها، فقالت: رب آكل بعضی بعضا، فاذن لها بنفسین: نفس

فی الشتاء، و نفس فی الصیف، فاشد ما تجدون من الحر، و اشد ما تجدون من البرد"، واتە پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێت، فەرموویەتی: ئاگر-جەهەننەم شکاتی خۆیی بردە لای خوای خۆی، وتی: خوایە هەندێکم ئەوی دیکەمی خواردووە- پێویستیم بە پشوویەکە، خواش مۆڵەتی دا دوو هەناسە بدات: هەناسەیەک لە زستان و ئەوی تریش لە هاوین، ئەوەیە کە هاوین هێندە گەرمە و زستانیش ساردە. ئەم بیرکردنەوەیە پێمان دەڵێت کە ساردی و گەرمای ناو سروشت لە جەهەننەمەوە دێت کە چاڵی ئاگر و چاڵی زەمهەریر-تبەستەڵەک و ساردیی تێدایە. بەگشتی، لە کتێبی پیرۆزی ئایینە ئیبراهیمییەکاندا و لەوانەش قورئان، ئەو تێگەیشتنە هەیە کە با و زریان سەربازی ڕاسپێراوی خوان و کەی بیەوێت بۆ ئۆمەت و گەلێکی دەنێرێت کە بە ویستی خوا دەبنە مایەی خێر یان شەڕ و وێرانکاریی.

گەر فەرموودەیەکی دیکە بە نموونە وەربگرین، لەبارەی ئاوابوونی خۆرەوە، ئەبوزەری غەفاری بۆمان دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بووم، دروودی خوای لێ بێ، فەرمووی: "یا اباذر اتدری این تغرب الشمس؟، قلت: الله و رسوله اعلم، قال: فانها تذهب حتی تسجد تحت العرش"، واتە : ئەی ئەبوزەر دەزانی خۆر لە بۆ کوێ ئاوا دەبێ؟، گوتم: خوا و پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، فەرمووی: دەڕوات تا لەژێر عەرشدا کڕنووش بەرێت. دواتر بوخاریش دەڵێ، ئەم فەرموودەیە ڕاڤەی ئەو ئایەتەی قورئانە: "والشمس تجری لمستقر لها ذلک تقدیر العزیز العلیم" (یس ٣٨). بێ گومان ئەم فەرموودەیە پێچەوانە دێتەوە لەگەڵ ئەو هەقیقەتە زانستییەی کە زەوی خڕە و بەدەوری خۆی و خۆردا دەسووڕێتەوە و بەپێچەوانەوە ئێمە لە دەوری خۆر دەسوڕێینەوە و شەو و ڕۆژ دروست دەبێت و خۆر نە دێت و نە دەچێت.

سەبارەت بە هەورە بروسکە لە تێڕوانینی ئایینە ئاسمانییەکاندا وەک قامچییەکی خوایی وێنا دەکرێت و هەر ئایینێکی ئیبراهیمی وێنا و دەربڕینێکی هەیە بۆی و لە قورئاندا هاتووە کە: "ویسبح الرعد بحمده و الملائکه من خیفته و یرسل الصواعق فیصیب بها من یشاء و هم یجادلون فی الله و هو شدید المحال" (الرعد١٣). هەروەها لە فەرموودەیەکدا ئەحمەد و ترمزی هێناویانە و نەسائیش پشتڕاستی کردووەتەوە، لە ئیبن عەباسەوە دەگێڕنەوە، وتوویەتی: "اقبلت الیهود الی النبی. فقالوا: اخبرنا عن الرعد ما هو؟، قال: ملک من ملائکه الله، موکل بالسحاب یسوقه حیث امره

الله، قالوا: فما الصوت نسمع؟،قال:صوت الملائکه"، واتە: جولەکەکان هاتنە لای پێغەمبەر و لێیان پرسی، لەبارەی هەورە بروسکەوە پێمان بڵێ چییە؟، فەرمووی: فریشتەیەکە لە فریشتەکانی خوا، کاری ئاراستەکردنی هەورەکانی لە ئەستۆیە و بۆ ئەو شوێنەیان دەنێرێت کە خوا فەرمانی پێ دەکات، پاشان وتیان: ئەی ئەو دەنگەی دەیبیستین چییە؟، فەرمووی: دەنگی فریشتەکەیە، واتە فریشتەکە دەنگی لێوە دێ کاتێک هەورەکان ئاراستە دەکات.

بابەتێکی دیکەی جێگای سەرنج، تێڕوانینی ئایینییە بۆ ئاسمان، کە وێڕای ئەوەی بە ئەمباری ئاوی ئەزەلی دەزانرێت، لەهەمان کاتدا، بە حەوت تەبەقە و لەهەندێ ئایین بە سێ و لە هەندێکی دیکەش بە کەمتر و زیاتر دەزانرێت! لە کتێبی پیرۆزی کۆن و نوێدا (تەورات و ئینجیل)، شەیتان بە "سوڵتانی ئارەزووەکان" ناوزەد دەکرێت، پێی وایە شەیتانە کە زریان و هەورەبروسکە و تێکدانی کەش و هەوا دروست دەکات، هەر بۆیە لە ئەورووپای مەسیحی سەدەکانی شانزە و حەڤدە موناقەشەی ئەوە دروست بوو کە چی بکەین تا ڕێگری لەم گێرەشێوێنییەی شەیتان بکەین و نەهێڵین زریان و هەورەبروسکە ڕوو بدات، هەندێک پیاوی ئایینی، پێشنیازی ئەوەیان کرد کە بە لێدانی زەنگی کڵێساکان ڕێگری لەم کارەی شەیتان بکەین و هەندێکی دیکەش نەیار بوون، چونکە پێیان وابوو، بەم کارە ڕێ لە وەشاندنی لێدانەکانی خوا دەگرین و لێدانی زەنگ بیدعە و داهێنراوە لە ئاییندا و پێویستە بە پاڕانەوە ببینە ڕێگر لەبەردەم شەیتاندا!، بەگشتی لەسەر زەنگ و لێدان و لێ نەدانی چەندین ڕای جیاواز دروست بوو، هەر ئەمەش حاڵی پیاوانی ئایینە، لە هەموو ئایینەکاندا بەردەوام لە جیاوازیدان.

شەیتان، کە بوونێکی بونیادی و بنەڕەتی هەیە بەتایبەتی لە ئایینە ئاسمانی و ئیبراهیمییەکاندا، ڕۆڵ و دەستی هەیە لە ئاراستەکردنی مرۆڤەکاندا، تەنانەت بە "تڕ" و "تس" خۆی، لە فەرموودەدا هاتووە کە : "اذا نودی للصلاة ادبر الشیطان، و له ضراط، حتی لا یسمع التاذین، فاذا قضی النداء اقبل.........."، واتە: کاتێک بانگ دەدرێت بۆ نوێژ، شەیتان ڕووی وەردەگێڕێت و تڕێک لێ دەدات تا گوێمان لە بانگەکە نەبێت، کاتێک بانگەکە تەواو دەبێت ڕووی دەهێنێتەوە......

لە چوارچێوەی بیروباوەڕی ئایینیدا ، جادوو و جادووگەرەکان کاریگەرییان هەیە لە ئاراستەی مرۆڤ و ڕووداوەکاندا، بە جادوویەک پیاوێک یا ژنێک ڕەش دەبێت لەبەر چاوی بەرامبەرەکەی

دەبێتە سەگ و بەراز و مەیموون، یاخود بەپێچەوانەوە شیرین و ئازیز دەبێ و دەبێتە دڵخوازی!، ئاشکرایە کە جادووگەرەکان جادوو دەکەن و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش لە سایەی گەشەی بیرکردنەوەی خورافییانەوە بازاڕیان گەرمتر دەبێت، بەڵام پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەوەیە، ئایا جادوو توانایی گۆڕینی هاوکێشەکان و ڕەوتی ڕووداوەکانی هەیە؟!، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، دادگاکانی کەنیسە سزای سەختی بۆ جادووکردن و جادووگەران دانابوو، نە لەبەر ئەوەی خەڵکی فریوو دەدەن، بەڵکو باوەڕی بە کارەکانیان هەبوو کە لە شەیتانەوەیە و دژی خوا و کەنیسەیە!، لەم دادگایانەی کەنیسەدا بە سەدان کەس و زیاتریش لەژێر ئەشکەنجەدا دانیان ناوە بە سەدان تاوانی جادووکردن و پەیوەندیکردن بە شەیتانەوە، تەنیا بۆ ئەوەی لەسێدارە بدرێن و لە ئەشکەنجە ڕزگاریان بێت، ئەمەش لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نا، بەڵکوو لە سەدەکانی شانزەدا کە سەرەتای ڕۆشنگەرییە.

کاتێک لە ئەوروپا، کەسێک بە ناوی "فرانکلین"ەوە، ئامێری خاڵیکردنەوەی کارەبای هەورەبروسکەی سەر تەلار و تاوەرە بەرزەکانی دۆزییەوە (کە ئەوکات زۆریان کەنیسە بوون)، پیاوانی ئایینی وتیان تۆ دژی قەدەری خوا وەستاویتەوە؛ خوا بیەوێ سزای شوێنێک بدات بە هەورەبروسکە، تۆ ڕێگری لێ دەکەیت کە فەرمان و بەرەکەتی خوایە نازڵ ببێت و تەحەدای خوات کردووە بەم کارەت!.

دیکسۆن وایت لە کتێبەکەیدا، کە فۆکەسی لەسەر جیهانی مەسیحییە و لە کولتووری ئیسلامیی خۆشماندا، نموونە زۆر هەیە لەم بابەتە، بەڵام بۆ توێژینەوەیەکی مەوداکورتی لەمجۆرە، دەرفەتی پترمان لەدەست نییە.

ئەنجام

ئایین پارادایمێکی مەعریفی و ڕۆشنبیرییە؛ باوەڕ دەهێنێت بەوەی کەسێک کە نێردراوی خوایە لای خواوە هێناویەتی، بەڵام زانست، توێژینەوەیە لە چوارچێوەی میتۆدێکدا و بۆ بابەتێکی دیاریکراو، ئەویش یا کلاسیکە و لۆژیک دەکاتە ڕەوشی خۆی، یاخود مۆدێرنە و ئەزموونگەرییە.

ئایین و هاوشێوەکانی لە جادوو، یان نزیکەکانی لە میتافیزیک، جیاوازی بنەڕەتییان ملنەدانە بۆ ئەزموونکردن، بەڵام بە دەرکەوتنی فەلسەفە و دواتریش زانستی ئەزموونگەری، ئیتر گلۆڵەی ئایین کەوتە لێژی و دەمێک کەوتە دژایەتی فەلسەفە و زانست و دەمێکیش کەوتە خۆهێنانەوە و ڕەوایەتی بەخۆدان بە ئاماژەدانی زانستی لە نێو دەقەکانیدا، ئەگەرچی سەرئەنجام ئەوە زانستە کە بە متمانەوە خەریکی کاری خۆیەتی و ڕێچکەی خۆی گرتووەتە بەر، بەڵام ئایین بەردەوام یا شەڕی پێ دەفرۆشێت یاخود سێڵقی لەگەڵ دەگرێت. ئایین لە سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە لە ئەوروپا و جیهان بەگشتی، گلۆڵەی کەوتووەتە لێژی، بەڵام هەرماوە و هێشتا لە ئاستێکی بەرفراواندا خەڵکی پەیڕەوی لێ دەکەن، بەڵکوو لەم ڕۆژهەڵاتە دا هەنووکەش زۆرترین خوێن لە پێناوی گێڕانەوەکانیدا دەڕژێت.

ئایینیش، وەک هەر جۆرە کولتوورێکی دیکەی بیرکردنەوەی مرۆڤ، کاریگەرە بە فاکتەرەکانی دیکە، بە نموونە لە ژینگەیەکی ئەقڵانیدا، ئایینیش بوونێکی ماقووڵ و کاریگەری پۆزەتیڤی دەبێت لە ژیانی مرۆڤەکاندا؛ ئەوە جگە لەوەی، ئەگەر ململانێی ئایین و فەلسەفە و زانست ڕێچکەی گفتوگۆی مەعریفییانە بگرێتە بەر، ئەوا دەوڵەمەندیی کولتووری بیرکردنەوەی لێ دەکەوێتەوە.

زانست کاری دژایەتیی ئایین نییە، ئەوە ئایینە لە بەردەم دۆزراوەکانی زانستدا ترسی نەمانی خۆیی هەیە، لە کاتێکدا دەکرا سوود لە زانست وەربگرێت تا خۆی لە خورافە دوور بخاتەوە، چونکە ئەگەر ڕۆژێک زانست بیشیسەلمێنێت کە خوا بوونی نییە، ئەوا خوا هەر دەبێت ببێت لەپێناو مومکین بوونی ژیانی خەڵکی ئاسایی و گشتی و لەڕاستیدا هەموو کەس بیرکردنەوەی ئەقڵانی پێ قووت ناچێت، بەڵام ژیانیش بە هەقایەتی خورافی، نەک پێش ناکەوێت، بەڵکوو بەڕێوە ناچێت.

لەم توێژینەوەدا بەوردی لەسەر ئەم بابەتانە دواوین و چەندین بەڵگەمان هێناوەتەوە بۆ جیاوازی ئەم دوو مەیدانە و جیاوازی لە ڕەوشی کار و ئامانجدا، بەهیوایین هەریەکەیان، بەتایبەتی ئایین لەم ناوچەیە بگەڕێتەوە سەر ئەو ئەرک و ڕۆڵەی کە دەبێت بیبینێت.

سەرچاوەکان:

١-دیکسون وایت، اندرو(٢٠١٢م)، بین الدین و العلم تاریخ الصراع بینهما فی القرون الوسطی إزاء علوم الفلک و الجغرافیا ا النشوء، الطبعة الاولی، ترجمة إسماعیل مظهر، الهنداوی، قاهرة.
٢-ستیس، ولتر (٢٠١٤م)، الدین و العقل الحدیث، الطبعة الرابعة، ترجمة و تعلیق و تقدیم ا.د.إمام عبدالفتاح إمام، التنویر، بیروت.
٣-راسل، برتراند(٢٠١٥م)، ماالذی أؤمن به، مقالات فی الحریة و الدین و العقلانیة، الطبعة الاولی، ترجمة د، عدی الزعبی، دمشق، دارممدوح عدوان للنشر و التوزیع.
٤-جرج فریزر، جیمز (١٣٩٢ ه.ق)، شاخەی زرین پژوهشی در جاد و دین، چاپ هفتم، ویرایش و مقدمه لاظم فیروزمند، انتشارات اگاه، تهران.
٥- باربور، ایان، (١٣٧٩ه.ق)، علم و دین، ترجمه بهاءالدین خرمشاهی، چاپ سوم، تهران، چاپ معراج.
٦- شەست موحازەرەی د.عەبدولکەریمی سروش لە یوتیوب بە ناوی(خلاف و وفاق علم و دین).
٧- یانزە موحازەرەی احمد سعد زاید لە یوتیوب بە ناوی (سلسلة الصراع العلم و اللاهوت).

زانست وەک ساختەکاری

کارڵ پۆپەر

و. پ.د. ئازاد حەمە شەریف
مامۆستای زانکۆی پۆلی تەکنیکی هەولێر



کاتێک لیستی بەشداربووەکانی ئەم کۆرسەم وەرگرت و لەوە تێگەیشتم من داوام لێکراوە لەگەڵ هاوکارە فەلسەفییەکانم قسە بکەم، دوای هەندێک دوودڵی و دڵنەوایی، بەوە گەیشتم ڕەنگە ئێوە پێتان باشتر بێت من باسی هەندێک کێشەی وا بکەم خۆم پتر حەزم لێیان بێت و دەربارەی ئەو گەشەکردنانە بدوێم زۆر بەنزیکییەوە پێیان ئاشنام. بۆیەش من بڕیارم دا شتێک بکەم پێشتر نەمکردبێت: ڕاپۆرتێکتان پێشکەش بکەم لەبارەی کارکردنی خۆم لە بواری فەلسەفەی زانستدا، ئەو ڕاپۆرتەی هەر لەوەتەی پاییزی ساڵی ١٩١٩ەوە پێیەوە خەریکم کاتێک بۆ یەکەمجار ئامبازی ئەو کێشەیە بوومەوە، "ئاخۆ کەی تیۆرییەک بە زانستی دادەنرێت؟" یاخود "ئایا پێوانەیەک بۆ ئاکاری زانستی یان بارودۆخی تیۆرییەک بوونی هەیە؟"

ئەو کێشەیەی ئەو کات گرفتاری دەکردم نە "کەی تیۆری ڕاستە؟" و نە "کەی تیۆرییەک پەسەندە؟" بوو؛ کێشەی من جیاواز بوو. من ئومێدەوار بووم زانست و گەندەزانست (زانستی ساختە) لێک جیا بکەمەوە؛ ئەوەشم دەزانی زانست زۆرجاران هەڵە دەکات، هەروا ڕەنگە گەندەزانست سەرسمکی بەر ڕاستی بکەوێت.

هەڵبەتە، من وەڵامە هەرە باوە پەسەندکراوەکەم دەزانی: دەمزانی زانست لە گەندەزانست -- یان لە "میتافیزیک" بەهۆی میتۆدە ئەزمونگەرییەکەی جیا دەبێتەوە -- ئەو میتۆدەش لەبنەڕەتەوە لێی هەڵێنجراوە، ئەویش لە ئەنجامی سەرنجدان یاخود ئەزموونکارییەوە پەیدا دەبێت. بەڵام بەمەیان دڵم ئاوی نەخواردەوە. بەڵکوو بەپێچەوانەوە، من زۆرجاران کێشەکەی خۆمم وەکو جۆرێک لە لێکجیایی لەنێوان میتۆدی ئەزموونکاری ڕاستەقینە و نا ئەزموونکاری یان تەنانەت میتۆدی گەندە ئەزموونکارییانە ئامادە کردووە -- واتە، میتۆدێکە ئەگەرچی مەیلدارە بۆ سەرنجدان و ئەزموونکاری، کەچی ناگاتە ئاستی زانستی. میتۆدەکەی دواییان ڕەنگە نموونەی ئەستێرەوانی بۆ بهێنرێتەوە، لەپاڵ بەڵگەی زۆر و زەبەندی ئەزموونکاری کەوا بناغەی لەسەر سەرنجدان -- چارەنووس دیاریکردن لەڕێگای ئەستێرەوانی و ژیاننامە داناوە.

بەڵام چونکە نموونەی ئەستێرەوانی نەبوو منی بەرەو لای کێشەکەم ئاراستە کرد، ڕەنگە پێویست بکات ئەو کەشوبایەی کێشەکەم لێیەوە سەری هەڵدا و ئەو نموونانەش کەوا بەهۆی ئەمەوە کێشەکە ورووژێنرا باس بکەم. دوای ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی نەمساوی شۆڕشێک لە نەمسا بەرپا بوو:

کەشوبایەکە پڕی دروشم و بیرۆکەی شۆڕشگێڕانە و تیۆری نوێ و زۆرجاران کێویانە بوو. لەنێوان ئەو تیۆرییانەی من حەزم لێیان بوو بێ گومان تیۆری ڕێژەیی ئاینشتاین تارادەیەکی زۆر گرنگترینیان بوو. سێیەکانی دیکە بریتی بوون لە تیۆری مێژووی مارکس و دەروونشیکاری فرۆید و تیۆرییەکەی ئەلفرێد ئەدلەر بوو بە ناوی "دەروونناسیی تاک".

زۆر قسەی بێمانا لەبارەی ئەم تیۆرییانەوە کران ، بەتایبەتیش لەبارەی تیۆری ڕێژەییەوە (وەک چۆن هێشتا ئەمڕۆش هەروایە)، بەڵام من بەختم هەبوو لەو کەسانەی ئەو تیۆرییەیان بە من ناساند. ئێمە هەموومان -- ئەو چەند قوتابییە کەمانەی من سەر بەوانم -- زۆر بە ئەنجامی سەرنج و تێڕامانەکانی ئێدینگتن لەبارەی مانگ/ڕۆژگیرانەوە سەرسام بووین،؛ ئەو تێڕامانانەی لە ساڵی ١٩١٩دا یەکەمین سەلماندنی بایەخداری لەبارەی تیۆری هێزی ڕاکێشانی ئاینشتاین چەسپاند. ئەمە ئەزموونێکی گرنگ بوو بۆ ئێمە و یەکێکیش بوو لەو شتانەی کاریگەرییەکی درێژخایەنی لەسەر گەشەکردنی هزری من هەبوو.

ئەو سێ تیۆرییانەی پێشتر باسم کردن ئەوانیش زۆر بە بەربڵاوی لەناو قوتابیانی ئەو ڕۆژگارە گفتوگۆیان لەسەر دەکرا. من خۆم وام بۆ ڕەخسا پەیوەندی تایبەتییم لەگەڵ ئەلفرێد ئەدلەر هەبێت، تەنانەت هاریکاریشی بووم لە کارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو لەناو منداڵان و گەنجانی ناوچەکانی چینی کرێکاران لە ڤییەنا، ئەو شوێنەی ئەو سەردانگەکانی ڕێنماییکردنی کۆمەڵایەتی تێدا دامەزراندبوو.

هاوینی ساڵی ١٩١٩ بوو وام لێهات لەبارەی ئەو سێ تیۆرییانەوە زیاتر و زیاتر هەست بە نائاسوودەیی بکەم -- تیۆری مێژوویی (مارکس) و دەروونشیکاری و دەروونناسیی تاک؛ جا کەوتمە گومانکردن لە قسەکانیان لەبارەی ڕەوشی زانست. ڕەنگە یەکەمجار کێشەکەی من بەو شێوە ساکارە بوو بێت، "ئایا مارکسیزم و دەروونشیکاری و دەروونناسیی تاک چ هەڵەیەکیان تێدایە؟ بۆچی ئەوان ئەوەندە دوورن لە تیۆرییەکانی فیزیکییەوە -- دوورن لە تیۆری (نیوتن)، بەتایبەتیش لە تیۆری ڕێژەیی؟"

بۆ ئەوەی ئەو دژبەیەکییە ڕوون بکەمەوە دەبێ ئەوە شرۆڤە بکەم کەوا هەندێک کەسی کەم لە ئێمە ئەوسا دەیانگوت بڕوایان بە تیۆری ڕاکێشانی ئاینشتاین هەیە. ئەمەش ئەوە پیشان دەدات

کەوا گومانکردنی من لە ڕاستیی سێ تیۆرییەکانی دیکە نەبوو بێزاریان دەکردم، بەڵکوو لەبەر شتێکی دیکە بوو. هەروا لەبەر ئەوەش نەبوو لەلای من فیزیای بیرکاری نزیکەی لە جۆری تیۆری کۆمەڵناسی و دەروونناسی پێ وردتر بوو. بۆیە، بەلای کەم ئەوەی لەو قۆناغەدا، نیگەرانی دەکردم نە کێشەی ڕاستی و نە کێشەی وردێتی یان پێوانەکاری بوو. بەڵکوو من زیاتر هەستم بەوە دەکرد سێ تیۆرییەکەی دیکە، ئەگەرچی وەکوو زانست سەریان هەڵدابوو، لەڕاستییدا زۆرتر لەگەڵ ئەفسانەی سەرەتایی نەک زانست هاوبەشییان هەبوو؛ ئەوان زیاتر بە ئەستێرەوانی نەک ئەستێرەناسی دەچوون.

من گەیشتم بەوەی هەندێک لەو هاوڕێیانەی بە مارکس و فرۆید و ئەدلەرەوە دڵبەند بوون، ئەوان بە هەندێک خاڵی هاوبەشی ئەو تیۆرییانەوە کاریگەر بووبوون، بەتایبەتیش بە هێزی ڕوونکردنەوەی دیاری ئەوان. ئەو تیۆرییانە وا دەردەکەوتن دەتوانن بەشێوەیەکی کرداری شرۆڤەی هەموو شتێکی ئەو بوارانەی ئاماژەیان بۆ دەکردن بکەن. لێکۆڵینەوە لە هەر کامێکیان واپێدەچوو کاریگەری بەسەر وەرگەرانی هزری یاخود ئاشکراکاری هەبێت، ئەمەش چاوەکانت لەبەرانبەر ڕاستییەکی نوێی شاراوەی هێشتا دەرنەخراو دەکاتەوە. جا کاتێک چاوەکانت بەمجۆرە کرانەوە، تۆ نموونەی سەلمێنراو لە هەموو جێگایەک دەبینیت: دنیا پڕ دەبێت لە ڕاستاندنی تیۆرییەکە. هەر شتێکیش ڕوو بدات ئەوا هەمیشە ڕاستیی تیۆرییەکە دەسەلمێنێت. جا ئاوەها ڕاستیی تیۆرییەکە دەردەکەوێت؛ خۆ باوەڕنەکەرانیش بەڕوونی خەڵکانێکن نەیانەوێت ڕاستییە ئاشکراکە ببینن؛ هەر بۆیەش ئەوان ڕەتی دەکەنەوە، چونکە یان دژی بەرژەوەندیی چینایەتییانە، یاخود لەبەر ئەو سەرکوتکارییانەیانە هێشتا "شی نەکراوەتەوە" و بە دەنگی بڵند داوای چارەسەرکردنیان دەکرێت.

پێدەچوو ڕەگەزی هەرە تایبەتمەندی ئەو بارودۆخە بۆ من تەوژمێکی نەبڕاوەی سەلماندن و سەرنجکاری بوو بێت کەوا "ڕاستێتیی" تیۆرییە بەردەستەکانی دەسەلماند؛ جا ئەم خاڵە سەرلەبەر لەلایەن پشتیوانانییەوە جەخت دەکرایەوە. کەسێکی مارکسی ناتوانێت ڕۆژنامەیەک بکاتەوە بەبێ ئەوەی لەسەر هەر لاپەڕەیەک ئەوە بدۆزێتەوە کەوا بەڵگەی سەلماندنن بۆ لێکدانەوەی مێژوو؛ نەک تەنها لە هەواڵەکاندا، بەڵکوو لە خستنەڕووی هەواڵیشدا -- ئەمەش لایەنگیری چینایەتیی ڕۆژنامەکە ئاشکرا دەکات -- بەتایبەتیش هەڵبەتە ئەوەی ڕۆژنامەکە نەیگوتووە. شیکارکارە فرۆیدییەکان

جەختیان لەوە دەکردەوە تیۆرییەکانییان سەرلەبەر لەڕێگای "سەرنجکارییە ڕوانینگەییەکانەوە" دەسەلمێنرێت. هەرچی ئەوەی ئەدلەریشە، من لەبەر ئەزموونێکی تایبەت بە خۆم زۆر پێیەوە کاریگەر بووم. جارێکیان لە ساڵی ١٩١٩دا من ڕاپۆرتم لەبارەی کێشەیەک کەوا بەتایبەتی ئەدلەرییانە دەرنەدەکەوت بۆ ئەو نووسی، بەڵام ئەو هیچ زەحمەتییەکی لەوەدا نەبینی کێشەکە بەگوێرەی هەستی خۆبەکەمزانی لێک بداتەوە، ئەگەرچی ئەو تەنانەت هەر هیچ منداڵەکەشی نەبینیبوو. ئەوەی هێدمەگیری کردم، ئەوە بوو من لێم پرسی نازانم چۆنە ئەو ئەوەندە لەمە دڵنیایە. ئەو وا وەڵامی دامەوە "لەبەر ئەوەی هەزارجار ئەزموونی وام هەبووە،" و منیش نەمتوانی نەڵێم، "لەگەڵ ئەم کێشە نوێیە، ئەزموونەکەت وا بووە هەزار و یەکەمین جار".

ئەوەی من لە مێشکمدا بوو ئەوە بوو سەرنجکارییەکانی پێشووشی ڕەنگە لەو سەرنجە نوێیەی ڕاست و دروستتر نەبن؛ ئەوەش چونکە هەر یەکێک لە سەرنجەکانی لەبەر ڕۆشنایی "ئەزموونی پێشوو"ی لێکدراونەتەوە و لە هەمان کاتیشدا بە سەلماندنی سەربار ئەژمار کراون. من لە خۆمم پرسی، ئەوانە چ دەسەلمێنن؟ ئەوان هیچ لەوە زیاتر ناسەلمێنن کەوا دەکرێ کێشەیەک لەبەر ڕۆشنایی تیۆرییەک لێک بدرێتەوە. من وام بیرکردەوە، بەڵام ئەوە مانای زۆر کەم بوو، چونکە هەموو کێشەیەکی درک پێکراو دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی تیۆری ئەدلەر، یان بەهەمان شێوە هی فرۆید لێک بدرێتەوە. من ڕەنگە ئەمە بە دوو نموونەی جیاوازی ڕەفتاری مرۆڤ ڕوون بکەمەوە: بەوەی کەسێک منداڵێک بۆ ناو ئاو پاڵ پێوە دەنێت بە مەبەستی خنکاندنی؛ بەوەی کەسێک ژیانی خۆی دەکاتە قوربانی لەپێناو ڕزگارکردنی منداڵەکە. هەردوو ئەو کێشانە دەکرێت بە هەمان شێوەی ئاسان بە تێڕوانینی فرۆیدیانە و ئەدلەریانە شرۆڤە بکرێن. بەگوێرەی لێکدانەوەی فرۆید، کەسی یەکەم بەدەست چەپاندنەوە دەناڵێنێت (با بڵێین، بە هۆی هەندێک ئاڵۆزی گرێی ئۆدیپ)یانەوە، کەچی کەسی دووەم گەیشتۆتە ئاستی باڵابوون یان هەڵکشان. بەگوێرەی ئەدلەر، کەسی یەکەم بەدەست هەستەکانی خۆبەنزم زانییەوە دەناڵێنێت (ئەوەش لەوانەیە ئەو پێویستییەی تێدا بەرهەم بێنێت تا بۆ خودی خۆی ئەوە بسەلمێنێت دەوێرێت تاوانێک ئەنجام بدات)، کەسی دووەمیش هەمان کار دەکات (چونکە پێویستی بەوەیە بۆ خودی خۆی ئەوە بسەلمێنێت دەوێرێت منداڵەکە ڕزگار بکات). من ناتوانم بیر لە هیچ هەڵسوکەوتێکی مرۆڤ بکەمەوە نەکرێت بە پێی هەردوو

تیۆر لێک بدرێنەوە. ڕێک هەر ئەو ڕاستییە بوو -- کەوا هەمیشە لەگەڵی ڕێک دێتەوە و هەمیشە ڕاستی دەسەلمێنێت -- ئەمەش وای کردووە لەبەرچاوی ئەوانەی بەوانەوە دڵبەندن بەهێزترین وتووێژ لە بەرژەوەندیی ئەو تیۆرییانە پێک دەهێنن. جا ئەوە لای من ڕوون بۆوە هێزە دیارەکە لەڕاستییدا بیهێزیی ئەوان دەردەخات.

هەرچی تیۆرییەکەی ئاینشتاینە، ئەوا بارودۆخەکە لەگەڵیدا یەگجار جیاوازە. با نموونەیەکی تایبەتی وەربگرین -- پێشبینییەکەی ئاینشتاین، تەنیا هەر ئەو کات لەڕێگەی دۆزینەوەکاری گەشتەکەی ئێدینگتنەوە سەلمێنرا. تیۆری هێزی ڕاکێشانی ئاینشتاین بووە هۆی گەیشتن بەو ئەنجامەی دەبێت ڕۆناکی لەلایەن تەنە قورسەکانەوە (وەکوو خۆر) ڕابکێشرێت، ڕێک وەکوو ئەوەی چۆن تەنە ماددییەکان ڕادەکێشرێن. وەکوو دەرەنجامێکی ئەمەش دەکرێت وا ئەژمار بکرێت ڕۆناکی لە ئەستێرەیەکی نەجوولاوی دوورەوە، ئەوەی جێگە دیارەکەی لە خۆرەوە نزیکە لەو ئاڕاستەیەوە دەگاتە زەوی کەوا ئەو ئەستێرەیە کەمێک لە خۆر لایداوە؛ یان بە واتایەکی دیکە، دەتوانین بڵێین ئەو ئەستێرانەی لە خۆرەوە نزیکن وا دەردەکەون وەک بڵێی کەمێک لە خۆر، هەروەها لە یەکتریش دوور کەوتبنەوە. ئەمە شتێکە ناتوانرێت بە شێوەیەکی ئاسایی ببینرێت، چونکە ئەو ئەستێرانە لە کاتی ڕۆژدا بەهۆی گەشی تیشکی خۆرەوە نابینرێن؛ بەڵام لە کاتی خۆرگیراندا دەتوانرێت وێنەی ئەوان بگیرێت. جا ئەگەر وێنەی کۆمەڵە ئەستێرەیەک لە کاتی شەودا بگیرێت، مرۆڤ دەتوانێت دوورییەکەی نێوانیان لەو دوو وێنە گیراوانە بپێوێت و ئەنجامە پێشبینیکراوەکە لێک بداتەوە.

ئێستا شتە سەرنجڕاکێشەکەی ئەم کێشەیە لەو مەترسییە دایە کەوا پێشبینی لەو جۆرەی بۆ دەکرێت. جا ئەگەر سەرنجکارییەکە وای دەرخست کەوا ئەنجامە پێشبینیکراوەکە بەتەواوی نادیارە، ئەوسا تیۆرییەکە بەساکاری ڕەت دەکرێتەوە. چونکە تیۆرییەکە لەگەڵ هەندێ لە ئەنجامە شیاوەکانی سەرنجکاری ناگونجێت -- لەڕاستیشدا لەپاڵ ئەو ئەنجامانەی هەموو کەسێک پێش ئاینشتاین چاوەڕوانی دەکرد[1]. ئەمە بەتەواوی لەو بارودۆخەی پێشتر باسم کردبوو جیایە، کاتێک وا دەرکەوت تیۆرییە قسەلەسەرکراوەکان لەگەڵ هەڵسوکەوتە جیاوازە هەرە چاوەڕواننەکراوەکانی هەڵسوکەوتی

[1] ئەمە کەمێک زێدەسادەکردنەوەی تێدایە، چونکە نزیکەی نیوەی ئەنجامەکەی ئاینشتاین ڕەنگە لە تیۆری کلاسیکی وەرگیرابێت، بەو مەرجەی ئێمە تیۆری هاویژتنی ڕۆناکی گریمانە بکەین.

مرۆڤ ڕێک دێنەوە، بەجۆرێک کەوا بەکردەیی ئەستەمە بتوانرێت هیچ هەڵسوکەوتێکی باسکراوی مرۆڤ نەکرێت نەگوترێت ئەوە ڕاستاندنی ئەو تیۆرییانەیە.

ئەو لێوردبوونەوانە لە زستانی ساڵی ١٩١٩-١٩٢٠دا منی بەو ئەنجامگیرییە گەیاند و ڕەنگە ئێستا بتوانم بەمجۆرەی خوارەوە دایانبڕێژمەوە.

• ئاسانە سەلماندن، یان ڕاستاندن، نزیکەی بۆ هەر تیۆرییەک بەدەست بهێنیت -- ئەگەر ئێمە بەدوای سەلماندنەوە بگەڕێین.

• پێویستە سەلماندنەکان تەنیا ئەوکاتە حیسابیان بۆ بکرێت ئەگەر ئەنجامی پێشبینی مەترسیدار بوون؛ واتە، ئەگەر بە تیۆری بەردەست ڕوون نەکرابنەوە، واتە چاوەڕوانی ڕووداوێک بووبین کەوا لەگەڵ تیۆرییەک یەکنەگرێتەوە -- ڕووداوێکی وا تیۆرییەکی پێ ڕەت بکرێتەوە.

• هەر تیۆرییەکی زانستی "چاک" قەدەغەکردنێکە: تیۆرییەکە ڕێگری دەکات لە شتانێک ڕوو بدەن. هەرچەندەی تێۆرییەکە زیاتر ڕێگری بکات، ئەوەندە چاکترە.

• هەر تیۆرییەک بە هیچ ڕووداوێکی بەرچاو ڕەت نەکرێتەوە نازانستییە. ڕەتنەکرانەوە چاکێتیی تیۆرییەک نییە (وەک خەڵک زۆرجاران وا بیر دەکەنەوە) بەڵکوو خراپێتییە.

• هەموو تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینەی تیۆرییەک هەوڵێکە بۆ ساختەکردنی، یاخود ڕەتکردنەوەی تیۆرییەکە. تاقیکاری ساختەکارییە: بەڵام تاقیکاری ڕادەی هەیە: هەندێک تیۆری زیاتر تاقیکارانەن، زیاتر لەوانی دیکە دەکەونە بەر ڕەتکردنەوە: ئەوان، وەک هەن، زیاتر دەکەونە بەر مەترسییەوە.

• بەڵگەی سەلمێنەر حیسابی بۆ ناکرێت مەگەر کاتێک ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینەی تیۆرییەکە بێت؛ ئەمەش مانای ئەوەیە دەکرێت وەک هەوڵێکی جەرگسۆزانە بەڵام ناسەرکەوتووانە بۆ ساختەیی تیۆرییەکە پێشکەش بکرێت. (من ئێستا باسی بارودۆخی "بەڵگەی پشتگیریکەر" دەکەم.)

• هەندێک تیۆری تاقیکراوەی ڕاستەقینە، دوای ئەوەی دەریش دەکەوێت ساختەن، هێشتا دڵبەندەکانیان دەستییان پێوە دەگرن -- بۆ نموونە، لەڕێگای هێنانەپێشەوەی هەندێک گریمانەی یارمەتیدەری سەرپێی، یاخود لەڕێگای سەرلەنوێ لێکدانەوەی سەرپێیانەی تیۆرییەکە بەجۆرێکی وا لە ڕەتکرانەوە دەربازی ببێت. ئەم جۆرە کاروکردانە هەمیشە ڕێتێچوون، بەڵام تەنیا لەسەر حیسابی

تێکدان، یان هەر هیچ نەبێت دابەزاندنی پایەی زانستییە کەوا تیۆرییەکە ڕزگار دەکات. (من دواتر وەسفی ئەو کارەم وەکوو "بادانەوەی نەرێتکارییانە" یان وەکوو "فرۆفێڵی نەرێتکارانە" کردووە.)

مرۆڤ دەتوانێت هەموو ئەو قسانە بەو جۆرە پوخت بکاتەوە کەوا پێوەری پایەی زانستی تیۆرییەک بەدرۆخستنەوە، یان ڕەتکردنەوە، یان تاقیکردنەوەیەتی.

II

ڕەنگە من نموونە بۆ ئەوە لەڕێگای چەندین تیۆری کەوا تا ئێستا باسم کردوون بهێنمەوە. تیۆری هێزی ڕاکێشانی (ئاینشتاین) بەڕوونی پێوەری ساختەیێتی تێر دەکات. ئەگەر ئامرازەکانی پێوانی ئێستاش ڕێگەمانی نەدابێت ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوانە بەدڵنیاییەکی تەواوەوە دەربڕین، خۆ بەڕوونی شیمانەی ڕەتکردنەوەی تیۆرییەکە لە ئارادا بووە.

ئەستێرەوانی لە تاقیکردنەوەکەدا دەرنەچوو. ئەستێرەوانەکان بە شێوەیەکی مەزن کاریگەر بوون، بەهەڵەدابران، بەو بەڵگانەی پێیان وابووە بەڵگەی سەلمێنەرە -- تا ئەو ڕادەیەی ئەوان بەتەواوی گوێنەدەر بوون بە هەر بەڵگەیەکی نەگونجاو. وێڕای ئەمەش، ئەوان بەوەی لێکدانەوە و پێشبینییەکانیان زۆر ئاڵۆز کردبوو، دەیانتوانی هەر شتێک ببێتە مایەی ڕەتکردنەوەی تیۆرییەکە لێک بدەنەوە ئەگەر تیۆری و پێشبینییەکانیان وردتر بوونایە. جا بۆ ئەوەی خۆیان لە بەدرۆخستنەوە لابدەن ئەوان تاقیکارییەتی تیۆرییەکەی خۆیان تێک شکاند. فرۆفێڵێکی نموونەیی فاڵگرەوەکان ئەوەیە پێشبینی شتەکان ئەوەندە بە ئاڵۆزی دەکەن کەوا سەخت بێت پێشبینییەکان ناسەرکەوتوو بن یان ڕەت بکرێنەوە.

تیۆری مێژووی مارکسی، سەرەڕای هەوڵە جەرگسۆزانەییەکانی هەندێک لە دامەزرێنەران و دواکەوتەکانی، لە کۆتاییدا ئەو کردە فاڵگرەوەییانەی بەخۆوە گرت. لە هەندێک داهێنراوە زووەکانیاندا (بۆ نموونە، لە شیکردنەوەی مارکس بۆ ئاکاری "شۆڕشی کۆمەڵایەتیی داهاتوو") پێشبینییەکانیان تاقیکارانە بوو، بەڵام لەڕاستیدا ساختە بوو[2]. کەچی دواکەوتەکانی مارکس لەجیاتی ئەوەی ئەو ڕەتکردنەوانە پەسەند بکەن کەوتنە سەرلەنوێ لێکدانەوەی هەم تیۆرییەکە و هەم بەڵگەکە بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتریان بگونجێنن. ئەوان بەمجۆرە تیۆرییەکەیان لە ڕەتکردنەوە

2 بۆ نموونە، بڕوانە کتێبەکەم "کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی" پاری ١٥، بەشی ٣، هەروەها تێبینییەکانی ژمارە ١٣-١٤.

ڕزگار کرد؛ بەڵام ئەوەیان لەسەر حیسابی بەخۆوەگرتنی ئامرازێک کرد کەوا ڕەت نەکرێتەوە. ئەوان ئاوەها "بادانەوەی نەرێتکارییانە"یان بە تیۆرییەکە بەخشی؛ جا بەم فڕوفێڵە ئەوان دواپایەی زانستی زۆر بانگەشە بۆکراوەکەی خۆیان تێکوپێک دا.

هەردوو تیۆرییە دەروونشیکارییەکان لە بارێکی جیاواز دابوون. ئەوان بەشێوەیەکی ساکار تاقیکارییانە نەبوون، ڕەتنەکراوە بوون. هیچ هەڵسوکەوتێکی مرۆڤانەی وا نەبوو بتوانێت پێچەوانەی ئەوان بوەستێتەوە. ئەمە مانای ئەوە نەبوو فرۆید و ئەدلەر هەندێک شتیان بە ڕاست و دروستی نەدەبینی؛ من خۆم گومانم لەوە نییە کەوا زۆرێک لەو شتانەی ئەوان دەیڵێن گرنگییەکی بەرچاویان هەیە، جا لەوانەیە ڕۆژێک دابێت ئەوانە بەباشی ڕۆڵی خۆیان لە زانستی دەروونناسی کەوا بوارێکی تاقیکارییانەیە ببینن. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئەو "سەرنجکارییە روانینگەییانە"ی شیکەرەوەکان بە ساویلکەییەوە بڕوایان وایە تیۆرییەکەیان دەسەلمێنێت ناتوانێت پتر لەو سەلماندنە ڕۆژانەییانەی ئەستێرەوانەکان لە کارەکانیاندا دەیدۆزنەوە بکەن[3]. خۆ سەبارەت بە داستانی (من و بەرزە من و

[3] سەرنجکارییە ڕوانینگەییەکان "، وەکوو هەموو جۆرە سەرنجکارییەکی دیکە، لێکدانەوەن لەبەر ڕۆشنایی تیۆرییەکان؛ جا تەنیا لەبەر ئەم هۆیە ئەوان وا پێدەچێت بتوانن لەبەر ڕۆشنایی ئەو لێکدانەوانەی بۆیان کراوە پشتیوانی لەو تیۆرییانە بکەن. بەڵام پشتیوانی ڕاستەقینە دەکرێت تەنیا لەڕێگای ئەو سەرنجکارییانەی وەکوو تاقیکردنەوە ئەنجام دەدرێن بکرێت (ئەوەش بەهۆی "ڕەتکردنەوەی هەوڵ بۆدراو")؛ جا بۆ ئەم ئامانجە پێوەری ڕەتکردنەوە دەبێ پێشوەختە دابنرێت؛ پێویستە ڕێککەوتن لەسەر ئەوە بکرێت کامە بارودۆخی سەرنجدراو، ئەگەر بەڕاستی سەرنجی لێدرا بێت، ئەو مانایە دەگەیەنێت کەوا تیۆرییەکە ڕەتکراوەیە. بەڵام چ جۆرێک وەڵامگۆییەکی نۆڕینگەیی بەپێی قەناعەتی شیکەرەوەکە نەک تەنیا دەستنیشانکردنی شیکاری بەڵکوو خودی دەروونشیکاری ڕەت دەکاتەوە؟ ئاخۆ ئایا ئەم جۆرە پێوەرانە لەلایەن شیکەرەوەکانەوە قەت گفتوگۆیان لەسەرکراوە یان پەسەندکراون ؟ بەپێچەوانەشەوە، ئاخی کۆمەڵێکی زۆر لە چەمکی شیکاری وەک "دوولایەنە" نییە (من وا پێشنیار ناکەم شتێک نەبێت بە ناوی دوولایەنە) کەوا دەکات ڕێککەوتن لەسەر ئەم پێوەرانە زەحمەت بێت، ئەگەر ئەستەمیش نەبێت؟ لەپاڵ ئەمەشدا، چەند چوونەپێش لەبواری لێکۆڵینەوە لە پرسی ڕادە و مەودای پێشبینیکردنی (هەست و نەست) و تیۆرییەکانی ئەو شیکەرەوانە کراوە کەوا کار لە "وەڵامگۆیی ڕۆنینگەیی" نەخۆش دەکات؟ (ئەوەش ئەگەر هیچ لەبارەی هەوڵەکانی هەستەکی کارتێکردن لە نەخۆش بەهۆی پێشنیارکردنی لێکدانەوە بۆ ئەو، و شتی دیکە نەڵێین.) چەند ساڵێک لەمەوبەر من زاراوەی "کاریگەریی ئۆدیپەس"م هێناپێشەوە بۆ ئەوەی باسی کاریگەریی تیۆرییەک یان چاوەڕوانییەک یان پێشبینییەک لەسەر ڕووداوێک کەوا باس دەکرێت یان وەسف دەکرێت بکەم: ئەوەم بەبیردا دێتەوە کەوا ئەو زنجیرە سەرپێییەی بووە هۆی ئەوەی (ئۆدیپەس) باوککوژی بکات بەهۆی پێشبینی هێزەکەی سروش بۆ ئەو ڕووداوە دەستی پێکرد. ئەمە بیرۆکەیەکی نموونەیی و دووبارەبۆوەی ئەو جۆرە ئەفسانەیە، بەڵام ئەمە وا پێدەچێت سەرکەوتوو نەبووە لە ڕاکێشانی مەیلی شیکەرەوەکان، لەوانەشە ئەمە هەروا لەخۆوە نەبووبێت. (جا کێشەی خەونە سەلمێنراوەکان کەوا شیکەرەوەکان پێشنیاریان کردووە لەلایەن "فرۆید"ەوە گفتوگۆی

ئەو (The Ego, The Super-ego, and The ID)ی فرۆید ناکرێت هیچ داواکارییەکی بەهێزتر بۆ پایە زانستییەکەی بکرێت کەوا بۆ هەقایەتە کۆکراوەکانی ئۆلیمپەسی هۆمیرۆس دەکرێت. ئەو تیۆرییانە باسی هەندێک ڕاستی، بەڵام بەشێوازی ئەفسانە دەکەن. ئەوان پێشنیاری دەروونیی زۆر خۆشییان تێدایە، بەڵام بەشێوەیەکی تاقیکارییانە نین.

لە هەمان کاتیشدا، من بەوە گەیشتم کەوا ئەو جۆرە ئەفسانانە ڕەنگە گەشە بکەن و ببن بە بابەتی تاقیکاری؛ جا ئەگەر بەجۆرێکی مێژوویی قسە بکەین هەموو -- یان نزیکەی هەموو -- تیۆرییە زانستییەکان لە ئەفسانەوە پەیدا دەبن، هەروا لەوانەیە ئەفسانەیەک پێشبینیەکی گرنگی تیۆری زانستی تێدا بێت. نموونەکانیش بریتین لە تیۆری گەشەکردن لەڕێگای تاقیکردنەوە و هەڵەکردنەوە، یان ئەفسانەی باڕستی گەردوونیی نەگۆڕ کەوا هیچ شتێک تێیدا هەرگیز ڕوو نادات و ئەگەر ڕەهەندێکی دیکەی بۆ زیاد بکەین، ئەوا دەبێتە باڕستی گەردوونیی ئاینشتاین (کەوا لەویشدا هەرگیز هیچ ڕوو نادات، لەبەرئەوەی هەموو شتێک ، ئەگەر بە چوار ڕەهەندییانە قسە بکەین، هەر لە سەرەتاوە چارەنووسی دیاریکراوە و دانراوە). جا من بەمجۆرە هەستم بەوە کرد ئەگەر تیۆرییەک دەرکەوت نازانستییە، یان "میتافیزیکییە" (وەک ڕەنگە وا بڵێین)، لەسەر ئەمە ناکرێت وا دەربخەین کەوا ناگرنگە، یان بێبەهایە، یاخود "بێمانا"یە، یان "فشەیە"[4]. بەڵام

لەسەرکراوە، بۆ نموونە لە "کۆبەرهەمە دانراوەکان"—(بەرگی ٣، ١٩٢٥) لە لاپەڕە ٣١٥دا دەڵێت: "ئەگەر هەرکەسێک پێداگیری کرد کەوا زۆربەی ئەو خەونانەی لە شیکردنەوەکاندا بەکار دێن ... بنچینەکەیان دەچێتەوە سەر پێشنیار(ی شیکەرەوەکە)، ئەوسا ناکرێت هیچ گلەییەک لە ڕوانگەی تیۆری دەروونشیکاریدا بکرێت. کەچی هێشتا هیچ شتێک لەو ڕاستییەدا نییە،" و فرۆید بە سەرسوڕمانەوە ئەوەش دەخاتە سەر قسەکانی "کەوا بتوانێت لە متمانەداری ئەنجامەکانمان کەم بکاتەوە".)

[4] مەسەلەی ئەستێرەوانی، ئەوەی ئەوڕۆ گەندەزانستێکی نموونەییە، ڕەنگە ئەو خاڵە ڕوون بکاتەوە. ئەو بابەتە لەلایەن ئەرستۆییەکان و هزرگەراکانی دیکەوە تا سەردەمی نیوتن لەبەر هۆیەکی هەڵە کەوتبووە بەر هێرش -- لەبەر ئەو گریمانە ئێستا پەسەندکراوەی کەوا هەسارەکان "کاریگەری"ان لەسەر ڕووداوەکانی سەرزەمینی ("ژێرمانگ") ەوە هەیە. ئەوەی ڕاستی بێت، تیۆری ڕاکێشانی (نیوتن)، بەتایبەتیش تیۆری مانگ لەبارەی شەپۆلی خێزاوەوە، لەڕووی مێژووییەوە وەچەی زانیاری ئەستێرەوانییە. واپێدەچێت، "نیوتن" زۆر ناڕازی بووبێت بەوەی تیۆرییەک لە هەمان سەرچاوە و خانەوە وەربگرێت بۆ نموونە، وەک تیۆری ئەوەی بگوترێت پەتای "ئینفلەوەنزا" بەهۆی "کاریگەریی" ئەستێرەوەیە. هەروەها هیچ گومانێکی تێدا نییە، گالیلۆ بەڕاستی لەبەر هەمان هۆ تیۆری مانگی

ناتوانێت بانگەشە بۆ پشتگیریی ئەزموونی بە واتای زانستی بکات -- ئەگەرچی ڕەنگە بەئاسانی، لە هەندێک لایەنی پێکهاتەی ناوەکییەوە، "ئەنجامی سەرنجکاری"یش بێت.

(ژمارەیەکی مەزن لە تیۆری دیکەی خاوەن ئاکاری پێش زانستی و گەندەزانستی هەبوون؛ هەندێک لەوانە، بەداخەوە، هێندەی لێکدانەوەی مارکسی بۆ مێژوو کاریگەر بوون، بۆ نموونە، لێکدانەوەی ڕەگەزپەروەری بۆ مێژوو -- کەوا ئەویش تیۆرییەکە لەو تیۆریانەی هەم کارتێکەر و هەمە شێکەرەوەیە و وەکو جۆرێک لە ئاشکراکاری لەسەر مێشکە بێهێزەکان کار دەکات.)

ئا بەمجۆرە ئەو کێشەیەی من ویستم چارەسەری بکەم بە هێنانەپێشەوەی پێوەری ساختەکاری، ئەوە نە کێشەی بێمانایی یان بەهاداری، نە کێشەی ڕاست و دروستی یان پەسندێتی بوو. ئەوە کێشەی کێشانی هێڵێک بوو (هەروا دەکرێت ئەمەش بکرێت) لەنێوان گوتەکان، یاخود سیستەمی گوتەکانی زانستە ئەزموونگەرییەکان، هەروەها لەگەڵ هەموو گوتەکانی دیکە -- جا ئەوان خاوەن ئاکاری ئایینی یان میتافیزیکی بن، یاخود بە ساکاری گەندەزانستی بن. ساڵانێک دواتر -- دەبێت لەنێوان ساڵانی ١٩٢٨ یان ١٩٢٩ دا بوو بێت -- من ناوم لەو یەکەمین کێشەیەی خۆم نا "کێشەی سنووردانان". پێوەری ساختەکاری بۆ ئەم کێشەیەی سنووردانان چارەسەرە، چونکە ئەو دەڵێت گوتەکان یان سیستەمی گوتەکان، بۆئەوەی لە پایەی زانستی دابنرێن، گەرەکە توانایی ململانێیان لەگەڵ سەرنجکارییە شیاوەکان یان بیناوەکاندا هەبێت.

* ئەم پارچە نووسینە لەبنەڕەتدا لە کتێبی "مەزندە و ڕەتکردنەوە"ی (ساڵی ١٩٦٣)دا بڵاوکراوەتەوە.

** ئەم بابەتە لەم سەرچاوەوە وەرگێڕدراوە:

Karl Popper, Conjectures and Refutations, London: Routledge and Keagan Paul, 1963, pp. 33-39; from Theodore Schick, ed., Readings in the Philosophy of Science, Mountain View, CA: Mayfield Publishing Company, 2000, pp. 9-13.

لەبارەی خێزاوەوە ڕەت کردەوە؛ خۆ دردۆنگییەکەشی لەبارەی کێپلەرەوە ڕەنگە بەئاسانی بەهۆی دردۆنگییەکەی ئەو لە ئەستێرەوانی بوو بێت.



لۆژیکی دۆزینەوە یان سایکۆلۆژیی توێژینەوە[1]؟

تۆماس سامویڵ کوون

و. سارا عەلی عومەر



[1] ئەم توێژینەوەیە سەرەتا لەسەر بانگهێشتی پی.ئەی.شیلپ ئامادە کرا بۆ بەرگی داهاتووی خۆی بە ناوی (فەلسەفەی کارڵ ئارِ پۆپەر) کە لەلایەن کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی دادگای کراوە، لا سال، ئیل، لە کتێبخانەی فەیلەسوفە زیندووەکاندا بڵاو دەکرێتەوە. من زۆر سوپاسگوزاری هەردوو پرۆفیسۆر شیلپ و بڵاوکەرەوەکانم کە مۆڵەتیان دا وەک بەشێک لە بەڵگەنامەکانی ئەم سیمپۆزیۆمە پێش دەرکەوتنی لەو بەرگەی کە بۆ یەکەمجار داوای لێکرابوو چاپی بکەم.

ئامانجی من لەم لاپەڕانەدا ئەوەیە ئەو تێڕوانینەی گەشەسەندنی زانستی لە کتێبەکەمدا بە ناونیشانی (پێکهاتەی شۆڕشە زانستییەکاندا) هاتووە لەپاڵ یەک دابنێم بەمەبەستی بەراوردکردنیان لەگەڵ بۆچوونە باشتر ناسراوەکانی کارڵ پۆپەری[2] سەرۆکمان. بەشێوەیەکی ئاسایی واباشترە من ئەم جۆرە بەڵێنانە ڕەت بکەمەوە لەبەرئەوەی من وەک بەڕێز پۆپەر گەشبین و بەهیوا نیم سەبارەت بە سوودی ڕووبەڕووبوونەوە. جگە لەمەش، من زۆر دەمێکە بە کارەکانی ئەو سەرسامم تا لێرەوە ڕا ببم بە ڕەخنەگری کارەکانی. سەرەڕای ئەمەش، من باوەڕم وایە دەبێت ئەم هەوڵە بۆ ئەم بۆنەیە بدرێت. تەنانەت دوو ساڵ و نیو پێش ئێستا، پێش ئەوەی کتێبەکەشم بڵاو بکرێتەوە، دەستم کردبوو بە دۆزینەوەی تایبەتمەندییە تایبەت و زۆرجار مەتەڵ ئاساکانی پەیوەندیی نێوان دیدگاکانی من و ئەو. ئەو پەیوەندییە و ئەو کاردانەوە جیاوازانەی بەرەو ڕووی بوومەتەوە وای نیشان دەدەن کە بەراوردێکی ڕێکخراوی ئەو دووانە ڕەنگە ڕۆشناییەکی تایبەت بەرهەم بهێنێت. با پێت بڵێم بۆ پێم وایە ئەمە ڕوو دەدات.

بەنزیکەیی لەهەموو ڕەوشەکاندا کە بەڕوونی ڕوو لەهەمان کێشە دەکەین تێڕوانینە زانستییەکانی من و کارڵ زۆر چوونییەکن[3]. ئێمە هەردووکمان نیگەرانی ئەو پرۆسە داینامیکییەین کە زانیارییە زانستیەکان لە ڕێیەوە بەدەست دەهێنرێت وەک لە پێکهاتە لۆژیکییەکەی بەرهەمەکانی توێژینەوەی زانستی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو نیگەرانییە، هەرووکمان وەک داتایەکی ڕەوا جەخت لەسەر ڕاستییەکان و ڕۆحی ژیانی زانستی ڕاستەقینە دەکەینەوە و هەردووکمان زۆرجار دەگەڕێینەوە بۆ مێژوو

[2] بۆ مەبەستی ئەم باسەی خوارەوە پێداچوونەوەمان بە کتێبەکانی (کارڵ پۆپەر) [١٩٥٩]، [١٩٦٣] و [١٩٥٧] دا کردووە. هەروەها ناوبەناو ئاماژەم بە کارە بنچینەییەکانی [١٩٣٥] و [١٩٤٥] کردووە. کارەکەی منیش لە [1962] باسێکی فراوانتر لە زۆرێک لەو پرسانەی لە خوارەوە باس دەکرێن دەخاتە ڕوو.

[3] پێدەچێت شتێکی زیاتر لە ڕێکەوت لەم پێکداداچوونە بەرفراوانە بەرپرسیار بێت. هەرچەندە پێش دەرکەوتنی وەرگێڕانە ئینگلیزیەکەی کتێبەکەی ساڵی [١٩٣٥] لە ١٩٥٩دا، هیچ کام لە کارەکانی کارڵ-م نەخوێندبووەوە و (تا ئەو کاتە کتێبەکەم لە ڕەشنووسدا بوو)، بەڵام چەندین جار گوێم لە کۆمەڵێک بیرۆکەی سەرەکیی ئەو بوو کە باسیان لێکرابوو. بە تایبەتی گوێم لێ بووبوو لە بەهاری ساڵی ١٩٥٠دا کاتێک ویلیام جەیمسی وانەبێژ لە زانکۆی هارڤارد باسی هەندێکیان دەکرد، ئەم بارودۆخانە ڕێگەم پێنادات قەرزێکی هزری بۆ بەڕێز کارڵ دیاری بکەم، بەڵام دەبێت قەرزێک هەبێت.

بۆ دۆزینەوەیان. ئێمە لەم حەوزەی داتا هاوبەشە بە گەلێک ئەنجامی چوونییەک دەگەین.

هەردوولامان ئەو تێڕوانینە ڕەت دەکەینەوە کە پێی وایە زانست بە زیاد بوون پێشدەکەوێ؛ بەڵکوو جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە زانست بەشێوەی پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانە پێشدەکەوێت کە تێیدا بیردۆزێکی کۆن وەلادەنرێت و یەکێکی نوێی جیاواز جێی دەگرێتەوە[4]؛ هەروەها بەقووڵی جەخت لەسەر ئەو ڕۆڵە دەکەینەوە کە لەم پرۆسەیەدا بەهۆی شکستی ناوبەناوی بیردۆزی کۆنترەوە لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو یەخەگیرییانەی بەهۆی لۆژیک، تاقیکردنەوە، یاخود چاودێریکردنەوە دروست دەبن. من و بەڕێز کارڵ لەکۆتاییدا یەکین لەسەر دژایەتیی ژمارەیەک لە تایبەتمەندییە ڕەوشگەراکانی کلاسیک (Classical positivism). بۆ نموونە، ئێمە هەردووکمان جەخت لەسەر تێکەڵبوونی لێک نزیک و ناچاری زانستی لەگەڵ بیردۆزی زانستی دەکەینەوە؛ بەهەمان شێوە ئێمە گومانمان هەیە لە هەوڵەکان بۆ بەرهەمهێنانی زمانێکی چاودێریی بێلایەن؛ هەروەها سوورین لەسەر ئەوەی ڕەنگە زانایان بە شێوەیەکی دروست ئامانجیان داهێنانی بیردۆزێک بێت کە دیاردە هەستپێکراوەکان ڕوون بکەنەوە، هەروەها لەڕووی شتە ڕاستەقینەکانەوە ئەوە بکەن، جا ئەو شتە هەر شتێک بێت کە مەبەستیانە ڕوونی بکەنەوە.

هەرچەندە ئەو لیستە لە هەموو ئەو کێشانەی من و بەڕێز کارڵ لەسەری کۆکین پێکنەهاتووە[5]، بەڵام ئەوەندە فراوانە هەردووکمان لە هەمان کەمینە لەنێو فەیلەسوفانی هاوچەرخی زانستدا پۆلێن بکات. پێدەچێت هەر لەبەرئەوەش بێت شوێنکەوتووانی بەڕێز کارڵ بە جۆرێک لە جۆرەکان بە

[4] لە شوێنێکی تردا زاراوەی 'نموونەی باڵا paradigm' بەکاردەهێنم نەک 'بیردۆز' بۆ ئاماژەدان بەو شتانەی لە کاتی شۆڕشە زانستییەکاندا ڕەت دەکرێنەوە و جێگەی دەگرنەوە. چەند هۆکارێک بۆ گۆڕینی زاراوە لە خوارەوە دەردەکەون.

[5] ڕەنگە ئاماژەدان بە بوارێکی تری ڕێککەوتن دەربارەی ئەو شتانەی لێکتێنەگەیشتن لەسەری هەبووە زیاتر لەسەر ئەو شتانە جەخت بکاتەوە کە من پێم وایە جیاوازیی ڕاستەقینەن لەنێوان دیدگای من و بەڕێز کارڵدا. هەردووکمان سوورین لەسەر ئەوەی پابەندبوون بە نەریتێک ڕۆڵێکی سەرەکی لە پێشکەوتنی زانستدا هەیە. بۆ نموونە، ئەو نووسیویەتی، 'لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە تا ئێستا گرنگترین سەرچاوەی زانیاریمان- جگە لە زانستی زگماکی-- نەریتە (پۆپەر [١٩٦٣]، ل٢٧). زیاتر لەوەش، هەر لە ساڵی ١٩٤٨ کارڵ نووسیویەتی، 'پێم وانییە هەرگیز بتوانین خۆمان بەتەواوی لە پەیوەندییەکانی نەریت ڕزگار بکەین. ئەوەی پێی دەوترێت ئازادکردن لەڕاستیدا تەنها گۆڕانکارییە لە نەریتێکەوە بۆ نەریتێکی تر' ([١٩٦٣]، ل. ١٢٢).

بەردەوامی بوونەتە هاوسۆزترین ئامادەبووانی فەلسەفەکەی من وهەمیشە بۆ ئەمە سوپاسگوزارم. بەڵام ئەم سوپاسگوزارییەی من تێکەڵ کراوە. لەبەرئەوەی هەمان ئەو هاوڕاییەی سۆزی ئەوان دەبزوێنێ زۆرجار بە پێچەوانەی ئاراستەی بەرژەوەندییەکانیان دەڕوات. وا دیارە شوێنکەوتووانی بەڕێز کارڵ زۆرجار دەتوانن زۆربەی کتێبەکەم وەک درێژکراوەی ئەو پێداچوونەوەی بۆ کارە کلاسیکییەکەی ئەو، (لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی) کردوومە بخوێننەوە و بۆهەندێ خوێنەر وەک پێداچوونەوەیەکی تەواو جیاواز دەربکەوێ. یەکێک لە خوێنەرەکان دەپرسێت ئایا ئەو تێڕوانینەی لەسەر زانست کە لە پێداچوونەوەکەم بەناونیشانی (شۆڕشە زانستییەکان) هاتووە پێشتر خەڵک پێی ئاشنا بووە یان تێڕوانینی تەواو نوێن. یەکێکی تر کەوا بە بەزەییانەتر بڕیار دەدات، ڕەسەنایەتیی من قەتیس دەکات بە پیشاندانی ئەوەی کە دۆزینەوەکانی ڕاستی سووڕێکی ژیانیان هەیە هاوشێوەی ئەوانەی بە داهێنانی بیردۆزی خراونەتە ڕوو. هێشتا هەندێ خوێنەریش دڵخۆشیی خۆیان بەگشتی بۆ کتێبەکە دەردەبڕن بەڵام هەر حەزدەکەن زیاتر قسە لەسەر دوو بابەتی بەراورد بەوانی تر کەمتر گرنگتر بکەن کە تێیاندا ناکۆکیی من و بەڕێز کارڵ بەڕێژەیەکی ئاشکرا دیارە: ئەوانیش بریتین لە جەختکردنەوەی من لەسەر گرنگیی پابەندبوونی قووڵ بە نەریت و نیگەرانیم سەبارەت بە کاریگەرییەکانی زاراوەی 'ساختەکاری'. بەکورتی، هەموو ئەو کەسانە کتێبەکەم لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوەوە دەخوێننەوە، هەرچەندە ڕێگەیەکی تر بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن لێی هەیە. تێڕوانینەکان لەم دیدگایانەوە هەڵە نین و ناکۆکیی من و بەڕێز کارڵ دیار و هەستپێکراوە. هەرچەندە بەنزیکەیی هەموو خوێنەرانی دەرەوەی بازنەی پۆپەری (بەو خوێنەرانە دەوترێت فەلسەفەکەیان لەگەڵ فەلسەفەی پۆپەر هاوتەریبە یاخود کاریگەرن پێی) بێ جیاوازی تەنانەت لە درککردن بە هەبوونی هاوئاوازی شکست دێنن، هەر ئەم خوێنەرانەشن زۆربەی جار ئەوەی بۆ من کێشەی سەرەکییە دەناسنەوە و هەست پێدەکەن، هەرچەندە مەرج نییە بە هاوسۆزییەوە بێت. لەکۆتاییدا، دەڵێم کە گۆڕینی گۆشەی ڕوانین لە بابەتەکە خوێنەرانی کتێبەکەم بەسەر دوو گرووپ یان زیاتر دابەش دەکات. ئەو شتەی بۆ یەکێک لە گرووپەکان وەک لێکچوویەکی زەق وایە، بۆ ئەوەی تر تەواو نەبینراوە. خولیای تێگەیشتن لە هۆکاری ئەمە ئەم بەراوردکارییەی ئێستا لەنێوان دیدگای من و کارڵ دێنێتە کایەوە.

سەرەڕای ئەمە، ئەم بەراوردکارییە نابێت تەنها لەپاڵ یەکدانانی خاڵەکان بێت بۆ بەراوردکردن.

ئەوەی پێویستی بە سەرنج خستنە سەرە، چەقی ئەو بەشەیە من و کارڵ پێدەچێت تێیدا هاوڕابین، نەک ئەو بەشە لاوەکییانەی جیاوازییە ناوبەناوەکانمان دەردەخات بگرە باشترە کە ئەمانە وەلا بخرێت. من و بەڕێز کارڵ هەمان زانیاری بەکار دەهێنین، بەڕادەیەکی نائاسایی هەمان دێڕەکان لەسەر هەمان کاغەز دەبینین و پرسیارمان سەبارەت بە هەمان دێڕ و هەمان زانیاری کردووە و بەنزیکەیی زۆربەی جار هەمان وەڵام پێشکەش دەکەین، یاخود بەلایەنی کەمەوە وەڵامانێک دەدەینەوە کە بەناچاری و بێ ئەملا و لا لێکچوو دەردەکەون، بەهۆی ئەو شێوازی پرسیار و وەڵامەی کاری پێدەکرێ کە تێیدا پرسیار و وەڵامەکان بەجیا دەپرسرێن، بێ گەڕانەوە بۆ هۆکار و چوارچێوەی تر. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ئەزموونانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا باوەڕم پێدێنن نیازی هەردووکمان تەواو جیاوازە، کاتێک هەمان شت دەڵێین. هەرچەندە زانیارییەکان هەمان زانیارین، بەڵام خوێندنەوە و ئەنجامی جیاوازییان لێ دێتە بوون. هەر لەبەرئەوەشە، ئەوەی ئێمە لێک جیادەکاتەوە وەک لەوەی بە هاوڕانەبوون ناوی ببەم، بە گۆڕان لە گۆشەی ڕوانین ناوی دەبەم و، بۆیەش من لەیەک کاتتدا هەم سەرلێشێواوم، هەمیش مەراقم کردووە چۆن بتوانم بە باشترین شێوە بەدواداچوون بۆ ئەم لێک جیابوونەوەیە بکەم. من چۆن بتوانم باوەڕ بە بەڕێز کارڵێک بێنێم ئەوەی من دەیزانم ئەو دەیزانێت دەربارەی پێشکەوتنی زانستی و، لە شوێنانی تر وتوویەتی ئەوەی ئەو بە مراوی ناوی دەبات دەتوانرێ وەک کەروێشکیش ببینرێ. من چۆن بتوانم پیشانی ئەوی بدەم کە چۆن دەبێت ئەگەر بێت و بە دیدگای من لە شتەکان بڕوانێت، لە کاتێکدا ئەو هەرخۆی فێری ئەوەبووە لەڕێگە و دیدی خۆیەوە سەیری هەموو ئەو شتانە بکات کە دەتوانم پەنجەیان بخەمەسەر. لەم بارودۆخەدا پێویستە گۆڕانکاری لە ستراتیژیدا بکرێت و، ئەوەی ئێستا باسی دەکەم خۆی پێشنیار دەکات. ئەویش بریتییە لە جارێکی تر دووبارە خوێندنەوەی ژمارەیەک لە کتێب و وتارە سەرەکییەکانی بەڕێز کارڵ، و بە کردنی ئەمەش دووبارە ڕووبەڕووی زنجیرەیەک دەستەواژەی دووبارەبووەوە دەبمەوە کە هەرچەندە لێیان تێدەگەم و زۆریش ناهاوڕانیم لەگەڵیان، بەڵام دەستەواژانێکن من قەت نەمدەتوانی لەهەمان شوێندا بەکاریان بهێنم. هیچ گومانێکی تێدا نییە ئەم دەستەواژانە بە مەبەست بە شێوازێکی جوان وەک خوازە بەکارهاتوون بۆ ئەو بارودۆخانەی بەڕێز کارڵ لە شوێنانی تردا وەسفی ناوازەی بۆ پێشکەش کردوون. ئەگەرچی ئەم خوازانە بۆ من نەگونجاو خۆ پیشان دەدەن،

بەڵام بۆ ئامانجی ئێستامان لەوانەیە بەسوودتر بێت وەک لە بەکارهێنانی وەسفی ڕاستەوخۆ. ئەم خوازانە لەوانەیە دەرخەری جیاوازیی چوارچێوەیی بن کە دەربڕینێکی وشەیی ورد دەیشارێتەوە. ئەگەر ئەوە وابێت، کەوایە ئەم دەستەواژانە وەک دێڕێکی سەر کاغەز مامەڵە ناکەن، بەڵکوو وەک گوێی کەروێشک و شاڵ و قردێلەی مل کە سەرنجی دەخرێتە سەر کاتێک هاوڕێیەک فێری گۆڕینی شێوازی بینینی هێلکارییەکی گێشتاڵت Gestalt diagram دەکەین. لانیکەم ئەمە هیوای منە بۆیان. من چوار جیاوازی دەستەواژەم لە مێشکدایە کە بەشێوەی زنجیرەی یەک بەدوای یەک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەم.

یەکەم

لە بنچینەییترین ئەو پرسانەی من و بەڕێز کارڵ لەسەری کۆکین سووربوونمانە لەسەر ئەوەی شیکاریی پێشکەوتنی زانیاری زانستی دەبێت ڕەچاوی شێوازی جێبەجێکردنی زانست لە ڕاستیدا بکات. کەوابێت، ژمارەیەک لە گشتاندنە دووبارەهاتووەکانی ئەو تووشی سەرسوورمانم دەکەن. یەکێک لەوانە ڕستەکانی سەرەتای بەشی یەکەمی کتێبی (لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی) دەخاتە ڕوو و، تێیدا کارڵ ئاماژە بەوە دەدات کە زانا، چ بیردۆزەوان بێت یاخود تاقیکار، دەربڕینێک یان سیستەمێک لە دەربڕین دەخاتە ڕوو و هەنگاو بە هەنگاو بەتایبەت لە بواری زانستە ئەزموونییەکان، گریمانە یان سیستەمی بیردۆزی بنیات دەنێن و بە چاودێری و تاقیکردنەوە لەبەرامبەر ئەزموونەدا تاقییان دەکاتەوە[6]. ئەم دەربڕینە زیاتر کلێشەیە، بەڵام لە بەکارهێناندا سێ کێشە دەخاتەڕوو. یەکەم لە شکستهێنانیاندا لە دیاریکردنی ئەوەی کام دوو جۆر لە دەربڕین یان بیردۆز تاقی دەکرێتەوە، ناڕوونە. ئەوە ڕاستە دەتوانرێ ئەم ناڕوونییە بە ئاماژەدان بە بڕگەکانی دیکەی نووسینەکانی بەڕێز کارڵ نەهێڵدرێت، بەڵام ئەو گشتاندنانەی کە لە ئەنجامدا دەردەکەون لەڕووی مێژووییەوە هەڵەن. جگە لەمەش، بوونی ئەم هەڵەیە گرنگە چونکە شێوەی ناڕوونی وەسفەکە ئەو تایبەتمەندییە هەرە سەرەکییەی جێبەجێکردنە زانستییەکان لەخۆناگرێت کە زۆر بەنزیکەیی زانست لەکاری تری داهێنەرانە جیا دەکاتەوە.

[6] (پۆپەر) [١٩٥٩]، ل.٢٧.

هیچ جۆرە دەربڕین و گریمانەیەک نییە زاناکان بەشێوەیەکی دووبارە بیخەنە بەر تاقیکارییەکی سیستەمی. من دەربڕینەکانی باشترین پێشبینییەکانی کەسێکم لە مێشکدایە سەبارەت بە ڕێگای دروستی گرێدانی کێشەی توێژینەوەکەی بەو کۆمەڵە زانیارییە زانستییەی کە پشتڕاست کراونەتەوە. بۆ نموونە، لەوانەیە ئەو گریمانەیە بکات و بڵێت ماددەیەکی کیمیایی نەناسراو خوێی زەوییەکی دەگمەنی تێدایە، یان بڵێت قەڵەویی مشکەکانی تاقیگە بەهۆی پێکهاتەیەکی دیاریکراوی خۆراکیانەوەیە، وەیانیش بڵێت کاریگەرییەکانی خولخواردن هۆکاری شێوازێکی شەبەنگی تازە دۆزراوەیە. لەهەر بارێکدا بێت، هەنگاوەکانی داهاتووی توێژینەوەکەی بریتییە لە تاقیکردنەوە و خستنەبەر ئەزموونی گریمانەکەی یاخود مەزەندەکەی. ئەگەر لە بەشێکی تەواوی تاقیکردنەوەکان یاخود تاقیکردنەوە ڕەخنەییەکان دەربچێت، ئەوە زاناکە دۆزینەوەیەکی کردووە یان لانیکەم ئەو مەتەڵەی هەڵهێناوە کە سەرەتا دانرابوو و ئەگەریش دەرنەچوو، ئەوسا دەبێت بەتەواوی واز لەو مەتەڵە بهێنێت، یانیش بە یارمەتی گریمانەی تر هەوڵی چارەسەرکردن و هەڵهێنانی بدات. زۆرێک لە کێشەکانی توێژینەوە، ئەگەرچی هەموویان نا، لەسەر ئەم شێوازە دەڕۆن. پێکهاتەی ستانداردی ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە ئەوەیە کە من لە شوێنی تر بە "زانستی ئاسایی" یاخود "توێژینەوەی ئاسایی" ناوم هێناوە، کە پڕۆژەیەکە زۆربەی زۆری ئەو کارانە پێکدەهێنێت لە زانستە بنەڕەتییەکاندا ئەنجام دەدەرێن. هەرچەندە بە هیچ شێوەیەکی ئاسایی ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە ئاراستەی بیردۆزی ئێستا ناکرێت. بەڵکوو بە پێچەوانەوە، کاتێک زانا سەرقاڵی کێشەیەکی توێژینەوەیەکی ئاسایی دەبێت، دەبێت بیردۆزیی ئێستای بکات بەبنچینەی یاساکانی یارییەکەی. ئامانجی ئەو چارەسەرکردنی مەتەڵێکە پێشتر ئەوانی تر لە چارەسەرکردنی سەرکەوتوو نەبوون و پێویستە بیردۆزە تازەکەی پێناسەی ئەو مەتەڵە بکات و بە ڕەچاوکردنی زیرەکیی تەواوی زاناکەش پێویستە گەرەنتی ئەوە بدات توانایی چارەسەرکردنی مەتەڵەکەی هەیە[7]. بێ گومان ئەو کەسەی هەوڵێکی ئاوها دەدات دەبێت هەردەم

[7] بۆ باسێکی فراوانی زانستیی ئاسایی، ئەو چالاکییەی کە جێبەجێکارانی لەسەر ئەنجامدانی ڕاهێنراون، سەرنجی کتێبەکەی ساڵی [١٩٦٣]م لاپەڕەکانی ٢٣-٤٢ و ١٣٥-١٤٢ بکە. گرنگە تێبینی ئەوە بکەین کە کاتێک من زانا وەک چارەسەرکەرێکی مەتەڵ وەسف دەکەم و بەڕێز کارڵ وەک چارەسەرکەری کێشە وەسفی دەکات (بۆ نموونە، لە کتێبەکەی [١٩٦٣]، ل٦٧، ٢٢٢)، لێکچوونی زاراوەکانمان جیاوازییەکی بنەڕەتی دەشارێتەوە. کارڵ دەنووسێت (ئەو نووسینانەی کە بە لاری نووسراون هی ئەون)، دان بەوە دادەنێم کە چاوەڕوانییەکانمان و بەو پێیەش بیردۆزەکانمان ڕەنگە تەنانەت لەڕووی مێژووییەوە لە پێش کێشەکانمانەوە بێت. (لەگەڵ ئەوەشدا، زانست تەنها لە کێشەکانەوە

چارەسەری مەتەڵە مەزەندەییەکەی تاقی بکاتەوە بەپێی کارامەیی و لێهاتوویی خۆی و تەنها مەزەندەکەی خۆی تاقی دەکرێتەوە. ئەگەر لە تاقیکردنەوەکە دەرنەچوو ئەوە تەنها توانایی خۆی دەکەوێتە ژێر گومانەوە، نەوەک ئەو زانستەی کە هەیە. بەکورتی، هەرچەندە لە زانستی ئاساییدا تاقیکردنەوەی زۆر دێتە بەردەم، بەڵام ئەم تاقیکردنەوانە لە جۆری تایبەتن، لەبەرئەوەی لە شیکاریی کۆتاییدا، ئەوە تاکی زانایە تاقی دەکرێتەوە نەک ئەو بیردۆزەی کە هەیە.

هەرچەندە ئەمە ئەو جۆرە تاقیکردنەوەیە نییە کە لەمێشکی بەرێز کارڵ دایە. ئەو لە سەرووی هەموو شتەکانەوە گرنگی بەو ڕێکارانە دەدات کە بەهۆیانەوە زانست گەشە دەکات و، ئەو باوەڕی وایە 'گەشەسەندن' بەتەنها لەڕێگەی زیادکردن ڕوو نادات، بەڵکوو بە لادان و فڕێدانی بیردۆزێکی پێشتر پەسەندکراو و لەجێدانانی یەکێکی باشتر ڕوو دەدات[8]. (بیرۆکەی دانانی گەشەسەندن لەژێر وەلانانی دووبارەبووەوە هەر لەڕووی زمانەوانیشەوە نامۆیە، وەلێ لەوانەیە هۆکارەکەی بەرە بەرە ڕوونتر ببێتەوە لەگەڵ بەردەوامبوونمان.) بە گرتنەبەری ئەم بۆچوونە بۆمان دەردەکەوێت ئەو تاقیکردنەوانەی کارڵ جەختیان لەسەر دەکاتەوە ئەوانەن بۆ لێکۆڵینەوە لە سنووری بیردۆزە پێشتر پەسەندکراوەکان یاخود بۆ ئەوەی بیردۆزە تازەکان بخرێنە بەر زۆرترین فشار ئەنجام دەدرێن. تاقیکردنەوەکانی (لاڤۆیزەر) لەسەر بەکلسبوون و گەشتەکانی مانگگیرانی ١٩١٩ و تاقیکردنەوەکانی ئەم دواییە لەسەر پاراستنی یەکسانی لەنێو نموونە دڵخوازەکانی کارڵن کە هەموویان سەرسامکەر و وێرانکەرن لە ئەنجامەکانیاندا[9]. بێ گومان ئەم تاقیکردنەوانە هەموو تاقیکردنەوەی کلاسیکین، بەڵام لە بەکارهێنانیاندا بۆ پێناسەکردنی چالاکیی زانستی شتێکی ئێجگار گرنگ لەبیر دەکات. زنجیرەی لەم شێوەیە لە پێشکەوتنی زانستیدا یەکجار دەگمەنن. کاتێک ڕوو دەدەن، بەگشتی یان بەهۆی

سەرهەڵدەدات.) کێشەکان بەتایبەتی کاتێک سەرهەڵدەدەن کە لە چاوەڕوانییەکانمان بێهیوا بووین، یان کاتێک بیردۆزەکانمان ڕووبەڕووی سەختیمان دەکەنەوە وەک کەوتنە هاودژێتی contradiction--من زاراوەی "مەتەڵ" بەکاردێنم بۆ جەختکردنەوە لەوەی کە ئەو سەختییانەی بە شێوەیەکی ئاسایی ڕووبەڕووی باشترین زاناکانیش دەبنەوە وەک مەتەڵی وشەی بڕاو یاخود مەتەڵەکانی شەترەنج، تەنها یەخەی بلیمەتیی زاناکە دەگرێ، زاناکە لە سەختیدایە نەک بیردۆزەکەی ئێستا. خاڵەکەم لێرە نزیکەی پێچەوانەی ئەوەی بەڕێز کارڵە.

[8] بڕوانە. (پۆپەر) [١٩٦٣]، ل.١٢٩، ٢١٥ و ٢٢١، بۆ لێدوانی بەهێزی تایبەت لەسەر ئەم هەڵوێستە.
[9] بۆ نموونە، (پۆپەر) [١٩٦٣]، ل. ٢٢٠

قەیرانێکی پێشوو لەبواری پەیوەندیداردا وەک تاقیکردنەوەکانی (لاڤۆیزەر یان ئەوانەی لی و یانگ[10]) یان بەهۆی بوونی بیردۆزێکەوە کە کێبڕکێ لەگەڵ یاساکانی ئێستای لێکۆڵینەوە دەکات وەک (بیردۆزی ڕێژەیی ئەنیشتاین) ڕوو دەدات. هەرچۆنێک بێت، ئەمانە ئەو لایەن یان ئەو ڕەوشانەن لە شوێنی تر بە "توێژینەوەی سەرووئاسایی" ناوم هێناوە، کە پڕۆژەیەکە تێیدا زانایان ژمارەیەکی زۆر لەو تایبەتمەندییانەی بەڕێز کارڵ جەختیان لەسەر دەکاتەوە پیشان دەدات، بەڵام ئەم پڕۆژەیە لانیکەم لە ڕابردوودا بە شێوەی پچڕ پچڕ و لەژێر بارودۆخی تەواو تایبەتدا لەهەر بوارێکی زانستیدا سەری هەڵداوە[11].

هەربۆیە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە پێناسی تەواوی پڕۆژە زانستییەکەی کارڵ تەنها بەسەر بەشە شۆڕشگێڕییە ناوبەناوەکان جێبەجێ دەبێت. جەختکردنەوەکەی ئەو سروشتی و ئاساییە: دەستکەوتەکانی (کۆپەرنیکۆسێک یان ئەنیشتاین) خوێنەری زیاتر بۆخۆیان ڕادەکێشن وەک لەوانەی براهی و لۆرێنتز و، کارڵ یەکەم کەس نییە کە بە هەڵە لەوەی من پێی دەڵێم زانستی ئاسایی، کە هەر بەسروشتی پڕۆژەیەکی بێزارکەرە، وەرگرتبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ناتوانین نە لە زانست و نە لە پێشکەوتنی زانستیش بگەین ئەگەر توێژینەوە تەنیا لەڕێگەی ئەو شۆڕشانەی کە ناوبەناو بەرهەمی دەهێنێت ببینرێت. بۆ نموونە، هەرچەندە تاقیکردنەوەی پابەندبوونە بنەڕەتییەکان تەنها لە زانستی سەرووئاساییدا ڕوو دەدات، بەڵام ئەوە زانستی ئاساییە خاڵەکان و چۆنییەتیی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە پیشان دەدات. یان دیسانەوە، کەسانی پیشەگەر بۆ جێبەجێکردنی ئاسایی زانست ڕاهێنراون نەک سەرووئاسایی: ئەگەر سەرەڕای ئەوەش هەر سەرکەوتووبن لە لەجێلادان و لە جێدانانی ئەو بیردۆزانەی کە جێبەجێکردنێکی ئاسایی پشتی پێبەستووە، ئەوکات ئەو نامۆییە پێویستە ڕوون بکرێتەوە. لە کۆتاییدا و ئەمە بۆ ئێستا خاڵە سەرەکییەکەی منە، سەیرکردنێکی وردی پڕۆژەی زانستی دەریدەخات ئەوە زانستی ئاساییە جۆری تاقیکردنەوەکانی کارڵی تێدا ڕوو نادات، نەک زانستی سەرووئاسایی کە بەنزیکەیی زانست لە هەوڵەکانی تر جیا دەکاتەوە. ئەگەر پێوەرێکی

[10] بۆ کارەکەی بە کلساندن سەیری (گێرلا(Guerlac) [١٩٦١] بکە. بۆ پاشخانی تاقیکردنەوەکانی یەکسانی سەیری (هافنەر و پرێسوود)[١٩٦٥] بکە.

[11] ئەم خاڵە بەدرێژی لە کتێبەکەی ساڵی [١٩٦٢] م ل. ٥٢-٩٧ باس کراوە.

جیاکەرەوە هەبێت، (کە پێموایە نابێت بەدوای پێوەرێکی تیژ و یەکلاکەرەوەدا بگەڕێین)، لەوانەیە تەنها لەو بەشەی زانستدا بوونی هەبێت کە کارڵ پشتگوێی دەخات.

بەڕێز کارڵ لە یەکێک لە ورووژێنەرترین وتارەکانیدا سەرچاوەی "نەریتی گفتوگۆی ڕەخنەیی نوێنەرایەتی تاکە ڕێگەی جێبەجێکاری دەکات بۆ فراوانکردنی زانیارییەکانمان" دەگەڕێنێتەوە بۆ فەیلەسوفە یۆنانییەکان، بۆ (تەیلیس و ئەفلاتوون) کە بەڕێز کارڵ وای دەبینێت ئەوانە ئەو کەسانەن هانی گفتوگۆی ڕەخنەییان داوە، چ لەنێوان قوتابخانەکان یاخود لەنێو قوتابخانەی تاک[12]. وەسفی گفتوگۆکانی پێش سوکرات زۆر شیاو و گونجاو بووە بۆئەوکاتە، بەڵام ئەوەی باس دەکرێ بە هیچ جۆرێ لە زانست ناکا. بەڵکوو نەریتی واگۆیی و دژە واگۆیی و مشتومڕە، کە لەوکاتەوە، ڕەنگە جگە لە سەدەکانی ناوەڕاست، بەشێک بوونە لە فەلسەفە و بەشێکی زۆری زانستە کۆمەڵایەتییەکان. هەر لەچەرخی هێلینیدا زانستەکانی وەک بیرکاری و گەردوونزانی و ئامار و بەشە ئەندازەییەکانی دیدەیی ئەم جۆرە لە وتاریان لە بەرژەوەندیی چارەسەرکردنی مەتەڵ واز لێهێنابوو. لەوکاتەوە ژمارەیەکی زۆر لە زانستەکانی تریش بەهەمان گۆڕانکاریدا ڕۆیشتوون. بەجۆرێک ئەگەر تێڕوانینەکانی بەڕێز کارڵ بە پێچەوانەوە وەرگرین، ئەوە ڕێک وەک جێهێشتنی وتاری ڕەخنەیی کە گۆڕانکاری زانستێک دیاری دەکات وایە. هەرکاتێک بوارێک ئەم گۆڕانکارییەی کرد، ئەوە گفتوگۆی ڕەخنەیی تەنها لەکاتی قەیران دووبارە ڕوو دەدات کاتێک بنچینەکانی بوارەکە دووبارە دەکەوێتە مەترسییەوە[13]. زاناکان تەنها ئەوکاتە وەک فەیلەسوف ڕەفتار دەکەن کە پێویستە لەسەریان هەڵبژاردن لەنێوان دوو بیردۆزی کێبڕکێکار بکەن. هەربۆیە، من وای بۆدەچم کە بۆیە وەسفی زیرەکانەی بەڕێز کارڵ بۆ هۆکارەکانی هەڵبژاردنی سیستەمە مێتافیزیکییەکان زۆر لە وەسفەکانی من بۆ هۆکارەکانی هەڵبژاردنی نێوان بیردۆزە زانستییەکان دەچێت[14]. هەروەها پێویستە بەکورتی ئەوەش پیشان بدەم لە هیچ کام لە هەڵبژاردنەکان تاقیکردنەوە ناتوانێت ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە بگێڕێت.

[12] (پۆپەر) [١٩٦٣]، بەشی ٥، بەتایبەت لاپەڕەکانی ١٤٨-١٥٢.

[13] هەرچەندە ئەوکاتە بەدوای هێلێکی جیاکەرەوەدا نەدەگەڕام، تەنها ئەم خاڵانە لە کتێبەکەی [١٩٦٢]م لە لاپەڕەکانی ١٠-٢٢ و ٨٧-٩٠ بەدرێژی باس کراوە.

[14] بڕوانە، (پۆپەر) [١٩٦٣]، لاپەڕەکانی ١٩٢-٢٠٠، لەگەڵ کتێبی [١٩٦٢]م لاپەڕەکانی ١٤٣-١٥٨.

هۆکاری باش هەن دەریدەخەن بۆچی تاقیکردنەوە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی نەبووە و لە لێکۆڵینەوە لێیان لەوانەیە مراوییەکەی کارڵ ببێت بە کەروێشکەکەی من. هیچ پڕۆژەیەکی مەتەڵ چارەسەرکردن بوونی نابێت ئەگەر جێبەجێکارەکانی هەمان پێوەر بەکار نەهێنن کە بۆ ئەو گرووپە و ئەوکاتە دیاری دەکات کەی مەتەڵێکی دیاریکراو چارەسەرکراوە. هەمان پێوەریش، بەدڵنیاییەوە شکست لە گەیشتن بە چارەسەرێک دیاری دەکات، ئەوەیشی بیەوێت دەتوانێت ئەو شکستە بە شکستی بیردۆزێک کە لە تاقیکردنەوەیەک دەرنەچووە ببینێت. ئاسایی هەروەک پێشتریش سوور بووم لەسەری بەمشێوەیە نابینرێت. تەنها ئەوەی کارەکەی ڕاپەڕاندووە لۆمە دەکرێت نەک کەرەستەکانی. بەڵام لەژێر ئەو بارودۆخە تایبەتانەی کە دەبێتە هۆی قەیران لە پیشەکەدا وەک توشبوون بە نوشست یاخود شکستە دووبارەبووەوەکانی زیرەکترین پیشەگەرەکان، ڕەنگە بیروڕای گرووپەکە بگۆڕێت. شکستێک، کە پێشتر شتێکی کەسی بووە، لەوانەیە ئەوکاتە وەک شکستی بیردۆزێک لەژێر تاقیکردنەوەیەک ببینرێت. لەدواییدا، لەبەرئەوەی تاقیکردنەوەکە لە مەتەڵێکەوە سەری هەڵداوە و پێوەرە جێگیرەکانی چارەسەری هەڵگرتووە، بۆیە دەیسەلمێنی کە خۆدزینەوە لێی سەخت و گرانە لەچاو ئەو تاقیکردنەوانەی لە نەریتێکدا بەردەستن کە شێوازە ئاساییەکەیان وتاری ڕەخنەییە نەک مەتەڵ چارەسەرکردن.

بۆیە بەم شێوەیە، سەختیی پێوەری تاقیکردنەوە ئاسایی تەنها یەک ڕووی دراوەکەیە و ڕووەکەی تری بریتییە لە نەریتی چارەسەرکردنی مەتەڵ. هەربۆیەش، زۆرجارهێڵە جیاکەرەوەکەی من و کارڵ پێکەوە دەردەکەون. هەرچەندە ئەم ڕێکەوتەش تەنیا لە ئەنجامەکانیاندایە؛ بەڵام پرۆسەی جێبەجێکردنیان زۆر جیاوازە و لایەنە جیاوازەکانی چالاکییەکە جیا دەکاتەوە کە یارمەتیدەرن لە بڕیاردان لەسەر زانستی و نازانستیی ئەنجامەکە. بە لێکۆڵینەوە لە ڕەوشە بێزارکەرەکانی وەک دەروونشیکاری و دیرۆکنووسینی مارکسی، کارڵ پێمان دەڵێت لە سەرەتادا پێوەرەکەی بۆ ئەوان داڕێژراوە[15] و، من ئێستا هاوڕام لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا بەم دوو بوارە نەوترێت 'زانست'. بەڵام من بەڕێگایەکی زۆر دڵنیاتر و ڕاستەوخۆتر لە کارڵ دەگەم بەم ئەنجامە. نموونەیەکی کورت ڕەنگە ڕاستەوخۆ ئەوە پیشان بدات کە لە هەردوو پێوەری تاقیکردنەوە و چارەسەرکردنی مەتەڵ، ئەوەی دووەمیان کەمتر ناڕوونە و زیاتر بنچینەییترە.

بۆخۆلادان لە بابەتە مشتومڕ هەڵگرە ناپەیوەندیدارەکانی ئێستا زیاتر ڕەچاوی ئەستێرەناسی دەکەم تا دەروونشیکاری. ئەستێرەناسی زۆرترین جار وەک 'زانستی ساختە[16]' لەلایەن کارڵەوە ئاماژەی پێ دراوە. کارڵ دەڵێت: ' بە تەمومژاویکردنی تەواوی شیکردنەوە و پەیامەکانیان، ئەستێرەناسەکان توانیویانە هەرشتێک ڕوون بکەنەوە کە ڕەنگە بیردۆزەکەی هەڵوەشاندباوە ئەگەر بهاتایە بیردۆزەکە و پەیامەکە زیاتر وردتربوونایە. بۆئەوەی خۆیان لە ساختەکاری دەرباز بکەن هەموو ئەگەرێکی تاقیکاری بیردۆزەکەیان لەناو برد. ئەم گشتاندنانە شتێک لە ڕۆحی هەوڵە ئەستێرەناسییەکان وەدەست دەخەن[17]. بەڵام ئەگەر هەموو شتەکان بەوشێوەیە وەرگرین کە هەیە، کە هەردەبێ واشبێ ئەگەر ئەستێرەناسەکان بیانەوێ پێوەرێکی جیاکەرەوە دابنێن (بەمانایەکی تر ئەگەر بیانەوێت ئەستێرەناسی وەک زانست سەیر بکرێت)، باوەڕهێنان پێیان ئەستەمە. مێژووی ئەستێرەناسی بەدرێژایی ئەو سەردەمانەی لەڕووی هزرییەوە ناوبانگێکی زۆری هەبوو، پڕە لەو پێشبینییانەی ڕاستەوخۆ شکستیان هێناوە[18]. تەنانەت سەرسەختترین بەرگریکارەکانی ئەستێرەناسی گومانیان لە دووبارەبوونەوەی ئەوجۆرە شکستانە نەبوو. بەڵام تەنها لەبەر شێوازی پێشبینییەکانی، ناتوانرێ ئەستێرەناسی لە زانستەکان جیا بکرێتەوە و قەدەغە بکرێت.

ناشبێ لەبەر ئەوشێوازەی جێبەجێکارەکانیان شکست ڕوون دەکەنەوە قەدەغە بکرێت. بۆنموونە، پێچەوانەی پێشبینییە گشتییەکان دەربارەی، بابڵێین، مەیلی تاک یان کارەساتێکی سروشتی، ئەستێرەناسەکان ئاماژەیان بەوەکرد کە پێشبینیکردنی داهاتووی تاکێک کارێکی یەکجار ئاڵۆز

[15] (پۆپەر) [١٩٦٣]، ل. ٣٤

[16] پێڕستی کتێبەکەی (پۆپەر) [١٩٦٣] هەشت نووسینی لەژێر سەردێڕی ' ئەستێرەناسی وەک نموونەی زانستی ساختە' تێدایە.

[17] (پۆپەر) [١٩٦٣]، ل.٣٧

[18] بۆ نموونە سەرنجی، (تۆرندیکThorndik) [١٩٢٣-١٩٥٨]، ٥، لاپەڕە ٢٢٥ و ئەوانی دوای ئەو؛ ٦، لاپەڕەکانی ٧١، ١٠١، ١١٤.

بووە و پێویستی بەوپەڕی لێهاتوویی و هەستیاریی زۆر بەرامبەر بەهەڵە لاوەکییەکان لە زانیارییە پەیوەندیدارەکان هەبووە. ڕیزبوونی ئەستێرەکان و هەشت هەسارەکە هەمیشە لەگۆڕاندا بوون و ئەو خشتە ئەستێرەییانەی بۆ ژماردنی ڕێژەکان لەکاتی لەدایکبوونی کەسێکدا بەکار دەهات زۆر ناتەواو بوون؛ کەسانێکی کەم بەوردییەکی پێویست کاتی لەدایکبوونی خۆیان دەزانی[19]. بۆیە سەیر نییە زۆربەی پێشبینییەکان شکستیان دەهێنا. تەنها ئەوکاتەی خەڵک لە باوەڕکردن بە ئەستێرەناسەکان وەستا کەموکوڕییەکانی ئەم مشتومڕانەی بینی[20]. ئەمڕۆ هەمان جۆری مشتومڕ بە بەردەوامی بۆ ڕوونکردنەوەی بۆ نموونە، شکستەکان لە پزیشکی و کەشناسیدا بەکاردێت و لەکاتی کێشەدا، لە هەمان زانستەکاندا، لە بوارەکانی وەکو فیزیا و کیمیا و گەردووناسیدا بەکار دەهێنرێت[21]. هیچ شتێکی نازانستی دەربارەی ڕوونکردنەوەی ئەستێرەناسەکان بۆ شکست بوونی نەبوو.

سەرەڕای ئەمەش، ئەستێرەناسی زانستێک نەبوو. بەڵکوو پیشەیەک بوو، هونەرێکی کرداری بوو کە لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ ئەندازیاری و کەشناسی و پزیشکی هەبوو چونکە ئەم بوارانە هەتا کەمێ زیاتر لەسەدەیەک پێش ئێستا کاریان پێدەکرا. من پێموایە لێکچوونێکی زۆر لەنێوان زانستی کۆنی پزیشکی و دەروونشیکاریی هاوچەرخدا هەیە. لە هەریەک لەم بوارانەدا بیردۆزی هاوبەش تەنها تا دامەزراندنی باوەڕ لەناو خەڵک بە بوارەکە و بۆ دابینکردنی هۆکارێک بۆ ئەو یاسا پیشەسازییە جۆراوجۆرانەی کە کرداریان بەڕێوە دەبرد پێویست بوون. یاساکان بەکارهێنانی خۆیان لە ڕابردوودا سەلماندبوو، بەڵام هیچ بەکارهێنەرێک پێی وانەبوو بەس بن بۆ ڕێگریکردن لە شکستی دووبارەبووەوە. شتێکی بێمانا دەبوو ئەگەر بهاتایە بوارێکی جێ متمانە و تەواو پێویست کە نەریتێکی سەرکەوتنی سنوورداری هەبووبێ فەرامۆش بکرێت، تەنها لەبەرئەوەی ئەوشتانەی

[19] بۆ ڕوونکردنەوە چەندبارەکراوەکانی شکست سەیری هەمان سەرچاوە بکە. ١، لاپەڕەکانی ١١ و ٥١٤و ئەوی لەدوای دێت؛ ٤، ل.٣٦٨؛ ٥، ل.٢٧٩.

[20] باسێک کە دەتوانین لێی تێبگەین بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی لەدەستدانی متمانەی خەڵک نە ئەستێرەناسی لە ستاڵمان [١٩٥٦] باسکراوە. بۆ ڕوونکردنەوەیەک لەسەر بانگەوازی پێشووی ئەستێرەناسی سەیری (تۆرندیک) [١٩٥٥] بکە.

[21] بڕوانە. کتێبەکەی [١٩٦٢]م لاپەڕەکانی ٦٦-٧٦.

پێویست بوون لەوکاتەدا بەردەست نەبووبن. لە نەبوونی ئەم پێویستییانە، نە ئەستێرەناس و نە دکتۆریش ناتوانن توێژینەوە بکەن. هەرچەندە ئەوان یاسایان هەبوو بۆ جێبەجێکردن، بەڵام هیچ مەتەڵێکیان نەبوو بۆ چارەسەرکردن؛ ئەمەش بە مانای ئەوە دێت هیچ زانستێک نەبوو بۆ کار لەسەرکردن[22].

با ڕەوشی گەردووناس و ئەستێرەناس بەراورد بکەین. ئەگەر پێشبینییەکی گەردووناسێک شکستی هێنا و لێکدانەوەکانی وردبینیی بۆکرا، دەتوانێت هیوای ڕاستکردنەوەی دۆخەکە بخوازێت. لەوانەیە هەڵەکە لە زانیارییەکانی بووبێت: دەتوانرا وردبینی بۆ سەرنجە کۆنەکان بکرێت و پێوانەی نوێ دابنرێت کە ئەمانەش زەحمەتیەکی زۆر دێنێتە پێشەوە، وەکوو لێکدانەوەی ورد و مەتەڵکاریی کەلوپەلی. یانیش لەوانەیە بیردۆزەکە پێویستی بە گۆڕانکاری بووبێت، ئەویش بە گۆڕانکاری لە هاوبازنەیی و ڕێسپەڕی و بازنەی خەیاڵی، یاخود بە چاکسازییە بنەڕەتییەکانی تەکنیکی گەردووناسی. بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ مەتەڵە بیردۆزی و بیرکارییەکان، لەپاڵ هاوتا ئامێرەکانیان، نەریتی توێژینەوەی گەردووناسییان پێکهێنابوو. بە پێچەوانەوە، ئەستێرەناس هیچ مەتەڵێکی لەم جۆرەی نەبوو. دەتوانرا ڕوودانی شکستەکان ڕوون بکرێتەوە، بەڵام شکستە تایبەتەکان نەبوونە هۆی سەرهەڵدانی مەتەڵەکانی توێژینەوە، چونکە هیچ کەسێک، هەرچەندە لێهاتووش بێت، نەیدەتوانی لەهەوڵێکی بنیاتنەردا سوودیان لێ وەرگرێت بۆ پێداچوونەوە بە نەریتی ئەستێرەناسی. سەرچاوەی

[22] ئەم شێوازە داڕێژراوە ئەوە پیشان دەدات پێوەرەکەی بەڕێز کارڵ بۆ سنووردارکردن ڕەنگە بە دووبارە باسکردنەوەیەکی بچووک کە بە تەواوی لەگەڵ مەبەستی ڕواڵەتی خۆیدا بگونجێت، ڕزگاری بێت. بۆ ئەوەی بوارێک ببێت بە زانست، ئەنجامەکانی دەبێت لەڕووی لۆژیکییەوە لە بنەما هاوبەشەکانەوە وەربگیرێن. لەسەر ئەم ڕوانگەیە ئەستێرەناسی دەبێت قەدەغە بکرێت نەک لەبەر ئەوەی نەدەتوانرا پێشبینییەکانی تاقی بکرێتەوە بەڵکوو لەبەر ئەوەی تەنها ئەو پێشبینییەی کە گشتیترین و کەمترین توانای تاقیکاری لەسەر هەبوو دەتوانرا لە بیردۆزی پەسەندکراوەوە وەربگیرێن. بەو پێیەی هەر بوارێک ئەم مەرجەی جێبەجێ کردبێت لەوانەیە پشتگیری لە نەریتی چارەسەرکردنی مەتەڵ بکات، پێشنیارەکە بەڕوونی یارمەتیدەرە. ئەو نزیک دەبێتەوە لە دابینکردنی مەرجێکی تەواو بۆ دیاریکردنی ئەوەی بوارێک زانست بێت یان نا. بەڵام لانیکەم لەم شێوازەدا مەرجێکی تەواو بەس نییە و بە دڵنیاییشەوە پێویست نییە. بۆ نموونە، دان بە ڕووپێوی و کەشتیوانیدا دەنێت وەک زانست و ڕێگری لە پۆلێنزانی و جیۆلۆجی مێژوویی و بیردۆزی پەرەسەندن دەکات. ڕەنگە دەرەنجامەکانی زانستێک هەم ورد و هەم ناچارکەر بن بەبێ ئەوەی بەتەواوی لەڕێگەی لۆژیکەوە لە بنەما پەسەندکراوەکانەوە وەربگیرێن. بڕوانە، کتێبەکەی [١٩٦٢]م لاپەڕەکانی ٣٥-٥١ و گفتوگۆکانی بەشی ٣ لە خوارەوە.

ئەگەری سەختی زۆر زۆر هەبوون، کە زۆربەیان لە دەرەوەی زانیاری و کۆنترۆڵ و بەرپرسیارییەتی ئەستێرەناسەکە بوون. شکستە تاکە کەسییەکان بەهەمان شێوە بێ زانیاری بوون و ڕەنگدانەوەیان نەبوو لەسەر لێهاتوویی پێشبینیکەر لەچاوی هاوتا پیشەگەرەکەی[23]. هەرچەندە ئەستێرەناسی و گەردووناسی بە بەردەوامی لەلایەن هەمان کەسەوە ئەنجام دەدران، لەوانەش (پەتلیمۆس و کەپلەر و تایکۆبرای)، بەڵام هەرگیز وەک گەردووناسی، ئەستێرەناسی نەریتی چارەسەرکردنی مەتەڵی پەرە پێنەدا و بەبێ مەتەڵێکیش کە لە توانایی دابێت یەکەمجار بەرەو ڕوو و دواتر لێهاتوویی ئەو کەسەی کاری لەسەر دەکات بسەلمێنێ، ئەستێرەناسی هەرگیز نەیدەتوانی ببێتە زانستێک تەنانەت ئەگەر لەڕاستیدا ئەستێرەکان کۆنترۆلی چارەنووسی مرۆڤیان بکردایە.

بەکورتی، هەرچەندە ئەستێرەناسەکان جۆرە پێشبینییەکیان دەکرد کە دەتوانرا تاقی بکرێتەوە و درکیشیان بەوە دەکرد هەندێ جار ئەم پێشبینییانە شکستیان دەهێنا، بەڵام ئەوان نە چوون نە دەشیانتوانی بچنە ناو ئەو چالاکییانەی بەشێوەیەکی ئاسایی پێناسی هەموو زانستە ناسراوەکان دەکات. بەڕێز کارڵ ڕاست دەکات بە دوورخستنەوەی ئەستێرەناسی لە زانستەکان، بەڵام زۆر چڕبوونەوەی لە شۆڕشە ناوبەناوەکانی زانستدا ڕێگری دەکات لە بینینی دڵنیاترین هۆکار بۆ ئەم کارە. لەبەرامبەردا، ئەو ڕاستییە لەوانەیە نامۆییەکی تری دیرۆکنووسینی کارڵ ڕوون بکاتەوە. هەرچەندە ئەو چەندین جار ئاماژە بە ڕۆلی تاقیکردنەوەکان لە جێگرتنەوەی بیردۆزە زانستییەکان دەکات، بەڵام ناچارە دان بەوە دابنێت هەندێک لە بیردۆزەکان، بۆ نموونە ئەوانەی پەتلیمۆس، پێش ئەوەی تاقیکردنەوەیان لەسەربکرێت جێگەیان گیراوەتەوە[24]. لانیکەم لەهەندی ڕەوشدا تاقیکردنەوە بۆ ئەو شۆڕشانەی لەڕێییانەوە زانست پێش دەکەوێت، پێویست نییە. بەڵام ئەمە بۆ مەتەڵ ڕاست نییە. ئەگەرچی ئەو بیردۆزانەی بەڕێز کارڵ ئاماژەیان پێدەدات جێگۆڕینیان نەخرابوونە ژێر تاقیکردنەوە،

[23] ئەمە بۆ پێشنیارکردنی ئەوە نییە بڵێم ئەستێرەناسەکان ڕەخنەیان لە یەکتر نەدەگرت. بەڵکوو بە پێچەوانەوە، وەک جێبەجێکارانی فەلسەفە و هەندێ لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، سەر بە قوتابخانەی جۆراوجۆر بوون و هەندێ جار ململانێی نێوان قوتابخانەکان تاڵ بوون. بەڵام ئەم دەمەتەقێیانە ئاسایی لەسەر باوەڕنەکردن بوو بە بیردۆزێکی دیاریکراو کە لەلایەن قوتابخانەیەک یان یەکێکی دی بەکار دەهات. شکستی پێشبینییەکانی تاکێک ڕۆڵێکی زۆر کەمی دەگێڕا. بەراوردی (تۆرندیک) [١٩٢٣-١٩٥٨]، ٥، ل.٢٣٣ بکە.

[24] بڕوانە، (پۆپەر) [١٩٦٣]، ل.٢٤٦.

بەڵام هیچ کاتێک جێیان نەگۆڕدراوە تەنها کاتێک لە پاڵپشتیکردنی نەریتی مەتەڵ چارەسەرکردن وەستان. بارودۆخی گەردووناسی لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەهەم لە قەیران دابوو. سەرەڕای ئەمەش بەشێکی زۆر لە گەردووناسەکان پێیان وابوو بە کەمێک گۆڕانکاری ئاسایی لە نموونەی پەتڵیمۆس بارودۆخەکە ڕێک دەخەنەوە. بەو مانایەی کە خودی بیردۆزەکە لە تاقیکردنەوەکە شکستی نەهێناوە. بەڵام هەندێ لە گەردووناسەکان، لە نێویاندا کۆپەرنیکۆس، هەستیان بەوە کرد دەبێت سەختییەکان لە خودی ڕێبازی پەتڵیمۆس دابن، نەک لە چەشنە تایبەتەکانی بیردۆزی پەتڵیمۆس کە پەرەیان پێدەدرا و هەرپێش ئەنجامەکان ئەو باوەڕە تۆمار کراوە. بارودۆخەکە دیارە[25]، بە تاقیکردنەوە و بێ تاقیکردنەوە نەریتی چارەسەرکردنی مەتەڵ دەتوانێت زەمینە بۆ جێگرتنەوەی خودی خۆی خۆش بکات. پشتبەستن بە تاقیکردنەوە وەک نیشانەی زانستێک لەبیرکردنی ئەو شتەیە کە زۆربەی زاناکان زۆرکات ئەنجامی دەدەن و لەپاڵ ئەوەشدا لەبیرکردنی جیاکەرەوەترین تایبەتمەندیی پڕۆژەکەیانە.

دووەم

بەو پاشخانەی لە تێبینییەکانی پێشوودا هاتووە، دەتوانین بەخێرایی بارودۆخ و دەرەنجامەکانی دەستەواژەیەکی دڵخوازی تری بەڕێز کارڵ بدۆزینەوە. کارڵ لەپێشەکی کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (مەزەندەکان و هەڵوەشاندنەوەکانConjuctures and Refutations) دەنووسێت 'ئەو وتار و وانانەی ئەم کتێبەی لەسەر داڕێژراوە، بریتییە لە گۆشە جیاوازەکانی یەک بیرۆکەی تەواو سادە ئەویش بریتییە لە خوێندنەوەی ئەو گوتارانەی کە دەڵێت ئێمە دەتوانین لەهەڵەکانمانەوە فێر بین'. جەختکردنەوە لەلایەن کارڵ-ەوە کراوە و بابەتەکە هەر لەسەرەتای نووسینەکەیدا دووبارە دەبێتەوە؛[26] و هاوڕانەبوون لەسەری سەختە ئەگەربێت و بەجیا وەربگیرێت. هەموو کەسێک دەتوانێ و فێریش دەبێت لە

[25] بڕوانە، کتێبی [١٩٦٢]م لاپەڕەکانی ٧٧-٨٧.

[26] ئەم وتەیە لە (پۆپەر) [١٩٦٣]، ل.٧، لە پێشەکیەکی ساڵی ١٩٦٢ دا وەرگیراوە. پێشتر بەڕێز کارڵ 'فێربوون لە هەڵەکانمان' ی لەگەڵ 'فێربوون بە تاقیکردنەوە و هەڵە' یەکسان کردبوو' ([١٩٦٣]، ل.٢١٦)، مێژووی هاوکێشەی تاقیکردنەوە و هەڵە لانیکەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٧ ([١٩٦٣]، ل.٣١٢) و لە ڕۆحدا لەوە کۆنترە. زۆربەی ئەو شتانەی لە خوارەوە باس کران دەربارەی چەمکی 'هەڵە' ی کارڵ بە هەمان شێوە بەیەکسانی بەسەر چەمکی هەڵەی گەورەدا جێبەجێ دەبێت.

هەڵەکانی؛ و دیاریکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان تەکنیکی سەرەکییە لە فێرکردنی منداڵ. ڕەگی ڕەوانبێژییەکەی بەڕێز کارڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی ڕۆژانەی. سەرەڕای ئەمەش، جێبەجێکردنی ئەم یاسا گرنگە لەو بارودۆخەی ئەو ئاماژەی پێدەدات بەتەواوی لات و خوار دیارە و من دڵنیا نیم لەوەی ئەگەر هەڵەیەک لەمە ڕووی دابێت، و ئەگەر ڕووشی دابێت شتێکی وانەبووە کەسێک بتوانێ لێیەوە فێربێت.

ئێمە پێویست ناکات ڕووبەڕووی ئەو کێشە فەلسەفییە قووڵانە ببینەوە کە هەڵەکان دەیخەنە ڕوو بۆ تێگەیشتن لەو شتانەی لە ئێستادا قسەیان لەسەر دەکرێت. بۆ نموونە، بەزیادکردنی سێ بۆ سێ هەڵەیە ئەگەر پێنجمان دەست کەوێت، وەک چۆن هەڵەشە ئەگەر بڵێین "هەموو نەمرەکان مرۆڤن" لەجیاتی "هەموو مرۆڤەکان نەمرن" و بە هەندێ هۆکاری جیا جیا، هەڵەیە ئەگەر بڵێین 'ئەو کوڕە خوشکمە' یاخود بڵێین بارگەیەکی کارەبایی بەهێز بوونی هەیە لە کاتێکدا بارەگەی کارەبا تاقیکەرەوەکە هیچ ئاماژەیەکی لەم جۆرەی پیشان نەداوە. پێم وابێ هێشتا جۆری تری هەڵە بوونی هەیە، بەڵام هەموو هەڵە ئاساییەکان بەگشتی هەمان تایبەتمەندییان هەیە. هەڵەکان یان دەکرێن یانیش دروست دەکرێن لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا، لەلایەن کەسێکی دیاریکراوەوە، کە ئەم کەسە شکستی هێناوە لە جێبەجێکردنی هەندێ لە یاسا دامەزراوەکانی لۆژیک یان زمان یان پەیوەندییەکانی نێوان یەکێک لەم دووانە یانیش ئەزموون. یان لەوانەیە لە دیاریکردنی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنێکی دیاریکراو لەنێو ئەو جێگرەوانەی یاساکە ڕێی پێدەدات شکستی هێنابێت و کەسەکە تەنها لەبەرئەوە دەتوانێت لە هەڵەکانییەوە فێربێت چونکە ئەو گرووپەی کە پەیڕەوی هەمان ئەو یاسایانە دەکات، دەتوانێت دیاریی بکات لە کوێ شکستی لە جێبەجێکردنیاندا هێناوە. بەکورتی، ئەو جۆرە هەڵانەی یاساکانی بەڕێز کارڵ یان بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو بەسەردا جێبەجێ دەبێت ئەوانەن کە تاک شکست دەهێنێت لە تێگەیشتن لێیان یان لە دیاریکردنیان لەناو چالاکییەک کە بە یاسا پێشوەختە دامەزراوەکان بەڕێوە دەچێت. زۆربەی جار ئەم جۆرە هەڵانە لە زانستەکاندا و بەتایبەتیش لە پڕۆسەی لێکۆڵینەوەی چارەسەرکردنی مەتەڵی ئاساییدا ڕوو دەدەن.

بەڵام ئەمە ئەو شوێنە نییە بەڕێز کارڵ بەدوایاندا دەگەڕێت، لەبەرئەوەی چەمکی زانستیی ئەو تەنانەت بوونی توێژینەوەی ئاساییش تەمومژاوی دەکات. لەجیاتی ئەمە، ئەو سەرنج دەخاتە سەر

زنجیرە سەرووئاسایی یاخود شۆڕشگێڕییەکان لە پێشکەوتنی زانستیدا. ئەو هەڵانەی ئەو ئاماژەیان پێدەدات بەزۆری بە هیچ شێوەیەک کردار نین، بەڵکوو بیردۆزە زانستییە بەسەرچووەکانن وەک گەردووناسیی پەتلیمۆس و بیردۆزیی فلۆجیستۆن یان داینامیکی نیوتین، و 'فێربوون لە هەڵەکانمان'، بەهەمان شێوە، ئەوکاتە ڕوو دەدا کە کۆمەڵگەی زانستی یەکێک لەو بیردۆزانە ڕەت دەکاتەوە و بە یەکێکی تر جێگەی دەگرێتەوە[27]. ئەگەر ئەم بەکارهێنانە یەکسەر بە نامۆ سەیر نەکرێت لەبەرئەوەیە ئێمە هەر بەسروشتی حەز دەکەین دەرەنجامە گشتییەکان لەسەر بنەمای نموونەی دیاریکراو دەربکەین.

ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە هەر بە سروشتی بە شێوەی لێوەهەڵنجێنەر بیردەکەینەوە. باوەڕکردن بەوەی بیردۆزیی ڕەوا بەرهەمی لێوەهەڵێنجانی تەواوە لە ڕاستییەوە، لێوەهەلنجێنەریش دەبێت باوەڕی بەوە بێت کە بیردۆزێکی هەڵە ئەنجامی لێوەهەڵێنجانێکی هەڵە بووە. لانیکەم بەشێوەیەکی سەرەکی ئامادەیە ئەم وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: چ هەڵەیەک با بڵێین لە گەیشتن بە سیستەمی پەتلیمۆشی کرا؟ چ یاسایەک شکێنرا؟ کەی و کێ ئەنجامی دا؟ بۆ کەسێک کە ئەو پرسیارانە پرسیاری هەستیارن و تەنها بۆ ئەو، دەستەواژەکانی کارڵ هیچ چارەسەرێک پیشان نادەن.

بەڵام نە من، نە کارڵ-یش لێوەهەڵنجێنەر نین. ئێمە باوەڕمان بە بوونی جۆرە یاسایەک نییە کە بتوانرێ بیردۆزیی تەواوی لە ڕاستییەوە لێوە هەڵنجێنرێ، تەنانەت باوەڕمان بەوە نییە کە بیردۆز، چ ڕاست چ ناڕاست، بۆیان لێوەهەڵێنجراوە. بەڵکوو وەک بۆچوونی خەیاڵی دەیانبینین کە هەمووی بەیەکەوە دروست و بەسەر سروشتدا جێبەجێ کراوە. هەرچەندە ئێمە ئاماژە بەوە دەدەین ئەم جۆرە

[27] (پۆپەر)[١٩٦٣]، ل.٢١٥ و ٢٢٠. لەم لاپەڕانەدا کارڵ تێزەکەی دەخاتە ڕوو و پیشانی دەدات کە زانست لەڕێگەی شۆڕشەکانەوە گەشە دەکات. ئەو لە پرۆسەکەدا هەرگیز زاراوەی 'هەڵە' لەگەڵ ناوی بیردۆزێکی زانستی بەسەرچوودا ناخاتە پاڵ یەکترەوە، پێدەچێت لەبەر ئەوەی واڕسکی (غەریزە) مێژوویی تەندروستی ئەو ڕێگری لە هەڵەی مێژوویی زۆر گەورە بکات. بەڵام هەڵەی مێژوویی بۆ ڕەوانبێژیی کارڵ بنەڕەتییە کە چەندین جار ئاماژە بە جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوانمان دەکات. مەگەر بیردۆزە بەسەرچووەکان هەڵە نەبن، هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ ئاشتکردنەوە، بڵێین، بڕگەی سەرەتای پێشەکییەکەی کارڵ ([١٩٦٣]، ل.٧: 'لە هەڵەکانمانەوە فێر بە'؛ 'هەوڵە زۆرجار هەڵەکانمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان'؛ ' تاقیکردنەوانێک کە ڕەنگە لە دۆزینەوەی هەڵەکانمان یارمەتیمان بدات') لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ([١٩٦٣]، ل.٢١٥) کە دەڵێت ' گەشەسەندنی زانیاریی زانستی.... پێکدێت لە وەلانانی بیردۆزە زانستییەکان و جێگرەوەکانیان بە بیردۆزە باشتر یان زیاتر باوەڕپێکراوترەکان'.

بۆچوونانە لە کۆتاییدا ڕووبەڕووی مەتەڵێک دەبنەوە ناتوانن چارەسەری بکەن، بەڵام ئەوەش دەزانین ئەم جۆرە ڕووبەڕووبوونەوە بە کێشانە بەدەگمەن بۆماوەیەک ڕوو دەدەن دوای ئەوەی بیردۆزێک داهێنراوە و پەسەند کراوە. کەواتە، بە تێڕوانینی ئێمە هیچ هەڵەیەک لە گەیشتن بە سیستەمی پەتلیمۆسدا نەکراوە، هەربۆیەش بۆ من زەحمەتە تێبگەم بەڕێز کارڵ چی لە مێشکدایە کاتێک ئەو سیستەمە یان هەر بیردۆزێکی تری بەسەرچوو بەهەڵە ناو دەبات. زۆرترین کات ڕەنگە حەز بکەین بڵێین بیردۆزێک کە پێشتر هەڵە نەبووە ئێستا هەڵەیە، یاخود بڵێین زانایەک هەڵەی کردووە بەخۆهەڵواسینی بە بیردۆزێک بۆماوەیەکی زۆر درێژ. تەنانەت ئەم دەستەواژانەش، کە لەنێویاندا ئەوەی یەکەم تەواو ئاساییە، نامانگەڕێننەوە بۆ ئەو هەستەی هەڵە کە زۆر پێی ئاشناییین. ئەوانە ئەو هەڵە ئاساییانەن ڕەنگە گەردووناسێکی پەتلیمۆسی یان کۆپەرنیکۆسی لە سیستەمەکەیاندا لە تێبینیکردن و لێکدانەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان بیکەن. بۆیە ئەم هەڵانە جۆرە هەڵەیەکن دەتوانرێت ڕاستەوخۆ دیاری بکرێن و دواتر ڕاست بکرێنەوە و سیستەمە بنەڕەتییەکەش وەک خۆی بمێنێتەوە. لەبەرامبەردا، بەڕێز کارڵ پێی وایە هەڵەیەک دەبێتە هۆی تووشبوونی تەواوی سیستەمەکە و تەنها بەگۆڕینی سیستەمەکە بەگشتی دەتوانرێت ڕاست بکرێتەوە. هیچ دەستەواژەیەک و هیچ لێکچوونێک ناتوانێت ئەم جیاوازییە بنەڕەتییانە بشارێتەوە، وەک چۆن ناتوانێت ئەو ڕاستییە بشارێتەوە کە پێش ئەوەی تووشبوون ڕووبەڕووی سیستەمێک ببێتەوە، سیستەمەکە بەتەواوی پشت پێبەستراو بوو لەلایەنی ئەوەی پێی دەڵێین زانیاریی تەندروست.



بە ئەگەرێکی زۆر بەڕێز کارڵ دەتوانێت لەو هەستەی هەیەتی بەرامبەر بە"هەڵە" ڕزگاری ببێت، بەڵام ڕزگارکردنێکی سەرکەوتووانە دەبێت کە هەڵەکە لە هەندێ کاریگەریی هەنووکەیی لا بدات. هەروەک زاراوەی "تاقیکردنەوە"، "هەڵە" لە زانستە ئاساییەکان، کە تێیدا بەکارهێنانی تاڕادەیەکی باش ڕوونە وەرگیراوە و لەسەر زنجیرە شۆڕشگێڕییەکان، کە جێبەجێکردن تێیاندا لە ئاستی پڕ کێشەترینە، جێبەجێ کراوە. ئەو گۆڕانە باوەڕێکی باو دروست دەکات، یاخود جەختی لەسەر دەکاتەوە کە دەتوانرێت هەموو بیردۆزەکان بەهەمان ئەو جۆرە پێوەرەی یەکێک بەکاری دەهێنێت لە کاتی بڕیاردان لەسەر بیردۆزێک کە لەلایەن کەسێکەوە بۆ توێژینەوەکەی بەکار دەهێنرێت، بڕیاریان لەسەر بدرێت. کەوایە، دۆزینەوەی پێوەرێکی گونجاو و کارپێکراو دەبێتە ئامانجی سەرەکیی زۆر کەس و بوونی کارڵ لەنێویاندا شتێکی سەیرە، چونکە ئەو بەدوا گەڕانە پێچەوانەی ڕەسەنایەتی و بەرهەمدارترین پاڵنەری سەرنجی زانستیی ئەوە. بەڵام هەر لە کتێبی "لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی"ەوە دەتوانم بە باشترین شێوە لەو نووسینانەی کارڵ کە لەسەر ڕێبازێکن تێبگەم و ئێستا پێویستە بڵێم سەرەڕای ئەوەی کارڵ بەشێوەیەکی بێ وچان بەدوای شیکارەکانی هەڵسەنگاندن گەڕاوە کە دەتوانرێت لەسەر ئەو بیردۆزانە جێبەجێ بکرێن کە تایبەتمەندیی دڵنیایی تەواویان هەیە وەک ئەو تەکنیکانەی بۆ دیاریکردنی هەڵە لە زانستی ژمارە و لۆژیک و پێوانەکردندا بەکار دێت. من لەوە دەترسم ئەو بەدوای کڵاوێکی بابردوو دەکەوێت کە لە هەمان تێکەڵەی گریمانەی زانستی ئاسایی و سەرووئاسایی لەدایک بووە و وای کرد تاقیکردنەوە بەبنچینەی زانست دابنرێت.

سێیەم

لە کتێبەکەیدا "لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی"، کارڵ ئاماژە بەو جیاوازییانە دەدات کە لەنێوان گشتاندنێک و پێچەوانە نەرێییەکەی هەیە لە پەیوەندیەکانیاندا بە بەڵگەی ئەزموونی. ناتوانرێت بیردۆزێکی زانستی بەسەر هەموو ئەو نموونانەی دەکرێت بیردۆزەکەیان بەسەرکەوتوویی بەسەردا جێبەجێ بکرێت، پیشان بدرێت، بەڵام سەرنەکەوتنی لە هەندێ جێبەجێکردنی دیاریکراودا دەکرێت پیشان بدرێت. جەختکردنەوە لەسەر ئەو ڕاستییە لۆژیکییە و کاریگەرییەکانی بۆ من هەنگاوێکی بەرەوپێشچوونی ئەرێییە کە نابێت لێی بکشێینەوە. هەمان جیاوازی ڕۆڵێکی سەرەکی لە کتێبەکەی مندا "پێکهاتەی شۆڕشە زانستییەکان"، هەیە کە تێیدا شکستی بیردۆزێک لە

دابینکردنی ئەو یاسایانەی مەتەڵە چارەسەرکراوەکان دەستنیشان دەکات وەک سەرچاوەی قەیرانە پیشەگەرییەکان سەیر دەکرێت کە زۆرجار بە جێگرتنەوەی بیردۆزەکە کۆتایی دێت. خاڵەکەم زۆر لەوەی بەڕێز کارڵ-ەوە نزیکەوە و، ڕەنگە لەو شتانەوە وەرم گرتبووبێت کە لە بارەی کارەکانییەوە بیستبووم.

بەڵام کاتێک بیردۆزێک لە هەوڵێکی جێبەجێکردندا شکست دێنێت، کارڵ بە ساختەکاری یان هەڵوەشاندنەوە ناوی دەبات، ئەمانەش سەرەتایەکن لە زنجیرەیەک دەستەواژەی پەیوەندیدار بەیەکەوە کە بەلای منەوە یەکجار سەیرە. هەردوو وشەی ساختەکاری و هەڵوەشاندنەوە پێچەوانەی وشەی سەلماندنن. بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم دەستەواژانە لە لۆژیک و ماتماتیکی فەرمی وەرگیراوە و ئەو زنجیرە مشتومڕانەی ئەم دەستەواژانەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت سەلمێنراون؛ بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانە توانایی وەدەستخستنی ڕەزامەندی هەر ئەندامێکی سەر بە کۆمەڵەی پەیوەندیدار هەیە. بەڵام هێشتا پێویست ناکات هیچ ئەندامێک لە ئامادەبووان پێی بوترێت کە تەواوی بیردۆزێک یان زۆرجار تەنانەت یاسایەکی زانستی لە مەترسیدایە، چونکە مشتومڕەکان بەدەگمەن ڕاستن. دەکرێت یەخەی هەموو تاقیکردنەوەیەک بگیرێت، جا چ بۆ زانینی ئاستی پەیوەندیداربوونی بە بابەتەکە یانیش ڕاستی و دروستییەکەی. هەموو بیردۆزێک دەتوانرێت بە دەستکاری جۆراوجۆری تایبەت بگۆڕدرێت بەبێ ئەوەی لە بوون بەهەمان بیردۆز لە خاڵە سەرەکییەکاندا بوەستێت و گرنگە ئاواش بێت، چونکە زۆربەی جار بە یەخەگرتنی تێرامانەکان یاخود گۆڕینی بیردۆزەکان زانیاریی زانستی گەشە دەکات. یەخەگیرییەکان و گۆڕانکارییەکان بەشێکی ستانداردی توێژینەوەی ئاساییە لە زانستی ئەزموونیدا و گۆڕانکارییەکانیش لانیکەم، ڕۆڵێکی سەرەکیان لە ماتماتیکی نافەرمیدا هەیە. شیکردنەوە زیرەکانەکەی دکتۆر لاکاتۆش بۆ وەڵامدانەوە ڕێگەپێ دراوەکان بۆ هەڵوەشاندنەوە بیرکارییەکان، بەهێزترین مشتومڕ دژی ساختەکارێکی ساویلکە دروست دەکات[28].

بێ گومان بەڕێز کارڵ ساختەکارێکی ساویلکە نییە. ئەو هەموو ئەوشتانەی ئێستا باسمان کرد دەزانێت و لە سەرەتای پێشەکییەکەیدا جەختی لەسەر کردوونەتەوە. بۆ نموونە، زوو لە کتێبی "لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی"دا دەنووسێت: 'لەڕاستیدا ناتوانرێت هیچ نەسەلماندنێکی کۆتاییانە

[28] (لاکاتۆش) [١٩٦٣-١٩٦٤].

بەرهەم بهێنرێت؛ چونکە هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە بڵێین ئەنجامە تاقیکارییەکان جێ متمانە نین یان ئەو ناتەباییەی لەنێوان ئەنجامە تاقیکارییەکان و بیردۆزەکەدا جەخت لە بوونیان دەکرێتەوە تەنیا دیارن و لەگەڵ پێشکەوتنی تێگەیشتنمان دیار نامێنن'[29]. دەربڕینی لەم جۆرە لێکچوونێکی تر لەنێوان ڕوانگەی من و کارڵ-دا پیشان دەدات، بەڵام ئەوەی ئێمە لێیانەوە دروست دەکەین دەتوانێ تەواو جیاوازبێت. ڕوانگەکانی من بنچینەیین، هەم لەڕووی بەڵگە، هەمیش لەڕووی سەرچاوەوە. لەبەرامبەردا، ئەوانەی بەڕێز کارڵ هۆکاری سەرەکیین کە دەتوانن هەڕەشە لە یەکپارچەیی پێگەی بنەڕەتیی ئەو بکەن. بۆ قەدەغەکردنی نەسەلماندنی کۆتاییانە کارڵ هیچ جێگرەوەیەکی بەدەستەوە نەداوە و ئەو پەیوەندیەشی بەکاری دەهێنێت وەک ساختەکارییەکی لۆژیکی دەمێنێتەوە. هەرچەندە ئەو ساختەکارێکی ساویلکە نییە، بەڵام من وای بۆدەچم کە بەڕەوایی بەوشێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

ئەگەر نیگەرانیی ئەو تەنها بۆ جیاکردنەوە بێت، ئەوە ئەو کێشانەی بەهۆی بەردەستنەبوونی نەسەلماندنی کۆتاییانە دروست بوون، کەمتر توندتر دەبوون و ڕەنگە توانرابا هەر نەهێڵدرێن. جیاکردنەوە لەوانەیە بە پێوەرێکی تایبەتی لۆژیکی ڕستەسازی بەدەست بهێنرێت[30]. ڕەنگە ڕوانگەی بەڕێز کارڵ ئەوکاتە ئەوە بێت، لەوانەشە هەر ئەوە بێت کە بیردۆزێک زانستییە تەنها و تەنها ئەگەر بتوانرێت دەربڕینە سەرنجاوییەکان، بەتایبەت ئەوانەی نکۆڵی لە دەربڕینە بوونگەراییە تاکەکەسییەکان دەکەن، ڕەنگە ئەوکاتە لە بیردۆزەکە بەشێوەیەکی لۆژیکی بەهاوبەشی لەگەڵ ئەو پاشخانە زانیارییەی کە ئاماژەی پێ دراوە دەربکەوێت. ئەو سەختییانەی (کە پێویستە بەکورتی باسیان بکەم) لە بڕیاردان لەسەرئەوەی ئایا دەرەنجامی کار و کردە تاقیگەییە دیاریکراوەکان ڕەوایەتی دەدات بە جەختکردنەوە لەسەر دەربڕینێکی سەرنجاوی تایبەت، پەیوەندیدار نابێت. هەرچەندە

[29] (پۆپەر) [١٩٥٩]، ل.٥٠

[30] هەرچەندە خاڵەکەم تا ڕادەیەک جیاوازە، بەڵام من قەرزاری ئەو تێگەیشتنەی خۆمم کە ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەی توندیی سی. جی. هامپل پێویست دەکات بەرامبەر ئەو کەسانەی لێکدانەوەی هەڵە بۆ بەڕێز کارڵ ئەنجام دەدەن بە گەڕاندنەوەی باوەڕی ئەو بەرەهایی نەوەک ساختەکردنی ڕێژەیی. سەیری کتێبەکەی [١٩٦٥]ی ل.٤٥ بکە. هەروەها من قەرزباری پرۆفیسۆر هامپل-م بۆ ڕەخنە نزیک و درکپێکراوەکانی ئەم توێژینەوەیە کاتێک هێشتا ڕەشنووس بوو.

بنەمای ئەم کارە کەمتر ڕوونە، بەڵام هەمان ئەو کێشە سەختانەی لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئایا دەربڕینێکی سەرنجاوی کە لەچەشنی نزیککراوەیی بیردۆزێک دەرهێنراوە وەک ئەوانەی لەڕووی ماتماتیکەوە دەتوانرێت بەڕێوە ببردرێت، بە کاریگەرییەکانی خودی بیردۆزەکە کە دەتوانرێت بەهەمان شێوە نەهێڵدرێت، هەژمار بکرێت. ئەم جۆرە کێشانە سەر بە ڕستەسازیی زمان نییە، بەڵکوو سەر بە پڕاگماتیک و ماناسازی ئەو زمانەیە کە بیردۆزەکەی تێدا داڕێژراوە، بۆیەش هیچ ڕۆڵێکیان لە دیاردیکردنی پێگەیان لە زانستدا نییە. بۆئەوەی بیردۆزێک زانستی بێت پێویستە تەنها بە دەربڕینێکی سەرنجاوی ساختە بکرێت، نەک بە تێڕامانی ڕاستەقینە. پەیوەندییەکان لەنێوان دەربڕینەکان، پێچەوانەی پەیوەندیی نێوان دەربڕین و تێڕامان، دەکرێت نەسەلماندنی کۆتایی بێت لەڕووی لۆژیک و ماتماتیکەوە.

لەبەر ئەو هۆکارانەی لەسەرەوە لە (لاپەڕە نۆ، پەراوێزی یەک) باسم کرد و ڕاستەوخۆ لە ژێرەوە درێژەم پێدا، گومانم هەیە بتوانرێت بیردۆزە زانستییەکان بەبێ گۆڕانکاری یەکلاکەرەوە بەشێوەیەک بخرێنە ڕوو ڕێگە بەو بڕیارە تەواو ڕستەسازییانە بدات کە ئەم جۆرەی پێوەرەکەی بەڕێز کارڵ پێویستی پێیەتی. بەڵام ئەگەر بشتوانرێت، ئەم بیردۆزە دووبارە بنیاتنراوانە تەنها دەتوانن بنچینەیەک بۆ هێڵە جیاکەرەوەکەی دابنێن، نەک بۆ لۆژیکی زانیاری کە زۆر نزیکە لێی. هەرچەندە ئەوەی دووەمیان بەبەردەوامی جێی بایەخی بەڕێز کارڵ بووە و تێڕوانینی ئەویش لەو بارەیەوە تەواو وردە. بەڕێز کارڵ سەبارەت بەمە دەنووسێت، "لۆژیکی زانیاری تەنیا پێکدێت لە لێکۆڵینەوە لەو شێوازانەی لە تاقیکردنەوە سیستەمییەکاندا بەکار هێنراون کە دەبێت هەر بیرۆکەیەکی نوێی پێدا بڕوات ئەگەر بیەوێت بە گرنگییەوە سەیر بکرێت"[31]. کارڵ بەردەوام دەبێت و دەڵێت 'لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئەو یاسایانەی سەر بە ڕێبازێکن یان ئەنجامی پێشتر پەسەندکراوی وەک ئەمانە بەرهەم دێت: "بەبێ هەبوونی هۆکارێکی باش، دەکرێت ڕێگە لە بەڕەڵڵاکردنی گریمانەیەک بگیرێت کە پێشنیارکراوە و تاقی کراوەتەوە و بەهێزیی خۆی سەلماندووە، نموونەی هۆکاری باشیش لەوانەیە شتێکی وەها بێت...ساختەکاری یەکێک لە دەرەنجامەکانی گریمانەکە"[32].

[31] (پۆپەر) [١٩٥٩]، ل. ٣١

[32] (پۆپەر) [١٩٥٩]، ل. ٥٣ و بەدواوە

یاساکانی وەک ئەمانە و لەگەڵیشیدا تەواوی ئەو پرۆژە لۆژیکییەی لەسەرەوە باسمان کرد، چیتر بەسادەیی لە هاوردەکردنیاندا ڕستەسازی نین. ئەوان داوا دەکەن هەم لێکۆڵەری ئیپستیمیلۆژی و هەم زانای توێژینەوەکە بتوانن ئەو ڕستانەی لە بیردۆزێکەوە وەرگیراون، نەک بە ڕستەی دیکە بەڵکوو بە تێبینی و تاقیکردنەوە ڕاستەقینەکانەوە ببەسترێتەوە. ئەمە ئەو شوێنەیە کە دەستەواژەی ساختەکاریی بەڕێز کارڵ دەبێ کار بکات و کارڵ تەواو بێدەنگە لەبارەی ئەوەی چۆن دەتوانرێت ئەمە بکرێت. ساختەکاری چییە ئەگەر نەسەلماندنی کۆتاییانە نەبێت؟ لە چ هەلومەرجێکدا لۆژیکی زانیاری پێویستی بە زانایەک هەیە کە واز لە بیردۆزێکی پێشتر پەسەندکراو بهێنێت کاتێک ڕووبەڕووی دەبنەوە، نەک لەگەڵ دەربڕینەکانی دەربارەی تاقیکردنەوەکان بەڵکوو لەگەڵ خودی تاقیکردنەوەکان. هەتا ئەم پرسیارانە ڕوون نەکرێنەوە، بەهیچ شێوەیەک دڵنیا نیم لەوەی بەڕێز کارڵ پێی داوین لۆژیکی زانیاری بێت. لە ئەنجامەکەمدا، پێویستە ئەوە بڵێم هەرچەندە ئەوەی بەڕێز کارڵ داویەتە دەست بەشێوازی خۆی بەنرخە، بەڵام شتێکی تەواو جیاوازە لە لۆژیکی زانیاری. بەڕێز کارڵ ئایدۆلۆژیای لەبری لۆژیک و گوتە ڕێکارییەکانی لەبری یاسا ڕێبازییەکان وەدەست خستووە.

بەڵام ئەو ئەنجامە دەبێ دوابخرێت تا ئەوکاتەی خوێندنەوەیەکی کۆتایی قووڵتر بۆ سەرچاوەی ئەو سەختییانەی لەگەڵ چەمکی ساختەکاریی کارڵ-دا دێت، دەکرێت. هەروەک چۆن پێشتر پێشنیارم کردووە، بیردۆزێک دەخرێتە ڕوو یان دەتوانرێت بەبێ شێواندن دووبارە بخرێتە ڕوو بەشێوەیەک ڕێگە بەزاناکان بدات بتوانن هەر ئەگەرە ڕووداوێک وەک نموونەیەکی پشتڕاستکەرەوە ، یان نموونەیەکی ساختەیی و یانیش ناپەیوەندیدار بە بیردۆزەکەوە، پۆلێن بکەن. دیارە ئەمە پێویستە ئەگەر یاسایەکی گشتی هەبێت بتوانرێت ساختە بکرێت: بۆ تاقیکردنەوەی گشتاندنی (x) * (x) بە جێبەجێکردنی بەسەر a نەگۆڕدا، دەبێت بتوانین بڵێین ئایا a لە مەودای گۆڕاوی x دایە یاخود نا و ئایا (a) بەتاڵە یان نا. هەمان ئەو پێش بۆچوونانە لە پێوەرە تازەکەی وێکچوویی بەڕێز کارڵ-دا زیاتر ڕوونە. ئەمە پێویستی بەوەیە یەکەمجار دەبێت هەموو بەشەکانی دەرەنجامە لۆژیکییەکان بەرهەم بهێنێن و بەیارمەتیی پاشخانی زانیارییمان، بەشەکانی هەموو دەرەنجامە ڕاستەکان و هەموو

دەرەنجامە هەڵەکان لەناوياندا هەڵبژێرين[33]. لانيکەم دەبێت ئەمە بکەين ئەگەر پێوەری وێکچوويی ئەنجامەکەی هەڵبژاردنی ڕێبازی بيردۆزی بێت. هيچ يەکێک لەم ئەرکانە ناتوانرێت بەئەنجام بگەيەنرێت مەگەر بيردۆزەکە بەتەواوی بەشێوەيەکی لۆژيکی نەخرێتە ڕوو و ئەو زاراوانەشی کە لەڕێيانەوە بيردۆزەکە بە سروشتەوە گرێ دەدرێت بەڕادەی پێويست پێناسە نەکرێن بۆ دياريکردنی کارپێکردنيان لەهەر هەلومەرجێکی ئەگەريدا. هيچ بيردۆزێکی زانستی لەڕاستيدا هەموو ئەو داواکارييە توندانە تێر ناکات و زۆر کەس باسی لەوە کردووە کە بيردۆزێک لە لێکۆڵينەوەدا سوودی نامێنێت ئەگەر ئەوە بکات[34]. من خۆم لە شوێنانی تردا زاراوەی نموونەی باڵا paradigm م داهێناوە بۆ ئەوەی جەخت لەسەر وابەستەيی توێژينەوەی زانستی بەنموونە ڕاستەکان بکەمەوە کە ئەو پردە دروست دەکەن کە لەوانەبوو لە کاتی دياريکردنی ناوەڕۆک و جێبەجێکردنی بيردۆزيی زانستی بباية بە کەلێن. ناتوانرێت لێرەدا مشتومڕە پەيوەنديدارەکان دووبارە بکرێنەوە. بەڵام تەنانەت نموونەيەکی کورت، کە هەرچەندە بۆ ماوەيەکی کاتی شێوازی وتارەکەم دەگۆڕێ، ڕەنگە سوودی زياتر بێت.

نموونەکەم شێوەی باشترين نموونەی بنياتنراو لە هەندێ زانياريی زانستيی سەرەتايی دەگرێتەبەر. ئەم زانستە پەيوەندی بە قووەکانەوە هەيە و بۆ جياکردنەوەی تايبەتمەندييە پەيوەنديدارەکانی ئێستای پێويستە سێ پرسيار لەوبارەيەوە بکەم: يەکەم، تا چەند کەسێک دەتوانێت دەربارەی قووەکان بزانێت بێ ئەوەی هيچ گشتاندنێکی ڕوونی وەکو 'هەموو قووەکان سپين' بکات؟ دووەم، لە چ بارودۆخێکدا گشتاندنەکان ڕەت دەکرێنەوە دوای پێکهێنانيان؟ ئامانجی من لە ورووژاندنی ئەم پرسيارانە بۆ ئەوەيە پێشنياربکەم کە، هەرچەندە لۆژيک ئامرازێکی بەهێز و تەواو سەرەکييە لە توێژينەوەی زانستيدا، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت زانياريی دروستی لەسەر ئەو جۆرانەی هەبێت کە بەدەگمەن دەتوانرێت لۆژيکيان بۆ بەکار بهێنرێت. لە هەمان کاتدا، پێويستە پێشنياری ئەوە بکەم کە ئاخافتنی لۆژيکييانە بەهايەک نييە لەپێناو خۆيدا، بەڵام تەنها ئەوکاتە و تا ئەو ڕادەيە دەبێت ئەنجام بدرێن کە بارودۆخەکان پێويستييان پێيەتی.

33 (پۆپەر) [١٩٦٣]، لاپەڕەکانی ٢٣٣-٢٣٥. هەروەها سەرنج بدە دامێنی کۆتايی ئەم لاپەڕانە، بەراوردکردنەکەی کارڵ بۆ وێکچوويی ڕێژەيی دوو بيردۆز بەندە بە ' نەبوونی هيچ گۆڕانکارييەکی شۆڕشی لە پاشخانی زانياريمان'، گريمانەيەک کە لە هيچ شوێنێکدا باسی ناکات و ئاشتکردنەوەی لەگەڵ چەمکی گۆڕانی زانسی بە شۆڕش گرانە.

34 (برێس وەيت) [١٩٥٣]، لاپەڕەکانی ٥٠-٨٧، بەتايبەت ل. ٧٦ و لە کتێبەکەی [١٩٦٢]ی منيش ٩٧-١٠١.

بهێنە بەرچاوت ١٠ باڵندەت بێ پيشان دراوە و بەتەواوی و دڵنياييەوە دەتوانی بيرت بێتەوە کە باڵندەکان قوو بوونە؛ هەروەها تۆ هەمان ئاشناييت لەگەڵ مراوی و قاز و کۆتر و قومری و نەورەس و هتد...هەيە؛ و پێشت دەوترێت کە هەريەک لەم جۆرانە خێزانێکی سروشتی پێکدەهێنن. خێزانێکی سروشتی کە وەک هێشوويەکی بيناوی پێکچوو دەيناسيت و ئەوەندە ورد و ئەوەندە جياوازە کە فەرمان بە ناوێکی گشتی بکات. وردتر بڵێم، هەرچەندە من لێرەدا سادەکردنەوەيەکی زياتر لەوەی چەمکەکە پێويستی پێيەتی دەناسێنم، خێزانێکی سروشتی دەستەيەکە کە ئەندامەکانی زياتر لەيەک دەچن وەک لە ئەندامانی خێزانە سروشتييەکانی تر[35]. ئەزموونی ئەوکات تا ئێستا ئەوەی پشتڕاست کردۆتەوە کە هەر شتێکی تێبينيکراو بۆ خێزانێکی سروشتی يان يەکێکی تر پۆلێن دەکرێت و نيشانی داوە هەميشە تەواوی دانيشتووانی جيهان دەکرێت بەسەر پۆلی پچڕ پچڕی درکپێکراو دابەش بکرێت (هەرچەندە بەيەکجارەکی و بۆ هەموويان نا). هەروەها باوەڕ وايە لەو بۆشاييە درکپێکراوانەی پۆلەکان هيچ شتێک بەهيچ شێوەيەک نييە.

ئەوەی فێری بوويت دەربارەی قووەکان بەکرانەوەت بەڕووی (نموونەی باڵادا Paradigm زۆر وەک ئەو شتە وايە کە منداڵ لەسەرەتادا دەربارەی سەگ و پشيلە و مێز و کورسی و دايک و باوک فێری دەبێت. بێ گومان مەودای ورد و ناوەڕۆکەکەی مەحاڵە دياريی بکرێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش زانيارييەکی دروستە. چونکە ئەوەی فێری بوويت بەهۆی تێبينيکردنەوە بووە، دەشتوانرێت هەر بەتێبينيکردن لاواز بکرێت و، لەهەمان کاتيشدا بنچينەيەک بۆ کردەی ژيرانە دابين دەکات. بە بينينی باڵندەيەکی هاوشێوەی ئەو قووانەی لە پێشتروە پێيان ئاشنايت، ڕەنگە بەشێوەيەکی ماقووڵانە وا گريمانە بکەيت کە پێويستی بەهەمان خۆراکی ئەوانی تر هەيە و لەگەڵ ئەواندا زاوزێ دەکات. ئەو قووانەی ئاماژەيان پێکرا خێزانێکی سروشتيين، هيچ باڵندەيەک کە بەچاو لەوان دەچێت نابێت تايبەتمەنديی جياوازی ڕيشەيی پيشان بدات لەکاتی زياتر پێ ئاشنابوون.

35 سەرنج بدە کە لێکچوون لەنێوان ئەندامانی خێزانێکی سروشتی پەيوەندييەکە دەتوانرێ فێری بن و فەرامۆشيشی بکەن. بير لەو قسە کۆنە بکەوە کە دەڵێت ' هەموو چينييەکان بۆ ڕۆژاواييەکان لەيەک دەچن'. هەروەها ئەو نموونەيە تيشک دەخاتە سەر توندترينی ئەو سادەکارييانەی لەم خاڵەدا خراونەتە ڕوو. باسێکی تەواوتر دەبێت ڕێگە بە پلەبەنديی خێزانە سروشتييەکان کە پەيوەنديی لێکچوونيان لەنێوان خێزانەکاندا هەيە لە ئاستە باڵاکاندا بدات.

بێ گومان لەوانەیە زانیاری هەڵەت دەربارەی یەکپارچەیی سروشتی خێزانی قووەکانەوە پێدرابێت. بەڵام ئەمە دەتوانرێت لەڕێی ئەزموونەوە بدۆزرێتەوە؛ بۆ نموونە، بۆ دۆزینەوەی ژمارەیەک لە ئاژەڵ (سەرنج بدە کە زیاتر لە ئاژەڵێک پێویستە) کە تایبەتمەندییەکانیان پردێک لەو کەلێنەی لەنێوان قوو و بابڵێین قازدایە، مەودایەکی یەکجار کەمی درکپێکراو دروست دەکەن[36]. بەڵام تا ئەو کاتەی ئەمە ڕوو دەدات زۆر شت دەربارەی قووەکان دەزانیت، هەرچەندە بەتەواوی لەوەی کە چی دەزانیت یان قوو چییە دڵنیا نابیت.

گریمان ئێستا هەموو ئەو قووانەی لە ڕاستیدا تێبینیت کردوون سپین. ئایا دەبێت تۆ ڕوو لەو گشتاندنە بکەیت کە دەڵێ هەموو قووەکان سپین؟ کردنی ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەو شتەی کە زۆر کەم لەبارەیەوە دەزانی؛ ئەم گۆڕانەش تەنها ئەوکاتە سوودی دەبێت کە باڵندەیەکی لە قوو چووی جیا لە سپی ببینیت و ڕوودانی ئەمەش دەگمەنە؛ بە ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکارییە مەترسیی ئەوەی کە خێزانی قوو دەیسەلمێنن خێزانێکی سروشتی نین زیاد دەکەیت. مەگەر هۆکاری تایبەت هەبێت، ئەگەرنا لەژێر ئەم بارودۆخانەدا ئەگەری زۆرە خۆت لە گشتاندن بەدوور بگریت. بۆ نموونە، لەوانەیە پێویست بەوە بکات وەسفی قووەکان بۆ کەسێک بکەیت کە ناتوانێت ڕاستەوخۆ بەڕووی نموونە باڵاکاندا بکرێتەوە. بەبێ وریاییەکی سەروو مرۆیی لەلایەن خۆت و خوێنەرەوە وەسفەکەت هێزی گشتاندنێک وەردەگرێت؛ کە زۆرجار ئەمە کێشەی پۆلێنزانەکانە. یاخود لەوانەیە هەندێ باڵندەی ڕەساسیت دۆزیبێتەوە کە لە شێوە لە قووەکان دەچێت بەڵام خواردنی جیاواز و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری نەخوازراوی هەیە. لەو کاتەدا لەوانەیە گشتاندن بکەیت بۆ خۆلادان لە بە هەڵە بڕیاردان. یانیش لەوانەیە هۆکاری بیردۆزی زیاتر هەبێت بۆ باوەڕکردن بەوەی گشتاندنەکە بەنرخە. بۆ نموونە، لەوانەیە تێبینی ئەوەت کردبێت کە ئەندامەکانی خێزانە سروشتییەکانی تر هەمان ڕەنگیان هەیە. دیاریکردنی ئەم ڕاستییە بەشێوەیەک کە ڕێگە بە بەکارهێنانی تەکنیکی لۆژیکی بەهێز بۆ ئەوەی کە دەیزانیت، ڕەنگە ڕێگە بە زانینی زیاتر دەربارەی ڕەنگی ئاژەڵ بەگشتی و زاوزێی

[36] ئەم ئەزموونە پێویستی بە وازهێنان لە پۆلی 'قوو' یان پۆلی 'قاز نابێت، بەڵام پێویستی بە هێنانەکایەی سنوورێکی ئارەزوومەندانە لەنێوانیاندا دەبێت. خێزانەکانی 'قوو' و 'قاز' چیتر خێزانی سروشتی نەدەبوون و نەتدەتوانی هیچ شتێک دەربارەی تایبەتمەندیی باڵندەیەکی نوێی هاوشێوەی قوو دەربهێنیت کە لە قازەکانیشدا ڕاست نەبووە. فەزای هەستی بەتاڵ زۆر گرنگە ئەگەر ئەندامێتیی خێزان بیەوێت ناوەڕۆکی هزری هەبێت.

ئاژەڵ بەتایبەتی بدات.

ئێستا کە گشتاندنەکەت کرد، چی دەکەیت ئەگەر تووشی باڵندەیەکی ڕەش بوویت کە جگە لەلایەنی ڕەنگ لەهەموو لایەنێکی تر بەقوو دەچێت؟ من پێشنیاردەکەم هەمان ئەو شتانە دەکەیەوە وەک ئەوەی کە بەهیچ شێوەیەک پێشتر خۆت بەگشتاندنەکەوە پەیوەست نەکردبێت. بەوریاییەوە لێکۆڵینەوە لە باڵندەکە دەکەیت، لەڕووی دەرەوە و ڕەنگە ناوەوەشدا، بۆ دۆزینەوەی ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئەم نموونەیە لە نموونە باڵاکەت جیا دەکەنەوە. ئەم گشتاندنە ورد و درێژە بەتایبەت ئەگەر بێت و هۆکاری بیردۆزیت هەبێت بۆ باوەڕکردن بەوەی کە ڕەنگ تایبەتمەندی خێزانە سروشتییەکانە، یاخود ئەگەر خۆت بەقووڵی بە گشتاندنەکەوە وابەستە بیت. بە ئەگەرێکی زۆرەوە توێژینەوەکە جیاوازییەکانی تر دەردەخات و تۆش دۆزینەوەی خێزانێکی سروشتی نوێ ڕادەگەیەنیت. یانیش لەوانەیە شکست بێنیت لە دۆزینەوەی ئەو جۆرە جیاوازانە و دواتر ڕاییگەیەنیت کە قووەیەکی ڕەش دۆزراوەتەوە. هەرچەندە سەرنجدان ناتوانێت ناچارت بکات بە پەسەندکردنی ئەنجامێکی هەڵە و ناوبەناو ئەگەر بتوانێت وابکات ئەوە زەرەرمەند دەبیت. ڕەچاوکردنە بیردۆزییەکان ڕەنگە ئەوە پیشان بدەن کە ڕەنگ بەتەنیا بەسە بۆ دیاریکردنی خێزانێکی سروشتی: باڵندەکە قوو نییە چونکە ڕەشە. یانیش هەر بەسادەیی لەوانەیە پرسەکە دوا بخەیت تا دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە لە نموونەکانی تر. تەنها ئەگەر پێشتر خۆت پابەند کردبێت بە پێناسەیەکی تەواوی قوو، پێناسەیەک کە کارپێکردنی بەسەر هەرشتێک دەتوانیت بیری لێ بکەیتەوە دیار بکات، دەتوانیت بەشێوەیەکی لۆژیکی ناچار بکرێیت کە گشتاندنەکەت پووچەڵ بکەیتەوە[37]. بۆچی دەبوو پێناسەیەکی لەمجۆرە پێشکەش بکەیت کە هیچ خزمەتی پڕۆسەی بیرکردنەوە ناکات و ڕووبەڕووی مەترسی گەورەت دەکاتەوە؟[38].

[37] بەڵگەی زیاتر بۆ ناسروشتیبوونی هەر پێناسەیەکی لەو جۆرە لەم پرسیارەی خوارەوەدا هاتووە. ئایا پێویستە

'سپیبوون' بە تایبەتمەندییەکی پێناسەکەری قووەکان دابنرێت؟ ئەگەر وایە، گشتاندنی ' هەموو قووەکان سپیین' بارامبەر بە ئەزموون بەرگری دەبێت. بەڵام ئەگەر 'سپیبوون' لە پێناسەکەدا دەربکرێت، ئەوا دەبێت هەندێک تایبەتمەندیی دیکە بخرێتە نێو ئەو تایبەتمەندییەوە کە ڕەنگە 'سپیبوون' جێگەی بگرێتەوە. زۆرجار بڕیاردان سەبارەت بەوەی کام تایبەتمەندی بەشێک بێت لە پێناسەیەک و کامیان بۆ بەیاننامەی یاسا گشتییەکان بەردەست بن، زۆرجار ئارەزوومەندانەن و لە جێبەجێکردندا بەدەگمەن دەدرێن. بەزۆری زانیاری بەو شێوەیە نەخراوەتە ڕوو.

[38] ئەم ناتەواوییە لە پێناسەکاندا زۆرجار پێی دەوترێت 'پێکهاتەی کراوە' یان 'ناڕوونیی مانا'، بەڵام ئەو دەستەواژانە

بێ گومان خۆ خستنەبەر مەترسی هەمیشە گرنگە، بەڵام وتنی زیاتر لەوەی دەیزانیت تەنها لەبەر خاتری ئەوەی بڵێی خۆم داوەتە بەر مەترسی سەرشێتییە.

من پێشنیار دەکەم کە زانیاری زانستی لەم جۆرەیە ئەگەرچی لە ڕووی لۆژیکەوە ڕاستتر و ئاڵۆزترە. ئەو کتێب و مامۆستایانەی لێیانەوە وەرگیراوە، نموونەی بەرجەستە لەگەڵ کۆمەڵێک گشتاندنی بیردۆزی دەخەنە ڕوو. هەردووکیان حەمباڵی سەرەکیی زانست و زانیاریین، هەربۆیەش گەڕان بەدوای پێوەرێکی ڕێبازی کە پێی وایە زانایاکان پێشوەختە دەتوانن دیاری بکەن کە نموونەیەکی خەیاڵیکراو لەگەڵ بیردۆزەکە دەگونجێ یان ساختەیە، بێمانایە. ئەو پێوەرەی لەبن دەستیدایە چ ڕوون بێت، چ ناڕوون، بەسە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە تەنها بۆ ئەو بابەتانەی کە بەڕوونی دەگونجێن یان بەڕوونی دیارە کە پەیوەندیدار نییە. ئەمە ئەو بابەتانەن کە ئەو پێشبینیان دەکات، ئەو بابەتانەی کە بۆ زانیارییەکانی ئەو داڕێژراوە. بەڵام ئەگەر بێت و ڕووبەڕووی شتێکی چاوەڕواننەکراو بکرێنەوە، ئەوا هەردەم دەبێت لێکۆڵینەوەی زیاتر بکات بۆئەوەی بتوانێت زیاتر بیردۆزەکەی لەو بوارەدا بخاتە ڕوو کە کێشەی لێ دروست بووە. لەوانەیە ئەوکاتە لە بەرژەوەندیی بیردۆزێکی تر یان بۆ هۆکاری باش ڕەتی بکاتەوە. بەڵام هیچ پێوەرێکی لۆژیکی تایبەت ناتوانێ بەتەواوی ئەو ئەنجامە دیاری بکات کە دەبێت بیگەیەنێت.

چوارەم

نزیکەی هەموو ئەو شتانەی کە تا ئێستا باسکراون زەنگی گۆڕانکارین لەسەر یەک تەوەر. ئەو پێوەرەی زانایان لەڕێیەوە ڕەوایەتیی قسەیەک یان بەکارهێنانی بیردۆزێک کە هەیە دیاری دەکەن، تەنها بەس نییە بۆ دیاریکردنی هەڵبژاردنی نێوان دوو بیردۆزی پێشبڕکێکار بە گواستنەوەی تایبەتمەندییە هەڵبژێردراوەکانی لێکۆڵینەوەی ڕۆژانە بۆ ئەو زنجیرە ناوبەناوە شۆڕشگێڕییەی کە پێشکەوتنی زانستی تێیدا دیارە و دواتر پشتگوێ خستنی تەواوی پرۆژە ڕۆژانەییەکان، هەڵەی کردووە. ئەو بەتایبەتی هەوڵی داوە کێشەی هەڵبژاردنی بیردۆز لە کاتی شۆڕشەکاندا بە پێوەرە لۆژیکییەکان چارەسەر بکات کە تەنها ئەوکاتە دەتوانرێ بەتەواوی کاری پێبکرێت کە بتوانرێت بیردۆزێک پێشوەختە گریمانە

بەڕوونی دیارە کە هەڵەن. ڕەنگە پێناسەکان ناتەواو بن، بەڵام هیچ شتێک لە ماناکاندا هەڵە نییە. ماناکان بەو شێوەیە هەڵسوکەوت دەکەن!

بکرێت. ئەمە گەورەترین بەشی تێزەکەمە لەم توێژینەوەیەدا و دەتوانێت تەواوی تێزەکە بێت ئەگەر بێت و من ڕازی ببم بە جێهێشتنی هەموو ئەو پرسیارانەی وروژێنراون بەکراوەیی. زاناکان چۆن هەڵبژاردن لەنێوان بیردۆزە پێشبڕکێکارەکان دەکەن؟ ئێمە چۆن دەتوانین لە شێوازی پێشکەوتنی زانست تێبگەین؟

با یەکسەر ڕوون بم، ئێستا کە ئەم سندووقی پاندۆرایەم کردەوە، پێویستە هەر زوو دایبخەمەوە. زۆر شت دەربارەی ئەم پرسیارانە هەیە من لێیان تێناگەم و ناشبێت وای پیشان بدەم. بەڵام باوەڕم وایە ئەو ئاراستەیە دەبینم کە دەبێت لەوێوە بەدوای وەڵامەکانیاندا بگەڕێین و بەکورتی بە هەوڵێک بۆ دیاریکردنی ڕێگایەک کۆتایی پێدێنم. لە نزیک کۆتاییەکەیدا جارێکی دیکە تووشی کۆمەڵێک دەستەواژەی تایبەتمەندی بەڕێز کارڵ دەبینەوە.

من دەبێت سەرەتا ئەو پرسیارە بکەم چی شتێک هێشتا پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە. نە زاناکان دەربارەی سروشت ڕاستییەکە دەدۆزنەوە نە لە ڕاستییەکەش نزیک دەبنەوە. مەگەر بە سادەیی، وەک ئەوەی یەکێک لە ڕەخنەگرانم پێشنیار دەکات،[39] نزیکبوونەوە لەڕاستی بە ئەنجامی هەرشتێک کە زاناکان ئەنجامی دەدەن پێناسە بکەین، ئێمە ناتوانین پێشکەوتن بەرەو ئەو ئامانجە دیاری بکەین. بەڵکوو ئێمە دەبێت ئەوە ڕوون بکەینەوە کە بۆچی زانست، دڵنیاترین نموونەی زانستی تەندروست، بەو شێوەی خۆی پێش دەکەوێت و دەبێت سەرەتا ئەوە بدۆزینەوە کە چۆن زانست لەڕاستیدا پێش دەکەوێت.

جێگەی سەرسوڕمانە هێشتا شتێکی کەم لەبارەی وەڵامی ئەو پرسیارە وەسفییە زانراوە. هێشتا بڕێکی زۆر لێکۆڵینەوەی ئەزموونی پێویستە. بە تێپەڕبوونی کات دیارە ئەو بیردۆزە زانستییانەی وەک گرووپێک وەرگیرابوون زیاتر و زیاتر دەخرێنە ڕوو. لە پرۆسەکەدا، ئەو بیردۆزانە بە خاڵێکی زۆر و بەزیادبوونی وردبینی لەگەڵ سروشتدا یەک دەگرنەوە. یان دیسانەوە، ژمارەی ئەو بابەتانەی دەتوانرێت ڕێبازی چارەسەرکردنی مەتەڵیان بەسەردا جێبەجێ بکرێت، بەڕوونی لەگەڵ کاتدا گەشە دەکات. پەرەسەندنی بەردەوامی پسپۆڕییە زانستییەکان بەشێکی بەهۆی درێژکردنەوەی سنووری زانست و بەشێکی بەهۆی دابەشکردنی بوارەکانی ئێستا بوونی هەیە.

39 (هۆکینگز) [١٩٦٣].

بەڵام ئەم گشتاندنە تەنها سەرەتایەکە، بۆ نموونە، ئێمە بەنزیکەیی هیچ نازانین سەبارەت بەوەی کە کۆمەڵە زانیارییەک چ قوربانییەک بۆ بەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتانە دەدەن کە بیردۆزێکی نوێ بەبێ گۆڕان پێشکەشی دەکات. سەرنجی خۆشم هەرچەندە لەمەش زیاتر نییە، ئەوەیە کۆمەڵگەی زانستی بەدەگمەن یاخود هەرگیز باوەش بە بیردۆزێکی نوێدا ناکات مەگەر چارەسەری هەموو ئەو چەندێتی و مەتەڵە ژمارەییانەی کە لەلایەن بیردۆزی پێش خۆیەوە ئاماژەی پێ دراوە بکات[40]. لەلایەکی دیکەوە، ناوبەناو هێزی ڕوونکردنەوە دەکەنە قوربانی، هەرچەندە هەندێکجار بەدوودڵی پرسیارە پێشتر چارەسەرکراوەکان بەکراوەیی دەهێڵنەوە و هەندێجاریش بەتەواوی بەنازانستی دەیانناسێنن[41]. ئەگەر بچینە سەر بوارێکی تر، ئێمە شتێکی کەم لەبارەی گۆڕانکارییە مێژوویەکانی یەکگرتوویی زانستەکانەوە دەزانین. سەرەڕای سەرکەوتنە ناوبەناوە سەرنجڕاکێشەکان، سنووری پەیوەندییەکانی نێوان زانستەکان خراپتر و خراپتر دەبێت. ئایا لەگەڵ تێپەڕبوونی کات ژمارەی دیدگا ناتەباکان کە لەلایەن ژمارەکی زۆر لە کۆمەڵەی پسپۆڕانەوە بەکار دێت گەشە دەکات؟ وەک ڕوونە یەکگرتوویی زانستەکان بۆ زاناکان بەهایەکە، بەڵام بۆچی وازی لێ دەهێنن؟ یان دیسانەوە، هەرچەندە بەڕوونی بەشێکی زۆری زانیاریی زانستی لەگەڵ کاتدا زیاد دەکات، بەڵام چی بڵێین دەربارەی نەزانی؟ ئەو کێشانەی لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا چارەسەرکران سەدەیەک بەر لە ئێستا وەک پرسیاری کراوە لەئارادا نەبوونە. لە هەموو سەردەمێکدا ئەو زانیارییە زانستییەی کە لە بەردەستدا بووە بەنزیکەیی هەموو ئەوشتانەی کە هەبووە بۆ زانین گرتۆتەوە و مەتەڵە بینراوەکانیشی تەنها لە ئاسۆی زانستی هەبوودا بەجێ هێشتووە. ئایا ناکرێت، یان تەنانەت ڕەنگە ئەگەری ئەوەش هەبێت، کە زانایانی هاوچەرخ کەمتر لەوەی کە زانایانی سەدەی هەژدەهەم لەبارەی جیهانەکەیانەوە دەیانزانی بزانن؟ دەبێت لە بیرمان بێت بیردۆزە زانستییەکان تەنها لێرە و لەوێ بەسروشتەوە دەلکێن. ئایا ڕەنگە کەلێنەکانی نێوان خاڵەکانی وابەستەبوون ئێستا گەورەتر و ژمارەیان زۆرتر بێت لە جاران؟

تا ئەو کاتەی نەتوانین وەڵامی پرسیاری زیاتری وەک ئەمانە بدەینەوە، بەتەواوی نازانین پێشکەوتنی

[40] بڕوانە، (کوون) [١٩٦١].
[41] بڕوانە، (کوون) [١٩٦٢]، لاپەڕەکانی ١٠٢-١٠٨

زانستی چییە و هەر بۆیەش ناتوانین بەتەواوی هیوای ئەوەمان هەبێت کە ڕوونی بکەینەوە. لەلایەکی دیکەوە، وەڵامی ئەو پرسیارانە زۆر بەنزیکەیی ئەو ڕوونکردنەوانە دەستەبەر دەکات کە بەدوایدا دەگەڕاین. ئەم دووانە بەنزیکەیی بەیەکەوە دێن. هەر پێشتر پێویستە ئەوە دیار بێت کە دەبێت لە شیکردنەوەی کۆتاییدا ڕوونکردنەوەکە یان سایکۆلۆژی، یانیش کۆمەڵناسی بێت. واتە دەبێت وەسفێکی سیستەمی بەها بێت، ئایدۆلۆژیایەک بێت، بەیەکەوە لەگەڵ شیکردنەوەیەک بۆ ئەو دامەزراوانەی لەڕێیانەوە ئەو سیستەمە دەگوازرێتەوە و جێبەجێ دەکرێت. ئێستا کە دەزانین چی بۆ زاناکان بایەخدارە، ڕەنگە هیوامان ئەوەبێت تێبگەین چ کێشەیەک دەگرنە ئەستۆ و چ هەڵبژاردنێک دەکەن لە بارودۆخی تایبەتی ململانێدا. هەروەها من گومانم لە هەبوون و دۆزینەوەی وەڵامێکی تر هەیە.

بێ گومان ئەو شێوەیەی وەڵامەکە دەیگرێتە بەر شتێکی دیکەیە و لێرەشدا هەستی کۆنترۆڵکردنی بابەتەکەم کۆتایی دێت. بەڵام دووبارە، هەندێ نموونەی گشتاندنەکان ئەو جۆرە وەڵامانە دەخەنە ڕوو کە دەبێت بەدوایاندا بگەڕێین. بۆ زانایەک، چارەسەرکردنی چەمکێکی سەخت یاخود ئامرازێکی مەتەڵ، ئامانجێکی سەرەکییە. بە سەرکەوتن لەو هەوڵەدا زاناکە لەڕێی پیشاندانی پێزانین تەنها و تەنها لەلایەن ئەندامانی پیشەگەری تری گرووپەکە پاداشت دەکرێت. سوودی چارەسەرەکەش لە باشترین ڕەوشیدا بەهایەکی لاوەکییە و پەسەندکردنی لەلایەن کەسانی دەرەوەی گرووپی پسپۆڕییەکە بەهایەکی نەرێییە یان هەر هیچ بەهایەکی نییە و ئەم بەهایانە، کە زۆرشت بۆ دیاریکردنی شێوەی زانستی ئاسایی دەکەن، لەو کاتانەشی کە دەبێت هەڵبژاردن لەنێوان بیردۆزەکان بکرێت گرنگن. ئەو کەسەی وەک مەتەڵ چارەسەرکەر ڕاهێنراوە حەز بە پاراستنی هەرچی چارەسەری مەتەڵ کە پێشتر لەلایەن گرووپەکەیەوە بەدەست هێنراوە دەکات، هەروەها ئارەزووی ئەوە دەکات ژمارەی ئەو مەتەڵانەی دەتوانرێت چارەسەر بکرێن بگەیەنێتە بەرزترین ئاست. بەڵام تەنانەت ئەم بەهایانەش زۆرجار ناکۆکن و، هەندێکی تریش هەن کە هێشتا کێشەی هەڵبژاردن قورستر دەکەن. تەنیا لەم پەیوەندییەدا لێکۆڵینەوەیەک لەوەی زانایان دەستبەرداری چی دەبن لە هەمووی گرنگتر دەبێت. سادەیی، وردی و هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەو بیردۆزانەی لە پسپۆڕییەکانی تردا بەکار دەهێنرێت، هەموویان بەهایەکی بەرچاون بۆ زاناکان، بەڵام هەموویان هەمان هەڵبژاردن

دیاری ناکەن و هەمووشیان بە هەمان شێوە جێبەجێ ناکرێن. بەو پێیەش، گرنگە یەکدەنگیی گرووپەکان بەهایەکی سەرەکی بێت و ببێتە هۆی ئەوەی گرووپەکە کەمترین کات ململانێ بکات و بەخێرایی سەبارەت بە یەک کۆمەڵە یاسا بۆ چارەسەرکردنی مەتەڵ یەک بگرێتەوە تەنانەت ئەگەر نرخەکەی، دابەشکردنی پسپۆڕییەکە یاخود دەرکردنی ئەندامێکی بەرهەمدار بێت[42].

من پێشنیار ناکەم کە ئەمانە وەڵامن بۆ کێشەی پێشکەوتنی زانستی، بەڵام ئەو جۆرە وەڵامانەن کە دەبێت بەدوایاندا بگەڕێین. ئایا دەتوانم هیوا بخوازم بەڕێز کارڵ لەگەڵمدا بێت لەم تێڕوانینەدا بۆ ئەو کارانەی کە هێشتا ماوە ئەنجام بدرێت؟ بۆ ماوەیەک پێم وابووە ئەو ڕازی نابێت، چونکە هەندێ دەستەواژە کە لە کارەکانیدا دووبارە دەبنەوە ڕێگریی گرتنەبەری ئەم هەڵوێستە پیشان دەدەن. ئەو دووبارە و دووبارە سایکۆلۆژی زانیاری یان "خودی" Subjective ڕەت کردۆتەوە و لەجیاتی گرنگی بە "بابەتی" Objective یان لۆژیکی زانیاری داوە[43]. ناونیشانی سەرەکیترین کاری ئەو لە بوارەکەماندا بریتییە لە "لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی" و لەم کارەیدا بەشێوەیەکی ئەرێیی جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو لەخەمی پاڵنەرە لۆژیکییەکانی زانیاریدایە نەک پاڵنەرە دەروونییەکانی تاکەکان. هەتا بەم دواییانەش پێم وابووە ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ کێشەکە ڕێگری لەوجۆرە چارەسەرە دەکات کە پشتگیریم لێ کردووە.

بەڵام ئێستا کەمتر دڵنیام، لەبەر ئەوەی کارەکەی بەڕێز کارڵ لایەنێکی تری هەیە، کە زۆر تەبا نییە لەگەڵ ئەوەی پێش خۆی. کاتێک ئەو سایکۆلۆژی زانیاری ڕەت دەکاتەوە، نیگەرانیی ئەو تەنها بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو پەیوەندییانەیە کە لەسەر ڕێبازێک دەڕۆن و سەرچاوەی ئیلهامی تاکێک یان هەستی دڵنیایی تاکێکە. ناتوانم لەگەڵ هەموو ئەوەدا هاوڕا نەبم. بەڵام هەنگاوێکی دوور و درێژە لە ڕەتکردنەوەی تایبەتمەندییە دەروونییەکانی تاکەوە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو توخمە باوانەی کە بەهۆی پەروەردەکردن و ڕاهێنانەوە لە ئەندامێتیی مۆڵەتپێدراوی گرووپێکی زانستیدا هان دەدرێن. پێویست ناکات یەکێکان لەگەڵ ئەوی تردا دوور بخرێتەوە و بەڕێز کارڵ-یش پێدەچێت هەندێجار هەست بەمە بکات. هەرچەندە ئەو پێداگری دەکات کە لەسەر لۆژیکی زانیاری دەنووسێت، بەڵام لە ڕێبازەکەیدا ڕۆڵێکی سەرەکی لەلایەن ئەو بڕگانەوە دەگێڕدرێت کە من تەنها دەتوانم وەک هەوڵێک بۆ چاندنی فەرمانە ئەخلاقییەکان لە ئەندامێتیی گرووپی زانستیدا بخوێنمەوە. من پێم وانییە دەبێ

[42] بڕوانە، کتێبی [١٩٦٢]م، لاپەڕەکانی ١٦١-١٦٩

[43] بڕوانە، کتێبی [١٩٦٢]م، لاپەڕەکانی ١٦١-١٦٩

لە سەرکەوتنی زانست تێبگەین بە بێ تێگەیشتن لە هێزی ئەو یاسا هاوبەشانەی کە بە پیشەگەرییانە لەڕێی ڕەوانبێژییەوە هاتوون.

وای دانێ بەڕێز کارڵ دەنووسێت، "ئێمە بە ئەنقەست ژیانمان لەم جیهانە نەناسراوە کردووە بە ئەرکی خۆمان؛ بۆ خۆگونجاندنمان لەگەڵی هەتا دەتوانین؛ .... و ئەگەر بکرێت بە یارمەتیی یاساکان و بیردۆزەکانی ڕوونکردنەوە ئەم جیهانە ڕوون بکەینەوە (هەرچەندە نابێت پێمان وابێت دەتوانین ئەوە بکەین). ئەگەر ئێمە ئەوەمان کردووە بە ئەرکی خۆمان، کەوایە هیچ ڕێکارێکی ژیرانەتر جگە لە ڕێبازی گریمانە و هەڵوەشاندنەوە لەگۆڕێدا نییە: دەبێت بە بوێرییەوە بیردۆز پێشنیار بکەین و باشترین هەوڵی خۆمان بدەین بۆ پیشاندانی ئەوەی کە ئەمانە هەڵەن و بەشێوەیەکی کاتی قبوڵی ئەوە بکەین کە هەوڵە ڕەخنەییەکانمان سەرکەوتوو نەبوون[44]. بەدامەزراوەیی کردن و زیاتر جەخت کردنەوە لەسەر ئەو جۆرە گوتە و بەهایانە ڕەنگە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانەی کە نەدەتوانرا تەنها بە لۆژیک و تاقیکردنەوە دیاری بکرێت ڕوون بکاتەوە. ئەو ڕاستییەی کە ئەو بڕگانە شوێنێکی سەرەکی لە نووسینەکانی بەڕێز کارڵ-دا داگیر دەکەن بەڵگەیە لەسەر لێکچوونی تێڕوانینەکانمان. بەڵام پێم وایە ئەوهەرگیز وەک فەرمانە کۆمەڵایەتی-دەروونییەکان نایانبینێت کە ئەمەش بەڵگەی زیاتر لەسەر جیاوازیی دیدگاکانمان کە هێشتا بە قووڵی دابەشمان دەکات بەدەست دەخات.

REFERENCES

.Braithwaite [1953]: Scientific Explanation, 1953
.Guerlac [1961]: Lavoisier--The Crucial Year, 1961
.Hafner and Presswood [1965]: 'Strong Interference and Weak Interactions', Science, 149, pp. 503-10
Hawkins [1963]: Review of Kuhn's ⁎Structure of Scientific Revolutions', American Fournal of Physics, .31. Hempel [1965]: Aspects of Scientific Explanation, 1965

Lakatos [1963-4]: 'Proofs and Refutations', The British Journal for the Philosophy of Science, 14, pp. .1-25, 120-39, 221-43, 296-342
.Kuhn [1961]: 'The Function of Measurement in Modern Physical Science', Isis, 52, pp. 161-93
.Kuhn [1962]: The Structure of Scientific Revolutions, 1962
.Popper [1935]: Logik der Forschung, 1935
.Popper [1945]: The Open Society and its Enemies, 2 vols, 1945
.Popper [1957]: The Poverty of Historicism, 1957
.Popper [1959]: Logic of Scientific Discovery, 1959
.Popper [1963]: Conjectures and Refutations, 1963
Stahlman [1956]: 'Astrology in Colonial America: An Extended Query', William and Mary Quarterly, 13, .pp. 551-63
.Thorndike [1923-58]: A History of Magic and Experimental Science, 8 vols, 1923-58
.Thorndike [1955]: "The True Place of Astrology in the History of Science', Isis, 46, pp. 273-8

[44] (پۆپەر) [١٩٥٩]، لاپەڕەکانی ٢٢ و ٣١ و بەدواوە؛ و کتێبی [١٩٦٣]م ل. ٥٢

تەوەرەی ژمارەی داهاتووی ئاوەز؛

ڕۆڵ و ئەرکی فەلسەفە لەنێو جڤاتە داخراو و ستەمکارییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا چییە؟ بۆ فەلسەفە لە جڤاتی ئەوتۆدا گەشە ناکات؟ ئایا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دژایەتییە سەرسەختەی کە هەندێک دامەزراوەی ئایدۆلۆژیک بەرامبەر بە فەلسەفە دەیگرنە بەر یاخود لەبنەڕەتەوە لە جڤاتێکی وادا زەمینەی لەباری بۆ گەشەکردن نییە؟



خەڵاتی ئاوەز بۆ توێژینەوەی هزری

توێژەرانی کورد ئاگادار دەکەینەوە کە لە مەودوا ساڵانە خەڵاتی ئاوەز بۆ توێژینەوەی هزری بە دوو باشترین توێژینەوە دەبەخشرێت. لەم ڕووەوە ئەم سەرنجانەی خوارەوە دەخرێنە بەر چاو:

1- مژار و ناونیشانی خەڵاتەکە لەلایەن ژۆڕناڵی ئاوەزە-وە دیاری دەکرێت.

2- توێژینەوەکان دەبێت لە چوارچێوەی توێژینەوەی زانستیدا بن، وەک ئەوەی لە ڕێبەری بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە ژۆڕناڵی ئاوەزدا ئاماژەی پێ کراوە.

3- توێژینەوەکان بۆ خەڵاتی ئاوەز دەبێت لە ١٥ لاپەڕەی A4 کەمتر و لە ٢٠ لاپەڕەی A4 زیاتر نەبن.

4- ژۆڕناڵی ئاوەز سەرپەرشتیی زانستیی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی توێژینەوەکان دەکات.

5- خەڵاتی ئاوەز بە دوو باشترین وتار دەبەخشرێت کە بریتی دەبێت لە قەڵغانی ڕێزلێنان و پاداشتی مادی.

6- مژاری یەکەمین خەڵاتی ئاوەز بۆ توێژینەوەی هزری بریتییە لە ناونیشانی تەوەرەی ژمارە ٤ی ئاوەز، واتە: "مێژوو چییە؟ ئایا مێژوو کایەیەکی تەنیا گێڕانەوەییە یان مەعریفیشە؟ چۆن بتوانین مێژووی کورد زانستییانە بخوێنینەوە؟ لە باری مەعریفییەوە چی بکرێت بۆ ئەوەی هەڵە تراژیکەکانی مێژووی کورد دووبارە نەبنەوە؟"

7- دوا وادە بۆ وەرگرتنی توێژینەوەی تایبەت بە خەڵاتی ئاوەز ڕێکەوتی -20/04/2025ە.

8- ڕێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتی ئاوەز و پێشکەشکردنی وتارە براوەکان (یەکەم و دووهەم) لە کۆتایی مانگی ٥ی ساڵی ٢٠٢٥ لە دامەزراوەی کوردستان کڕۆنیکڵ بەڕێوە دەچێت.

خوێندنەوەی کتێب

ڕاستی، نەک ڕا

خوێندنەوەی کتێب

بەرگریکردن لە خۆرئاوا

ڕەخنەگرتن لە ئۆرێنتالیزمی ئیدوارد سەعید

ئیبن وەڕاق

چەند سەرنجێکی خێرا لەسەر سەعید و سەعیدییەکان

فاروق ڕەفیق

سکۆلەری بواری فەلسەفە

ئیبن وەڕاق، ناوێکی خوازراوی توێژەرێکی توانای ئینگلیزی - پاکستانییە کە چەندین ساڵە لە بواری لێکۆڵینەوە لە ئیسلامدا کار دەکات. یەکەمین کتێبی، "من بۆ موسڵمان نیم"، لە سەردەمی فەتوای کوشتنی سەلمان ڕوشدیدا هاتە دەرەوە و وەرچەرخانێکی دیار بوو لە بواری ئیسلامناسیدا.

ئیبن وەڕاق و سپنسەر دوو لێکۆڵەرن کە قسەکردن لەسەر ئیسلام بێ خوێندنەوەی بەرهەمەکانیان گاڵتەجاڕییە.

Defending the West: A Critique of Edward Said's Orientalism

by Ibn Warraq. Prometheus Books, 2007

کتێبی بەرگریکردن یا داکۆکیکردن لە خۆرئاوا کە لێرەدا خوێندنەوەی بۆ دەکەین، مامەڵەیەکی ڕەخنەگرانەی تێزەکەی ئیدوارد سەعیدە، بەمانایەکی دیکە ئیبن وەڕاق لەم بەرهەمە گرنگەیدا لەلایەکەوە هەستاوە بە گیروگرفتکردنی دنیابینییە شێواو و گومان لەسەرەکەی ئیدوارد سەعید و، لەلایەکی دیکەوە ناساندنی کانوونی فەرهەنگی خۆرئاوا. بۆ تێزە گرنگەکە ئەم کتێبە بخوێنینەوە؟ لەبەرئەوەی ژمارەیەک ڕۆشنبیری نەخوێندەواری پەروەردەنەبوو تێزەکەی دوو بەرهەمی ئیدوارد سەعید چەندپات دەکەنەوە، "خۆرهەڵاتناسی"[1] و "کولتوور و ئیمپرالیزم". یەکێک لە کارە گرنگەکانی کە دەتوانین لە ئێستادا ئەنجامی بدەین وەدیارخستنی نەخوێندەواریی ئەو بەناو ئایکۆنانەی کوردە کە نابەرپرسیارانە کەوتوونەتە ناو نووسینەوە.

لە پێشگوتنی کتێبەکەدا (ل ١٢) ئیبن وەڕاق ئاماژە بەوە دەکات کە لە بەشی دووهەمدا سێ بەها دیاری دەکات کە لە ڕێگەیانەوە خۆرئاوا دەناسێت: ئاوەزگەری، گەردوونایەتی و ڕەخنەگرتن لەخۆ. مەبەستی لە ئاوەزگەری چەمکەکان، ڕاستی، مەعریفەی بابەتی و فزولیyەتی هزرییە و مەبەستیش لە گەردوونایەتی بریتییە لە یەکێتیی مرۆڤایەتی و کرانەوە بۆ "ئەوی دیکە". لەبەرانبەردا, مەبەستیش لە ڕەخنەگرتن لەخۆ ئەو ئامادەکارییە، ئەو ئیرادەیەیە بۆ بردنی ترادسیۆنی خۆرئاوا بۆ سەر خوانی هەڵسەنگاندنی ئاوەزی.

[1] Eduard Said, Orientalism. New York, 1994

له بەشی دووهەمیشدا، ئیبن وەڕاق ژیاری خۆرئاوا بەراورد دەکات لە تەک ژیاری ئیسلامیدا، لەڕێگای بەراوردکردنی ئەو بەهایانەوە کە هەر شارستانییەتەو بۆ ئەو بابەتانەی قایلە. ئیمپریالیزمی ئیسلامی و بەشداریی ئیسلام لە بازرگانیکردن بە کۆیلەوە، بەراورد کراوە لەتەک دامەزراوە خۆرئاواییەکاندا. خۆرئاوا بەرانبەر ئەوانی دیکە کراوەیە، ڕۆژگارێکیش ئیسلام کەمێک کراوە بوو؛ بۆ نموونە، کراوە بوو بۆ وەرگرتنی کاریگەرییەکانی یۆنانی کۆن و عیرفانی هیندی و ئیدارەی ڕۆمانی، بەڵام ئیسلام عەقڵی خۆی کڵۆم دا و ئەوە هەزار ساڵە چ ئێمە موسڵمانەکان و چ جیهان بەدەست ئەو داخستنی عەقڵەوە ئالوودە و گیرۆدە بووین.

ئەو جۆرە مامەڵەکردنە و بەراوردکردنەی ڕەگەزپەرستی و ئیمپریالیزم و کۆیلایەتی خۆی لای نووسەر دەبێتە جۆرێک، وەڵامدانەوەیەک بۆ جنێودان و ڕەخنە ڕووخێنەرەکانی ئیدوارد سەعید لە خۆرئاوا بۆ خۆرئاوا. سەعید توانی ڕۆشنبیرانی خۆرئاوایی چاوترسێن بکات و بۆی دەرباز بێت بێ ئەوەی ئەو مامەڵە نامێژوویی و ناڕاستییەی کە لەتەک خۆرئاوادا کردی و خۆرئاوای خستە ناو قەفەسی تاوانبارییەوە؛ بێ ئاڵنگاری بۆی دەرباز بوو، ئەوەش بڵێین چەپی ئەوروپی و خۆرئاوایی لەم ئابڕووچوونە و لەم شانۆنامە قێزەونەدا ڕۆڵێکی قێزەونیان بینی.

ئیبن وەڕاق زاراوەی "خۆرهەڵاتناسی" Orientalism بەکار دەهێنێت، هەم بەمانا تایبەتییەکەی کە مەبەست لێی ئەو لێکۆڵینەوە ڕۆشنبیرییانەی مۆدێرنە لەسەر خۆرهەڵات کە پێویستی بە زانینی زمانە خۆرهەڵاتییەکان و ئەدەبیاتی خۆرهەڵاتە لە سەدەی هەژدەهەمەوە تا ئێستا، هەروەها بە مانا بەرفراوانەکەی کە مەبەست لێی کەڵەکەکردنی زانیاری و ڕاستییەکانە بۆ سەر خەرمانی مەعریفەی خۆرئاوا بۆ خۆرهەڵات. سەعید و سەعیدییەکان لەم بەینەدا تەنیا پشتیان بە تێڕوانینێکی مانیکی (Manicheism) ئاینی مانی بەستووە کە دنیا بە ڕەش - سپی دەبینێت؛ خۆرئاوای ئەهریمەن لەبەرانبەر هەموو ئەوانی دیکەی چاکدا. ئیبن وەڕاق بەوردی ئەوە بەیان دەکات کە ئەم تێڕوانینە خواروخێچ و زۆر زۆر دوورە لە ڕاستییەوە؛ مێژووی خۆرئاوا ئەو کرانەوە مەزنە نیشان دەدات، کرانەوە بۆ "ئەوانی دیکە" کە وێنەی ئەو کرانەوەیە لە هیچ ژیارێکی دیکەدا نابینرێتەوە. بۆ نموونە، شارستانێتیی ئیسلامی بە ڕێژەیەک لەتەک ئەوانی دیکە مامەڵەی خراپ دەکات کە دنیا دابەش دەکات بەسەر ماڵی ئیمانداران (موسڵمانان) و ماڵی کافرەکان، هەموو مرۆڤایەتی لە دەرەوەی ئیسلام. ماڵی ئیسلام دژ بە ماڵی جەنگ کە گشت مرۆڤایەتی تووڕ هەڵدەداتە نێو بازنەی دوژمنکارییەوە. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ڕاوبۆچوونی ڕەگەزپەرستانەی لەو جۆرە دابەشبوونی پڕ لە مەترسی و کارەساتباری ئاوها نەبووە و نەبینراوە.

هەر لە دەروازەکەدا، ئیبن وەڕاق ئاماژە بە خاڵێکی بێ ئەندازە گرنگ دەکات کە پێویست دەکات وەک وەرگرتن وەربگیرێن:

وا دیارە سەعید زاراوەی "خۆرهەڵاتناس" تەنیا بەکار بهێنێت بۆ کەسێک کە بەگشتی سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لە خۆرهەڵاتی ناوین، واتا دانیشتووانی موسڵمانی خۆرهەڵاتی ناوین. کەسێک کە لە جووەکان دەکۆڵێتەوە یاخود لە زەرادەشتییەکان، ئەو کەسە لە دیدی سەعیدەوە خۆرهەڵاتناس نییە. لای سەعید، کەسی ناموسڵمان بگرە ناعەرەب، هەر بوونی نییە، گەر ئاماژەشیان پێ درابێت ئەوا ددانیان پێدا نەنراوە. بۆ کەسانی خۆرهەڵاتی، کە خاوەنی مێژوون و ئامادەییان لەوێ هەیە، قیبتی بوونی نییە، مارۆنییەکان، ئاسوورییەکان نین. سەمایینانەکان نین، ئۆرسەدۆکسی یۆنان نین، کلدانی بوونی نییە، بەربەرەکان بوونیان نییە، هەروەها بەدڵنیاییەوە لە خۆرهەڵات جوو بوونی نییە، مەبەستی لە خۆرهەڵاتی ناوین و باکووری ئەفریقایە.. ئیدوارد سەعید بەپلەی ئیمتیاز ڕەگەزپەرست و ئەنتیسیمیتیکە، واتا دژە جووە.

بە ڕای ئیبن وەڕاق، ئیدوارد سەعید لە کتێبی "خۆرهەڵاتناسی"دا وانەیەک یا هونەرێکی ترسناک بە نەوەی عەرەبەکان فێر دەکات، هونەری بەزەیی هاتنەوە بەخۆدا، یاخود سەیرکردنی خۆ وەک قوربانی لەو دیدەوەی ئەگەر "ئیمپریالیزمی شەڕەنگێز و ڕەگەزپەرستەکان، زایۆنیستەکان نەبوونایە، ئێمە دەمانتوانی مەزن بین، لەم دیدەوە سەعید تەشویقی تیرۆری مێنتالیزمی ئیسلامی لە هەشتاکانەوە تا ئێستا دەکات، هەروەها ڕۆڵێکی ترسناکی بینیوە لە بێدەنگکردنی هەر ڕەخنە و خوێندنەوەیەکی ئاوەزمەندانە بۆ ئیسلام، بگرە کاریگەرییەکی نەرێیی زۆری لەسەر کایەی ئیسلامناسی دانا و ئیدی ئەو کەسانەی کە خولیای نووسین و بیرکردنەوەیان لەسەردا بوو دەربارەی ئیسلام و ناوچەکە سڵەمینەوە و ترسیان لێ نیشت لەوەی کە شتێک بڵێین و تۆمەتبار بکردرێن بە"ڕەگەزپەرستی". لەم ڕوانگەیەوە، ئیدوارد سەعید ڕۆڵی ئەفسەری موخابەراتی بینی لە بێدەنگکردنی کولتوورییانەی توێژەر و لێکۆڵەرەوەکان و ئەدیبان؛ ئەو یەکەم کەس بوو کە برەوی بەکولتووری سانسۆرکردن و ئەو

شتەی پێی دەڵێن: Political Correctnessدا، بگرە زەمینەی خۆش کرد بۆ ئێخوانی جیهانی کە زاراوەیەکی ترسناکی - دژ بە ئازادی و بیرکردنەوە بە ناوی "ئیسلامۆ فۆبیا" دابهێنن. لێرەدا پرکێشی دەکەم و دەڵێم ئیدوارد سەعید کەڵکەڵەی ڕەخنەگرتن لەخۆ کە تەنیا شارستانێتیی خۆرئاوا پەیڕەوی دەکات، زۆر بەخراپ ئەو کەڵکەڵەیە و ئەو ئازادییە دژ بەخۆرئاوا بەکارهێنایەوە، هەروەها خستییە خزمەت ئیسلام و ئیسلامگەرایی و فاشیزمی ئیسلامی؛ لێرەدا ئیدوارد بووە تیۆریسینی ئیرهابی فەڵەستینی و ئیرهابی فاشیزمی ئیسلامی.

با کتێبەکەی ئیبن وەڕاق بخوێنینەوە. هەر لە سەرەتاوە ئیبن وەڕاق پەنجە دەخاتە سەر تۆنە شەڕەنگێزییەکەی کتێبی خۆرهەڵاتناسی و ناوزەدی دەکات بە"تیرۆریزمی ڕۆشنبیرانە"، مادامێک سەرقاڵی ڕازیکردنی عەقڵی نییە و ئەرگۆمێنت یاخود شیکردنەوەی مێژوویی و ڕاستییەکان ناخاتە ڕوو، بەڵکوو لە ڕێگای تۆمەتبەخشینەوەی ڕەگەزپەرستی و ئیمپریالیزم و نێوەندێتیی ئەورویی -Eu rocentrism گۆیا لە گۆشەنیگایەکی ئاکاریی باڵاوە، هەر کەس هاوڕای سەعید و سەعیدییەکان نەبێت سووکایەتیی پێ دەکرێت و شارلاتانانە (شەقاوانە) پەلامار دەدرێت. ئەوەش بڵێین ژمارەیەک نووسەری کوردیش پەیڕەوی لە هەمان کولتووری شەقاوەیی دەکەن لە نووسینی کوردیدا؛ هەر هەمووشیان لە موعجیبییەکانی ئیدوارد سەعیدن. لەم تاکتیکەی سەعیددا زەمینەی ئاکاری ڕۆڵ دەبینێت لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو لەو باوەڕەدایە هەق بە ئەوە و ئەو ئەخلاقیانە بیر دەکاتەوە و لێرە هەموو میتۆدێک بەگونجاو دەزانێت بۆ بەکارهێنان بۆ شکاندنی نەیارەکانی کە زۆربەی زۆری بیرمەند و فەیلەسوف و زانایانی خۆرئاوان. ئەوەش بڵێین بەهۆی بێئاگایی لە فەلسەفە، سەعید ڕق و کینەیەکی قووڵی لە فەلسەفە و فەیلەسوفەکان هەیە لە یۆنانەوە تاکو ئەمڕۆی خۆرئاوا، بەتایبەت تیری بوغزی ئەو بۆ ئاوەزگەراکان و کۆمارییەکانە. هەروەها ئەو لەو باوەڕەدایە کە مافی هەیە دنیابینیی سکۆڵەر و بیرمەندەکانی خۆرئاوا بشێوێنێت و ڕاڤەکردنێکی گوماناوی و سادەلەوحانە دەربارەی فیکر و کولتوور بخاتە ڕوو و بەهەر چوارلادا تۆمەت ببەخشێتەوە، بێ ئەرگۆمێنت و بێ بەڵگە و بێ خستنەڕووی ڕاستییە بینراوەکان (Facts)؛ بەکورتی، ئاوەژووکردنەوەی ڕاستی، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا خۆی باوەڕی بە ڕاستی نییە. لە بیرمان بێت ئەم پیاوە لەژێر کاریگەریی ناهیلیزمی پۆست مۆدێرنیستەکانە کە باوەڕیان بە "ڕاستی" نییە.

سەعید تەنیا پەلاماری کایەی خۆرهەڵاتناسی نادات بەتەنیا، ئەو کایەیەی کە تەرخانە لە ڕووی ئەکادیمییەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە خۆرهەڵات کە بەڕای سەعید کارگەی وێنەی ئەمەتیە (ستریۆتایپییەکان) و دژایەتیی عەرەب و دژایەتیی ئیسلامە، بگرە خۆرهەڵاتناسەکان تۆمەتبار دەکات بەوەی لە خزمەت ئیمپراتۆرییەت و دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی خۆرئاوان و ئەوان بەرپرسیارن لە دروستکردنی جیاوازی لە نێوان باڵادەستیی خۆرئاوایی و نزمی و کەمیی خۆرهەڵاتی؛ ئەمەش لەڕێگای سەرکوتکردنی دەنگی خۆرهەڵات، لەڕێگای کەڵکەڵەی دژایەتیکردنی مرۆ و گشتاندنی دەربارەی دانیشتووان و مێژوو و کولتوور؛ بەکورتی، ئەوەی دەربارەی ئیسلام و شارستانێتیی ئیسلامی لەلایەن خۆرهەڵاتناسەکانەوە نووسراوەتەوە هیچ نییە جگە لە درۆ و پروپاگەندە و سەرلێشێواوی. هەروەها خۆرهەڵاتناسەکان پرۆسەی دروستکردنی "ئەوی دیکە"یان وەگەڕ خستووە، ئەوی دیکەی ئەورووپا کە هەمیشە نەرێییە، هەمیشە ناچالاکە و بیر ناکاتەوە، لاوازە و پێویستی بەخۆرئاوایە تا بیکاتە مەدەنی و خاوەن شارستانی. لە دیدی سەعیدەوە، خۆرهەڵاتناسی زیاتر بریتییە لە "شێوازی بیرکردنەوە بەربنەمای جیاکاریی ئۆنتۆلۆژی و ئیپستمۆلۆژی کە دروست کراوە لە نێوان "خۆرهەڵات" و Occident خۆرئاوا" (ئیبن وەڕاق، ل ١٤).

نووسەرانی ژانرەکانی ڕۆمان و شانۆ و داستان و سەفەرنامە و نەریتەکان و خەڵکەکە هەمووی تۆمەتبارن بەتۆمەتی "خۆرهەڵاتناسی" کە لێرەدا ئۆرێنتالیزم هێمایەکە بۆ ڕەگەزپەرستی و دروستکردنی "ئەوی - دیکە" لە ئەواندا. بەکورتی، لێرەدا ئۆرێنتالیزم جۆرێکە لە هەژموونگەرایی خۆرئاوایی، جۆرێکە لە سنووردانان و کۆسپ و تەگەرەدانان بۆ خۆرهەڵات و زاڵکردنی دەسەڵاتی (ئۆتۆرەتی) خۆرئاوا بەسەر خۆرهەڵاتدا. "سەعید کە قسە لە گوتار (دیسکۆرس) دەکات بەمانا فۆکۆییەکەی باس دەکات، واتا گوتارەکانی دەسەڵات کە هەڵدەستن بە دانی ئیمتیاز بە ژمارەیەک و سەرکوتکردنی ئەوانی دیکە؛ کەواتە، مەعریفەی بابەتی Objective knowledge و ڕاستیی ئەو شتەن کە نین لەو کایەیەدا کە ناوی "خۆرهەڵاتناسییە".

ئیبن وەڕاق لە پەیوەندی بەگوتار ئاماژە بەشێوازی سەعید دەکات کە پڕیەتی لە زمانی دژوار، زاراوەی پێناسەنەکراو، زاراوەی بێ سەروبەر؛ بەکورتییەکەی زمانی پۆست مۆدێرنیستەکان کە لێوانلێوە لە تەمومژ و بێمانایی و بەکارهێنانی وشەی قەبە قەبەی لە بەستێن دابڕێندراو و لە گرێژەنەچوو. کتێبی

خۆرهەڵاتناسی پڕیەتی لە ڕستەی بێمانا، بۆ نموونە، "ڕاستی، بەکورتی، دەبێتە وەزیفەی حوکمی فێرکراو، نەک هی خودی ماتەڕیاڵەکە، کە لە کاتدا بوونی خۆی لە خۆرهەڵاتناسدا دەبێتەوە" (لاپەڕە ٦٧، خۆرهەڵاتناسی). ئیبن وەڕاق لە ڕوونکردنەوە لەسەر ئەم "ڕستە دژوارە" دەڵێت: سەعید دەیەوێت بڵێت کە "حەقیقەت" لەلایەن ئۆڕێنتاڵیستەکانەوە دروست کراوە، بەرانبەر بەڕیاڵەتی "واقعێک" نییە لەوێ. بەڵام چی هەیە لەوێ ئەویش هەر قەرزاری خودی خۆرهەڵاتناسەکەیە. "گەر ئەمە حاڵەتەکە بێت، ئەوا ڕستەی یەکەمی سەعید هیچ مانایەک نابەخشێت، گەر بەشی یەکەم ڕاست بێت، ئەوا بەشی دووهەم مانایەک نابەخشێت. (ئیبن وەڕاق، ل ٢٢)، ئەمەش کار ناکات، چونکی چۆن دەشێت بڵێیت کە واقیعێکی سەربەخۆ حوکمی خۆرهەڵاتناس خۆی وا دیار بێت کە دروستکراوی خۆرهەڵاتناس بێت، ئەمەش ناکۆکی و دژبەخۆیی لەخۆ دەگرێت. (ل ١٢).

نموونەیەکی دیکە لە لاپەڕەی ١٦٠ی کتێبەکەی سەعیددا:

"خۆرهەڵاتناس دەتوانێت لاسایی خۆرهەڵات بکاتەوە بێ ئەوەی پێچەوانەکەی ڕاست بێت". لێرەدا نەک کەس نازانێت دەڵێت چی، خۆشی نازانێت دەڵێت چی؟. ئەوە دەزانین کە تێزەکەی سەعید ئەوەیە شتێک نییە بەناوی خۆرهەڵاتەوە، کە بۆ ئەو ئەبستراکتێکی بێمانایە لەلایەن خۆرئاواییەکانەوە دروست کراوە لە خزمەت ئیمپریالیستەکان و ڕەگەزپەرستەکاندا. بەڵام لەم حاڵەتەدا بۆ خاتری ئاسمان ئەم ڕستەیە مانای چییە؟ "خۆرهەڵات ناتوانێت لاسایی خۆرهەڵاتناس بکاتەوە".

وەک دەزانین سەعید لە هەندێک شوێنی کتێبەکەیدا ددان بەوەدا دەنێت کە ئۆڕێنتاڵیستەکان مەعریفەیەکی ڕەسەنیان دەربارەی خۆرهەڵات بەدەست هێناوە، دەربارەی مێژوو و زمان و کولتووری خۆرهەڵات؛ لەگەڵ ئەمەشدا سەعید بەبەردەوامی دژ بەگوزارەکانی خۆی دەوەستێتەوە، واتە لە ناکۆکیدا دەوەشێتەوە تا دەڵێت: (شتێک نییە بەناوی ڕاستییەوە "ل ٢٧١"). یاخود ئەوەی کە ئۆڕێنتاڵیزم دەناسێتەوە وەک "فۆڕمێک لە پارانۆیا، مەعریفەیەک لە جۆرێکی دیکە، جیاواز لە مەعریفەیەکی مێژوویی (ل ٧٣). یاخود لە دواجار ئەوە جەهلی خۆرئاوایە کە زیاتر پاڵاوتە و ئاڵۆزتر بووە (ل ٦٢). لەلایەکەوە سەعید ئینکاری ئەوە دەکات کە ئۆڕێنتالیستەکان مەعریفەیەکی بابەتیانەیان هەبێت دەربارەی خۆرهەڵات، بەڵام لە هەمان کاتدا و لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: پێشکەوتنێک کە بەدەستهاتووە لەلایەن "زانستێکەوە" لە چەشنی ئۆڕێنتاڵیزم لە فۆڕمە ئەکادیمییەکەیدا کەمتر بابەتییە لەوەی کە بیری لێ دەکەینەوە. (ل ٢٠٢، ئۆڕێنتاڵیزم).

ئەم ڕایەی دوایی دەرگا بۆ ئەو ئەگەرە دەکاتەوە کە هەندێک زانست ڕەنگە ڕاست بن، لێرەدا مەبەستی لە خۆرهەڵاتناسییە، بەڵام کۆی پڕۆژەکەی سەعید کە بەربنەمای ئایدیۆلۆژیا و زرە زانست Pseudo – Science پەیوەندییەکی بەزانستەوە نییە، وێڕای ئەمەش تەژییە لە ناکۆکی و خۆبەدرۆخستنەوە.

ئیبن وەڕاق ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات کە کتێبی ئۆڕێنتاڵیزم کە بانگەشەی ئەوە دەکات بەرهەمێکی جیدییە و سەبارەت بەمێژوویەکی عەقڵییە، وێڕای ئەمەش پڕیەتی لە وڕێنە و هەڵەی گەورە (ل ٢٣). بۆ نموونە، بەگوێرەی سەعید لە کۆتاییی سەدەی حەڤدەهەمدا بەریتانیا و فەڕەنسا هەژموونیان بەسەر خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا هەبووە، کەچی لە ڕاستیدا وڵاتی شام بۆ ماوەی چەندین سەدە لەژێر کۆنترۆڵی عوسمانییەکاندا بوو؛ ئەم کۆنترۆڵکردنە تا جەنگی یەکەمی جیهانی بەردەوام بوو. بازرگانە ئینگلیز و فەڕەنسییەکان و دیپلۆماتکارەکان و ڕەحاڵەکان دەبا ڕەزامەندیی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان هەبا بۆ گەشتکردن بۆ ئەو ناوچانە. هەمان شت بۆ میسریش ڕاستە، واتە سەعید بەهەڵەدا چووە ئەو کاتەی نووسیویەتی میسر دابڕێنراوە. وەک ئیبن وەڕاق زیرەکانە ئاماژەی پێ دەدا پەیڤێکی دیکە لە هەڵە شاخدارەکانی سەعید بریتییە لەو هەڵە گەورەیەی کە دەڵێت: سوپای موسڵمانەکان تورکیایان داگیر کرد پێش ئەوەی حوکمی باکووری ئەفریقا بکەن؛ لەڕاستیدا، عەرەبەکان لە سەدەی حەوتەمدا باکووری ئەفریقایان داگیر کرد و ئەمازیقییەکانیان جینۆساید کرد، تورکیای ئێستا، کە وڵاتی کریستیانەکان بوو وەک بەشێک لە ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی مایەوە تاکوو ئەوەی سەلجوقییەکان لە سەدەی یازدەهەمدا داگیریان کرد. بەڵام گوتنی ئەمە بۆ ناسیۆنالیستێکی ڕەگەزپەرستی دژە جووی وەک سەعید ئاسان نییە.

لە دیدی عەرەب پەرستانەی سەعید، هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەزەلەوە موڵکی عەرەب بووە، لە کاتێکدا عەرەبەکان داگیرکەرن، هێرشی ئیمپریالیستییانەیان لە سەدەی حەوتەمدا کردۆتە سەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە عێراق و ئێرانەوە بۆ مەغریب (باکووری ئەفریقا). سەعید دەنووسێت: "ماکدۆناڵد و ماسینیۆن وەک پسپۆڕ سەیر کراون لەلایەن ئیدارەی کۆڵۆنیالیستەوە لە باکووری ئەفریقاوە بۆ پاکستان" (کتێبەکەی سەعید، ل ٢١٠). بەڵام پاکستان هیچ کۆڵۆنی نەبووە، لە

ساڵی ١٩٤٧دا دروست کراوە. ئەمە و سەدان هەڵەی مێژوویی و عەقڵی و جوگرافیایی دیکە کە کتێبەکەی ئۆڕێنتاڵیزم پاکیجێک لەو هەڵە و درۆیانە.

سەعید لەو باوەڕەیە کە تۆماس کاڕیڵ قارەمانێکی لیبراڵ بووە، بەڵام لە ڕاستیدا مەیلی فاشیستیانەی هەبوو، هەروەها هینری نیومان کە ئەنگڵیەکانی بوو، مەزهەبی گۆڕی بۆ کاسۆلیک، ئەو بەلیبڕاڵی دەزانێت، بەڵام کۆنسەرڤەتیڤ بوو. سەعید توانایی جیاکردنەوەی فاشیزمی لە لیبڕالیزم نییە، توانایی جیاکردنەوەی کۆنسەرڤەتیڤی لە لیبڕالیزم نییە، هەروەها بە ئیگناز کۆڵدزج دەڵێت ئەڵمانییە لە کاتێکدا ئەو هەنگارییە. هەڵە نا، بەڵکوو کۆمیدیایەکی دیکەی سەعید ئەوەیە کە موسڵمان بەڕەگەز دیاری دەکات (ل ٩٩).

لە کتێبەکەیدا، سەعید بەبەردەوامی خۆڵ دەکاتە چاوی خوێنەرەکانییەوە، بەش لە ڕاوبۆچوونی سکۆڵەرێکی خۆرهەڵات دەهێنێتەوە و بەئاشکرایی بەهەڵە تەفسیریان دەکات، جۆرە هەڵە و تەفسیرکردنێک کە دەمانخاتە نێو گومان و شکەوە کە ئەم سەعیدە توانای تێگەیشتنی هەبێت؛ ئەوەی ناوبانگی بۆ دروست کردووە هەرچەپەکانن لەبەرئەوەی سەعید دوژمنی سەرسەختی ئیسرائیل و خۆرئاوایە.

پارچەیەک لە ڕاوبۆچوونی R. W. Southern دەهێننەوە لە کتێبەکەی Western Views of Islam in the Middle Ages. هەرچی سەرسوڕهێنەرانە ڕاوبۆچوونەکانی ساوزرن دەشێوێنێت بەشێوەیەک کە بواری شک ناهێڵێتەوە کە بڵێین سەعید حاڵی نابێت یا نایەوێت حاڵی ببێت. (بڕوانە لاپەڕە ٢٥ی کۆچکردن لە خۆرئاوا). دەرکردنی حوکمی پێشینە، گشتاندنی سەرپێی و لامسەرلایی، بەهەر چوارلادا بێ بەڵگە توڕهەڵدانی حومکدانەکان، نیشانەدانی پێزانینی کولتووری و عەقڵی بۆ ئەرکی باحسەکان و نووسەران و ئەدیبان و بیرمەندان، خۆبواردن لە هێنانەوەی سەلماندن و شیکردنەوەی لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەم نووسەرە ناسیۆنالیستە دژە خۆرئاواییەن کە ناوی ئیدوارد سەعیدە.

سەعید بۆ کێشانی تابلۆیەکی قێزەون دەربارەی خۆرئاوا و ئەو کایەیەی کە ئەو دژی وەستاوەتەوە بە خزمەتکاری ئیمپریالیزمی دەزانێت، ناچار دەبێت پەنا بۆ چەندین تاکتیک بەرێت، لە سەرەوەی ئەو تاکتیکانە نیشاندانی خۆرهەڵات وەک قوربانییەکی هەمیشەیی ئیمپریالیزمی خۆرئاوایی و،

قوربانیی توندوتیژی و هەژموونگەرایی خۆرئاوا. لێرەدا خۆرهەڵات بکەر نییە، بوونەوەرێکی خاوەن ئیرادەی خۆی و ئایدیا و نەخشەی خۆی نییە. هەر لێرەشەوە ئێمە لە کۆمەڵێک خەسڵەتی زۆر نەگونجاو و بەدی کولتووری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تێدەگەین لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە چەشنی بەزەیی بەخۆدا هاتنەوە، خۆ بەقوربانیزان، زوڵملێکراو، بێدەسەڵات و باوەڕهێنان بەو ئایدیایەی کە هەموو نەخۆشەکانی ئەم مەخلوقەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەرئەنجامی پلانەکانی زایۆنیزم و خۆرئاوایە.

سەعید لەم بەرهەمەیدا و لە هەندێک بەرهەمی تریشیدا The Question of Palestine (١٩٩٢) پێی وایە ئیسرائیل دروست کراوە وەک قەڵغانێک لە بەردەم ئیسلامدا، کەواتە ئیسرائیل دەستکردێکی خۆرئاواییە دژ بە خۆرهەڵات. کەواتە، بوونی ئیسرائیل خۆی تاوانێکە دەرهەق بەخۆرهەڵات، ئەم سیاسەتەی خۆبەقوربانیزان و غەدرلێکراوە هەناسەیەکی زاڵی کۆی بەرهەمەکانی ئەو بەبەردەوامی وەک قوربانییە لەناو فەزای ئەمریکیدا دەنووسێت و قسە دەکات لە کاتێکدا سەر بەدەستەبژێرێکی خاوەن مەقامە و هەرگیز ڕووبەڕووی ڕەگەزپەرستی و جیاکاری نەبۆتەوە، بەڵام بەبەردەوامی باس لە تۆڕی ڕەگەزپەرستی و سترۆتایپی (وێنەی نەمەتی) کولتووری و لە مرۆڤخستنی عەرەب دەکاتەوە.

ئایان بوردم[2] لە خوێندنەوەکەی بۆ کتێبەکەی سەعید دەنووسێت: "تاکوو زیاتر ئەو (سەعید) ە سوکنایی بکات لە ئازار چەشتندا و لە هەلومەرجیدا وەک کەسێک لە تاراوگە و دوورخراوە و موعجیبەکانی زیاتر موعجیبی دەبن. بەڵام بۆ من کاریگەری پێچەوانەی هەیە. لەنێو ئەو هەموو هەڵسوکەوتانەی کە شێوەیان بە یادەوەرییەکان، بەزەییهاتنەوە بەخۆدا، بەزەیی هاتنەوە بەخۆدا ڕەزاگرانترینیانە".

وەک ئیبن وەڕاق ئاماژەی پێ دەدا هێرشی ناپلیۆن بۆ سەر میسر لە ڕووی سیمبولیکییەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە چوارچێوەی فیکری سەعیددا. لێرەدا خوێنەر ڕووبەڕووی دەستکاریکردنی دەست ئەنقەستی مێژوو و یاخود ڕاستییە مێژووییەکان دەبێتەوە کە سەعید بەبەردەوامی پێی هەڵدەستێت، یاخود چەواشەکاری دەکات بۆ ئەوەی تێزەکەی ڕەوایەتی پەیدا بکات، واتا چەواشەکاری، شێواندنی ڕاستییەکان بنەمای دیدی ئەون نەک ڕاستیی مێژوویی و نەک بەڵگەی زانستی و ئەرگۆمێنتی لۆژیکی و، لۆژیک بە بەردەوامی بزرە، غیابی هەیە لە فیکری سەعیددا. لای

[2] Out of Place: A Memoir by Edward Said, New York Times. BOOK Review, October 3, 1999

سەعید ناپلیۆن میسری داگیر کرد و دەستی کرد بە سەرکوتکردنی میسر (بڕوانە لاپەڕەکانی ٨٨-٨٣ لە خۆرهەڵاتناسیدا). لێرەدا میسر قوربانییەکی پاسیڤە، قوربانیی چڵێسی خۆرئاوایی. کەچی لە واقیعدا فەڕەنسییەکان لە چوارساڵدا شکستیان پێ هێنرا و میسریان جێ هێشت. ناپلیۆن ١٧٩٨ گەیشتە میسر، فەڕەنسییەکان ١٨٠١ میسریان بەجێ هێشت، ئەوەی دەیبینن نووسەرێک دەبینی ئامادەیی گوتنی هەموو ناڕاستییەکی هەیە، ئامادەیی شێواندنی هەموو ڕاستییەکی بینراوی هەیە تەنیا لەبەر سەلماندنی دیوە ئایدیۆلۆژییەکەی. کتێبی ئۆرێنتاڵیزمی سەعید کتێبێکی پڕوپاگەندە و ئایدیۆلۆژییە بە پلەی ئیمتیاز. لەڕاستیدا، هاتنی فەڕەنسییەکان بۆ میسر خەڵاتێکی گەورە بوو بۆ میسر بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، چونکی بووە مایەی هۆشیاربوونەوەیەکی ڕێژەیی. تا ئەو کاتە ئەو ناوچە لە تاریکی و ستەمکارییەکی ترسناکدا بوون، بەریەککەوتن لە تەک خۆرئاوا جۆرە ڕاچڵەکینێکی دروست کرد، کە گەر پیاوانی ئاینی و نووسەرانی قەومچی وەکو سەعید نەبا ڕەنگە ببوایەتە مایەی ڕێنسانسێک. ئەو وێنەیەی سەعید بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی دەکێشێت هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعەوە نییە، ئەوان قوربانییەکی بێدەسەڵاتی ئیمپریالیزمی خۆرئاوا نەبوون، بگرە هێزە خۆرئاواییەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ٢٢ دەوڵەتیان بۆ عەرەب دروست کرد لەسەر حەق و مافی نەتەوەکانی دیکە، لەوانە کورد.

سەعید لە کتێبەکەیدا و دواجار لە چاپەکانی دیکەشدا بەبەردەوامی پێداگریی کردووە لەسەر ئەوەی واقعێک نییە بەناوی "خۆرهەڵات" یا "خۆرئاوا"، بگرە بە"ئیسلام"ەوە؛ هەروەها هیچ گرنگییەک نادات بە نیشاندانی ماهییەتی خۆرهەڵات و ئیسلام. لەڕاستیدا، سەعید بەبەردەوامی دژایەتیی خۆی بۆ خۆرئاوا نیشان دەدا و بگرە خۆرئاواییەکان وەک ڕەگەزپەرست ناوزەد دەکات؛ ئەو تۆمەتی ڕەگەزپەرستی دەداتە پاڵ ئەوروپییەکان، ئەوەتا دەنووسێت: کەواتە، ڕاستە کە هەر ئەوروپییەک لەوەی کە دەیڵێن دەربارەی خۆرهەڵات. ئەو ڕەگەزپەرست بووە لە ئەنجامدا، یا ئیمپریالیست بووە، بەتەواویش ئیتنۆسینتریکسن ”Ethnocentric“ (لاپەڕە ٢٠٤ ئۆرێنتاڵیزم.)کەواتە، لە دیدی سەعیدەوە هەموو ئەوروپییەک ڕەگەزپەرستە بەناچاری. بەڵام لە بیرمان بێت بناغەی هەموو فیکری سەعید ئەوەیە کە ئەو بەڕاشکاوی دژە جەوهەرگەراییە (Antiessentialist) بەتایبەتی دەربارەی "خۆرئاوا"، ئەی ئەو هەموو ئەحکامانە جەوهەرگەرایانە نین دەربارەی "خۆرئاواییەکان"؟

نموونەیەکی دیکەی جەوهەرگەرایی دژە خۆرئاوایی سەعید (لاپەڕە ٦ لە کتێبەکەی): "خۆرهەڵات بەخۆرهەڵات کراوە نەک لەبەرئەوەی دۆزراوەتەوە کە "خۆرهەڵاتە" لە ئەو ڕێگایانەی کە لەبەرچاو گیراون و باون لەلایەن مرۆڤی ئاسایی ئەوروپی سەدەی نۆزدەهەم، بەڵکوو هەروەها لەبەرئەوەی دەکرێت بخرێتە ژێر پرۆسەی بەخۆرهەڵاتکردنی"، ئەمەش هیچ نییە جگە لە پووچگەرایی سەعید. ئیبن وەڕاق ئاماژە بەئایدیایەکی بێ ئەنداز گرنگ دەکات سەبارەت بەتاکتیکی ئایدیۆلۆژیانەی سەعید لە پڕۆژە ئایدیۆلۆژییەکەیدا، ئەویش دوورخستنەوەی ئەو سکۆڵەر و نووسەرە خۆرئاواییانەی ناچنە ژێر ئەو بەناو چەترەوە، چەتری تیۆری کە لەڕاستیدا چەتری ئایدیۆلۆژییە. مادامێک لای سەعید هەموو ئەوروپییەک پێشوەختە ڕەگەزپەرستە، کەواتە ناتوانێت ئیقتباس (وەرگرتنی ڕا و بۆچوون) لەو نووسەرانە وەربگرێت کە بەئاشکرا دیارە ناگونجێن بۆ ئەو جلوبەرگە ئایدیۆلۆژییەی دووروەتیی بۆ ئەوروپی و خۆرئاواییەکان. لەڕاستیدا دەتوانین مەلزەمەیەک لە ناوی سکۆڵەر و نووسەر و بیرمەند و ئەدیبی خۆرئاوایی دروست بکەین کە نە لە دوور، نە لە نزیک پەیوەندییەکیان بەو چەترە ئایدیۆلۆژییە یاخود ئەو سندووقە ئایدیۆلۆژییەوە نییە کە سەعید بۆ خۆرئاوا و خۆرئاواییەکانی دروست کردووە.

دەبێت لە بیرمان بێت هەرچی پەیوەندیی بە یۆنانی کۆن و ڕۆمەوە (ڕۆمانییەکانەوە) هەبێت سەعید بێسەوادە و هیچ شارەزاییەکی لە کلاسیک نییە و مەعریفەی ڕاستەوخۆی دەربارەی فەلسەفەی یۆنانی و فەیلەسوفە یۆنانی و ڕۆمانییەکان نییە، ئەوەشی کە دەیزانێت دەستی هەشت و نۆی نووسەرانی خۆرئاوایە، ئەمەش بۆشایی گەورەی فیکری و ڕۆشنبیری لە دنیابینییەکەیدا دروست کردووە، هەروەها زەمینەی بۆ ئەو پووچگەراییەی دیدی ئەو خۆش کردووە. لەڕاستیدا، من دەتوانم بانگەشەی ئەوە بکەم کە سەعید لەڕووی زانستی و فەلسەفییەوە پەروەردە نەبووە و بۆ ئەوەی ئەرکی تێگەیشتنیش دەربارەی خۆرئاوا نەگرێتە ئەستۆ پەنای بەر نووسینی "ئۆرێنتاڵیزم" و "کولتوور و ئیمپریالیزم" بردووە. کتێبی خۆرهەڵاتناسی شاهیدی ئەوەیە کە نووسەرەکە هیچ دەربارەی خۆرئاوا و شارستانێتیی خۆرئاوا و کانونی فەرهەنگییەکەی نازانێت. ئەوەی دەیزانن کۆمەڵێک تێڕوانینی خێرا و سەرەقەڵەمە بێ وردبوونەوە و بێ قووڵبوونەوە، ئەوەی هەیە لە تەنکییەکی ترسناکی فیکری دەدوێت. سەعید چوار شت دەربارەی خۆرئاوا و کانونە فەرهەنگییەکەی نازانێت:

١- خواستی مەعریفە لەبەر خاتر و بەمەبەستی خودی مەعریفە.

٢- ڕەخنەکردنی-خۆ، بەبەردەوامی خوێندنەوەی خۆ خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانە.
٣- باوەڕهێنان بە یەکێتی و مرۆڤایەتی یا هەبوونی مرۆڤایەتییەک وەک چەترێک بۆ هەمووان واتا گەردوونایەتی. لە هیرۆدتسەوە فێر دەبین کە Historia (مێژوو) لە زمانی گریکدا واتا "دووبارە گەڕان"، بەحسکردن" و کێومالْکردن و پشکنین.
٤- ئاوەزگەری کە ڕیشەکەی بۆ قوتابخانەی سوکراتی دەگەڕێتەوە، (سوکرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ)، کە میتۆدی سوکراتی بەربنەمای ئەم ماکسیمەیە (بەڵگەنەویست)، ژیانێک تاقی نەکرابێتەوە ئەو ژیانە شایانی ژین نییە. ئەم ماکسیمە شارستانێتیی خۆرئاوا و قانونە فەرهەنگییەکەی پێ دەناسرێتەوە. سەعید ئەمە نازانێت، یا دەیزانێت بەڵام پڕۆژە ئایدیۆلۆژییەکەی کە بوغزاندنی ئەوی دیکەیە، ئەوی دیکەی خۆرئاوا، دەخوازێت وەک کالْفامێک بدوێت و کار بکات.

ئیبن وەڕاق دەیەها نموونە دێنێتەوە لەو نووسەر و سکۆڵەر و ئەدیب و ڕەحالە و فەیلەسوف و بیرمەندی خۆرئاوایی کە لەدوای ڕێنسانسەوە و یاخود دوای سەدەی شازدە و حەڤدەهەمەوە لەسەر خۆرهەڵات نووسیویانە، یا لەسەر ترادسیۆنی ئیسلامی یا کولتووری عەرەبی و سۆزداربوون لە تەک عەرەب، تورک، فارس، یا ئیسلام، بەڵام سەعید لەبەرچاوی نەگرتوون و پێزانینێکی بۆیان نیشان نەداوە. تەنیا و تەنیا ڤۆڵتێر، گیبۆن، لێسینگ، بەیڵ، کۆنت هێنری دی بۆلینڤلیریس، گۆتە، وو. س. بلەنت، ئەم ڕەحالەیەی دوایی دژ بەئیمپریالیزمی ئینگلیزی وەستاوەتەوە لە کتێب و نامیلکەکانیدا پشتگیریی دۆزی نەتەوایەتیی میسرییەکان و هیندییەکان و عەرەبەکان و ئێرلەندییەکان کردەوە، یاخود مارمادوک پیکستاڵ کە دواجار دەبێت بە موسڵمان و قورئان وەردەگێڕێت و لە ژۆڕناڵی Islamic Cultureدا دەنووسێت؛ هەروەها ئی. جی. بڕاون لە شاکارەکەیدا Literary History of Persia (١٩٠٢ – ٢٤)؛ ئەوانە مشتێکن لە خەروارێک. کارەکەی سەعید کارێکی سکۆڵەر نییە بەڵکوو هەوڵی ئایدیۆلۆژیستێکە کە پڕۆژەیەکی ئایدیۆلۆژیی هەیە، ئەرگۆمێنت و بەڵگە و سەلماندن نییە، فەرزکردنی هەیە، جەغدکردنی هەیە، گشتاندنی هەیە، لە پاڵ زمانێکی زبر و پڕ لە تانە و تەشەر کە هی سکۆڵەر نییە بەڵکوو زمانی دیماگۆگ و ئایدۆلۆگە کە دەڵێت، "ئەمە ئاوهایە، یا لەگەڵمیت یا دژمیت".

خاڵی ناسینەوەی شارستانێتیی خۆرئاوا لەڕاستیدا بریتییە لە ئاوەزگەری. ئاوەزگەریش (عەقڵانییەت) بریتییە لە عەوداڵبوون بەدوای مەعریفەدا، ئەم عەوداڵبوونەش لە زانستەوە سەر دەردەهێنێت، کە زانستیش بەرهەم و چەسپاندنی ئاوەزە، یا مەشقکردنی ئاوەزە لە ئاستێکی باڵادا. گەڕان بەدوای مەعریفە لەبەر خاتری خودی مەعریفە تاکە پاڵنەرەکەیە، وێڕای سادەیی و ڕاشکاویی ئەم گوزارەیە بەڵام نە مارکسییەکان و نە فرۆیدییەکان و نە چەپە دژ بەئیمپریالیستەکان، ئەوانەی کە گشت چالاکییەکانی مرۆڤیان کورت کردۆتەوە بۆ دەسەڵات و پارە و سێکس، ئەمان لەم بانگەوازە سادەیە نەگەیشتوون و ناگەن، کە سەعید پەیڕەویکەرێکی ئەو جیهانبینییە چەپە مارکسییە دژە بەناو ئیمپریالیستەیە، ڕاستتر بڵێین قوتابییەکی فۆکۆیە واتا سەروکاری لە تەک پۆست مۆدێرنیستەکان و چەمکەکانی "دەسەڵات" و "دیسکۆرس" و.... هتدە. بە بەرفراوانتر خودی زمان نووسینی سەعید لێکسیکانێکی چەپانەی پۆست مۆدێرنیستانەیە. لەم جیهانبینییەشدا شوێنێک نییە بۆ چەمکی بنکۆڵکردنی عەقڵی لە دەرەوەی بەرژەوەندی و لە دەرەوەی گەمەکانی دەسەڵات.

مرۆڤی خۆرئاوایی، بە سروشت عەوداڵی زانینە، لێرەدا زانست قەرداری ئارەزوویەکە ئەویش ئارەزووی زانین، گەیشتن بە ڕاستی، فەیلەسوفێکی وەک کارڵ پۆپەر ئەمە بە دەسکەوت دەزانێت و بە دەستکەوتێکی ڕۆحانی (مەعنەوی) ناوزەدی دەکات. لێرەوە هەوڵە پڕ لە نائومێدییەکەی سەعید بۆ لەکەدارکردنی هەر خۆرهەڵاتناسێک بەوەی کە پاڵنەرێکی زۆر نزم و گوماناویی هەیە ئەمە نەک بێزراوە و خوازراو نییە و قێزەونە، لە هەمان کاتدا شکستیش دەهێنێت لە بینینی سەنگینیی ئەو داوە ئاڵتونییەی کە شارستانێتیی خۆرئاوای لە یۆنانەوە تا ئێستا پێکەوە گرێ داوە؛ ئەو داوەش ئاوەزگەرییە. "ئێمە پێویستە بیری سەعیدی بهێنینەوە کە ئەوە ئارەزووی مەعریفە بووە لای ئەوروپییەکان کە کارێکی کرد خەڵکی خۆرهەڵاتی نزیک ڕابووردووی خۆیان جارێکی دیکە بدۆزنەوە. هەروەها ئاشنا ببنەوە بە ناسنامە (Identity)یان (لاپەڕە ٣٨)؛ هەر ئەمە بووە مایەی سەرهەڵدانی چەندین زانست و کایەی مەعریفیی دیکە، کە سەعید خۆی لێی دەبوورێت، چونکی لە تەک پڕۆژە ئایدیۆلۆژییەکەیدا ناگونجێت، لەو کایانە میسرناسی Egyptology، ئاسوریزانی یا ئاسووریناسی Assyriology، ئێراناسی Iranology، کوردۆلۆژی کە هەموو ئەو کایانە بەشێک لە میراتی مرۆڤایەتییان بۆ خستینەوە ڕوو، ئەم کارەش ئەوروپییەکان و ئەمریکایەکان ڕایانپەڕاند؛ ئەمە لە کاتێکدا لەبەر هۆی عەقیدەیی، ئیسلام بە دەستی ئەنقەست هەمیشە ڕەفزی ئەمەی کردووە کە

دران بەقۆناغی پێش ئیسلامییەکەیدا بنێت، بگرە بەقۆناغی جاهلییەت ناوزەدی کردووە، تا ئێستا ئەم هەوڵە ئایدیۆلۆژییە مەترسیدارە کاریگەری زۆر نەرێیی لەسەر ناوچەکە و مرۆڤەکانی داناوە و بگرە ڕۆحی فزولییەتی تێدا کوشتوون.

پاڵنەر و ئارەزووەکان و مەیلەکانی سکۆڵەر پەیوەندیی بە بەهای زانستی و بەشداریکردنەکەیەوە نییە. وەک ئیبن وەڕاق ئاماژەی پێ دەدا مارکسییەکان، ئەرگۆمێنتی نەیارەکان بەربنەمای زانستی بوون و یا زەمینەی عەقڵی (یا غیابی ئەرگۆمێنتی عەقڵی) هەڵناسەنگێنن، بەڵکوو تەنیا بەربنەمای بنچینەی کۆمەڵایەتی و ئینتیمای نووسەرەکان بۆ چینێکی دیاریکراوە؛ نیگەرانییەکەی ئەوان تا ئێرە دەڕوات. بۆ نموونە، هینری لامێنس زۆر ڕقی لە موحەمەد و ئیسلام بوو، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ قورئان و ژیانی موحەمەد تا ئێستا ڕەت نەکراونەتەوە؛ بەپێچەوانەشەوە، هەندێک نووسەر و توێژەر کە سۆزیان بەرانبەر ئیسلام نیشان داوە مەرج نییە سکۆڵەر بن، یا بیرمەند بن یا لێکۆڵینەوەیەکی زانستییان بەرهەم هێنابێت دەربارەی ئیسلام و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ نموونە، نۆرماڵ دانیاڵ لە دیدی سەعیدەوە سکۆڵەرە، بەڵام لەڕاستیدا دانیاڵ سکۆڵەر نییە و وەک ماکسیم ڕۆدنسۆن بەڕاستی ئاشکرای دەکات کە دانیاڵ نە مێژوونووس و نە بیرمەندە، بەڵکوو عوزرخوایهێنەرەوەیەکی ئیسلامە، واتا سەرقاڵی بەهانە هێنانەوەیە بۆ ئیسلام و بەمەش لە ناوچەکە قبوڵ کراوە. لێرەدا سەعید مەعریفەی کردووە بەقوربانی "ڕا"ی "ئایدیۆلۆژیانەی" خۆی، ڕاستیی زانستی شوێنێکی لە پرۆژەکەی سەعیددا نییە. لێرەدا تێگەیشتن شوێنی خاڵی کرد بۆ عوزرهێنانەوە بە ڕەهایی".

سەعید، سەرسوڕهێنەرانە، ئیعجابی خۆی بە لیۆ ماسینیۆن دەردەبڕێت، گوایا تێگەیشتنێکی سۆزدارانەی بۆ ئیسلام هەیە. ڕاستە کە بەرهەمەکەی ماسینیۆن لەسەر حەللاج شاکارە، بەڵام ماسینیۆن نوێنەرایەتیی هەندێک خەسڵەتی دیکە دەکات کە سەعید لە کتێبەکەیدا، لە پرۆژە ئایدیۆلۆژییەکەیدا دژی وەستاوەتەوە یاخود پێچەوانەی تەواوی پرۆژەکەی سەعیدە. بۆ نموونە، ماسینیۆن گەشە بەئەفسانەی "ڕۆحانیبوونی خۆرهەڵات" دەدات، لەو دیدەوەی کە خۆرهەڵات سەرمەشقی ڕۆحانییەت و مەعنەوییەت و جوانناسییە و خۆرئاواش سەرگەرمی دنیای ماتەریالیستییە. لە یادمان بێت سەعید باوەڕی بە شتێک نییە بەناوی "خۆرهەڵات" یا "خۆرئاوا"، چ جای ئەوەی کە خۆرهەڵات ڕۆحانی بێت و خۆرئاواش عەقڵانی. بەڵام سەعید خۆ لەم کێشەیە بەدوور دەگرێت،

بگرە توخنی کێشەیەکی دیکەش ناکەوێت ئەویش هەڵوێستی ماسینیۆنە دەربارەی جووەکان و جودیزم ئەو (ماسینیۆن) دژە جووە بەپلەی ئیمتیاز. بەڵام سەعید لێرەدا بێدەنگ دەبێت، چونکی لەڕاستیدا سەعید خۆی دژە جوویەکی سەرسەختە لە زهنییەتی خۆ - بەقوربانیزانەوە دەڕوانێت و خۆی بەقوربانییەکی جووەکان دەزانێت. (لە بیرمان بێت جارێک لە لوبنانەوە بەردی دەگرتە ئیسرائیل، دیارە گەر بمایە دەستخۆشیی لە حەماس و حیزبوڵڵاش دەکرد بۆ ڕووداوی ٧ی ئۆکتۆبەر، بە ئەگەری زۆر).

بەشێک لە تێزە سەرەکییەکانی سەعید لە کتێبی ئۆرێنتالیزمدا بریتییە لەو تێزە سیاسییەی کە پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کە خۆرهەڵاتناسەکان زەمینەیان خۆش کردووە بۆ کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم، کەواتە خۆرهەڵاتناس بەدوور نییە لە بەرژەوەندخوازی و ئەجێندای دەسەڵاتی خۆرئاوا. لەم دیدەوە، ئۆرێنتالیزم ڕەوایەتیبەخشینە بە حوکمی کۆلۆنیاڵ و لێرەدا خۆرهەڵاتناسی مەعریفەیەک فەراهەم دەکات تاکوو کۆنترۆڵکردنی خۆرهەڵات شیاو بێت. لێرەدا مەعریفە دەسەڵاتی زیاتر دەبەخشێت، دەسەڵاتی زیاتر مەعریفەی زیاتر دەخوازێت،... بەم شێوەیە لە دیالکتێکی سوود گەیاندنی زانیاری و کۆنترۆڵدا (لاپەڕە ٣٦ - سەعید). لە یادمان بێت بەگوێرەی ئەنوەر عەبدولمالیک، خۆرهەڵات هەمیشە لەلایان خۆرهەڵاتناسەکانەوە وەک نەگۆڕێک، یەک بەرگیەک و غەریب و نامۆ (لاپەڕە ٤٨) خۆرهەڵاتی کورتکراوەتەوە بۆ بابەتێکی نامێژوویی، ئەوی دیکەی خاوەن جەوهەری نەگۆڕ. بەڕای سەعید خۆرهەڵاتناسەکان وێنەیەکی هەڵەیان دەربارەی ئیسلام فەراهەم کردووە، کەواتە ئیسلام لەبنەڕەتدا بەهەڵە نوێنەرایەتیی کراوە لە خۆرئاوا. لێرەدا ناکۆکی لە تێزەکەی سەعیددا هەیە، گەر خۆرهەڵاتناسەکان وێنەیەکی هەڵەیان دەربارەی ئیسلام و خۆرهەڵات و عەرەب و کۆمەڵگای عەرەبی دروست کردووە و بەگوێرەی سەعید و گوروەکەی "guru" کە فۆکۆیە و، سەعید هەر نەقڵی کردووە، "ڕاستی بوونی نییە"، کەواتە هەقمانە بپرسین چۆن ئەم وێنە هەڵەیە و ئەم زڕە مەعریفەیە خزمەتی بەئیمپریالیزمی ئەورووپی کردووە تاکوو هەژموون بەسەر سێ لەسەر چواری جیهاندا پەیدا بکەن؟ کەواتە، زانیاریی هەڵە و کۆنترۆڵ چۆن پێکەوە کار دەکەن؟ ماوەتەوە ئاماژە بەو ڕاستییە بدەین کە سەعید خۆی پاراستووە لەوەی هیچ بڵێت دەربارەی بەشداریی هەرە گرنگی خۆرهەڵاتناسەکانی ئەڵمان، گەر باسی خۆرهەڵاتناسە ئەڵمانەکانی کردبا تێزەکەی

هەرەسی دەهێنا، ئەویش ئەوەی کە ئۆرێنتالیزم لە خزمەتی ئیمپریالیزم و ئیمپراتۆریەتەکان بووە، بەڵام گرنگە ئەوە بزانین کە خۆرهەڵاتناسە ئەڵمانییەکان، سکۆڵەرە تواناکانی کایەی خۆرهەڵاتناسین و لە خزمەت هیچ ئیمپراتۆریەتێکیش نەبوون و، ئەڵمانیش هیچ کات هێزێکی ئیمپراتۆری نەبووە.

کەواتە، باسکردنی دەبووە مایەی خاپوورکردنی پرۆژە ئایدیۆلۆژییەکەی سەعید، هەر بۆیەشە خۆی لێ بواردووە، وەک تاکتیکی ئایدیۆلۆژی.

٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤



خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی "زانست و دین"

بە قەڵەمی تۆماس دیکسۆن لە زنجیرە کتێبەکانی ئۆکسفۆرد

عەبدولخالق یەعقووبی

توێژەر و وەرگێڕی بواری هزر و ئەدەب

نووسەری ئەم کتێبە تۆماس دیکسۆن، کە مامۆستای مێژوو و پسپۆڕی مێژووی هزری مۆدێرنە، لەڕێگەی کۆمەڵێک نموونەی مێژووییەوە، بەتایبەت دەربارەی دوو زانستمەندی وەکوو داروین و گالیلێ، بە تێڕوانینێکی مێژوویی، فەلسەفی، سیاسی و کۆمەڵایەتی پەیوەندیی نێوان زانست و دین لێکدەداتەوە و باسی کۆمەڵێک ڕوانگەی جیاواز لەمەڕ مشتومڕی نێوان دوو گوتاری زانست و دین دەهێنێتە ئاراوە. ئەوەی ڕاستی بێت، دیکسۆن لەبری ئەوەی خودی زانست بخاتە ژێر تیشکی توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، لە مشتومڕە بەردەوامەکانی نێوان زانست و دین لە چوارچێوەی مێژوویی بیچمگرتنی کۆمەڵگە ڕۆژاواییەکان، بەتایبەتی ئەمریکا، دەکۆڵێتەوە. ئەو پتر لەوەی زانست یان دین بە بە ڕەوا بزانێت یان تۆمەتبار بکات، ئەوەمان پیشان دەدات کە ململانێی نێوان هەڵگرانی ئەم دوو مەعریفەیە دەرەنجامی هەلومەرجی دەرەکی، واتە بارودۆخی کۆمەڵگەی ئەمریکییە. دیکسۆن خۆی لە پێشەکیی کتێبەکەدا دەڵێت: "لەم ساڵانەی دواییدا، بابەتی "زانست و دین"، بەتایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، کەموزۆر هاوواتا بووە لەگەڵ مژاری فراژۆبوون یان گەشەکردن (Evolution). هەربۆیە، دوو بەش لە شەش بەشی ئەم کتێبە بۆ بابەتگەلی پەیوەندیدار بە گەشەکردن تەرخان کراوە. مژاری مۆدێرنی ئەمریکی لەسەر گەشەکردن و "گەڵاڵەی هۆشمەندانە" بەتایبەتی و بەڕوونی پیشاندەری ئەم خاڵەیە کە بەسەرهاتی پەیوەندیدار بە دژبەرایەتی یان سازانی نێوان زانست و دین بۆی هەیە لە ململانێی سیاسیدا بەکار بهێندرێت- لەم حاڵەتەدا مەبەست لێی کۆنتڕۆڵکردنی پەروەردە و شرۆڤەکردنی بڕگەی یەکەمی یاسای بنەڕەتیی ئەمریکایە".

تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم کتێبە لە چاو کتێبەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە بابەتی زانست و دین ئەوەیە کە نووسەری کتێبەکە پسپۆڕی بواری مێژووی هزرە و باسکردنی لە هزری زانستی و دینییش لە چوارچێوەی کارە تایبەتەکانی ئەودایە. هەربۆیە، نووسەر بەدرێژاییی کتێبەکە بە قازانجی لایەنێک یان دژ بە لایەنێک هەڵوێست وەرناگرێت و پتر دەخوازێت ململانێی نێوان ئەم دوو گوتارە ڕوون بکاتەوە تا ئەوەی دروستی یان نادروستیی یەکێکیان بسەلمێنێت. بە وتەیەکی دیکە، ئەو نەهاتووە خۆی وەکوو زانستمەندێک، یان بەپێچەوانە وەکوو باوەڕدارێکی دینی، فەرز بکات و دواتر ئەم کتێبە بەرهەم بێنێت. نووسەر خۆی لە دەرەوەی ململانێی نێوان دوو گوتاری زانستی و دینی دادەنێت و باس لەو ململانێیە دەکات، یان ئەوەی جاروبارە ئەم دوو گوتارە چۆن دەتوانن بکەونە

نێو بازنەی پێکەوە ژیان و لەیەک تێگەیشتن و لەنێو ڕەوتی ڕووداوەکانی کۆمەڵگەدا ئامادە بن.

هەڵبەت کتێبی باشی تریش هەیە خۆی لە قەرەی ئەم بابەتە هەستیارە داوە، وەک کتێبی "زانست و دین" بە قەڵەمی ئیان گرەیم باربور (Ian Graeme Barbour) [١٩٢٣-٢٠١٣] کە تێیدا هاتووە، باسکردنی زانست و ئایین و پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا یەکێکە لەو بابەتانەی کە ماوەیەکی زۆرە جێی سەرنجی زانایان و زانایانی ئیلاهیات بووە. لەم بەرهەمەدا، ئاماژەکردن بە مێژوو دەیسەلمێنێت هەرچەندە ئەم باسە لە ئیسلام و لەنێو موسڵماناندا زۆر جددی نەبووە؛ چونکە هیچ ململانێیەکی ڕەسەن لەنێوان فێرکارییە تیۆلۆژییەکانی ئیسلام و قورئاندا لەگەڵ داتای زانستیدا نەبووە، بەڵام ئەم مشتومڕە زۆر توند و هەستیار بووە لە جیهانی ڕۆژئاوا و لای مەسیحییەکان.

دیکسۆن لە سەرەتای کتێبەکەیدا گریمانەیەک دێنێتە ئاراوە کە تێیدا پێی وایە پەیوەندیی نێوان زانست و دین پەیوەندییەکی تاکلایەنە و نەگۆڕ نییە، بە واتای ئەوەی، بۆ نموونە، دین گوتارێک بێت بەرەهایی پێوەرەکانی گوتاری زانست بۆ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی جیهان ڕەد بکاتەوە. ئەم گریمانەیە ڕەوتی کتێبەکە بەرەو پێشەوە دەبات و خوێنەر بەرەو ڕووی لێکدانەوەیەکی گشتی دەبات، بێ ئەوەی نووسەر بخوازێت ڕاستەوخۆ دەست لەم لێکدانەوەیەی خوێنەر وەربدات. ستراتیجیی بابەتەکان و ناوەڕۆکی ئەم کتێبە وا لە خوێنەر دەکەن دواجار پرسیار لە خۆی بکات، ئایا دوامەعریفە بۆ تەتەڵەکردنی خۆمان و جیهانی دەوروبەرمان لە گوتاری زانستدا شیاوی دۆزینەوەیە یان لە گوتاری دینی، یان لە پێکەوەژیانی نێوان ئەم دوو گوتارەدا؟

ئەو گێڕانەوەیەی نووسەر لەبابەت ململانێ و بەرامبەر یەک وەستانی زانست و دین دەیهێنێتە گۆڕێ زیاتر لەسەر بنەمای دەرکەوتەکان و لێکەوتەکانی ئەو دوو گوتارەیە. بۆ نموونە، ئەو باسی مێژووی ئەمریکا دەکات و پەیوەندیی نێوان کلێسە و دەوڵەت و ململانێی ئەوان بۆ بە مەرجەع لەقەڵەمدانی مەعریفەی تایبەت بە خۆیان تاوتوێ دەکات. یان بابەتی پەیوەندیدار بە کەرتی پەروەردە دەورووژێنێت و دەیبەستێتەوە بە مژاری کۆنترۆڵکردنی ئەو بوارە گرنگەی ژیانی شارستانیی مۆدێرن لەلایەن مەعریفەی زانستی یان دینی، ئەویش لە قاڵبی گێڕانەوەیەکی مێژوویی بۆ ڕەوتی ڕووداوەکانی وڵاتێکی وەک ئەمریکا. لە ڕوانگەی دیکسۆنەوە، مەعریفەی زانستی (مەعریفەی سروشت-تەوەر) و مەعریفەی دینی (مەعریفەی وەحیانی-تەوەر) لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە

جیهان ئاراستە دەکەن، یان بیر و باوەڕی مرۆڤەکان دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان. پرسیاری دیکسۆن ئەمەیە، ئایا مرۆڤ بۆ ڕێکخستنی جیهانی خۆی پێویستە بۆ کتێبی پیرۆز بگەڕێتەوە (گوتاری دین-تەوەر) یان بۆ یاساکانی سروشت (گوتاری زانست-تەوەر)؟ ئەم پێکهاتەیەی کتێبەکە، واتە نیشاندانی ململانێی نێوان هێزە مەعریفییەکان وەک زەمینەیەک بۆ باسکردنی زانست و دین، لەو بەشەشدا خۆی دەنوێنێت کە نووسەر باسی مژاری کەتوارخوازی (واقیعگەرایی) و دژەکەتوارخوازی (دژەواقیعگەرایی) وەک دوو ڕوانینی مەعریفی لە چوارچێوەی فەلسەفەی زانستدا دەهێنێتە ئاراوە، وەک چۆن دەڵێت:

"مشتومڕەکانی نێوان کەتوارخوازان و دژەکەتوارخوازان هێشتاش بەشێکی پڕوزە و سەرنجڕاکێشی فەلسەفەی زانستە. لایەنەکانی ئەم کێشەیەش هەرکام بەڵگە و دەلیلی زۆر پشتڕاستکراویان هەیە. کەتوارخوازان پێیان وایە شوێنەوەرگرتنە هەستەکییەکانی ئێمە هۆکردی جیهانێکە کە لە دەرەوەی ئێمە خاوەن وجوودە و لەخۆگری تایبەتمەندیگەلێکی دابڕاو لە مرۆڤی بینەرە؛ کەواتە، ماقووڵە ئەگەر هەوڵ بدەین ئەو تایبەتمەندییانە بدۆزینەوە، جا ئەو دیاردە بەرمەبەستانە ڕاستەوخۆ قابیلی بینین بن یان نەبن."

دژەکەتوارخوازان لەسەر ئەو باوەڕەن هەرشتێکی ئێمە، بە شێوەی تاکەکەسی یان هەرەوزی، تێیدەگەین، لەڕاستیدا بریتییە لە جیهان بەو جۆرەی ئێمە تێیدەگەین. ئێمە لە زنجیرەیەکی بێکۆتایی شوێنەوەرگرتنە زەینییەکاندا بەسەر دەبەین بە جۆرێک هیچکات ناتوانین ئەوان لەگەڵ سروشتی هەقیقیی شتەکان بە هاوسەنگ بزانین. تەنانەت چرکەساتێکیش ناتوانین پەردەی دیاردەکان لا بدەین بۆ ئەوەی بزانین ئایا وەسفی ئێمە بۆ کەتوار دروستن یان نا و، جگە لەو شوێنەوەرگرتنانەی جیهان لە ئێمەیدا دەهێنێتە ئاراوە، ناتوانین هیچ ناسینێک لەسەری دەستەبەر بکەین. هەربۆیە، دژەکەتوارخوازان بەم ئەنجامە دەگەن کە ئێمە دەشێت لەحاند ئەو هێز و پێکهاتە شاراوانەی زانستمەندان لە هەوڵی خۆیاندا بۆ تەتەڵەکردنی ئەو شوێنەوەرگرتنانە لەبارەیاندا گریمانە دادەڕێژن [لەهەمبەر وجوودی خودا] بەگومان بین" (Dixon, p. 32-3).

هەر لەسەر ئەم مژارە گرنگە نووسەر باسی یەک لە فەیلەسووفە هەرەگرنگەکانی بواری فەلسەفەی زانست، واتە تۆماس کووهن (١٩٢٢-١٩٩٦) دەکات و بەمجۆرە ئاماژە بە کتێبە پڕبەهاکەی

دەدات: " کتێبەکەی کووهن، واتە "پێکهاتەی شۆڕشە زانستییەکان"، کە بۆ جاری یەکەم ساڵی ١٩٦٢ بڵاو بووەوە، بووەتە بەرهەمێکی کلاسیک لەم بوارەدا و یەک لە پڕخوێنەرترین کتێبەکان لەبارەی مەعریفەی زانستی بووە. چەقی ئەم کتێبە ئەو شتەیە کە کووهن پێی دەڵێ "گۆڕینی پارادایم" لە مێژووی زانستدا و، ئەویش ئەو کاتەیە کە جیهانبینییەکی باڵادەست جێی خۆی بۆ جیهانبینییەکی دیکە چۆڵ دەکات، وەک چۆن ئەستێرەناسیی کۆپێرنیکی جێی تیۆریی بەتلیمۆسی گرتەوە، یان فیزیای ئاینشتاینی شوێنی جیهانبینیی نیۆتۆنیی پڕ کردەوە. کووهن پێشکەوتی زانستی وەکوو ڕەوتێکی داروینیی پێکهاتوو لە گۆڕانکاری و هەڵبژاردن وێنا دەکات. بە ڕای ئەو، بەرزتربوونی ئاستی وردبینی و هێزی پێشبینیکردنی تیۆرییەکانی ئەم دواییانە نیشاندەری ئەمە نییە ئەو تیۆرییانە بەرەو پێناسەکردنی ڕاستی کەتوار چوون، بەڵکوو لەسۆنگەی ئەوەوەیە کە کۆمەڵی زانستی ئەو تیۆرییانەیان بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئامێرەکی و توانستی کردنەوەی گرێپووچکەکان، لەنێوان تیۆرییە جۆراوجۆرە بەردەستەکان هەڵبژاردووە. "

بەشێکی تری ئەم کتێبە بۆ تیۆریی گەشەکردن یان فراژۆبوونی (Evolution) داروین تەرخان کراوە. دیکسۆن باسی داروین دەکات کە لەسەرەتاوە کەسایەتییەکی باوەڕمەند بوو، بەڵام دوای گەڕان و پشکنینەکانی و گەیشتن بە تیۆرییەکەی لەبواری گەشەکردن و فراژۆبوونی مرۆڤ بەو ئەنجامە دەگات مرۆڤ خۆی فراژۆبووی ڕەگەزێکی ئاژەڵییە. دیکسۆن چوارچێوەی مێژوویی دروستبوونی تیۆریی داروین دەخاتە قاڵبی گێڕانەوەیەک لە گێڕانەوەکانی کتێبەکەی و بەم چەشنە باسی ڕەوتی گۆڕانی ڕوانگەی داروین لە کەسێکی باوەڕمەندەوە بۆ کەسێکی زانستخواز دەکات. لەهەمان کاتدا، نووسەر بۆ پاراستنی هاوسەنگیی گێڕانەوەی گوتارەکانی زانست و دین، باسی ڕەوتی بیچمگرتن و پەرەسەندنی "تیۆریی گەڵاڵەی هۆشمەندانە"، وەک گێڕانەوەیەکی دینی بۆ بیچمگرتنی کاینات، یان "تیۆریی باوەڕمەندانی بە خیلقەت" دەکات. لەو بەشانەشدا کە نووسەر خەریکی گێڕانەوەی لایەنی کەسانی دیندار و باوەڕمەندە، هەمیسان بێ ئەوەی دەمارگرژی و لایەنگریی تایبەت بە نووسینەکەیەوە دیار بێت تەتەڵەی ئەوان لەهەمبەر پرسەکانی پەیوەندیدار بە ململانێی نێوان زانست و دین دەهێنێتە بەرباس، وەک لەم بڕگەیەی کتێبەکەدا دەردەکەوێت:

"یەک لە وەڵامەکانی دینداران بۆ ئاوەزخوازانێک کە بۆ پەرجووەکان داوای شاهید و بەڵگەی باشتر دەکەن ئەمەیە کە ڕاستییە دینییەکان بەپێی باوەڕ و ئیمان دەسەلمێندرێن نەک شاهید و بەڵگەی ئەزموونەکی. لە بەڵێنی نوێ-دا لەسەر گرنگیی باوەڕ و ئیمان پێداگریی زۆر کراوە؛ بەتایبەت لە چیرۆکی تۆمای حەواری کە دەڵێت، باوەڕ بەوە ناکات عیسا ڕاسابێت مەگەر ئەوەی ئەو حازر و ئامادە ببینێت لەکاتێکدا شوێنی بزمارەکان بە دەست و برینەکانییەوە دیار بێت. تۆما پاشتر ڕووبەڕووی عیسای ڕاساو دەبێتەوە و باوەڕ دەهێنێت. عیسا بە تۆما دەبێژێت، "ئەی تۆما، پاش ئەوەی منت بینی ئیمانت هێنا؟ خۆزگەم بەوانەی نەدیدە ئیمان بێنن". تۆماس پین لە کتێبی مشتومڕهەڵگر و دژەمەسیحی خۆیدا بە ناوی "سەردەمی عەقڵ" (١٧٩٤)، وای لێکدەداتەوە ئەگەر تۆمای حەواری مافی ئەوەی هەبێت خۆ لە ئیمانهێنان بە ڕاسانی عیسا ببویرێت مەگەر ئەوەی دەستی بە "شاهید و بەڵگەی قابیلی بینین و هەستکردن" ڕابگات، کەواتە ئەویش مافی ئەوەی هەیە ئەمە بکات و بەردەوام دەبێت و دەڵێت، "عەقڵ، هەر ئەوەندەی بۆ تۆما باش بوو، بۆ من و هەرکەسێکی تریش باشە". لە سەردەمی ئێستاشدا ڕیچارد دوکینز گوتوویەتی، تۆما "تاکە کەسی شایستەی ستایشتە لەنێوان دوازدە حەوارییەکەدا"، چونکی بە شێوازێکی زانستی خوازیاری شاهید و بەڵگەی ئەزموونەکی بووە" (Dixon. P.54-5).

نووسەر هەروەها باسی لێکەوتە و دەرکەوتەکانی دوو گوتاری زانست و دین دەکات و ئەم پرسیارە دەهێنێتە گۆڕێ کە ئایا ئەم گوتارانە توندوتیژییان لێ دەکەوێتەوە یان بەرهەمهێنن؟ ئایا زانست و دین بەتەنیا دەتوانن دوامەعریفەی مرۆیی بن؟ ئەو بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە مژاری پەیوەندیی نێوان کڵێسە و دەوڵەت تاوتوێ دەکات، یان باسی ئەوە دەکات لە چوارچێوەی بواری پەروەردە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کام گوتار دەیهەوێت کۆنترۆڵی ئەو کەرتە بکات. ئەو لەم پانتاییەدا، باسی کەموکورتی یان خاڵی بەهێزی ئەو دوو گوتارە دەکات و بەم چەشنە زەمینەیەک خۆش دەکات خوێنەر پتر و وردتر لە ململانێی نێوان ئەم دوو گوتارە تێبگات. ئەم دوو گوتارە، وەک دیکسۆن باسی دەکات، لە دوو ڕوانگەی جیاوازی مەعریفییەوە جیهان ئاراستە یان کۆنترۆڵی بیر و باوەڕەکان دەکەن. کەواتە، زانست و دین تەواوکەری یەکدی نین، بەڵکوو دوو جیهانبینیی جیاوازن بۆ ڕێکخستنی دونیای مرۆڤەکان. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا "کتێبی پیرۆز" ڕێنمای مرۆڤە یان یاساکانی سروشت سەرچاوەی مەعریفی و ڕێنوێنی ژیان و جیهانی مرۆڤە. لەم نێوانەدا، نووسەر جاروبار

پەنا بۆ هێنانەوەی نموونەی ئەدەبی جیهانیش دەبات و بۆ ڕوونترکردنەوەی مژارەکانی خۆی ئاوڕ لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی خولقێنەرانی وێژە و ئەدەب دەداتەوە. بۆ نموونە، بۆ لایەنی ناباوەڕمەندانی بە دین پشت بە بەشێک لە ڕۆمانی "برایانی کارامازۆڤ"ی نووسەری ناسراوی ڕووسی فیۆدۆر دۆستۆیڤیسکی (١٨٢١-١٨٨١) دەبەستێت:

"ئیڤانی شۆڕشگێڕ و گوماندار، یەک لە سێ براکەی ڕۆمانی برایانی کارامازۆڤ (١٨٨٠) بەرهەمی دۆستۆیڤیسکی، وەکوو تۆمای بەگومان خوازیاری دەلیل و بەڵگەیە. ئەو لە زوڵم و ئازاری مرۆڤ کە لە هەموو شوێنێک دەکەوێتە بەر چاو بێزارە و بەڵێنی ژیانی جیهانی پەسڵان (جیهانی ئاخیرەت) کە هەمووکەس تێیدا باش و خۆش دەژیت بە پاداشتێکی جێی ڕەزامەندی ناقەبڵێنێت. ئیڤان بە براکەی دەبێژێت، "من دەمەوێ بە چاوی خۆم ببینم گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە، و کوژراو هەڵدەستێتەوە و بکوژەکەی لە ئامێز دەگرێت. دەمەوێ ئەوکاتەی هەمووان لەناکاو تێدەگەن ئەم شتانە سەرلەبەر لەپێناوی چیدا بوون، منیش لەوێ بم." بەڵام تا ئەوکاتەی ئەمە ڕووی نەداوە، ئیڤان ناتوانێت بیسەلمێنێت پاداشتی دونیای پەسڵان بۆی هەبێت باربووی ئەو مەینەتە بکاتەوە کە منداڵانی بێتاوان لە دەست ئەشکەنجەدەران و دەستدرێژیکەران دەیبینن. ئیڤان دەڵێت، ئەگەر باجی هەقیقەتی هەرماو [و جاویدان] و گەیشتن بە بەهەشت ئەمە بێت، ئەوە باجێکی گەلێک قورسە و "من لە وەرگرتنی بلیتی چوونەژوورەوەی خۆم دەستبەجێ پاشگەز دەبمەوە" (Dixon. P.55-6).

پرسیارێک لێرەدا شایستەیە بیکەین ئەمەیە چ زەڕوورەتێک نووسینی کتێبی لەم چەشنە لەسەر بابەتێکی کلاسیکی وەکوو ململانێی نێوان زانست و دین دەهێنێتە ئاراوە. وەڵامێکی گشتی ئەوەیە کە ئەم ململانێیە تا ئێستاش هەر بەردەوامە و باسکردنی دەتوانێت بۆ ڕۆشنگەریی هزری مرۆڤ بەکەڵک و بەجێ بێت. بەڵام وەڵامە وردترەکە دەتوانێت پەیوەندیی بە گرنگیی بابەتێکی ئەوتۆ بێت، کە زۆرجار تا ئاستی دیاریکردنی سنووری چارەنووسی مرۆڤەکان دەڕوات، لەبەر ئەوەی ئەم دوو گوتارە لەڕێگەی قۆرغکردنی سەرچاوەکانی مەعریفەوە دواجار دەتوانن دەسەڵاتیش پاوان بکەن. نموونەی زەقی ئەم حاڵەتە دۆخی زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە کەوتووەتە نێو بەرداشی گوتاری کرانەوە بەڕووی زانست و پیشەسازی و دیموکراسی و گوتاری پێدانی دەرەتان

بە بواری دینی سیاسی و هێزە پاوانخوازەکانی ئەم ڕەوتە (نموونەی هەرە دیار، داعش). کەواتە، وەک دیکسۆن پێی لەسەر دادەگرێت، ناکۆکیی ڕاستەقینەی نێوان زانست و دین ناکۆکییە لەسەر ئەوەی کام گوتار بەرهەمهێنی مەعریفە و لەئەنجامدا شایستەی دەسەڵاتداری بێت. تەنانەت لە جیهانی ڕۆژاواشدا، وەک لە حاڵەتەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لەم کتێبەدا باسی کراوە، کاتێک گوتارێک دێتە ئاراوە کە بانگەشە بۆ ئەوە دەکات نابێت تیۆریی داروین لە کەرتی پەروەردەدا بە وانە بگوترێتەوە، ئەوە هەمیسان پرسەکە پەیوەندیی بە بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵکردنی مەعریفە و، لەوێوە بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتەوە هەیە. کەواتە، شەڕە سەرەکییەکە لەسەر ئەوەیە ئایا پسپۆڕانی دین و خاوەن پێگە لە کڵێسە و شوێنە دینییەکان دەشێت بڕیاردەر و خاوەن ئۆتۆریتە بن یان دەوڵەتمەداران و پسپۆڕانی بواری سیاسەت. ئەم شەڕە شەڕێکە تا ئێستاش بەردەوامە و، هەربۆیە بابەتەکە تابڵێی زیندوو و پێویست و چارەنووسسازە.

لە ڕوانگەی منەوە، ئەو شتەی دەتوانێت خاڵی کۆکەرەوەی نێوان زانست و دین بێت بەرژەوەندیی گشتییە. لە هەر شوێنێک گوتاری زانست یان گوتاری دین لە بەرژەوەندیی مرۆڤ لا بدات، ئەو شوێنە شوێنی ڕەخنەگرتن لەو گوتارانەیە. ئەگەر زانست بۆ تۆقاندن و تیرۆر، بۆمبی ئەتۆم بەرهەم دەهێنێت، شیاوی ڕەخنەگرتن و نکووڵی لێکردنە؛ ئەگەر دین بە ناوی بەختەوەری و ڕزگاریی دونیایی یان هەتاهەتایی هزر و هەڵسوکەوت و ئاکار و ئاوەزی مرۆڤەکان لە قاڵب دەدات و ئازادییەکانیان بەرتەسک دەکاتەوە، ئەوە پێویستە ڕەخنەی لێ بگیرێت و ڕەت بکرێتەوە. کەواتە، بەپیرۆزکردنی هەر کام لەم گوتارانە زەمینەخۆشکەری هاتنەئارای کۆمەڵێک کەسی پاوانخوازی هزری و دیکتاتۆری سیاسییە کە دواجار شیرازەی بەرژوەندیی گشتیی کۆمەڵی مرۆیی لێک هەڵدەوەشێننەوە. هیچ دەسەڵاتدارێکی گەندەڵ و دژ بە بەرژەوەندییە گشتییەکانی گەل لەدایک نابێت ئەگەر پێشتر زانست (نموونەی هیتلەر و ستالین لە سەدەی بیستەم) و دین (نموونەی داعش و تالیبان لە سەدەی بیست و یەکەم) پاساویان بۆ نەهێننەوە و پشتیان نەگرن. بەگشتی، کتێبی "زانست و دین" خۆی لە خوێندنەوەی لایەنگرانە و ڕادیکالیستی بۆ هەر دوو گوتاری زانست و دین بەدوور دەگرێت و هەوڵ دەدات خوێنەر بەو قەناعەتە بگەیەنێت کە ڕوانینی جەوهەرگەرایانە بۆ ئەم دوو گوتارە مرۆڤ لە هەڵسەنگاندنێکی مەنتقیی دەرکەوتە و لێکەوتەکانیان خافڵ دەکات. زانست

و دین لەو شوێنە ڕەوایی بە خۆیان دەبەخشن کە بەکردەوە خزمەتی مرۆڤایەتی و بەختەوەریی مرۆڤ و ئاوەدانیی جیهان بکەن. ئەگەر زانست و دین بەشێک نەبن لە هەمەڕەنگیی جیهان و بەشێک نەبن لە گوتاری لێبووردەیی و پێکەوەژیان، دواجار دەبنە گوتاری بەرهەمهێنی پاوانخوازی و توندوتیژی، کە لەبری بەرهەمهێنانی ئاشتی و تەبایی و پیکەوەژیان، شەڕ و ناکۆکی و دوژمنکارییان لێ دەکەوێتەوە. پەیامی سەرەکیی ئەم کتێبە ئەوەیە کە ژیان بە جیاوازییەکانییەوە هەم جوانە، هەمیش بەردەوام دەبێت.

شایانی باسە ئەم کتێبە لەلایەن نووسەری ئەم بابەتەوە، عەبدولخالق یەعقووبی، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و، ساڵی ٢٠٢٢ لەلایەن دەزگای جەمال عیرفانەوە و بە ژمارە ٤٨-ی زنجیرە کتێبی ئۆکسفۆرد لە سلێمانی چاپ کراوە و بڵاو بووەتەوە.

سەرچاوەکان:

Dixon، Thomas. (2008). Science and religion: a very short introduction. New York: Oxford University Press.

Harrison, Peter (2015). The Territories of Science and Religion. University of Chicago Press.

دیکسۆن، تۆماس. (٢٠٢٢). زانست و دین، پێشەکییەکی زۆر کورت. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. سلێمانی: دەزگای جەمال عیرفان.

باربور، ایان گریم. (١٣٩٤). علم و دین. ترجمه بهاالدین خرمشاهی. تهران: مرکز نشر دانشگاهی.

تۆفیق وەهبی ڕابەری دەستووری زمانی کوردی

بە بیانووی کتێبی "دەستووری زمانی کوردی، سەرجەمی بەرهەمی تۆفیق وەهبی"

دانا ئیسماعیل

توێژەر و لێکۆڵەری بواری پەروەردە

> بوون هۆنراوەی خودایە. خودا شاعیرە و لەڕێی زمانەوە
> گەردوونی خوڵقاندووە. خودا بە گەردوونی گوت: ببە!
> گەردوونیش بوو.
>
> یۆهان هامان

> لە سەرەتادا، وشە هەبوو، وشە لەلای خودا بوو،
> وشە خودی خودا بوو. هەموو شتێك بەو بەدی هاتووە،
> بێ ئەو هیچ شتێك بەدی نەهاتووە لەوانەی کە بەدی هاتوون.
> وشە سەرچاوەی ژیان بوو، ژیانیش ڕووناکیی مرۆڤ بوو،
> ڕووناکیش لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە.
>
> یوحەننا

زمان لەبنەڕەتدا لە ژمارەیەك دیالێکت (زار) پێکهاتووە کە هەرکام لەو دیالێکتانە توانستی بوون بە زمانی لە نێوخۆیدا هەڵگرتووە.

زمان و دیالێکت جیاوازییەکی قووڵ و ئەوتۆیان لەنێواندا نییە لەڕووی زانستی زمانەوە. هەر کام لە دیالێکتەکان توانستی ئەوەیان تێدایە، لەڕووی زمان و فەرهەنگەوە گەشە بکەن و پرستیژ پەیدا بکەن و ببنە زمانی سەربەخۆ.

مرۆڤ تەنها بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو دیاردەیەکی زمانیشە. دید و جیهانبینیی مرۆڤ و شێوازی بیرکردنەوە و ڕادەی هۆشیاری بەر لە هەر شتێك لەنێو زماندا خۆی بەیان دەکات. پێویستە زمان لەڕووی فەرهەنگییەوە هێندە دەوڵەمەند بێت کە وەڵامگۆی خواستە ڕۆحی و ئەقڵییەکانی ئاخێوەرەکانی بێت.

زمان بۆ نەتەوەش هەمان بابەتە؛ واتە ئاستی ژیاری و ڕۆحی و تایبەتمەندیی کلتووری و ئیتنیکییان نیشان دەدات. کورد بەهۆی زمانەکەیەوە بەرگەی مانەوەی گرتووە، لەبەرامبەر نەتەوەی سەردەستدا. چونکە کورد جگە لە زمانەکەی هیچ فاکتەرێکی دیکەی کلتووریی نییە، لەچەشنی

ئایین و بیر و باوەڕ، هونەر، داب و نەریت، تا لە نەتەوەکانی دیکەی جیا بکاتەوە. واتە خاڵی بەهێز و جیاوازی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا تەنها و تەنها زمانەکەیەتی؛ بەدیاریکراویش مەبەستمان نەتەوەی عەرەبە. ئایینیش لەلایەن نەتەوەی سەردەستەوە خراپ کەڵکی لێ وەرگیراوە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد. واتە تاکە مەرجی مانەوەی کورد وابەستەیە بە زمانەکەیەوە، کە پێویستە ڕاچەنین و هۆشیاریی دەستەجەمعی بخووڵقێنێت لەپێناو مانەوەیدا. نەتەوەی عەرەب بە نێوی پیرۆزیی ئایینەوە زمان و کلتووری خۆی سەپاند بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا وسڕینییەوە، لەچەشنی گەلانی قیبتی، ئەمازیغی، فینیقی. کورد وەك نەتەوەیەك تەنها بەهۆی بوونی بەپێزی زمانەکەیەوە، کە توانای کێبەرکێی لەگەڵ زمان و کلتووری نەتەوەی سەردەستدا هەبووە، بەرگەی ململانێ و هەڕەشەی نەیارەکانی گرتووە.

زمان زیاتر لە وەزیفەیەکی هەیە، لەوانە ئاخاوتن و نووسین و، ڕۆڵی لە فەرهەنگسازی و بوونیادنانی کلتوور و ناسنامەی نەتەوەدا هەیە. هەر نەتەوەیەك زمانەکەی تووشی دالەنگان و پووان هات ئەوا چارەنووسی لەژێر هەڕەشەی جددیدایە و ئایندەی لەدەست داوە. هەنووکە زمانی کوردی لە دۆخێکی باشدا نییە، بەهۆی ئەو ئاڵنگاری و لەمپەڕانەی لە ئاستانەیدایە لە نێوخۆ و دەرەوەدا، لەچەشنی ئەو دەوڵەتانەی کە کورد بەشێکە لێیان.

فاشیزمی نەتەوەی سەردەست ئەوەندە زۆرە دەرفەتی نووسین و ئاخاوتنی بە زمانی کوردی بە قانوون یاساغ کردووە و بەتەواوی هەوڵی سڕینەوە و نەهێشتنی کلتوور و فەرهەنگی نەتەوەکەمان دەدات. لەمپەڕ و ئاستەنگە نێوخۆییەکانیش هیچی کەمترنییە لە هی دووژمنانی زمانەکە. ئەو تراژیدیایەی ڕووی لە زمانی کوردی کردووە، ئاستەنگی جددی لەسەر فەرهەنگ و ناسنامەی نەتەوەکە دروست کردووە. هەربۆیە، لە هەموو کات زیاتر پێویستمان بە یەکێتیی نێوان زمان و فەرهەنگ هەیە. وەلێ ئەفسووس تا هەنووکە هیچ نەخشە و پڕۆژەیەکمان بۆ فەرهەنگ و زمان نییە و شتێکمان نییە بە نێوی سیاسەتی فەرهەنگی. سیاسەتی فەرهەنگی ئەو ستراتیژە زانستی و کارگێڕییەیە، ئەو نەخشەڕێیەیە وەك سامانێکی نیشتمانی لە فەرهەنگ دەڕوانێت و ستراتیژ دادەڕێژێت بۆ پەرەپێدان و گەشەسەندنی؛ تەقەلای ئەوە دەدات فەرهەنگێکی دەوڵەمەند لە چوارچێوەی سیاسەتێکی نیشتمانیدا ڕۆ بنێت.

هۆکاری بنەڕەتیی قەیرانی زمانی کوردی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە نووسەران و ئەدیبان لەڕووی زانستییەوە ئاشنای ڕێنووس و دەستووری زمانەکە نین. هەربۆیە، نووسینی کوردی نوقمی ئاژاوە و پەشێوییەکی سەیر بووە. پاشاگەردانییەك لە نێو نووسینی کوردیدا خۆی بەیان کردووە بە جۆرێك کە هەر نووسەرێك پەیڕەوی لە ڕێنووسێك دەکات و بە کامی دڵی خۆی وشە دادەڕێژێت و دەستەواژەی سەیر و نامۆ بەکار دێنێت، بەبێ بوونی ئاگاییەکی قووڵ لە دەستوور و ڕێساکانی زمان. لێکەوتەکانی ئەو جۆرە لە نووسین تێکدانی هارمۆنیای نێو دەق و شێواندنی مۆسیقای نێوان وشەکانە و، لە بەرئەنجامدا شێواندنی زەین و خەیاڵی خوێنەری لێ دەکەوێتەوە. لە ڕابردوودا، زمانی کوردی دۆخی گەلێك باشتر بوو بەهۆی ئەدەبەکەیەوە. ژمارەیەکی بەرچاو دەقی باڵا بە زمانی کوردی نووسراون و لەڕووی ئەدەبی و ئێستاتیکییەوە خزمەتێکی بەرچاو بە زمانەکە کراوە، لەچەشنی هۆنراوەکانی باباتاهیری عوریان (هەمەدانی)، هۆنراوەکانی مەلای باتەیی و مەلای جزیری، مەم وزینی خانی، هۆنراوەکانی بێسارانی و سەیدی و مەولەوی و نالی و سالم و کوردی ...هتد. ئەوەی شوێنی داخ و نیگەرانییە لەمڕۆدا زمانەکە پاشەکشەیەکی غەریبی کردووە و بە دەرەجەیەك تووشی داڕزین و دالەنگان هاتووە کە ژمارەیەك لە ئایکۆنەکانی کورد خاوەنی ئەو دیدگایەن کە پێیان وایە ڕێنووسی تایبەت بە خۆیان هەیە و پێویست ناکات پەیڕەوی لە ڕینووسی باو بکەن، بەهۆی ئەوەی تا هەنووکە ڕێنووسێکی یەکگرتوومان نییە. ئەو دیدگایە لە جەهلی موڕڕەکەبەوە سەرچاوەی گرتووە. گەرنا وشەڕۆنان و بەکارهێنانی دەستەواژە و زاراوە وابەستەیە بە دەستوور و ڕێسا زمانەوانییەکانەوە لەڕووی زانستییەوە. ئاریشەکانی زمانی کوردی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە خاوەنی دەستوورێکی زانستی نییە و دەستەواژە و زاراوەی نوێ زیاد ناکات بە شێوازە دروست و زانستییەکەی، ئەمەش هۆکاری پووکانەوە و گەشە نەکردنی زمانەکەیە.

زمانی کوردی سەر بە خێزانی زمانە هیندی و ئەورووپییەکانە. لەڕووی ئێتیمۆلۆژییەوە دەگەڕێتەوە سەر زمانی ئاڤێستایی، کە زمانێکی دێرینی ئایینی زەردەشتییە و کتێبی پیرۆزی پێ نووسراوە. لەڕووی ڕێنووسەوە کاریگەریی ڕێنووسی ئارامی و گریگی لەسەرە و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ زمانی سانسکریتیدا هەیە. واتە زمانی کوردی خاوەن دیرۆکێکی دێرین و ڕەسەنە. زمانی کوردی لە مێژووی خۆیدا ئاستەنگی زۆر و جۆراوجۆری هاتۆتە ڕێ. گرنگترینیان کاریگەریی نەرێیی زمانی

عەرەبییە لە پاش غەزەواتەکانی ئیسلام بۆ سەر ناوچەکە، کە لە چەند ئاستیکدا خۆی بینییەوە. لەوانە خوێندن بە زمانی عەرەبی لە حوجرە و نێوەندە ئایینییەکاندا؛ دۆخ و هەلومەرجێکی وەهای ڕەخساند کە هەژموونی زمانی عەرەبی بەهۆی پیرۆزییە ئایینییەکەیەوە زیاد لە پێویست بێت. واتە زمانی عەرەبی لەڕووی کلتووری و فەرهەنگی و ئەدەبییەوە بە شیوازێکی هەڕەمەکییانە و بەدەر لە دەستوور و ڕێسا زمانییەکان مۆنۆپۆلی زمانی کوردیی کرد. ئەو کاریگەرییە بە جۆرێك بوو ژمارەیەك فەرهەنگ بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی نووسران. لەوانە فەرهەنگی (نوبهارا بچوکان)ی ئەحمەدی خانی و فەرهەنگی (ئەحمەدیی) شیخ مارفی نۆدێ. لە سەدەی شازدەهەمی زایینیدا، عەلی تەڕەماخی دەستووری زمانی عەرەبی بە شێوەزاری کرمانجیی ژووروو نووسیوەتەوە بە ناوی (سەرفا کورمانجی)، مەبەست لە نەحوسەرفە؛ تا فێرخوازەکانی فێری زمانی عەرەبی ببن. ئێمە لێرەدا مەبەستمان نییە بڵێین فێربوونی زمانی عەرەبی یاخود هەر زمانێکی دیکە کارێکی خراپە، هێندەی دەمانەوێت بڵێین زمانی کوردی گەلێك زیاتر پێویستی بە نووسینی فەرهەنگ و دەستووری زمان هەبوو بە بەراورد بە زمانی عەرەبی؛ زمانی عەرەبی هیچ پێویستی بە زانای کورد نەبوو خزمەتی بکات، لەبەر ئەوەی خزمەتی گەورەی پێکرابوو لەلایەن زانایانی دیکەوە، بە دیاریکراویش زانایانی فارس. زانایانی زمان لە هەردوو نەتەوەی کورد و فارس خۆبەخشانە خزمەتی بێهاوتای زمانی عەرەبییان کرد و بەو هۆیەشەوە هەردوو زمانەکە گورزی گەورەیان بەر کەوت وبە دەیان و سەدان وشە و دەستەواژە هاتنە نێو زمانەکانیانەوە. لەبری دانانی ڕێگریکەر (رادع) لە بەردەم زمانی عەرەبی لەپێناو پاراستنی زمانەکانیاندا، کەچی بە ڕەهایی بە ڕووی زمانەکەدا کرانەوە و دەرفەتی تەواویان بۆ ڕەخساند، تا بە خواستی خۆی هەژموون و کاریگەریی نەرێیی لەسەر زمانەکانیان دابنێت. گرنگە ئاماژە بەوە بدەم من نە نەتەوەپەرستم، نە باوەڕێکیشم پێی هەیە. بەڵام باسەکە باسی زمانە لەڕووی زانستییەوە. هەژموون و کاریگەریی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی و بوونی سەدەها وشە و دەستەواژەی عەرەبی لە نێوزمانەکەدا هۆکارەکەی ئایینییە بە پلەی ئیمتیاز. ئاشکرایە هیچ زمانێك نییە بەڕەهایی خاوێن و پوخت بێت لە زاراوەی بێگانە. واتە خواستن لە زمانی بێگانەوە ڕەوایە، بەڵام بەپێی ڕەچاوکردنی دۆخی زانستیی زمانەکە. واتە ڕەچاوکردنی ڕێسا و دەستووری زمان بەهەند بگیرێت لە خواستن و وەرگرتنی وشەدا لە زمانێکی دیکەوە. واتە گەر نەتوانرا لە هەمبەر

زاراوەیەکی نوێدا وشەیەکی کوردی ڕۆبنرێت، ئەو کات بە زەڕوورەت پەنا بەر زاراوەی بێگانە دەبەین و کەڵکی لێ وەردەگرین، بەومەرجەی وشەکە بکوردێنرێت. د. جەمال نەبەز لە کتێبی "زمانی یەکگرتووی کوردی"دا ئاماژە بەوە دەدات کە خواستنی وشە لە زمانی بێگانەوە ئاساییە بەو مەرجەی بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێت. سەرنجی ئەم وشانە بدەن کە لەچەند زمانێکی جیاوازەوە وەرگیراون؛ وشەکانی "خەبات، خشڵ، لەواشە، کەرەوز" لە زماتی سریانییەوە وەرگیراون. وشەکانی "قورقوشم، قاپ، ئازووخە، ئەمەك، پاقلاوە، برغوو، چاوەش" لەزمانی تورکییەوە وەرگیراون. وشەکانی (زیو، کنگر، سنوور، تەلیسم، سەمتوور). لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراون. وشەکانی "مەعریفە، ڕەمز، کارەبا ، کورسی ، کتێب ، مشار، حکوومەت" لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون. وشەکانی "پانتۆڵ ، پاسکیل ، پاتری، ئەکتەر، تەلەفزیۆن، پەتاتە، تەماتە" لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراون. واتە پێویستە هەر وشەیەکی وەرگیراو بە ڕێنووسی ئەو زمانە بنووسرێت کە بۆی وەرگیراوە. زمانی عەرەبی بە هەزاران وشەی لە زمانەکانی گریکی، لاتینی، سانسکریتی، عیبری، ئارامی... هتد وەرگرتووە و بە ڕێنووسی عەرەبی نووسیونی. ئەوەش کارێکی ئاساییە و خزمەتی گەورە بە زمانەکە دەکات. لەپێناو یەکهێشتنەوەی ڕێنووسدا و نەبوونی چەند ڕێنووسێکی جۆراوجۆردا ئەو کارە ئەنجام دراوە. (1)

پەیوەندیی نێوان زمان و بیرکردنەوە

> زمان هەڵگری حەقیقەتی هەموو بوونە.
>
> هراکلیتۆس

> کەوشەنی زمانی من، کەوشەنی بوونی منە.
>
> ویتگنشتاین

> زمان ماڵی بوونە، ماڵێك مرۆڤ تێیدا نیشتەجێیە .
> ئەوانەی بە وشە بیردەکەنەوە و بە وشە بوونیاد دەنێن پاسەوانی ئەم ماڵەن.
> ئەم پاسەوانی و خەمخۆرییەیان خستنەڕوو و دەرخەری بوونە.
> مرۆڤ واخۆی نیشان دەدات کە ئەو خوڵقێنەری زمان و سەروەریەتی،
> بەڵام لەڕاستیدا زمان سەروەری مرۆڤە،
> هەر کاتێك پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و زمان تێکچوو،
> ئەوا نامۆبوون لە سروشتی مرۆڤدا ڕوو دەدات.
> هایدگەر

پرسیارێك کە لە مێژووی فەلسەفەدا ڕووبەر و پانتاییەکی بەرفراوانی داگیر کردووە بریتییە لەوەی پەیوەندیی زمان بە بیرکردنەوە و حەقیقەتەوە چییە؟ لەو ساتەوەی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی بیرکەرەوە خۆی ناسیوە و دەرکی وجوودیی خۆی کردووە، بە جۆرێك دەرگیری ئەو پرسە بووە کە چۆن پەیوەندیی نێوان زمان و بیر کەشف بکات. ئایا دەکرێت لە دەرەوەی زمان بیربکەینەوە و بگەین بە حەقیقەت؟ دیوە ئاڵۆز و پەنهانەکانی حەقیقەت چۆن لەڕێی زمانەوە کەشف دەکرێن؟ زمان ئەو ئامرازەیە کە نەزم و ڕێکخستن دەبەخشێت بە بیرکردنەوە تا دەرکی حەقیقەتی پێ بکات.

ئەرستۆ مامۆستای لۆژیك و دارێژەری دەستوور و ڕێساکانی زمان، وەها وەسفی زمان دەکات کە هۆیەکە بۆ ئاخاوتن و دەربڕینی وشەکان. وشەش بە گرنگترین توخمی زمان دادەنێت و دەڵێت:" بناغەی ئاخاوتن وشەیە، وشەش بڕووتنێکی دەنگییە کە لە تیپ و بڕگە پێکهاتووە و ڕەمز ونیشانەیە بۆ واتای شتێك یاخود بیرۆکەیەك. ئەم جووڵەیەش بڕووتنێکی ئەقڵی و هۆشمەندییە". ئەرستۆ بەراوردی نێوان بێژە و وشەمان بۆ دەکات و دەڵێت" ڕستە گوتراوەکان، واتا بێژەکان نیشانە و ڕەمزن بۆ دەربڕینی بارەکانی مرۆڤ، بەڵام وشە نووسراوەکان وێنەن بۆ تۆمارکردنی بێژەکان".(2) واتە زمان کە لە وشە پێکدێت نیشانە و ڕەمزی بیری مرۆڤە و پێکەوە بەکانگیرن؛ بەبێ وشە نە بیر دەردەبڕدرێت، نە مەعریفەش بەدەست دێت. لێرەوە بەو بەرئەنجامە دەگەین زمان ئامرازێکە لەمەڕ پەیوەندیی نێوان ئاخاوتن و بیرکردنەوەدا.

لە دیدی هایدگەر، زمان ماهییەت بە مرۆڤ دەبەخشێت وەك بوونەوەرێکی بیرکەرەوە؛ زمان سەرزەمینێکە بۆ بیرکردنەوەی دروست، بیرکردنەوە لە خودی بوون، کە لەڕێی زمانەوە خۆی بەیان دەکات. بیرکردنەوە ڕووداوە، خودی بوونە، کە وەك ڕووداو خۆی مانیفێست دەکات، واتە زمان تەنها گوتە و تەعبیر نییە، بەڵکوو نهێنیی بوونە لە دۆخی خۆئامادەکردندا بۆ دەرکەوتن و ڕاڤەکردنی بوون. (3) زمان دەرخەری بیرە، واتە سەرزەمینێکە بۆ بیرکردنەوەی دروست و ئاوەزمەندانە، بیرکردنەوە بە مانا ئۆنتۆلۆژی و ئێپستمییەکەی. زمانی کوردی تا هەنووکە لەم بوارەدا بەگەڕ نەخراوە، واتە بیری پێ نەکراوەتەوە. مەبەستمان لە بیرکردنەوە بە مانا فەلسەفییەکەیە، کە وەزیفەی بنەڕەتیی زمانە. واتە زمانی کوردی کورتی هێناوە لە بەرهەمهێنانی دەستەواژە و زاراوەی زانستی و فەلسەفییدا. ئەمەش هۆکاری بنەڕەتیی نەبوون و نە نووسینی دەقی زانستی و فەلسەفییە بە زمانەکە.

بەپێی تیۆرییە زمانەوانییەکان، زمان ئامرازی بیرکردنەوەیە، نەك تەنها دەربڕینی بیر و تەعبیرلێکردنی. زمان ڕۆڵی جەوهەریی هەیە لە ڕێکخستن و تەرکیزکردن لە بیرکردنەوەدا، واتە ئامرازێکە بۆ بیرکردنەوەی زانستی و لۆژیکی. ویتگنشتاین لە کتێبی "تراکتاتۆس"دا دەڵێت: "زمان مانا بە زەین دەبەخشێت و فەزا و زەمینەیەك بار دێنێت بۆ بیرکردنەوەی دروست و لۆژیکی". واتە لەنێو فەزای زماندا دەرفەتی بیرکردنەوەی لۆژیکی و زانستی دەڕەخسێت. ئاشنابوون بە زمان تەنها زانینی زمانێك یاخود چەند زمانێك نییە، بەڵکوو ئاشنابوونە بە شێوازی بیرکردنەوەی دروست.

تیۆرییەك هەیە لەنێو زماندا بە نێوی تیۆریی بیرکردنەوەی زمانەوانی (Linguistic Thought Theory). ئەم تیۆرییە یەکێکە لە گرنگترین و کاریگەرترین تیۆرییەکان لەمەڕ پەیوەندیی نێوان زمان و بیرکردنەوەدا. تیۆرییەکە جەخت لەوە دەکاتەوە بیرکردنەوە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر زمان بوونیاد نراوە. بەپێی تیۆرییەکە، زمان تەنها ئامرازێك نییە بۆ دەربڕینی بیر، بەڵکوو خودی پرۆسەی بیرکردنەوەیە. تیۆرییەکە لەو باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێت کە مرۆڤ بە "زمان" بیر دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا جەختی لەسەر ئەوەیە کە سیستمێکی ناوەکی (باطنی) هەیە، هاوشێوەی "زمانی بیر" کار دەکات و وابەستەیە بە مێشکەوە و پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی هەیە لەگەڵ زمانی دەرەکی، واتە زمانی ئاخاوتن. بیرکردنەوە لەنێو زماندا تێگەیشتن و دەرککردنی نێوان هەردوو ئاستەکەی زمانە. توانایی مرۆڤ بۆ بیرکردنەوە لە چەمکە ئەبستراکتەکان وابەستەیە بە هێز و تواناییە زمانییەکانییەوە.

کاتەگۆڕیزەکردن (پۆلێنکردن) لەنێو زماندا کۆمەك دەکات بە ڕێکخستنی بیرۆکەکان لە نێویدا و تەعبیرلێکردنی بە شێوازێکی ڕوون. (4)

پووختەیەك دەربارەی مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ

تۆفیق وەهبی یەکێك لە ناوە دیار و موونەوەرەکانی کوردە کە خاوەنی چەندین بەرهەمە لە بوارەکانی زمان و فەرهەنگ و مێژوودا. ئەو شارەزایەکی بەرچاوی بواری زمانەوانییە و زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی و، سانسکریتیی زانیوە. ساڵی 1930 مووتەسەڕیفی شاری سلێمانی بووە؛ ساڵی 1943 وەزیری ئابووری بووە؛ ساڵی 1948 وەزیری مەعاریف بووە. دیارترین بەرهەمە زمانەوانییەکانی بریتین لەمانە:

1- کوردییەکەمان بە چۆن حرووفێك وە چۆن بنووسین.

2- دەستووری زمانی کوردی.

3- لەبابەت بنج و بناوانی زمانی کوردییەوە.

4- بژارکردنی زمانی کوردی

5- (پارتیکەڵ)ی بکەر نادیار

6- فەرهەنگی کوردی – ئینگلیزیی ئۆکسفۆرد، لەگەڵ ئەدمۆنز (1965).

ئەوەی مایەی نیگەرانیی قووڵی ئێمەیە، پاش گەڕان و پشکنینێکی ورد تەنها وتارێکمان نەبینی دەربارەی ئەو ئەقڵە موونەوەرەی کورد نووسرابێت. پێدەچێت کەمتر نەتەوەیەك هاوشێوەی کورد کەمتەرخەمی بەرامبەر بە توێژەر و لێکۆڵەرەکانی بنوێنێت. تۆفیق وەهبی خزمەتێکی فراوانی بە زمان و فەرهەنگ و مێژووی کورد کردووە. لەبری پێزانین، بێڕێزیی زۆری بەرامبەر نوێنرا. بەختی هەبوو کە هاوشێوەی جەمال عیرفان ترۆر نەکرا. هەر چەند ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا باس لە هەوڵێکی لەو جۆرە دەکات. سەدەیەك بەر لە ئێستا و دروست ساڵی 1923 دەستووری زمانی کوردی دەنووسێت. هەر زوو ڕووبەڕووی ئاستەنگ و لەمپەڕی گەورە دێت و، لەلایەن وەزیری مەعاریفی ئەو کاتەوە، کە پیاوێکی شۆڤێنی و قەومییەکی توندڕەوی دژە کورد بوو بە ناوی ساطع الحصری، ئاستەنگی بۆ دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی مامۆستا کۆمەڵێك تیپی نوێی ئیزافەی

سەر زمانی کوردیی کردبوو کە لە زمانی عەرەبیدا نەبوون، لەچەشنی پیتەکانی ۆ، ێ، ڵ. قەومییە عەرەبچییەکەش ئەوەی بە مەترسی دەزانی لەسەر کلتوور و فەرهەنگی زمانی عەرەبی و پێی وابوو کە بەو هۆیەوە کورد لەژێر هەژموون و کلتووری عەرەبیدا دێتە دەر و زمان و ڕێنووس و فەرهەنگی تایبەت بە خۆی دەبێت. هەربۆیە، پەنای بەر ئەوە برد و گوتی کە ئەو وشانە لە قورئاندا نین و بەکارهێنانیان کوفرە. لەڕێی ژمارەیەك نامەوە، وتاربێژ و خەتیبی مزگەوتەکانی کوردستان ئاگادار دەکاتەوە و داوایان لێدەکات سەرجەمیان لە وتاری ڕۆژی هەینیدا ئیدانەی کارەکەی تۆفیق وەهبی بکەن و بە کوفری بدەنە قەڵەم. مامۆستایانی ئایینیش هەر زوو خواستی وەزیرە شۆڤێنییەکەیان بە دیهێنا و هێرشێکی توند و ناڕەوایان کردە سەر مامۆستا تۆفیق وەهبی و بووهتانی گەورەیان بۆ هەڵبەست و بە ماسۆنی و دژە ئایین تۆمەتباریان کرد.

تۆفیق وەهبی و دەستووری زمانی کوردی

بۆ ئاخاوتن و نووسین بە هەر زمانێك بە شێوازێکی دروست و زانستی لە بەراییدا ئاشنابوون بە دەستووری زمانەکە پێویستە. دەستووری زمان بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێسا و پرەنسیپ کە چۆنییەتیی بەکارهێنانی وشە و ڕستەسازی لە زمانێکدا دیاری دەکات. دەستووری زمان فەرهەنگی بنەماکانی زمانە بۆ ڕێکخستنی نەهجێکی دروست و زانستیی لەنێو زماندا و نەهێشتنی ئاڵۆزی و، کردنەوەی کۆی گرێکانی نێو زمانە. واتا ڕێسایەکە بۆ گەشەکردنی زمان لە هەردوو باری ئاخاوتن و نووسیندا بە شێوازێکی زانستی. ئەمەش بنەمای پێکهاتەی زمانە و کۆمەکمان دەکات بۆ گەیاندنی مانا بە شێوازێکی ڕوون و ڕەوان.(5)

دەستووری زمان هۆکارێکی جەوهەری و بنەڕەتییە بۆ بوونی فۆرمێك لە زمانی ستاندارد و یەکگرتوو؛ ڕێ بە پەرتبوونی زمان دەگرێت و گرێ و ئاڵۆزییەکانی زمان لە نێو دەبات و ئاسانکاری دەکات بۆ خوێندنەوە و نووسینی دەق لەڕێی بەکارهێنانی دەستەواژەی کورت و پڕماناوە. واتە چڕی لە مانادا، کە مەبەست لێی دەربڕینی کورتترین دەستەواژە و بەخشینی زۆرترین مانایە. هۆکارێکی دیکە ڕەخساندنی دەرفەت و هەلی گونجاوە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بەدروستی و بێ گرێوگۆڵ فێری زمانەکە ببن. ئامانج لە دەستوور ڕێکخستنی پیتەکان و دارشتنی قانوونە بۆ نووسین و خوێندنەوەی

زمان بە شێوازێکی دروست و بەدەر لە هەڵە. هۆکارێکی بنەڕەتیشە بۆ پاراستنی ستراکچەری زمانەکە و بەرگرتن بە کەوتنە ژێرکاریگەریی زمانەکانی بێگانە و تێکەڵبوون پێیان.

تۆفیق وەهبی ئاماژە بەوە دەدات کە سوودی زۆری لە دەستووری زمانە ئەورووپییەکان بینیوە و دەستووری زمانی کوردیی بەپێی دەستووری زمانە ئەورووپییەکان داڕشتووە و ڕێکخستووە و دەڵێت: "من بە چەند ساڵێك توانیم ئەو تیپانە بەپێی سروشتی دەنگی کوردی لەگەڵ قانوونی بە کارهێنانیدا، تەسپیت بکەم".(6) ئەوەی مایەی نیگەرانییە تا هەنوکە وەك پێویست کەڵك لەو دەستوورە وەرنەگیراوە و هەڵنەگیراوەتەوە. بەو هۆیەشەوە، زمانی کوردی بێبەش بوو لە ڕێنووسێکی دروست و یەکگرتوو و لێکەوتەکانیشی بریتی بوو لە پاشاگەردانییەکی بێهاوتا لە ڕێنووس و ڕۆنانی وشەدا، بە جۆرێکی وەها هەرکەس بە خواستی خۆی ڕەچاوی جۆرێك لە ڕێنووسی دەکرد و بەکامی دڵی خۆی وشەی دادەتاشی، بەدەر لە ڕەچاوکردنی دەستوور و زانستی زمان. تۆفیق وەهبی دەڵێت: " وەرن تەنقیدی عیلمی دەستوورەکەی من بکەن، یاخود دەستوورێکی نوێ بنووسن". واتە تانووتی لێبدەن و ئیزافەی بخەنە سەر. وەلێ ئەفسووس تا هەنوکە ئەوە ڕووی نەدا. واتە نە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ دەستوورەکە کرا، نە دەستوورێکی نوێش نووسرا. زمانی کوردیش هەرگیز لەو پەشێوی و پاشاگەردانییەی کهە تێیدا نوقم بووە قوتاری نابێت تا پەیڕەوی لە دەستوورێکی دروست و زانستی نەکات.

دەستووری زمان کار لەسەر ئەم بەشانە دەکات:

1- وشەسازی: لە چۆنییەتیی ڕۆنانی وشە دەکۆڵێتەوە و پێکهاتەی وشەکان شی دەکاتەوە لەڕووی زانستییەوە.

2- ڕستەسازی: لە چۆنییەتیی پێکهێنانی فرێز و وشەکان دەکۆڵێتەوە و ڕستەکان شی دەکاتەوە لەڕووی پێکهاتەوە. پەیوەندیی نێوان وشەکان ڕێك دەخات لە ڕستەدا.

3- دەنگسازی: بەشێکی گرنگە لە زانستی زمان کە لێکۆڵینەوە لە سیستەم و یاسای دەنگەکان و چۆنییەتیی بەکارهێنانیان لەنێو زماندا دەکات دەنگەکانیش پێکدێن لە:

ا- دەنگە بزوێنەکان (ڤاوڵەکان) کورتە بزوێن: (u) ـوـ (a) - (i) --ش-.

درێژە بزوێن: (u) وو (i) ی (a) ئا. نیوە بزوێن: (e) ێ، (O) ۆ. بزوێنی لێکدراو: (UW)، (IY).

ب- دەنگە نەبزوێنەکان (کۆنسەنەنتەکان). لێوی: (پ،ب،م،و) ددانی: (ت، س، ز، ل، ن). زمانی: (ڕ،ر). چەپکی: (چ، ج، ش، ژ). زمانۆکی: (ك، گ، خ، غ). قورگی: (ق، ع، ح، ئ).

ج- جووتە دەنگەکان: (وی، ۆی، ای).

4- واتاسازی: لە پەیوەندیی نێوان وشەکان وماناکانیان دەکۆڵێتەوە و شییان دەکاتەوە.

5- ڕێنووس: لە شێوازی نووسین دەکۆڵێتەوە لەڕووی دروستی و نادروستییەوە.

هەموو ئەم بەشانە پێکەوە چوارچێوەیەکی گشتی بۆ تێگەیشتن و بەکارهێنانی زمان بە شێوازە زانستییەکەی پێکدەهێنن. بۆ ڕەچاوکردنی دۆخی زمانێك لەڕووی دەستوورییەوە گرنگە بە دیقەتەوە سەرنجمان لەسەر شێوازی نووسین و ئاخاوتن بێت و خۆ بەدوور بگرین لە زۆربی سووانی زمانەکە و کەوتن و فرێدانی وشەکان و گۆڕینی پیتە قاڵبەکان، بەتایبەت لە هەندێك شێوەزاردا. هەر چەند لە باری ئاخاوتندا جۆرێك لە ئاسانکاری بۆ ئاخێوەر دروست دەکات لە ئانی گۆکردنی وشە و دەستەواژەکاندا، بەڵام لەڕووی دەستووری زمانەوە هەڵەیە. نموونە: (ددان – دان ، دەڕۆم – ئەڕۆم ، دەخۆم – ئەخۆم). مامۆستا تۆفیق وەهبی ڕای وایە کە پێویستە پیتی (د)ی کلۆر بەرەهایی لە زمانەکەمان وەدەرنرێت، لەو جێیانەشدا (د)ە کلۆرەکان کەوتوون یاخود گۆڕاون بە دەنگێکی دیکە. ئەوا پێویستە (د)ی پتەو بخرێتەوە شوێنیان. هەروەها لەبری پیتە قاڵبی (ئە) پیتە قاڵبی (دە) بەکاربێنین لە پێناو ڕەچاوکردنی دۆخی ئەدەبی زمانەکە و نەشێواندنی.

زمانی کوردی زمانێکی وەسفییە. بە گۆڕینی پیتە قاڵبەکان، وشەکان هەم مانا لە دەست دەدەن و هەم لەڕووی ئێستاتیکاییەوە دەشێوێن. لەڕووی وەسفییەوە لە ساتی گۆکردنی گوزارە و دەستەواژەدا ڕاستەوخۆ وێنەکە لە زەینی گوێگردا دروست دەبێت، لەچەشنی گڤە گڤ، لرفەلرف، هاژە هاژ، ناڵە ناڵ، ژاوە ژاو، زوورە زوور. واتە زاراوەکە وەسفی ڕووداوەکە دەکات. نموونە: وشەی "پشتیوان" لە فەرهەنگی کوردەواریدا بە واتای دارێك هاتووە کە لەپشت دەرگاوە دەچەقێندرێت بۆ ئەوەی بخرێتە بەر پشکۆڵ بۆ توندوتۆڵی. واتە پشتیوانی و پاڵپشتی لە ڕاگرتنی دەرگا دەکات؛ واتە لێرەدا ناوەکە دەلالەت لە ماناکەی دەکات.

لە هەندێك لە زارەکانی زمانی کوردیدا، وشەکان دەگۆڕێن یاخود فڕێ دەدرێن بۆ ئاسانکاری

له گفتوگۆ و ئاخاوتندا، گەرچی ڕەوا نییە ڕەچاوی دۆخی زمانەکە و دەستوورەکەی نەکرێت بە پاساوی ئاسانکاری لە ئاخاوتندا. هەرچەند ئەو ڕووداوە لە زمانەکانی دیکەشدا هەیە، بەڵام هەر هەڵەیە و ڕەوا نییە چاوپۆشیی لێ بکرێت. لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر وشەدا دێت گەلێك جار هەڵەی فۆنۆلۆژیی لێ دەکەوێتەوە. واتە لەڕووی دەنگسازی و جۆری دەربڕینیانەوە هەڵە دەبن. کەوتن یاخود گۆڕینی پیتەکانی "د، گ، ت". نموونە: وشەی "شمەك" لە بنەڕەتدا "شت و مەك" بووە بە فڕێدانی دەنگی ت- ی "شت" و لادانی دەنگی واوی (و) پەیوەندی داتاشراوە. وشەی "دەسکەوت" لەبنەڕەتدا لە "دەستکەوت" کەوتۆتەوە.

(زەماوەند – زەماوەن، زامدار – زامار، مەحموود – مەحموو)، (برژانگ – برژان، ڕەنگ – ڕەن ، بەربینگ – بەربین)، (دەست – دەس، کەوت – کەو ، خەوت – خەو).

ڕیشە و بنج و بناوانی زمانی کوردی

مامۆستا تۆفیق وەهبی ئاماژە بەوە دەدات کە گەنجینەی زمانی کوردی پڕە لە گەوهەر و خاوەنی دەوڵەمەندترین فەرهەنگە. پاش گەڕخواردن و سۆراخێکی وردی زمانەوانی، ڕیشە و بنج و بناوانی زمانی کوردی دەباتەوە سەر زمانی ئاڤێستایی و دەڵێت:" پاش ئەوەی کە گەلێ لە گەوهەرەکانی زمانی کوردیم جیا کردنەوە و گەردیانم سڕی و لێکم دانەوە و پەیم بە بنج و بناوانیان برد، تێگەیشتم کە ئەم گەنجینەیە، ئەو زمانەیە کە دەمی خۆی زمانی ئایینێك بووە، شارستانیەتی هەرە بەرزی داداوە. ئەو زمانەیە کە ئاڤێستای پێ نووسراوە. ئەو زمانەیە کە زەرەئوشترە (زەردەشت) گاتاکانی پێ نووسیوە ". (7)

ڕێنووسی کوردیی نوێ لەڕووی لێکسیکۆلۆژییەوە دەچێتەوە سەر ڕێنووسی (دین دیبرە) ی ئاڤێستایی، کە خاوەن دیرۆکێکی دێرینە و زۆرێك لە زانایان ڕایان وایە زمانی مادەکان بووە، هەرچەند بەڵگەی بنجبڕ بەردەست نییە لەو ڕووەوە. نووسەر ئەسەف بۆ ئەوە دەخوات کە گەنجینەیەکی لێوانلێو لە وشەی ڕەسەن و پەتی لە نێو ئاڤێستادا پەنهانن و حەشار دراون؛ نووسەران و ئەدیبانی کورد لایەکی بە لادا ناکەنەوە و سەرقاڵی وەرگرتن و خواستنی وشەی بێگانەن، یاخود سەرقاڵی داڕشتنی وشەی نوێن، بەدەر لە ڕەچاوکردنی ڕێکارە زمانەوانییەکان. هۆکاری نەخەملین و نەپژانی زمانی کوردی چییە جگە لە بەکەمگرتن و کارنەکردن بە دەستوور و ڕێساکانی زمانەکە. ڕۆماننووسی دیاری کورد هەیە دەڵێت :" من ڕێنووسی تایبەت بە خۆمم هەیە و پەیڕەوی لە هیچ ڕێنووسێکی دیکە ناکەم"! ئەم بانگەشەیە بەرگەی سادەترین تاقیکردنەوە ناگرێت، چونکە لە بێئاگاییەوە سەرچاوەی گرتووە. دیاریکردن و پەیڕەویکردن لە ڕێنووسێکی یەکگرتوو لەنێو زماندا لە توانایی تاکەکەس بەدەرە و ئاڵۆزترین پڕۆسەی زمانەوانییە. واتە پێویستە ژمارەیەك زانای زمانەوانی ئەو ئەرکە لەڕێگەی پەیڕەویکردن لە دەستووری زمانەکە ڕاپەڕێنن. هەنووکە زمانی کوردی لە دژوارترین دۆخدایە بەهۆی نووسەری عەوام و ماس میدیا ودەستگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و دامەزراوە دەوڵەتییەکانەوە لە چەشنی خوێندنگە و زانکۆکان. هەر کام لەو کەس و نێوەندانە بە کامی دڵی خۆیان پەیڕەوی لە ڕێنووسێك دەکەن. ئەرکی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ڕۆشنبیرییە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و چیدی لەوە زیاتر ڕێ بە داڕزینی زمانی کوری نەدەن. بوونی ئەکادیمیایەکی زمانەوانی لە هەرکات پێویستترە بۆ ڕیکخستنەوەی ڕێنووسی کوردی لەنێو خوێندنگە و زانکۆکانەوە تا دەگات بەنووسینی سەر تابلۆی دووکان و مۆڵەکان.

مامۆستا تۆفیق وەهبی ئاماژە بە ئاریشەیەکی دیکە دەدات و بە نیگەرانییەکی قووڵەوە لێی دەڕوانێت، ئەویش بریتییە لەوەی کە کوردەکان هەمیشە زمانەکەیان دەبەنەوە سەر زمانی پەهلەوی، لە کاتێکدا زمانی کوردی لە پێشتر و دێرینترە لە زمانی پەهلەوی. کورد هەمیشە خۆی بە کەمتر گرتووە لە ئاست زمان و کلتووری نەتەوەکانی دیکەدا، لە کاتێکدا زۆر لەوان کەوناراترە. لە دیدی نووسەردا، زمانی کوردی سەر بە تیرەی زمانی فارسیی کۆن – هەخامەنشی، فارسیی ناوەند – پەهلەوی و فارسی نوێ نییە، بەڵکوو نزیکییەکی زۆر لەنێوان زمانەکانی ڤیدایی و ئاڤێستایی و فارسیی کۆندا هەیە. ئەو زمانانە هێندە لە یەکدی نزیکن کە هەندێك لە زانایانی زمان پێیان وابووە زمانی ئاڤێستایی بەشێکە لە زمانی ڤیدایی هندی. لەڕاستیدا، هەرکام لەو زمانانە سەربەخۆن. بەڵام هێندە لێك نزیکن گەر وشەکانی هەرکامێکیان بە کەمێك دەستکاری دەنگی و وشەوانییەوە لە نێو دوو زمانەکەی دیکەدا بەکار بەریت، هیچ ئاستەنگێکی زمانەوانییت بۆ پێش نایەت. لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا کەسێك بە زمانی ئاڤێستایی بدوایە بەسانایی لە ئاخێوەرێکی فارسی تێدەگەیشت، واتە پێویستیان بە وەرگێڕ نەدەبوو.

دەستووری وشەڕۆنان

وشەڕۆنان بریتییە لە داڕشتن و دروستکردنی زاراوەی نوێ لەنێو زماندا کە لە چۆنییەتیی پێکهاتن و یاسای دروستبوونی وشەکان دەکۆڵێتەوە. هۆکار و میکانیزمێکی بنەڕەتیشە بۆ دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمان بەهۆی ڕۆنانی وشەی نوێوە. وشەش لە مۆرفیم پێکهاتووە، واتە مۆرفیم دەورێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە ڕۆنانی وشەدا. مۆرفیم بچووکترین دانەی واتاداری زمانە، کە ناتوانرێت بچووکتر بکرێتەوە بەمەرجێك مانا لەدەست نەدات. بۆ نموونە، وشەی "گوڵدان" یاخود " مۆمدان " کە لە دوو مۆرفیم "گوڵ+دان" و" مۆم + دان " دروست بوون و هەر یەکێك لەو مۆرفیمانە بچووکترین پارچەی واتاداری ئەو وشەیەن و ناکرێت بچووکتر بکرێنەوە و ماناش لەدەست نەدەن. گەر بێت و یەك دەنگیان لێ لا ببرێت، ئەوا مانا لە دەست دەدەن و ناتوانرێت پێیان بگوترێت مۆرفیم. (8) مۆرفۆلۆژی لە چۆنێتیی پێکهێنان و گۆڕینی وشەکانی نێو زمان دەکۆڵێتەوە لەڕووی زانستییەوە. ئەم زانستە باس لەو گۆڕانانە دەکات کە بەسەر وشەدا دێن لە ئانی گەردانکردن و شیکردنەوەیاندا. واتا لە گەردانکردنی ناوەکان (تصریف اسماء) و گەردانکردنی کار (تصریف افعال) ە کان دەکۆڵێتەوە.

لە زمانی کوردیدا، زیاد لە جۆرێکی مۆرفیممان هەیە. لەوانە:

مۆرفێمی سەربەخۆ کە ئەو مۆرفێمانەن لەڕووی فۆرم و واتاوە دەتوانن سەربەخۆ ڕەفتار بکەن و واتاش ببەخشن؛ نموونە: شار، زار، دار، کوڕ، کچ.

مۆرفێمی وشەداڕێژ کە پێکدێت لە لکاندنی پێشگر یاخود پاشگرێك بە وشەیەکەوە بۆ گۆڕینی واتاکەی. نموونە: بە + هێز= بەهێز، کتیب + خانە = کتێبخانە.

مۆرفێمی وشەلێکدراو کە تێیدا دوو وشەی سەربەخۆ یاخود زیاتر پێکەوە دەلکێن بۆ دروستکردنی وشەیەکی نوێ نموونە: دەست + نووس= دەستنووس، نیشتمان + پەروەر = نیشتمانپەروەر.

مۆرفێمی دووبارەبووەوە کە پێکدێت لە دووبارەکردنەوەی وشەیەك بۆ دروستکردنی واتایەکی نوێ. نموونە: ورد + ورد = وردورد، کەم + کەم = کەم کەم، دوور + دوور = دووردوور.

مۆرفێمی سەرواگۆڕ: ئەو مۆرفوێمەیە کاتێك دەچێتە سەر وشەیەك دەنگی کۆتایی وشەکە دەگۆڕێت. نموونە: کاتێك " ەکە" دەچێتە سەر وشەی " کتێب" دەبێتە "کتێبەکە"..."ان" کە

نیشانەی کۆیە، کاتیك دەچێتە سەر وشەی "دار" دەبیتە "داران" . ئەم جۆرە مۆرفێمانە ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن لە دروستکردنی واتای نوێ و گۆڕینی فۆڕمی وشەکان لە زمانی کوردیدا.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەرهەمهێنانی ئامێر و کەرەستەی نوێوە، پێداویستی داڕشتنی وشەی نوێ گەلێك زیادی کردووە. بۆیە لە هەر کات زیاتر پێویستمان بە داڕشتنی وشەی نوێ هەیە. پێویستە بە سەلیقە و وردبینییەکی زۆرەوە ئەو کارە ئەنجام بدرێت. وشەداڕێژەر نەك هەر دەستووری زمان بەڵکوو پێویستە بەوردی ئاگاداری دەستووری وشەش بێت، بەتایبەت لەڕووی مۆرفێم و دەنگسازییەوە. واتە بەهۆی ئەو بەهایانەی تاکە دەنگەکانی زمان لەنێو زمانێکی تایبەتدا نیشانی دەدەن، فۆنێمەکانی زمانەکە دەستنیشان دەکەن لەنێو قاڵبی بڕگەکاندا. بە فۆنێمێ یاخود زیاتر مۆرفێم پێکدێت، بە وشەیەك یاخود زیاتر فرێز پێکدێت. چەن فرێزێکیش ڕستە پێکدەهێنن. واتە پێویستە بەوردی ڕەچاوی دەستوور و ڕێساکانی زمان بکەین لە ئانی وشەڕۆناندا، کە بە بچووکترین یەکەی دانەی ڕێزمانی دەست پێدەکات و بە ئاڵۆزترین یەکەی ڕێزمانی بە کۆتا دەگات کە ڕستەیە. (دەنگ – فۆنێم – بڕگە - مۆرفێم – وشە - فرێز – ڕستە). لە زانستی زمانی هاوچەرخدا، گرنگییەکی زۆر بە ڕستەسازی دەدرێت و لە سروشت و چۆنێتیی پێکهێنان و بەشەکانی ڕستە دەکۆڵردرێتەوە و شوێنیان لە دەربڕیندا دەستنیشان دەکرێت، بە پەیڕەویکردن لە بنەواشە دەستوورییەکانی زمان.

مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێت :" زاراوە دانان بەر لە هەر شتێك پێویستی بە زانستی فەرهەنگسازی هەیە، چونکە لە ئاکامدا بارتەقای فەرهەنگێك وشە ڕۆ دەنرێت. پاشان پێویستی بەو زانستە هەیە کە زاراوەی بۆ دادەنرێ، لەچەشنی زانستی زمان و دەنگناسی و هەموو لکەکانی دیکە، کە زمان لەخۆی دەگرێت ". دەبێت زاراوەساز لانی کەمی شارەزای زمانێکی زیندوو بێت کە خاوەنی دەستووری زمان بێت. پێویستە زاراوەساز ئاشنای زارە جوداکانی کوردی بێت و شارەزای فەرهەنگ و بابەتە فۆلکلۆرییەکانیان بێت. پێویستە بارتەقای زانینی ئەو زارانە شارەزای نووسینی ئەدەبی و لکەکانی زانستی زمان بێت و تێیاندا مەعلان بێت، چونکە لەمیاندا کەرەستەی پوخت و بەپێوانە هەیە کەوا خۆی لە خۆیدا سامانێکی زمانییە و هەم دەشبێتە ڕێکخەری ئەو کەرەستەیەی بەخامی لە ئاخاوتنەوە خۆ بە دەست فەرهەنگ و زاراوەسازییەوە دەدات. (9)

فەرهەنگ بریتییە لە گەنجینەی وشەی تۆمارکراو کە لە مانای وشەکانی کۆڵدراوەتەوە و شی کراونەتەوە و ڕوونووس کراون. پاشان چۆنییەتیی گۆکردن و شێوازی نووسینیان دیاری کراوە. لە دارشتنی زاراوەدا مامۆستا مەسعوود محەمەد ئاماژە بەوە دەدات کە پێویستە لە سەرەتادا پەنا بەر وشەی سادە بەرین گەر نەبوو. ئەوجا پەنا بەر وشەی داڕێژراو بەرین کە پێکدێت لە وشەیەکی سەربەخۆ و زیادەیەکی وەك پێشگر و پاشگر. گەر ئەوەش مومکین نەبوو، پاشان وشەی لێکدراو و ئاوێتە و دەستەواژە بەکار بەرین. نموونە: ئەو ئامێرەی مەکینەی جووت کە پێی دەڵێن "خرماشە " و گۆڕاوی " خماش "ەیە لە " خمش " بە واتای " ڕنینەوە " دێت. لە کوردیدا ناوی ئالەت لە "ڕنین " وەرگیراوە؛ دەگوترێت " ڕنەك " - لەسەر کێشی کوتەك، پەستەك... کە لە کوتان و پەستانەوە هاتووە. دەبێت زاراوەساز بۆ خرماشە وشەی " ڕنەك " بەکاربەرێت نەك " زەویرن ". (10)

ژمارەیەك لە ڕۆنانی وشەی هەڵە لە نێو زمان و فەرهەنگی کوردیدا

ڕستێك لەو وشانەی کە بە هەڵە ڕۆ نراون لە زمانی کوردیدا بەدەر لە ڕەچاوکردنی دەستووری وشەڕۆنان:

وشە	ڕۆنان
خزمەت	ڕاژە
سیاسەت	ڕامیاری
ئەدەب	وێژە
کتێب	پەرتووك
عیلم	زانست
جنوب	باشوور
دشنام	جوێن
المظاهرة	خۆپیشاندان
المعهد	پەیمانگا

لە دیدی تۆفیق وەهبیدا وشەی زانست هەڵەیە. لەبەر ئەوەی لە هیچکام لە ماددەی دەستووری زمانەکەمانەوە دروست نەبووە. واتە بەپێی بنەماکانی دەستووری زمان وشەکە دانەڕێژراوە. کەواتە، لەڕووی شکڵییەوە وشەی زانست هەڵەیەکی دەستوورییە. نووسەر ڕای وایە ئەو وشەیە لەلایەن کەسێکی بێئاگاوە ڕۆ نراوە یاخود هاتۆتە نێو زمانی کوردییەوە، کە ئاگایەکی لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی و فارسی نەبووە و، پێدەچێت لە وشەی "زانستن"ی کرماشانییەوە وەرگیرابێت، کە نیشانێکی ناوی فارسی تێدایە. جیاوازییەکەی لەگەڵ "دانیستەن"ی فارسیدا کە بریتییە لە ز-ی باکووری ڕۆژئاوایی، کە کوردییەکەی بەرامبەر د -ی فارسییە. لە بزوێنە کەرتەکانی نس و نیس، و تن و تەن و هەر چەندە لە فارسیدا شکڵی "دانیست" بەکار نەهاتووە بە مانای عیلم، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیست-ەکە لە دان – ئیست-ی خۆیدا هەیە. بۆ چۆنییەتیی دروستبوونی "دانیش"ی فارسی و "زانشت"ی کوردیی. واتا بە پێی ئیتیمۆلۆژی کوردیی، شکڵی "زانست" هەڵەیە و "زانشت" ڕاستە. سەبارەت بە وشەی وێژە کە لەبری ئەدەب بەکار دێت مامۆستا تۆفیق وەهبی دەبێژێت، وشەکە هەڵەیە و بە هیچ کلۆجێك بە مانای ئەدەب نایەت. لە ڕۆنانیدا پەیڕەوی لە دەستووری زمان نەکراوە و پێویستە لە بێژنگ بدرێت. وێژە لە فارسیی نوێدا بە مانای "پاك، بێگەرد، خالیس" دێت. ڕیشەی وشەکە "وێجە"یە لە ئاڤێستاییدا، بە مانای ئەسڵ، تۆو دێت. لە زمانی کوردیدا، ئەو وشەیە لە " بێژ – ان – ەوە " (بێژانەوە)وەوە هاتووە، کە بە مانای پاککردنەوە، بێگەردکردن، خالیسکردن-ە. "بێژنگ" لە کوردیدا ناوی ئامێریکە بۆ پاککردنەوە و بێژانەوەی دانەوێڵە بەکار دەهێنرێت، لە "بێژ"ەوە بووەتە ناوی بکەر. بە عەرەبی پێی دەڵێن "غربال"؛ بە فارسیی ناوەڕاست "ویختەن"ە؛ بە فارسیی نوێش "بیختەن"ە. بێژانەوەی کوردی ناچێتەوە سەر فارسی، بەڵکوو لە "وێجە"ی ئاڤێستاییەوە بووەتەوە. واتە لەڕووی ڕیشەناسی وشەوە، نەك هەر ناچێتەوە سەر ئەدەب و لێی نابێتەوە بەڵکوو دوور و نزیك پەیوەندییەکیشی پێوە نییە.(11)

لەبنەڕەتدا جنێو لە جوێن ڕاسترە، چونکە "جنێو" لەسەر بنجی "دژنێو"ە ، واتای پێچەوانەی "ناو"، کە بە فارسی "دشنام"ە و "دژنێو" بووە بە "جنێو" و ئەوجا بووە بە "جوێن". هەر بەو پێیە، "فڕین" لە "ڕفین" ڕاسترە؛ "ڕێبەر" لە "ڕابەر" ڕاسترە. هەردوو وشەکە لە "رهبر"ی فارسیی نوێوە وەرگیراون. ڕێبەر ڕاسترە، چونکە بەپێی دەستووری زمانی فارسی، تیپی دەنگداری درێژ(ا a)

پاش تیپێکی بێدەنگ بێت، ئەو تیپە دەنگدارە درێژە لە هەمان وشەی زمانی کوردیدا شێوەی تیپی دەنگداری خوار واتا (ئێ `e) وەردەگرێت.

ڕستێك لەو زاراوانەی لەڕووی لێکسیکۆلۆژییەوە هەڵەن و لەنێو زمانەکەماندا بە کاردەبرێن. ئێمە تەنها ئاماژە بە چەند وشەیەك دەدەین، گەر نا بە سەدان وشەی هەڵە هەن. جەختکردنی بەردەوامـمان لەسەر نیشاندانی هەڵە زۆروزەوەندەکانی نێو زمانی کوردی لەبەر ئەویە بڵێین: نەبوونی دەستووری زمان ئەو پاشاگەردانییەی لێ دەکەوێتەوە.

لێکسیکۆلۆژی: زانستێکە لە ناسینی وشە و جۆری داڕشتن و لێکدانەوەی بنەڕەت و ماناکانیان دەکۆڵێتەوە.

وشە ڕاستەکان	وشە هەڵەکان
ڕێبەر	رابەر
نێو	ناو
پێتەخت	پایتەخت
چێکردن	چاککردن
زێرینگەر	زەرەنگەر
باژێر	بازار
هۆشیار	وشیار

ژێدەرەکان:

1- د. جەمال نەبەز. زمانی یەکگرتووی کوردی. نێوەندی بڵاوکار: ڕێکخراوی ڕۆشنبیری جەمال نەبەز. چاپخانە: جەنگەڵ – تاران. ساڵی چاپ: 2023.

2- ارسطو طاليس، فن الشعر. ترجمه و تحقيق، د. عبدالرحمن بدوى. مكتبة النهضة المصرية للطبع و النشر.

3- مارتن هيدغر. الكينونة والزمان. ترجمة: د. فتحى المسكينى. تاريخ النشر: 2012 . الناشر: دار الكتاب الجديد المتحدة.

4- روبرت دى بوجراند. النظرية اللغوية خطاب الاعمال الاساسية. ترجمة: د. تمام حسان

5- تۆفیق وەهبی. دەستووری زمانی کوردی. سەرجەمی بەرهەمی تۆفیق وەهبی. بەرگی دووەم بەشی یەکەم زمانەوانی و فەرهەنگ. چاپ: یەکەم. ساڵی 2022. لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین و دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان.

6- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

7- تۆفیق وەهبی. لە بابەت بنج و بناوانی زمانی کوردییەوە. سەرجەمی بەرهەمی تۆفیق وەهبی. بەرگی دووەم بەشی یەکەم زمانەوانی و فەرهەنگ. چاپ: یەکەم. ساڵی2022. لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین و دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان.

8- د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف. وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا. چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر. ساڵی چاپ: 2014

9- مەسعوود محەمەد. زاراوەسازی پێوانە. چاپخانەی ئاراس – هەولێر. چاپی دووەم. 2011

10- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

11- تۆفیق وەهبی. دەستووری زمانی کوردی. سەرجەمی بەرهەمی تۆفیق وەهبی. بەرگی دووەم بەشی یەکەم زمانەوانی و فەرهەنگ. چاپ: یەکەم ساڵی 2022. لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین و دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان.



Awez is a quarterly intellectual, cognitive and theoretical journal published by Kurdistan Chronicle

Awez is a quarterly intellectual,
cognitive and theoretical journal
published by Kurdistan Chronicle.

Editor-in-chief: Faruq Rafeq

Editorial Secretary: Abdulkhaliq Yaqubi

Coordinator: Sardar Sattar

Graphic Design: Hilal Çelik

Illustration: Shamal Saadulla

Print Circulation: 1,500

Price: $5

Legal License Number of Kurdistan
Journalists Syndicate: 992

Contact Awez:
info@Awezjournal.com

+964 750 928 83 85

FACT

NOT OPINION

Kurdistan Chronicle

AWEZ